تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

ئاوێتەی دڵ

"الفوائد"

نووسینی

ابن قيم الجوزية

وەرگێڕان و پوختکردنی

فەرمان عزیز نەجار

ناریت

بسم الله الرحمن الرحیم

ئاوێتەی دڵ

(الفوائد)

ئاوێتەی دڵ
(الفوائد)

نووسینی

أبن قیّم الجوزیة

وەرگێڕان و پوخت کردنی

فەرمان عزیز نەجار

نارین

مافی لەچاپدانی پارێزراوە بۆ نوسەر

نارین

ناوی کتێب بەعربـــــی: الفوائد

نوسینـــــــــــــــی: إبن قيم الجوزية

ناوی کتێب بە کــوردی: ئاوێتەی دڵ

وەرگێڕانـــــــــــی: فرمان نجار

نەخشەسازی نـــاوەوە: شنۆ حمدامين

نۆرە و ساڵی چـــــاپ: (٢٠١٠) چاپی دووەم

ژمارەی سپـــــاردن: ژمارەی سپاردن: (٦٥٢)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی پـێ دراوە.

ISBN 9953-85-240-5

نارین

هەولێر ـ چوارڕیانی شێخ محمودی حەفید

بازاڕی زانست بۆ کتێب و چاپەمەنی

ژ. ت/ ٢٥١١٩٨٢ ٦٦(٠٠٩٦٤)

Website www. nareenco.com

E_ mail: nareen@nareenco.com

پێشـــەکی وەرگـێڕ

إنّ الحمد لله نحمده و نستعينه ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيّئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضلّ له، ومن يضلل فلا هادي له، أشهد أنّ لا إله إلا ألله وحده لا شريك له، وأشهد أنّ محمداً عبده و رسوله، أما بعد:

مرۆڤ پێك هاتووە لە لاشە و ڕۆح، گیاندارانی تریش تەنها پێك هاتوونە لە لاشـە و لایەنی ڕۆحیان نیە، ئەوە تەنها مرۆڤە لایەنی ڕۆحی هەیە، مرۆڤ چۆن پێویستی بە تێرکردن و ئاسوودەکردنی لاشەی هەیە، بە هەمان شێوەش پێویستی بە تێرکردن و ئاسوودەکردنی ڕۆحـی هەیـە، ئەگـەر تـەنها بایـەخ بـە تێرکردنـی لاشـەی بـدات و پێویستی ڕۆحی وازلێ بێنێت، ئەوە ناتوانێت وەك مرۆڤێکی ئاسایی بـژیت، چـونکە خۆی لە قاڵبی مرۆڤایەتی دەرهێناوە و چۆتە ڕیزی گیاندارانی تر کە پێویستیان بـە لایـەنی ڕۆحـی نیـە، ئـەوکات نـاتوانێ وەك ئـاژەڵیش بـژیت لەبـەر ئـەوەی ئـاژەڵ پێویستی بە لایەنی ڕۆحی نیە، بۆیە ئەو مرۆڤە بەردەوام لە نیگەرانی و دڵ تەنگی و دڵــە ڕاوکێ دادەبێت نازانێت چی بکات ئینجا بۆ ئەوەی خۆی لەو نەهامەتیـە ڕزگـار بکات خـۆی دەکوژێت، ئـەوە حـاڵی ئـەو کەسـانەیە کـە لایـەنی ڕۆحیـان فـەرامۆش کردووە، جا ئاسوودەکردنی ڕۆح بە پاککردن و چاکردنی دڵ دەبێت، چونکە ئەگـەر دڵ پاك و باش بوو، ئەوە هەموو ئەندامەکانی لاشەی مرۆڤ چاك دەبن، بـەڵام ئەگـەر دڵ خـراپ بـوو، ئـەوە هـەموو ئەندامـەکانی خـراپ دەبێـت، وەك پێغەمبـەر ﷺ دەفـەرمووێ: ((وَإِنَّ فِي الْجَسَدِ مُضْغَةً، إِذَا صَلَحَتْ صَلَحَ الْجَسَدُ كُلُّهُ، وَإِذَا فَسَدَتْ فَسَدَ الْجَسَدُ كُلُّهُ، أَلاَ وَهِيَ الْقَلْبُ))[1]، واتـە: لـە نـاو لاشـەی مـرۆڤ پارچـە گۆشـتێك هەیـە، ئەگەر ئەو پارچە گۆشتە باش و چاك بوو، ئـەوە هـەموو ئەندامـەکانی لاشـەی مـرۆڤ باش دەبێت، بەڵام ئەگەر ئەو پارچە گۆشتە خراپ بـوو، ئـەوە هـەموو ئەندامـەکانی

(١) صحيح: رواه البخاري و مسلم.

خراپ دەبێت، ئەو پارچە گۆشتەش دڵــە.

بەڵــێ: دڵ نەخۆش دەکەوێت هەر وەك چۆن لاشـە نـەخۆش دەکـەوێت، شـیفا و دەرمانەکەشی تەوبە و پەشیمانیە، دڵ ژەنگ و لێڵ دەبێت هـەر وەك چۆن ئاوێنـە لێڵ دەبێت، پاك بوونەوەکەشی بە زیکری خوایە، دڵ ڕووت دەبێـت هـەر وەك چـۆن لاشە ڕووت دەبێت، پۆشاکەکەشی تەقوایە، دڵ تینی و برسی دەبێت هەر وەك چۆن لاشــەی مــرۆڤ برســی و تــینی دەبێــت، خــواردن و خواردنەوەکەشــی ناســین و خۆشویستن و تەوەکول و گەڕانەوەیە بۆ لای خوای گەورە.

جا بۆ پاککردنەوەی دڵی خۆم ودڵی ئێوەش ئەو کتێبە نایابـەم هەڵبژاردووە کـە ئەگـەر خوێنـەر بـە دڵێکـی ئامـادەوە بیخوێنێتـەوە، ئـەوە بابەتـەکانی لـەم کتێبـە باسکراوە لەگەڵ دڵی ئاوێــتە دەبێت و هەست دەکات دڵـی ئـاو داوە بـە شـتێك کـە پێویستیەتی، ئەم کتێبە کـە عەرەبیەکـەی نـاوی ((الفوائــد))ە بەشـاهێدی زانایـان یەکێکـە لـەو کتێبـە نایابانـەی لـەم بارەیـەوە نووسـرابێت، دەبیـنین زۆربـەی ئـەو نووسـەرانەی دەربـارەی ئاسـوودەیی دڵ شـتیان نووسـیوە سـوودیان لـەم کتێبـە بینیوە، بەڵام مـن نـاوی کتێبەکـەم نـاوە ((ئاوێــتەی دڵ)) چـونکە مـرۆڤ لـە کـاتی خوێندنەوەیدا دڵی ئاوێـتـەی بابەتەکانی دەبێـت، بەڕاسـتی مـن لـە وەرگێرانـی ئـەم کتێبـە زۆر شـتی نایـاب فێربـووم و سـوودم لێ بینـی، ئومێـد دەکـەم ئێـوەش لێـی سوودمەند بن، واخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين.

فەرمان عزیز نەجــار
najar_ır@maktoob.com
١٤٢٩/٦/٢٥ك.
٢٠٠٨/٦/٢٩ز.
ـ هەولــێرـ

کورتەیەك لـە ژیانی (ابن القیم)[1]

ناو و نەسەبی:

ئـەم بـەڕێزە نـاوی(محمـد)ی کـوڕی(ابـی بکـر)ی کـوڕی(ایـوب)ی کـوڕی(سـعد)ی کـوڕی(حریـز الزرعـی الدمـشقی)یـە، لەقەبەکەشـی (شمـس الـدین)ە کونیەکەشـی (ابوعبدالله)یە، بەڵام ئەم بەڕێزە ناسراوە بە (ابن قیم الجوزیة).

(الجوزیّة) قوتابخانەیەك بووە کـە باوکی (ابن القیم) بەڕێوەبـەرێکی چـالاکی ئـەم قوتابخانەیە بووە بە جۆرێك زۆر بە چاکی کاروباری ئەم قوتابخانـەی بـەڕێوەبردووە و هەڵی سوڕاندووە، هەر بۆیەش نـاوی کوڕەکـەیان بـردووە بـە (ابـن القـیّم)، واتــە: کوڕی بەڕێوەبەرە چالاکەکە.

لە دایـك بوونی:

ئـەم بـەڕێزە لـە (٧)ی (صـفر)ی سـاڵی(٦٩١) ی کۆچـی لـە (دمـشق) لـە خانەوادەیەکی ئاین پەروەر لە دایك بووە، ئەم بەڕێزە لە خانەوادەیەکی پڕ لـە زانست و نەجیب زادە پەروەردە بـووە، هـەر بۆیـەش زۆر تامـەزرۆی زانـست و زانیاری بـووە و بـەردەوام هەوڵیـداوە لـە هـەموو بوارێکدا زانـست بـە دەسـت بهێنێـت، بـە تایبـەتی زانـستە عـەرەبی و شـەرعیەکان، تـاکو وای لێهـات لـەم بوارەدا بوو بە زانا و (مفتی)یەکی پایە بەرز.

---

(١) بۆ ژیان نامەی (ابن القیم) بڕوانە ئەم کتێبانە:
یەکەم: (ذیل طبقات الحنابلة) دانراوی (ابن رجب) (٥\٤٤٧ ـ ٤٥٢).
دووەم: (البدایة والنهایة) دانــراوی (ابن کثیر) (٧\٦٥٧ ـ ٦٥٨).
سێیەم:(شذرات الذهب) دانــراوی (ابن العماد) (٦\١٦٨ ـ ١٧١).
چوارەم:(الدررالکامنة) دانـــــراوی (ابن حجر) (٣\٤٠٠ ـ ٤٠٣).

مامۆســتاكانی:

(ابن قیم) لەلای ئەم بەڕێزانەی خوارەوە زانستی وەرگرتووە:

زانستی عەرەبی لەلای (مجدالدین ابي بكر محمد المرسي) و (محمد بن ابي الفتح البعلـي) و (مجدالـدین اسماعیـل بـن محمـد المرانـي) خوێنـدوە، زانـستی (اصـول) و (فقــه)ی لـەلای (ابـن تیمیـة)ە خوێنـدوە، زانـستی حەدیـسی لـەلای (زیـن الـدین الشیرازی)و(صدر الدین الدمشقي)و(تقي الـدین المقدسـي)و(عیـسی بـن عبـد الـرحمن الحنبلـي)و(فاطمـة بنـت ابـراهیم البطـائحي) خوێنـدوە، چەندین مامۆسـتای تریـشی هەبووە كە ئێمە لێرەدا ناومان نەهێناوە.

قوتابییەكانی:

قوتابییەكانی زۆرن هێندێك لەوانـە:

یەكەم: (ابن رجب الحنبلي).

دووەم: (ابن كثــــــیر).

سێیەم: (ابن عبدالهــادی).

چوارەم: (شمس الدین محمد النابلسي)

پێنجەم: (ابراهیم)و (عبدالله)ی كوڕی.

ستایشی زانایان لە بارەیەوە:

زۆرێك لە زانایان مەدحیان كردووە لەوانـە:

* (ابن كثیر) دەفـەرمووێ: ئەم بەڕێزە شەو و ڕۆژ سەرقاڵی - نوسین و خوێندن و بەندایەتی - بوو، زۆر نوێژی دەكردوو و زۆر قورئـانی دەخوێنـدەوە، ڕەوشـتی زۆر جوان بوو، دڵی زۆر ساف بوو، حەسوودی بەكـەس نـەدەبرد، بڕواناكـەم كـەس لـەو سەردەمەی ئێمە هەبووبێت بەندایەتی لەو زیاتر كردبێت.

* (ابن رجب) دەفـەرمووێ: کەسم نەبینی لەو زاناتربێت، نەم بینیوە کـەس وەك ئەو شارەزایی هەبێت لە قورئان و سووننە و ڕاستەقینەکانی ئیمـان، مـن نـاڵێم ئـەو (معصوم)ە، بەڵام پیاوی وەك ئەوم نەبینیوە.

* (القاضي برهان الدين الزرعي) دەفـەرمووێ: لە سـەردەمی خۆیدا کەسـی لـەو زانا تر نەبوو.

* (ابن حجر العسقلاني) دەفــەرمووێ: بەڕاسـتی ئـەم بـەڕێزە کابرایـەکی زانـا و لێزان بووە، کە شارە زایەکی چاکی بە خیلافی (مذهب)ەکان هەبووە.

* (مـلا علـي القـاري الحنفـي) دەفــەرمووێ: هـەر کەسـێك (منـازل السـائرين)ی خوێندبێتەوە بۆی دەردەکەوێت کە خۆی و مامۆستاکەی زۆر پابەند بوونە بـە (اهـل السنة و الجماعة) بۆت دەردەکەوێت کە ئەوانە وەلی ئەم ئومەتە بوونە.

پیـــــشەکەی:

١. پێش نوێژی دەکرد لـــە (الجوزية).
٢. وتنەوەی وانەی شەرعی لە (الصدرية) و چەند شوێنی تر.
٣. نووسینی کتێب.
٤. دەرکردنی فتوای شیاو بۆ ئەو سەردەمەی لێ ی ژیـــاوە.

بەرهەمەکانی:

بەرهەمــەکانی زۆرن بــەڵام ئێمــە لێــرەدا هێنــدێکیان دەژمێــرین لەوانــەی کــە چاپکراون:

١ـ زاد المعاد في هدي خير العباد.
٢ـ تهذيب سنن ابي داود.
٣ـ طريق الهجرتين و باب السعادتين.
٤ـ اعلام الموقعين عن رب العالمين.
٥ـ اغاثة اللهفان في احكام طلاق الغضبان.

٦ـ اغاثة اللهفان من مصايد الشيطان.
٧ـ بدائع الفوائد.
٨ـ الفوائد، ئەم كتێبەیە كە لەبەر دەستت دایە.
٩ـ التبيان في اقسام القران.
١٠ـ تحفة المودود باحكام المولود.
١١ـ تفسير سورة الكافرون و المعوذتين.
١٢ـ جلاء الافهام في الصلاة والسلام على خير الانام.
١٣ـ اجتماع الجيوش الاسلامية على غزو المعطلة و الجهمية.
١٤ـ حادي الارواح الى بلاد الافراح.
١٥ـ الـــروح.
١٦ـ روضة المحبين و نزهة المشتاقين.
١٧ـ شفاء العليل في مسائل القضاء و القدر و الحكمة و التعليل.
١٨ـ الصلاة و حكم تاركها.
١٩ـ الصواعق المرسلة على الجهمية و المعطلة.
٢٠ـ الطرق الحكمية في السياسة الشرعية.
٢١ـ عدة الصابرين و ذخيرة الشاكرين.
٢٢ـ الفروســـية.
٢٣ـ الفوائد المشوقة الى علوم القران و علم البيان.
٢٤ـ الكافية الشافية فى الانتصار للفرقة الناجية.
٢٥ـ مدارج السالكين بين منازل اياك نعبد و اياك نستعين.
٢٦ـ مفتاح دار السعادة.
٢٧ـ الوابل الصيب و رافع الكلم الطيب.
٢٨ـ الجواب الكافي.
٢٩ـ هداية الحيارى في اجوبة اليهود و النصارى.
٣٠ـ الرسالة التبوكية.

چەندین كتێبی تریشی هەیە، بەڵام چاپ نەكراون.

وەفات کردنی:

پێشەوا (ابن القیم) ڕەحمەتی خوای لێبێت لە کاتی عیشا لە شەوی پێنج شەممەی(١٣)ی (رجب)ی ساڵی (٧٥١)ی کۆچی وەفاتی کردوە، دوای نیوەڕۆ لە مزگەوتی (الاموي)، پاشان لە مزگەوتی (جراح) نوێژی لەسەر کرا، لە گۆڕستانی (الباب الصغیر)یشدا نێژرا کە خەڵکێکی زۆر ئامادەی جەنازەکەی بوون.

ســوود وەرگرتن لە قورئان(١)

ئەگەر دەتەوێت سوودمەندبیت لە قورئان، ئەوە لە کاتی خوێندن و گوێ گرتن بۆی، بیر و هۆشت کۆکەرەوە و بەدڵ گوێ ی بۆ بگرە، ئەوسا بە دڵ و هۆشەوە ئامادەی بە، وەك ئەوەی کە خوای گەورە ئەم ئایەتانە ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی تۆ دەکات، چونکە ئەم قورئانە پەیامی خوای گەورەیە بۆ تۆ، کە لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەی کە محمدە ﷺ ڕایگەیاندوە، خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَذِكْرَىٰ لِمَن كَانَ لَهُۥ قَلْبٌ أَوْ أَلْقَى ٱلسَّمْعَ وَهُوَ شَهِيدٌ﴾ (ق:٣٧)، واتـــــە: بێگومان لەم بەسەرهاتانەدا کاریگەری و بیرخستنەوە هەیە بۆ کەسێك کە دڵێکی زیندووی هەبێت، یان بەدڵێکی ئامادەوەگوێ بگرێت بۆ قورئان.

جا ئەم قورئانە لەکاتێکدا کاریگەری تەواوی خۆی لەسەر مرۆڤدا دەبێت، ئەگەر ئایەتەکان شوێنی نیشتنەوەیان هەبێت ـ کە دڵ نیشتنەوەی ئایەتەکانە ـ ئامرازی وەرگرتنی ئایەتەکانیش هەبێت ـ کەگوێ گرتن و خوێندنەوە ئایەتەکانی قورئانە هیچ بەربەستێکیش نەبێت لە سوودمەندبوون لێی ـ کەبێ ئاگاییە لە قورئانـ جا

(١) خوێنەری بەڕێز: ئەگەر دەتەوێت سوودمەند بیت لەو کتێبە، ئەوە بە وردی و بە تێگەیشتنەوە بیخوێنەوە.

ئەو ئایەتەی پێشوو ئەم خاڵانەی هەموو لە خۆ گرتوە، کە زۆر بە جوانی و بەکورتی ڕونیان دەکاتەوە و دەیان گەیەنێتە سەر مەبەست.

کـــە دەفـــەرمووێ: ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَذِكْرَىٰ﴾ (ق:٣٧)، واتـــە: بێگومـــان لـــەم بەسەرهاتانەی قورئاندا کاریگەری و یادخستنەوە هەیە.

ئەمە ئامەژەیە بۆ ئەو ئایەتانەی کە پـێش ئـەم ئایەتـە باسـکراوە لـە سـەرەتای سورەتەکە تا ئێرە، ئائەم بەسەرهاتانە کاریگەری هەیە.

کە دەفـەرمووێ: ﴿لِمَن كَانَ لَهُۥ قَلْبٌ﴾(ق:٣٧)، واتـە: کاریگەری هەیە بۆ کەسێك کە دڵێکی زیندووی هەبێت.

ئەمەش شوێنی نیشتنەوەی ئایەتەکانە کە دڵە، مەبەستیش بە دڵ، دڵی زیندووە کە بیر بکاتەوە، هەر وەك خوای گـەورە دەفـــەرمووێ: ﴿إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ وَقُرْءَانٌ مُّبِينٌ ﴿٦٩﴾ لِّيُنذِرَ مَن كَانَ حَيًّا﴾ (یـس٦٩ــ ٧٠)، واتـــە: ئـەم قورئانـە یادخەرەوەیـە و قورئانێکی ڕوون و ئاشکرایە، ئەم قورئانە بۆ ئەوەیـە ئەوکەسـانە بێداربکاتـەوە کـە دڵ زیندوون، کـە دەفـــەرمووێ: ﴿وَهُوَ شَهِيدٌ﴾ (ق:٣٧)، واتـــە: دڵ ئامـادە و بـە ئاگایە لە کاتی خوێندن و گوێ گرتنی قورئان.

(ابن قتيبة) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفـەرمووێ: ﴿وَهُوَ شَهِيدٌ﴾ واتـە: کـە گوێ دەگرێت بۆ کتێبی خوا ـ کە قورئانەـ دڵی ئامادەیـە و بـیر و هۆشـی لەوێیـە، بێ ئاگانیە لێی.

ئەوە ئامازەیە بۆ ئەو بەربەستەی، کە ڕێگرە لەو کاریگەر بوونە بە قورئان، ئـەم بەربەستەش بێ ئاگای دڵ و تێڕانەمانی ئایەتەکانـە بـە بـیر و هۆشـەوە، جـا ئەگـەر کاریگەریەکە چەنگ کەوت کە قورئانە، شوێنی ئایەتەکانیش چەنگ کەوت کە دڵێکی زینـــدووە، ئـــامرازی وەرگـــرتنی قورئـــانیش چـــەنگ کـــەوت کـــە گـــوێ گـــرتن و خوێندنەوەیەتی، هیچ بەربەستێکیش نەبوو لە سوودمەندبوون لێی کەبێ ئاگای دڵ و ڕوو وەرگێڕانـە لێـی بـۆ شـتێکی تـر، ئـەوکات بەڕاسـتی قورئـان کاریگـەری خـۆی

دەبێت و ڕۆڵی خۆی دەبینێت و مرۆڤەکەش بەهرەمەند دەکات.

ئەگەر گوترا: باشـە ئەگەر مرۆڤ بەم خاڵانە لـە قورئـان سـوودمەند دەبێـت، بـۆ ئامرازی (أَوْ) لەم ئایەتەدا ﴿أَوۡ أَلۡقَى ٱلسَّمۡعَ وَهُوَ شَهِيدٞ﴾ە بـە کـار هـاتووە؟! لـە کاتێکدا ئەم شوێنە شوێنی (واوالجمع)ە نەك شوێنی (أَوْ) چونکە (أَوْ) لە نێـوان دوو شتان بۆ مەبەستی یەکێکیان بەکاردێت؟!

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا گوتـراوە: ئەمە پرسیارێکی زۆر جوانە و وەڵامەکەشـی بەم جۆرەیە: ئایەتەکە بـە ئـامرازی (أَوْ) ئاڕاسـتەکراوە، ئـەوەش بـەگوێرەی حـاڵی بانگ کراوەکەیە، چونکە هێندێ کەس هەیە، کە دڵی زیندوو و بە ئاگایـە و فـیترەت پاك و تەواوە، جا ئەگەر بە دڵ بیری کردەوە و بـەفیکری خـۆی ڕوانـی، ئـەوە دڵ و عەقلی ڕاستی و دروستی قورئانی بۆ دەسەلمێنێت.

جا نیشتنەوەی ئایەتەکان لەسەر دڵی، کامەرانی دەکـات و دەبێـت بـە ڕۆشـنایی بۆی کە دەکاتە ڕۆشنای لەسەر ڕۆشنایی فیترەت، ئـەوەش وەسـفی ئـەو کەسـانەیە کە دەرحـەقیان گوتــراوە: ﴿وَيَرَى ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَ هُوَ ٱلۡحَقَّ وَيَهۡدِيٓ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَمِيدِ﴾ (سـبأ:٦)، واتــە: ئەوانـەی زانیاریـان پێـدراوە چـاك دەزانـن ئـەوەی کـە لەلایـەن پەروەردیگارتـەوە بـۆت ڕەوانـەکراوە حەقە.

هەروەها دەرحەقیان گوتــراوە: ﴿ٱللَّهُ نُورُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ مَثَلُ نُورِهِۦ كَمِشۡكَوٰةٖ فِيهَا مِصۡبَاحٌۖ ٱلۡمِصۡبَاحُ فِي زُجَاجَةٍۖ ٱلزُّجَاجَةُ كَأَنَّهَا كَوۡكَبٞ دُرِّيّٞ يُوقَدُ مِن شَجَرَةٖ مُّبَٰرَكَةٖ زَيۡتُونَةٖ لَّا شَرۡقِيَّةٖ وَلَا غَرۡبِيَّةٖ يَكَادُ زَيۡتُهَا يُضِيٓءُ وَلَوۡ لَمۡ تَمۡسَسۡهُ نَارٞۚ نُّورٌ عَلَىٰ نُورٖۚ يَهۡدِي ٱللَّهُ لِنُورِهِۦ مَن يَشَآءُ﴾ (النـور:٣٥)، واتـە: خـوای گـەورە نـور و ڕوونـاکی ئاسمانـەکان و زەویـە، نموونەی نورەکەشـی وەك تاقێـك وایـە کـە چـرایەکی تێـدابێت، چـرایەکەش لـە نـاو شووشەیەك دابێت، شووشەکەش وەك هەسارێەکی پرشنگدار وابێت، کە داگیرسـاوە لە ڕۆنی بەفەڕی زەیتوون، نە ڕووی لە ڕۆژهەڵاتە نە ڕووی لە ڕۆژئاوایـە، ڕۆنەکەشـی

خەریکە خۆی دابگرسێت و ڕووناکی بداتەوە، ئەگەرچی ئاگریش نەیگاتێ، ئەم قورئانە نوری وەحیە لەسەر نوری فیترەت، خوای گەورەش ڕێنمای ئەو کەسانە دەکات کە دەیەوێت و شایستەن بۆ نورەکەی.

بەڵێ: ئەمە حـــــاڵ و گوزەرانی دڵی زیندوو و بە ئاگایە.

(ابن قيم) دەفەرمووێ: لە کتێبی اجتماع الجيوش الاسلامية على غزو المعطلة و الجهمية دا باسی ئەم ئایەتەمان کردووە، کە چ نهێنی و حیکمەتێکی لە خۆگرتوە.

جا خاوەنی دڵی زیندوو، دڵی بەجۆرێك لەگەڵ ئایەتەکانی قورئاندا تێکەڵ دەبێت، هەر وەك ئەوە وایە کە لەسەر ڕووپەری دڵیدا ئایەتەکان نووسرابێت، هەر کاتێکیش بیەوێت لەسەر ڕووپەری دڵیدا دەیخوێنێتەوە، هێندێ کەسیش هەیە ئامادەییەکی تەواوی نیە، دڵی هۆشیار نیە، ژیانی کامڵ نیە، ئەمەیان پێوستی بە جیهان بینیە، کە ڕاستی و ناڕاستی بۆ جیابکاتەوە، چونکە دڵی نەگەیشتۆتە پلەی دڵی زیندووی هۆشیار، جا ئەم مرۆڤە بۆ گەیشتن بە هیدایەتی خوا، پێویستە بە دڵ گوێ بۆ پەیامی خوا بگرێت لە ماناکانی وردبێتەوە، ئەوکات دەگاتە دڵنیایی، بۆشی ڕوون دەبێتەوە، کە ئەم پەیامە ڕاست و دروستە.

مرۆڤی یەکەم: وەك ئەو کەسە وایە کە شتێکی پێ ڕابگەیەنن، کە شتەکەی بە چاوی خۆی بینیبێت، ـ ئەم جۆرەیان ـ گەیشتووە بە پلەی ئیحسان.

مرۆڤی دووەم: وەك ئەو کەسە وایە کە شتێکی پێ ڕابگەیەنن، کە شتەکەی بە چاو نەبینیوە، بەڵام دڵنیایە کە هەواڵدەرەکە ڕاست دەکات و هەواڵەکەش ڕاستە بۆیە دەڵێت: هەواڵەکەی بە ڕاست دەزانم ـ ئەم جۆرەیان ـ گەیشتووە بە پلەی ئیمان، پلەی (علم اليقين)نیان بڕیوە، واتە: دڵیشی بەرەو (عين اليقين) دەڕوات، ئەم جۆرەیان بڕوایەکی پتەوی هەیە کە ئەو بڕوایە دەری دەهێنێت لە بازنەی کوفر بۆ بازنەی ئیسلام، (عين اليقين)یش: کە جۆری یەکەمە.

دووجۆرە: جۆرێکیان لە دنیادایە واتە: لە دنیادا بە چاوی دڵ ڕاستیەکان دەبینێت، جۆرێکیشیان لە دواڕۆژدایە واتە: لە دواڕۆژدا بە چاوی سەر ڕاستیەکان دەبینێت.

جا ئەو(عین الیقین)ەی لە دنیادایە پەیوەستە بە چاوی دڵـەوە، هـەر وەك چۆن شایەتی دان لەسەر شتێك پەیوەستە بەبینینی چاوەوە.

بـەڵام (عـین الـیقین) لـە دوارۆژدا، پەیوەسـتە بـەو هەواڵـە غەیبانـەی کـە پێغەمبەران(علیهم السلام) ڕایان گەیاندووە، لە ڕۆژی دوایدا بە چـاوی سـەر ڕاسـتی ئەو هەواڵانە دەبینرێت، لە دنیاشدا بە چاوی دڵ ڕاسـتیەکان دەبینرێـت، ئـەوە هـەر دوو جۆرەکەی (عین الیقین)ە

بنچینە ئیمانیانیەکان لە سورەتی (ق) دا

سورەتی (ق) چەندین بنچینەی ئیمانی لە خۆگرتووەو کۆیکردۆتـەوە، کـە بەسـە بۆ کەسێك بیەوێت بەهرەمەندبێت لەم سوورەتە، شیفادەریشە بۆ دڵێك کـە بیـەوێت دڵی زیندوبێتەوە..

ئەم سورەتە ئەو خاڵانەی لە خۆگرتووە:

دروســـت کردنـــەوەی مـــرۆڤ، پەیمانـــەکانی ڕۆژی دوایـــی، ڕوون کردنـــەوەی یەکتاپەرستی، ڕوون کردنەوەی گوزەرانی پێغەمبەران، ئیمان بە مەلائیکـەت، بـەش کردنی خەڵکی بۆ دووبـەش مرۆڤـی دۆڕا و سـەرکەوتوو، باسـکردنی سـیفاتە بـەرز و بڵندەکانی خوای گەورە بە دوورگـرتنی لـە هـەموو کـەم وکورتیـەك، لـەم سـورەتەدا باسـی دووقیامـەت کـراوە، قیامـەتی بـچووك و قیامـەتی گـەورە، باسـی دوو جیهـان کراوە، جیهانی گەورە کە جیهانی دوا ڕۆژە، جیهـانی بـچووك کـە جیهـانی دنیایـە، لەم سـورەتەدا باسـی دروسـت کردنـی مـرۆڤ و مردنـی و زینـدوو کردنـەوەی کـراوە، باسکردنی ئەو ساتەی کە مرۆڤ دەمرێت و زیندوو دەکرێتـەوە، باسـکردنی ئاگـاداری خـوای گـەورە بـەم مرۆڤـە لـە هـەموو بوارێکـدا، بـەڵکو بـە ئاگایـە بـە(وسـوس)ەی ناودڵیشی، هـەر ووتەیـەکی لـە زمـان دەرچـێت ئـەوە تۆمـار دەکـرێ و ڕۆژی دوایـی لێپوسینەوەی لەسەر دەکرێ، هەموو مرۆڤێك دوو کەسی لە گەڵدایە، یەکێکیان پاڵی پێوە دەنێت و ئامادەی دەکات بۆ لێپرسـینەوە، ئـەوەی تریـشیان شـایەتی لەسـەر دەدات، جا کاتێك پاسەوانەکە مرۆڤەکە ئامادە دەکـات دەڵێـت: ﴿هَٰذَا مَا لَدَيَّ عَتِيدٌ﴾ (ق:٢٣)، واتـە: خودایە ئەوە ئەو کەسەیە کە فـەرمانت دابـوو ئامـادە بکرێـت، ئـەوە هێناومە و ئامادەم کردووە.

جا لەوکاتەی ئـەو مرۆڤـە ئامادەیـە دەگوتـرێ: ﴿أَلْقِيَا فِي جَهَنَّمَ كُلَّ كَفَّارٍ عَنِيدٍ﴾ (ق:٢٤)، واتـە: هەموو کافرێکی ڕقەکار فڕێ دەنە ناو دۆزەخ.

ئەم نمـوونەیە وەك ئەوە وایـە کـە مرۆڤێکـی تاوانبـار بێننـە خزمـەت پاشـایەك و بڵێـن: قوربان ئەوە تاوانبارەکە ئامادەیە، پاشـاش بڵێـت: بیبـەن بـۆ بەندیخانـە بـە

گوێرەی تاوانەکەی سزای بدەن.

بڕوانە ئەم سورەتە چۆن ئەوە ڕۆشـن دەکاتـەوە کـە خـوای گـەورە خـودی ئـەو لاشە لە ناوچووانە زینـدوو دەکاتـەوە، جـا ئەگـەر شـیاوی پاداشـت بێت، پاداشـتی دەکات، ئەگەر شیاوی سـزاش بێـت، سـزای دەدات، وەك ئـەو ڕۆحـەی کـە ئیمـانی هێناوە پاداشت دەکرێت، ئەو ڕۆحەش کە کافر بووە سزا دەدرێت، بـەم جۆرە نیـە کە دەڵێـن: خوای گەورە ڕۆحێکی تر جگە لەم ڕۆحە دروست دەکات، جا ئەو ڕۆحـە پاداشت دەکات و سـزا دەدات، هـەر وەك ئەوانـەی شـارەزایەکی تـەواویان نیـە بـەو زیندووکردنەوەی کەوا ڕایان گەیاندووە، کەوا گومان دەبەن خوای گەورە لاشـەیەکی تر جگە لەم لاشە لە ناوچووە دروسـت دەکـات، جـا پاداشـت و سـزای ئـەم لاشـەیە دەدات، ئەوانە بۆچوونیان وایە کە خوای گەورە ڕۆحێکی تازە بەدی دەهێنێت، نەك ئەو ڕۆحەی پێشوو زیندوو بکاتەوە، بەڵکو لاشـەیەکی تـازە بـەدی دەهێنێـت، نـەك ئـەو لاشـەی پێشوو دروسـت بکاتـەوە، ئـەم بۆچـوونەش پێـچەوانەی ئەوەیـە کـە پێغەمبـەران لەسـەری کـۆکن، پێـچەوانەی قورئـان و حـەدیس و هـەموو پەرتووکـە ئاسمانیەکانە، ئەم بۆچوونە لە ڕاستیدا دان نەهێنانە بە زیندوو بوونەوە، بەڵکو ئەم بۆچوونە وەکو بیروباوەڕی ئەوانە وایە کە زینـدوو بوونـەوە بـە درۆ دەزانـن، ئەوانـە بڕوایان بەوە هەیە کە خوای گەورە توانای هەیە بـۆ بـەدی هێنـانی لاشـەیەکی تـری تـازە لـە باتی ئـەم لاشـە لـە بـەین چـووانە، ئینجـا ئـەم لاشـانە سـزابدا و پاداشـت بکات،کە وابوو ئەوانە چۆن بڕوا بەوە ناکەن کە خـوای گـەورە توانـای هەیـە خـودی ئەو لاشانەی پێشوو کە لە ناوچوونە زیندوو بکاتەوە!

لە کاتێکدا کە بەچاوی خۆیان ـ لە دنیادا ـ دەبینن خوای گەورە لە هەموو کـات و سـاتێکدا لاشـەیەك بـەدی دەهێنێـت و ڕۆح و ژیـانی بـە بـەردا دەکـات و زینـدووی دەکات، چۆن سەیریان پێ دێت کە بە چاوی خۆیان ئەمە دەبینن! ئەوانە سـەیریان بەوە دێت خوای گـەورە زینـدوویان بکاتـەوە دوای ئـەوەی کـە ئێسك و پروسـکیان بووە بە خۆڵەمێش، ئینجا لێ پرسینەوەیان لە گەڵدا بکات؟ جا بۆیە دەڵێـن: ﴿أَءِذَا

مِتۡنَا وَكُنَّا تُرَابٗا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ ﴾ (الصافات:١٦)، واتـە: ئەگـەر ئێمە مـردین و بووینـە خاك و ئیسك، ئایا زیندوو دەكرێینەوە؟ دەڵێـن: ﴿ذَٰلِكَ رَجۡعُۢ بَعِيدٞ ﴾ (ق:٣)، واتـە: ئەم زیندوو بوونەوە شتێكی دوورە لە ڕاستیەوە.

كەوابوو بەدیهێنانی لاشەیەكی تری تازە لە باتی ئـەم لاشـە لـە ناوچـووانە پێـی ناگوتـرێ: (بعث) زیندووكردنەوە، پێی ناگوتـرێ: (رجع)گێڕانـەوەی جـاری دووەم، بەڵكو پێی دەگوتـرێ: بەدیهێنان لە نەبوونەوە، ئەم ئایەتەش مانای تەواوی نـەدەدا ئەگەر وابا: ﴿قَدۡ عَلِمۡنَا مَا تَنقُصُ ٱلۡأَرۡضُ مِنۡهُمۡۖ﴾ (ق:٤)، واتــە: بێگومـان ئێمـە دەزانـین كاتێك كە مردن زەوی وردە وردە لاشەیان دەكاتەوە بە خاك.

چـونكە خـوای گـەورە ئەمـەی كـردووە بـە وەڵامێـك بـۆ پرسـیارێكی نادیـار، پرسیارەكەش ئەوەیە، ئایا بەشەكانی ئەو لاشەیە كۆدەكاتەوە كەبووە بەخاك؟ جـا خـوای گـەورە پێیـان ڕادەگەیـەنێت، كـە ئاگـادارە زەوی گۆشـتو ئێسكی كـردوون بەخاك.

كـەوابوو چۆن ئاگادارە بە بەشەكانی لاشـەیان، بـە هـەمان شـێوەش بـە توانایـە لەسەر كۆكردنەوەو دروست كردنەوەی لاشەكانیان بۆ جاری دووەم، خـوای گـەورە بە دەرخستنی دەسەڵاتو حیكمەتو زانستی ڕاستو دروستی خۆی زیندوو بوونـەوە دەسەلمێنێت، جا ئەوانەی بڕوا بە زیندوو بوونەوە ناكەن سێ گومانیان هەیە:

یەكـەم: تێكـەڵ بـوونی بەشـەكانی لاشـە لەگـەڵ زەویـدا بـە جۆرێـك مرۆڤێك لـە مرۆڤێكی تر جیا ناكرێتەوە.

دووەم: ئەم كارە ئاستەمە و كەس توانای بەسەردا نیە.

سـێیەم: ئـەم زینـدوو كردنەوەیـە هـیچ سـوودێكی تێـدا نیـە، بـەڵكو سـوود و حیكمەت لە بەردەوام بوونی ئەم ژیانە دایە كە نەوەیەك بمرێت و نەوەیەكی تر بێتـە شوێنی، بەڵام سوود و حیكمەت لـەوە دانیـە كـە ئـەو مرۆڤانـە بمـرن ئینجـا زینـدوو بكرێنەوە.

بەڵگەی زیندوو بوونەوەی ڕۆژی دوایی

ئەو بەڵگانەی کە لە قورئاندا هـاتوون لەسـەر ڕۆژی دوایـی، لەسـەر سـێ بنچینە دامەزراون:

یەکـەم: دەرخـستنی زانـستی پـەروەردگار لەمـەڕ نـەمانی لاشـەیان هـەر وەك دەفەرموێت لە وەڵامی ئەوانـەی دەڵێـن: ﴿قَالَ مَن يُحْيِ الْعِظَامَ وَهِيَ رَمِيمٌ ﴿٧٨﴾ قُلْ يُحْيِيهَا الَّذِي أَنشَأَهَا أَوَّلَ مَرَّةٍ وَهُوَ بِكُلِّ خَلْقٍ عَلِيمٌ﴾(یـس٧٨ ــ ٧٩)، واتــە: کـێ ئەم ئێسکانە زیندوو دەکاتەوە کە بووە بە خۆڵەمێش ـ ئەی محمد ــ پێیـان بڵـێ: ئەو زاتەی کە یەکـەمجار بـەدی هێنـاوە، هـەر ئـەویش زینـدووی دەکاتـەوە، خـوای گەورە بە هەموو دروست کراوێك بە ئاگایە.

خـوای گـەورە دەفــەرمووێ: ﴿وَإِنَّ السَّاعَةَ لَآتِيَةٌ فَاصْفَحِ الصَّفْحَ الْجَمِيلَ ﴿٨٥﴾ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ الْخَلَّاقُ الْعَلِيمُ﴾(الحجــر:٨٥ـــ٨٦)، واتــە: بێگومــان ڕۆژی قیامــەت بەڕێوەیە بە جوانی چاو پۆشی بکە، بەڕاستی پەروەدگارت بەدیهێنەرێکی شـارەزا و لێزانە.

دەفــــەرمووێ: ﴿قَدْ عَلِمْنَا مَا تَنقُصُ الْأَرْضُ مِنْهُمْ﴾ (ق:٤)، واتــە: بێگومــان ئێمــە دەزانین کاتێك کە مردن زەوی وردە وردە لاشەیان دەکاتەوە بە خاك.

دووەم: دەرخــستنی توانــا و دەســەڵاتی بــێ پایــانی خــوای گــەورە کــە دەفـــــەرمووێ:﴿أَوَلَيْسَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِقَادِرٍ عَلَىٰ أَن يَخْلُقَ مِثْلَهُم﴾ (یـس:٨١)، واتــە: ئایـا ئـەو خوایـەی کـە ئاسمانـەکان و زەوی دروسـت کـردووە، ناتوانێت دووبارە وەك خۆیان دروستیان بکاتەوە.

هــەروەها دەفــەرمووێ: ﴿بَلَىٰ قَادِرِينَ عَلَىٰ أَن نُّسَوِّيَ بَنَانَهُ﴾ (القیامـة:٤)، واتــە: بــەڵێ توانامان هەیە کە نەخشە و وردەکانی سەر پەنجەکانی بەدی بهێنینەوە.

لە ئایەتێکی تـر دەفـــەرمووێ: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْحَقُّ وَأَنَّهُۥ يُحْيِ ٱلْمَوْتَىٰ وَأَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ (الحج:٦)، واتــە: بێگومـان هـەر خـوای گـەورە حەقـە، هـەر ئـەویش مردووان زیندوو دەکاتەوە، هەر ئەویش بەسەر هەموو شتێکدا بە توانایە.

خوای گـەورە لـەم ئایەتـەدا هـەر دوو سیفەتە مەزنەکـەی کـە زانست و توانایە پێکـــەوە کۆکردۆتـــەوە، هــــەر وەك دەفــــەرمووێ: ﴿أَوَلَيْسَ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِقَٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يَخْلُقَ مِثْلَهُم ۚ بَلَىٰ وَهُوَ ٱلْخَلَّٰقُ ٱلْعَلِيمُ﴾(یس:٨١)، واتــە: ئایـا ئەو خوایەی کە ئاسمانەکان و زەوی دروستکردووە، ناتوانێت دووبـارە وەك خۆیـان دروستیان بکاتەوە؟! بەڵێ دەتوانێت چونکە خـوای گـەورە لـە دروسـت کردنـدا بـە توانا و زانایە.

سێیەم: دەرخستنی حیکمەتی بێ پایانی خوای گەورە، هەر وەك دەفـــەرمووێ: ﴿وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَٰعِبِينَ﴾ (الدخان:٣٨)، واتــە: ئاسمانـەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیاندایە بە گاڵتە دروستمان نەکردوون.

هـــەروەها دەفــــەرمووێ: ﴿وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَآءَ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا بَٰطِلًا﴾ (ص:٢٧)، واتــە: ئاسمان و زەوی و دروسـتکراوانی نێوانمـان بـێ هـودە و هەرەمـەکی دروسـت نەکردووە.

لە ئایەتێکی تر دەفـەرمووێ: ﴿أَيَحْسَبُ ٱلْإِنسَٰنُ أَن يُتْرَكَ سُدًى﴾ (القیامة:٣٦)، واتــە: ئایا ئادەمیزاد وادەزانێت هەروا وازی لێدەهێنرێت و لێپرسینەوەی لەگەڵدا ناکرێت.

دەفـــــــەرمووێ: ﴿أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَٰكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ ﴿١١٥﴾ فَتَعَٰلَى ٱللَّهُ ٱلْمَلِكُ ٱلْحَقُّ﴾ (المومنون:١١٥)، واتـە: ئایا گومانتان وایـە کـە ئێوەمـان بێ هودە دروست کردووە و ئێوە بۆ لای ئێمە ناگەرێنەوە، بەرزی و بڵندی بۆ خوای گەورە، پاشای حــەق ـ لەم کارە بێ هودەیەـ.

هـــەروەها دەفــــەرمووێ: ﴿أَمْ حَسِبَ ٱلَّذِينَ ٱجْتَرَحُوا۟ ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن نَّجْعَلَهُمْ كَٱلَّذِينَ

ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَوَآءً مَّحۡيَاهُمۡ وَمَمَاتُهُمۡۚ سَآءَ مَا يَحۡكُمُونَ ﴾ (الجاثيـة:٢١)، واتــە: ئایا ئەوانەی کە گوناه و تاوانەکانیان ئەنجامداوە، وا دەزانـن هـەروەك ئەوانـە حیــسابیان بــۆ دەکــەین کــە ئیمانیــان هێنــاوە و کــاروکردەوە چــاکەکانیان ئەنجامداوە؟! ژیانی دنیا ومردن ودوای مردنیان وەك یەك دەبێت؟! ئای کە بڕیاری خراپ بڕیار دەدەن.

جا کـەوابوو ڕاستی ڕۆژی دوایی بە عەقل و شەرع سەلمێنراوە، وە ناو و سـیفاتە بـەرز و بڵنـدەکانی خـوای گـەورەش ئـەم ڕاسـتیانە دەسـەلمێنێت، بێگومـان خـوای گەورە دوورە لەوەی کە دەڵێـن: توانای نیە دووبارە مرۆڤەکان دروست بکاتەوە.

جا پاشان خوای گەورە ڕایدەگەیەنێت کـە ئەوانـە چـونکە دژی ڕاسـتین، زینـدوو بوونەوەش بە ڕاست نـازانن ئـەوە سـەرگەردان بوونـە: ﴿فَهُمۡ فِيٓ أَمۡرٖ مَّرِيجٍ﴾(ق:٥)، واتــە: ئەوان بە هۆی ئەو گومانانەیانەوە لە سەرگەردانیدا دەژین.

پاشان خوای گـەورە بانگیـان دەکـات کـە سـەیری بیناسـازی و بـەرز و بڵنـدی و جوانی ئاسمان بکەن کە هـیچ کـەم و کـوڕی لێ نابینرێـت، بانگیـان دەکـات سـەیری زەوی بکەن کە چۆن ڕایخستووە و بڵاوی کردۆتـەوە وکێـوی لەسـەردا دامەزرانـدوە ولە هەموو جۆرە ڕوەکێکی جوان و ڕازاوەی جۆرا و جۆری تێدا ڕواندوە.

ئا ئەمانە هەر هەمووی ڕۆشـنکەرەوەی دڵــە، ئەگـەر بەنـدەی دڵ زینـدوو لێیـان وردبێتەوە، ئەوە یەکتاپەرستی و ڕۆژی دوای یاد دەکەوێتەوە کە پێغەمبەران پێیان ڕاگەیاندوە، ئەوکەسەی سەیری ئەم دروستکراوانە بکات و لێیان وردبێتەوە ئەمانەی بۆ ڕۆشن دەبێتەوە:

یەکەم: دڵی ڕۆشن دەبێت.

دووەم: یەکتاپەرسـتی ڕاسـتەقینە و دواڕۆژی یـاد دەکەوێتـەوە، ئـەم پلەیـەش چنگی کەس ناکەوێت، جگە لەو کەسانە نەبێت کە بە دڵ و بـەکردەوە دەگەڕێنـەوە بۆلای ڕەزامەندی خوای گەورە، تەنها ڕەزامەندی خوای گەورەیان مەبەستە.

بەڵێ: پاشان خوای گەورە بانگیان دەکات کە سەرنج بدەن و وردببنەوە لە توخمی ڕزق و خۆراك و جل و بەرگیان و ئامرازی گواستنەوەیان و باخ و باخچەکانیان کە ئەمانە هەر هەمووی بە هۆی ئەو ئاوە بە فەڕەوە بەرهەم هاتوون کە خوای گەورە لە ئاسمانەوە باراندوویەتیە خوارەوە، کە هەر بەهۆی ئەوەوەیە چەندین باخ و باخاتی جۆر بە جۆر لە بەرووبوومی لە جۆری سپی و ڕەش و سوور و زەرد و شیرین و ترش دەڕوێنێت، وە دانەوێڵەی جۆراوجۆر لە شێوە و توخم و تام دەڕوێنێت.

پاشان خوای گەورە ـ هەر لە سورەتی (ق)ـ بە تەنها باسی دار خورما دەکات، چونکە دارێکی بە فەڕە و حیکمەتی زۆری تیایە کە شاراوە نیە لەو کەسەی لێی ورد دەبێتەوە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿فَأَحۡيَا بِهِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَا﴾ (البقرة:١٦٤)، واتە: خوای گەورە بەو ئاوەی کە لە ئاسمانەوە دەیبارێنێت زەوی زیندوو دەکاتەوە، دوای و شك بوون و مردنی. پاشان دەفەرمووێ: ﴿كَذَٰلِكَ ٱلۡخُرُوجُ﴾(ق:١١)، واتە: بە هەمان شێوە ئێوەش دوای مردن لە خاکدا زیندوو دەکەینەوە و دێنە دەرەوە.

ئەم هاوشێوەش زیندوو کردنەوەی مرۆڤ و ڕووەك و وێنەی ئەمانەش، لەگەڵ هێندێ نهێنی وحیکمەتەکانی لە کتێبی (المعالم)دا بەپێوەری قورئان باسمان لێوە کردووە.

پاشان خوای گەورە ـ هەر لە سورەتی (ق)دا ـ دێت زۆر بە جوانی و بە کورتی باسی گوزەرانی پێغەمبەران دەکات و ڕونی دەکاتەوە کە پێغەمبەرانی ناردووە بۆ گەلی (نوح) و (عاد) و (ثمود) و (لوط) و (قوم فرعون)، بەڵام ئەوان ئەو پێغەمبەرانەیان بە درۆ خستۆتەوە و بڕوایان پێ نەهێناون، بۆیە خوای گەورە بە هۆی ئەمەوە بە سزای جۆراوجۆر لە ناوی بردوون.

خوای گەورە دەرحەق بەم گەلانە پەیمانی خۆی بەجێ هێناوە کە لەسەر زمانی پێغەمبەران پێ ی دابوون، ئەویش ئەوەبووە ئەگەر ئیمان نەهێنن و دەست

هەڵنەگرن لە تاوان، ئەوكات لە ناویان دەبات.

بەڵێ: ئەمە حاڵ و گوزەرانی پێغەمبەرانــە لەگـەڵ گەلـەكانیان، كـە پێغەمبـەری ئیسلام ـ محمد ـ بۆی باس كردووین، بەبێ ئەوەی هیچ مامۆسـتایەك ئەمانـەی فێـر كردبێت یان ژیان نامەیانی لە كتێبێكدا خوێندبێتەوە، بەڵكو بـە شـێوەیەكی دوور و درێـژ باسی لە گوزەرانی ئەم پێغەمبەرانە كردووە، بەو شێوەی كە لەلای جوولەكـە وگاورەكاندا باسكراوە.

جا هێندێ كەسی گەمـژە دەڵێـن: ئەمانـە شـتێكی ئاسـاییە كـە هۆیەكەشـی بـە زەمان وكەشـەوە بەنـدە، ئـەوەی ئـەو قسە پووچـەڵانە دەكـات، خۆشـی دەزانێـت قسەكانی گەندەڵ و پووچە، چـونكە دان نـەهێنان بەمانـە، وەك ئـەوە وایـە كـە دان نەهێنێت بەو هەموو پادشا و زانایانەی ڕابووردوو.

مانـــای (العی)

پاشان خوای گەورە ـ هـەر لـە سورەتی (ق)دا ـ دیسان باسـی زینـدوو بوونـەوە دەكـات دەفــەرمووێ: ﴿أَفَعَيِينَا بِالْخَلْقِ الْأَوَّلِ﴾ (ق:١٥)، واتــە: ئایا ئێمـە یەكـەمجار ئەم خەڵكەمان دروست كرد بێ توانا بووین لە دروست كردنی؟! ئەگەر كەسێك بـێ توانا بێت لەمەڕ كارێك ئەوە پێی دەڵێـن: (عيي به) واتــە: بـێ توانـا بـوو بەرانبـەر ئەم كارە.

وە دەڵێـن: (عيي فلان بهذا الامر) واتـە: فلان كەس بـێ توانـا بـوو بەرانبـەر ئـەم كـارە.

شاعیر دەڵێت:

عَيُّــوا بِأَمْــرِهِم، كَمَــا عَيَّــت بِبَيْــضَتِها الحَمامَــة

واتـە: بێ توانا بوون بەرانبەر كارەكانیان، هـەر وەك كۆتر چـۆن بـێ توانایـە لـە بەرانبەر هێلكەكەی ـ لە كاتی هێرشی دووژمنەكەیدا

خوای گەورە دەفـەرمووێ: ﴿وَلَمْ يَعْيَ بِخَلْقِهِنَّ﴾ (الاحقاف:٣٣).

(ابن عباس) و (مقاتل) فەرموویانە: واتە: بێ توانا نیە لە دروست کردنیاندا.

ابن قیم، دەڵێت: ئەم تەفسیرە بەگوێرەی ووتەکەیە، ئەگینا لە ڕاستیدا لەوە فراوانترە، هەر وەك عەرەب دەڵێن: (اعیاني ان اعرف کذا) واتە: نەم توانی ئەو کابرایە بناسم، ئەگەر بێتوو دەم و چاوی نەبینێت و نەیناسێت.

دەڵێن: (اعیاني دواؤك) واتە: نەم توانی دەرمانەکەت بۆ بدۆزمەوە، ئەگەر بێتو چارەسەریەکەی نە دۆزییەوە.

کەوابوو: بەرانبەر مانای (عیي) - (العجز)ە واتە: بێ توانای، ئەو دێرە شیعرەی، کە کردوویانە بە بەڵگەش، ئەم مانایە دەبەخشێ، چونکە کۆتر بێ توانانیە لە هەڵگرتنی هێلکە لە سکیدا، بەڵام ئەو کات بێ توانایە بەرانبەر هێلکەکەی کە دەیەوێت دایبنێت، بۆیە بەولاو ئەولادا دەگەڕێت تا شوێنێك بدۆزێتەوە هێلکەکەی لێ دابنێت، ئینجا کە داینا بێ توانایە بەرانبەر پاراستنی نازانێت چۆن بی پارێزێت، بۆیە لە شوێنك بۆ شوێنێکی تر دەبیات تا هێلانەیەکی بۆ دابین بکات، (الاعیاء) لەم ئایەتەدا بە مانای ماندوو بوون (التعب)نیە، هەر وەك هێندێ لەوانەی کە شارەزایەکی چاکیان لە تەفسیری قورئان نیە ڕایان وایە، بەڵکو مانای ماندوو بوون خوای گەورە لە کۆتایی سورەتەکەدا باسی کردووە و خۆی لێ بەدوور گرتووە کە دەفەرمووێ: ﴿وَمَا مَسَّنَا مِن لُّغُوبٍ﴾ (ق:٣٨)، واتە: دوای دروست کردنی ئاسمانەکان و زەوی، هیچ ماندوویەتیەك ڕووی تێ نەکردین.

پاشان خوای گەورە ڕادەگەیەنێت کە ئەوانە: ﴿بَلْ هُمْ فِي لَبْسٍ مِّنْ خَلْقٍ جَدِيدٍ﴾ (ق:١٥)، واتە: ئەوانە لە گوماندان بەرانبەر بە دروست بوونەوەیەکی تازە.

پاشان خوای گەورە ئاگاداریان دەکاتەوە کە دروست کردنی مرۆڤ گەورەترین بەڵگە و نیشانەیە لەسەر دەسەڵات و پەروەردگاریەتی خوا، گەورەترین بەڵگەیە لەسەر زیندووبوونەوە، ئەمە گەورەترین بەڵگەیە لەسەر یەکتاپەرستی و دوارۆژدا.

کەوابوو چ بەڵگەیەك لەم بەڵگە ڕۆشنتر هەیە لەسەر دەسەڵات و توانای خوای گەورە؟! کە ئەندام و ئێسك وگۆشت و دەمار و ئامێر و زانیاری و توانا، کە هەر

هەمووی خوای گەورە لە دڵوپە ئاوێكدا دروستی كردووە، ئەگەر مرۆڤ كەمێك بە دادپەروەرانە و وردبێتەوە لە خودی خۆی كە خوای گەورە بەچ شێوەیەكی جوان و ڕێك دروستی كردووە، ئەوكات بە هۆی ئەمەوە دڵنیا دەبێت لەو هەواڵانەی كە پێغەمبەران لە بارەی خوا و ناو و سیفاتەكانی خواوە ڕایانگەیاندووە.

پاشان خوای گەورە ئەوە ڕوون دەكاتەوە كە لە هەموو كات و ساتێكدا بە ئاگایە لە مرۆڤ، بەڵكو ئاگادارە كە چی بە دڵ و دەروونیاندا دێت، پاشان ئەوە دەردەخات كە بەهێز و زانست لە مرۆڤ نزیكە، وەك ئەو ڕەگە دەمارەی لەلاشەیدایە.

مامۆستای گەورەمان ابن تیمیە لە بارەی ئەم ئایەتەدا: ﴿وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ ٱلْوَرِيدِ﴾ (ق:١٦)، دەفەرمووێ: مەبەست بە(نحـن)واتـە: ئێمە بە مەلائیكەت لێی نزیكین ـ نەك زاتی خوا لێ ی نزیك بێت ـ هەر وەك دەفەرمووێ: ﴿فَإِذَا قَرَأْنَٰهُ فَٱتَّبِعْ قُرْءَانَهُۥ﴾ (القیامة:١٨)، واتە:كاتێك جبریل قورئانی بەسەردا خوێندیت تۆش شوێنی بكەوە لەخوێندنەوەیدا.

ابن تیمیە دەفەرموێ: ئەم ئایەتەش كە دێت بەڵگەیە لەسەر نزیكی مەلائیكەت كە دەفەرمووێ: ﴿إِذْ يَتَلَقَّى ٱلْمُتَلَقِّيَانِ﴾(ق:١٧)، واتە: دوو مەلائیكەت چاودێری مرۆڤ دەكەن.

كە خوای گەورە فەرمویەتی: ئێمە لە شاڕەگی دڵی لێی نزیكترین، ئا لێرەدا ئەو نزیكییەی بەستاوەتەوە بە نزیكی مەلائیكەت ـ نەك نزیكی زاتی خۆی ـ ئەگەر مەبەست بەم نزیكیە نزیكی زاتی خوا بایە، ئەوە خوای گەورە چاودێری كردنی مرۆڤی نە دەبەستاوە بە ئامادەبوونی دوو مەلائیكەت، كەوابوو ئەم ئایەتە هیچ بەڵگەیەكی تیا نیە بۆ (حلولي) و(معطلة)ە.

پاشان خوای گەورە ــ هەر لە سورەتی (ق)داــ باسی ئەوە دەكات كە دوو مەلائیكەت لەلای ڕاست وچەپی مرۆڤدا چاودێرە كە هەموو گوفتار و كردارێكی ئەم

مرۆڤە تۆمار دەكات، هەر ووتەیەكیش لە دەمی ئەم مرۆڤـەدا دەربـچێت ئـەوە خێـرا یەكێك لەو مەلائیكەتانەی چاودێرە تۆماری دەكات لەسەر كردەوەكانی.

پاشان ـ هەر لە سورەتی (ق)داـ خوای گەورە باسی قیامەتی بچووك دەكات، كـە (سكرة الموت)ە واتە: ئێش و ئازاری مردن، ئەمـەش ڕاسـتەقینەیەكە و هـەر هـەموو كەسـێك دەبێـت تـامی ئـەم مردنـە بـچێژێت، ئـەم مردنـەش گەیـشتنە بـە خـوا و بەرزبونەوەی ڕۆحە بۆ شوێنی خۆی، ئەم قیامەتە گچكەیەش دەسپێكی پاداشـت و سزای قیامەتی گەورەیە.

پاشان خـوای گـەورە باسـی قیامـەتی گـەورە دەكـات دەفـەرمووێ: ﴿وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِۚ ذَٰلِكَ يَوۡمُ ٱلۡوَعِيدِ﴾ (ق:٢٠)، واتـە: كـە فـوو كـرا بـە صـور، ئـیتر ئـەوە ڕۆژی پێشهاتنی هەڕەشە و ئاگاداركردنەوەكانە.

پاشان خوای گەورە باسی حاڵ و گوزەرانی خەڵكی دەكات لـەو ڕۆژەدا كـە لـەو ڕۆژەدا هەر كەسێك دێتە خزمەت خوای گەورە مەلائیكەیەك بـە سـەرەوەیەتی ولێـی دەخوڕێت، مەلائیكەتێكیش شـایەتی لەسـەر دەدات، جگـە لەشـایەتی ئەندامـەكانی لاشەی خۆی كە لەو ڕۆژەدا شایەتی لەسەر دەدەن، جگە لـە شـایەتی زەویش كـە شایەتی لەسەر دەدات، وە شایەتی ئەو پێغەمبەرەی بۆی ڕەوان كراوە كـە شـایەتی لەسەر دەدات، بڕوادارانیش كە شایەتی لەسەر دەدەن.

بێگومان خوای گـەورە مەلائیكـەت و پێغەمبـەران و ئـەو شـوێنانەی كـە چاكە و خراپەیان لەسەر ئەنجامداوە، هەر هەمووی دەكات بەشـایەت لەسـەر مرۆڤـدا، ئـەو ئەندامانەش كە مرۆڤ گونـاهی پـێ ئـەنجام داوە خـوای گـەورە لەسـەری دەكـات بـە شایەت، خوای گەورە بە تەنها بە زانستی خـۆی بەنـدەكانی سـزانادات، ئـەوەش لـە كاتێكدا كە خوای گەورە دادپەروەری هەموو دادپەروەرانە.

پاشـان خـوای گـەورە ـ هـەر لـە سـورەتی (ق)دا ـ ڕوونـی دەكاتـەوە كـە ئـەو مەلائیكەتەی لە دنیادا كراوە بە چاودێر بەسەر مرۆڤـەوە، هـەموو كاروكردەوەكـانی دەنووسێت و دەفـەرمووێ: خوایە ئەو مرۆڤەی كـە پێـت سـپاردبووم لـە دنیـادا كـە

چاودێری بکەم، ئەوە هێناومە و ئامادەم کردووە، ئەم تەفسیرە ووتەی (مجاهد)ە.

(ابـن قتیبـة)ش دەربـارەی ئـەم ئایەتـەدا ﴿هَٰذَا مَا لَدَيَّ عَتِيدٌ﴾ دەفــەرمووێ: واتـە:خوایە ئەو کارو و گفتارانـەی کـە کردوویـەتی هـەموویم لەسـەر نووسـیوە و وا لەلام ئامادەیە.

بەڵام لە ڕاستیدا هەردوو ماناکە لە خۆ دەگرێت، کە بەم شێوەیە: ئـەو مرۆڤـەی کە من چاودێر بووم لەسەری، ئەوە کار و گوفتارەکانیەتی کە هەموویم نووسیوە.

ئینجا ئەوکات دەگوترێ: ﴿أَلْقِيَا فِي جَهَنَّمَ﴾ (ق:٢٤)، واتـە: فرێیدەنە ناو دۆزەخ.

جا یان ئـەم دوو مەلائیکەتـەی کـە لێیـدەخوڕن و شـایەتی لەسـەر دەدەن، ئـەم فەرمانەیان پێ دەکرێت، یان ئەو مەلائیکەتەی کە سپاردراوە بە سـزادانی ئـەو ئـەم فەرمانەی پێ دەکرێت.

شەش ڕەوشتی خەڵکی دۆزەخ

پاشان خوای گەورە هەر لە سورەتی (ق)دا باسی ڕەوشتی ئەو مرۆڤانە دەکات، کە دەچێتە دۆزەخەوە، کە شەش ڕەوشتیان لێ باس دەکات بەم شێوە:

یەکـەم: سـپڵەو کـافرە بەرانبـەر بـە بەخشـشەکانی خـوای گـەورە، کـافرە بـە یەکتاپەرستی و ناوو سـیفات و ئـاینی خـوا، کـافرە بـە پێغەمبـەران و مەلائیکـەتانی خوا، کافرە بە کتێبەکانی خوا و زیندوو بوونـەوە.

دووەم: کەللە ڕەقە و حەق وەرناگرێت و ڕەقەکاری لێ دەکات.

سێیــەم: ڕێگـری چـاکە و خێـرە، جـا ئـەم ڕێگـرتن لـە خێـر و چـاکەیە گشتیە، جیاوازی نیە ڕێگری خێر و چاکە بێت بۆ خودی خۆی وەك بەندایەتی کردنـی خـوا و نزیك بوونەوە لە بەخششی خوا، یان ڕێگری خێـر و چـاکە بێـت بـۆ خـەڵکی تـر، ئـا ئەمە نە خێری بۆ خـۆی هەیـە، نـە خێـری بـۆ خـەڵکیش هەیە، هـەر وەك زۆرینـەی خەڵکی وان.

چوارەم: لەگەڵ ئەوەی کە خێر و چاکە لە خـەڵکی قەدەغـە دەکـات، زیانیـشیان پێ دەگەیەنێت، کە بە زمانی و دەستی ستەمیان لێ دەکات و فرِوفێـڵ و تەڵەکـەیان لەگەڵ دەکات.

پێنجەم: (مریب)یشە، کە ـ گومانی لە ڕاستی ئیسلام هەیە ـ لەگەڵ ئەوەش چ شتێك گومانی تیابێت ئەو ڕووی تێ دەکا و بـۆی دەچـێت، هـەر بۆیـەش گوتــراوە: فلانە کەس(مریب)ە ئەگەر کەسێکی گوماندار بێت.

شەشەم: لەگەڵ ئەوەی ئەم هەموو کارە قێزەونەشی هەیە(مشرك)یشە بـە خـوا، کە هاوبەشی بۆ خوا بڕیار داوە، لەگەل خوای گەورە یەکێکی تری کردووە بە خوا و لە شوێنی خوا دەیپەرستێ و خۆشی دەوێ، هەر کەسێکیش رقی لـەو شـتە بێتـەوە کە ئەو کردوویەتی بە خوا، ئەویش لێی تووڕە دەبێت، هەر کەسێکیش خوایەکـەی

ئەوی خۆش بوویت ئەویش خۆشی دەویت، سوێند بە ناوی ئەو شتە دەخوات کە کردوویەتی بە خوا، دووژمنایەتی و دۆستایەتی خۆی لە پێناوی دەردەبڕێت.

جا ئەم مرۆڤە لە ڕۆژی دوایی مشت ومڕ دەکات لەگەڵ ئەو شەیتانەی کە چرپاندوویەتی بە گوێیا کە ئەو کارانە بکات، ئەو مرۆڤ شەیتانەکە تۆمەت بار دەکات بەوەی کە ئەو ئەم کارانەی پێ ئەنجام داوە، شەیتانەکەش دەڵێت: من ئەو توانا و دەسەڵاتەم نیە کە بە زۆر خەڵکی گومڕا و سەرگەردان بکەم، بەڵکو ئەو خۆی لە ناو گومڕایی و سەرگەردانیدا نقووم ببوو، خۆی گەندەڵی و خراپەی بەسەر حەق و کامەرانیدا هەڵبژاد، هەر وەك (ابلیس) لە دوا ڕۆژدا کاتێك فرێی دەدەنە ناو دۆزەخ خەڵکی دۆزەخیش ڕووی تێدەکەن پێی دەڵێن: بۆ وات بەسەر ئێمە هێنا ئـــەویش پێیاندەڵێـــت: ﴿وَمَا كَانَ لِيَ عَلَيْكُم مِّن سُلْطَانٍ إِلَّا أَن دَعَوْتُكُمْ فَاسْتَجَبْتُمْ﴾ (ابراهيم:۲۲)، واتە: من هیچ دەسەڵاتم بەسەر ئێوەدا نەبوە کە گومڕاتان بکەم، من تەنها بانگم کردن کوفر و تاوان بکەن ئێوەش بە دممەوە هاتن و ئەنجامتاندا.

بەم شێوەیە ڕوون بۆوە کە ئەوەی لەگەڵی دایە شەیتانەکەیەتی، لە خزمەت خوای گەورە مرۆڤەکە و شەیتانەکە مشت و مڕ دەکەن، کۆمەڵێ لە زانایانی تریش فەرموویانە: بەڵکو ئەوەی مرۆڤەکە مشت ومڕی لەگەڵدا دەکات مەلائیکەتەکەیە، مرۆڤەکە تۆمەت باری دەکات بەوەی زیادی لەسەر نووسیوە، کە ئەو ئەوەندە کارەی ئەنجام نەداوە، تۆمەت باری دەکات بەوەی کە پەلەی کردووە لە نووسینی کارەکانی فەرامۆشی نەکردووە تاکو تەوبە بکات.

جا مەلائیکەتە کە دەڵێت: هیچ شتێکی زیادم لەسەر نەنووسیووە و پەلەشم نەکردووە لە نووسینی کارەکانی: ﴿وَلَٰكِن كَانَ فِي ضَلَالٍ بَعِيدٍ﴾ (ق:۲۷)، واتە: بەڵکو ئەو خۆی لە ناوگومڕایی وسەرگەردانیەکی دوور نقووم بوو.

خوای پەروەردیگاریش دەفـــەرموێ: ﴿لَا تَخْتَصِمُوا لَدَيَّ﴾ (ق:۲۸)، واتـــە: مشت و مڕ لـــــە لای من مەکەن.

خوای گەورە لە سورەتی (الصافات)دا باسی مشت ومڕی کافر و شەیتان دەکات، کە لە خزمەتی ئەودا مشت ومڕ دەکەن، لە سورەتی (الزمر)یشدا باسی ئەو

خەڵکە دەکات کە لە خزمەتیدا مشت ومڕ دەکـــــەن.

لە سورەتی (الشعراء) و سورەتی(ص)یشدا باسی مشت ومڕی خەڵکی ناو دۆزەخ دەکات، پاشان خوای گەورە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە هەر فەرمانێکیدا ئەوە هەڵوەشانەوەی بۆ نیە و ناگۆڕێت.

گوتراوە: مەبەست بە نەگۆڕی فەرمانی خوا ئەم ئایەتەیە: ﴿لَأَمۡلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ ٱلۡجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ أَجۡمَعِينَ﴾ (هود:١١٩)، واتە: دۆزەخ پڕ دەکەم لە گرۆهی (جن) و خەڵکی.

خوای گەورە پەیمانیشی داوە بە ئیمانداران بە بەهەشت، جائەم پەیمانانە هەڵناوەشێتەوە و ناگۆڕێت.

(ابن عباس) دەفەرمووێ: خوای گەورە دەفەرموێ: پەیمانی من ناگۆڕێت بەرانبەر بەو کەسانەی ملکەچی من بوونە و بەندایەتی منیان کردووە، پەیمانم ناگۆڕێت بەرانبەر بەو کەسانەش کە بێ فەرمانی منیان کردووە.

(مجاهد)یش دەفەرمووێ: خوای گەورە دەفەرمووێ: من بڕیاری خۆم داوە، ئەوە نیە دیسان بڕیارێکی تر بدەم.

لەم دوو تەفسیرە ئەمەیان تەفسیرێکی دروستە، تەفسیرێکی تریش هەیە بۆ ئایەتەکە، ئەویش بەم شێوەیە:

خوای گەورە دەفەرمووێ: فەرمانی من ناگۆڕێت بە درۆ و تەڵەکە، هەر وەك پاشا و کاربەدەستانی دنیا بڕیارێك دەدەن، پاشان درۆی لەگەڵ دەکەن و نایبەنەسەر.

مەبەست بە گۆڕینی فەرمان، ئەو فەرمانەیە کە داویەتی دەربارەی ئەو دووانە کە مشت و مڕ دەکەن.

(ابن قتيبة) و (الفراء) ئەم ڕایەیان هەڵبژاردووە، (الفراء) دەفەرمووێ: تەفسیری ئایەتەکە بەم شێوەیە خوا دەفەرمووێ کەس درۆ ناکات لە لای من، چونکە من زانستم بەشتی نهێنیش هەیە، (ابن قتيبة)ش دەفەرمووێ: خوا دەفەرمووێ هیچ

بڕیار و فەرمانێك لای من نە دەگوڕێ و نـە زیـادیش دەكـات و نـە كـەمیش دەكـات، چونكە خوای گەورە فەرموویەتی: بڕیار لای من، نەیفـەرمووە بڕیـاری مـن، ئەمـەش وەك ئەوەیە كە دەگوترێ: درۆ مەكە لای من، جا بە گوێرەی تەفـسیرەكەی یەكـەم، كە (الفراء)ە ئەم ئایەتە: ﴿وَمَآ أَنَا۠ بِظَلَّٰمٍ لِّلۡعَبِيدِ﴾ (ق:٢٩)، تـەواو كەرەكـەی ئەمەیـە: ﴿مَا يُبَدَّلُ ٱلۡقَوۡلُ لَدَيَّ﴾، واتـە: ئەو بڕیارەی داومە و گووتوومـە بەرانبـەر بـەو كارانەیـە كە ئەنجامی داوە، ئەمەش كارێكی زۆر دادپەروەرانەیە و ستەمی تیانیە.

بە گوێرەی تەفسیرەكەی دووەم، كـە (ابـن قتیبـة)یـە خـوای گـەورە زاتـی خـۆی وەسف كردووە بە دوو سیفەت:

یەكەم: زانستی فراوان و بێ پایانی ناهێڵێت لە خزمەتیـدا بڕیـار بگۆڕێـت و حـەق بدا بە ناحەق.

دووەم: دادپەروەری بێ پایانی ڕێ نادا، ستەم لە بەندەی بكات.

پاشان خوای گەورە ـ هەر لە سورەتی (ق)دا باسی فراوانی دۆزەخ دەكـات، كـە هەر كاتێـك كۆمـەڵێك فرێدەرێنـە نـاو دۆزەخـەوە، دۆزەخ دەڵێـت: ﴿هَلۡ مِن مَّزِيدٖ﴾ (ق:٣٠)، واتـە: با بێت زیاتـــر نیە بێت؟!

بەڵام ئەو كەسە بە هەڵەداچووە كە دەڵێت ئەمە بە مانای "لیس من مزید"واتـــە: شـوێن نەمــاوە لــە دۆزەخ، چـونكە حەدیـسی(صـحیح)یـش ئـەم بۆچـوونە ڕەت دەكاتەوە.

باسكردنی چوار ڕەوشتی بەهەشتیەكان

پاشان خوای گەورە ـ هەر لە سورەتی (ق)دا ـ باسی نزیكی بەهەشت دەكات بۆ تەقواداران، بەهەشتیەكانیش ئەوانەن كە بەم چوار ڕەوشتانە وەسف كراون:

یەكەم: (اوّاب)ە،واتە: لە بێ فەرمانی خوا دەگەڕێتەوە بۆ گوێڕایەڵی خوا، لە بێ ئاگابوون لە خوا دەگەڕێتەوە بۆ سەر زیكر و یادی خوا.

(عبيدي)ی كوڕی(عمير) دەفـەرمووێ: (الاوّاب) ئەو كەسەیە كە گوناهـەكانی بـیر دەكەوێتەوە داوای لێبووردن لە خوا دەكات لەسەر گوناهەكانی.

(سعيد بن المسيب)یش دەفـەرمووێ: (الاوّاب) ئـەو كەسـەیە كـە گونـاه دەكـات، پاشان تەوبە دەكات، دیسان گوناه دەكات، پاشان تەوبە دەكاتەوە.

دووەم: ڕەوشـــتێكی تـــری بەهەشـــتیەكان وەك (ابـــن عبـــاس) دەفـــەرمووێ: (الحفيظ)ە واتە: پارێزەرە لەسەر ئەو شتانەی كە خوا فەرمانی پێ كردووە.

(قتادة) دەفـەرمووێ: پارێزەرە كە حەق و فەرمانی خوا دەپارێزێت و گوێڕایـەڵی دەكات.

دەروونی مرۆڤ دوو توانا و هێزی هەیە:

- ❖ هێزی وەرگــرتن (الطلـب).
- ❖ هێزی خۆگرتنەوە (الامساك).

ئینجـا (الاواب) بـۆ هێـزی وەرگـرتن (الطلـب) بـە كارهـاتووە، كـە مرۆڤەكـە ڕوو دەكاتە وەرگرتن و ئەنجامدانی بەندایەتی خوا، (الحفيظ)یش بـۆ هێـزی خۆگرتنـەوە (امساك) بە كار هاتووە، كە مرۆڤەكە خۆی دەگرێتەوە لـە ئەنجامـدانی گونـاه و بـێ فەرمانی خوا.

كـەوابوو: مرۆڤی (الحفيظ) خۆی دەگرێتەوە و خۆی دەپارێزێت لەو شتانەی لێـی قەدەغەكراوە، مرۆڤی (الاواب)یش ڕوو دەكاتە بەندایەتی خوا.

سێیەم: ڕەوشتێكی تری بەهەشتیەكان ئەوەیە وەك خوای گـەورە دەفــەرمووێ:

﴿ مَنْ خَشِيَ ٱلرَّحْمَٰنَ بِٱلْغَيْبِ ﴾ (ق:٣٣). ئەم ئایەتە ئەو خاڵانە لە خۆ دەگرێت:

کە ئەم مرۆڤە ئیمانی هێناوە بە بوونی خوا و بە پەروەردگاریەتی خوا و بە دەسەڵات و زانستی بێ پایانی خوا بەرانبەر بە هەموو کاروباری بەندەکانی ئیمان هێنان بە کتێبە ئاسمانیەکان و پێغەمبەران و فەرمان و قەدەغەکراوەکانی خوا، دانهێنان و ئیمان هێنان بە پاداشت و سزا و زیندوو بوونەوە.

جا ترسان لە خوای گەورە بە پەنهانی کە لەم ئایەتەدا باسکراوە نایەتە جێ و سوودی نابێت تاکو ئەم خاڵانەی باسکرا تیایدا کۆ نەبێتەوە.

چـــوارەم: ڕەوشـــتێکی تـــری بەهەشـــتیەکان ئەوەیـــە وەك خـــوای گـــەورە دەفەرمووێ:﴿وَجَآءَ بِقَلْبٍ مُّنِيبٍ ﴾(ق:٣٣).

(ابن عباس) لە بارەی تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرمووێ: ئەو بەندەیە دەگەڕێتەوە لە بێ فەرمانی خوا و ڕوو دەکاتە بەندایەتی خوا.

پەشیمان بوونەوە و گەڕانەوەی ڕاستە، بەردەوامبوون و مانەوەی دڵە لەسەر بەندایەتی و خۆشەویستی خوا.

پاشان خوای گەورە ـ هەر لە سورەتی (ق)دا ـ باسی پاداشتی ئەو کەسانە دەکات کە ئەم کارانە ئەنجام دەدەن خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿ٱدْخُلُوهَا بِسَلَٰمٍ ذَٰلِكَ يَوْمُ ٱلْخُلُودِ ﴿٣٤﴾ لَهُم مَّا يَشَآءُونَ فِيهَا وَلَدَيْنَا مَزِيدٌ ﴾ (ق:٣٤ ـــ ٣٥)، واتـــە: بفـــەرموون بـچنە نـاو بەهەشـتەوە بـە ئاشـتی و ئارامیـەوە، ئـا ئـەوە ئـیتر ڕۆژی نـەمرین و نەبڕاوەیە، هەرچیش داوای دەکەن و حەزی لێ دەکەن بۆیان ئامادەیە تیایدا، بەڵکو زۆر لەوەش زیاترمان لەلا هەیە.

پاشان خوای گەورە دەیان ترسێنێت ئەگەر بەردەوام بن لەسەر گوناه تاوان هەر وەك چۆن هۆز و نەتەوەکانی پێش ئەوانی لە ناو بردووە بە سزا لە کاتێکا کە ئەوان لەمان زۆر بەهێز و دەسەڵات تریش بوون، کەچی هێز و دەسەڵاتیان فریایان نەکەوت.

ئایا هیچ شتێك هەبوو ڕزگاریان بکات لە سزای خوای گەورە؟!

(قتادة) دەفـەرمووێ: دووژمنـانی خـوا زۆر گـەڕان بـە دوای ڕزگـار بووندا،کەچـی بینیان فەرمانی خوا هەر دەیانگاتێ.

(الزجـاج) دەفـــەرمووێ: زۆر گـەڕان و سـووڕان هـیچ شـتێکیان نەدۆزیـەوە کـە ڕزگاریان بکات لە مردن.

لە ڕاستیدا ئەوان دەگەڕان بە دوای شتێك کە دەربازیـان بکـات لـە مـردن، بـەڵام چنگیان نەدەکەوت.

پاشان خوای گەورە، هەر لە سورەتی (ق)دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کـە ئەوانـەی باســــکران: ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَذِكْرَىٰ لِمَن كَانَ لَهُۥ قَلْبٌ أَوْ أَلْقَى ٱلسَّمْعَ وَهُوَ شَهِيدٌ﴾ (ق:٣٧)، واتـە: بیرخستنەوەیە بۆ کەسێك کە دڵێکی زیندووی هەبێت، یان بە دڵێکی ئامادەوە گوێ بۆ قورئان بگرێت.

پاشان خوای گەورە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئاسمانەکان و زەوی و هەرچـی لـە نێوانیشیاندا هەیە بە شـەش ڕۆژ دروسـتی کـردوون، هـیچ ماندویەتیـەکیش ڕوی تـێ نەکردووە، ئەمەش بـۆ بـەدرۆ خـستنەوەی جوولەکەکانـە کـە دووژمنـانی خـوان کـە دەڵێـن: خوا دوای دروست کردنی ئەمانە لە ڕۆژی حەوتەمیش حەسایەوە.

پاشان خوای گەورە فـەرمان بە پێغەمبـەر دەکـات کـە ئـارام بگرێـت لەسـەر ئـەو بوختانانەی کە (جـوو) بە خوای هەڵدەبەستن، هەر وەك چۆن خوای گـەورە ئـارامی گرتـووە لەسـەر ئـەو قـسە گەندەڵـەی (جـوو) کـە دەڵێـن: خـوا حەسـاوەتەوە، پێغەمبەرﷺ دەفـەرمووێ: ((مَا أَحَدٌ أَصْبَرُ عَلَى أَذًى سَمِعَهُ مِنَ اللَّهِ، يَدَّعُونَ لَهُ الْوَلَدَ، ثُمَّ يُعَافِيهِمْ وَيَرْزُقُهُمْ))[1]، واتـە: هیچ کەسێك وەکو خودا بـە ئـارام نیـە، ئەزیـەت لـە بەندەکانی دەبینێت و دەبیستێت، ئەوەی بۆ بڕیار دەدەن لەگـەڵ ئەوەشـدا دەیـان بەخشێت و ڕۆزیان دەدات.

---

(١) صحيح: رواه رواه البخاري (٤٧٢)، مسلم (٢٥٩٣).

پاشان خوای گەورە فەرمان بە پێغەمبەرﷺ دەکات، بەو شتەی ئارامی پێ دەبەخشێت کە تەسبیحات و سوپاس و ستایش کردنی پەروەردگاریەتی پێش خۆر هەڵاتن و پێش ئاوابوونی، وە لە شەوگاریشدا تەسبیحات و ستایشی خوا بکات، وە دوای سوجدەکانیش.

پاشان خوای گەورە سورەتی (ق) بە باسکردنی زیندوو کردنەوە کۆتای پێ دەهێنێت، کە بانگ بێژێك بانگی ڕۆحەکان دەکاتەوە بۆ لاشەکانیان تاکو لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە ئەم بانگە لە شوێنێکی زۆر نزیکەوەیە کە هەموو کەسێك گوێی لێ دەبێت، هەر وەك دەفەرمووێ: ﴿ يَوۡمَ يَسۡمَعُونَ ٱلصَّيۡحَةَ بِٱلۡحَقِّۚ ذَٰلِكَ يَوۡمُ ٱلۡخُرُوجِ ﴾ (ق:٤٢)، واتە: ئەو ڕۆژە دەنگێکی زۆر بەرز و سامناك بە ڕاستیی دەبیستن، ئەمەش بۆ زیندوو کردنەوەی خزمەت خوایە.

خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿ يَوۡمَ تَشَقَّقُ ٱلۡأَرۡضُ عَنۡهُمۡ سِرَاعٗا ﴾(ق:٤٤)، واتە: ڕۆژێك دێت زەوی لە ئاستی ئەوان شەق دەبێت.

هەر وەکو چۆن بۆ ڕووەك شەق دەبێت، ئەوهاش زەوی شەق دەبێت و خەڵکی لە گۆڕەکانیان دێنە دەرەوە (سراعا)واتە: بە پەلە و هەڵەداوان، وە دەفەرمووێ: ﴿ذَٰلِكَ حَشۡرٌ عَلَيۡنَا يَسِيرٞ ﴾ (ق:٤٤)، واتە: ئا ئەوە (حشر)ی مرۆڤەکانە بۆ لێپرسینەوە، ئەمەش لای ئێمە کارێکی زۆر ئاسانە.

پاشان خوای گەورە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بەئاگایە بەوەی دوژمنەکانی دەیڵێن، وا نەبێت لای خوا شاراوە بێت، بەڵکو سزاشیان دەداتەوە، خوای گەورە باسی زانست و دەسەڵاتی خۆی دەکات کە دەتوانێت سزایان بدات.

پاشان خوای گەورە بە پێغەمبەرﷺ ڕادەگەیەنێت کە ئەو ڕەوانە نەکراوە تا بە دەسەڵات و بە زۆر ئیسلامیان بە سەردا بسەپێنێت، بەڵکو خوای گەورە فەرمانی پێ دەکات کە بە قورئان یادەوەری ئەو کەسانە بکات کە لە هەڕەشەکانی خوا دەترسن، چونکە ئەمانە لەم ئامۆژگاریی و بیر خستنەوانەدا سوود وەردەگرن، بەڵام کەسێك کە بڕوای بە زیندوو بوونەوە نەبێ و لە سزای خوا نەترسێ و ئومێدی بە پاداشتی خوا نەبێت، ئەوە بیر خستنەوە سوودی پێ ناگەیەنێت

شەرحی حەدیسی: ((وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّ اللَّهَ اطَّلَعَ عَلَى أَهْلِ بَدْرٍ))

ئەم فەرموودەی پێغەمبەرﷺ کە بە (عمر)ی دەفـەرموو: ((وَمَا يُـدْرِيكَ لَعَـلَّ اللَّـهَ اطَّلَعَ عَلَى أَهْلِ بَدْرٍ فَقَالَ: اعْمَلُوا مَا شِئْتُمْ ، فَقَدْ غَفَـرْتُ لَكُـمْ)) [1]، واتــە: تـۆ چـوزانيت! بـەڵکو خـوای گـەورە ڕووی قـسەی کردبێتـە یـارانی (بـدر) مـژدەی دابنـێ و پێـی فەرمووبن: چی دەکەن بیکەن، من هەر لە ئێستاوە لێتان خۆشبووم.

مانای ئەم فەرموودەیە بۆتە گرفت لـە لای زۆرێـك لـە خەڵکیدا، چـونکە ڕواڵـەتی ئـەم فەرموودەیـە، وا پێـشان دەدات کـە سـەحابەی بـەدر هەرچـی حـەز دەکـەن ئەنجامی بدەن بۆیان دروستە و کارێکی ئاساییە، ئەمەش مەحاڵە و دروست نیە، جا بۆیە کۆمـەڵێك لـە زانایـان یـەك لـەوان: (ابـن الجـوزي)ە فەرموویـەتی: مەبەسـت لـە ووشەی "اعملـوا" بـۆ (استقبال) نیە واتە: لەمەودوا چی دەکـەن بیکـەن مـن لێتـان خۆش بوومە، بەڵکو "اعملـوا" بۆ (الماضي)ە واتە: لـەو کارانـەی کردووتانـە خـۆش بووم، بەڵگەش لەسەر ئەم بۆچوونە دوو شـتە:

یەکەم: ئەگـەر "اعملــوا" بـۆ ئـەو کارانـە بوایـە کـە لەمەوبـەدوا دەکرێـت، دەبـا وەڵامەکەی ئاوا بایە: "فسأغفرلکم" واتە: لەمەوبەدوا لێتان خۆش دەبم.

دووەم: ئاشکرایە کە ئەمە پەیوەستە بە گوناحەوە، لە ڕاستیدا ئەم وەڵامـە بـەم شێوەیە: من بە هۆی ئەم جەنگـەوە- کە بەدرە- لـە گوناهـەکانی پێـشووتان خـۆش بووم، بەڵام ئەم ڕایە بێ هێزە لە دوو ڕووەوە:

❖ یەکـەم: ووشـەی "اعملــوا" بـۆ کـاری داهـاتووە نـەك کـاری ڕابـردوو، وە ئـەم دێڕەش کە دەفەرمووێ: "قد غفرت لکم" لێـرەدا "غفرت" بە (فعل ماضـي) هـاتووە کە دەکات بەڵگە نیە لەسـەر ئـەوەی کـە "اعملــوا" وەکـو (غفـر)بـە مانـای ڕابـردوو (ماضي) بێت، چونکە "قد غفر" لێبووردن لە مەوبەدوا دەگەیەنێت.

---

(١) صحيح: رواه البخاری (٢٤٩٤)، و ابو داود (٢٦٥٠)، والترمذی (٣٣٠٢)، واحمد فی المسند (٨٠/١).

وەکو ئەم ئایەتە کە خوای گەورە دەفـەرمووێ: ﴿أَتَىٰٓ أَمۡرُ ٱللَّهِ﴾ (النحل:١)، واتـە: فەرمانی خوا هات، کە هێشتا نەهاتووە.

لە شوێنێکی تردا دەفـەرمووێ: ﴿وَجَآءَ رَبُّكَ﴾(الفجر:٢٢)، واتــە: پـەروەردگارت هات، ئەمە لە قیامەتە کە هێشتا نەهاتووە

❖ دووەم: خـودی حەدیـسەکە بەرپەرچـی ئـەم بۆچـوونە دەداتـەوە، چـونکە ووتنی حەدیسەکە بە هـۆی چیرۆکەکەی (حاطب)وە بـووە، کـە سیخوڕی لەسـەر پێغەمبەرﷺ کردبوو، ئەم کارەش دوای جەنگی بەدر بوو نەك پێش جـەنگی بـەدر، بەڵێ ئەمە هۆی ووتنی ئەم حەدیسەیە.

ئەوەی ئێمە تێی گەیشتبین لەم حەدیسە بەم شێوەیە، والله أعلم، خـوای گـەورە ئەم لێبووردنەی بە کەسانێك فەرمووە کە زانیویەتی ئەوانە واز لە دینـداری نـاهێنن، بـەڵکو کاتێـك دەمـرن بـە موسـلمانیەتی و لەسـەر ئیـسلام دەمـرن، کەچـی هێنـدێ هەڵەش دەکەن وەکو هـەموو خـەڵکی تـر، بـەڵام خـوای گـەورە فەرامۆشـیان ناکـات لەسەری بەردەوام بن، بەڵکو یارمەتیان دەدات بۆ تەوبەکردن و پەشیمان بوونەوە و چاکەکردن، جا بە هـۆی ئەمانـەوە ئـەو کـارە هەڵـەی ئەنجامیانـداوە دەسـڕێتەوە و نامێنێت.

جا تایبەت کردنی لێبووردن بە جـەنگاوەرانی بـەدر جگـە لـە خـەڵکی تـر، لەبـەر ئەوەیە چونکە ئەوان هۆکارەکانی لێبووردنیان تیادا کۆبۆتەوە دەرگـای لێبـوردنیش کراوەتەوە بۆ کەسێك کە بەم کارانە هەڵسێت کە ئـەوان ئـەنجامیان داوە، هـەر وەك چۆن ناگونجێت بە بەهانەی لێبووردن دەست لە بەندایەتی هەڵگرێت.

کەواتـە ئەگـەر بێتـوو لێبـووردن بـەبێ بـەردەوامی لەسـەر بەندایـەتی چـەنگ بکەوتایە، ئەوە نوێژ و ڕۆژوو و حەج و زەکات و جیهاد پێویستی نەدەکرد، ئەمـەش شتێکی مەحاڵە، وە گەورەترین واجبیش تەوبە کردنە دوای گوناه.

کـەوابوو گـرینتی پێـدانی لێبـووردن وا ناگەیـەنێت کـە دەسـت هـەڵگرێت لـە هۆکارەکانی لێبووردن، وێنەی ئەمەش ئەم حەدیسەیە: ((أَذْنَـبَ عَبْـدٌ ذَنْبًـا فَقَـالَ: أَيُّ

رَبِّ، أَذْنَبْتُ ذَنْبًا فَاغْفِرْ لِي، فغفر له، ثُمَّ مَكَثَ مَا شَاءَ اللَّهُ أن يمكث، ثُـمَّ أذْنَـبَ ذَنْبًـا آخَـرَ، فَقَالَ: أيْ رَبِّ، أَصَبْتُ ذَنْبًا، فَاغْفِرْهُ لِي، فغفر له، ثُمَّ مَكَثَ مَا شَاءَ اللَّهُ أن يمكث، ثُـمَّ أذْنَـبَ ذَنْبًا آخَرَ، أذْنَبَ ذَنْبًا، فَقَالَ: رَبِّ، أَصَبْتُ ذَنْبًا، فَاغْفِرْهُ لِي فَقَـالَ الله: عَلِـمَ عَبْـدِي أنَّ لَـهُ رَبًّـا يَغْفِرُ الذَّنْبَ وَ يَأْخُذُ بِهِ، قد غَفَرْتُ لِعَبْدِي، فَلْيَعْمَلْ مَا شَاءَ)) (١).

واتـە: کاتێك بەندە گوناهێك دەکات ـ پاشان لە گوناهەکە پەشیمان دەبێتەوەـ دەڵێت: ئەی پەروەردگارا گوناهێکم ئەنجامدا داوات لێ دەکـەم لـێم ببـوورە، خـواش لێی دەبووریت، ماوەیەك دەمینێتەوە بەم شێوە ئەوەندەی خوا حەز بکات، پاشـان گوناهێکی تر دەکات ـ دیسان ـ دەڵێت: ئەی پەروەردگارا گونـاهێکم ئەنجامـدا لـێم ببورە، خواش لێی دەبووریت، ماوەیەك بەم شێوە دەمێنێتەوە ئەوەندەی خوا حەز بکات، پاشان گوناهێکی تر ئەنجام دەدات، دەڵێت: ئەی پەروردگارا تووشـی گونـاه هاتمەوە لێم ببورە، خوای گەورەش دەفەرموێ: بەندەکەم دەزانێت پەروەردگارێکی هەیە لە گوناه دەبووریت و یان سزای دەدات، کەواتە من لـە بەندەکـەم بـوورد چـی دەکات با بیکا.

ئەوەش وا ناگەیەنێت کە خوای گەورە ڕێگا بە کردنی گوناه و تاوان بدات، بەڵکو ئەمە وا دەگەیـەنێت کـە خـوای گـەورە لێـی دەبووریـت، چـونکە بـەم شـێوە گونـاه دەکات و پەشیمان دەبێتەوە و تەوبە دەکات.

جا خوای گەورە ئەو بەنـدەی تایبـەت کـردووە بـە لێبـوردن، چـونکە زانیویـەتی سوورنابێت لەسەر گوناح، بەڵکو هەر کاتێك تووشی گوناهێـك هـات بـە پەلـە تەوبـە دەکات، ئەم حوکمەش گشتیە هەموو کەسێك دەگرێتەوە کە بەم شێوە بێت، بـەڵام ئەو بەندە لێبووردنی بۆ براوەتەوە وەك یارانی بەدر.

بە هەمان شێوەش ئەو کەسانەی کـە پێغەمبـەرﷺ مـژدەی بەهەشـتی پێـداون، یان پێیانی ڕاگەیاندووە کە خوا لێیان خۆش بـووە، ئـەوە وا ناگەیـەنێت کـە ڕێگـای

(١) صحيح: رواه البخاری (٧٥٠٧)، و مسلم (٢٧٥٨).

پێدابن گوناھ و تاوان بکەن و واز لە بەندایەتی وکارە واجبـەکان بهێـنن، بـەڵکو ئـەم ھاوەڵانە دوای ئەوەی مژدەی لێبوردنیان پێدرا، زیاتر لە خوا دەترسان و بەندایەتی خوایان دەکرد، ھەر وەك ئەو (١٠) ھاوەڵەی کە مژدەی بەھەشتیان پێدرابوو.

بڕوانـە: ئەوە (ابوبکر)ە کە نموونەی لە خوا ترسان و خواناسان بـوو، بـە ھـەمان شـێوە ئیمـامی(عمـر)، چـونکە ئەوانـە دەیـانزانی لێبـووردنی خـوا پەیوەسـتە بـە کۆڵنەدان و بەندایەتی کردنی خوا تاکو مردن، ھیچ کام لەو ھاوەڵانەی پێغەمبەرﷺ گومانیان بۆ ئەوە نەدەچوو کە ڕێیان پێـدراوە چـی بکـەن بـا بیکـەن بـە ئـارەزووی خۆیان.

تەفسیری ئەم ئایەتە: ﴿هُوَ ٱلَّذِی جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَرۡضَ ذَلُولࣰا﴾

خـوای گـەورە دەفـەرمووێ: ﴿هُوَ ٱلَّذِی جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَرۡضَ ذَلُولࣰا فَٱمۡشُوا۟ فِی مَنَاكِبِهَا وَكُلُوا۟ مِن رِّزۡقِهِۦۖ وَإِلَیۡهِ ٱلنُّشُورُ﴾(الملك:١٥)، واتـە: خـوای گـەورە زەوی زەلیـل و ملكـەچ كردووە بۆ ئەوەی بگەڕێت بە هەموو گۆشە و كەنارێكیدا، لەو رزق و ڕوزیەش بخۆن كـە پێشكەشتانی دەكات، دڵنیاشبن كە سەرەنجام گەڕانەوەتان بۆ لای ئەوە.

خوای گەورە لەم ئایەتەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەكاتەوە كە زەوی ملكـەچ كـردووە بۆ خەڵكی تاكو بەسەریدا بڕۆن و خانوو بەرەی لەسەردا دروست بكەن و بـیری تیـا هەڵكـەنن، لەگـەڵ ئەوەشـدا ڕێگـەی بـە زەوی نـەداوە كـە ڕێگربێـت بەرانبـەر ئـەم كارانەی، كە خەڵكی لەسەریدا ئەنجامی دەدەن .

خوای گەورە ئەوەشمان بۆ ڕوون دەكاتەوە كە زەوی كردووە بە لانك و فـەرش و شـوێنی حەسـانەوە، ڕوونیـشی دەكاتـەوە كـە زەوی بـە شـێوەیەكی هێلكـەیی بەدیهێناوە، ئاوی لێ دەرهێنـاوە و لەوەڕگاشـی بـۆ مـاڵات لـێ فـەراهم هێنـاوە، بـە كێوەكانیش زەوی دامەزراو و ڕاگـر كـردووە، ڕێگاشـی بـۆ سـازكردوون، لـە زەویـدا دەریا و كانیاویشی بۆ فەراهەم هێناون، خێر و بێری زۆریشی تیایدا ڕژاندووە.

هـەر لـە خێـر و بەرەكـەتی زەوی، ئەوەیـە كـە هـەموو گیانـداران خۆراكیـان لـە بـەروبوومی زەوی دەدرێـت، لـە خێـر و بەرەكـەتی زەوی ئەوەیـە كـە زەوی ئـارام دەگرێت لە هەموو كـارێكی قێزەوەن كـە لەسـەر پـشتی ئـەنجام دەدرێـت، كەچـی بەرانبەر ئەمەش چاكترین و بەسوودترین بەروبوومت پێشكەش دەكات.

لە خێر و بەرەكەتی زەوی ئەوەیە كـە ئـەو پاشـەڕۆیە پیـسەی مـرۆڤ لـە لاشـەی فڕێی دەدات زەوی بۆی دەشارێتەوە، بەرانبەر ئەمەش خواردن و خواردنـەوەی بـۆ دەردەدات.

بەم شێوەیە زەوی ئێش و ئـازار و خراپـە و پیـسیەی لەسـەر ئـەنجام دەدرێت، بەڵام ئەو سوود و خێر دەبەخشێت.

پوختەی قسان: خوای گەورە زەوی وەك حوشتر ملكەچ كردووە بۆمان، بۆ كوێ لێی دەخورپێت دەڕوات، بەڕاستی خوای گەورە جوانی تەعبیر كردووە ڕێگا و بانەكانی بە شان تەعبیر كردووە، چونكە وەكو شان ملكەچە بۆ بار، لە كاتێكدا دەبینین پیادە لەسەر شانی زەویدا ڕێدەكات كە بەرزترین شوێنیەتی، هەر بۆیەش چیایەكان بە شان تەفسیر كراوە، هەر وەكو چۆن شانی ئادەمیزاد بەرزترین شوێنیەتی.

گوتراوە: ئەوەش ئەوە دەردەخات كە ڕێكردن لەسەر تەختایی زۆر ئاسانترە.

كۆمەڵەیەك لە زانایانی تر فەرموویانە: بەڵكو (مناكب) تەنیشت و لێوارەكانە، هەر وەك چۆن شانی ئادەمیزاد لە تەنیشتەكانیەتی، بەڵام ئەوەی لەو بابەتە دەردەكەوێت، ئەوەیە مەبەست بە (مناكب) بەرزاییە، ئەو ڕووەش كە گیاندار بەسەریدا دەڕوات، ئەوە ڕووە بەرزیەكەیەتی، چونكە بەرزایی زەوی ڕووە ڕاخراوەكەیەتی، ڕۆیشتنیش هەر لەسەر ڕووە ڕاخراوەكەیەتی، تەعبیر كردنیشی بە شان زۆر جوانە لەبەر ئەوەی زانرا كە ملكەچە بۆ ڕۆیشتن بەسەر پشتیدا.

پاشان خوای گەورە لەم ئایەتەدا فەرمانیان پێ دەكات لەو ڕزق و ڕۆزیە بخۆن كە لە زەوی فەراهەمی هێناوە، چونكە زەوی بۆ ملكەچ كردوونە و ڕێگا و بانیشی بۆ ساز كردوون، تاكو لەسەری هاتووچۆ بكەن، بۆ پشوودان و حەسانەوەش خانووی بۆ ڕەخساندوون، خۆراكیشی بۆ دانیشتوانی بۆ گیانەوران ئامادە كردووە لەسەری.

پاشان خوای گەورە هەر لەو ئایەتەدا خەڵكی ئاگادار دەكاتەوە كە دەفەرمووێ: ﴿وَإِلَيْهِ ٱلنُّشُورُ﴾ (الملك:١٥)، واتە: هەر چەندە خۆتان بە دنیاوە خەریك بكەن ئەوە هەر دەگەڕێنەوە لای من.

لێرەدا خوای گەورە ئاگاداریان دەكاتەوە كە ئەم خۆشی و ماڵ و سامانە لە زەویدا بەردەوام نامێنێت تا سەر، بەڵكو ئەو مرۆڤە وەك ڕێبوارێك هاتۆتە دنیا، جا كەواتە كارێكی ژیرانە نیە مرۆڤ ئەم دنیایە بكات بە مەنزڵگای خۆی و بیكات بە شوێنێكی جێگیر و شوێنی مانەوە، بەڵكو مرۆڤمان بۆیە هێناوەتە دنیا تا تێشوو كۆ

بکاتەوە بۆ قیامـەتی، ئـەو قیامەتـەی کـە بەڕاسـتی شـوێنی ژیانی نـەبڕاوەی هـەتا هەتاییە، ئەم دنیایەش ڕێگای پیا ڕۆیشتنە نەك دانیشتن و مانەوە.

ئائەم ئایەتـە بەڵگەیـە لەسـەر، پەروەردگاریـەتی و یەکتاپەرسـتی و دەسـەڵات و حیکمەت و بەزەیی خوای گەورە، ئەم ئایەتە مرۆڤ ئاگادار و هۆشیار دەکاتەوە تـا ڕوو نەکاتە دنیا و بیکات بە مۆڵگەی نەبڕاوە، بەڵکو هانمان دەدات کە پەلـە بکـەین بۆ گەیشتن بە بە هەشتی نەبڕاوە.

ئـەم ئایەتـە ئـەم خاڵانەشـی لـە خـۆ گرتـووە، یەکتاپەرسـتی، بیرخـستنەوەی بەخشـشەکانی خـوا، هانـدانی مـرۆڤ لەسـەر چـاکە کـردن بـۆ بەدەسـت هێنـانی ڕەزامەندی خوا، خۆ ئامـادەکردن بـۆ گەیـشتن بـە خزمـەتی خـوا، ڕوون کردنـەوەی ئەوەی زەوی کاتێکی بەسەردادێت دەپێچرێتەوە وەکو ئەوەی کە نەبووبێت، ئینجا دوای مردنی مرۆڤەکان دووبارە زیندوویان دەکاتەوە بۆ لێپرسینەوە.

ڕوون کردنەوەی سورەتی (الفاتحه)

کە کامەرانیو سەربەرزی مرۆڤی لە خۆگرتووە

مرۆڤ دوو هێزی هەیە کە ئەو دوو هێزە مرۆڤ لە گیانداری تر جیای دەکاتــەوە:

- قوة علمية نظرية: هێزی زانست و زانیاری، کە بەم هێزە جیهان بینی و چاو ڕۆشن دەبێت.
- قــوة عمليــة اراديــة: هێـزی توانـا (ارادة)ە کـە بـەم هێـزە دەتوانێـت هـەموو شتێکی چاك یان خراپ ئەنجام بدات.

جا هێزی زانیاری (العلمية)ە بە پێنج خاڵ چنگ دەکەوێت:

یەکەم: بە ناسینی پەروەردگاری چنگی دەکەوێت.

دووەم: بە ناسینی ناو و سیفاتی خوا چنگی دەکەوێت.

سێیەم: بە ناسینی ئەو ڕێگایەی دەیگەیەنێتە ئامان چنگی دەکەوێت.

چوارەم: بە ناسینی دڵ و دەروونی خۆی چنگی دەکەوێت.

پێنجەم: بە ناسینی کەم و کوڕیەکانی خۆی چنگی دەکەوێت.

ئا بەو پێنج خاڵە هێزی جیهان بینینی(العلمية)ەی چـنگ دەکـەوێت، هەرکەسـێك ئەم خاڵانەی هەموو تیا کۆبووبێتەوە ئەوە کامەرانترین و زاناترین کەسە.

هێـزی (ارادة)ش مـرۆڤ کاتێـك چـنگی دەکـەوێت، ئەگـەر ڕەچاوی سـنوورەکانی خـوای گـەورە بکـات و هەڵسێت بـە ئەنجامـدانی بـە نیـەتێکی پـاك و بـەو شـێوەی فەرمانی پێ کراوە، ڕەچاو نەکردنی ئەمانەش نەگەیشتنیەتی بە مەبەست.

ئـەم دووهێـزەش مـرۆڤ چـنگی ناکـەوێت ئەگـەر بـە یارمـەتی خـوا نـەبێت، مـرۆڤ پێویستی بە ڕێنموویی خوا هەیە تـاکو ڕێگـای ڕاسـتی پێشانبدا ئـەو ڕێگایـەی خـوا خۆشەویستانی لەسەر جێگر کردووە، مـرۆڤ پێویـستی بـە یارمـەتی خـوا هەیـە، کـە بەردەوامی بکات لەسەر ئەم ڕێگایە تاکو لانەدات لێی، چونکە دەرچوونی لـەم ڕێگـا ڕاسـتەدا یـان بـە تێکـچوون و خـراپ بـوونی هێـزی زانـستیەتی کـە نـەفام و گـومڕا

دەبێـت، یـان بـە تێکـچوون و خـراپ بـوونی هێـزی کارکردنیـەتی کـە کـاری وا ئەنجامدەدات تووشی تووڕەیی خوا دەبێت.

جا مرۆڤ ئاسوودە و کامەران نابێت تاکو ئەم خاڵانـەی تیـا نێتـەجێ کـە باسمـان کرد، سورەتی (الفاتحة)ش ئەم خاڵانەی زۆر بە جوانی و ڕێکی ڕیـز بەنـدکردووە کـە خـوای گـەورە دەفــەرمووێ: ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ ۝٢ ٱلرَّحْمَـٰنِ ٱلرَّحِيمِ ۝٣ مَـٰلِكِ يَوْمِ ٱلدِّينِ﴾ (الفاتحـة:١ـ٢ـ٣)، ئـەم ئایەتانـە بنـچینەی یەکـەمی لـە خۆگرتـووە، کـە ناسـینی پـەروەردگارە و ناسـینی نـاو و سـیفاتەکانی خوایـە، بنـچینەی نـاوە جوانـەکانی خـواش، ئـەم ناوانـەن وا لـەم سـورەتەدا باسـکراون، کـە نـاوی (الله) و (الرب)و (الرحمن)ە، چونکە نـاوی (الله) سـیفەتی (الالوهیـة)واتـە: یەکتاپەرسـتی لـە خۆگرتــووە، نــاوی (الــرب)یــش ســیفەتی (الربوبیــة)واتــە: پەروەردگاریــەتی لــە خۆگرتووە، ناوی (الرحمن)یش سیفەتی (الاحسان) و (الجود) و (البر)واتـە: چاکە و چاکەکاری لە خۆ گرتووە، ناوەکانی خواش هەر ئەو سێ مانایە کۆیان دەکاتەوە.

﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾ (الفاتحة:٤)، ئەم ئایەتەش ناسینی ئـەو ڕێگایـەی لـە خۆگرتووە کە گەیشتنە بە ڕەزامەندی خوای گەورە، گەیشتن بە ڕەزامەندی خـواش بەو کارانە دەکرێت خوا پێی ڕازیە و پێی خۆشە، ئەمەش بە یارمەتی خـوا دەبێـت، تاکو لەسەر بەندایەتیدا بەردەوامی بکات و سەرفرازی بکات.

﴿ ٱهْدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلْمُسْتَقِيمَ﴾ (الفاتحة:٥)، ئەم ئایەتەش ئەوەی لـە خـۆ گرتـووە، کـە کامەرانی مرۆڤ تەنها لەوە دایە بەردەوام بێـت لەسـەر ڕێگـای ڕاسـتی ئیـسلام، هـیچ ڕێگایەکیش نیە بۆ بەردەوام بوون لەسەر ئیسلام، جگـە لـە ڕێنمـوونی پـەروەردگار نەبێت، هەر وەك چۆن بەندە بە یارمـەتی خـوا سـەرفراز دەبێـت لـە بەندایـەتی، بـە هەمان شێوەش بەندە بە ڕێنموونی خوا بەردەوام دەبێت لەسەر ئیسلام.

﴿غَيْرِ ٱلْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ﴾ (الفاتحـــة:٦)، ئــەم ئایەتــەش ئــەو دوو ڕێگایەمان بـۆ ڕوون دەکاتـەوە کـە ڕێگـای سـەرکەردانیە و مـرۆڤ لـە ڕێگـای ڕاسـتی

ئیسلام لادەدات و سەرگەردان و سەر لێشێواو دەبێت، جا لادان لە خواناسی و بیروباوەڕ سەردەکێشێت بۆ گومڕایی و سەرگەردانی، لادانیش لە بەندایەتی و ملکەچ نەکردن بۆ خوا، سەردەکێشێت بۆ توڕە بوون و سزای خوا.

کەوابوو: سەرەتای سورەتەکە ڕەحمەتی خوای لە خۆ گرتووە، ناوەڕاستەکەشی هیدایەت و ڕێنموویی لە خۆگرتووە، کۆتاییەکەشی بەخششی و نیعمەتی خوای لە خۆ گرتووە.

جا مرۆڤ بە ئەندازەی هیدایەتەکەیەتی بەخششی خوای بەر دەکەوێت، بەشی لە هیدایەتی خواش بە ئەندازەی وەرگرتنی رەحمەتەکەیەتی، کەواتە هەموو بنچینەکان دەگەڕێتەوە سەر بەخشش و ڕەحمەتی خوا، بەخشش و ڕەحمەتی خواش پەیوەستە بە (ربوبیة)تی خوای گەورە، پەروەردگاریش دەبێت سیفەتی رەحمەت و بەخشینی هەبێت، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر (الالوهیة)ی ڕاستەقینەی خوای گەورە، ئەگەر چی کەللە ڕەقان دان بەمە ناهێن، موشریکەکانیش لەم ڕاستیە لادەدەن. جا هەر کاتێك مانای سورەتی (فاتحة)ی زانی و کاری پێکرد و تێکەڵی بوو، ئەوە کامەران دەبێت بەوەی بەندایەتیەکەی تامێکی تایبەتی دەبێت، وەك ئەو کەسانەی پلەیان پێ بەرز بووە لە خەڵکی تر.

ناسینی خوا

لە ڕێگای تێڕوانینی دروست کراوەکانیدا چنگ دەکەوێت

لە قورئاندا خوای پەروەردگار بانگی بەندەکانی دەکات و ڕوونی دەکاتەوە کە بە دوو ڕێگا دەگەن بە ناسینی خوا:

یەکەم: تێڕوانین وووردبوونەوە لە دروست کراوەکانی خوا.

دووەم: تێڕوانین و ووردبوونەوە لە قورئانی پیـرۆز.

یەکەمیان بەڵگـە و نیشانەی بینراوی خـوایە، دووەمیشیان بەڵگـە و نیشانەی بیستراوی خوایە، بەشی یەکەم لەو ئایەتەدا دەردەکەوێت کە خوای گەورە دەفـەرمووێ: ﴿إِنَّ فِي خَلْقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱخْتِلَٰفِ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ وَٱلْفُلْكِ ٱلَّتِي تَجْرِي فِي ٱلْبَحْرِ بِمَا يَنفَعُ ٱلنَّاسَ وَمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مِن مَّآءٍ فَأَحْيَا بِهِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَآبَّةٍ وَتَصْرِيفِ ٱلرِّيَٰحِ وَٱلسَّحَابِ ٱلْمُسَخَّرِ بَيْنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ لَأَيَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ﴾ (البقرة:١٦٤).

واتـە: بەڕاستی لە دروست کردنی ئاسمانەکان و زەوی و ئاڵوگۆڕی شەو و ڕۆژدا، لەو کەشتیانەی کە دەگەڕێت بەدەریادا و بـە هۆیـەوە سـوود بەخـەڵکی دەگەیـەنن، لەو ئاوەی کە خوا لە ئاسمانەوە دەیبارێنێت و ئینجا بە هۆیـەوە زەوی پـێ زینـدوو دەکاتەوە دوای ووشك بوون و مردنی، هەروەها جۆرەها زیندەوەر و گیانلەبەر و مار و مێرووی لەسەر ڕووکاری زەویدا بڵاو کردۆتەوە و گۆڕاندن و هاتووچۆ پێکردنی باو شەماڵ و ڕاگیر کردنی هەورەکان لە نێوان ئاسمان و زەویدا، ئا ئەمانە هەر هـەمووی بەڵگە و نیشانەی بەهێزن بۆ ئەوانەی کە عەقڵ و بیرو هۆشیان دەخەنە کار و بیر لە دەسەڵاتی بێ سنووری خوا دەکەنەوە.

خـوای گـەورە دەفـەرمووێ: ﴿ إِنَّ فِي خَلْقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱخْتِلَٰفِ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ لَءَايَٰتٍ لِّأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ ﴾ (ال عمران:١٩٠)، واتـە: بەڕاسـتی لـە دروسـت کردنـی ئاسمانەکان و زەوی ئـاڵووگۆرکردنی شـەو و ڕۆژدا، بەڵگـە و نیـشانەی زۆر هـەن بـۆ کەسانی ژیر و هۆشمەند.

ئایـەت لەسـەر ئـەم بابەتـەوە زۆرە لـە قورئانـدا، بەشـی دووەم لـەو ئایەتـەدا دەردەکەوێت کە خوای گەورە دەفـەرمووێ: ﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ ﴾ (النـساء:٨٢)، واتـە: ئایا ووردنابنەوە لەم قورئانـــە.

دەفـــــەرمووێ: ﴿ كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ إِلَيْكَ مُبَٰرَكٌ لِّيَدَّبَّرُوٓا۟ ءَايَٰتِهِۦ وَلِيَتَذَكَّرَ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴾ (ص:٢٩)، واتـە: ئـەم قورئانە کتێبێکی پیرۆزە دامانبەزاندووە بۆ تۆ، بـۆ ئـەوەی لـە ووردەکاری ئایەتەکان ووردبنەوە.

بە هەمان شێوە ئایەت زۆرە لەم بارەیەوە.

کارتێکراوەکـان بەڵگـەن لەسـەر ئـەوەی کاریـان تیـاکراوە، کارەکـانیش بەڵگـەن لەسەر سیفەتی کارکارەکە، چونکە کارتێکراو بەڵگەیە لەسەر کاری کارکەر، ئەمەش مەشخەڵە بۆ بوون و دەسەڵات و ویست و زانستی خوای گەورە، چـونکە مەحاڵـە لـە نەبونەوە پەیدا بووبن، یـان لـە بوونەوەرێکـەوە بـەڵام بـێ توانـا و زانـست و ئـیرادە بێت.

پاشـان هـەرچ تایبەتمەندیـەك لـەم کـارتێکراوەدا هـەبێت ئـەوە بەڵگەیـە لەسـەر دەسـەڵات و ویـستی خـوای گـەورە، کەواتــە خەسـڵەتی چاکسازی و سوپاسـکرا و حیکمەت لەم دروستکراوانەدا، بەڵگەیە لەسەر حیکمەتی خوا.

خەســڵەتی خێــر و بەخـشین و چــاکە لــەم دروســتکراوانەدا، بەڵگەیــە لەســەر رەحمەتی بێ پایانی خوا.

خەسڵەتی هێز و تۆڵــە و سزا لەم دروستکراوانەدا، بەڵگەیە لەسەر تووڕەی خوا.

خەسڵەتی بەخشندەیی و یارمەتی و دۆسـتایەتی لـەم دروسـتکراوانەدا، بەڵگەیـە لەسەر خۆشەویستی خوا.

خەسڵەتی دەسـت پێكـی گەشـەكردن وزیـادكردن و بـەرەو تـەواو چـوون لـەم دروستكراوانەدا، بەڵگەیە لەسەر هاتنی ڕۆژی قیامەت.

ڕووەك و گیانـدار، زیندووكردنـەوە و هەڵقوڵانـدنی ئاوەڕۆكـان، بەڵگـەن لەسـەر زیندووبوونەوەی مرۆڤەكان لە ڕۆژی قیامەت.

شوێنەواری خەسـڵەتی بەخـشش و رەحمـەت لەسـەر دروسـتكراوەكانی بەڵگەیـە لەسەر ڕاستی پێغەمبەران.

خەسڵەتی بێ كەم و كوڕی لەم دروستكراوانەیدا، بەڵگەیـە لەسـەر كـەماڵی و بـێ كەم و كوڕی خوای گەورە.

دروست كراوەكانی خوا بەڵگە و نیـشانەی ڕوون و ئاشـكران لەسـەر سیفاتەكانی خـوا و ڕاسـتی ئـەو پێغەمبەرانـەی كـە ڕەوانـی كـردوون، جـا ئـەو دروسـتكراوانەش بەڵگەن لەسەر ڕاستی قورئان.

خـــوای گـــەورە دەفـــەرمووێ: ﴿ سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْءَافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ﴾ (فصلت:٥٣)، واتـە: ئێمە بەڵگە و نیشانەی سەرسوڕهێنەریان نیشان دەدەین لە ئاسـۆكانی بوونـەوەردا لـە خـودی خۆشـیاندا، تـاكو بۆیـان ڕوون بێتەوە و بزانن كە قورئان حەقە.

خوای گەورە لێرەدا ئەوە ڕوون دەكاتەوە كە ئەم بەڵگانەیان نیشاندەدات، تـاكو بۆیان ڕوون بێتەوە قورئان ڕاستە و ژیانەوەی مرۆڤی تیایە.

بـەڵێ: ئایەتـەكانی قورئـان و ئایەتـەكانی بوونـەوەر هـەمووی شـاهێدن لەسـەر یـەكتایی خـودا، خـوای گـەورەش شـاهێدە بـە ئایەتـەكانی لەسـەر پێغەمبەرایـەتی محمدﷺ، هەر وەكو هێندێ لـە خواناسـان فەرموویانـە: چـۆن داوای بەڵگـە لەسـەر شتێك دەكەم كە بۆ خۆی بەڵگەیە لەسەر هەموو شتێك!!

داوای چ بەڵگەیەك دەكەی لەسەری لە كاتێكدا كە بوونی گەورەترین بەڵگەیە.

هـەر بۆیـەش پێغەمبـەران بەگەلەكـەی خۆیـان دەفـەرموو: ﴿أَفِى ٱللَّهِ شَكٌّ ﴾ (ابراهیم:١٠)، واتـە: ئایا گومان لە خوای گەورە هەیە؟ لـە كاتێكـدا خـوای گـەورە لـە هەموو شتێك ئاشكراترە كە هەموو شتێك بەو دەناسرێت.

شەرحی حەدیسی ((اللهم إني عبدك، ابن عبدك، ابن أمتك))

لە "المسند" و "صحيح ابي حاتم"دا حەدیسی (عبدالله)ی کوڕی (مسعود)هاتووە کە دەفـەرمووێ: پێغەمبەری خوا ﷺ دەفـەرمووێ: ((مَا أَصَـابَ عبـداً هَـمٌّ وَلاَ حَـزَنٌ فَقَالَ: اللَّهُمَّ إِنِّي عَبْدُكَ، ابْنُ عَبْدِكَ، ابْنُ أَمَتِكَ، نَاصِيَتِي بِيَـدِكَ، مَـاضٍ فِـيَّ حُكْمُـكَ، عَـدْلٌ فِـيَّ قَضَاؤُكَ، أَسْأَلُكَ بِكُلِّ اسْمٍ هُوَ لَكَ، سَمَّيْتَ بِهِ نَفْسَكَ، أَوْ أَنْزَلْتَهُ فِي كِتَابِكَ، أَوْ عَلَّمْتَهُ أَحَداً مِـنْ خَلْقِكَ، أَوِ اسْتَأْثَرْتَ بِهِ فِي عِلْمِ الْغَيْـبِ عِنْـدَكَ، أَنْ تَجْعَـلَ الْقُـرْآنَ رَبِيـعَ قَلْبِـي، وَنُـورَ صَـدْرِي، وَجَلاَءَ حُزْنِي، وَذَهَابَ هَمِّي و غَمِّي، إِلاَّ أَذْهَبَ اللَّهُ هَمَّهُ وَحُزْنَهُ، وَأَبْدَلَهُ مَكَانَهُ فَرَجاً. قَالُوا: يَـا رَسُولَ اللَّهِ أَلاَ نَتَعَلَّمُهُنَ؟ قَالَ: بَلَى، يَنْبَغِي لِمَنْ سَمِعَهُنَ أَنْ يَتَعَلَّمَهُنَ))[1].

واتـە: هەر بەندەیەك تووشی ناخۆشی و خەفـەت بێت ئەگـەر بڵێت: خوایـە مـن بەندەی تۆم، کوڕی بەنـدەی تـۆم، کـوڕی کـەنیزەك و کۆیلـەی تـۆم، نێوچـەوانم بـە دەسـت تۆیـە، حـووکم و بڕیـارت بـە سـەرمدا ڕابـردووە، بڕیارەکانیـشت بەسـەرمدا دادپەروەرانەیـە، خودایـە داوات لێدەکـەم و لێـت دەپاڕێمـەوە بـە هـەموو نـاوە جوانەکانت کە ناوت پێ لـە خۆت ناوە، یان لـە قورئانـدا ناردۆتتـە خـوارەوە، یـان فێـری کەسـێکت کـردووە لـە دروسـتکراوەکانت، یـان لـە زانـستی پـەنهانی خـۆت حەشارت داوە کە قورئان بکەیتە بە هـاری دڵـم، و نـووری سـنگم و ڕەوێنـەوەی دڵ تەنگیم و لابەری غەم و خەفەتم، هەر کەسێك ئەو نزایە بکـات ئـەوە خـوای گـەورە غەم و خەفەتەکـەی لادەبـا و بـۆی دەگۆڕێـت بـە خۆشـی ـکاتێك هـاوەڵان ئەمـەیان بیستـ فەرموویان: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ خـەڵکی فێـری ئـەم نزایـە بکـەین؟! پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: بەڵی، هەر کەسێك گوێ بیستی بوو، پێویستە خەڵکی تری لێ فێربکات.

---

(١) صحيح: رواه أحمد في مسند (٣٧١٢)، ابن حبان في صحيحه (٩٧٢)، الحاكم في المستدرك (١٨٧٧)، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: السلسلة الصحيحة للشيخ الألباني (٣٨٣/١).

ئەم حەدیسە بە نرخە، خواناسی و یەکتاپەرستی و ملکەچی لە خۆ گرتووە، لەو خاڵە بە، کە نرخانەی ئەم حەدیسە لە خۆی گرتووە، ئەوەیە کە ئەو کەسەی بەم شێوەیە نزاکەی دەردەبڕێت: "إِنِّي عَبْدُكَ، ابْنُ عَبْدِكَ، ابْنُ أَمَتِكَ"واتـە: خودایە مـن بەندەی تۆم، کوڕی بەندەی تۆم، کوڕی کەنیزەك و کۆیلەی تۆم.

ئا ئەم دەستەواژەیە باوکانی و دایکانی تاکو (ادم) و (حواء) لە خۆ دەگرێت، ئەمەش نیشانەی دەربڕینی زەلیلی خۆیەتی، لەبەر دەستی خوای گەورە، بەوەی کە باوك و باپیرانی هەمووی بەندەی ئەون، بەندەش هیچ شوێن و مۆڵگەیەکی نیە، جگە لە موڵگەی گەورەکەی نەبێت، ئەگەر بێتو گەورەکەی فەرامۆشی بکات، ئەوە ڕیسوا دەبێت و کەس داڵدەی نادات و کەسیش بەزەیی پێیا نایەتەوە و بێ چارە دەبێت، جا بۆیە دان دەهێنێ و دەڵێت: بە ئەندازەی چاو تروکانێکیش من بێ تۆ سەرگەردانم، کەس داڵدەم نادات، جگە لە گەورەکەم نەبێت کە من بەندەی ئەوم.

بەڵێ: ئەمە دانهێنانە بەوەی پەروەردە کراوە و فەرمان پێ کراوە، بەڵکو بە پێی فەرمانی خوا کار دەکات، نەك بە هەوەسی خۆی، لە ڕاستیدا ئەمە حاڵی کۆیلە نیە، بەڵکو حاڵی پادشا و ئازادەکانە، بەڵام بەندۆکە ڕەفتاریان بە پێی بەندایەتیە، ئا ئەوانە بەندەن بۆ بەندایەتی خوا پاڵدراوەتە لای خوای گەورە، خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿ إِنَّ عِبَادِي لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَانٌ ﴾ (الحجر:٤٢)، واتـە: ـ خـوای گەورە بە شەیتان دەفەرموێت ـ بێگومان بەندە ڕاستەقینەکانی من تۆ هیچ دەسەڵاتت بەسەریاندا نیە.

دەفـــەرمووێ: ﴿ وَعِبَادُ الرَّحْمَٰنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ﴾ (الفرقـــان:٦٣)، واتـە:بەندەکانی خودای میهرەبان ئەوانەن لەسەر زەویدا بەهێمنی و لەسەر خۆی دەڕۆن.

جگە لەمانەش بەندەی (الربوبیة) و دەسەڵاتی خوان، پاڵدانیشیان بۆ لای خوا وەکو پاڵدانی هەموو خانوویەکە بۆ لای خاوەنەکەی، پاڵدانی ئەمانەش بۆ لای وەکو پاڵدانی (البیت الحرام)ە بۆ لای خوا، وەکو پاڵدانی حوشترەکە و بەهەشتە بۆ لای،

پاڵـدانی پێغەمبـەرە بـۆ لای کـە دەفــەرمووێ: ﴿وَإِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّمَّا نَزَّلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا﴾ (البقرة:٢٣)، واتـە: ئەگەر ئێوە گومانتان هەیە لەو قورئانـەی دامانبەزاندۆتـە سەر بەندەکەمان.

هەروەها دەفـەرمووێ: ﴿سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَىٰ بِعَبْدِهِ﴾ (الاسراء:١)، واتـە: پـاکی و بێگەردی بۆ ئەو خوایەی شەوڕۆی بە بەندەکەی کرد.

لـە ئایـەتێکی تـر دەفــەرمووێ: ﴿وَأَنَّهُ لَمَّا قَامَ عَبْدُ اللَّهِ يَدْعُوهُ﴾ (الجـن:١٩)، واتــە: کاتێك بەندەی ئێمە هەڵساوە و داوای کرد.

مانای (العبودیة) بەندایەتی

کە مرۆڤ دەڵێت: "إِنِّی عَبْدُكَ" دەبێت ئەم خاڵانەی لێ بێتە جێ: ملکەچی و زەلیلی و گەڕانەوە و گوێ ڕایەڵی کردنی گەورەکەی بێت کە خوای گەورەیە، خۆپاراستن لەو شتانەی قەدەغەی کردووە، پەنا تەنها بۆ خوا ببات، داوای یارمەتی تەنها لەو بکات، تەوەکولی تەنها لەسەر ئەو بێت، پەنا تەنها بەو بگرێت، خۆشەویستی و ترس و ئومێدی بە کەسی تر نەبێت جگە لەو، هەروەها مانای وایە کە من لە هەموو ڕوویەکەوە بەندەی ڕاستەقینەی تۆم، بە گچکەی وگەورەی و مردن و ژیان و گوێ ڕایەڵی و تاوانباری و لە خۆشی و ناخۆشی بەڕۆح و دڵ و زمان و ئەندامەکان هەر بەندەی تۆم.

ئەم ڕستەیە (أني عبدك) ئەو مانایەشی تیایە: ماڵ و گیانی من گشتی موڵکی تۆیە، چونکە کۆیلە هەر شتێکی هەبێت ئەوە هی خۆی نیە، بەڵکو هی گەورەکەیەتی.

ئەو مانایەشی لە خۆگرتووە: خوایە ئەو هەموو بەخشش و نیعمەتەی کە من تیایدام هەمووی بەخشش و نیعمەتی تۆیە لەسەر منی بەندە.

ئەو مانایەشی لە خۆگرتووە: من بەبێ فەرمانی تۆ هەڵسوکەوت ناکەم لە گیان و ماڵم، هەروەك چۆن کۆیلە هیچ کارێك ئەنجام نادات بەبێ مۆڵەتی گەورەکەی، - بەهەمان شێوەش ـ من توانای هیچم نیە بۆ خۆم نە گێڕانەوەی زەرەر، نە هێنانی سوود، نە بەردەوام بوونی ژیان نە مردن نە زیندووبوونەوە! ! جا ئەگەر ئەمانەی هەموو تیا هاتەجێ ئائەوە بەندەی ڕاستەقینەیە.

پاشان کە دەڵێت: ((ناصیَتي بیَدكَ)) واتە: تۆ خاوەنی منی چۆنت بوێت وا ڕەفتارم پێ دەکەیت، من خودی خۆم هیچم لە دەست نایەت، چۆن خۆی هیچی لە دەست دێت، کە خۆی لە ژێر دەستی پەروەردگار و گەورەکەیدا بێت، نێو چەوانی

بەدەستی ئەو بێت، دڵی لە ژێر پەنجەکانی ئەودا بێت؟! مردن و ژیان و خۆشی و ناخۆشی و چاکی و خراپی هەمووی لە دەستی خودای گەورە دابێت، بەندە هیچ لە مانەی لە دەست نیە، کەوابوو لە کۆیلەش بێهێزترە کە لەژێر دەستی گەورەکەیدایە، چونکە ئەو نێوچەوانی بە دەستی پاشایەکی بەهێزە، چۆنی بوێت وا رەفتاری پێ دەکات.

جا هەر کاتێك مرۆڤ ئەوەی هێنایە پێش چاوی خۆی کە نێوچەوانی ئەو و هەموو خەڵکی تریش تەنها بەدەستی خوایە چۆنی بوێت وا ڕەفتاریان پێ دەکات، ئەوا دڵنیا دەبێت و لە کەس ناترسێت، تکاش لە کەس ناکات، بۆ کەسیش داناهێنێت، چونکە دەزانێت هەموویان یەك بەڕێوەبەرو یەك هەڵسووڕێنەریان هەیە، هەر کەسێ ئەمە بێنێتە پێش چاوی خۆی ئەوا ملکەچی خوا دەبێت، بەهەمان شێوەش ئەگەر خەڵکی ئەمەیان لەبەر چاو بێت ئەوا هەرگیز ملکەچی ناکەن بۆکەس، ئەو کات دەبێتە کەسێکی خواناس و ملکەچ و پشت دەبەستێت تەنها لەسەر خوا.

هەر بۆیە (هود) بە گەلەکەی دەفەرموو: ﴿ إِنِّي تَوَكَّلْتُ عَلَى ٱللَّهِ رَبِّي وَرَبِّكُمۚ مَّا مِن دَآبَّةٍ إِلَّا هُوَ ءَاخِذُۢ بِنَاصِيَتِهَآۚ إِنَّ رَبِّي عَلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسْتَقِيمٖ ﴾ (هود: ٥٦)، واتە: من پشتم بە خودا بەستووە و پشتیوانیم هەر بەوە، کە پەروەردگاری من و پەروەردگاری ئێوەشە، هیچ گیانلەبەرێك نیە کە جڵەوی بەدەست خودای گەورەوە نەبێت، بێگومان پەروەردگارم لەسەر بەرنامە و ڕێبازێکی ڕاست و دروستە.

کە دەڵێت: ((ماضٍ فِيَّ حُكْمُكَ، عَدْلٌ فِيَّ قَضَاؤك)) ئەم ڕستەیە دوو مانای لە خۆ گرتووە.

یەکەم: بڕینەوەی بڕیاری خودایە بەرانبەر بەندەی خۆی.

دووەم: لە خۆگرتنی سوپاس کردن و دادپەروەری خوا، هەر خواش خاوەنی مولك و سوپاسە، ئا ئەمە مانای ووتەکەی پێغەمبەر (هود)ە کە دەیفەرموو: ﴿مَّا مِن دَآبَّةٍ إِلَّا هُوَ ءَاخِذُۢ بِنَاصِيَتِهَآۚ ﴾ (هود:٥٦)، واتە: هیچ گیانلەبەرێك نیە کە جڵەوی بەدەست خودای گەورەوە نەبێت.

پاشان دەفەرمووێ: ﴿إِنَّ رَبِّي عَلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسْتَقِيمٖ ﴾ (هود: ٥٦)، واتە: لەگەڵ

ئـەوەش پادشـاو بەدەسـەڵات و هەڵسووڕێنەری بەندەکانیـەتی، لەسـەر ڕێگایـەکی ڕاستەو دادپەروەرانەیە.

بەڵێ: خوای گەورە دادپـەروەرە بەرانبـەریان لـە فەرمایـشتەکانی و کارەکـانی و بڕیارەکـانی و قــەدەری و فەرمانــەکان و قەدەغـەکراوەکانی و پاداشــت و سـزایی، هەواڵەکانی هـەر هـەمووی ڕاسـتە، بریارەکـانی هـەر هـەمووی دادپەروەرانەیـە، ئـەو کارانەی فەرمانی داوە بە کردنی هـەمووی سوود بەخـشە، ئـەو کارانـەی قەدەغـەی کردووە هەمووی بێ سـوودە، پاداشـت دانـەوەی کەسـێك، کـە شـیاوی پاداشـتە لـە فەزڵ و گەورەیی خۆیـەتی، سـزادانی کەسـێکیش کـە شـیاوی سـزایە لـە حیکمـەتی خۆیەتی.

جا پێغەمبەر ﷺ لەم حەدیسەدا (الحکم) و (القـضاء) ی لێك جیـا کردۆتـەوە، ووشەی رابردوو (ماضي) ی بۆ (القضاء) بە کارهێناوە، داپەروەریشی (العدلَ) ی بۆ (القـضاء) بـەکارهێناوە، چـونکە بڕیـار و حـوکمی خـودای گـەورە بریـاری (الـديني الـشرعي) لـەخۆ دەگرێـت، بریـاری (الکـوني القـدري)یـش لـە خۆدەگرێـت، هـەردوو جۆرەکەش بەسەر بەندە سەپێنراوە و بەندە لەژێری دایە، جا حەز بکـات یـان حـەز نەکات، ئەوە بریاری بەسـەر دراوە، بـەڵکو بریـاری (الکوني) بـە سـەریدایە هـەرگیز ناتوانێـت لێی لادات، بەڵام بریاری (الشرعي) بەسەریدا دەتوانێت لێی لادات.

کەواتە (القضاء) برینەوەی شتە، ئەمەش دوای بریار لە بارەی ئەو شتەوە دێت، کە دەفـەرمووێ: ((عَدْلٌ فِي قَضَاؤكَ)) واتـە: ئەو بریارەی داوتـە بەسـەر بەندەکـەت دادپەروەرانەیە بۆ بەندەکەت.

بەڵام بریار دان بە ویـستی خـودای گەورەیـە، حـەز بکـات جـێ بـەجێی دەکـات، حـەزیش نـەکات جـێ بـەجێی ناکـات، ئەگـەر بێـت و بریارەکـە پەیوەسـت بێـت بـە ئاینەوە، ئەوە بڕاوەتەوە بەسەر بەندەدا، بـەڵام ئەگـەر بێتـو بریارەکـە پەیوەسـت بێت بە بوونەوەرەوە ئەگەر خـودای گـەورە بیبڕێتـەوە ئـەوا جـێ بـەجێی دەکـات، ئەگەر نەشیبڕێتەوە لێی لادەبا، خـودای گـەورە چ بڕیـارێکی بوێـت دەیـدات، بـەڵام جگە لە خوای گەورە هەر کەسێکی تـر بریـار بـدات توانـای ئـەوەی نیـە بڕیارەکـەی

بەجێ بگەیەنێت، خودای گەورە بڕیار دەدات و جێ بەجێشی دەکات.

کە دەفەرمووێ: ((عَدْلٌ فِي قَضَاؤكَ)) ئەوە هەموو ئەو کارانە دەگرێتەوە کە خودا بڕیاری داوە بەسەر بەندە، لە ساغی و نەخۆشی، لە دەوڵەمەندی و فەقیری، خۆشی و ناخۆشی، ژیان و مردن، سزادان و سزا نەدان... هتد.

خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿ وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٖ فَبِمَا كَسَبَتۡ أَيۡدِيكُمۡ ﴾ (الشورى:٣٠)، واتە: هەر بەڵاو نەهامەتیەکتان بەسەر داهاتبێت، ئەوە دەرەنجامی ئەو کارو کردەوانەیە کە بەئارەزووی خۆتان ئەنجامتان داوە.

دەفەرمووێ: ﴿وَإِن تُصِبۡهُمۡ سَيِّئَةُۢ بِمَا قَدَّمَتۡ أَيۡدِيهِمۡ فَإِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ كَفُورٞ ﴾ (الشورى: ٤٨)، واتە: ئەگەر بەڵا و ناخۆشیان تووش بێت، ئەوە بەهۆی کارو کردەوە نەگریسەکانیانەوەیە، بەڕاستی مرۆڤ سپڵەیە ! !

خودای گەورە هەر بڕیارێکی دابێت بەسەر بەندەکانیدا، ئەوە زۆر دادپەروەرانە نەبووە، ئەگەر پرسیار کرا و گوترا: کەسێك تاوانێك ئەکات - یان پیاوێك دەکوژێتەوە بە (قضاء و قدر)ی خودایە ! باشە ئەگەر ئەوە بە (قضاء و قدر)ی خودایە ! بۆ دەبێت خوا سزای بدات، کەوابێت ئەوە دادپەروەری چی تیایە؟! لە وەلامیدا گوتراوە: ئەمە پرسیارێکی گرنگە، ستەم (الظلم) لەلای (أهل السنة)ەدا دانانی شتێکە لە شوێنێك کە ئەم شوێنە شیاوی ئەو شتە نەبێت، وەکو سزادانی بەندەیەکی گوێڕایەڵ کە هیچ گوناهی نەبێت، ئەمەش دوورە لە خوای دادپەروەر، خوای گەورە لە زۆر شوێنی قورئاندا خۆی بەدوور گرتووە لەم کارانە، ئەگەر بیەوێت کەسێکیش گومڕا بکات، ئەوە لە دادپەروەری خۆیەتی، چونکە کەسێك گومڕا دەکات کە شیاو بێت پێی، چۆن ستەم دەکات لە کاتێکدا یەك لە ناوە جوانەکانی دادپەروەرە ! خوایگەورە هەموو کار و فەرمانەکانی دادپەروەرانەیە و بەجێیە، لە دادپەروەری خودای گەورە ئەوەیە کە ڕێگای ڕاستی بۆ خەڵکی ڕۆشن کردۆتەوە، پێغەمبەرانی بۆ ناردوون، قورئانی بۆ ناردوون، خراپەی بۆ روون کردۆتنەوە، ڕێگای گەیشتن بەهیدایەتی بۆئاسان کردوون، بە هۆی بیستن و بینین و

ژێرییەوە، ئا ئەمانە هەر هەمووی لە دادپەروەری خودای گەورەوەیە، ئەو کەسە سەرفراز دەکات، کە حەز لە سەرفرازی دەکاو شیاوی سەرفرازیە، ئەمەش لەفەزڵ و بەخششی خوای گەورەوەیە، ئەم کەسەش گومڕا دەکات کە خۆی حەزی لە گومڕاییەو شیاوی سەرفرازی نیە، بەخشش و فەزڵی خۆشی پێ نابەخشێت، ئەمەش لە دادپەروەری خۆیەتی.

گومڕایی و سەرگەردانی مرۆڤ دوو جۆرە:

یەکەم: خوای گەورە بۆیە ئەو بەندەی گومڕا کردووە، وەکو سزادانێك چونکە پشتی لە دینی خوا کردوە و ڕووی کردۆتە دوژمنانی خوا و گوێڕایەڵی ئەوان دەکات، یاد و ستایشی خوای فەرامۆش کردووە و بیری چووە، کەوابوو ئەم مرۆڤە شیاوە کە خوا گومڕا و سەرگەردانی بکات.

دووەم: خوای گەورە نایەوێت هەر لە سەرەتاوە ئەو مرۆڤە سەر کەشە گومڕا بکات، بەڵام کە بەدیکرد ئەم مرۆڤە ڕێز لە بەخششی هیدایەت ناگرێ و شیاوی سەرفرازی نیە، خۆشی بە بەختەوەری هیدایەت نایەت و سوپاس و ستایشی خوا ناکات لەسەری، بۆیەش خوا هیدایەتی نادات و سەرگەردانی دەکات، چونکە شیاوی نیە، هەر وەك خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَكَذَٰلِكَ فَتَنَّا بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لِّيَقُولُوٓاْ أَهَٰٓؤُلَآءِ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مِّنۢ بَيْنِنَآ ۗ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِأَعْلَمَ بِٱلشَّٰكِرِينَ ﴾ (الانعـــــام: ٥٣)، واتە: ئێمە هێندێکیان بە هێندێکاین تاقی دەکەینەوە تاکو بێ باوەران بلێن: ئایا ئەوانە خوا ڕێزی لێناون لە ناوماندا؟! ـ ئەی ئێمە شیاوی ڕێز نین ـ ئایا خوا نازانێت کێ سوپاس گوزارە.

لەئایەتێکی تر دەفەرمووێ: ﴿وَلَوْ أَسْمَعَهُمْ لَتَوَلَّواْ وَّهُم مُّعْرِضُونَ ﴾ (الانفال: ٢٣)، واتە: ئەگەر خودا خێری تیا بەدی بکردنایە، ئەوە وای لێدەکردن کە حەق و ڕاستی ببیستن.

کەواتە ئەگەر خوای گەورە کەسێکی گومراکرد، ئەوە لە دادپەروەری خۆیەتی - چونکە ئەو مرۆڤە شیاوی هیدایەت نیەو شیاوی گومڕاییە - هەروەکو چۆن وای کردووە مار و دووپشك و سەگی هار ژەهراویی و کوژێنەربن، بە هەمان شێوەش کە ئەمەش هەر لە دادپەروەری خۆیەتی.

بە درێژی باسی ئەم بابەتەم کردووە لەو کتێبە گەورەیەی کە باسی ((القضاء و القدر)) دەکات[1].

(١) مەبەستی کتێبی (شفاء العليل فی مسائل القضاء والقدر والحكمة والتعليل).

(التوسل) پاڕانەوە بە ناو و سیفاتەکانی خودا

کە دەفەرمووێ: ((أسْألُكَ بِكُلِ اسمٍ...)) تا کۆتایی، ئەمە (توسل)ە بە هەموو ناوە جوانەکانی خوا، ئەو ناوانەی بەندە پێی گەیشتووە و دەیزانێت، ئەو ناوانەش کە پێی نەگەیشتووە و نایزانێت..

ئەم (التَوَسُل)ە بە ناوە جوانەکانی خوا زۆر لای خوای گەورە خۆشەویستە، چونکە پاڕانەوەیە بەکار و سیفاتەکانی، کە مانای ناوە جوانەکانی تیایە.

قورئان ڕووناکی و بەهاری دڵان

پێغەمبەرﷺ کە دەفەرمووێ: ((أنْ تَجْعَلَ القُرآنَ رَبِيعَ قَلْبِي وَنُورَ صَدْرِي)) (ربيع) واتە: ئەو بارانەی کە زەوی دەژێنێتەوە. جا پێغەمبەرﷺ قورئانی شوبهاندووە بەم بارانە، چونکە ئەم قورئانە ژیانی دڵی پێوە بەندە.

پێغەمبەرﷺ لەم حەدیسەدا ئاو کە ژیانی پێ چەنگ دەکەوێت، نوریش کە ڕووناکی ژیانی پێ چەنگ دەکەوێت پێکەوەی کۆکردۆتەوە، هەر وەك خوای گەورەش پێکەوەی کۆکردۆتەوە کە دەفەرمووێ: ﴿أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَسَالَتْ أَوْدِيَةُۢ بِقَدَرِهَا فَٱحْتَمَلَ ٱلسَّيْلُ زَبَدًا رَّابِيًاۚ وَمِمَّا يُوقِدُونَ عَلَيْهِ فِى ٱلنَّارِ ٱبْتِغَآءَ حِلْيَةٍ﴾ (الرعد: ١٧)، واتە: خوای گەورە لە ئاسمانەوە بارانی باراندوە، بە ئەندازەی ئەو دۆڵ و شیوە، جا بەهۆی ئەم بارانەوە پڕ دەبن - ئینجا لافاو دروست دەبێت - ئەو لافاوەش کەف و کوڵی بەرزی هەڵگرتوە، لەسەر ڕووی ئەو کانزایانەش کە ئاگری تێبەردەدەن و دەیتوێننەوە بە ئاگر بۆ دروست کردنی خشل یان بۆ پێویستی تر کەف وکوڵ دروست دەبێت، وەکو کەفی سەر ئاوەکە.

هەروەها فەرمووێ: ﴿مَثَلُهُمْ كَمَثَلِ ٱلَّذِى ٱسْتَوْقَدَ نَارًا فَلَمَّآ أَضَآءَتْ مَا حَوْلَهُۥ ذَهَبَ ٱللَّهُ بِنُورِهِمْ﴾ (البقرە:١٧)، واتە: نموونەی ئەوانە وەکو کەسێك وایە، کە ئاگرێك دابگیرسێنێت، کەچی کاتێك ئاگرەکە هەڵگیرسا و دەورووبەری خۆی ڕۆشن

کردەوە، خوا ڕووناکیەکەیان لێ بکوژێنێتەوە.

لەئایـەتێکی تـر دەفـــەرمووێ: ﴿ٱللَّهُ نُورُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ مَثَلُ نُورِهِۦ كَمِشۡكَوٰةٖ فِيهَا مِصۡبَاحٌۖ ٱلۡمِصۡبَاحُ فِي زُجَاجَةٍۖ ٱلزُّجَاجَةُ كَأَنَّهَا كَوۡكَبٞ دُرِّيّٞ يُوقَدُ مِن شَجَرَةٖ مُّبَٰرَكَةٖ زَيۡتُونَةٖ لَّا شَرۡقِيَّةٖ وَلَا غَرۡبِيَّةٖ يَكَادُ زَيۡتُهَا يُضِيٓءُ وَلَوۡ لَمۡ تَمۡسَسۡهُ نَارٞۚ نُّورٌ عَلَىٰ نُورٖۚ يَهۡدِي ٱللَّهُ لِنُورِهِۦ مَن يَشَآءُۚ وَيَضۡرِبُ ٱللَّهُ ٱلۡأَمۡثَٰلَ لِلنَّاسِۗ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ﴾ (النور:٣٥)، واتــە: خـوای گەورە نور و ڕووناکی ئاسمانەکان و زەویە، نموونـەی نورەکەشـی وەك تاقێك وایـە کە چـرایەکی تێـدابێت، چـرایەکەش لـە نـاو شووشـەیەك دابێـت، شووشـەکەش وەك هەسارەیەکی پرشنگدار وابێت، کە داگیرساوە لە ڕۆنی بەفەڕی زەیتوون، نە ڕووی لـە ڕۆژهەڵاتە نە ڕووی لە ڕۆژئاوایە، ڕۆنەکەشی خەریکـە خـۆی دابگیرسـێت و ڕوونـاکی بداتــەوە، ئەگەرچـی ئـاگریش نـەیگاتێ، ئـەم قورئانـە نـوری وەحیـە لەسـەر نـوری فیترەت، خوای گەورەش ڕێنمایی ئەو کەسانە دەکات کە دەیەوێت و شایستەن بـۆ نورەکەی، خوای گەورە نموونە دێنێتەوە بۆ خەڵکی ـ تاکو تێبگەن ـ خوای گـەورە زانایا بە هەموو شتێك.

پاشان دەفــەرمووێ: ﴿أَلَمۡ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يُزۡجِي سَحَابٗا ثُمَّ يُؤَلِّفُ بَيۡنَهُۥ ثُمَّ يَجۡعَلُهُۥ رُكَامٗا فَتَرَى ٱلۡوَدۡقَ يَخۡرُجُ مِنۡ خِلَٰلِهِۦ وَيُنَزِّلُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مِن جِبَالٖ فِيهَا مِنۢ بَرَدٖ فَيُصِيبُ بِهِۦ مَن يَشَآءُ وَيَصۡرِفُهُۥ عَن مَّن يَشَآءُۖ يَكَادُ سَنَا بَرۡقِهِۦ يَذۡهَبُ بِٱلۡأَبۡصَٰرِ﴾(النور: ٤٣) واتــە: ئایا نابینیت کـە خـوا شـنەی هـەورەکان بـە ئاسمانـدا دەبـات بـەڕێوە؟! دوایـی پەیوەسـتیان دەکـات بەیەکەوە، ئینجا کەلەکەیان دەکات لەسەر یەك کە دەبینیت لە توێی ئەو هەورانەوە کە وەکو کێو وان باران و تەرزە دەبارێنێت، جا خوا خێـر و بەرەکـەت دەبەخـشێت بە هەرکەسێك کە بیەوێـت، هـەر کەسـیش کـە خـوا بیـەوێت لێـی دوور دەخاتــەوە، خەریکە برووسکەکەی بینایی چاوان بەرێت.

فەرموودەکەی ڕابردوو ئەم دوعایەی لە خۆ گرتووە کە دڵـی زینـدوو بکاتــەوە بـە بەهاری قورئان و دڵی پێ ڕۆشن بکاتەوە.

خـوای گـەورە دەفـەرمووێ: ﴿أَوَمَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُ نُورًا يَمْشِي بِهِ فِي النَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُ فِي الظُّلُمَاتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ﴾ الانعام: ١٢٢)، واتـە: ئایا ئـەو کەسەی کە مردوو بوو، چونکە بێ باوەڕ بووە ئینجا بـەهۆی ئیمانـەوە، زینـدوومان کـردەوە، نـور و ڕووناکیمـان بـۆ سـاز کـرد لـە ژیانیـدا کـە قورئانـە لـەناو خەڵکیـدا پێدەرۆات هەڵسوکەوتی پێ دەکات، وەکو ئەو کەسە وایە کـە لـە نـاو تاریکایەکانـدا گیری خواردوە لێی دەرناچیت؟!

چونکە سینگی مرۆڤ فـراوانترە لـە دڵـی کـە دڵ لـە نـاو سـینگ دایـە، بۆیـە ئـەو ڕووناکیەی ناو سینگی مرۆڤەکە دڵیشی ڕوناك دەکاتـەوە، لەبـەر ئـەو ڕوناکیـەی لـە سنگی دایە دڵـیش ڕونـاك دەکاتـەوە، لـە هـەمان کاتیـشدا دەبیـنین زینـدوو بـوونی ئەندامەکانیش پەیوەستە بە ئێدانی دڵەوە، کـەوابوو دڵ ژیـان بـە هـەموو جەسـتەی دەبەخشێ.

هەر بۆیەش دەبینین پێغەمبـەرﷺ داوای ژیـانی دڵ دەکـات، بـە هـۆی ئیمـان و قورئانەوە کە وەك باران وایە بۆ ژیان.

چونکـە (الحزن) و (الهـم) و (الغـم) دڵ دەمرێنن و ڕوونـاکی نـاهێڵن لـە نـاو دڵـدا، دەبیـنین پێغەمبـەرﷺ داوای کـردووە بـە قورئـان تیمـاری بکـات و ئـەم دەردانـە لابەرێت، لەبەر ئەوەی قورئان باشترین دەرمانە بۆ ئەم دەردانە، بەڵام تیمـارکردن و لابردنی (الحزن) و (الهم) و (الغم) بە قورئان نەبێت هەرگیز لاناچێت، چـونکە ئەگـەر بێت بەهۆکاری تر بیەوێت ئەو دەردانەی لێ دوور بکەوێتەوە، وەکو ئـەوەی بیـەوێت (الحزن) و (الهـم) و (الغـم)کـەی بـە پلەوپایـە و خێـزان و منـداڵ و مـەتاعی دونیـا نەیهێلێت، ئەوە بێگومان بە کـاتی ئـەو دەردانـەی لێ لا دەچێت، بـەڵام بـە نـەمانی مەتاعەکانی دنیا غەم و نیگەرانیەکەی بۆ دێتەوە.

جیاوازی مانای (الحزن) و (الهم) و (الغم):

ئەم سیانە پەیوەستە بەو کارە ناخۆشانەی کە دڵ پێی ناخۆشە..(الحـزن): بـەو ڕووداوو شتە ناخۆشانە دەگوترێ کە ڕوویاندابێت، ئەوە پێـی دەگووترێـت: (الحـزن)، (الهـــم): بــەو ڕوودا و شـــتە ناخۆشــانە دەگــوترێ کــە خــەیاڵات بــن و هێــشتا ڕوویاننــەدابێت، ئــەوە پێــی دەگووترێــت: (الهـــم)، (الغـــم): بــەو ڕووداوو شـــتە ناخۆشــانە دەگــوترێ کــە ئامــادەبن و ئێــستا ڕووبــدەن، ئــەوە پێــی دەگووترێــت: (الغــم).

دڵ مەنزڵگای خواناسی و خۆشەویستیە

فــراوانترین و بەشــکۆترین و بــەڕێزترین و بــەرزترین و پرشــنگدارترین و پــاکترین دروست کراوی خودا، عەرشی خوای گەورەیـە، هــەر بۆیـەش گونجـاوە بـۆ بارەگــای خوای گەورە، بەهەمان شێوەش هەر شتێك لە عەرشـەوە نزیکـە، ئـەوە زۆر پـاك و بەڕێز و پرشنگدارترە لەو شتانەی کە لە عەرشەوە دوورن.

بۆیە بەهەشتی (الفردوس) خۆشترین و بەرزترین و بەشکۆترین و پرشـنگدارترینی بەهەشتەکانە، چونکە لە عەرشەوە نزیکـە کـە سـەقفی (الفـردوس) عەرشـی خـودای گەورەیە.

هـەر شتێکیش دووربێـت لـە عەرشـەوە، ئـەوە زۆر تاریـك و تەنگـە، بۆیـە (اسـفل السافلین) لە دۆزەخ خراپترین و تەنگترین شوێنە.

بەڵـێ: خوای گەورە دڵی مرۆڤی کـردوە بـە مۆڵگـە بـۆ خۆشەویـستی و ناسـین و کارکردن بۆ خۆی، ناسـینی و خۆشەویـستی خـوا نموونـەی بەرزیـە لـە دڵـی مرۆڤـی بڕوادار خوای گەورە دەفـەرمووێ: ﴿ لِلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْءَاخِرَةِ مَثَلُ ٱلسَّوْءِ ۖ وَلِلَّهِ ٱلْمَثَلُ ٱلْأَعْلَىٰ ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴾ (النحل:٦٠)، واتـە: ئەوانەی کە بڕوایان بە قیامەت نیـە، نموونـەی کـاری خراپــەن، خــوای گــەورەش نموونــەی بەرزیــە و خــاوەنی هــەموو

سیفاتێکی بەرزو بڵند و پیرۆزە، خوای گەورە (ٱلۡعَزِيزُ) و (ٱلۡحَكِيمُ)ە.

هـەروەها دەفـەرمووێ: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِي يَبۡدَؤُاْ ٱلۡخَلۡقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ وَهُوَ أَهۡوَنُ عَلَيۡهِۚ وَلَهُ ٱلۡمَثَلُ ٱلۡأَعۡلَىٰ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ﴾ (الروم:٢٧)، واتـە: هـەر خوای گەورە بەدیهێنراوەکانی بەدی دەهێنێت، پاشان دیسان دروستیان دەکاتەوە، ئەو کارەش بۆ خوا زۆر ئاسانە، نموونەی بـەرز و بڵـندی هـەر شایستەی خوایـە لـە ئاسمانەکان و زەویدا، خوای گەورە (العزیز) و (الحکیم)ە.

هـەروەها دەفـەرمووێ: ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞ﴾ (الشورى: ١١)، واتـە: هـیچ شتێك لە خوای گەورە ناچێت.

ئەمـە نموونـەی دڵـی بـڕوادارە کـە وەك عەرشـێك بۆتـە مۆڵگـەی خواناسـی و خۆشەویستی، لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە دڵ لەئەسـڵدا پـاکترین شـوێنە، چـونکە ئەگەر دڵ لە هەموو شـتێك پـاکتر و بێگـەردترو وشـیاوتر نەبوایە، ئـەوە هـەر گیـز ئاسینی و خۆشەویستی خوای جێ نەدەبووە.

بەڵام ئەگەر دڵی مرۆڤ پەیوەست بوو بە دنیاوە ئـەوە ئـەو دڵـە تـەنگ دەبێـت و تاریك دەبێ و هەرگیز کامەران و سەرفراز نابێت.

دڵ دوو جۆرە:

*ـ دڵێکیان عەرشی خوای گەورەیە کە دڵێکی زیندووە و پڕە لـە نـوور کامـەرانی و خۆشی و ئاسوودەیی و شتی چاکە.

*ـ دڵێکیشیان عەرشی شەیتانە کە دڵێکـی مـردووە و تـەنگ و تاریـك و غـەمگین و خەفەتبار و بێ تاقەتە، کـە بـەردەوام غـەمبارە بەرانبـەر ئـەو کارانـەی لـە دەسـتی چووە، بەردەوام بیردەکاتەوە لەو کارانەی کە دێت، بەردەوام دڵتەنگـە لـەو ژیانـەی کە تیایدایە، پێغەمبەرﷺ دەفـەرمووێ: ((اذا دَخَلَ النُّورُ الْقَلْبَ، انْفَسَحَ وَ انْشَرَحَ، قَـالُوا: فَمَا عَلَامَةُ ذلِكَ يَا رَسُـولِ اللهِ؟ قَـالَ: الإِنَابَـةُ اِلـى الـدارِ الخُلُـودِ، وَ التَّجَـافِي عَـنِ الـدَّارِ الْغُرورِ،

وَالإِسْتِعْدَادِ لِلْمَوْتِ قَبْلَ نُزُولِـهِ))(١).

واتـە: هـەرکاتێك نـووری ئیمـان چـووە نـاو دڵێـك، ئـەوکات ئـەو دڵـە کامـەران و ئاسوودە دەبێت، ـ هـاوەڵانیش ـــ گووتیـان ئـەی پێغەمبـەری خـودا نیـشانەی ئـەو نوورو ئیمانە چییە کە دەچێتە ناو دڵ؟ پێغەمبەرﷺ فەرمووی: نیشانەکەی ئەوەیە مرۆڤ ڕوبکاتە ماڵی هەتا هەتایی و کارکردنە بۆی کە بەهەشـتە، پـشت هەڵکردنـە لـە دنیاو خەریك نەبوونە پێیەوە، خۆ ئامادەکردنە بۆ مردن پێش ئەوەی بیگاتێ.

ئەو نوورەی دەچێتە دڵـەوە، نـووری خواناسـی و ئیمانـە، جـا بۆیـە دڵەکـە بـەم نوورە کامەران و ئاسوودە دەبێت، بەڵام ئەگەر نووری خواناسی و ئیمان نـەبێت دڵ ڕۆشن نەکاتەوە، ئەوە ئەو دڵە هەر تاریك و تەنگـە.

---

(١) ضعیف: بڕوانـە: (الوابل الصیب)ی (ابن القیم) (ل:١٢٢).

وورد بەوە لە قورئان

هەناسەی شادی و ئارامی دەچێژی

موسڵمانی ئازیز: وورد بـەوە لـە قورئـانی پـیرۆز و تێـی بفکـرە، ئـەوکات هەسـت دەکەی و دەبینی پادشایەك هەیە کە هەموو شتێك لە ژێر دەسەڵاتی ئەو دایە، هـەر ئەو خاوەنی هەموو شتێکە، هەموو کارێکی ستایش کراو لەوەوەیە، جڵـەوی هـەموو شتێك بەدەست ئەو دایە، گەڕانەوەش هـەر بۆلای ئـەوە، جێگیرە لەسـەر کورسـی دەسەڵاتیدا، هیچ شتێك لەژێر دەسەڵات و نیشتمانی ئەودا شاراوەنیە، بـەڵکو زانـا و بە ئاگایە بە چرپەی ناو دڵی مرۆڤەکان بە ئاگا و دانایە بەهـەموو کـارێکی پـەنهان و ئاشکرایان، بە تەنها نیشتمانەکەی دەبات بەڕێوە، ئەم پادشا بەدەسەڵاتە کە خوای گەورەیە، دەبیسیٚ و دەبینیٚ، دەبەخشیٚ و دەگرێتەوە، مرۆڤ لەسەر چاکە پاداشـت دەکات و لەسەر خراپەش سزادەدات، کەسێك کە شیاوی ڕێز بێت بەڕێزی دەکات لە لای خەڵك، کەسێکیش کە شیاوی ڕێز نەبێت بیٚ ڕێزی دەکـات، بەدیهێنـەرە و ڕۆزی دەریشە، دەمرێنیٚ و دەژیێنێت، تەقدیر دەکا و قەزاش دەکات بەڕێوەبەریشە.

هەموو کارێك لە خزمەت ئەوەوە نازل دەبێت، هەموو کـارێکیش بـەرز دەبێتـەوە بۆ خزمەت جەنابی، هەر گەردیلەیـەك کـە دەجولێـت بـە فـەرمانی ئـەوە، هـەر گـەڵا دارێك کە هەڵدەوەرێت خوای گەورە زاناو بە ئاگایە لیٚ ی.

موسڵمانی بەڕێز: وورد بـەوە لـە قورئـانی پـیرۆز بڕوانـە کـە چـۆن خـوای گـەورە ستایش و سوپاس و ڕێـزداری خـۆی دەکـات، بڕوانـە چـۆن بەنـدەکانی ئامۆژگـاری دەکات بۆ ئەو کارانەی سەرفرازی و کامەرانی ئەوانی تیایە، هانیان دەدات ئـەنجامی بدەن، ئاگاداریشیان دەکاتەوە لەو کارانە کە سەرگەردانی ئەوانی تیادایە، خۆی بـە بەندەکانی دەناسێنێت بە ناو و سیفاتەکانی، بەخـشش و نیعمەتـەکانی خـۆی بـیری بەندەکانی دێنێتەوە تاکو خۆشیان بوێت، فەرمانی واجباتیان پێدەکات، ئاگاداریان

دەکاتـەوە لـە سزای خـۆی، بۆیـان ڕوون دەکاتـەوە ئەگـەر گوێڕایـەڵی بکـەن ئـەوە بەهەشتی بـۆ ئامـادەکردوون، بـەڵام ئەگـەر بـێ فـەرمانی بکـەن ئـەوە دۆزەخـی بـۆ ئامادەکردوون، چارەنووسی پیاو چاکان و پیاو خراپانیشی بـۆ ڕوون کردوونەتـەوە کـە هەرلایـەکیان چارەنووسـی خـۆی هەیـە، ستایـشی کـارو کـردەوە چـاکەکانی دۆستەکانی کردووە، سەرزەنشتی کارو کردەوە خراپەکانی دوژمنەکانی کردووە.

نموونـە دێنێتەوە بـۆ بەنـدەکانی تـاکو بـە ئاسـانی تێبگـەن، بەڵگـە و نیـشانەی جۆراو جۆریشیان بۆ دێنێتەوە، بە جوانترین شێوەش وەڵامـی گومـانی دوژمنـەکانی دەداتەوە، ڕاستگۆ بە ڕاست دادەنێت، درۆزنـیش بـە درۆ دادەنێـت، فـەرموودەکانی هـەر هـەمووی ڕاسـتە، هـەر ڕاسـتیش دەفـەرمووێ، ڕێپیـشاندەری ڕێگـای ڕاسـتە، بەنـدەکانی بـانگ دەکـات تـاکو کـاری چـاکە ئـەنجام بـدەن بـەڵکو پاداشـتیان بـە بەهەشت بداتەوە، باسی خۆشی و بەخششەکانی بەهەشت دەکـات، تـاکو کـاری بـۆ بکەن، بەندەکانی ئاگادار دەکاتەوە لە دۆزەخ، باسی ئێش و ئـازار و ناخۆشـیەکانی دۆزەخیش دەکات، تاکو خۆیانی لێ بپارێزن بۆ بەنـدەکانی ڕوون دەکاتـەوە کـە لـە هـەموو کارێکـدا ئاتـاجی ئـەون، بـەڵکو بـە ئەنـدازەی چـاو تروکـانێکیش بـێ ئـەو سەرگەردانن، ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە دەوڵەمەندە و پێویستی و ئاتاجی بە هـیچ دروست کراوێکدا نیە، بەڵکو هەموو شتێك پێویستی و ئاتاجی بەوە، هـەر کەسـێك شتێکی چاکەی بێتە ڕێ ئەگەر بە ئەندازەی گەردیلەیەکیش بێـت ئـەوە لـە فـەزڵ و بەخشـشی خـوای گەورەیـە، هـەر کەسـێکیش ناخۆشـیەکی بێتـە ڕێ ئەگـەر بـە ئەندازەی گەردیلەیەکیش بێت ئەوە لە حیکمەت و دادپەروەری خوای گەورەیە.

بڕوانـە خـوای گـەورە لـە قورئـانی پـیرۆزدا زۆر بـە لـە تیفانـەوە سەرزەنـشتی خۆشەویستەکانی خـۆی دەکـات، لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە هەڵخلیسکان و هەڵـەکانیان دەبووریت و عوزریان لێ قبوڵ دەکات، بەزەیی پیایانا دێتەوە و سـەریان دەخـات و ڕزگاریان دەکات لە تەنگ و ناخۆشیەکاندا، بە وەفایە بەرانبـەر بە پەیمانـەکانی لـە ئاست بەنـدەکانی، هـەر ئـەو زاتـە پادشـای ڕاستەقینەیانە و سـەرخەریانە بەسـەر

دوژمنەکانیاندا، ئەو زاتە چاکترین پادشا و چاکترین سەرخەرە بۆ بەندە.

هەر کاتێك دڵ لە قورئانی پیرۆز ورد بۆوە بۆی ڕوون بۆوە پادشـایەکی گـەورە و بە ڕەحـم و سـەخی و جـوان هەیـە ئەمـەش سـیفاتەکانیەتی ئـەوکات چـۆن خۆشـی ناوێت! بەڵکو پەلە دەکات بۆ نزیك بوونەوە لەم زاتـە، هـەموو سـات و کاتـەکان لـە گوێرایەڵی ئەودا دەبەخشێ، خۆشەویستی و ڕەزامەندی خوایی زۆر لا بەنرخ دەبێ و پێش خۆشەویستی و ڕەزامەندی هەموو شتێکی تری دێخێت، ئەگەر حەقیقەتی ئـەم زاتەی بۆ ڕوون بۆوە ئەوکات چۆن شادمان و زمان پاراو نابێت بە یـادی خـوا، چـۆن خۆشەویستی و ئیشتیاقی ئەو زاتە نابێت، لە کاتێکدا زکر و یادی ئەو زاتە خـۆراك و دەرمـان و هێزیـەتی بـە شـێوەیەك ئەگـەر بێتـوو سـاتێك بـێ ئـەو زاتـە بێـت ئـەوا سەرگەردان دەبێت و سوود لە ئاسوودەیی ژیان وەرناگرێت؟!

دڵت بە چی پڕ دەکـــەی؟!

ئەگەر بتەوێت هەرشتێك لـە شـوێنێك دابنێیـت، دەبێـت دژەكـەی لابـەری، ئەمـە چۆن لە خودی مادەدا هەیە بەهەمان شێوەش لە بیر و باوەڕدا بەدی دەكرێت.

هەركاتێك دڵ پر بوو لە خۆشەویستی و بیر و باوەڕی پـوچ، ئـەوە هـیچ شـوێنێك نامێنێت بۆ بیر و باوەڕی ڕاستەقینە و خۆشەویـستی خـودا، هـەر وەك چـۆن زمـانی مرۆڤێك بەردەوام قسەی بـێ كـەلك و بـێ سـوود بكـات، ئـەوە پێـی ناكرێـت قـسەی بەسوود بكات تاكو وازنەهێنێت لە قسەی بێ سوود.

هەروەها ئەندامەكانی مرۆڤ ئەگەر سەرقاڵ بن بـە غـەیری بەندایـەتی خـوا، ئـەوە ناتوانێت سەرقاڵ بێت بە بەندایـەتی خـوا تـاكو واز نـەهێنێت لـە غـەیری بەندایـەتی خوا.

هەروەها ئەگەر دڵێك سەرقاڵ بێت بە غەیری خۆشەویستی و هۆگری و ئیشتیاقی خوا، ئەوكات ئەو دڵە ناتوانێت سەرقاڵ بێت بە خۆشەویتسی و ئیشتیاق بۆ گەیشتن بە خوا تاكو دڵی چۆڵ نەكات لەم كارە زەرەر مەندانە.

هەروەها زمان و ئەندامەكانی مرۆڤ ناتوانن خزمەت و زكر و ملكەچـی خـوا بكـەن تاكو وازنێنن لە خزمەتكردن و زكر و ملكەچی غەیری خوا.

هەركاتێك مرۆڤ دڵی سـەرقاڵ بـوو بـە دروسـت كراوەكـانی خـوا و بەزانـستی بـێ سوود، ئەوە هیچ شوێنێك نامێنێت بۆ سـەرقاڵ بـوون بـە بەندایـەتی خـواو ناسـینی ناوو سیفات و شەرعی خوا.

نهێنی ئەمەش ئەوەیە: كە گوێ گرتنی دڵ وەكو گوێ گرتنی گوێچكە وایـە، هـەر كـاتێ دڵ گـوێ بگـرێ بـۆ غـەیری فـەرموودەی خـوا، ئـەوكات هێـزی گـوێ گـرتنی نامێنێت و سوود لە فەرموودەی خوا وەرناگرێت، هەر كاتێك دڵ وێردی كەسێكی تـر بكات جگە لە خوا، ئەوكات ناتوانێت وێردی خوای گەورە بكات.

لە حەدیسی (صحیح)دا هاتووە پێغەمبەرﷺ دەفـەرمووێ: ((لأنْ يَمتَلِيءَ جَوفُ أحَدِكُمْ قَيْحَا حَتى يُرِيَهُ خَيرٌ لَهُ مِنْ أنْ يَمْتلِيءَ شِعْرَا))[1]، واتـە: سینەی یەکێك لە ئێـوە پڕ بێت لە کێم تـاکو سـینەکانی پـڕ دەبێـت لـە کـیم زۆر چاکترە بـۆی لـەوەی کـە سینەی پڕ بکات لە شیعر.

پێغەمبەرﷺ ڕوونی دەکاتەوە کە دڵ و هزری مرۆڤ پڕ دەبێت لەشیعر و گومـان و ئەندێشە و چیرۆك و پێکەنین و زانستی بێ سوود و چەندانی تـریش، جـا کاتێـك دڵ پـڕ بـوو لـەم شـتانە، ئـەوکات ئایەتـەکانی قورئـان و زانـستی بـە سـوود دێـت بـۆ نیشتنەوە لەسەر ڕووپەری دڵی، بەڵام دەبینێت هیچ شوێنێك نەماوە بۆ نیشتنەوەی بۆیە ڕوودەکاتە لایەکی تر، هەر وەك چۆن ئامۆژگاری مرۆڤێك بکەی کە دڵی پڕ بێت لە پێچەوانەی ئەم ئامۆژگاریانە بە جۆرێـك بـواری دەرچوونیـشیان نـەبێت، ئـەوکات ئەو دڵـە ئەو ئامۆژگاریانە وەرناگرێت و ئامۆژگاریەکان جێگایان نابێتەوە لەو دڵەدا.

---

(١) صحيح: رواه البخاري (١٠/٤٥٣)، مسلم (٢٢٥٧)، الترمذي (٢٨٥٥).

تەفسیری (الهاکم التکاپـــر)

خوای گەورە دەفـەرمووێ: ﴿أَلْهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ ﴿١﴾ حَتَّىٰ زُرْتُمُ ٱلْمَقَابِرَ ﴿٢﴾ كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿٣﴾ ثُمَّ كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿٤﴾ كَلَّا لَوْ تَعْلَمُونَ عِلْمَ ٱلْيَقِينِ ﴿٥﴾ لَتَرَوُنَّ ٱلْجَحِيمَ ﴿٦﴾ ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا عَيْنَ ٱلْيَقِينِ ﴿٧﴾ ثُمَّ لَتُسْـَٔلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ ٱلنَّعِيمِ ﴿٨﴾﴾(سورة التكاثر) واتـە: گاڵتە و گەپ و سەروەت و سامانی دنیا ئێوەی بێ ئاگا کردووە، تا ئەو کاتەی کە دەمرن و دەبرێتە گۆرستان، واز بهێنن لەمەودوا تێدەگەن و دەزانن! دیسانەوە دەڵێم: واز بهێنن! وانیە کە خۆتان ئەیزانن ئەگەر ئەنجامی خۆتان بزانیایە بەڕاستی ئەوە وا بێ ئاگانەدەبوون، بێگومان دۆزەخ ئەبینن، دووبارە بەچاوی سەرتان دۆزەخ ئەبینن، پاشان لەو ڕۆژەدا پرسیاری هەموو ناز و نیعمەتێکتان لێ دەکرێتەوە.

ئا ئەم سوورەتە پەیمانی خوای لـە خـۆ گرتـووە، سەرزەنـشتی خواشـی لـە خـۆ گرتووە، ئامۆژگاری ناو ئەو سوورەتە بەسە بۆ کەسێك کـە هۆشمەنـد بێـت، خـوای گەورە کە دەفەرمووێ: (ألهاکم) واتـە: بەشێوەیەکی وا ماڵی دنیا سەرقاڵی کـردووە کە هیچ پاساوی بۆ نیە.

سەرقاڵ بوون بەگاڵتە وگەپ ئەگەر بە دڵەوە بێت، ئەوە لۆمـەی لەسـەرە، بـەڵام ئەگەر بە دڵەوە نەبێت، ئەوکات لۆمەی لەسەر نیـە، چـونکە جۆرێکـە لـەبیر چـوون، هەر وەك پێغەمبەر ﷺ لەبارەی پۆشاکەکەیەوە فـەرمووی: ((إنها ألهتنـی آنفـا عـن صلاتی))[1]، واتـە: بەراستی ئەمە لە نوێژەکەم سەرقاڵی کردم.

دەگووترێ: (لها بشيء) واتـە: سەرقاڵ بووە بەو شتە.

هەروەها دەگووترێ: (لها عنـه) واتـــە: پـشتی لـێ هەڵکـرد.جـا ووشـەی (اللـهو) پەیوەستە بە دڵەوە بۆ دڵ بەکار دێت واتـە: بە دڵ سەرقاڵ بێت بە شتێك، ووشـەی

---

(١) صحيح: رواه البخاري(١/٤٠٦و ٤٠٧)، ابو داود (٩١٤)، النسائي (٢/٧٣)، احمد (٦/٣٧و٤٦).

(اللعب)یش پەیوەستە بە ئەندامەکانی لاشەوە بۆ جەستە بەکار دێت واتە: بە ئەندامەکانی سەرقاڵ بێت بە شتێك، هەر بۆیەش لە زۆر شوێنان ئەم دوانە پێکەوە کۆ دەکرێنەوە وەك دەگوترێ: (اللهو و اللعب)، خوای گەورەش لێرەدا جوانی فەرمووە: ﴿أَلۡهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ ﴾ (سورة التكاثر).

دەبینین (أَلۡهَىٰكُمُ)ی بە کارهێناوە کە زۆر ڕەوانترە لەوەی بگووترایە: (شغلکم) چونکە (شغل) واتە: سەرقاڵ بوون بە شتێك بەڵام دڵ بێ ئاگا نیە لە کاتی سەرقاڵیەکە، (اللهو) بێ ئاگای و پشت لێ هەڵکردنیشە.

(ٱلتَّكَاثُرُ) لەسەر سیغەی (تفاعل)ە لە (الكثرة)وە هاتووە واتە: زۆر و بۆری.

هەر شتێك لە بەندە زۆر بێت جگە لە گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی و ئەو شتانەی سوودمەندە بۆ قیامەتی، ئەوە دەچێتە ژێر ڕکێفی ئەم زۆریەوە، زۆری لە هەموو شتێکدا هەیە وەك: زۆری ماڵ و منداڵ و پلەو پایە و ئافرەت و زانست و زۆر وتن و زۆری کتێب و نووسین و لێکۆڵینەوە.

(ٱلتَّكَاثُرُ) زۆری، ئەوەیە کە مرۆڤ داوا بکات زۆرتری هەبێت لە خەڵکی تر، ئەمەش پەسندنیە و لۆمەی لێ کراوە، مەگەر بۆ شتێك بێت کە پێی لەخوا نزیك بێتەوە، ئەوکات داوا کردنی زۆر، دەبێتە پەلەکردن بۆ خێر و چاکە، لە (صحیح المسلم)دا هاتووە پێغەمبەر ﷺ سورەتی ﴿أَلۡهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ﴾ی دەخوێند، پاشان فەرمووی: ئادەمیزاد هەر هەڵپە و هاواریەتی بۆ ماڵ و دەڵێ: ماڵەکەم واو ماڵەکەم وا: ئایا پێم ناڵێی ئەم ماڵەی تۆ کامەی هی تۆیە، جگە لەوەی کە دەیکەی بەخێر و لە پێش خۆتەوە بە ڕێی دەکەی بۆ قیامەت، یان دەیخۆی و لە ناوی دەبەی لە پێش مردنتا، یا لە بەری دەکەیت تاکو کۆن دەبێ و دەدرێت[١].

(١) صحیح: رواه مسلم (٢٩٥٨)، الترمذی (٣٣٥١)، النسائی (٦/٢٣٨).

چەند ئامۆژگاریەکی زێڕین

* هەر کەسێك سوود لـە چاوی وەرنـەگرێت، سـوود لـە گوێیـشی وەر ناگرێـت، واتـە: ئەگەر مرۆڤ بە چاو ئـەو هـەموو بەڵگـە جوانانـەی، کـە خـودا خوڵقاندوویـەتی دەیبینێت سوود وەرنەگرێت، ئەوکات هەر چەندی لەگەڵ بلێ ی گوێیـشی سـوودی پێناگەیەنێت.

* پەردە و نهێنیەك لە نێوان خـودا و بەنـدەدا هەیـە، پـەردە و نهێنیـەکیش لـە نێوان بەندە و خەڵکیدا هەیە، جا هەر کاتێك بەندە ئەو پەردە و نهێنیـەی هەڵدرانـد کە لە نێـوان خـۆی و خـوادا هەیـە، ئـەوا خـوای گـەورەش نهێنیـەکانی ئـەو لـە نێـو خەڵکی ئاشکرا دەکات.

*مرۆڤ پەروەردگارێکی هەیە ڕۆژێك دێت هەر بە خزمەتی دەگات، خانوویەکیشی هەیە بۆ ئەوەی تیایـدا بحەسـێتەوە ــ کـە بەهەشـتە ــ ، کەواتـە پێویـستە لەسـەر مرۆڤی ژیر پەروەردگاری لـە خـۆی ڕازی بکـات پـێش ئـەوەی بیگـاتێ، ماڵەکەشـی بڕازێنێتەوە پێش ئەوەی بگوازێتەوە بۆی ـ واتە: پێش ئەوەی بمرێت ـ .

*بەفیڕۆدانی کات زۆر خراپتر و ترسناکترە لـە مـردن، چونکـە بـەفیڕۆدانی کـات مرۆڤ دادەبڕێنێـت لـە کـاری چاکە کـردن بـۆ گەیـشتن بـە دوا ڕۆژ و خزمـەت خـوای گەورە، بەڵام مردن مرۆڤ دادەبڕێنێت لە دنیا و هاوەڵانی.

*دنیا لەسەرەتاوە تا کۆتایی ئەوەندە ناهێنێت یەك کاتژمێر غـەم و خەفـەتی لێ بخۆی، چ جای ئەوەی هەر هەموو تەمەنت سەرف بکەی لە غەمی دنیادا؟!

* ئەو ئارەزوات و خۆشیانەی ئەمڕۆ ئەنجامی دەدەی بـەیانی ناخۆشـی و سـزای بەدوادا دێت، خۆگرتنەوە لە ئارەزوات توشبوونی ناخۆشی بە هۆیەوە ئەمڕۆ بـەیانی خۆشی پاداشتی بەدواوە دادێت.

*گەورەترین قازانج لە دنیادا ئەوەیە کە هەموو کاتێکی خۆت خەریك بکەی بەو شتەی کە لە دوارۆژدا سوودت پێ دەگەیەنێ.

*ئەو کەسە کەی ژیرە کە بەهەشت و ئەوەی لە ناویدایە دەفرۆشێت بە کاتژمێرێك ڕابواردنی دنیا؟ مرۆڤە خواناس و چاکەکان دەمردن و دەردەچوون لە دنیا لە دوو شت هەرگیز تێر نەدەبوو:

١ ـ گریـــان بۆ نەفسی خۆی.
٢ ـ سوپاس کردنی خوای گەورە.

*ئەگەر لە کەسێك یان مەخلوقێك بترسی ئەوە لێی هەڵدێی، بەڵام خوای گەورە ئەگەر لێی بترسی ئەوە دڵخۆش دەبی پێی و لێی نزیك دەبیتەوە.

*ئەگەر زانست بەبێ کار پێکردنی سوودی هەبوایە، ئەوە خوای گەورە لۆمەی جوولەکە و گاورەکانی نەدەکرد، ئەگەر کردەوەش بەبێ (إخلاص) سوودی هەبوایە، ئەوە خوای گەورە لۆمەی منافیقەکانی نەدەکرد، کەواتە: زانست دەبێت کردەوەی لەگەڵدابێت، کردەوەش دەبێت (إخلاص)ی لەگەڵدابێت.

*مەهێڵە خەیاڵاتی خراپ بەدڵت دابێ، ئەگەر هێشتت، چونکە ئەم خەیاڵاتانە لە دڵدا دەبێتە بیرکردنەوە، ئەو بیرکردنەوەیە لە دڵتدا لابەرە، ئەگەر لای نەبەیت دەبێتە ئارەزوات ، دڵی خۆت پاك کەرەوە لەو ئارەزواتانە، ئەگەر وانەکەی دەبێتە (عزیمة) واتە: هێز و کارکردن بۆ بەجێ هێنانی، ئەگەر ئەویش لا نەبەی دەبێتە (فعل) کار و ئەنجام دەدرێت، ئەگەر فریای نەکەوی بۆ ئەوەی ئەو کارە قێزەوەنە لابەری بە پێچەوانەکەی، دەبێت بە (عادة) خوو، ئەوکات لابردنی و دەربازبوون لێی زۆر ئاستەم دەبێت.

التقوی سێ پلەی هەیە:

یەکەم: خۆپاراستن لەو شتانەی کە حەرامن (المحرمــات).

دووەم: خۆپاراستن لەو شتانەی کە پەسەند نین (المکروهات).

سێیەم: خۆپاراستن لەو شتانەی کە حەلاڵن بەڵام پێویست نین و زیادەڕۆییە (الفضوليات).

جا بەشی یەکەم ژیان بە مرۆڤ دەبەخشێت، بەشی دووەم هێز و لەش ساغی بە مرۆڤ دەبەخشێت، بەشی سێیەم خۆشی و کامەرانی و شادمانی بە مرۆڤ دەبەخشێت.

کەسی بەهەشتی بەردەوام ناخۆشی بۆ پێش دێت، کەسی دۆزەخیش بەردەوام خۆشی و ئارەزواتی بۆ پێش دێت.

ئادەم کەویستی بە سایەی ئەو دارەی کە خواردی لە بەهەشتا بمێنێتەوە، کەچی پێچەوانە بوو، بەڵکو دەرکردنی بەدوا داهات، (یوسف)یش کاتێك ویستی بە سایەی ئەو دوو کەسەی کە خەونەکەی بۆ راڤەکردن لە بەندیخانە بێتە دەرێ، کەچی چەند ساڵێك لە بەندیخانەدا مایەوە، واتە: تۆ وادەزانی بەرژەوەندی تۆ لە شتێکدا هەیە کەچی وانیە.

هەرکاتێك (قدر)ێك بەسەر مرۆڤدا هات مرۆڤەکەش پێی ناخۆش بوو، ئەوە شەش حیکمەتی بۆ ڕوون دەبێتەوە:

یەکەم: یەکتاپەرستی خوای بۆ ڕۆشن و ڕوون دەبێتەوە کە خوای گەورە و یستوویەتی ئاوابێت کە تەقدیری کردەوە و دروستی کردووە، هەر شتێك خوا بیەوێت دەبێت، هەر شتێکیش خوا نەیەوێت نابێت.

دووەم: دادپەروەری خوای بۆ ڕوون دەبێتەوە کە بڕیارێکی دادپەروەرانەی بە سەرداوە.

سێیەم: ڕەحمەتی خوای بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ڕەحمەتی خوای گەورە لەم قەدەرەدا باڵی کێشاوە بەسەر توورەیەکەیدا.

چوارەم: حیکمەتی خوای بۆ روون دەبێتەوە کە حیکمەتی خوای گەورە وای ویستوە بە خۆڕایی و بێ هوودە تەقدیری نەکردووە.

پینجەم: کەمتەرخەمی خۆی بۆ دەردەکەوێت بەرانبەر بە سوپاس و ستایشی خوا کە خوای گەورە شیاوی ستایشە لە هەموو شتێکدا.

شەشەم: بەندەیی خۆی بۆ دەردەکەوێت دەزانێت کە ئەو بەندەی خوای گەورەیە لە هەموو روویەکەوە، گەورەکەی فەرمانی بەسەردا دەدات، چونکە بەندەی خۆیەتی، چۆنی بوێت هەڵسوکەوتی پێ دەکات لە فەرمانە قەدەریەکانیدا، هەر وەك چۆن کە هەڵسوکەوتی پێ دەکات لە فەرمانە ئایینیەکاندا.

سەرفراز نەبوون، تێك چوونی بۆچوون، ڕاستی لێ وون بوون، دڵ وێران بوون، نەمانی زیکر، کات بەفیرۆدان، نامۆی نێوان بەندە و پەروەردگاری، گیر نەبوونی دوعا، دڵ ڕەقی، نەمانی بەرەکەت لە تەمەن و ڕزقدا، بێ بەشبوون لە زانستی بە سوود، سەرشۆری، گاڵتە پێکردنی لە لایەن دوژمنانیەوە، دڵ تەنگی، توش بوون بە برادەری خراپ کە دڵی بۆگەن دەکەن و کاتی بە فیرۆ دەدەن، غەمگینی و خەفەت باری، بێ کامەرانی و ژیان ناخۆشی... هتد.

ئەمانە هەر هەمووی لە گوناهو بێ ئاگای لە یاد و زیکری خوا پەیدا دەبێت، هەر وەك چۆن کشتوکاڵ لە ئاو پەیدا دەبێت، سوتانیش لە ئاگر پەیدا دەبێت، بەڵام پێچەوانەی ئەوانە لە بەندایەتی و ملکەچی بۆ خوا پەیدا دەبێت.

کەمتەرخەمی بەرانبەر خودا

سـەرفرازی بـۆ ئـەو کەسـەی دان بـە کەمتەرخـەمی خـۆی دەنێـت بەرانبـەر بـە پەروەردگاری لە کاروکردەوە و عەیبی نەفسی.

سەرفرازی بۆ ئەو کەسەی دان دەنێت کـە کەمتـەر خـەمی کـردووە بەرانبـەر بـە مافەکانی خوا و لە هەلسوکەوتی بەرانبەر بە خوا.

جا کاتێك خوای گەورە سزای دەدات لەسەر گوناهەکانی، دەزانێـت ئـەو سـزادانە لە دادپەروەری خوایە، بەڵام کە سزای نادات لەسەر تاوانەکانی دەزانێـت، ئـەم سـزا نەدانەی لە فەزڵ و بەخششی خوایە، ئەگینا ئەو شیاوی سزایە.

کاتێکیش کارێکی چاکە ئەنجام دەدات وا دەبینێت ئەمە لە خواوەیە و بەخششی خوایـە، ئینجـا ئەگـەر خـوای گـەورە ئـەم کـارە چـاکەی لـێ وەرگـرت ئـەوە بـە بەخششێکی تری خوای دادەنێـت، بـەڵام ئەگـەر کارەکـەی ڕەت کـراوە ئـەوکات، وا دادەنێت ئەو کارەی ئەو ئەنجامی داوە شیاوی وەرگرتن نیە، هەر کاتێکیش کارێکی خراپی ئەنجامدا وا دەبینێت خوا دەست بەرداری بوە و زەلیلی کردووە.

ئەمـەش لـە دادپـەروەری خـوای گەورەوەیـە بەرانبـەر بـەودا، لـەم کارەیـدا ستەمکاری نەفسی خۆی دەردەبڕێت و ئاتاجی خۆی دەردەبڕێت بەرانبـەر بـە خـوا، جا ئەگـەر خـوای گـەورە لێـی خـۆش بـوو، ئـەوە لـە چـاکە و بەخـشش و کـەرەمی خۆیەتی.

نهێنی ئەمەش لەوەدایە کە ئەو پەروەردگاری بە چاکەکار و بەخشندە دەزانێـت، خۆشی بە خراپەکار و کەمتەرخەم دادەنێت، وا دادەنێت کە هەر کارێـك دڵ خۆشـی دەکا و چاکبێت ئەوە لە فەزڵ و چاکەی خوای گەورەیە، هەر کـارێکیش دڵ تـەنگی بکاو خراپبێت، ئەوە تاوانی خۆیەتی و لە دادپەروەری خوای گەورەیە.

باسی غیـــرەت

غیرەتـــی سوپاســـکراو بەرانبـــەر خـــودا، ئەوەیـــە مـــرۆڤ غیرەتـــی هـــەبێت بـــۆ خۆشەویستی خوا بە جۆرێك کە کەسـی لەگەڵدا نـەکات بـە هاوبـەش، یـان غیرەتـی هەبێت لەسەر ئەوەی کەس نە توانێت کارەکـانی لـێ گەنـدەڵ بکـات، یـان غیرەتـی هەبێت لەسەر کردەوەکانی هیچی بۆ غەیری خوا نەبێت، یان غیرەتی هەبێت لەسـەر ئەوەی کارێکی وا نەکات خوا پێی ناخۆش بێت لە ریا و خۆبایی بوون، یان غیرەتـی هەبێ لەسەر ئەوەی بەخششەکانی خوای لە پێش چاوبێت.

بـەکورتی ئەوەیـە: غیرەتێکـی وای هـەبێت کـەوا بخوازێـت کـار و گوفتـار و کردەوەکانی، هەر هەمووی بۆ خوا بێت، هەروەها غیرەتیشی لەسـەر ئـەوە هـەبێت کـە کاتـەکانی تـەنها لـە ڕەزامەنـدی خـودا سـەرف بکـات، ئەمـە غیرەتـی بەندەیـە بەرانبەر بەخوا لەسەر ئەوکارانەی ئەنجامی دەدات بۆ ڕەزامەندی خودا.

بەڵام غیرەتی خودا ئەوەیە پەسەندی ناکات ڕوو لە خۆشەویـستی ئـەو وەرگێـڕن بۆ خۆشەویستی غەیری ئەو و هاوبەشی بکەن لە خۆشەویستی، هەر بۆیـەش خـوای گەورە لەبەر بەرزی غیرەتی خراپەی حەرام کردووە، چونکە دروست کراوەکانی هەر هەموویان بەندۆکە و کەنیزکەی ئەون.

چەند ئامۆژگاریەكی زێڕین

هەركەسێك ڕێزی خودای لە دڵ دابێت و بێ فەرمانی نەكات، خوای گەورەش بەڕێزی دەكات لە ناو دڵی خەڵكی.

ئەگەر تۆوی خواناسی لە زەویی دڵدا چێنرا، ئەوە خۆشەویستی خوا وەك درەخت لە دڵدا دەڕوێت، جا كاتێك ئەم درەختە پتەو بوو، ئەوە بەری ملكەچی و بەندایەتی دەدات، بەردەوام ئەم درەختە ﴿تُؤْتِي أُكُلَهَا كُلَّ حِينٍ بِإِذْنِ رَبِّهَا﴾ (إبراهيم: ٢٥)، واتە: هەموو كات و دەمێك بەروو بوومی خۆی دەبەخشێت بە فەرمانی پەروەردگاری.

یەكەمجار خوای گەورە داوا لە مرۆڤ دەكات كە لێرەوە دەس پێبكات : ﴿اذْكُرُوا اللَّهَ ذِكْرًا كَثِيرًا ﴿٤١﴾ وَسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا﴾ (الاحزاب: ٤١). واتە: ئەی ئەو كەسانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە زۆر یادی خوا بكەن لە بەیانیان و ئێواران تەسبیحات و ستایشی خوا بكەن.

پاشان كە ئەمەیان كرد دەكەونە پلەی ناوەڕاست: ﴿هُوَ الَّذِي يُصَلِّي عَلَيْكُمْ وَمَلَائِكَتُهُ لِيُخْرِجَكُمْ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ﴾ (الاحزاب: ٤٣)، واتە: خوای گەورە خۆی سڵاوات و ڕەحمەتی خۆیتان هەمیشە و بەردەوام بەسەردا دەبارێنێ، هەروەها مەلائیكەتەكانی داوای لێخۆشبوونتان بۆ دەكەن، بۆ ئەوەی لە تاریكیەكان دەرتان بكات و بتانخاتە ناو نوور و ڕووناكیەوە.

دوای ئەوەی ئەم پلەشیان بڕی دەكەونە پلەی كۆتایی ئەویش ئەوەیە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿تَحِيَّتُهُمْ يَوْمَ يَلْقَوْنَهُ سَلَامٌ﴾ (الاحزاب: ٤٤)، واتە: ئەو ڕۆژە كە بە دیداری خوا شاد دەبن، بە سەلام كردن پێشوازیان لێ دەكرێ.

فیترەتی مرۆڤ وەك زەویەکی نەرم وایە چی تیا بچێنی قبوڵی دەکات، ئەگەر درەختی ئیمان و تەقوای تیا بچێنی ئەوکات بەردەوام شیرنایەتی دەبەخشێ، بەڵام ئەگەر دەرختی نەفامی و نەزانی تیا بچێنی ئەوکات هەموو بەرەکەی تاڵ دەبێت.

بڕوانە بۆ ئـەم نموونەیـە: پەرستش و بەندایـەتی و گەشـەکردنی و زیـاد کردنـی، وەك نموونەی ناوك وایە کاتێك دەیڕوێنیت، دەبێت بە درەخت، پاشان ئەم درەختـە بەروو بووم دەدات، ئینجا کە دەیخۆیت ناوکەکە دەڕوێنیەوە، بەم جۆرە هەر جارێك بەروو بوومەکە دەخورێت ناوکەکە دەڕوێنرێتەوە، بەهەمان شێوە گوناهیش ئاوایـە، ئەگەر بێت و کەسێکی ژیر بیربکاتەوە لەو نموونە یە تێدەگات، ئـەوەش بزانـە هـەر کاتێك چاکەیەك ئەنجام دەدەی لە پاداشـتی ئـەو چـاکەیە چاکەیەکی تـری بەدوادا دێت، هەر کاتێکیش خراپەیەك ئەنجام دەدەی لـە سـزای ئـەو خراپـەیـە خراپەیـەکی تری بەدوادا دێت.

سەیر لەوەدانیە کە تۆ وەك بەندەیەك خودا دەپەرستی و ملکەچی بۆ دەکـەیت و لە فەرمانەکانی بێ تاقەت نابی چونکە تۆ ئاتاجی ئەو زاتەی، بەڵام سەیر لەوە دایـە خودا کە پادشای هەموو جیهانە تۆی وەك بەندەی خۆی خـۆش دەوێ و بـە هـەموو جۆرێك بەخششت لەگەڵدا دەکات بێ ئەوی ئاتاجی تۆی بەندە بێت.

کـەوابێت: ئەوەنـدە سـەربەرزیەت بەسـە کـە تـۆ بەنـدەی ئـەو زاتـەی، ئەوەنـدە شانازیەش بەسە کە ئەو زاتە پەروەردگاری تۆ بێت.

خۆت بپارێزە لە گوناە چونکە گوناە مرۆڤ بێ ڕێز دەکات هـەر وەك (ابلـیس) کـە لە ناو مەلائیکەتەکان بەڕێز بوو، بەڵام کە خوای گەورە پێی فــەرموو: ﴿ٱسۡجُدُواْ﴾ (البقرە:٣٤). تەنها ئەو سوجدەی نەبرد بۆیە بێ ڕێز و زەبوون بوو.

خۆت بپارێزە لە گوناە چونکە دوات دەخات، هەر وەك خوای گەورە بـە ئـادەمی فـەرموو: ﴿ٱسۡكُنۡ﴾ (البقرە:٣٥)، واتـە: جێنشین بە لـە بەهەشـت. بـەڵام بـە هـۆی گوناهەوە دەرکران لێیەوە.

ئای ئەمە چ ساتێك بوو کە هەزار ساڵ دڵتەنگی جێهێشت کە بەردەوام بە فرمێسکی پەشیمانی دێری خەفەت باری دەنووسێت و بە هەناسەی پەشیمانیەوە دەینێرێت تاکو ئیمزای (فتاب علیه)ی بۆ هات.

(ابلیس) زۆر دڵخۆش بوو بە دەرچوونی ئادەم لە بەهەشتدا، نەشی دەزانی دابەزینی ئادەم بەرز بوونەوی بەدوا دێت، دەبینین چەند جار خوای گەورە لە بارەی ئادەمەوە فەرموویەتی: ﴿إِنِّي جَاعِلٌ فِي ٱلۡأَرۡضِ خَلِيفَةٗۖ﴾ (البقره:٣٠)، واتە: من جێنشینێك لەسەر زەویدا دروست دەکەم.

بەرانبەر بە تۆش ئەی (ابلیس) فەرموویەتی: ﴿ قَالَ ٱذۡهَبۡ فَمَن تَبِعَكَ مِنۡهُمۡ ﴾ (الاسراء:٦٣)، واتە: برۆ چی دەکەی بکە، تۆ و ئەوەی شوێنی تۆش دەکەوێت، دۆزەخی پێ پر دەکەمەوە.

ئەوەی بەسەر ئادەمدا هات سەلماندنی بوونیەتی، دەبینین پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: ((و الذي نفسي بيده لو لم تذنبوا لذهب الله بكم و لجاء بقوم يذنبون و يستغفرون فيغفر لهم))[1]، واتە: سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە، ئەگەر هەر هیچ گوناه نەکەن، ئەوە خوای گەورە لاتان دەبات گەلێکی تر دێنێت کە گوناه بکەن و داوای لێبووردن بکەن خواش لێیان دەبوورێت.

ئەی ئادەم دڵگیر مەبە کە پێم فەرمووی: (لە بەهەشت دەرچۆ) چونکە من ئەو بەهەشتەم بۆ تۆ و نەوە چاکەکانی تۆ دروست کردوە.

ئەی ئادەم بێ تاقەت مەبە لەوەی هەڵەت کرد و پێت هەڵخلیسکا، چونکە دەردی خۆ بەگەورەزانینت فڕێ دا و جلکی ملکەچیت کردە بەر: خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَعَسَىٰٓ أَن تَكۡرَهُواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۖ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ شَرّٞ

(١) صحيح: رواه مسلم (٢٧٤٩).

لَّكُمْۗ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴾(البقرة:٢١٦)، واتــە: زۆر جـار ئێـوە شـتێکتان پێ خۆش نیە کەچی خێری بۆ ئێوە تیایە، زۆر جاریش ئێوە شتێکتان پـێ خۆشـەو کەچی خێری بۆ ئێوە تیا نیـە، خـوای گـەورە دەزانێـت خێـر لەچـی دایـەو لـە چـی دانیە.

ئەی ئادەم تۆم لە بەهەشت دەرکرد وەنەبێت بۆ کەسێکی ترم دروست کردبێ، بەڵکو بۆ ئەوەیە تاکو بیپارێزێنمەوە بۆت، بەندەکانم تێبکۆشن و کۆش بکەن بـۆ ئـەم شــوێنە: ﴿ تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمْ عَنِ ٱلْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا ﴾ (الــسجدە: ١٦)، واتـە: ڕاکیشان و حەسانەوەیان کەمە، بەڵکو زۆر خەریکی نوێژ و بەندایـەتین، دەترسن لە پەروەردگاریان و لێ ی دەپاڕێنەوە بە ئومێدی ئـەوەی بەهەشـتیان پـێ کەرم بکات.

سوێند بەخوا لـەکاتی گونـاه و بـێ فـەرمانی خـوا مرۆڤـی سـەربەرز هـیچ شـتێك سوودی پێناگەیەنێت، هەر وەك (ابلیس) لـە نێـوان مەلائیکەتەکانـدا سـەربەرز بـوو، بـەڵام کـە خـوای گـەورە پێیـانی فـەرموو: سـوجدە بـەرن بـۆ ئـادەم هـەموویان سوجدەیان برد جگە لە (ابلیس) نەبێت ئەو سوجدەی نـەبرد، بۆیـە سـەربەرزیەکەی سوودی پێ نەگەیاند.

لەکاتی گوناه و بێ فەرمانی خوا مرۆڤی بەڕێز هیچ شتێك سوودی پێناگەیەنێت، هەر وەك خوای گەورە ئادەمی فێرە هەموو شتێك کرد، چونکە بێ فەرمانی خـودای کرد ڕێزی زانستەکەی سوودی پێنەگەیاند.

لەکاتی گوناه و بێ فەرمانی خودا، مشت و مڕی مـرۆڤ بـێ سـوودە، هـەر وەك (ابلیس) کاتێك بێ فەرمانی خوای کرد مشت و مڕی لەگـەڵ خـوای گـەورە دەکـرد و خوای گەورەش پێی فەرموو: ئەی ئیبلیس ئەوە چی نەیهێشت و نایـەڵێت سـوجدە بەریت بۆ ئـەو کەسـەی کـە بـە دوو دەسـتی خـۆم دروسـتم کـردووە؟! لـەکاتی بـێ فــەرمانی خــوا فــەخر و شــانازی مــرۆڤ ســوودی نیــە هــەر وەك خــوای گــەورە دەفـەرمووێ: ﴿وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي...﴾(الحجر:٢٩). کە ئەمە شـانازیە بـۆ ئـادەم، بەڵام لەکاتی بێ فەرمانیەکەی کرد ئەمە سوودی پێ نەگەیاند.

(علی)ی کوڕی (ابی طالب) ـ (سلمان)ی کوڕی (الاسلام)

ئەی (محمد) ﷺ تۆ (ابو طالب)ت دەوێت، ئێمـەش (سـلمان)مـان دەوێـت، (ابـو طالب) ئەگەر پرسیار لە ناوی بکرێـت دەڵـێن: نـاوی (عبـد المنـاف)ە، گـەر پرسـیار لەرەچەڵەکی بکرێت نەوەی هۆزێکی ناودارە کە شانازی پێوەدەکرێت، گەر پرسـیار لە سەروەت و سامانی بکرێت کابرایەکی دەوڵەمەندە و بە چەندان حوشتری هەیە.

بەڵام ئەگەر پرسیار لە ناوی (سلمان) بکرێت دەڵێن: ناوی بەندەی خوایە، ئەگەر پرسیار لە رەچەلەکی بکرێ دەڵێن: کوری ئیسلامە، ئەگـەر پرسـیار لـە سـەروەت و سامانی بکرێ دەڵێن: هەژاریە، ئەگەر پرسیار لە دانیشتنگە و مۆلگەی بکرێ دەڵێن: مزگەوتە، ئەگەر پرسیار لە پیشەی بکرێ دەڵێن: ئارامیە، ئەگەر پرسـیار لـە جل و بەرگی بکرێ دەڵێن: تەقوا و بێ فیزیە، ئەگـەر پرسـیار لـە پێخـەفی بکـرێ دەڵـێن: ئێشگ گرتنە، ئەگەر پرسیار لە مەبەستی بکرێت دەڵێن: ڕەزامەندی خوایـە، ئەگـەر پرسـیار لـە ڕۆیـشتنی بکـرێ دەڵـێن: بـەرە و بەهەشـتە، ئەگـەر پرسـیار لـە ڕێ پیشاندەری بکرێ دەڵێن: پێشەوای مرۆڤایەتیە کە پێغەمبەرە ﷺ.

چەند ئامۆژگاریەکی زێڕین

○ ئاگاداربە گوناه وەك برین وایە، جاری واش هەیە برین قوڵ دەبێت مرۆڤەکە دەکوژێت.

○ ئەگـەر عـەقڵت لـە ژێـر دەسـتی هـەوا و ئـارەزوات دەرچـوو، ئـەوکات وەك پادشای دەوڵەتی لێدێت لەسەر ئەندامەکانی لاشەت.

○ ئەگەر چوویە ژێر رکێفی ئارەزوت، ئەوە بزانە تەمەنت دۆڕاندووە.

○ ئەگەر چاوت بە نەزەرێکی حـەرام کـەوت، ئـەوە بزانـە پـێش هـاتی جەنگە ئاگادار بە لە ناوت دەبات، جا بۆیە چاوت بپۆشە لەو حەرامە.

○ مرۆڤ ئەگەر لە ناو دەریای ئارەزوات ڕۆبـچێت ئـەو تیـا دەچـێت، خـراپترین شت بۆ مەلەوان چاو کردنەوەیـە لـە نـاو ئـاودا، لـە نـاو دەریـای ئارەزواتیـشدا هـەر کاتێك چاوت کردەوە زیانت پیێ دەگات.

○ چەند جـار جووتیـار کێڵگـەی لێکردۆتـەوە وایزانیـوە پـیێ گەیـشتوە کەچـی پێنەگەیشتووە.

○ زووکە نەفسی خۆت بکڕەوە بە کاروبار و کـردەوەی چـاك، چـونکە ئێـستا بازاڕ کراوەیە- کە دنیایە- پارەشت لە دەست دایە - کە توانای بەندایەتیە-

○ مرۆڤ دەبۆرژێ و خەوی ئارەزوات دەیگرێت، بەڵام مـرۆڤ دەبێـت خـەوخۆش نەبێت، چونکە ئێشکگرەکانی شار بانگ دەکەن: بەیانی نزیك بووە.

مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە مرۆڤ بیێ ئاگا دەبیێ و تووشی ئارەزووات دەبێت وەك چۆن مرۆڤ بۆ خەو دەبۆرژێت، بەڵام ڕۆنەچێت و زوو بەخەبـەر بێـت، چـونکە خـوای گەورە چەند پێغەمبەری بۆ ناردووە تـاکو ئاگـاداری بکەنـەوە لـەو ڕۆژەی دێـت کـە قیامەتە وەك ئێشکگرەکەی شار کە بانگ دەکات: بەیانی نزیك بووە.

○ ڕووناکی عەقڵ دەدرەوشێتەوە لە نێو تاریکایی ئارەزوواتدا، جا مرۆڤـی ژێـر بە ڕووناکی عەقڵ کار و کردەوە چاکەکان دەدۆزێتەوە.

○ خۆت ڕزگارکـە لـەم دنیـا پـڕ لـە ئـارەزووات و ناخۆشـە، خـۆت ئامادەکـە و ڕووبکەرەماڵێکی فراوان کە هەموو شتێکی تیایـە نـە چـاو بینیویـەتی و نـە گـوێش

بیستوویەتی، ئا لەو بەهەشتەدا چی داوابکەی دەستت دەکەوێت، هەر شتێکیش لە لات خۆشەویست بێت هۆگرتە.

○ ئەی ئەو کەسەی نەفست فرۆشتووە بە هەوا و ئارەزووات، بەڕاستی بە نرخترین شتت فرۆشتوە بە پارەیەکی زۆر کەم، وەك ئەوە وایە کە ڕێزی کەل و پەلەکە نەزانێت، بەڵام ڕۆژی قیامەت بۆت ڕوون دەبێتەوە کە لەم کڕین و فرۆشتنەدا زەرەرمەند بویتە.. جا بزانە (لا الە الا الله) کەل و پەلەکەیە، خوا کڕیارەکەیە، نرخەکەشی بەهەشتە، دەلالەکەش پێغەمبەرﷺ دەتوانیت بە بەشێکی زۆر کەمی ئەم دنیایە کە هەر هەمووی ڕێزی باڵە مێشولەیەکی نیە بەهەشت و ڕەزامەندی خودا بکڕین.

○ ئەی مرۆڤ ئاگاداربە و هێز بدە بەخۆت بێتاقەتی ڕووت تێنەکات تۆ دەزانی لەسەر ڕێگای کێی؟! تۆ لەسەر ڕێگایەك دەڕۆی کە ئادەم تیای ماندوو بوو، ڕێگایەك کە نوح لە پێناو گەیاندنی ئەم ڕێبازە ڕەنجی زۆری کێشا، ڕێگایەك (ابراهیم) لە پێناویدا فرێدرایە ناو ئاگر، ڕێگایەك (اسماعیل) لە پێناویدا گیانی خۆی لەسەر دەستی دانا تاکو باوکی وەك مەڕ سەری ببڕێت، ڕێگایەك کە (یوسف) لە پێناویدا فرۆشرا بە پارەیەکی کەم، چەند ساڵیش لە بەندیخانە مایەوە، ڕێگایەك (زکریا) لە پێناویدا بە مشار کرایە دوو لەت، ڕێگایەك (یحیی) لە پێناویدا سەربڕا، ڕێگایەك (ایوب) لە پێناویدا بە نەخۆشی تاقی کرایەوە، ڕێگایەك (داود) لە پیناویدا فرمێسکی زۆری ڕەشت، ڕێگایەك (عیسی) لە پێناویدا بێ هۆگری ڕێی کرد، ڕێگایەك (محمد)ﷺ لە پێناویدا ئازاری لەسەر چێژت، کەچی تۆش دەتەوێت ئەو ڕێگایە بە گاڵتە ببڕی.

○ فیترەی مرۆڤ وەك چرایەکی پرشنگدار وایە بۆ مرۆڤ، ئەو فیترەتە پاکە ڕێی چاکە بە مرۆڤ پیشاندەدات پێش ئەوەی شەرعی خواشی بۆ بێت.

○ (قس) کابرایەکی چاو ساغ بوو پێغەمبەریشی نەدیبوو، بەڵام (أبن أبي) کافر بوو کەچی نوێژیشی لەگەڵ پێغەمبەردا دەکرد لە مزگەوتدا.

○ زۆر کەس هەیە ئاوێکی زۆری لە بەردەستدایە کەچی خەریکە لە تێنا بخنکێ، ـ مەبەستی ئەوەیە زۆر کەس هەیە ئەم ئیسلامە پاکەی پێگەیشتوە، بەڵام وەری ناگرێت ـ .

○ لە زانستی خودا نووسرابوو دەبێت (موسی) ببێت بە پێغەمبەر، (آسیة)ش ئیمان بهێنێت، جا خوای گەورە وەك تەحەدایەك ئەو بێشکەی (موسی)ی تیابوو ڕەوانی کردە کۆشکی (فرعون) بۆ لای ئافرەتێك کە منداڵی نابێت.. ئای کە ئەم چیرۆکە پەند و ئامۆژگاری تیایە، بڕوانە کە (فرعون) لە ترسی پەیدابوونی (موسی) چەندین منداڵی کوڕی سەردەبڕی بە ئومێدی ئەوەی (موسی) یەکێك بێت لەوانە، کەچی زمانی قەدەری خوا دەیگوت: ئەی (فرعون) بۆ ئەوەی بێ دەسەڵاتی تۆ دەرکەوێت دەبێت (موسی) لە کۆشکەکەی تۆدا پەروەردە بکەین و گەورەی بکەین.

خۆشەویستی بۆ پێغەمبەری خودا

(ذو البحادین)[1] منداڵێکی هەتیوو بوو، مامی بەخێوی دەکرد، خۆی یەکلایی کردبۆوە بۆ پێغەمبەرﷺ بۆیە بیری لە ڕۆیشتن دەکرد تاکو کۆچ بکات بۆ خزمەتی پێغەمبەرﷺ، بەڵام تووشی نەخۆشی بوو بۆیە پێی نەکرا و دانیشت و چاوەڕوانی مامی دەکرد، کاتێك چاك بۆوە، ئارامی نەما لە ناخیەوە هاواری کرد:

الی کم حسبها تشکر المضیقا　أثرها، ربما وجدت ضریقا

واتە: تاکو کەی خۆت بەندە کردووە، دەی هیمەت بکە بۆ ڕێگای دەربازبوون.

بەمامی گوت: مامە زۆر دەمێکە چاوەڕوان بووم کە موسڵمان بیت، بەڵام هیچم لێ بەدی نەکردی.

لە وەڵامدا مامی پێی گوت: کورەتیو نەکا موسلمان بوبی.. سوێند بەخوا ئەگەر موسڵمان بوبیت، هەموو ئەو شتانەی کە پێم بە خشیویت لێت دەسێنمەوە، (ذو البحادین) کە ئەمەی بیست دەنگی خۆشەویستی بۆ پێغەمبەرﷺ لێ بەرز بۆوە و گووتی:

والله‌ی بینینی (محمد)ﷺ لەلام خۆشەویسترە لە هەموو دونیا و ئەوی لە دنیادا هەیە.

جا کاتێك خۆی ئامادەکرد بچێتە خزمەت پێغەمبەرﷺ مامی هەموو جل و بەرگەکانی لێ ساندەوە، بۆیە دایکی پۆشاکێکی بۆ هێنا وکردی بە دوو پارچە، یەکیانی وەکو بێجامە لە خوارێی پێچا ئەوەی تریشی وەکو قەمیس لە سەرەوەی ئاڵاند.

(١) ذو البحادین: ناوی (عبدالله) کوڕی (عبد نهم المزنی)بووە.

بەڵێ: ئەم لاوە بێ نازە بەخزمەت پێغەمبەرﷺ گەیشت کاتێکیش بانگی جیهاد ڕادرا بەتامەزرۆییەوە ڕازی بوو کە یەکێك بێت لـە کـاروانی جیهـاد، چـونکە کەسـێك حەز لە شتێك بکات ڕێگای دووری تیا نابینێت.

جا کـە ئـەم هاوەڵـە بـێ نـازە شـەهید کـرا لـەکاتی لـە گـۆڕ نـانی پێغەمبـەرﷺ دەیفـەرموو: ((اللهم إني أمسيت عنه راضيا فأرضي عنه))[1]، واتــە: خودایـە مـن لێـی ڕازیمە، خودایە تۆش لێی ڕازیبە.

(أبن مسعود) کە گوێی لەم دوعایەی پێغەمبەر بووﷺ دەیگوت: (یا لیتني کنت صاحب القبر) واتـە: خۆزگە من لە شوێنی ئەو مردووە بامایە.

چەند ئامۆژگاریەکی زێڕین

- ئەگەر مرۆڤ هێز بداتە خۆی، دەگاتە مەبەست و ئامانج.
- ئەو کەسەی بە ڕاست گۆیانە ڕێدەکات بەرەو خواناسـی کۆسـپی ڕێگـای بـۆ ئاسان دەبێت.
- لە ڕێگای دیندار و بەرەو خوا چوون مرۆڤ تووشـی چـەندین ناخۆشـی دێـت، تـاکو ڕاسـتگۆ و درۆزن لێـك جیـا بێتـەوە، جـا ئەگـەر مـرۆڤ گـوێی نەدایـە ئـەو ناخۆشیانە، ئەوە بۆی دەبێتە یاریدەدەرێك بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی.

---

(١) بڕوانــە: (الاصابه).

نموونەی دنیا

دنیا وەك ئافرەتێکی بێ ڕەوشت و لەشفرۆش وایـە، کـە هـەرگیـز دانامرکێتـەوە لای مێردەکەی، بەڵکو هەر ڕۆژەی لەگەڵ پیاوێك ڕادەبوێرێـت و تـاکو لـە خشتەیان بەرێت، بەهیچیش ڕازی نابێت جگە بێ ڕەوشت و لەشفرۆش، بـەڵام کـە شـوودەکات بۆ ئەوەیەتی خراپەکانی خۆی پێ داپۆشێ.

ئەی مرۆڤی ژیـر ئاگاداربـە، ڕۆیـشتن بـەرەو دنیـا وەك ڕۆیـشتنە لـە نـاو ئـاوێکی ترسناکی پڕ لە دڕندە، مەلەوانی کردن تیایدا، وەك ئـەوە وایـە مەلـەوانی بکـەی لـە ئاوێکی ترسناك و پر لە تمساح، ئەو شتانەی کە مرۆڤ دڵ خۆش دەکـات لـە دنیـادا، هەمان شتە مـرۆڤ دڵ تـەنگ دەکـات، پەیـدابوونی ئـێش و ئـازار لـە دنیـادا، بـەهۆی خۆشیەکانەوە ئەو ئێش و ئازارە پەیدابووە، دڵ تەنگی لە دنیا بـە هـۆی دڵ خـۆش بوونە لە دنیادا.

ئارەزوەکانی دنیا هەمووی ڕازاوە و چاو ڕفێنن، بەڵام ئەو کەسـانەی بڕوایـان بـە (الغیب) هەیە، لە ئاستی ئەو ئارەزواتانەدا چاو دەنـوقێنن، کەچـی ئـەو کەسـەی لـە ئاستی ئارەزوەکاندا چاو ناپۆشێ دڵ تـەنگ و زەرەر مەنـدە، جـا خـوای گـەورە لـە بـارەی بڕوادارەکانـەوە دەفـــەرمووێ: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ عَلَىٰ هُدٗى مِّن رَّبِّهِمۡۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ﴾ (البقرە:٥)، واتـە: ئەوانـەی لەسـەر ڕێگـای ڕاسـتی پـەروەردگاریانن، هـەر ئـەوانیش سەرفراز و سەرکەوتوون.

بەڵام خوای گەورە لـەبارەی خراپەکانـەوە دەفـــەرمووێ: ﴿كُلُواْ وَتَمَتَّعُواْ قَلِيلًا إِنَّكُم مُّجۡرِمُونَ﴾ (المرسلات: ٤٦)، واتـە: بخۆن و کەمێك ڕابوێرن ، بەڕاستی ئێـوە تاوانبـار و تاوانکارن.

بەڵێ: خواناسان کە دەزانن مانەوە لە دنیادا بۆ ماوەیەکی کەمە، بۆیە ئارەزووی خۆیـان دەمـرێنن بـۆ ئـەوەی لـە دوا ڕۆژدا سـەرفرازبن، جـا لـە خـەوی بـێ ئاگـایی خەبەریان دەبێتەوە، ئەوە زۆر بە تامەزرۆییانـەوە ڕوو دەکەنـە خواناسـی، ئـەوکات ژیانی تاڵیان بە خواناسی شیرین دەبێت، ڕێگای دووریان پێ نزیك دەبێت.

خـــوای گـــەورە دەفـــەرمووێ: ﴿هَٰذَا يَوْمُكُمُ الَّذِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ﴾ (الانبیاء:١٠٣)، واتـە: ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە کـاتی خـۆی بـە لێنتـان پێـدرابوو، ئێـوە ئیتر ڕزگارتان بوو لە تەنگانە و ناخۆشی.

سەیرە.. بە ڕاستی سەیرە

سەیرترین شت ئەوەیە کە خوا بناسی کەچی خۆشت نەوێت، گوێ بیستی بانگەوازی بیت کەچی وەڵامی نەدەیتەوە، بزانی مامەڵەکردن لەگەڵیدا قازانجێکی زۆرت پێدەگەیەنێت، کەچی تۆ بڕۆیت مامەڵە لەگەڵ یەکێکی تردا بکەی و واز لەو بێنیت، سەیر لەوەدایە کە سزاو تووڕەی خوا بزانیت، لەگەڵ ئەوەشدا خۆت توشی سزا و تووڕەی خوا بکەی، سەیر لەوەدایە کە دەزانیت تاوان و گوناه دڵ تەنگ دەکات، کەچی واناکەی ملکەچی خوا بی تاکو دڵ ئارام بیت، سەیر لەوەدایە کە دەزانیت یادکردنی جگە لە خودا دڵ تەنگ دەکات، کەچی ڕوو ناکەیە یاد و وتوێژ لەگەڵ خوادا، سەیر لەوەدایە کە دەزانی دڵ پەیوەست بوون جگە لە خوا ئێش و ئازاری دڵی پێوە بەندە، کەچی ڕوو ناکەیە بارەگای خوا ملی بۆ کەچ بکەی.

بەڵکو لەوەش سەیر تر ئەوەیە کە تۆ دەزانی لە هەموو شتێکدا ئاتاجی خواییت، کەچی تۆ ڕووی لێ وەردەگێری و ڕووی تێناکەی، ئارەزووی ئەو شتانە دەکەی کە دوورت دەخاتەوە لە خوا.

ئەنجام دەری حەرام

مرۆڤ کە ڕوو دەکاتە حەرام لە دوو ڕێگاوەیە:

یەکەم: (سوء ظنه بربّه) واتـــە: گومـانی خـراپ دەبـات بـە پـەروەردگاری، کـەوا دەزانێت گەر گوێ ڕایەڵی خوا بکات و واز لەو حەرامە بێنێت، ئەوکات ئەو شتەی لە دەست دەچێت، خواش چاکتر لەم حەرامەی پێ نابەخشێ.

دووەم: ئەو گومانە خراپە نابات بە پەروەردگاری، چونکە دەزانێت هـەر کەسـێك گوێ ڕایەڵی خوا بکـات، لەبـەر خـاتری خـوا واز لـە شـتێك بهێنێـت، ئـەوکات خـوای گەورە لەو شتەی چاکتر پێ دەبەخشێ، بەڵام ڕوو دەکاتە حەرامەکە چونکە لەسەر حەرام ئارامی پـێ ناگیرێـت و ئـارەزوو بەسـەریدا زاڵـــە و ئـارەزوو بەسـەر عەقڵیـدا زاڵـــە، جا مرۆڤی یەکەم کـە ڕوو دەکاتـە حـەرام لەبـەر نەزانینیـەتی، بـەڵام مرۆڤـی دووەم کە ڕوودەکاتە حەرام لەبەر کەم ژیریەتی.

(یحیى)ی کوڕی (معاذ) دەفەرمووێ: هەر کەسێك بە دڵی ئامـادەوە داوا لـە خـوا بکات، ئەوە خوای گەورە ڕەتی ناکاتەوە.

ابن قیم دەڵێت: منیش دەڵێم: ئەگەر بـە بـڕوا و ئومێـدێکی پتـەوەوە و بـەدڵێکی ئامادەوە نزا بکات ئەوە گیراو دەبێت.

چەند ئامۆژگاریەکی زێڕین

ئەوانەی کە چاو ساغ و هۆشیارن، دەبینن قامچی دنیا باڵی کێشاوە بەسەر خەڵکەکەدا، نەفامەکانی خەڵەتاندنەوە بە خۆشیەکانی، دەبینن شەیتان باڵی کێشاوە بەسەر دڵەکاندا، دەبینن نەفسی خراپەکار بۆتە پادشای لاشەکان.

بۆیە ئەوانیش ڕوو دەکەنە قەڵای ملکەچی و ڕووکردنە خودا، هەر وەك چۆن کۆیلە کە ناچار دەکرێت ڕوو دەکاتە مۆڵگەی گەورەکەی.

ئارەزووەکانی دنیا وەك گاڵتە و گەپ وایە، جا مرۆڤی گەمژە و نەزان تەنها سەیری ڕووکاری دنیا دەکات، بەڵام مرۆڤی ژیر و دانا دەزانێت دوای ئەم خۆشیانە چی ڕوودەدات، بۆیە خۆیان لێ دەپارێزن.

چاو ساغان کاتێك کە دەستیان بۆ ئارەزوات برد بۆیان دەرکەوت کە ئەمە تەڵەیە، جا بۆیە بە ئاگاییەوە لێی باڵە فڕێ بوون، ئەوکات لەمەبەست گەیشتن و ڕێگای ڕاستیان گرتە بەر.

دوو ڕێوی بە تەڵەوە دەبن، یەکێکیان بەوەی تر دەڵێت: کەی پێك دەگەینەوە؟ ئەوەی تریش دەڵێت: دوای دوو ڕۆژی تر لە دەباغ خانە پێك دەگەینەوە —واتە: سەر دەبڕێن و کەوڵدەکرێن.

سوێند بە خوا ئەو ڕۆژانەی دێ و دەڕوا وەك خەو وایە، جا هەوڵبدەن تیایدا سەرکەون.

ئەو ڕۆژانەی دنیا کە ڕۆیشتن وەك خەون بوون، ئەو ڕۆژانەی ماوە ئاگات لێی بێت، کاتیش لە نێوان ئەم دوانە بە فیڕۆ چووە.

ئەو کەسە چۆن سەلامەت دەبێت، کە ژنێکی هەیە بەزەیی پێ نایەتەوە، ڕۆڵەیەکی هەیە پاساوی بۆ نامێنێتەوە، لە دراوسێکەی دڵنیا نەبێت، هاوڕێکەی

ئامۆژگـاری نـەکات، شـەریکەکەی ڕاسـت گـۆ نـەبێت لەگەڵیـدا، دووژمنەکـەی سـڵ ناکاتـەوە لـە دووژمنایەتیـدا، نەفـسی خراپـەی هـانی بـدات، دونیـای رازاوە بـۆی ڕاخراوە، ئارەزووی سەرشێتی، تورەیی، ڕازاندنەوەی شـەیتان بـۆی، بـێ هێـزی کـە هێرشی بۆ دێنێـت... جـا ئەگـەر ڕووی کـردە خـوا ئـەوکات خـوای گـەورە یارمـەتی دەداو ئەو کارانەی هەر هەموو بۆ چارەسەر دەبێت، بەڵام ئەگەر ڕووی لەخوا نەبو و خوای گەورەش فەرامۆشی دەکا و سەرگەردان دەبێت.

پشتکردنە قورئان و سوونەت

هەر کاتێك خەڵکی پشتیان کردە قورئان و سوونەت، حوکمیان بەم دووانە نەکرد، بڕوایان وابوو کە پێویستیان بەم دووانە نیە، رووشیان کردە بۆچوونی فلان وفلان و قیاس و ئیستعان و ووتەی زانایان، ئەوکات تووشی سەرگەردانی دەبن، دڵ تاریك دەبن، هزر گەندەڵ و عەقل بۆگەن دەبن، تا وای لێ دێت ئەو کارانە بەسەریاندا زاڵ دەبێت و کوێریان دەکات لە ئاست ڕاستی، تاکو وایان لێ دێت گچکە و گەورە لەسەر ئەمە ڕادێن و بە خراپەی نازانن، ئەوکات دەوڵەتێکیان بۆ فەراهەم دەێت کە بیدعە شوێنی سوونەت دەگرێتەوە، نەفس شوێنی عەقل دەگرێتەوە، هەواو ئارەزوو شوێنی ژیری دەگرێتەوە، گومڕایی شوێنی هیدایەت دەگرێتەوە، نەزانی شوێنی زانین دەگرێتەوە، ڕیا شوێنی ئیخلاص دەگرێتەوە، ناحەق شوێنی حەق دەگرێتەوە، درۆ شوێنی ڕاستگۆیی دەگرێتەوە، کەمتەرخەمی لە ئامۆژگاری شوێنی ئامۆژگاری دەگرێتەوە، ستەم شوێنی دادپەروەری دەگرێتەوە، تاوای لێ دێت ئەم شتانە باڵ دەکێشتێت بەسەر خەڵکیدا و دەبێتە یاسای دەوڵەت، کە خەڵکی ڕاپرسی پێ دەکەن، جا کە بینیت ئەمانە زاڵ بوو بەسەر دەوڵەتدا و ئاڵای شەکایەوە، ئەوکات سوێند بەخوا مردن خۆشترە لە ژیان، ژیانی ناو چیا چاکترە لە ژیانی شار، ژیان لەگەڵ دڕندە ئارامترە لەم ژیانە.

بەڵێ: بەهۆی ستەمی خراپەکارانەوە فەساد لە زەوی و دەریادا بڵاو دەبێتەوە، ئاسمان تاریك دەبێت، زەوی گوزەرانی تێك دەچێت، خێرو بەرەکەت نامێنێت، دڕندە لە بەین دەچێت، بە هۆی ستەمی خراپەکارانەوە ژیان تێك دەچێت، رووناکی ڕۆژ و تاریکی شەو لەبەر ئەم کارە قێزەوەنانە هاواری لێ هەڵدەستێ و دەست دەکات بە گریان، لەبەر زۆری کاری خراپە و بەدکاری مەلائیکەتی پێك گەیشتوو و (کرام الکاتبون) سکاڵا دەکەن لەلای پەروەردگاریان.

سوێند بەخوا ئەم خراپە کاریە وەك هەورێکی ڕەش وایە کە ئاگادارمان

دەکاتەوە، وا لافاوێکی پڕ لە سزا لە ڕێوەیە، ئاگادارمان دەکاتەوە بەو تاریکاییە کە سزای بەدواوەیە.

جا کەوابوو زووکەن خۆتان ڕزگار کەن لـەم لافـاوە بەتەوبەیـەکی ڕاسـتگۆیانە تـا کات ماوە و دەرگای تەوبە دانـەخراوە، ئێـوە وەك ئـەوە وانـە کـە لەبـەر دەرگایـەك ڕاوەستاون نزیکە دابخرێت، وەکو ئەوە وانە کە مامەڵەی (الرهن) تان کردوە کەچـی نزیکە کاتەکەی نەمێنێت، وەکو ئەوە وانە کە دووباڵتان هەبێت کەچی نزیکە لە کـار بکـــــەون: ﴿وَسَيَعْلَمُ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓاْ أَيَّ مُنقَلَبٍ يَنقَلِبُونَ ﴾(الـــــشعراء:٢٢٧)، واتـــــە: سەرئەنجام ئەوانەی ستەمیان کردووە دەزانن کە بە چ تێك شـکاوییەك ژێـرە و ژوور دەبن و تیا دەچن.

چەند ئامۆژگاریەکی زێڕین

ئەمڕۆ نەفسی خۆت بکڕەوە - بەکاروو کـردەوەی چاکە- چـونکە بـازار کراوەیـە، پارەش هەیە و چەنگ دەکەوێت، کەل و پەلیش هەیە و هەرزانە، چونکە ڕۆژێك دێت ئەم بازاڕە دادەخرێ و کەل و پەلیش نامێنێـت خـوای گـەورە دەفــەرمووێ:﴿ وَيَوۡمَ يَعَضُّ ٱلظَّـالِمُ عَلَىٰ يَدَيۡهِ﴾ (الفرقان: ٢٧)، واتــە: ئەو ڕۆژە ستـەمکار گـاز لـە هـەردوو دەستی خۆی دەدات لە پەشیمانیدا.

اذا انت لم ترحل بـزاد مـن التقـى   وأبصرت يوم الحـشر مـن قـد تـزودا
نـدمت علـى أن لا تكـون كمثلـه   وأنـك لم ترصـد كمـا كـان أرصـدا

واتــە: ئەگەر بەبێ توێشووی تەقوا گەشتی قیامـەت دەسـت پـێ بکـەی، جـا کـە حەشر کران دەبینی هەیە توێشووی پێیە، بۆیە تۆش ئەوکات پەشیمان دەبیەوە کە وەکو ئە و نەبووی.

کارکردنێك کە ئیخلاصـی لەگـەڵ نـەبێت و لەسـەر ڕێگـای پێغەمبـەرﷺ نـەبێت، وەکو گەشتیارێك وایە کە تورەگەیەکی پێبێ تورەگەکەی پڕ کردبێت لە خـۆڵ، ئـەم گەشتیارە هیچ سوود لەمە وەرناگرێت جگە لە ماندوو بوون.

ئەگەر دڵت پڕ بـوو لـە غـەم و خەفـەتی دنیـا، وە لـە خـۆراك پێدانیـشی کەمتـەر خەمیت کردبوو، کە ئیمان و زکر و یادی خوایە، ئـەوکات تـۆ وەکـو ئـەو گەشـتیارە وایت کە وڵاغەکەی بارێکی زۆری لێ بار دەکات، کەچی ئالیکی چاکی پێنەداوە، جـا ئەو وڵاغە چونکە تێرنەکراوە هەر کاتێك پەکی بکەوێت لە پەك دەکەوێت.

هەر کەسێك شیرینی ئیمان بزانێت، ئازاری ئارامگرتنی لەسەر سووك دەبێت.

هەر کەسێك شیرینی عافیەت وئیمان بزانێت، ئەوکات ئازاری ئـارامگرتنی لەسـەر سووك دەبێت.

گیرۆدەی داوی نەریت بووی، ئەگەر بێتوو هیمەت بدەیتە خۆت گومـانی تیـا نیـە سەردەکەویت.

جیاوازی ئیمانداری ڕاستگۆ لەخەڵکی لەهیمەت بەرزیەکەی دایە، نەك لە ڕەنـگ و ڕوویدا.

جیاوازی نێـوان تـۆ و ئیمانـداری سـەرفراز چیایەك لـە ئارەزواتـە، ئەوانـە پـێش ئارەزوات کەوتوونە، بەڵام تۆ دوای ئارەزوات کەوتویتە، کەواتـە تـۆش وابکـە بـەوان دەگەیت.

دنیا وەکو گۆرەپانی پێشبڕکێ وایە، کە خەڵکی بە پیـادە و بـە سـوار پێـشبڕکێ دەسـت پـێ دەکـەن، جـا تۆزوخـۆڵ لـە گۆرەپانەکـە بەرزدەبێتـەوە بـە جۆرێـك گۆرەپانەکە پڕ دەبێت لە تۆز وخۆڵ، ئـەوکات بـراوە تیایـدا وون دەبێـت، بـەڵام لـە پاشان کە تۆز و خۆڵەکە دامرکایەوە ئینجا دەزانن کێ براوەیە.

ئارەزوات وەك دەنکـە گـەنمێك وایـە لـە ژێـر تـەڵە دابێـت، جـا بـیر بکـەوە چـۆن گیانـدارێك بـە تـەڵـەوە بێـت سـەردەبڕیت، تـۆش ئەگـەر بـە تەڵـەی ئـارەزوات بـی دەفەوتیی، ئەگەر وا بیربکەیەوە ئەوکات ئارامگرتنت زۆر لا ئاسان دەبێت.

ڕەزیـل مرۆڤێکـی فـەقیرە، کەچـی وەکـو فـەقیر لەسـەر هەژاریەکـەی پاداشـت وەرناگرێت.

جگە لە گەورەکەت داوا لەکەس مەکە، چونکە کۆیلە لـە کەسـێکی تـر داوا بکـات جگە لە گەورەکەی بەسەریدا دەشکێتەوە.

مانەوە بە تەنها بۆ ئەوەی زکر و یادی خوا بکات هۆگری بە مرۆڤ دەبەخشێت.

واز بێنە لەوەی لێت جیادەبێتەوە، هۆگربە بەوەی کەلێت جیا نابێتەوە.

گۆشەگیری مرۆڤی نەزان گەندەڵیـە، بـەڵام گۆشـەگیری مرۆڤـی زانـا خۆراکـە بـۆ هیزری.

ئەگـەر عـەقڵ و یـەقین پێکـەوە گۆشـەگیر بـوون، فکـریش ئامـادەبوو ئـەوکات ووتووێژ دەستپێدەکات.

ئەگـەر دووژمنەکـەت پێـی گـووتی گەمـژە، وای پـێ مـەڵێوە ئـەگینا ئـەویش وا دەڵێتەوە.

کە بەزەییت بە نەفستدا دێتەوە نیشانەی ئەوەیە کە نەفست ناناسی، ئەگەر بە چاکی بتناسیبایا، ئەوە سەرزەنشتت دەکرد و یارمەتیت نەدەدا.

تووڕەیی خۆت بە زنجیرەی ئارامی ببەستەوە، چونکە تووڕەیی وەکو سەگ وایە، ئەگەر بەرتدا دەڕوات و پەلاماری خەڵك دەدات.

ئەگەر (قدر)ی خوا وابوو مرۆڤێك کامەران بێت، ئەوکات (قدر) تۆوی کامەرانی لە دڵی ئەم مرۆڤەدا دەچێنێت، پاشان بە ئاوی (ترغیب) و (ترهیب) ئاوی دەدات، پاشان چاودێری دەکاو ئێشك گرێکی زانستیشی بۆ دەگرێت، واتە: بەچاو ساغانە ڕێبکات، ئابەم شێوە بەڕێی دەکا.

ئەگەر لە گێژاوی تاریکایدا ئەستێرەی هیمەتت درەوشایەوە، پاشان مانگی عەزیمەتیش بە دوای ئەو داهات و درەوشایەوە، ئەوە دڵ بە نووری پەروەردگاری پرشنگدار دەبێت.

کاتێك شەو داهات خەو و بۆرژان باڵ دەکێشێت بەسەر خەڵکیدا، بەڵام ئەو سەربازانەی لە پێشەوەن، کە ئامادەن بۆ هێرش کردن، بەو شەوە خەویان لە چاو تۆراوە، جا لە خۆشیا بێت یا لە ترسا، کەچی سەربازە بێئاگاکان لە پرخەی خەودان، ئەگەر سەربازەکان بە جەرگ بەزانە تێیان کۆشا، سەردەکەون بەسەر سەربازە کەم تەرخەمەکان، کە بەیانیش دادێت غەنیمەتەکانیان دابەشدەکەن بەسەر خاوەن بەشەکان.

لە دەرگای ڕەحمەتی پەروەردگار بدە، ئەگەر دەریشی کردی بێ ئومێد و بێ تاقەت مەبە لەبەر دەرگاکە ڕاوەستە، سڵ مەکە لە نزا کردن و پاسا و هێنانەوە بۆ هەڵەکانت، ئەگەر چی چەند جارێکیش دووبارەی بکەیەوە، ئەگەر دەرگای نزا کرایەوە و نزای خەڵکی وەرگیرا هی تۆ وەرنەگیرا، هەر سڵ مەکە و بێ تاقەت مەبە، بەڵکو زیاتر بەردەوامبە، وەکو منداڵێك بە ملکەچی لە دەرگا بدە و دەستت پانکەوە و بڵێ ﴿وَتَصَدَّقْ عَلَيْنَآ ۖ﴾ (یوسف: ٨٨). واتە: خێرمان پێ بکە.

ئەگەر پۆشاکی تەقوات پۆشا، ئەوە بە ئامانجت دەگەی.
گوناهو تاوان ڕێگرە لە بەرەکەتی کاسبیدا.

هەر کەسێك ئەگەر بیەوێت قەدری چەندە لای خودا، بابڕوانێت خودا فەرمانی بە چی پێدەکات ئەویش بەچی سەرقاڵە.

ببە بە ڕۆڵـەی دواڕۆژ، مەبـە بـە ڕۆڵـەی دنیـا، چـونکە منـداڵ شـوێنی دایکـی دەکەوێت.

دنیا وەك کەلەشێکی بۆگەن وایە، کـە شـێریش بـە کەلەشـی بۆگـەن ڕازی نیـە و نایخوا ئەی چۆن تۆ پێی ڕازی دەبی.

دنیـا خەیاڵـە، بـەڵام دوا ڕۆژ نیـشتمانی ڕاسـتەقینەیە، پێویـستیەکانیش لـە نیشتمانی ڕاستەقینە دەست دەکەوێت.

تێکەڵ بوون و دانیشتن لەگەڵ هاوڕێ و برادەر دوو جۆرە:
یەکەم: دادەنیشن و کۆدەبنەوە لەسەر شتی ترپوهات و کات بە فیڕۆدان، جا ئـەم جۆرەیان زیانی زیاترە لەسوودەکەی، چونکە هەرهیچ نەبێت دڵیان فەساد دەبێت و کاتیان بەفیڕۆ دەچێت.

دووەم: دادەنیشن و کۆدەبنەوە بـۆ یارمەتیـدانی یـەکتر لەسـەر ئـەو هۆکارانـەی مـرۆڤ بـەرەو بەهەشـت دەبـات، ئامۆژگـاری یـەکتری دەکـەن لەسـەر ڕێگـای ڕاسـتی ئیسلام بن و لەسەری بەردەوام بـن و ئـارامی لەسـەر بگـرن، ئـەم جۆرەیـان زۆر بـە سوودە، بەڵام جاری وا هەیە مرۆڤ لەم جۆرەیان تووشی ئەم سێ بەڵایە دەبێت:

ئەوەیە کە قسە بۆ یەکتری دەڕازێننەوە، کە ئەمـە بەڵایـە ئەگـەر کـاری لەگەڵدا نەبێـت.
دانیشتنەکەیان دەبێتە قسەکردن لەسەر شتی تریش زیاد لە پێویست.
وای لێدێ ئەم دانیشتنە دەبێتە شتێکی عـادەتی، مـە بەسـتەکەی نامێنێـت، کـە خۆ ئامادەکردنە بۆ دواڕۆژ.

پوختەی قسان ئەوەیە :

تێکەڵبوون و دانیشتن لەگەڵ خەڵکیدا، یان ئەوەتە خۆراکە و ئاودانە بـۆ (الـنفس الامارة)ە واتـە: زیانت پێ دەگەیەنن.

یان خۆراکە و ئاودانە بۆ (النفس المطمئنة)ە واتـە: سـودت پـێ دەگەیـەنن، جـا بەرهەمەکەی بە گوێرەی خۆراکە و ئاودانەکەیە، ئەگـەر خـۆراك و ئاودانەکـەی چـاك بوو ئەوکات بەروو بوومەکەشی چاك و بەسوود دەبێت، بەهەمان شـێوە روحـی پـاك چونکە ئامۆژگاری مەلائیکەن لە هزری خۆیدا دەچێنێت، ئەوە پاکە.

وە ڕۆحی پیسیش چونکە ئامۆژگاری شەیتان لە هزری خۆیـدا دەچـێنێت، ئـەوە پیسە، خوای گەورەش بە حیکمـەتی خـۆی وای دانـاوە پاکـەکان بـۆ پاکـەکان بـن، پیسەکانیش بۆ پیسەکان بن.

ئاگات لە گەورەیی خودا بێت

هیچ شتێك لە بوونەوەردا نیە بە تەنها بە یەك (سبب) كاریگەر بێت، بەڵكو یەك (سبب) كارناكات، مەگەر بە پاڵپشتی (سبب)ێكی تر نەبێت، ڕێگری كاریگەریەكەش نەمێنێت، ئەمە لەو (سبب)انەیە كە بەچاو بەدی دەكرێت، لەو (سبب)انەی كە نادیارە و مەعنەویە، وەك كاریگەری خۆر بۆ گیاندار و ڕووەك ئەمە لەسەر چەند (سبب)ی ترەوە وەستاوە، لە شوێنی وەرگرتن، چەند (سبب)ێك پاڵپشتی ئەم (سبب)ە دەكەن.

هەروەها منداڵ بوون پەیوەستە بە چەند (سبب)وە جگە لە جووت بوونەكە، بەهەمان شێوە هەموو (سبب) و (مسبب)ێك بەم شێوەیە، جا ئەو دروست كراوانەی كە تۆ لێ ی دەترسی و داوای لێدەكەی بەشێكی كەمە لە (سبب) بە تەنها كاریگەری نیە جگە لە خوای گەورە و باڵا دەست نەبێت.

كەواتە ناگونجێت داوا و ترسان لە غەیری خوا بكەیت، ئەمە بەڵگەیەكی ڕۆشنە كە ترس و داوا كردن جگە لە خوای گەورە شتێكی پوچەڵە، ئەگەر گریمان ئەو (سبب)ە بە تەنها كاریگەرە، ئەوە دەكات (سبب)كە لە غەیری ئەوەوەیە لەو نیە، هیچ هێزێكی نیە كاری پێ بكات، چونكە هەر هێزو توانایەك هەبێت ئەوە تەنها بە خواوەیە هەر خودایە هەموو هێز و توانایەكی بەدەستە، ئا ئەو هێزو توانایەی كە مرۆڤ لێی دەترسێ و داوای دەكات لە ڕاستیدا بەدەستی خودایە.

چۆن لە كەسێك دەترسێت و داوای لێدەكات كە هیچ هێز و توانایەكی لە دەست نایەت، بەڵكو ترسان لە دروست كراوەكان و داوا لێكردنیان (سبب)ێكە بۆ بێ بەش بوون، و تووشی بەلا هاتن بەوەی كە داوای دەكا و لێ ی دەترسێ، چونكە چەند لە كەسێك بترسێی جگە لە خوای گەورە ئەوە بە پێی ترسەكەت لەوكەسە، خودا ئەو

کەسەت بەسەردا زاڵ دەکات، بە پێی داواکردنت لە غەیری خـوای گـەورە ئـەوە بـێ بەش دەبی.

ئا ئەوە حاڵی خەڵکیە بە گشتی جا هەر شتێك خوای گەورە بیەوێت ببێـت ئـەوە هەر دەبێت، هەر شتێکیش خوای گەورە بیەوێت نەبێت ئەوە هەرگیز نابێت، ئەگـەر چی هەر هەموو خەڵکیش بۆی کۆك بن.

یەکتا پەرستی مرۆڤ ڕزگار دەکات

یەکتاپەرستی ڕزگارکەر و پشتیوانە بۆ دووژمنـانی خـوا و بـۆ دۆسـتانی خـواش، دەبینین خوای گەورە دوژمنانی خۆی لـە ناخۆشـی و نەهامەتیـەکانی دنیـادا ڕزگـار دەکات ئەگـەر هانـا بـۆ یەکتاپەرسـتی ئـەو بـەرن ﴿ فَإِذَا رَكِبُوا۟ فِى ٱلْفُلْكِ دَعَوُا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ فَلَمَّا نَجَّىٰهُمْ إِلَى ٱلْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ ﴾ (العنكبوت: ٦٥).

واتـە: هەرکاتێك ـ بێ باوەڕان ـ سواری کەشتی دەبن، کە مەترسی نـوقم بـوون و تیاچوون ڕوویان تێ دەکات، بە ملکەچی و بە دڵەوە هانـا و هـاوار بـۆ خـوا دەبـەن، بەڵام کاتێك خوای گەورە رزگاریان دەکات لەم ناخۆشییە، کە دەگەنە وشـکانی، لـە ڕێبازی یەکتاپەرستی دەترازێن و هاوبەشی بۆ خوا بڕیار دەدەن.

هــەروەها یەکتاپەرســتی پــشتیوانیە بــۆ دۆســتانی خــواش، لــە ناخۆشــی و نەهامەتیـەکانی دنیـا و قیامـەت ڕزگاریـان دەکـات. جـا بۆیـە پێغەمبـەر(یـونس) لـە ناوسکی حوتدا هانای بۆ ئەو یەکتاپەرستیە برد، خوای گەورەش لە ناو ئـەو هـەموو تاریکاییەدا ڕزگاری کرد..

دەبیـنین شـوێنکەوتوانی پێغەمبـەران کاتێـك هانایـان بـۆ یەکتاپەرسـتی بـردووە ڕزگاریـانبووە لـە سـزای کـافران لـە دنیـادا، وە ڕزگـار بوونـە لـە ناخۆشـیەکانی دواڕۆژیش، بەوەی کە خوای گەورە بەخششی زۆری بۆ ئامادەکردوون.

بەڵام (فرعون) لەوکاتەی خەریك بـوو لـە ناوبـچێ هانـای بـۆ یەکتاپەرسـتی هێنـا کەچی هاناکەی هیچ سوودی پێ نەگەیاند، چونکە ئیمان هێنان بۆ یارمەتیـدان هـیچ سوودی نیە، ئەمە سوونەتی خوایە لەسەر بەندەکانی.

جا بۆیە دوعای تەنگانە بە یەکتاپەرستی خودایە، وەك دوعاکەی (یونس) کـە لـە ناو سکی حوتەکەدا داوای پێ لە خوا کرد، دوعایەکی گیراوە.

گەورەترین و ناخۆشترین تەنگی لە شیرکەوە هەڵدەقوڵێت، ڕزگـاربوونیش لـەم ناخۆشیە بە یەکتاپەرستی دەبێت، بە ڕاستی هەر یەکتاپەرستیە جیگـای ئومێد و مۆڵگە و قەڵا و هانای خەڵکیە.. و بالله التوفيق.

چێــژ وەرگرتن

چێژ وەرگرتن و حـەزلێبوون لـە شـتێك بـە گـوێرەی خۆشەویـستیەکەتە بـۆ ئـەو شـتە، جـا بـە گـوێرەی خۆشەویـستیەکەی هێـز و بـێ هێـز دەبێـت، هـەرکاتێك خۆشەویـستەکەی بـۆ ئـەو شـتە پتـەو و بـەهێز بـوو، ئـەوە تامـەزرۆی دەبێـت و حەزدەکات زوو پێی بگات، مرۆڤیش کاتێك شتێکی خۆش دەوێت ئەگەر بیناسـێ و زانستی پێی هەبێت، جـا هـەر کاتێـك تـەواو بیناسـێ و زانـستی پێـی هـەبێت زیـاتر خۆشی دەوێت، هەر کەسێك ئیمانی بە خوا و ناو و سیفاتەکانی و دینی خوا هەبێت ئیشتیاق و خۆشەویستی بۆ خوا زیاتر دەبێت، حەز دەکـات زوو بگـات بەخزمـەتی و بڕوانیتە ڕووی خوا و گوێ لە ووتەکانی ڕابگرێت.

جا هەر هەموو خۆشی و ئاسوودەی و کامەرانیەك جگە لـەم خۆشـیە وەك دڵۆپـە ئاوێـك وایـە لـە نـاو دەریایـەك، کـەوابوو کەسـێك هۆشـی لەسـەردا هـەبێت چـۆن خۆشـیەکی کـەم کـە لـە دوایـدا ئـازاری بـەدوا دادێـت دەگۆڕێتـەوە بـە خۆشـیەکی گەورەی بەردەوامی نەبڕاوە؟!

بزانە: مرۆڤ بە گوێرەی ئەم دوو هێزە هەڵسوکەوت دەکات:

١ـ العلـم: زانســـت.

٢ـ الحـب: خۆشەویستی.

چاکترین و بەسوود ترین زانستیش، زانستە بە خـوا.. چـاکترین و بەسـوود تـرین خۆشەویستیش، خۆشەویستی خوایە، خۆشترین تام و چـێژیش لـەم دووانەدایـە کـە باسمان کرد.. والله المستعان.

ڕێگای گەیشتن بە ڕەزامەندی خودا

هەرکەسێك بیەوێت بە سەرفرازی بە خوا بگات و لە دوا ڕۆژیشدا کامەران بێت، دەبێت لە دوو شتان خۆی بەند بکات:

یەکەم: خۆی بەند بکات بۆ ئەنجامدانی ئەو شتانەی کە خوا فەرمانی پێ کردووە، واتە: گوێڕایەڵی خوا بکات.

دووەم: خۆی بەند بکات لە ئەنجام نەدانی ئەو شتانەی کە خودا قەدەغەی کردووە، واتە: بێ فەرمانی خوا نەکات.

وەك ئەوەی زمانی بەند بکات و بیگرێتەوە لەو شتانەی کە سوودی پێ ناگەیەنێت، زمانی بەند بکات و تەڕی بکات بە وێردوو زکری خودا و ئەو شتانەی کە ئیمانی زیاد دەکات.

ئەندامەکانی بەند بکات لە گوناه و تاوان، ئەندامەکانی بەند بکات لەسەر کردنی واجبات و سووننەتەکان، بەم شێوەیە تاکو دەگاتە خوای گەورە با خۆی بەند بکات، ئەوکات خوای گەورەش ڕزگاری دەکات لەم بەندیخانەی دنیا و دەیخاتە خۆشترین و فراوانترین شوێن.

ئەوەش بزانە: هەرکاتێك مرۆڤ ئارامی نەگرت لەسەر بەندکردنی ئەم دووانە و ڕووی کردە ڕابواردن و ئارەزوان، ئەوە دوای ڕابواردنەکەی کە مرد و لە دنیا دەرچوو بەندکردنە ناخۆشەکەی بەدوادادێت ـ کە دۆزەخە ـ بەم شێوەیە هەر کەسێك کە دەمرێت و دەردەچێت لە دنیا یان ئەوەتا ڕزگاری دەبێت لە بەندیخانەی دنیا و بەرەو خۆشی بەهەشت دەڕوات، یان لە ڕابواردنی دنیا بەرەو بەندیخانەی دۆزەخ دەڕوات.. و بالله التوفيق.

تەقوا و ڕەوشت جوانی دوو شتی زۆر بەرزن

(ابن عون) بانگی پیاوێکی کرد و پێی گووت: تەقوای خوا بکە، چونکە مرۆڤی بە تەقوا هەرگیز هەست بە وەحشەت و تەنهای ناکات.

(زید)ی کوڕی (أسلم) دەیفەرموو: هەر کەسێك تەقوای خوا بکات خەڵکی خۆشیان دەوێت، ئەگەرچی دووژمنیشی بن.

(الثوري) بە (لإبن ابی ذئب)ی دەفەرموو: ئەگەر تەقوای خوات کرد و لە خوا ترسای، ئەوە خەڵکی چ نیە، بەڵام ئەگەر لە خەڵکی ترسای ئەوە هیچ شتێك سوودت پێ ناگەیەنێت لای خوای گەورە.

(سليمان)ی کوڕی (داود) دەفەرموێت: ئەوەمان پێدراوە لەوەی خەڵکی پێی دراوە و ئەوەش کە پێی نەدراوە، زانیومانە لەوەی خەڵکی دەیزانێت و نایزانێت، هیچ شتێکمان نەبینیوە لە تەقوای خوا چاکتر بێت لە پەنهایی و ئاشکرای، لە دادپەروەری لە تووڕەی و ڕەزامەندی، لە هەژاری و دەوڵەمەندی.

لە کتابی (الزهد)ی ئیمام أحمد هاتووە کە خوای گەورە دەفەرموێت (هەر مرۆڤێك جگە لە من رووبکاتە دروست کراوێك و پشتی پێ ببەستێ هۆیەکانی ئاسمانەکان و زەوی لێ دەگرمەوە، جا ئەگەر داوای شتێکم لێ بکات پێی نابەخشم، ئەگەر نزا بکات نزاکەی گیراو ناکەم، ئەگەر داوای لێبووردنم لێ بکات لێی نابوورم.. هەر مرۆڤێکیش ڕوو بکاتە من و پشتم پێ ببەستێ، ئەوە ڕزقی لە ئاسمانەکان و زەویدا زامن دەکەم، جا ئەگەر داوای شتێکم لێ بکات پێی دەبەخشم، ئەگەر نزا بکات نزاکەی گیراو دەکەم، ئەگەر داوای لێبووردنم لێ بکات لێی دەبوورم).

دەبینین پێغەمبەرﷺ تەقوا و ڕەوشت جوانی پێکەوە بەستۆتەوە، چونکە تەقوای خوا کردن نێوان بەندە خۆش دەکات لەگەڵ پەروەردگاری، ڕەوشتی جوانیش نێوان مرۆڤ خۆش دەکات لەگەڵ خەڵکی..

کەوابوو: تەقوای خوا کردن بەندە خۆشەویست دەکات لای خوا، ڕەوشتی جوانیش مرۆڤ خۆشەویست دەکات لای خەڵکی.

چەند ئامۆژگاریەکی زێڕین

لە نێوان بەندە و خـوا و بەهەشـت ڕێگایـەك هەیـە کـە بـە دوو هـەنگاو دەبڕێـت: هـەنگاوێکیان دوورکەوتنەوەیـە لـە نەفـسی خـۆی، هەنگاوێکیـشیان لـە خەڵکیـە، هەنگاوی نەفسی دایـدەبڕێت لـە خـۆی و خـەڵکی، هـەنگاوی خـەڵکیش، کـە مردنـە. دەیگەیەنێت بە خوا، کەواتـە: تەنها ڕوو لەو شتانە بکە کە دەتگەیەنێت بە خوا.

بانگ بێژێك هاواری کرد هاوەڵان ﴿اقْتَرَبَ لِلنَّاسِ حِسَابُهُمْ﴾(الانبیـاء: ١). واتــە: لێپرسینەوەی خەڵکی نزیك بۆتەوە.

دڵەکانیان لە ترسا ڕاچلەکا، لە ترسان ئاو لە چاوانیان دەهات

دنیا بۆ ئیمامی (علي) ڕازاندرابۆوە، ئیمامی (علـي)یـش بـە دنیـای دەووت: (أنـت طالق ثلاثا لا رجعة لي فيك). واتـە: من تۆم تەلاقدا سێ بە سێ هیچ گەڕانەوەشـت بـۆ نیە.

نووری حەق زۆر ڕووناکترە لە نووری ڕۆژ.

ڕێگای بەرەو خوا چون چۆڵە لەو کەسانەی کە گومانیان هەیە و شوێنی هەواو ئارەزوواتیان کەوتوون، بەڵکو ئەوانە لەسەر ڕێگای بەرەو خوا چوونن کە بڕوایەکی پتەویان بە ئیسلام هەیە و ئارامگرن لەسەریدا هەر وەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يُوقِنُونَ﴾ (السجدە:٢٤). واتـە: کە ئارامگرتنیان کردە پیشەیان ئێمەش کردمانن بە پێشەوا، لەو کاتەی دڵنیایی و بڕوایەکی تەواویان هەبوو بە ئایەتەکانی ئێمە.

بڕوای پتەو ڕزگارت دەکات

لـە کـاتی سـەرەمەرگدا شـەهادەی (لا الـه الا الله) کاریگـەری گـەورەی هەیـە بـۆ سڕینەوەی گونـاه و تـاوان، چـونکە لـە کـاتی سـەرەمەرگدا ئـەو مرۆڤـە بـە دڵـەوە دەڵێت: (لا اله الا الله) دەزانێت ماناکەشی چیە، لە کاتێـك ئـەم شـایەتیە دەدات کـە ئارەزوەکانی هەمووی مردوە و سەرکەشی نەماوە کاتێك خۆی بـە گـەورە دەزانـی و سەرکەشی دەکرد، ئیستاکە ملکەچە و خۆی بە زەلیـل و زەبـون دەزانێـت، چـونکە هیچ ئومێدی بە دونیا و ئارەزواتی دنیا نەماوە.

ئیـستاکە وا لەبــەر دەســتی پــەروەردگار و دروســتکارو گەورەکــەی زۆر بــە ملکەچییەوە وەسـتاوە بـە ئومێـدی ئـەوەی لێـی ببورێـت و ڕەحمـی پێبکـات، بـە بڕوایەکی پتەوەوە دوور لە هەموو شیرکێك ڕووی کردۆتە خودا، ئەو شتانەی هـەموو بەلاوە ناوە کە لە دونیا پێوەی سەرقال بوو، ئیستاکە هـەموو غـەمی ئـەو شـوێنەیە کە بەرەو ڕووی دەڕوات کە نازانێت شوێنەکەی چۆنە.

جا بۆیە مرۆڤ لەو کاتەدا پڕ بە دڵـەوە ڕوو دەکاتـە خـوای گـەورە بـە دڵ و لاشـە تەسلیمی خوا دەبێت، بە دڵ و لاشەوە دەڵێت: (لا اله الا الله) کە دڵـی تـەنها خـوای گەورەی تیایە، دڵی خۆی پاك کردۆتەوە لە هەموو شتێکی تر.

بێگومان لەو کاتەدا دڵی پـاك کردۆتـەوە لـە دنیـا، ڕووی کردۆتـە پـەروەردگاری، ئاگری ئارەزواتی دامرکاندۆتەوە، ئومێدی بـە قیامەتـە و تـەنها ئـەوی لەبـەر چـاوە، دنیای پشت گوێ خستووە لە کاتێکدا ئـەو شـایەتی دانـە کـە بەدڵـەوە دەیڵێـت دوا کاریـەتی ئـەم شـەهادەیە گوناهـەکانی لەسـەر دەسـڕێتەوە، بـەرەو پـەروەردگاری دەبات، چونکە بەشایەتی دانێکی دڵسۆزانە بە پەروەردگاری گەیشتوە، کـە بـەدڵ و لاشە ئەم شایەتیەی داوە.

جا ئەگەر بێتو لە كـاتی سـەلامەتیدا بـەم شـێوە ئـەم شـەهادەی لـە دڵدا بایـە، هەرگیز هۆگر و دڵخۆش نەدەبوو بە خۆشیەكانی دنیا، بەڵكو هەڵدەهات لـە خـەڵكی و ڕووی دەكردە خودا، هەر بەخوا دڵخۆش دەبوو.

بەڵام ئەو لە كاتی سەلامەتی بەو شێوەیە بڕوای پتەو نەبووە، بەڵكو ئەو لەگـەڵ شەهادەی (لا اله الا الله) دڵـی پـڕ بـوو لـە ئـارەزوات و خۆشویـستنی دنیـا، نەفـسی پڕبووە لە خەیالات و شتی تر، ڕووی وەرگێڕاوە لە خوای گـەورە، ئەگـەر بێتـو دڵـی پاك بكردایەوە بەم شێوەیەی لەسەرە مەرگ دایە، ئەوكات گوزەرانێكی تری دەبـوو جگە لەو ژیانە ئاژەڵیەی ئێستای. والله مستعان.

کارەکانت بسپێرە خودا

ئەو کەسە چی بەدەستە کە نێو چەوانی خۆی بە دەستی خوایە، دڵی لە ژێر دوو پەنجەی خوایە چۆنی بوێت وا ئاڵوگۆڕی پێدەکات، ژیان و مردنی بە دەست خوایـە، باشـی و خراپـی بەدەسـت خوایـە، جوولـە و وەسـتان و کـارو گفتـاری بـە ویـست و فرمانی خوایە، هەر جوولەیـەك دەكـات بـە فـەرمانی ئـەوە، هـەر كارێـك دەكـات بـە ویستی ئەوە.

کە ئەمانە هەمووی بـە ویـستی خوایـە سوپاسـی دەوێـت، چـونکە ئەگـەر خـوای گەورە ئەو کارانەی بسپێرێتە خودی مرۆڤەکـە، مرۆڤەکـە بـێ هێـزە و ناتوانێـت ڕای پەڕێنێت، ئەوکات تووشی هەڵە و سەرگەردانی دەبێت، ئەگەر ئەو کارانـە بـسپێرێتە کەسێکی تریش جگە لە خودی مرۆڤەکە، دەکـات سـپاردوویەتیە کەسـێکی بـێ هێـز کە نەسوود و نەزەرەر و نە ژیان و نە مردن و نە زندووکردنەوەی لە دەستە، ئەگـەر خوای گەورەش فەرامۆشی بکردایە، ئەکاتە دووژمن بەسەریدا زاڵ دەبێت و دەیکـات بە دیلی خۆی.

جا بۆیەئەو بـە ئەنـدازەی چـاو تروکـانێکیش مـرۆڤ بـە بـێ خـوای گـەورە حـاڵی پەرێشانە، بەڵکو لەگـەڵ هـەموو هەناسـەیەکدا پێویـستی بـە خودایـە بـە ئەنـدازەی گەردیلەیەکیش بێ خوا سەرگەردانە، لە کاتێکدا کە بەردەوام ئاتاجی خودایەیکەچی لەگەڵ ئەوەشدا پشتی تێ دەکات و ڕووی لێ وەردەگێرێت و بە گوناھ و تاوان خودا لە خۆی تووڕە دەکات، لە کاتێکدا لە هەموو ڕوویەکەوە ئاتاجی ئەوە.

پشت بە خوا ببەستە، خوا فەرامۆشت ناکات

ئەی مرۆڤـی بـێ ئاگـا تـۆ خـۆت سـەرقاڵکە بـەو کارانـەی کـە خـوا فـەرمانی پـێ کردووی بیکەی، خۆت سـەرقاڵ مەکـە بـە شـتێك کـە بـۆت دابـین کـراوە و دانـراوە، چونکە خوای گەورە دوو شتی بۆت بڕیوەتەوە:

✍ ـ ڕزق و ڕۆزی.

✍ ـ ئەجەل و مردن.

ئـەم دووانـە مرۆڤـەکان بـۆ یـەکێکیان هـەوڵ دەدەن و لـەوی تریـشیان ڕادەکـەن، کەوابوو پێویست ناکات مرۆڤ خۆی بۆ ئەم دوانە سەر قاڵ بکات، چونکە هەر کاتێـك تەمەن مابێت، ئـەوا ڕزق و ڕۆزی بەڕێوەیـە بـۆی، هـەر کـاتێکیش خـوای گـەورە بـە حیکمەتی خۆی دەرگایەکت لێ دابخات، ئـەوا بـە ڕەحمـەتی خـۆی دەرگایـەکت لـێ دەکاتەوە.

وورد بەوە و بیر بکەوە لە حاڵی ئەو کۆرپەلەی ناو سکی دایك، کاتێك کە خوێنە، خوای گەورە لە یەك ڕێگاوە خۆراکی بۆ دەنێرێت کە ڕێگای ریخۆڵەکەیە، جا کـە لـە سکی دایکی دەرچـوو، ئـەو ڕێگایـەی لـێ دادەخرێـت، کەچـی دوو ڕێگـای تـری لـێ دەکرێتەوە کە لەوێوە خۆراکی زۆر لەوەی پێشتری خۆشـتر و پـاکتری بـۆ دێـت کـە شیرێکی پاك و بێ گەردە، جا کـە تەمـەنی شیرخواردنیـشی تـەواو دەبێـت ئـەو دوو ڕێگایەی لێ دادەخرێت، بەڵام چوار ڕێگای چاکتر لـەوی پێـشوتری لـێ دەکرێتـەوە، ئەویش دوو خۆراکە و دوو خواردنەوەیە، دوو خۆراکەکە گۆشتی گیانـدار و ڕووەکـە، دوو خواردنەوەکەش ئاوو شیر و شتە بە تام و لەزەتەکانی ترە، جا کە مردیش ئـەم چوار ڕێگایەشی لـێ دادەخرێـت، بـەڵام ئەگـەر لـە چـاکە کـاران بێـت خـوای گـەورە هەشت ڕێگای بۆ دەکاتەوە، کە هەر هەشت دەرگـای بەهەشـتە ئـەوکات بەکامیانـدا حەزبکات دەچێتە ژورەوە. بەم شێوەیە خوای گەورە لە دنیا هەر شتێك لـە مرۆڤـی

بڕوادار بستێنێتەوە، ئەوە لە و چاکتر و باشتری پێ دەبەخشێ، ئەمەش تەنها بۆ مرۆڤی بڕوادارە. چونکە خوای گەورە شتێکی لێ دەستێنێتەوە بێ نرخ بێت و نرخی نەبێت لە بری ئەودا شتێکی بەسوود و بە نرختری پێ دەبەخشێ، بەڵام مرۆڤ چونکە چاکەی خۆی نازانێت، بەخشش و حیکمەت و بەزەیی خواش بە چاکی ناناسێت، نازانێت سوود لەو شتەی لێی سەندراوەتەوە چیە و ئەو شتەی بۆی ئامادەکراوە لەباتی ئەو چیە! بەڵکو ئەو حەز دەکات زوو شتەکەی بە دەست بگات ئەگەر بێ نرخیش بێت، حەز لە شتێك ناکات درەنگ بەدەستی بگات ئەگەر بە نرخیش بێت.

ئەگەر مرۆڤ بە دادپەروەرانە بڕوانێتە ئەو کارانەی خوای گەورە بۆی دەردەکەوێت کە خوای گەورە لە دنیادا هەر خۆشی و لە زەتێکی لێ بسێنێتەوە بۆ ئەوەیە تاکو چاکتری پێ ببەخشێت، هەر شتێکی لێ دەسێنێتەوە، ئەوە لەو چاکتری پێ دەبەخشێ، کاتێك تووشی نەهامەتی دەکات تاکو لێی ببورێت، کاتێك تاقی دەکاتەوە بۆ ئەوەی پاکی بکاتەوە، دەیمرێنێت تاکو زیندووی بکاتەوە و لەم دنیایەدا ڕزگاری بکات و بیگەیەنێتە ئامانج و بەخششی خۆی: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِي جَعَلَ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ خِلْفَةً لِّمَنْ أَرَادَ أَن يَذَّكَّرَ أَوْ أَرَادَ شُكُورًا﴾ (الفرقان: ٦٢). واتە: خوای گەورە شەو و ڕۆژی بە شوێن یەکدا ڕێکهێخستوە، پەندە بۆ کەسێك کە دەیەوێت یادەوەری وەربگرێت و دەیەوێت سوپاس گوزاری ئەنجام بدات.

دەفەرموێ: ﴿فَأَبَىٰٓ ٱلظَّٰلِمُونَ إِلَّا كُفُورًا﴾ (الإسراء: ٩٩). واتە: ستەمکاران هەر بڕیاری یاخی بوون و سەرکەشی و کوفریان داوە و هیچی تر.

چەند ئامۆژگاریەکی زێڕین

هەر کەسێك بەڕاستی نەفسی خۆی ناسیبێت سەرقال دەبێت بە چاکردنی هەڵە و عەیبەکانی خۆی، عەیبی خەڵکی لە بیر دەکات، هەر کەسێکیش بەڕاستی پەروەردگاری خۆی ناسیبێت، سەرقاڵ دەبێت بەوەی کە چۆن پەروەردگار لە خۆی ڕازی بکات و ببێت بە خۆشەویستی خودا، ئەوکات هەوا و ئارەزواتی لەبیر دەکات.

چاکترین کردەوە ئەوەیە بە ئیخلاصەوە بێت و دوور بێت لە خەڵکی و منەتیشی لەسەر نەکەی.

زۆربەی خەڵکی لە سێ ڕێگاوە تووشی دۆزەخ دەبن:

١. لە ڕێگای گوومانەوە، کەوا لە مرۆڤ دەکات گومانی پەیاکات لە ئاینی خوا.
٢. لە ڕێگای ئارەزواتەوە، کەوا لە مرۆڤ دەکات ئارەزوات و ڕابواردن پێش ڕەزامەندی و گوێ ڕایەڵی خوابخات.
٣. لە ڕێگای توورەییەوە، کەوا لە مرۆڤ دەکات بەردەوام توورە بێت و خەڵکی ڕقیان لێ بێتەوە.

خراپە کۆ دەبێتەوە لە سێ بنچینە:

١. الكبر: خۆ بەگەورەزانین، کە هەر خۆ بەگەورەزانین بوو وای لە ئیبلیس کرد تووشی نەفرەتی خوا بێت.
٢. الحرص: سووربون لەشت، لەسەر ئەو سووربونە بوو وای لە ئادەم کرد لە بەهەشت دەرکرا.
٣. الحسد: ئێرەیی یان حەسوودی، هەر حەسوودی بوو وای لە کوڕەکەی ئادەم کرد براکەی خۆی بکوژێت.

جا هەر کەسێك خۆی لەم سیانە بپارێزێت ئەوا لە شەر و خراپە بە دوور دەبێت، چونکە کوفر لە خۆبەگەورەزانیەوە سەرهەڵدەدات، گوناح وتاوانیش لە سوربوونەوە سەرهەڵدەدات، خراپە و ستەمیش لە حەسوودیەوە سەرهەڵدەدات.

خوای گەورە بە حیکمەتی خۆی ئەندامەکانی دەرەوە و ژوورەوی لاشەی مرۆڤـی هەر یەکە و بۆ شتێك دروست کردوە، چاوی کردووە بە ئامێرێك بۆ بینین، گوێچکەی کردووە بە ئامێرێك بۆ بیستن، لـووتی کـردوە بـە ئامێرێـك بـۆ بـۆن کـردن، زمـانی کردوە بە ئامێرێك بۆ قسەکردن، دەستی کردوە بە ئامێرێك بۆ کارکردن، قاچـەکانی کردوە بە ئامێرێك بۆ ڕۆیشتن، دڵی کـردوە بـە ئامێرێـك بـۆ ناسـینی یەکتاپەرسـتی، ڕۆحـی کـردوە بـە ئامێرێـك بـۆ خۆشەویـستی خـوا، عـەقڵی کـردوە بـە ئامێرێـك بـۆ بیرکردنەوە و ووردبوونەوە لە کاری دین و دنیا و هەڵبژاردنی کاری چاکە و بەسوودو بەلاوە نانی کاری بێ سوود.

خەسارەت مەندترین کەس ئەوەیە کە سەرقاڵە بە هەوا و نەفسی خۆی ئاگای لـە خوا نیـە، لـەویش زەرەرمەنـدتر ئەوەیـە سـەرقاڵە بـە خـەڵکی و ئاگـای لـە نەفـسی خۆشی نەماوە، لە حەدیسی (أبي سـعید)هـاتووە دەفــەرمووێ: ((اذا أصـبح ابـن آدم فإن الاعضاء کلها تکفر اللسان، یقول: اتق الله، فانما نحن بك، فإن إستقمت اسـتقمنا، و إن أعوججـت اعوججنـا))[1]، واتـــە: کاتێـك ئـادەمیزاد بـەیانی دەکاتـەوە، هـەموو ئەندامەکانی لاشەی ملکەچی زمان دەبن، هەموو ئەندامەکانی لاشەی بە زمانی حـاڵ دەڵێن: ئەی زمان لەخوا بترسە، چونکە ئێمەپەیوەستین بەتۆوە، ئەگەر تۆ ڕاسـت و ڕاستگۆبیت ئەوکات ئێمـەش ڕاسـت دەبـین و کـاری چاکە ئـەنجام دەدەیـن، بـەڵام ئەگەر تۆ ڕاستگۆنەبی و چەوت و لەوێر بیت ئەوکات ئێمەش چەوت و لەوێردەبین.

گووتراوە مانای : (تکفر اللسان) واتـە: ئەندامەکان ملکەچی زمان دەبن.

---

(١) حسن: رواه الترمذی (٢٤٠٩)، ابن خزیمة فی صحیحه، البیهقی فی شعب الایمان.

هەر وەك ووشەی (تكفر) لە حەدیسێكی تریش هاتووە: (إن الـصحابة لما دخلـوا علــی النجاشــي لم یكفــروا لــه) واتـــە: هــاوەڵانی پێغەمبــەر ﷺ كاتێـك چـوونە كۆشكەكەی (نجاشي) ملیان كەچ نەكرد بۆ (نجاشي) و سوجدەیان بۆ نـەبرد، هـەر لەبەر ئەم ملكەچ نەكردنەبوو (عمرو)ی كوڕی (العاصي)، بە (نجاشـي) گـووت: (ایها الملك: انهم لا یكفرون لك) واتـە: ئەی پادشا، نابینی ئەوانە ملكەچی ناكـەن بـۆت؟! جا كە ئەندامەكانی لاشە ملكەچی زمان دەبێت، چونكە زمـان پۆسـتە و تـەرجمانی دڵە و وێستگەیە لە نێوان دڵ و ئەندامەكان.

كە ئەندامەكانی لاشەش بە زمان دەڵێن: (إنما نحـن بـك) واتـە: ئێمـە بـە سـایەی تۆوە ڕزگار دەبین و بەسایەی تۆشـەوە تـێ دەچـین، جـا بۆیـە دەڵـێن: (ئەگـەر تـۆ ڕاست و ڕاستگۆبیت ئەوكات ئێمەش ڕاست دەبین و كـاری چـاكە ئـەنجام دەدەیـن، بـەلام ئەگـەر تـۆ ڕاسـتگۆنەبی و چـەوت و لـەوێر بیـت، ئـەوكات ئێمـەش چـەوت و لەوێردەبین).

کامەرانی دنیا و قیامەت

پێغەمبەرﷺ لەم فەرموودەیەدا، بەختەوەری دنیا و قیامەتی پێکەوە کۆ کردۆتەوە، کە دەفەرمووێ: ((فاتقوا الله و أجملوا في الطلب))[1]، واتە: تەقوای خوا بکە، لە دنیاش هەر شتێك دەکەی بە جوانی و پوختی ئەنجامی بدە.

مەبەست لەم حەدیسە ئەوەیە، بە تەقوای خواکردن مرۆڤ لە قیامەت ڕزگاری دەبێت و بەختەوەر دەبێت، لە دنیاش مرۆڤ ئاوا بێت کە بە پوختی کارەکانی ئەنجامبدات و نە زیادەڕۆی نە کەم تەرخەمی لە عیبادەتدا نەکات، ئەوکات لە دنیاشدا بەم کارانەی بە ختەوەر دەبێت.

جا بە تەقوای خودا مرۆڤ بە ختەوەری لە قیامەت بە دەست دێنێت، بە جوانی و پوختی ئەنجام دانی کارەکانیشی، ئارامی دڵ و لاشە سوور نەبوون لەسەر دنیا و ماندوو بوون و کەلەڕەقی و هەوڵدان و نەگبەتی، خۆشەویستی دنیا و هەوڵدان بۆ دنیا بە دەست دێنێت.

کەوابوو: هەر کەسێك لە خوا بترسێت و تەقوای خوا بکات سەرفراز دەبێت و دەگات بە خۆش و نیعمەتەکانی بەهەشت، هەر کەسێکیش کارەکانی بە جوانی و پوختی ئەنجام بدات لە دنیادا دەحەسێتەوە لە هەوڵدان بۆ دنیا و ڕزگاری دەبێت لە غەم و خەفەتی دنیا، شاعیر دەڵێت:

قد نادت الدنيا على نفسها   لو كان في ذا الخلق من يسمع
كم واثق بالعيش أهلكته   و جامع فرقت ما يجمع

واتە: دنیا هاوار دەکات و دەڵێت: ئای لەوانەی کە دەبیستن، چەندین کەس

(١) صحيح: رواه ابو نعيم فى (الحلية:١٠/٢٧ _ ٢٦).

لەوانەی کە بە دنیا دڵخۆش بوون بە فەتارەم بردوون، چەندین کەس کە سەروەت و سامانیان کۆ کردۆتەوە لە سامانەکانیان دام بڕاندوون.

ئازاری قەرزداری و تاوان

پێغەمبەرﷺ زۆر لە نزاکانیدا خۆی دەپاراست لە گوناه و لە قـەرزداری، چـونکە مرۆڤـــی گوناهبـــار لـــە دوا ڕۆژدا زەرەرمەنـــدە، مرۆڤـــی قـــەرزداریش لـــە دنیـــادا زەرەرمەندە.

تەفسیری ئایەتی ﴿ وَٱلَّذِينَ جَـٰهَدُواْ فِينَا ﴾

خـوای گـەورە دەفــەرمووێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ جَـٰهَدُواْ فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا ۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَمَعَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴾ (العنکبوت: ٦٩)، واتـە: ئەوانەی کە لە پێناو ئێمـەدا و بۆ ڕەزامەنـدی ئێمە هەوڵ و کۆششیانداوە و خۆیان ماندوو کـردووە، بێگومـان ئـا ئەوانـە ڕێنمـونی دەکەین بۆ ڕێگای ڕاستی خۆمان، بەڕاستی خوای گەورە لەگەڵ چاکەکارانە.

دەبیـــنین خـــوای گـــەورە لێـــرەدا هیدایـــەتی بەســـتاوەتەوە بـــە تێکۆشـــان، هەرکەسێکیش هیدایەتێکی تەواو و پوخت درا بێت، ئەوە جیهـادێکی زۆری کـردوە، واجبترین و لە پێشترین جهادیش جیهادی نـەفس و ئـارەزوات و جیهـادی شـەیتان و جیهادی دنیایە.

جا هەرکەسێك لـە پێنـاوی خـودا هەڵسێت جیهـاد بکـات لەگـەڵ ئـەم چـوارەدا، ئەوکات خـوای گـەورەش هیدایـەتی دەدات بـۆ سـەر ڕێگـای ڕەزامەنـدی خـۆی ئـەو ڕێگایەی دەیگەیەنێتە بەهەشت، هەر کەسێکیش واز بێنێت لە جیهاد و پشت گـوێی بخات، ئەوە بە ئەندازەی کەمتەر خەمیەکەی هیدایەتی لە دەست دەچێت.

(الجنید) لە تەفـسیر ئـەم ئایەتـەدا دەفــەرمووێ: واتاکـەی ئەوەیـە ئەوانـەی لـە پێناوی ئێمەدا جیهاد لەگەڵ هەواو ئارەزووەکانیاندا دەکەن بە تـەوبـە و پەشـیمانی، هیدایەتی سەر ڕێگای ئیخلاصیان دەدەین، ناگونجێت مرۆڤ جیهـاد لەگـەڵ دووژمـنی دەرەوەی بکـات تـاکو جیهـاد لەگـەڵ ئـەم دووژمنانــەی ژوورەوەی نـەکات، جـا هەرکاتێك سەرکەوت بەسەر دووژمنەکانی ناخی خۆیدا ـ کە باسمـان کـرد ــ ئـەوە بەسەر دوژمنانی دەرەوەشیدا زاڵ دەبێت، هەرکاتێکیش دووژمنانی ناخی بەسەریدا زڵ بن، دوژمنانی دەرەوەش بەسەریدا زاڵ دەبن.

هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی زانست

هەوڵدان و تێکۆشان بۆ بەدەست هێنانی زانست پلەیەکی زۆر بەرزە و گەورەیـە، چـاکترین و بـە سـوودترین زانـستیش قورئـان و سـوونەتە و تێگەیـشتنێکی چـاك و دروستە لەم دووانە و زانست بەو شتانەی چەمکەکانی لەسەر نازڵ بووە.

خـراپترین زانـستیش کـە قوتـابی خـۆی پێـوە مانـدوو بکـات، زانـستی بابەتـە نامۆکانە، ئەو بابەتانەی کە لەلایەن خواوە نازڵ نەبووە، زانستێکی سەردەمیش نیە کە سوود بەخش بێت، یان خۆی ماندوو دەکات بۆ فێربوونی بابەتە ئیختلافیەکان — ڕوو ناکاتە فەرموودەی خـوا — بـەڵکو ڕوو دەکاتـە قـسەی فـلان و فـلان و شـوێنی دەکەوێت، بە هیچ جۆرێکیش هەوڵنادات ڕای ڕاست و دروست هەڵبژێرێت.

جا ئەمانـە زۆر کـەمن کـە سـوود لـەم زانـستەیان ببیـنن. پیرۆزتـرین و باشـترین کاریش، ئەو کارانەیە کە خوا پێی خۆشـە، چـونکە ئـەو کارانـە مـرۆڤ خۆشەویـست دەکات لەلای خواو ڕێکیشە لەگەڵ دین و دنیا.

خراپتیرین کاریش ئەو کارانەیە کە دینداری بە نـاوی شـتێکەوە دەکـات، جـا کـە بەندایەتی خوا دەکات بۆ مەبەستی خۆی دەیکات نەك بۆ خوا.

جۆری یەکەم: بەندایەتی خوا دەکات مەبەستی خـوای گەورەیە.

جۆری دووەم: بەندایەتی خوا دەکات مەبەستی شتێکی تری هەیە.

حاڵی زانای بێ عەمەل

زانایانی بەدکار بەوتەکانیان خەڵکی بانگ دەکەن بۆ بەهەشت، بەکارەکانیشیان خەڵکی بانگ دەکەن بۆ دۆزەخ.

جا کە بە وتەکانیان دەڵێن: خەڵکینە ڕوو بکەنە بەهەشت، کار و کردەوەکانیان دەڵێن: خەڵکینە گوێیان لێ مەگرن، چونکە ئەگەر بێتو ڕاستگۆ بن خۆیان وەڵامی خۆیان دەدەنەوە، ئەوانە خۆیان چاو ساغ و ڕێپیشاندەری کاروانەکان پیشاندەدەن، بەڵام لە ڕاستیدا وەك چەتەیەك وان لەسەر ڕێی خەڵکی و سەرگەردانیان دەکەن.

چەمکێ لە ژیانی پێغەمبەر

پێغەمبەر ﷺ کە دەرچوو لە ژێر باڵی دوژمن، چووە ژێر باڵی سەرکەوتن، لەگەڵ ئەم سەرکەوتنە ناوی لە هەموو کوچ و قوژبنێکدا بەرز بۆوە جا خەڵکی کە ڕوویان تێکرد سێ جۆر بوون:

یەکەم: ئیمانداران کە ئیمانیان بە خوا و پێغەمبەر هێنابوو.

دووەم: خۆیان تەسلیمی کردبوو.

سێیەم: لە ترسا هاتبوونە ژێر باڵی.

خوای گەورە ئارامگری لە کێلگەی دڵان دەچێنێت: ﴿فَٱصۡبِرۡ كَمَا صَبَرَ أُوْلُواْ ٱلۡعَزۡمِ﴾ (الاحقاف: ٣٥)، واتە: تۆش هەروەکو پێغەمبەرە لێ براو و نەبەزەکان، سووربە لەسەر کارەکەت و خۆڕاگربە.

پێغەمبەر ﷺ لە کاتی فەتح کردنی (مكة)دا بەشێوەیەك چووە ناو (مكة) کە کەس پێش ئەو و دوای ئەویش بەم شێوە نەچۆتە (مكة)، هاوەڵان لە (المهاجر) و (الانصار) دەورەیاندابوو کە بە ملکەچییەوە ملی ڕێگایان گرتبۆوە بەر، هاوەڵان هەر کەسە کاری خۆی بۆ دیاری کرابوو، بە کۆمەل دەهاتنە ژوورەوە، مەلائیکەت بەسەریانەوە بوو، (جبریل) هامووشۆی دەکرد لە نێوان پێغەمبەر ﷺ و خوای گەورەدا، حەرەمی بۆ پێغەمبەر ﷺ حەلاڵ کرد کە بۆ کەسی تر جگە لەو حەڵاڵی نەکردبوو.

کە ئەو ڕۆژە خۆشە بەراورد دەکرێت لەگەڵ ئەو ڕۆژەی ﴿وَإِذۡ يَمۡكُرُ بِكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لِيُثۡبِتُوكَ أَوۡ يَقۡتُلُوكَ أَوۡ يُخۡرِجُوكَ﴾ (الانفال: ٣٠)، واتە: بێتەوە بیرت ئەوسا خودانەناسەکان ویستیان فێڵێکت لێ بکەن، یان بەندت کەن، یان بتکوژن، یان دەرتبکەن.

پێغەمبــەریشﷺ بــەخۆی و هاوەڵەکــەی کۆچــی کــرد بــۆ (مدینــة)، کەچــی پێغەمبەرﷺ بە سەرکەوتووی هاتەوە بۆ (مكة) بۆیە ملی کەچ کرد بۆ ئـەو خوایـەی کە سەربەرزی کرد بەسەر دوژمنەکانیدا، ئێستا بەسەری خستووە و کردوویـەتی بـە سەردار.

ئەوەش (بلال)ە دوای ئـەو ڕۆژە تاڵانـەی کـە بـەهۆی گـوتنی (أحـد... أحـد)وە ڕاکـێش دەکـرا بەسـەر ئـەو زەویـە گەرمـەدا، کەچـی ئێـستا بەسـەر (كعبـة)دا سەرکەوتوەو بانگ دەدات، خەڵکیش لە هەموو کوچێکەوە ڕوویـان تێـدەکرد و پـۆل پۆل دەهاتنە ناو ئیسلامەوە، بەڵام پێشتر تاک تاک دەهاتن.

کە پێغەمبەرﷺ سەرکەوتە سەر کورسی سەربەرزی و سـەرکەوتن، لێـی نەهاتـە خوارەوە، پادشاکان هەموو ملیان بۆ کەچ کرد، هەنـدێکیان کلیلـی شاریان تەسـلیم کرد، هەنـدێکیان داوایـان لێـدەکرد وازیـان لـێ بێنێـت و ئاشـت بێتـەوە لەگەڵیانـدا، هەندێکیان ڕازی بوون کە (الجزية)یان لێ بـسێنێت، هێندێکیـشیان خۆیـان ئامـادەی جەنگ کردبوو.

بەڵێ: پێغەمبەرﷺ ئەو پەیامـەی کـە ئەمانـەت بـوو لەسـەر شـانی ڕایگەیانـد و سەرکەوتنی بە دەست هێنا، خوای گەورەش پێـی ڕاگەیانـد: ﴿إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحًا مُّبِينًا ﴿١﴾ لِّيَغْفِرَ لَكَ اللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ وَيُتِمَّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكَ وَيَهْدِيَكَ صِرَاطًا مُّسْتَقِيمًا ﴿٢﴾ وَيَنصُرَكَ اللَّهُ نَصْرًا عَزِيزًا ﴿٣﴾﴾ (الفتح:١ ـ ٣). واتـە: ئەی محمد بێگومـان ئێمـە سـەرکەوتنێکی دیـارو ئاشـکرامان بـە تـۆ بەخـشی تـا خـودا خۆشـبێت لـە تاوانەکانی پێشتر و داهاتووت، تاکو نیعمەتی خۆی بە تـەواوی بڕێـژێت بـە سـەرتدا، تـا هیدایـەتت بـدات بـۆ شـوێنکەوتنی ڕاسـترین ڕێگـا, هـەروەها تـا خـودا بـە سـەر دوژمناندا سەرکەوتووت بکات بە سەرکەوتنێکی باڵا دەستانە.

ئینجا (جبريل) هاتـە خزمـەت پێغەمبـەرﷺ سەرپـشکی کـرد لـە نێـوان مـردن و ژیان، پێغەمبەریشﷺ خزمەت خوای هەڵبژارد، چونکە تامەزرۆی دیـداری خوابـوو،

هەر بۆیە بەهەشتیەکان بۆ پێشوازی ڕۆحی پیرۆزی خۆیان ڕازاندەوە نەك بەو شێوەیەی کە تەشریفی هێنایە (مدینة)، چونکە ئەگەر بێت و عەرشی خوا بۆ یەك لە شوێن کەوتوانی بکەوێتە هەژان، ئەی دەبێت بە گەیشتنی ڕۆحی پیرۆزی گەورەی دروست کراوان کە محمدە دەبێت چۆن بێت؟!

ئای لەوەی کە ڕوو لە پێغەمبەرﷺ ناکات، ئای لەوەی کە لە دەرگای پێغەمبەرﷺ ناوەستێت، لەمەودوا ڕۆژی حەشر دەزانی چی بەسەرا دێت: ﴿يَوۡمَ تُبۡلَى ٱلسَّرَآئِرُ﴾ (الطارق: ٩). واتە: ئا لەو ڕۆژەدا هەموو نهێنیەکان ئاشکرا دەکرێن.

حاڵی لە خۆبای بووەکان

ئەی ئەو کەسەی کە مەغرور بویتە و دڵت بە دنیاوە بەندە، ئاگاداربە و بزانە کە (ابلیس)ی نەفرەتی لێ کرا و لەو پلەوپایە دەرکرا بەهۆی ئەوە بوو فەرمانی یەك سوجدەی پێکرا نەیبرد، ئادەمیش لە بەهەشت دەرکرا بەهۆی خواردنی لوقمەیەکەوەبوو، (قابیل)یش لە بەهەشت قەدەغەکرا بەهۆی ئەوەوە بوو کە دەستی سوورکرد بە خوێنی براکەی، بزانە کە فەرمان بە کوشتنی زینا کەر کراوە بەهۆی تامێکی کەمی حەرامەوەیە، بەهۆی یەك ووشە کە کەسێکی پێ لەکەدار بکرێ مرۆڤ جەلدەی لێ دەدرێت، یان بەهۆی خواردنی دڵۆپەیەك مەیەوە، بەهۆی دزینی سێ درهەم دەستی دەبڕێت، کەواتە گوناە بەکەم مەزانە نەکا بەهۆی گوناهێکەوە تووشی ئاگربیت: ﴿وَلَا يَخَافُ عُقْبَاهَا﴾ (الشمس:١٥). واتە: خوای گەورەش ناترسێ لە پاشە ڕۆژی ئەم تۆلە لێ سەندنانەیان.

تاوان بەکەم مەزانە، ئافرەتێك بەهۆی پشیلەیەکەوە چووە دۆزەخ، جاری وا هەیە مرۆڤ قسەیەکی هەڵە دەکات گوێی پێنادا و بەکەمی دەزانێ، کەچی بەهۆی ئەو قسەیەوە بە ئەندازەی نێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاواوە دەچێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە، جاری واش هەیە مرۆڤ چەندین ساڵ دەژی لەسەر بەندایەتی خوا، کەچی لە کۆتایی تەمەنیدا شتێکی وا دەکات کە کۆتای بەخراپە دێت و تووشی دۆزەخ دەبێت.

کەوابوو تەمەن کۆتاییەکەی مەرجە، کردەوەش کۆتاییەکەی حیسابە، هەر کەسێك لە نوێژدا پێش سەلام دانەوە دەستنوێژی بشکێ، ئەوە نوێژەکەی هەموو هەڵدەوەشێتەوە، هەر کەسێکیش پێش بانگ فتار بکاتەوە، ئەوە ڕۆژوەکەی بەفیرۆ دەڕوات، هەر کەسێکیش ئاخر شەڕ بێت کۆتای کردەوەکانی بەخراپە بێت کە بە پەروەردگاری دەگات کۆتاییەکەی بۆ دەژمێردرێت.

لە دنیادا هەر كارێك ئەنجام بدەی ڕۆژی قیامەت بەرۆكت دەگرنەوە، بـەڵام كـارە خراپەكانت تووشی ئازار و سزات دەكەن، بیر بكەوە چەند جار چاكەوخێر دەرگایان پیێ گرتوویت دەرگات لیێ داخستوون وتوتـە: لەمەودوائـەنجامی دەدەم یـان ڕەنگـە تەمەنم مابێت بۆ ئێستا بیكـەم یـان بەشـكو ئـەو شـتەم بۆ ببێـت ئینجـا ئـەنجامی دەدەم.

چۆن ئەو مرۆڤە سەرفراز دەبێت كە ئیمانێكی نەخۆشـی هەیـە، ئومێـدێكی زۆری بەدنیا هەیە، دڵی نەخۆشە و چارەسەریشی ناكات، ئارەزوویـەكی سەركەشـی هەیـە، سەرگەردان و بیێ ئاگایە، كوێرە بەرانبەر بە حاڵی خراپی خۆیدا، نوقم بـووە لـە نـاو گێژاوی نەفامیدا، دڵ تـەنگ دەبێـت بـە پـەروەردگاری، دڵخـۆش و كامـەران دەبێـت بەخەڵكی، یادو باسی خەڵكی كامـەران و بـەهێزی دەكـات، یـاد و باسـی خـواش دڵ تەنگ و بێزاری دەكات، لە ڕواڵەتیدا بەشێكی كـەمی بـۆ خـوا دیـاری كـردوە، وەكـو كردنی نوێژی بیێ گیان، بەڵام دڵ و ناخی هەموو بەستۆتەوە بەغەیری خوا.

دروستكردنی قەڵەم و ئادەم

یەكەم دروستكراو كە خوای گەورە دروستی كردبێت قەڵەم بوو، تـاكو ئەنـدازەی هەموو شتێك بنووسێت پێش دروست كردنیان، ئادەمیشی لە كۆتای هەموو دروست كراوەكاندا دروست كردووە، ئەمەش چەندین پەند و حیكمەتی تێدایە:

یەكەم: سەرەتا دەبێت خانی دروست بكرێـت، ئینجـا دەبێـت لـە نـاوی جێنـشین بیت.

دووەم: لێرەدا ئادەم غایەت و مەبەستە كە ئاسمانەكان و زەوی و ڕۆژ و مـانگ و وشكانی و دەریایی لە پێناوی ئەودا فەراهەم هێناوە، هەر بۆیەش دەبێت لە كۆتایی بێت.

سـێیەم: وەسـتای پـسپۆر و شـارەزا كـارە چـاك و بەنرخـەكانی لـە كۆتایـدا ئەنجامدەدا، هەر وەك چۆن ئیشە پێشەكیەكان لەسەرەتادا ئەنجامدەدا.

چـوارەم: دەروونـی مـرۆڤ وایـە چـاوەڕوانی ئـەو شـتانە دەكـات، كـە دەسـت پێدەكرێت تا بزانێت كۆتاییەكە بە كـوێ دەگـات، هـەر بۆیـەش دەبیـنین (موسـی) كاتێك بە ساحرەكانی فەرموو: ﴿أَلْقُوا مَا أَنتُم مُّلْقُونَ﴾ (یونس: ٨٠). واتـە: ئادەی چیتان هەیە فرێی بدەن و بیخەنە ڕوو! !

جا كە خەڵكی ئەم كارانەی ئەوانیان بینی، چاوەڕوانی كارەكـانی تریـان دەكـرد كە (موسی) ئەنجامی دەدات.

پێنجەم: خوای گەورە چاكترین پـەرتووك و پێغەمبـەرانی دوا خـستوە بـۆ ئـاخیر زەمان، وای كردوە ئەوانەی كۆتـایی دێـن بەسـوودتربێت لەوانـەی یەكـەم، دەبیـنین لەسەرەتادا چەند جـار (جبریـل) بـە پێغەمبـەری فـەرموو (إقـرأ) پێغەمبـەریش ﷺ دەیفەرموو: (وما أنا بقاريء) واتـە: من خوێندەواریم نیە، كەچی خـوای گـەورە لـە

کۆتایدا پێی فەرموو: ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ﴾(المائدة: ٣). واتــە: لـە ئیمـڕۆوە ئاینی ئیسلامم بۆ ئێوە تەواو کرد کە هەموو بوارێکی ژیانی لە خۆ گرتووە.

شەشەم: خوای گەورە لە ئادەمی کۆکردەوە بـەوەی کـە لـە جیهـان هەیە، ئـەو جیهانی گچکەیە، ئەوەشی پێوەیە کە لە جیهانی گەورەدایە.

حەوتەم: ئادەم پوختەی بوونەوەرە، جا بۆیە وا گونجاوە کە دروست کردنـی لـە دوای هەموو دروست کراوەکان بێت.

هەشتەم: لەڕێز لێنانی خوا بۆ ئادەم، ئەوەیە کە هەموو پێویستی و ئاتاجیـەکی ژیانی بۆ فەراهەم هێناوە، کاتێـك ئـادەم سـەری بـەرز کـردەوە بـینی ئەوانـە لـەلای ئامادەنە.

نۆیەم: خوای گەورە دەیویـست فـەزڵ و شـەڕەفی ئـادەم لەسـەر هـەموو دروسـت کراوەکانی تر دەربخات، جا بۆیە چەند شتێکی پێش ئەو دروست کرد، هەر بۆیـەش مەلائیکەتەکان فەرموویان: خوای گەورە هـەر شـتێك حـەز بکـات دروسـتی دەکـات، کەواتە هیچ دروست کراوێك لە ئێمە بەڕێزتر نیە.

کاتێـك خـوای گـەورە ئـادەمی دروسـتکرد، فـەرمانی بـە مەلائیکەتـەکان کـرد سوجدەی ڕێزی بۆ بەرن، بەم شێوە فەزڵ و ڕێزی ئادەم بەسـەر مەلائیکەتـەکان بـە زانـست و زانیـاری دەرکـەوت، کـاتێکیش کـە ئـادەم تووشـی ئـەو گوناهـە بـوو، مەلائیکەتەکان گومانیان وابوو کە بەهۆی ئەم گوناهەوە ئەو ڕێزەی نامێنێت، جا کە تەوبەی کرد و ڕووی کردە پـەروەردگاری، مەلائیکەتـەکان بۆیـان دەرکـەوت کـە لـە دروستکراوەکانی خوای گەورە نهێنی هەیـە جگـە لـە خـۆی کەسـی تـر لـەم نهێنیـە نایزانێت.

دەیەم: خوای گـەورە بـە دروسـتکردنی قەڵـەم، ئـەم جیهانـەی دەسـتپێکرد، بـە دروسـتکردنی مـرۆڤیش کۆتـایی پێهێنـا، چـونکە قەڵـەم ئامرازێکـە بـۆ گـەیشتن بـە زانـست، بـەڵام مرۆڤەکـە زاناکەیـە، هـەر بۆیـەش خـوای گـەورە فـەزڵی ئـادەمی دا بەسەر مەلائیکەتەکان بەهۆی زانستەوە بوو.

بڕوانـە: خـوای گـەورە چـۆن پـێش دابەزانـدنی ئـادەم بـۆ زەوی عـوزری لـێ وەرگرتووە و فەزڵ و ڕێـزی بـۆ مەلائیکەتـەکان ئاشـکرا کـردووە، پـێش بـەدیهێنانی ناوی بردووە کە فەرموویەتی: ﴿إِنِّي جَاعِلٌ فِي ٱلۡأَرۡضِ خَلِيفَةً﴾ (البقرة:٣٠). واتـە: من جێ نشینێك لە زەویدا دروست دەکەم.

بڕوانـە کـە چـۆن نـاوی بـردووە بـە خەلیفـە پـێش دروسـتکردنی، عـوزری لـێ وەرگرتووە پێش دابەزینی، بـەوەی کـە دەری بڕیـوە بـەوەی (في الارض) واتــە: مـن جێ نشینێك لە زەویدا دروست دەکەم.

بەڵێ ئەگەر کەسێك کەسێکی خۆش بووێت عوزری لێ وەردەگرێت پێش ئـەنجام دانی تاوانەکەی، جا کاتێك کـە بـەدیهێنا و وێنـەی کێـشا (٤٠) سـاڵ لەبـەر دەرگـای بەهەشت هێشتیەوە، چونکە حاڵی خۆشەویـست وایـە، کـاتێکیش کـە زەلیلـی کـرد تاکو لەو ڕۆژە لە خۆبایی نەبێت کە سووجدەی بۆ دەبرێت.

(ابلـیس) بـە تەنیـشت لاشـەکەیدا دەڕۆیـشت و زۆری پـێ سـەیر بـوو دەیگـووت: بێگومان دەبێت ئەمە بۆ مەبەستێك دروست کرابێت!

ئینجـا لـە دەمـی دەچـووە ژوورەوە لـە پـشتیەوە دەردەچـوو دەیگـوت: ئەگـەر بەسەرتدا زاڵبم ئەوە بە هیلاکت دەبەم، بەڵام ئەگەر تـۆ بەسـەرمدا زاڵ بـووی ئـەوە بێ فەرمانیت دەکەم، نەشی دەزانی کە لەسەر دەستی ئەودا بە هیلاك دەچێت.

ئیبلیس کە دەیبینـی قـوڕە بەکـەمی دەزانـی، جـا کاتێـك خـوای گـەورە وێنـەی قوڕەکەی کێشا ئیبلیس حەسوودی پێ هات، کە ڕۆحـی بەبـەرا کـرد لـە حەسـوودیا وەخت بوو بمرێت، کاتێکیش بەڕێزی کردو سەربەرزی کرد لـە نـاو مەلائیکەتـەکان و دروستکراوەکانی عەرزکرد، مەلائیکەتەکان ووتیان: خودایە ئەوەنیە ئێمە بـە پاکـت ڕادەگرین و تەسبیحاتت دەکـەین، خـوای گـەورەش فـەرمووی: ئـەوەی مـن دەیـزانم ئێوە نایزانن، دەی ئەگەر دەیزانن ناوی ئەو شتانەم پێ بڵێن؟! جا چونکە هیـچیان پێ نەبوو سەریان شۆرکرد و دانیان هێنا.

هەر بۆیە لە ناو مەلائیکەتەکاندا بانگبێژی ڕێـزی ئـادەم بـەرزبۆوە و فـەرمووی: کڕنۆشـی ڕێـز بـەرن بـۆ ئـادەم، ئینجـا هـەموویان کڕنۆشـی ڕێزیـان بـۆ بـرد، تـەنها (ابلـیس) نـەبێت کـە لـە گۆشـەیەك وەسـتابوو کڕنۆشـی نـە بـرد، چـونکە پیـسە و

پیـسیەکەشی ڕقـەکاری و دەمارگیریەکەیـدا ڕەنگـی داوەتـەوە، پیـسیەکەی پـاك نابێتەوە چونکە تێکەڵ بووە لەگەڵ خودی خۆی، جا کاتێك ئادەم تـەواو دروستکرا گوترا: دەبێت بە کڕنۆش بۆ بردنی بڕازێندرێتەوە، قەدەر وابوو کە گوناهی بەسەردا بێت تاکو شوێنەواری بەندایەتی لە زەلیلی بەدی بکرێت.

ئـەی ئـادەم: ئەگـەر گوێمـان نـەدابا بـەو لوقمـەی کـە خـواردت، ئـەوکات حەسوودەکان دەیانگووت: چۆن ڕێز لـە کەسێك دەگرێت کـە ڕام ناگرێت لەسـەر لوقمەیەك.

ئەی ئادەم: ئەگەر دانەبەزیبای لە بەهەشت ئێستاکە بە ڕێزەوە سەرنەدەکەوتی بۆ بەهەشت، نامـەی قبـوڵ بـوونی دووعاشـت بـۆ نـەدەهات کـە دەڵێـت: (هـل من سائل)واتــە: ئایـا کـەس هەیـە نـزا بکـات نزاکـە قبـوڵ کـەم؟! ئەگـەر دانەبـەزیبای ئەوکات بۆنی دەمی ڕۆژووەوان ئاوا پیرۆز نەدەبوو، ئینجا ڕوون بـۆوە کـە خـواردنی ئەم لوقمەیە لە خراپەی ئادەمەوە نەبووە.

ئەی ئادەم: خۆشی پێکەنینت لە بەهەشت بۆ خۆت بوو، گریان و پەشیمانیشت لە دنیا بۆ ئێمە بوو.

بەردەوام ئەو خواردنەی کە ئادەم خـواردی دووبـارە دەبێتـەوە، بـە جۆرێـك کـە ئەم دەردە نەوەکانیشی گرتۆتەوە، جا بۆیە خوای زانا و میهرەبان لەسـەر دەسـتی پزیـشکانی بوونـەوەر دەرمـانی چارەسـەری بـۆ نـاردوون: ﴿فَإِمَّا يَأۡتِيَنَّكُم مِّنِّي هُدٗى فَمَنِ ٱتَّبَعَ هُدَايَ فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشۡقَىٰ﴾ (طه: ١٢٣). واتـە: ئەگەر هیدایەتی من بۆ ئێوە هات، ئەوەی شوێنی هیدایەتی من بکەوێت، نە گومڕا دەبێـت، نـە ناسۆری دێتە ڕێی.

جـا پزیـشکەکە فـەرمانی پێـدەکات کـە خۆیـان بپـارێزن لـە قەدەغـەکراوەکان، فەرمان پێکراوەکانیش ئەنجام بدەن، جا ئەگـەر وای کـرد ئـەوە سـەلامەت دەبێـت. بـەڵام هـاوار بـۆ ئـەو کەسـەی هێـزی خـۆی ناپارێزیـت و ئـارام لەسـەر دەرمـان و عیلاجەکان ناگرێ، ئەوە بەرەو تیـا چـوون دەچێت، ئەگـەر قـەدەر یارمـەتی بدا و

تۆش پشتیوانی پزیشك بكەی لەوەی كە پارێزگاری خۆت بكەی، ئەوە سەرفراز دەبی، بەڵام ئارەزووات چاوی كوێر كردوون كە وادەزانن تەنها هەر ئەو ئارەزووانە هەیە و هیچی تر.

ئای كە چاو ساغی چەند باشە بۆ مرۆڤ، ناتوانێت كات ژمێرێك ئارام بگرێت، كەچی تەحەمولی بەردەوام زەلیلی دەكات، گەشت دەكا بەرەو ڕووی دنیا كەچی دنیا لەو هەڵدێ، دانیشتوە و گەشت ناكات بەرەو قیامەت كەچی ئەو بەرەو ڕووی دێت.

ئەگەر كەسێكت بینی شتی بە نرخ و نایاب بە شتی بێ كەڵك و بێ نرخ دەگۆڕێتەوە، بزانە ئەو كابرایە گێل و گەمژەیە.

چەند ئامۆژگاریەکی زێڕین

ئادەم چونکە خواناسی ڕاستەقینە بوو، بۆیە خـوای گـەورە بـەهۆی گوناهەکـەی سەرگەردانی نەکرد.

خـوای گـەورە بـە نـەوەی ئـادەم دەفـەرمووێ: ئـەی نـەوەی ئـادەم ئەگـەر بـە گوناهێکی زۆرەوە بە ئەندازەی زەوی بەخزمەتم بگەی، هـیچ هاوبەشـێکت بـۆ بڕیـار نەدابم، ئەوکات منیش پڕ بە زەوی لێبووردنت بۆ ئامادە دەکەم.

کاتێـك خـوای گـەورە دەزانێـت کـە بەنـدە گوناهێـك دەکـات، مەبەستیـشی بـێ فەرمانی ئەو نیە و ڕەخنەی نـەگرتووە لـە حیکمـەتی ئـەو، بـەڵکو هـەواو ئـارەزوات بەسەری زاڵ دەبێ و شەیتان بۆی دەڕازێنێتەوە، ئومێدیشی بـە لێبـووردنی خـواش هەیە.

ئەگـەر ئەنجامـدانی گونـاح نەبایـە ئـەوە ئـادەم لەبـەر لـە خۆبـایبوون لـە بـەین دەچوو.

خۆت سەرقاڵ بکە بە خوا لە دنیا، دوای مردنت تەنها ئەوت بەسە.

سـەیر لـەوە دانیـە هـەژارێك چـاکەکارێکی خۆشـدەوێت، چـونکە چـاکەی لەگـەڵ کردووە، بەڵکو سەیر لەوەدایە چاکەکارەکە هەژارەکەی خۆشدەوێت.

باسی قورئان

قورئان ووتەی خوای گەورەیە، جا خـوای گـەورە ئـەم قورئانـەی بـۆ بەنـدەکانی ڕۆشـن کردۆتـەوە بـە سـیفاتەکانی خـۆی، ئەگـەر بـەدڵێکی ئامـادە و دادپەروەرانـە ووردبوویەوە لە قورئان، ئەوکات دەبینین خـوای گـەورە بـە هەیبـەت و گـەورەیی و شکۆداری خۆی ڕۆشنی دەکاتەوە، ئەوکات ئەو مرۆڤـە ملکـەچ دەکـات و ئـارەزواتی خۆی بۆ دەشکێنێت، خۆبەگەورەزانین لە نـاخی خـۆی ناهێڵێـت، هـەر وەك (خـوێ) چۆن لە ئاودا دەتوێتەوە.

جاری واش هەیە ئەم قورئانە بـە سـیفاتە جـوان و بـێ کـەم وکوڕیەکانی ڕۆشـن دەکاتەوە، ناو و سیفات و کارەکانیەتی کە بەڵگـەن لەسـەر بـێ کـەم و کـوڕی زاتـی خوای گەورە، ئا ئەوکات ئەو مرۆڤە بە گوێرەی ناسینی سیفاتە جـوان و بـێ کـەم و کوڕیەکانی خودا دڵی پڕ دەبێت لە خۆشەویستی ئـەو، ئەگـەر کەسـێکی تـر بیـەوێت ئەم خۆشەویستیە بگۆڕێت بە خۆشەویستی خۆی دڵی ڕازی نابێت.

هەر کاتێکیش قورئانی ڕۆشن کردەوە بە سیفاتی (الرحمة) و (البر) و (اللطـف) و (الاحسان)ی خۆی، هێزی ئومێد لە بەنـدە سـەر هەڵـدەدات و ئومێـدی بـەخوا پتـەو دەبێت، تەماعی بۆ پەیادەبێت و ڕوو دەکاتە پەروەردگاری، جا ئەگەر مرۆڤ ئومێدی بۆ شتێك پەیدابوو کاری بۆ دەکات، هەر وەك جوتیار ئەگەر چاوی لە بەروبوومێکی زۆر بێت ئومێدی پێ بێت زەویەکەی چاك دەکێڵێت و خۆی پێ ماندو دەکات، بەڵام ئەگەر بێ ئومێد بێ لە زەویەکەی لە کێلانی کەمتەرخەمی دەکات.

هـەر کـاتێکیش قورئـانی ڕۆشـن کـردەوە بـە سـیفاتی دادپـەروەری و تۆڵـە لێسەندنەوە و سزادانی بەنـدە بـە تـوڕەیی خـۆی، ئـەوە نەفـسی سـەرکەش ملکـەچ دەبێت و سڵ دەکـات و پـشت هەڵـدەکات لـە ئـاروەزوات و گەمـەو گاڵتـە و حـەرام، جڵەوی نەفسی خۆی دەگرێ و ترس و بیم دایدەگرێت.

هەر کاتێکیش قورئانی ڕۆشن کردەوە بە فەرمان و قەدەغەکردن و پەیمان و ئامۆژگاری و ناردنی پێغەمبەران و کتێب و شەرع، هێزی گوێرایەڵی و ئامۆژگاری و بیرخستنەوە و بەڕاست زانین و ملکەچی و خۆ پاراستن لە قەدەغەکراوەکان لە مرۆڤدا سەرهەڵدەدات.

هەرکاتێکیش قورئانی ڕۆشن کردەوە بە باسکردنی سیفاتی بیستن و بینین و زانستی خۆی، ئەوکات هێزی شەرم لە بەندەدا سەر هەڵدەدات، کە شەرم دەکات خوای گەورە لەسەر شتێك ببینێت کە ئەو شتە حەرام بێت، شەرم دەکات خوای گەورە شتێکی لێ ببیستێ شتەکە حەرام بێت، دەترسێت لەو شتانەی کە لەدڵیدا پەنهانی داوە نەکات خوای گەورە سزای بدات، تاوەکو وای لێدێت هەموو جوولە و کارو کردەوەو گوفتارەکانی بە پێی شەرع دەبێت.

هەر کاتێك خوای گەورە قورئانی ڕۆشن کردەوە بەوەی هەلسوڕێنەری کاروباری خەڵکیە و ڕۆزیان دەدات و زیانیان لێ بە دوور دەخاتەوە و دۆستانی خۆی سەر دێخێت و دەیانپارێزێت و لەگەڵیاندایە، مرۆڤ کە ئەمەی بۆ ڕۆشن بۆوە تەوەکولی بە خوا دەبێت و ڕووی تێدەکات و بە هەموو کاروو بارەکانی خوا ڕازی دەبێت.

(التوکل) واتە: بەندە بێ دەسەڵاتی خۆی دەردەبڕێت بەرانبەر بە خوا و ڕازی دەبێت بەو کارانەی کە خوا بۆی هەڵبژاردووە.

هەر کاتێکیش سیفاتی (العز) و (الکبریاء) بۆ مرۆڤ ڕۆشن بۆوە، ئەوکات ئەو مرۆڤە دڵی ئارام دەگرێ و ملکەچ دەبێت بۆ گەورەی خوا و خۆی بەکەم دەزانێت بەرانبەر بە (الکبریاء)ی خوا و دڵ و هەموو ئەندامەکانی لاشەی ملکەچی خوا دەکەن، ئەوکاتیش شلەژان وترس و پەشۆکانی لە دڵدا نامێنێت، بەڵکودڵ و زمان و هەموو ئەندامەکانی تریشی ئارام و ئاسوودەی دایدەگرێت.

کۆی ئەوانە بگووترێ ئەوەیە:

مرۆڤ بە سیفاتی (الالوهیة)ە خوا دەناسێت یان بە سیفاتی (الربوبیة)ە خوا دەناسێت، مرۆڤ لە ڕێگەی ناسینی سیفاتی (الالوهیة) خۆشەویستی خوای لە دڵ دەچەسپێت، بە جۆرێك تامەزرۆی ئەوە دەبێت بە خزمەتی بکات، هۆگر و دڵخۆش

دەبێت بە بەندایەتی کردنی خوا، پەلە دەکات و پێشبرکێ دەکات بۆ ئەوەی نزیک بێتەوە لە خوا، بەندایەتی زۆر دەکات تاکو خۆشەویست بێت لە لای خودا، بەردەوام وێرد و یادی خوای لەسەر زماندایە لە خەڵکی هەڵدێت ڕوو دەکاتە خوا، هەموو مرازی دەبێتە ڕەزامەندی خوای گەورە.

لە ڕێگای ناسینی سیفاتی (الربوبية)ش مرۆڤ تەوەکولی لە دڵدا دەچەسپێت و ڕوو لە خوا دەکات و داوای یارمەتی لەو دەکات و هەر ملکەچی ئەو دەبێت، بێگومان مرۆڤ دەبێت (الربوبية)ی خوا لە (الالوهية)ی خوا بەدی بکات، (الالوهية)ی خواش لە (الربوبية)ی خوا بەدی بکات، واتە: کە (الربوبية)ی بۆ ڕۆشن بۆوە ملکەچی (الالوهية)یەش بێت، سوپاس و ستایشی خوا لە مولکی خوا بەدی بکات، عیزەتی خوا لە لێبووردنی خوا بەدی بکات، حیکمەتی خوا لە (قضاء و قدر)ی خوا بەدی بکات، نیعمەتی خوا لە تاقیکردنەوەکانی خوا کە بەسەری دێنێت بەدی بکات، بەخششی خوا لەو شتانە بەدی بکات کە لێی قەدەغە کردووە، چاکە و لوتف و ڕەحمەتی خوا لە هەڵسوڕێنەری کارەکانی خوا بەدی بکات، بەزەیی و چاکەی خوا لە لێخۆش بوونی خوا بەدی بکات.

بەڕاستی ئەگەر وردبینەوە ئەوە لە فەرمان و قەدەغەکراوەکانی خوا بەخشش و حیکمەتی خوا بەدی دەکرێت، لە ڕەزامەندی و تووڕەیی خوا عیزەتی خوا بەدی دەکرێت، ئارامی خوا لە پەلەنەکردن لە زادانی بەندەکانی بەدی دەکرێت، بەزەیی و بەخششی خوا لە وەرگرتنی نزای بەندەکانیدا بەدی دەکرێت، دەوڵەمەندی خوا لەوە بەدی دەکرێت کە ئاتاجی کەس نیە.

بەڵێ: ئەگەر بەدڵێکی ئامادە و دادپەروەرانە وورد بوویەوە لە قورئان، ئەوکات بۆت ڕۆشن دەبێتەوە کە پادشایەك هەیە هەڵسوڕێنەری هەموو جیهانە و لەسەروی هەموو ئاسمانەکان دایە لەسەر (عرش)ی خۆی دەسەڵاتدارە و جێگیرە، کاروباری بەندەکانی بەڕێوە دەبات، فەرمان دەدا و قەدەغەدەکات، پێغەمبەران ڕەوانە دەکات، پەیام ڕەوانە دەکات، لەو کەسە ڕازی دەبێت کە چاکەسازە، لەو کەسەش

تووڕە دەبێت کە بەدکارە، بەپێی کاری بەندەکانی پاداشت و سزایان دەداتەوە، دەبەخشێ و دەگرێتەوە، مرۆڤ بە عیزەت دەکا یان زەلیلی دەکات، بەندەکانی بەرز و نزم دەکا، لەسەروی هەر حەوت ئاسمانەکانەوە دەبیستێ، زانایە بەهەموو کارێکی پەنهان و ئاشکرادا، چی بوێت ئەنجامی دەدات، دوورە لە هەموو کەم و کوریەك هیچ شتێك جوولە ناکات تاکو گەردیلەیەکیش بێت مەگەر بە فەرمانی ئەو نەبێت، هەر گەڵایەك لە درەختێکەوە لێبێتەوە خوا بە ئاگایە لێی، هیچ شتێك سوود نابەخشێ و توانای سوودی نیە مەگەر بە فەرمانی ئەو نەبێت.

کۆچکردنی پێغەمبەر بۆ مەدینە

پێغەمبەرﷺ کە بەیعەتی لە (أهل العقبة) وەرگرت فەرمانی بە هاوەڵەکانیدا کۆچ بکەن بۆ (مدینة)ە، جا (قریش) کە بەمەیان زانی و زانیان کە پێغەمبـەر و هـاوەڵانی زۆر بوونە و لەمەودوا دەیپارێزن و پـشتگیری لـیٚ دەکـەن، بـەم بۆنەیـەوە کەوتنـە بیرکردنەوە بۆ چارەسەری ئەم کارە کە وەك كۆسپێك بوو لـە ناودڵیانـدا، ئـەوەبوو هێندێکیان وایان بە چاك دەزانی بەند بکرێت، هێندێکی تـر بـە چـاکیان دەزانـی لـە (مکة) دەربکرێت، بەڵام پاشان لەسەر ئەوە کۆك بوون کە بکوژرێت.

بۆیە لەئاسمانەوە ئەم هەواڵە درا بە پێغەمبەر و فەرمانی پێکرا کە جێگای خـۆی جێبێلێـت، ئـەوەبوو لەگـەڵ (ابـو بکـر) کەوتنــە ڕیٚ بـۆ(مدینــة)، جـا کاتێـك دوور کەوتنەوە لە (مکة) (ابو بکر) ترسـی لێـی نیشت، چـونکە دەترسـا لـە پێـشەوە بـۆ پێغەمبەرﷺبێن، بۆیە پێشی دەکەوت.. دەترسا لە پـشتەوە بێن بۆیـە لـە پـشتی دەڕۆی.. بــەم شــێوەیە دەچــوە لای ڕاســت و لای چــەپی تــاکو گەیــشتنە ئەشکەوتەکە.

کە گەیشتنە ئەشکەوتەکە (ابو بکر) پـێش پێغەمبـەرﷺ چـووە ژوورەوە، تـا چ شتێکی ترسناکی تیابێت ئەو تووش بێت نەك پێغەمبەر، خوای گەورەش درختێکـی لە وێدا بۆ ڕواندن کە پێشتر لەوێدا نەبوو تاکو ببێت بەسێبەر بۆ ئـەوان و ڕێگـاش لـە دووژمنەکانیان وون بکـات، جـاڵ جاڵۆکـەێکیش هـات لەسـەر کـونی ئەشـکەوتەکەدا هێلانــەی خــۆی دروســتکرد، خــوای گــەورەش دوو کــۆتری نــارد لەســەر کــونی ئەشــکەوتەکە هێلانــەیان دامەزرانــد، تــاکو چــاوی ئــەو دوژمنانــە کــوێر بکــات کــە لەدوایاندا دەگەڕێن، ئەمە (معجزة)ی تیایە کە بەم سەربازە بـیٚ هێزانـە بـەرگری لـە دۆستانی خۆی دەکات، ئەو دووژمنانەی بە دوایـان کـەوتبون، هاتنـە سـەر دەرگـای ئەشکەوتەکە بە جۆرێکی ئاوا نزیك بوونەوە کە پێغەمبەر و (ابـو بکـر) گـویٚ بیـستی دەنگیان بوون، بۆیە (ابو بکـر) تـرس لـیٚ نیـشت و گـووتی: ئـەی پێغەمبـەری خـوا

ئەگەر بێتو سەیری ژێر پێیـان بکـەن ئێمـە دەبیـنن، پێغەمبـەریشﷺ دەیفـەرموو: ((ئەی (ابو بکر) گومانت چییە بە دوو کەس کە خوا سێیەمیانە؟)).

جا پێغەمبەرﷺ بـینی (ابـو بکـر) زۆر پەرێشانە، ئـەوەش لەبـەر خـۆی نـەبوو، بەڵکو لەبەر پێغەمبەری بوو، بۆیە پێغەمبەرﷺ دڵـی دەدایـەوە بـەم مژدەیـە: ﴿لَا تَحْـزَنْ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَنَـا ﴾ (التوبة: ٤٠). واتـە: ئـەی ـ ابـو بکـر ـ دڵگیر مەبـە خـوا لەگەڵمانە.

کاتێك پێغەمبەرﷺ پێی دەفەرموێ: ئێمە پێکـەوەین، بۆمـان دەردەکـەوێت کـە (ابو بکر) بەڕاستی پێکەوە بووە بە مانای کەلیمە، بەوەی دەبینین بە پێغەمبەرﷺ گـوتراوە (رسـول الله)، بـە (ابـو بکـر)یـش گـوتراوە (صـاحب رسـول الله)، کـە پێغەمبەرﷺ وەفاتیشی کرد، بە (ابو بکر)یان دەگوت: (خلیفة رسول الله) ــ هـەر پێکەوە بوو لەگەڵیدا ــ بەڵام کاتێك (ابو بکر) وەفاتی کرد بـە کەسـی تـر نـەگووترا (خلیفة رسول الله) بەڵکو دەگووترا: (امیر المؤمنین).

بـەم شـێوەیە سـێ ڕۆژان لـە ئەشـکەوتەکەدا مانـەوە، پاشـان لـە ئەشـکەوتەکە دەرچوون و ڕێیان گرتە بەر بۆ (مدینة)ە، (قضاء و قـدر)ی خـواش بـە زمـانی حـاڵ دەیگووت: بێگومان بەشێوەیەکی ئاوا دەچیە (مدینة) کە نە پـێش تـۆ نـە دوای تـۆ کەس بەم شێوەیە نەچۆتە (مدینة)ە، ئینجا کە دەڕۆیشتن بـۆ (مدینـة)، لـە ڕێگـادا (سراقة)ە پێیان گەیشت، پێغەمبەرﷺ بینی وا (سراقة) خەریکـە دەیانگـاتێ، نـزای کرد کە خـوا ڕزگاریـان بکـات، بۆیـە هـەردوو پێـی ئەسـپەکەی (سـراقة) بـە زەویـدا چەقی، (سراقة)ە کەزانی ئەمە نهێنیەکی تیایە ناتوانێت دەستیان بەسەردا بگرێـت، پێی گووتن: پارە و خۆراکتان ناوێت؟

پێغەمبەرﷺ پارەی (سراقة)ی بۆ چیە لە کاتێکدا بە کۆڵ پارەی پێشکەش کـرا ڕەتی کردەوە، ئەی خۆراکی بۆ چیە لە کاتێکدا بـۆ خـۆی دەیفـەرموو: ((أبیـت عنـد ربي یطعمني و یسقیني))[١]. واتـە: من پەروەردگارم خواردن و خواردنەوەم دەدات.

(١) صحیح: رواه البخاري و مسلم.

بەڵێ: دیاری ئەم پێکەوەبوونە تەنها بە (ابو بکر) بەخشرا بوو بە کەسی تر نەبەخشرابوو، بڕوانە: (ابو بکر) دووەم کەس بوو کە موسڵمان بوو، دووەم کەسیش بوو دوای پێغەمبەرﷺ نەفسی خۆی بەخشی بە ئیسلام، لە زهد و تقوادا، دووەم کەسیش بووە لە دۆستایەتی کردنی پێغەمبەرﷺ، دووەم کەسیش بووە لە هەڵسوڕاندنی کاری موسڵمانان[(١)]، دووەم کەسیش بووە دوای پێغەمبەرﷺ بووە بە مشوورگێڕ، لە تەمەن دووەم کەس بووە بە تەمەنی پێغەمبەر بچێت، لە هۆی مردنی دووەم کەس بووە بەو هۆیەوە بمرێت کە پێغەمبەرﷺ پێی مرد، چونکە ئەو هۆیەی پێغەمبەرﷺ پێی وەفاتی کرد کاریگەری ژەهرەکە بوو (ابو بکر)یش هۆی وەفاتی ژەهر بوو[(٢)].

(ابو بکر) کاتێك کە موسڵمان بوو چل هەزار درهەمی هەبوو هەر هەمووی لە پێناوی خوا بەخشی، لە کاتێکدا کە موسڵمانان زۆر ئاتاج بوون، بۆیە پێغەمبەرﷺ دەیفەرموو: ((مانفعني مال، ما تفعني مال ابي بكر)) واتە: ماڵ و دارایی کەس وەکو ماڵ و دارایی (ابو بکر) بە فریام نەکەوت.

بەڕاستی فەزڵی (ابو بکر) زیاتر بوو لە فەزڵی بڕوادارنی ئەهلی فرعون، چونکە ئەهلی فرعون ئیمانی خۆیان دەرنەدەخست لە ترسان، بەڵام (ابو بکر) ئیمانی ڕاگەیاند و ئاشکرایکرد، فەزڵی (ابو بکر) زیاتر بوو لە فەزڵی بڕوادارنی ئەهلی یاسر، چونکە ئەهلی یاسر سەعاتێك جەنگان کەچی (ابو بکر) چەندین ساڵ جەنگا، هەر (ابو بکر)بوو کاتێك گوێ بیستی بانگەوازی: ﴿مَّن ذَا ٱلَّذِى يُقْرِضُ ٱللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا﴾ (البقرة: ٢٤٥) بوو، وەڵامی دایەوەو ماڵی بەخشی، بۆیە شیاو بوو، بەم هەمو مەدح و ستایشە﴿وَسَيُجَنَّبُهَا ٱلْأَتْقَى ﴿١٧﴾ ٱلَّذِى يُؤْتِى مَالَهُۥ يَتَزَكَّىٰ ﴿١٨﴾﴾(الليل: ١٧ ـ ١٨).

---

(١) پێغەمبەرﷺ یەکەم کەس بووە کە کاری موسڵمانانی هەڵسوڕاندووە، دوای ئەو ابو بکر بووە، کە دەکات دووەم کەس بووە لە هەڵسوڕاندنی کاری موسڵمانان.

(٢) ئیمامی (الطبری) لە مێژووەکەی خۆیدا دەفەرموێ: دەڵێن هۆی مردنی ابو بکر ئەوەبوو کە جوولەکە ژەهریان بۆ کردۆتە ناو خواردنەکەی... ئەوەبوو ساڵێك بەو ژەهرەوە ناڵاندی دوای ساڵەکە وەفاتی کرد.

چەندین ئایەت و حەدیس باسی فـەزڵی (ابـو بکـر) دەکـات، (مهـاجر) و (أنـصار) هەموو پەیمانیان دایە (ابو بکر) لەسەر (خلافة).. جا ئەی ئـەو کەسـانەی ڕقتـان لـە (ابو بکر)ە هەرکاتێك ناوی دێت دڵتان پڕ دەبێت لە ئاگر، هـەر کاتێـك باسـی فـەزڵی (ابو بکر) دەکرێت ئەوان گەمژەتر دەبن و لە خەفەتان بچوکتردەبنەوە، ئایا شیعەی بێ بڕاو کە جنێو بەو زاتە پاکە دەدەن ئەم ئایەتـەیان نەبیـستووە: ﴿ثَانِيَ ٱثۡنَيۡنِ إِذۡ هُمَا فِي ٱلۡغَارِ﴾ (التوبة:٤٠)

ئەو پیاوە بەڕێزە کاتێك پێغەمبەرﷺ داوای لێ کرد موسڵمان بێت بـێ مـشتومڕ وەڵامی دایەوە و موسڵمان بوو، ڕێگای گرتە بەر بێ سڵ کردن، ئارامی گـرت لەسـەر ئەو ناخۆشیانەی بەسەریدا دەهات، ماڵی خۆی بەخشی بەبێ ترس.

کێ هاوڕێی پێغەمبەر بوو لـە گەنجایـەتی؟ کـێ بـوو یەکـەم کـەس لـە هـاوەڵانی پێغەمبەرﷺ کە ئیمانی هێنا؟ کێ بوو لـە (مجلس)دا کـە پێغەمبـەرﷺ پرسیاری دەکـرد یەکـەم کـەس وەڵامـی دەدایـەوە؟ کـێ بـوو یەکـەم کـەس نوێـژی لەگـەڵ پێغەمبەرﷺ کرد؟ کێ بوو دواین نوێژی لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ بـوو؟ کـێ بـوو دوای مردنیش لە ناو گڵ لەگەڵیدا ڕاکشابوو؟ کەوابوو دراوسێی ڕاستەقینە بناسن.

(ابو بکر) ئەو پیاوە بوو کە بەرەنگاری هەڵگەڕاوەکان بۆوە لـە ڕۆژی (الـردة)دا، هەر کەسێك (ابـو بکـر)ی خـۆش بوێـت، بـە باسـکردنی فـەزڵی (ابـو بکـر) دڵخـۆش دەبێـت، کەسـێکیش ڕقـی لێ بێتـەوە کـە باسـی بکرێـت دڵ تـەنگ دەبێـت وەکـو شیعەکان کە بەوان بێت لەو کۆڕەی باسی (ابو بکر)ی لێ دەکرێت هـەڵێن، بـەڵام بـۆ کوێ دەڕۆن، کە باسی فەزڵی (ابو بکر)ی لێ نـەکرێت؟ (ابـو بکـر) بـە مـاڵ و نـەفس بەرگری لە پێغەمبەرﷺ دەکرد، (ابو بکر) لە ژیانیدا هەردەم لەگەڵ پێغەمبـەرﷺ دابووە، کاتێك کە مردیش هەر لە تەنیشت گۆڕی ئەودا نێژرا و لەگەڵ ئەو دابوو، بـە ڕاستی فەزڵ و گەورەیی (ابو بکر) گەلێك زۆرە.

بەڵام سەیر لەوە دایە! ئەو کەسەی کە چاوی بە خۆر هەڵنایەت دەیـەوێت بـەری خۆر بە بێژینگ بگرێت.

کاتێـك چـوونە نـاو ئەشـکەوتەکە (ابـو بکـر)ﷺ ترسـی لـێ نیـشتبوو نـەوەك پێغەمبـەرﷺ شـتێکی بەسـەرا بێـت، بۆیـە پێغەمبـەرﷺ پـێـی دەفـەرموو: (چ گومانێك دەبەیت بە دوو کەس کە خوا سێ یەمیانە).

کە(ابو بکر) زانی ئەمە وەحیە دڵی ئارام بۆوە، بانگی سەر کـەوتنیش لـە هـەموو شارێکا بڵاو بۆوە (ثانی اثنین اذهما في الغار).

سوێند بەخوا خۆشویستنی (ابو بکر)ﷺ شتێکی پاك و چاکە، ڕق لێبوونەوەشـی شـتێکی گەنـدەڵ و خراپـە، چـونکە (ابـو بکـر)ﷺ بـەڕێزترین و چـاکترین هـاوەڵی پێغەمبەری خوا بووە، بەڵگەش لەسەر ئەمە زۆرە.

سوێند بە خوا کە (ابو بکر)مان خۆش دەوێت لەبەر هەواو ئارەزووی خۆمان نیە، هاوەلانی تریش بەکەم نازانین، ئەوەی ئیمامی (علي) دەربـارەی فـەزڵی (ابـو بکـر) دەڵێت بەسمانە کە دەیفەرموو: (رَضيَك رسول الله لديننا، افلا نرضاك لدنيانا) واتـە: پێغەمبـەرﷺ ڕازی بـوو بـە کـاری دینـت بەسـەرمانا، ئایا ئێمـە چـۆن ڕازی نـابین بەکاری دنیات، مەبەستی ڕازیبوونە بە خەلیفاتیەکەی.

چەند ئامۆژگاریەکی زێرین

⦿ خۆت بپارێزە لەو کەسەی کە دژایەتی ئـەو کەسـانە دەکـەن پەیوەسـتن بـە قورئان و سوونەتەوە، نەوەکو تۆش بە ئاگری ئەوان بسوتێی.

⦿ ئاگاداری دوو دوژمن بە کە زۆرێك لە خەڵکی پێی بە هیلاك چوونە:

یەکەم: ئەو کەسەی خەڵکی دوور دەخاتەوە لە ڕێبازی خوا بـە گومـان و قـسەی سەرقۆزی بن ئالۆز.

دووەم: ئەو کەسەش کە فریوی خواردوە بە دنیا و ناوبانگ دەسەڵاتەوە.

⦿ هەموو هێزێکی مرۆڤ تام و چێژی خۆی لێ وەردەگیرێت، هێزی جووت بـوون تام و چێژ لە جووت بوون وەردەگیرێت، هێزی تورەیی تـام و چـێژ لـە بـەکارهێنانی ئەو تورەییە وەردەگیرێت، هێزی خواردن و خواردنەوە تام و چـێژ لـە بـەکارهێنانی ئەم دوانە وەردەگیرێت، هێزی زانست تام و چێژ لە وەرگرتنی زانست وەردەگیرێـت، هێزی خۆشەویستی تام و چێژ لە خۆشەویستی خوا وەردەگیرێت، هێزی پەشـیمانی تام و چێژ لە گەڕانەوە بۆ لای خوا وەردەگیرێـت، هێـزی هـۆگری و ئیـشتیاق تـام و چێژ بە هۆگری لەگەڵ خوا و ئیشتیاق بۆ خوا وەردەگیردرێت، هەموو تـام و چـێژێك جگە لەمە بڕاوەیە.

⦿ ئاگاداری (فراسة)ی مرۆڤی بە تـەقوابە، چونکە ئەو مرۆڤە کارو کردەوەکانـت لەو دیوی پەردەوە دەبینێت، پێغەمبەرﷺ دەفـەرموێت: ((اتقوا فراسة المؤمن، فانـه ینظر بنور الله))[1]، واتـە: خۆت بپارێزە لە (فراسە)ی بڕوادار، چونکە ئـەو بـە نـوری خوا دەڕوانێت.

(١) رواه الترمذی (٣١٢٥) لە سەنەدەکەیدا (عطیة العوفلی) هەیە کە بە (ضعیف) ناو دەبرێت.

◉ سبحان الله، نەفسی مرۆڤ (كبر)ی (إبليس)ی تیایە، حەسوودی (قابیل)ی تیایە، سەرکەشی (عاد)ی تیایە، توغیانی (ثمود)ی تیایە، جورئەتی (نمرود)ی تیایە، خۆ بەگەورەزانی (فرعون)ی تیایە، فیز و لەخۆبایی (قارون)ی تیایە، فرتوفێڵی (اصحاب السبت)ی تیایە، سەرکەشی (الوليد)ی کوڕی (المغيرة)ی تیایە، نەفامی (ابي جهل)ی تیایە، نەفسی مرۆڤ ڕەوشتی ئاژەڵی هەیە، سووربوونی قەڵڕەشی هەیە، خراپەی سەگی هەیە، هەڵەشەی تاوسی هەیە، سوکی و کەمی خلێتکەی هەیە، سپلەی مارمێلکەی هەیە، ڕقی حوشتری هەیە، خۆماتکردنی پلنگی هەیە، پەلاماری شێری هەیە، دەرپەڕینی مشکی هەیە، گەندەڵی ماری هەیە، تڕوهاتی مەیمونی هەیە، تەماعی مێرولەی هەیە، فڕوفێڵی ڕێوی هەیە، نهێنی و پەنهانی پەپوولەی هەیە، خەوی کەمتیاری هەیە.

کەچی ئەم ڕەوشتە قێزەوەنانە هەر هەمووی بە تەزکیە پاك دەبێتەوە و نامێنێت، بەڵام هەر کەسێك خۆی پاك نەکردەوە لەم ڕەوشتانە، ئەوە کەل و پەلەکەی شیاوی کڕین نیە: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ ٱشْتَرَىٰ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ﴾ (التوبة: ١١١) واتە: خوای گەورە نەفسی ئیمانداراني کڕیوە. کەواتە خوای گەورە هیچ کردەوەیەك ناکرێت، ئەگەر بە ئیمان پاك نەکرابێتەوە و وازی لەو کردەوە قێزەوەنانە نەهێنابێت و ڕووی نەکردبێتە شاری تەوبەکاران و خواناسان.

◉ کەل و پەلی فرۆشراو تەسلیمی خاوەنەکەی بکە نەوەك لە دەستت شتێکی لێ بێت، جا ئەوکات خاوەنەکەی وەری نەگرێت.

◉ قیمەتی کەل و پەل بە کڕیار و ئەو پارەی پێی دەکڕێت و ئەوەی بانگی بۆ دەکات دەردەکەوێت، ئەگەر کڕیارەکە گەورە و بەڕێز بوو، پارەکەشی بەقیمەت بوو، بانگکەرەکەش شکۆدار بوو، ئەوە دیارە کەل و پەلەکە زۆر بە نرخە.

◉ ئەی ئەو کەسەی خۆت بەلێزان دەزانیت، ئایا نەفسی خۆت ناسیوە؟ دەزانی چەند بەڕێزی، بزانە ئەم بوونەوەرە هەر هەمووی بۆ تۆ فەراهەم هێندراوە.

◉ ئەی ئەو کەسەی کە خوای گەورە بە چاکە و بە سۆز پێی گەیاندووی، بزانە هەموو شتێك وەك درەخت وایە تۆش بەرەکەی، ئەو شتانە هەمووی وەك وێنە وان

تۆش واتاکانی بیت، ئەو شتانە هەمووی وەك پۆخڵەواتی گەوهەرات وایە تۆش گەوهەرەکەی بیت، ئەوشتانە هەمووی وەك دۆ وایە تۆش ئەو ڕۆنەی بیت کە لێی وەرگیراوە.

◉ ئەی مرۆڤ لە کوێ بوویت هانام بۆ ببە من لێت نزیکم وەڵامت دەدەمەوە، کەواتە بە خاتری کەسانێك هانا بۆ من مەبە، چونکە من لەو کەسەی بە خاتری ئەو هانام بۆ دێنی نزیك ترم.

◉ ئەگەر ڕێزی خۆت لای ئێمە بزانیبایە هەرگیز سوکت نەدەکرد بە گوناه و تاوان ئەی ـ بیرت نایەت ـ کە (ابلیس)مان لە رەحمەتی خۆمان دەرکرد لەبەر ئەوەی ڕێزی تۆی نەگرت و سوجدەی بۆ تۆ نەبرد، تۆش ئەوکات لە پشتی باوکت ئادەم بووی، زۆر سەیرە کەچی تۆ ئێستا لەگەڵ (ابلیس) بووی بە دۆست و پشتت لە ئێمە کردوە، واللە سەیرە ! ئەگەر بێتوو خۆشەویستی ئێمە لە دڵتدا بایا ئەوە لەسەر جەستەت دەدرەوشایەوە.

◉ ئەگەر خۆشەویستیەکەت ڕاست بایە بۆ خوا، تێکەڵی ئەو کەسانە نەدەبوویت کە باسی خۆشەویستەکەت بۆ ناکەن و بە بیرت ناهێننەوە ـ کە خوایە ـ سەیر لەو کەسانەدایە کە دەڵێن: خوامان خۆش دەوێت، کەچی خوایان لەبیر نیە پێویستیان بە خەڵکی ترە خوایان بیرخەنەوە، خوای بیر ناکەوێتەوە مەگەر کەسێك بۆی باس نەکات، چونکە نزمترین پلەی خۆشەویستی ئەوەیە کە خۆشەویستیەکەت لە یاد بێت.

◉ ئەگەر کەسێك بیەوێت بڕوات بۆ بینینی خۆشەویستەکەی سەربازەکانی لەگەڵیدا دەڕۆن، جا خۆشویستن لە پێشەوەی هەموو سەربازەکانەوەدا دەڕوات، ئومێدیش بەدەورەیدا دەسوڕێت، تامەزرۆی بینینیشی لێی دەخورێت، ترسیش کۆی دەکاتەوە لەسەر ڕێگادا، کاتێکیش گەیشتە دەرگای شار دڵدارەکە پێشی دەکەوێت بۆ بینینی خۆشەویستەکەی.

◉ تۆ سەگەکەت فێری ڕاو کردووە، ئەو سەگە وا فێرکراوە کاتێك نێچیرێکت بۆ ڕاو دەکات، ئارەزووی خۆی لێ دەگرێتەوە و هیچی لێ ناخوات، چونکە

نیعمەتەکانی تۆی لە پێش چاوە دەترسیّ سزای بدەی، کەچی تۆ مامۆستای ئایینی پێت دەڵێت: ڕوو مەکە حەرام و واز لە ئارەزوات بێنە، بەڵام تۆ بە گوێی ناکەی.

◉ سەگی فێرنەکراو ئەگەر نێچیرێك ڕاو بکات بۆ خۆی ئەوە خواردنی نێـچیرەکە حەرامە، کەواتە کاری مرۆڤی نەفام کە بۆ ئارەزووی نەفسی خۆی دەیکات بەهـەمان شێوەیە.

◉ ئەی مـرۆڤ تـۆ عـەقلی مەلائیکـەتت هەیـە، ئـارەزووی ئاژەڵـت هەیە، هـەوای شەیتانت هەیـە، جـا دەتـوانی بەسـەر ئـەم سـیانە زاڵ بیـت: ئەگـەر بەسـەر هـەوا و ئارەزوواتدا زاڵ بوویت، ئەوە دەگەیتە پلەی مەلائیکەت، ئەگـەر هـەواو ئـارەزوو زاڵ بوو بەسەرتدا، ئەوە دەگەیتە پلەی سەگ.

◉ ئەگەر سـەگی فێرکـرا و نێـچیرێك ڕاو بکـات بـۆ خاوەنەکـەی ئـەوە خـواردنی نێچیرەکە حەڵاڵە، بەڵام ئەگەر نێچیرێك ڕاو بکات بۆ خۆی ئەوە خـواردنی نێـچیرەکە حەرامە.

باسی بڕوادار و بێ بڕوا

خوای گەورە دەفـەرمووێ: ﴿وَكَانَ ٱلْكَافِرُ عَلَىٰ رَبِّهِۦ ظَهِيرًا﴾(الفرقان: ٥٥)، واتــە: بەڕاستی مرۆڤی کافر بەردەوام دژ بەخوا دەوەستێت.

ئەمــە جـوانترین شـێوازی دەربڕینــە کــە قورئــان دەریـدەبڕێت و مانـای لێـك دەداتـەوە، بێگومـان ئیمانـدار بـەردەوام لەگـەڵ خـوای گەورەیـە و دژ بـە نـەفس و ئارەزوات و شەیتان و دووژمنانی پەروەردگاریدا دەوەستێت، ئەمە مانای ئەوەیە کە حزبی خوایە و سەرباز و دۆستی خوایە.

کە بە پاڵپشتی خوای گەورە دژایەتی دووژمنی دەرەوە و نـاخی خـۆی دەکـات و دەجـەنگێت، هـەر وەك چۆن ئەوانـەی دۆسـتی پادشـان پاڵپـشتی لـە پادشـاکەیان دەکەن و لە دژی دووژمنەکانی دەجەنگن.

بەڵام مرۆڤی کـافر بـە پاڵپـشتی شـەیتان و نەفـسی خـۆی دژایـەتی پـەروەردگار دەکـات، هـەر بۆیـەش دەبیـنین ووتـەی پێـشینانی چـاکمان لـەم بارەیـەوە زۆرە و پەنگی داوەتەوە (ابـن ابـي حـاتم) لـە (عطـاء)ی کـوری (دینـا) و (سـعید) ی کـوری (جبیر) دەگێڕێتەوە دەفەرمووێ: (وَكَانَ الْكَافِرِ عَلَى رَبِهِ ظَهِيراً) واتــە: بـە دۆسـتانی شەیتان دژایەتی خوا دەکات و هاوبەشی بۆ بڕیار دەدات.

(الليـث)یـش لــە بـارەی تەفـسیری ئــەم ئایەتــەدا لــە (مجاهـد) دەگێڕێتــەوە دەفەرمووێ: واتە، شەیتان پاڵپشتی مرۆڤ دەکات لەسەر بێ فەرمانی خوا.

(زیـد)ی کـوری (اسـلم)یـش دەفـەرمووێ: (ظهـیرا) بـە واتـای (موالیـــاً)نـە واتـە: شەیتان دووژمنانی خوا جۆش دەدات تاکو بێ فـەرمانی خـوا بکـەن و هاوبەشـی بـۆ بڕیار بدەن، پاڵپشتیان دەکات تاکو خوا لە خۆیان تووڕە بکەن.

مرۆڤی بـڕوادار بـۆ ئەنجامـدانی کـاری چـاك بـە پاڵپـشتی خـوا ئـەنجامی دەدات،

کەچی مرۆڤی کافر و فاجر کارەکانی بە پاڵپشتی شەیتان و ئارەزوواتی خۆی ئەنجامی دەدات، جا بۆیە سەرەتای ئایەتەکە بەم شێوە دەستی پێ کردووە: ﴿وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُهُمْ وَلَا يَضُرُّهُمْ﴾(الفرقان: ٥٥)، واتە: کافران لە جیاتی خوای گەورە شتێك دەپەرستن نە سوودیان پێدەگەیەنێت نە زیان.

بێ بڕواکان بە پێچەوانەی دۆستانی خوا کە خوای گەورە پاڵپشتیان دەکات لەسەر دژایەتی کردنی شەیتان و هەواو ئارەزووی خۆیان، ئەم مانا جوانە گەوهەرایەتی قورئان دەردەخات بۆ کەسێك تێی بگات خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُواْ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمْ لَمْ يَخِرُّواْ عَلَيْهَا صُمًّا وَعُمْيَانًا﴾(الفرقان: ٧٣)، واتە: ئەوانە کە بە ئایەت و فەرموودەکانی خوا بێدار دەکرێنەوە، هەر وا بەکەڕی و کوێری و بەلاڵیدا تێناپەڕن، بەڵکو تێدەفکرن و لێی وورد دەبنەوە ئینجا پەیڕەوی دەکەن.

(مقاتل) دەفەرمووێ: کاتێك بە قورئان ئامۆژگاری دەکرێن هەروا بەکەڕی و کوێری گوێی بۆ ناگرن کە هیچ نەبیستن و هیچ نەبینن، بەڵکو بە دڵەوە دەیبیستن و دەیبینن.

(ابن عباس) لە بارەی ئەم ئایەتەدا دەفەرمووێ: واتە، هەروا بە کەڕ و کوێرانە بەرانبەر ئامۆژگاریەکانی قورئان ناوەستن، بەڵکو بەترس و لەرزەوە بەرانبەر ئامۆژگاریەکانی قورئان دەوەستن.

(الکلبي) دەفەرمووێ: کاتێك گوێ بیستی ئامۆژگاریەکانی قورئان دەبن ملی بۆ کەچ دەکەن و چاو و گوێی بۆ دەکەنەوە.

(الفرّاء) دەفەرمووێ: کاتێك قورئانیان بەسەردا دەخوێندرێتەوە لەسەر شێوەی پێشوو دانانیشن کە تەواو گوێ بیستی نەبن، بەڵکو بە شێوەیەك دادەنیشن کە گوێبیست بن.

(الزجاج) دەفەرمووێ: واتە: کە قورئانیان بەسەردا دەخوێنرێتەوەبەملکەچی و گریانەوە کرنۆش دەبەن بۆ فەرمانەکانی خوا.

(ابن قتیبة) دەفەرمووێ: واتە: کە ئامۆژگاریەکانی قورئان دەبیستن بێ ئاگانین لێی وەکو کابرایەکی کەڕ و کوێر کە نەدەبیستێ و نەدەبینێ.

گوناه و تاوان

بنچینەی هەموو گوناهێکی گەورە و گچکە پەیوەستە بەم سیانە:

١ ـ پەیوەست بوونی دڵ بە غەیری خوای گەورە.

٢ ـ بەگوێ کردنی هێزی تووڕەیی.

٣ ـ بەگوێ کردنی هێزی ئارەزووات.

ئـەم سـیانەش (شـیرك) و (سـتەم) و (بـێ ڕەوشـتی) دەگرێتـەوە، چـونکە دڵ پەیوەست بوون بە غەیری خـوای گـەورە ئـەوە شـیرکە، کـە دەکـات یـەکێکی تـری کردووە بە هاوبەشی خوا، گوێ ڕایەڵی کردنی هێزی تووڕەیش کوشتنی بە دوادادێت ئەمەشیان ستەمە، گـوێ ڕایـەڵی کردنـی هێـزی ئـارەزووش زینـای بـەدوادادێت کـە ئـەویش بـێ ڕەوشـتیە، جـا بۆیـە خـوای گـەورە لـەم ئایەتـەدا هەرسـێکی پێکـەوە کۆکردۆتـــەوە کـــە دەفـــەرمووێ:﴿وَٱلَّذِينَ لَا يَدۡعُونَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ وَلَا يَقۡتُلُونَ ٱلنَّفۡسَ ٱلَّتِي حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلۡحَقِّ وَلَا يَزۡنُونَۚ﴾(الفرقـان:٦٨)، واتـــە: ئەوانـــەی هـــیچ پەرستراوێکی تر جگە لە خوای گەورە ناپەرستن، کەسیش ناکوژن کە خوا کوشـتنی حەرام کردبێت مەگەر بە حەق و ڕەوا، هەروەها زیناش ناکەن.

بەڵـێ: ئەم سیانە پاڵپشتن بۆ یەکتری، وەك ئەوەی شیرك پاڵپشتیە بـۆ سـتەم و بێ ڕەوشتی، هـەر وەك چـۆن ئـیخلاص پاڵپـشتیە بـۆ یەکتاپەرسـتی و سـتەم و بـێ ڕەوشـتیش لـە مـرۆڤ دوور دەخاتـەوە، خـوای گـەورە دەفـەرمووێ: ﴿كَذَٰلِكَ لِنَصۡرِفَ عَنۡهُ ٱلسُّوٓءَ وَٱلۡفَحۡشَآءَۚ إِنَّهُۥ مِنۡ عِبَادِنَا ٱلۡمُخۡلَصِينَ﴾ (یوسف: ٢٤)، واتـە: بـە هـەمان شـێوە بۆیـە وامـان کـرد بـۆ ئـەوەی هەرچـی گونـاه و خراپەیـە لێـی دوور بخەینەوە بەڕاستی ئەوە لە بەندە پاکەکانی ئێمەیە.

بەهەمان شێوەش ستەم سەر دەكێشێت بۆ بێ ڕەوشتی، چونكە گەورەترین ستەم شەریك پەیا كردنە بۆ خوا، هەر وەك چۆن گەورەترین دادپەروەری یەكتاپەرستیە، دادپەروەری دۆستی یەكتاپەرستیە، ستەمیش دۆستی شیركە، هەر بۆیەش خوای گەورە ئەم دووانەی پێكەوە كۆ كردۆتەوە، بەلگەی یەكەم كە گەورەترین دادپەروەری یەكتاپەرستیە ئەم ئایەتەیە: ﴿ شَهِدَ ٱللَّهُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَأُو۟لُوا۟ ٱلْعِلْمِ قَآئِمًۢا بِٱلْقِسْطِ ۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴾(ال عمران: ١٨)، واتە: خوا و مەلائیكەت و زانایانی بە ئینسافیش بە دادپەروەرانە شایەتیان داوە كە هیچ پەرستراوێك نیە جگە لە "ﷲ"

بەلگەی دووەم كە گەورەترین ستەمیش شیركە ئەم ئایەتە: ﴿إِنَّ ٱلشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ﴾ (لقمان: ١٣)، واتە: بەڕاستی هاوبەش بڕیاردان بۆ خوا ستەمێكی زۆر گەورەیە.

هەروەها بێ ڕەوشتیش سەردەكێشێت بۆ شیرك و ستەم، بە تایبەت ئەگەر ئیرادەی بەهێز بوو، خوای گەورە لەم ئایەتەدا زینا و شیركی پێكەوە كۆ كردۆتەوە كە دەفەرمووێ: ﴿ٱلزَّانِى لَا يَنكِحُ إِلَّا زَانِيَةً أَوْ مُشْرِكَةً وَٱلزَّانِيَةُ لَا يَنكِحُهَآ إِلَّا زَانٍ أَوْ مُشْرِكٌ ۚ وَحُرِّمَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴾ (النور: ٣)، واتە: پیاوی زیناكەر تەنها ئافرەتی زینا كەر یاخود موشریك مارە دەكات، ئافرەتی زیناكەریش تەنها پیاوی زیناكەر یاخود موشریك مارەی دەكات، ئەوە لەسەر ئیمانداران حەرامكراوە.

كەواتە: ئەم سیانە (شیرك) و (ستەم) و (بێ ڕەوشتی) هێندێكیان پاڵپشتن بۆ هێندێكیان، جا هەر كاتێك خواناسی لە دڵدا بێ هێز بوو و شیرك باڵادەست بوو، ئەوكات فاحیشە رووی تێدەكات خۆی تێ دەئاڵێنێ، هەر وەكو خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿ فَمَآ أُوتِيتُم مِّن شَىْءٍ فَمَتَٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ﴿٣٦﴾ وَٱلَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَٰٓئِرَ ٱلْإِثْمِ وَٱلْفَوَٰحِشَ وَإِذَا مَا غَضِبُوا۟ هُمْ

يَغۡفِرُونَ﴾ (الشورى: ٣٦ـ٣٧)، واتـە: هەر شتێکتان پێبەخشراوە ئەوە زینەتی ژیانی ئەم دنیایەیە، بەڵام ئەو بەشەی کە لە لای خوایە چاکتر و بەردەوامترە بۆ ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و پشت بە پەروەردگاریان دەبەستن، ئەوانەی خۆیان لە گوناهی گەورەو تاوانی خراپ و ناشیرین دەپارێزن، کاتێکیش کە تووڕە دەبن چاوپۆشی دەکەن.

لێرەدا خوای گەورە ڕوونی کردۆتەوە کە ئـەو بەشـەی کـە لـەلای خۆیدا هەیـە، چاکتر و باشترە لەوەی لە دنیادا هەیە بۆ ئەوانـەی ئیمانیـان هێنـاوە و پـشتیان بـە خوا بەسـتووە، ئـا ئەمـە یەکتاپەرستیە، پاشـان کـە خـوای گـەورە دەفـەرمووێ: ﴿وَٱلَّذِينَ يَجۡتَنِبُونَ كَبَٰٓئِرَ ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡفَوَٰحِشَ﴾ ئائەمەشـیان خـۆ پاراسـتنە لـە هێـزی ئارەزوو.

پاشـان خـوای گـەورە دەفـــەرمووێ: ﴿وَإِذَا مَا غَضِبُواْ هُمۡ يَغۡفِرُونَ ئـا ئەمەشـیان خۆپاراستن وبەگوێ نەکردنی هێزی تووڕەییە خوای گەورە خواناسی وداوێن پاکی و دادپەروەریـشی پێکـەوە کـۆ کردۆتـەوە کـە خێـر و چـاکە هـەمووی لـەم سـێیەدا کۆبۆتەوە.

پشت هەڵکردن لە قورئـان

واز هێنان لە قورئان و پشت تێکردنی چەند جۆری هەیە:

یەکەم: پشتی تێدەکا و گوێی بۆ ناگرێ و ئیمانی پێ ناهێنێت.

دووەم: پشتی تێدەکا و کاری پێ ناکـا و گـوێ ناداتـە حـەرام و حـەلالی، ئەگـەر چی خوێندبیشیەوە ئیمانی پێ هێنابێت.

سێیەم: پشتی تێدەکات و حوکمی پێ ناکات لە هەموو ڕوویەکـەوە، بـڕوای وایـە کە ئەمە شتێکە تەنها وتەیە و باوەڕ پێ کراو نیە.

چوارەم: پشتی تێدەکات و لێی ووردنابێتەوە بزانێت خوا چی پێ مەبەستە.

پێنجـەم: بـۆ نەخۆشـی دڵ و دەروون سـوودی لـێ نابینێـت و پـشتی تێـدەکات، بـەڵکو ڕوو دەکاتـە غـەیری قورئـان و سـوود لـە قورئـان وەرناگرێـت. ئەمانـە هـەر هــەمووی لـــەم ئایەتـــەدا دەردەکـــەوێت: ﴿وَقَالَ ٱلرَّسُولُ يَـٰرَبِّ إِنَّ قَوْمِى ٱتَّخَذُواْ هَـٰذَا ٱلْقُرْءَانَ مَهْجُورًا﴾ (الفرقان: ٣٠). واتـە: پێغەمبەر ﷺ سکالا دەکـات و دەفـەرمووێ: پەروەردگارا بەراستی قەومەکەم وازیان لەم قورئانە هێناو پشت گوێیان خست.

ئەوانە هەر هەمووی پشت کردنە لە قورئان، ئەگەر چی هێندێکیان لە هێندێکیان کەمتر.

مرۆڤی دنیا ویست و مرۆڤی دنیا نەویست

مـرۆڤ کاتێـك ڕۆژ و شـەو دەکاتـەوە ئەگـەر مەبەسـتی تـەنها خـوا بێـت و دڵ و ئەندامەکانی پەیوەست بێت بەخوا، ئەوکات خوای گەورە هەموو پێویستیەکانی بۆ فەراهەم دێنێت، دڵی پڕ دەکات لە خۆشەویستی خۆی، زمانی پاڵاو دەکات بە یادی خۆی، ئەندامەکانی ملکەچ دەکات بۆ بەندایەتی خۆی.

بەڵام ئەگەر ڕۆژ و شەوی کردوە مەبەستی تەنها دنیـا بـوو، ئـەوە خـوای گـەورە هەموو کارەکانی دەیسپێرێتە نەفسی خـودی مرۆڤەکـە خـۆی، ئـەوکات دڵ تـەنگ و غەمگین و پەژارە دەبێت، دڵی خەریك دەکات بە خۆشەویستی غـەیری خـوا، زمـانی تەنها ستایشی غەیری خـوا دەکـات، ئەندامـەکانی لـە خزمـەت غـەیری خـوا سـەرف دەکات، وەکو ئاژەڵ کە چۆن کارێك دەکات کە سوودی بۆ غـەیری خـۆی هەیـە، بـۆ نموونـە وەکـو (کـوورە) پەراسـووەکانی تێـك دەشـکێنێ بـۆ گـەرم کردنـی ئاگرەکـە کەچی هیچ سوودێکی لەم کارەیدا بۆ خۆی نیە، هەر کەسێکیش واز بێنێنت و پشت بکاتە بەندایەتی خوا و خۆشەویستی خوا، ئـەوە تووشـی پەرسـتنی دروسـت کـراوی خوا دەبێـت، خزمـەت و خۆشەویـستی بـۆ غـەیری خـوا دەردەبرێـت، خـوای گـەورە دەفــەرمووێ: ﴿ وَمَن يَعْشُ عَن ذِكْرِ ٱلرَّحْمَٰنِ نُقَيِّضْ لَهُۥ شَيْطَٰنًا فَهُوَ لَهُۥ قَرِينٌ ﴾ (الزخـرف: ٣٦). واتـە: هەر کەسێك لـە ئاسـتی شـوێنکەوتنی قورئـانی پـیرۆز دڵـی کوێربێـت و پشت بکاتە فەرمایشتەکانی خودا، ئەوە شەیتانێك دەکەینە هاودەمی، تا لەگەڵیـدا ببێتە برادەر و هاورێی.

(سفیان)ی کوری (عیینة)ە بە دۆسـتەکانی خـۆی فـەرموو: هـەر پەنـدێکی بـاوی عەرەبی بێننەوە ئەوە من ئایەتێك دێنمەوکە پاڵ پشتی بکات.

پیاوێك پێی ووت: ئایە هیچ ئایەتێك هەیە لە قورئاندا پاڵپشتی ئەم پەندە بکات: (اعط اخاك تمرة فإن لم يقبل فأعطيه جمرة؟) واتــە: خورمایـەك بـدە بـە دۆسـتـەكەت ئەگەر وەری نەگرت پشكۆیەكی ئاگری پێ بدە.

(سفیان)ی کوری (عیینة)ش فەرمووی: ئەم ئایەتە پاڵپشتی ئـەو پەنـەد دەكـات: ﴿ وَمَن يَعْشُ عَن ذِكْرِ ٱلرَّحْمَٰنِ نُقَيِّضْ لَهُۥ شَيْطَٰنًا ﴾ (الزخرف: ٣٦).

باسی زانست و زانیاری

(العلـم) زانـست: واتـە گواسـتنەوەی وێنــەی شـتێکی زانـدرا و لـە دەرەوە بـۆ چەسپاندنی لە ناخی خۆیدا.

(العمل) کارکردن: واتە، گواستنەوەی وێنـەی شـتە زانراوەکەیـە لـە ناخیـەوە بـۆ چەسپاندنی لە دەرەوە لەسەر ئەندامەکانیدا.

جا هەر کاتێك ئەو زانستەی لە ناخی خۆیدا دەیچەسپێنێت یەکی گرتەوە لەگـەڵ ئەوەی لە دڵیدایە ئەوکات ئەوە زانستێکی تەواوە و بە سوودە.

بەڵام زۆرێك لە خەڵکی ئەو زانستەی وەری دەگـرن بـە هـیچ شـێوەیەك یـەك نیـە لەگـەڵ ناخیانـدا، کەچـی وا دەزانـن ئـەو شـتەی وەری گرتـووە زانـستە، بـەڵام لـە ڕاستیدا وانیە، بەڵێ زۆرینەی زانستی خەڵکی بەم شێوەیە.

ئەو زانستەی لەدڵدایە، وە یەکیش دەگرێتەوە لەگەڵ دەرەوەیدا دوو جۆرە:

- جۆرێکیان بە چەنگ کەوتنی مرۆڤ کامەران دەکات، ئەم جۆرەشیان ناسین و زانست بوونـە بـە خـوا و نـاو و سـیفات و کارەکـانی خـوا و کتێبـەکانی و فـەرمان و قەدەغەکراوەکانیەتی.

- جۆرەکەی تریان ئەگەر مرۆڤ نـەیزانێت زەرەری پـێ ناگـات، ئەوەشـیان ئـەو زانستەیە کە نە بەنەزانینی زیانت پێدەگات، نە بەزانینیـشی سـوودت پـێ دەگـات، دەبینین پێغەمبەرﷺ هەموو کاتێك پەنای دەگرت بە خوا لە زانستێك کـە سـوودی پێ ناگەیـەنێت، ئەمـە زۆرێـك لـەو زانـستانە دەگرێتـەوە ئەگـەر نـەیزانی زیانـت پـێ ناگات، وەکو زانستی گەردوونناسی و زانستی زەویناسی و نموونەی ئەمانەش.

پلە و پایە و بەنرخی زانست بەپێی زانراوەکە و ئاتاج بـوون پێـی دەردەکـەوێت، هیچ پلە و پایەکیش نیە بگات بە پلە و پایەی زانست بوون بەخوا.

ئەو زانستەی کارەساتی لە دوادایە، ئەو زانستەیە کە خوا پێی خۆش نیە، ئەمەشیان دوو جۆرە.

➢جاری وا هەیە زانستەکەی فەسادە، جا فەسادی زانستەکەی ئەوەیە کە وا دەزانێت ئەنجامدانی ئەو کارە خۆشەویستە لای خوا کەچی واش نیە، یان وا دەزانیت ئەنجامدانی ئەو کارە لە خوای نزیك دەکاتەوە کەچی واش نیە.

➢جاری واش هەیە مەبەست و ئیرادەکەی فەسادە، فەسادی مەبەست و ئیرادەکەشی ئەوەیە کارێك دەکات مەبەستی خوا و ئاخیرەت نیە، بەڵکو لەم کارەی مەبەستی دنیا و ڕەزامەندی خەڵکیە.

بەڵێ: ئەمە دوو کارەساتە کە لە کار و زانستدا هەیە، مرۆڤیش لێی ڕزگار نابێت مەگەر خۆی فێری ئەو شتانە نەکات کە پێغەمبەرﷺ ئەنجامی داوە و فەرمانی پێداوە ئەمە لە بوواری زانستدا، لە بوواری کارو کردەوەشدا، دەبێت مەبەستی خواو دواڕۆژ بێت. ئەگەر وای نەکرد ئەوکات کاروکردەوەکەی و زانستەکەی فەساد دەبێت.

ئەوەش بزانن (الإيمان)و(اليقين) زانستی دروست بە مرۆڤ دەبەخشن و مەبەستی دروست بە مرۆڤ دەبەخشن، ئا لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە زۆرینەی خەڵکی ئیمانێکی درووستیان نیە، چونکە زانستێکی دروست و مەبەستێکی دروستیان نیە.

مرۆڤیش ناگات بە ئیمانی ڕاست ودروست مەگەر لەڕێگای پێغەمبەرەوە نەبێت و واز نەهێنێت لە هەوا و ئارەزواتی خۆی، ئەوکات دەکات زانستەکەی لە دەلاقەی سروشی وەرگرتووە، مەبەستیشی خوا و دوا ڕۆژ دەبێت. ئا ئەمە زانستێکی دروستە و کارێکی دروستە لە نێوان خەڵکیدا هەبێت، ئەوە کاری ئەو کەسانەیە کە خوا هیدایەتی داون ئەوانەی کە بەڕاستی شوێنکەوتەی پێغەمبەرن ﷺ .

جۆرەکانی ئیمان

ئیمان دوو جۆری هەیە:

١. ئیمـانی ڕواڵەتیـە، واتــە: ئیمانەکـەی لەسـەر زمـانی و لەسـەر ئەندامـەکانی بدرەوشێتەوە و کاری پێ بکات.

٢. ئیمانی ناو دڵە، واتـە: بـە دڵەوە ئیمانێکی پتەوی هـەبێت بـە خـوا و ملـی بۆ کەچ کات و خۆشی بوێت.

ئـەگینا کـاروکردەوە بەڕواڵـەت سـوودی پێناگەیـەنێت، ئەگـەر دڵـی ئیمـانی تیـا نەبێت، ئەگەرچی ئیمان هێنانی بە ڕواڵەتەکەی خوێن و مـاڵ و منـاڵی دەپارێزرێـت ـ بەڵام ئەو کارانەی بەڕواڵەت دەیکات ڕۆژی قیامەت سوودی پێ ناگەیەنێت ـ

بەهـــەمان شـــێوەش ئیمـــانی دڵ ســـوودی پێناگەیـــەنێت، ئەگـــەر هـــیچ کاروکردەوەیەکی لەگەڵدا نەبێت، مەگەر عوزری هـەبێت کـەبێ دەسـەڵات بێـت یـان زۆر لێکراو بێت یان لەترسی لەناوچوون کاروکردەوە نەکات.

کەواتــە ــ هەرکەسـێك بانگهێـشی ئیمـان بکـات ــ لەگـەڵ ئەوەشـدا هـیچ کاروکردەوەیەکی موسڵمانانەش نەکات، هیچ بەربەست و عوزرێکیـشی نـەبێت ئـەوە ڕواڵەتی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دڵـی بـە فەسـاد چـووە و ئیمـانی تیانیـە، کـەمی کردەوەکانی بەڵگەیە لەسەر کەمی ئیمـانی، زۆری کردەوەکانیـشی بەڵگەیـە لەسـەر زۆری ئیمانی.

جا ئیمان کاکڵە و دڵی ئیسلامە، یەقینیش کاکڵـە و دڵـی ئیمانـە، هـەر زانـست و کردەوەیەکیش ئیمان و یەقینی پێ زیـاد نـەبێت ئـەوە عەیبـدارە، هـەر ئیمـانێکیش کردەوەی لەگەڵدا نەبێت عەیبدارە.

تەوەکول و جۆرەکانی

تەوەکول لەسەر خودا کردن دوو جۆری هەیە:

یەکـەمیان: مـرۆڤ کـە تـەوەکول لەسـەر خـودا دەکـات بـۆ پڕکردنـەوەی ئاتاجیەکانیەتی لە دنیا، یان بۆ لێ لابردنی نەهامەتیەکانیەتی لە دنیا.

دووەمیان: تەوەکول لەسەر خودا دەکات بە مەبەستی بە دەست هێنانی ئەو شتانەیە کە خوا پێی خۆشە وەکو: لە ئیمان و یەقین و جیهاد و بانگەوازی بۆ خوا.

گـەورەترین جـۆری تـەوەکول کـردن لەسـەر خـوا تـەوەکولی هیدایـەت و یەکتاپەرستی و شوێنکەوتنی پێغەمبەر و جیهادە، کـە ئـەم جۆرەیـان تـەوەکولی پێغەمبەران و شوێنکەوتوانییانە.

تـەوەکول جـاری وا هەیـە دەبێتـە ناچـاری، ئـەویش کاتێـك مـرۆڤ هیچی چـەنگ ناکەوێت تەنها تەوەکول نەبێت لەسەر خوا، هەر وەك ئەوەی دەبینین مرۆڤێك هیچ لە دەسەڵاتی نایەت لەو کارەی بۆی پێش هـاتووە، دەبینیـت هـیچ مۆڵگەیـەك نیـە جگە خوا نەبێت، بۆیە ئەوکات بە ناچاری تەوەکول لەسەر خوا دەکات.

جاری واش هەیە تەوەکول بە هەڵبژاردنی خوی مرۆڤەکە خۆیەتی، ئەمەشیان لـە کاتێکدا دەبێت کە دەبینیت هۆکارێك هەیـە بـۆ ڕاپەڕانـدنی کارەکـەی، جـا ئـەوکات ئەگەر هاتوو هۆکارەکەی هەیە شەرعی بوو خوا ڕێگای دابوو ئـەنجام بـدرێت، ئـەوە وازلێهێنانی لۆمەکراوە و باش نیە، بەڵام ئەگـەر هـاتوو تـەنها پـشتی بـە هۆکارەکـە بەست و پشتی لە تـەوەکول کـرد ئەمـەش لۆمـەکراوە بـاش نیـە، بـەڵکو وا چـاکە و واجبە هۆکارەکە ئەنجام بدات و تەوەکولیشی لەسەر خوا بێت.

بەڵام ئەگەر هاتوو ئەنجام دانی هۆکارەکـە حـەرام بـوو، ئـەوە واز لـە هۆکارەکـە دەهێنێت و پشت بە تەوەکولەکە دەبەستێ، چـونکە تـەوەکول گـەورەترین هۆکـارە بۆ گەیشتن بە ئامانج و لابردنی نەهامەتیەکان، بەڵکو بەهێزترین هۆکارەیشە، ئەگەر

هۆکارەکە (مباح) بوو، ئەوە تێی دەڕوانی بزانـی ئایا ئـەو تەوەکولـەی لەسـەر خـوا هەتـە بـێ هێـزی دەکـات یـان نـا؟ جـا ئەگـەر بـێ هێـزی دەکـرد، ئـەوە وازهێنـانی چاکتـرە، بـەڵام ئەگـەر بـێ هێـزی نـەدەکرد دەسـت پێـوەگرتنی چاکتـرە، چـونکە حیکمـەتی خـوای گـەورە وا دەخوازێـت، ناکرێـت وا نـەکرێت، بـە تایبـەت لـە بەندایەتییـدا، ئـەوکات دەکـات بەندایـەتی دڵـت بـە (توکـل) کـردووە، بەندایـەتی ئەندامەکانیش بە هۆکار ئەنجام داوە.

ئەوەی تەوەکول پتەو دەکات دەستگرتنە بـەو هۆکارانـەی فـەرمانیان پێکـراوە، هەرکەسێك بەم شێوە نەکات ئەوە تەوەکولەکەی دروست نابێـت، هـەر وەکـو چـۆن دەست گرتن بە هۆکارەوە بۆ ئامانج ئەوە (رجـاء) بـۆ مـرۆڤ فەراهـەم دێنێت، هـەر کەسێك وانەکات ئەوە (رجاء)ەکـەی تەمەنناییـە، هەرکەسـێك دەسـت بـە هۆکـارەوە نەگرێت، دەکات تەوەکولی بێ دەسەڵاتیە، بێ دەسەڵاتیەکەشی تەوەکولە.

نهێنی و راستەقینەی تەوەکول پـشت پـێ بەسـتنی دڵـە تـەنها بـە خـوا، دەسـت گرتن بە هۆکاریش زیانی پێ ناگەیەنێت ئەگـەر دڵـی پێـوە نەبەسـتێتەوە و پـشت و پەنای تەنها ئەوبێت، هەر وەکو ئەو سـوودی پێناگەیـەنێت کـە بڵێـت: (توکلـت علـی الله) واتـە: (توکـل)م لەسـەر خـوا کـردووە. لەگـەڵ ئەوەشـدا پـشت و پـەنا و بـڕوای بەکەسێکی تر بێت، چونکە (توکل) بـە زمـان شـتێکە و (توکـل) بـە دڵـیش شـتێکی ترە، هەر وەکو تەوبەکردن بە زمان لەگەڵ سووربوونیشی لەسەر گوناه شـتێکە، وە تەوبە کردن بە دڵ و بەزمان نەگووتنی شتێکی ترە.

بەنـدە کـە دەڵێـت: (توکلـت علـی الله) واتــە: (توکـل)م لەسـەر خوایـە، لەگـەڵ ئەوەشدا بە دڵەوە پشتیوانی بە غەیری خوا بێت، وەکو ئەوە وایە کـە بڵێـت: (تبـت الی الله) واتـە: تەوبـەم کـردووە بـۆ خـوا، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا سـووربێت لەسـەر گوناه و تاوان.

سکاڵای خواناس و سکاڵای نەفام

مرۆڤی نەفام و نەزان ئەوەیە کە گلەیی لە خوا دەکات لای خەڵکی، ئەوە ئەوپەڕی نەفامیە بەرانبەر بە خوای گەورە، چونکە ئەگەر پەروەردگاری خۆی بناسیبایە ئەوکات هەرگیز گلەیی لێ نەدەکرد، ئەگەر خەڵکیشی بناسیبایە ئەوە هەرگیز گلەیی لا نەدەکردن.

هێندێ لە زانایانی (السلف) پیاوێکیان بینی گلەیی لە لای پیاوێك دەکرد لە دەست هەژاری و ئاتاجی دنیا، جا پێیان گووت: کابرا سوێند بەخوا ئەو گلەییەی تۆ هیچ سوودی نیە، تۆ چۆن گلەیی لە کەسێك دەکەی کە ڕەحمت پێدەکات لە لای کەسێك کە ڕەحمت پێ ناکات.

مرۆڤی خواناس گلەیی خۆی تەنها لای خوای گەورە دەکات، بەڵێ ئەگەر مرۆڤ زۆر خواناس بێت گلەیی لای خوای گەورە دەکات لە نەفسی خۆی نەك لەلای خەڵکی، بەڵکو ئەو گلەیی لەکارە قیزەونەکانی خەڵکی و خۆیەتی، چونکە ئەو سەیری ئەو ئایەتە دەکات کە دەفەرموێ: ﴿وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٖ فَبِمَا كَسَبَتۡ أَيۡدِيكُمۡ﴾ (الشورى:٣٠)، واتە: هەر بەڵاو نەهامەتیەکتان بەسەر هاتبێت، ئەوە دەرەنجامی ئەو کارو کردەوانەیە کە بە ئارەزووی خۆتان ئەنجامتان داوە.

هەروەها دەفەرمووێ: ﴿وَمَآ أَصَابَكَ مِن سَيِّئَةٖ فَمِن نَّفۡسِكَ﴾ (النساء:٧٩). واتە: هەرچی ناخۆشیەکت بۆ پێش دێت ئەوە دەستی خۆتی تێدایە.

لەئایەتێکی تر دەفەرمووێ: ﴿أَوَلَمَّآ أَصَٰبَتۡكُم مُّصِيبَةٞ قَدۡ أَصَبۡتُم مِّثۡلَيۡهَا قُلۡتُمۡ أَنَّىٰ هَٰذَاۖ قُلۡ هُوَ مِنۡ عِندِ أَنفُسِكُمۡۗ﴾ (ال عمران: ١٦٥). واتە: ئایا کاتێك بەڵاو ناخۆشیەکتان تووش هات دەڵێن: ئەمە چی بوو؟ بۆ وات بەسەر هات؟ لە کوێوە

ئەمەمان بۆ هات؟ ئەی بۆ لـە یادتـان چوو لـە جـەنگی بـەدردا بەڕاسـتی ئێـوە دوو ئەوەندەتان بەوان کرد ئینجا پێیـان بڵـێ: ئـەم بەڵایـە لەلایـەن خۆتانـەوە توشـتان هات.

جا گلەیی کردن پلەی هەیە:

یەکەم: خراپترینیان ئەوەیە گلەیی لە خوا بکەی لە لای خەڵکی.

دووەم: بەرزترین و باشترینیان ئەوەیە گلـەیی لـە نەفسی خـۆت بکـەی لـە لای خوا.

سێیەم: مام ناوەندیەکەشی ئەوەیە گلەیی لە خراپەی خەڵکی بکەی لە لای خوا.

ژیان لە گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەر دایە

خوای گەورە دەفـەرمووێ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱسْتَجِيبُواْ لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْۖ وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ يَحُولُ بَيْنَ ٱلْمَرْءِ وَقَلْبِهِۦ وَأَنَّهُۥٓ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ ﴾ (الانفال: ٢٤)، واتـە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، بەدەم بانگەوازی خوا و پێغەمبەرەوە بچن کاتێك بانگتان دەکەن بۆ ئەوشتەی دەتانژێنێتەوە، چاك بزانن بەڕاستی خوای گەورە دەبێتە لەمپەر لە نێوان مرۆڤ و دڵی، بێگومان هەر بۆ لای ئەویش کۆدەکرێنەوە.

ئەم ئایەتە پیرۆزە چەند شتی لە خۆگرتووە:

یەکەم: ژیانی ئاسوودەی و کامەرانی بە وەڵامدانەوەی خواو پێغەمبەرﷺ چـنگ دەکـەوێت، هـەر کەسـێك وەڵامــی بانگــەوازی خــواو پێغەمبــەرﷺ نەداتــەوە و گوێڕایەڵیان نەکات مردووە و ژیانی چنگ نەکەوتووە، ئەگـەر چـی ژیـانی ئاژەڵیـشی هەبێت، کە ئەم ژیانە ئاژەڵیە نزمترین ئاژەڵ لەگەڵ ئەودا تیایدا بەشدارە.

جا ژیانی ڕاستەقینە و کامەران ئەوەیە کە بە دڵ و لاشە وەڵامی بانگەوازی خواو پێغەمبەرﷺ بداتەوە، ئا ئەمانە ژیانیان لەبەردایە ئەگەر چی بە لاشە مردووش بن، جگە لەوانە مردوون ئەگەرچی بە لاشەش زیندووبن.

کەواتـە ئـەو کەسـە ژیـانێکی کامـل و ئاسـوودەی هەیـە کـە بەتـەواوی وەڵامـی بانگەوازی پێغەمبەرﷺ دەداتەوە، چونکە هەر شتێك خـواو پێغەمبـەر خـەڵکی بـۆ بـانگ بکـەن ئـەوە ژیـانی پێـوە بەنـدە، هـەر کەسـێك بەشـێکی لێ بفـەوتێ دەکـات بەشێکی ژیانی لێ فەوتاوە، بە ئەنـدازەی وەڵامدانـەوەی بانگـەوازی پێغەمبـەر مـرۆڤ ژیانی کامەران دەبێت.

(مجاهد) دەفەرموێ: (لما یحییکم) واتـە: خواو پێغەمبەرﷺ بانگتان دەکەن بۆ ئەو شتانەی حەق و ژیانی ئێوەی تیایە.

(قتادة) دەفەرموێ: (لما یحییکم) واتە: وەرن بەرەو پیلـی ئـەم قورئانـە چـونکە ژیان و بەختەوەری تیایە، ڕزگاربوونی دنیا و قیامەتی تیایە.

(السدي) دەفـەرمووێ: واتـە: ئـا ئـەم ئیـسلامە ژیانتـان پـێ دەبەخـشێت دوای ئەوەی کە کافر بوون وەك مردوو وا بوون.

(ابـن اسـحاق) دەفــەرمووێ: (لمـایحییکم) واتــە: وەڵامــی خــواو پێغەمبــەرﷺ بدەنەوە کە بانگتان دەکەن بۆ جەنگ لە کاتێکدا خوای گەورە سەربەرزی کردن بەم جەنگە دوای ئەوەی کە ئێوە زەلیل بوون، وە بە هێزی کردن کە بێ هێزبـوون، بـەم جەنگە ئێوەی پاراست لە دووژمن.

ووتـەی ئـەم زانایانـە لـە ڕاسـتیدا هـەمووی یـەك دەگرێتـەوە ئـەویش ئەوەیـە گوێڕایـەڵی و جـێ بـەجێ کردنـی ئـەو پەیامەیـە بـە دڵ و لاشـە کـە پێغەمبـەرﷺ هێناویەتی.

(الواحـدي) دەفــەرمووێ: زۆرینـــەی زانایـــان لەســـەر ئـــەوەن کـــە مانـــای (لمـا یحییکم)جیهادە، ئەمەشـیان ووتەکـەی (ابـن اسـحاق)ە، کـە زۆرێـك لـە زانایـان ئـەم ڕایەیان هەڵبژاردووە، (الفراء) دەفەرمووێ: هەر کاتێك خوای گەورە بانگی کردن بۆ ژیان ئەوە فەرمانتان پێدەکات بە جیهاد کە بجەنگن لە دژی دووژمنانتان، دەیەوێت بەم جیهادە بەهێزتان بکات، بەڵام ئەگەر وازیان لە جیهاد هێنا ئەوە بێ هێز دەبن و دووژمن بەسەریاندا زاڵ دەبێت و تێکیان دەشکێنێت.

(ابن قیم) دەفەرمووێ: منیش دەڵێم: جیهاد پلەیەکی زۆر بـەرزە ژیـان بـە مـرۆڤ دەبەخشێت لە دنیا و بەرزەخ و دواڕۆژدا.

دەبینین لە دنیا ژیان بە مرۆڤ دەبەخشێ، چونکە باڵا دەستی و سەرکەوتنیان بە جیهـادە، لـە بـەرزەخیش ژیـان بـە مـرۆڤ دەبەخـشێ هـەر وەك خـوای گـەورە لـەم بارەیـــەوە دەفـــەرمووێ: ﴿وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ قُتِلُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمْوَٰتًۢا ۚ بَلْ أَحْيَآءٌ عِندَ

رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ ﴾ (ال عمـران:١٦٩). واتـــە: وا نـــەزانن ئەوانـــەی لـــە پێنـــاوی خـــوا شـــەهیدبوون و کـــوژراون، مـــردوون، نـــەخێر وانیـــە، بـــەڵکو ئەوانـــە زینـــدوون، لای پەروەردگاریان لە ڕزق و ڕۆزی تایبەت بەهرەوەرن.

لـــە دوا ڕۆژیـــش ژیـــان بـــە مـــرۆڤ دەبەخـــشێ، ئەوەیـــە کـــە بەشـــی جـــەنگاوەر و شەهیدەکان لە خۆشی و بەخششی خوا لە بە هەشت لە هەموو کەسێك زیاترە.

جا بۆیە (ابن قتیبة) دەیفەرموو: مانای (لما یحییکم) واتە: گەیشتن بـە کـاروانی شەهیدانە.

هێندێ لە زانایانی تەفسیریش فەرموویانە: (لما یحییکم) واتـە: بەهەشت، چونکە بەهەشت ژیانێکی کامەرانی و ئاسوودەی بەردەوامە.

جا ئەم ئایەتە ئەو تەفـسیرانە هـەمووی دەگرێتـەوە، چـونکە ئیمـان و ئیـسلام و قورئان و جیهاد، بەختەوەری و ژیانی دڵی پێوەبەندە.

بە هـەمان شـێوەش ژیـانی کامـڵ و نـەبڕاوە و ئاسـوودە تـەنها لـە بەهەشـتدایە، پێغەمبەریش ﷺ خەڵکی بانگ دەکات بۆ ئیمان و بەهەشـت، کەواتـە پێغەمبـەر ﷺ خەڵکی بانگ دەکات بۆ ژیانی ئاسوودە لە دنیـا و دواڕۆژدا، مـرۆڤیش پێویـستی بـە هەردوو جۆرە ژیانە کە هەیە:

ژیانی جەستەیی کە بەم ژیانە شتی بـە سـوود و بـێ سـوود جیادەکاتـەوە، ئـەو شتانە هەڵدەبژێرێ کە سوودی پـێ دەگەیەنێت.

ئەگەر ژیانی جەستەی تـەواو نـەبێت، ئـەوە بـە گـوێرەی ناتەواویەکـەی تووشـی ئێش و ئازار و بێ هێزی دەبێت،بۆیەژیانی مرۆڤی نەخۆش و خەفەت بارو غـەمگین و ترسنۆك و هەژار وەکو ژیانی مرۆڤی دروست نیە.

ژیـانی دڵـیش کـە بـەم ژیانـە ڕاسـت و ناڕاسـت و چـاك و خـراپ و هیدایـەت و سەرگەردانی لێك جیادەکاتەوە، بەڵام بەم ژیانە حەق هەڵدەبژێرێت بەسەر ناحەق.

هەر بەم ژیانە ڕۆحیە مـرۆڤ دەتوانێـت زانـست و کـاروکردەوەی بـە سـوود و بـێ سـوود لێـك جیابکاتـەوە، هـەر ئـەم ژیانـەش وا لـە مـرۆڤ دەکـات هێـزی ئیمـان و خۆشەویستی بۆ حەق پێدەبەخشێ، ڕق لێبوونەوەی بۆ ناحەقی پێدەبەخشێ.

مرۆڤ ئەگەر ژیانی رۆحی نەبوو ئەوا ناتوانێت شتی بەسوود و بێ سوود لە یەك جیا بکاتەوە، ئەگەر چی هێزی جیاکردنەوەشی هەبێت هەر ناتوانێت شتی بەسوود بەسەر شتی بێ سوود هەڵبژێرێت.

هەر وەك چۆن مرۆڤ جەستەی ژیانی لەبەردانیە تاوەکو مەلائیکەت بە فەرمانی خوای گەورە ژیانی بەبەردا نەکات، کە ئەو مەلائیکەتە نێردراوی خوایە تاکو رۆحی بەبەردا بکات، جا بەم رۆحە جەستەی مرۆڤەکە زیندو دەبێت، ئەگینا پێشتر لەگەڵ مردوواندا دەژمێردرا، بەهەمان شێوەش دڵ مردووە و ژیانی لەبەردا نیە تاکو پێغەمبەرﷺ ئەو رۆحەی لەبەردا نەکات کە لەلایەتی، خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿يُنَزِّلُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةَ بِٱلرُّوحِ مِنْ أَمْرِهِۦ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦٓ﴾ (النحل: ٢)، واتە: خوای گەورە بە مەلائیکەت ژیانەوە کە قورئان دەنێرێت بۆ هەرکەسێك بیەوێت لە بەندەکانی.

خوای گەورە دەفەرمووێ : ﴿يُلْقِى ٱلرُّوحَ مِنْ أَمْرِهِۦ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ﴾ (غافر: ١٥)، واتە: خوای گەورە ژیان بە فەرمانی خۆی دەنێرێت بۆ هەر کام لە بەندەکانی کە بیەوێت.

لە ئایەتێکی تر دەفەرمووێ : ﴿وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا ۚ مَا كُنتَ تَدْرِى مَا ٱلْكِتَـٰبُ وَلَا ٱلْإِيمَـٰنُ وَلَـٰكِن جَعَلْنَـٰهُ نُورًا نَّهْدِى بِهِۦ مَن نَّشَآءُ مِنْ عِبَادِنَا ۚ﴾ (الشوری: ٥٢). واتە: بەهەمان شێوەش ئێمە قورئانمان بۆ ڕەوانە کردیت لە لایەن خۆمانەوە، کە ژیان بەخشە بە دڵ و دەروون، لە کاتێکدا کە تۆ نەتدەزانی قورئان چیەو ئیمان چیە، بەڵام ئێمە ئەم قورئانەمان کردە رووناکی و نورێك کە رێنموونی هەرکەسێکی پێ دەکەین کە بمانەوێت لە بەندەکانمان.

خوای گەورە لێرەدا ڕوونی دەکاتەوە وەحی کە قورئانە رۆح و نوور و ژیانەوەی دڵـی پێوە بەندە، وە ژیانی جەستەش لەلایەن مەلائیکەتی فەرمان پێکراو دەبەخشرێت، کەواتە هەر کەسێك ڕۆحی جەستەی بەبەردا کرابێت لەلایەن مەلائیکەتەوە، ڕۆحی دڵیشی روحی بە بەردا کرابێت لەلایەن پێغەمبەرەوە کە قورئانە، دەکات لە هەردوو ژیان سەرفرازە و هەردوو ژیانەکەی چنگ کەوتووە.

هەر کەسێکیش مەلائیکەت جەستەی ڕۆحی بەبەردا کرد، بـەڵام ڕۆحـی قورئـانی وەرنەگرتبوو، دەکات یەك جۆرە ژیانی هەیە و ژیـانێکی لـە دەسـت داوە کـە ژیـانی ڕاستەقینەیە خوای گەورە دەفـەرمووێ: ﴿أَوَمَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُ نُورًا يَمْشِي بِهِ فِي النَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُ فِي الظُّلُمَاتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا﴾ (الانعـــــام: ١٢٢). واتـە: ئایا ئەو کەسەی کە مردووە بە هۆی بێ باوەڕیەوە، ئینجا بە هـۆی ئیمانـەوە زیندوومان کردەوە و نوور و ڕووناکیمان بۆ ساز کرد لە ژیانیـدا کـە قورئانـە لـە نـاو خەڵکیشدا پێـی دەڕوات و هەڵـسوکەوت دەکـات، وەکـو ئـەو کەسـە وایـە کـە لـەناو تاریکیەکاندا گیری خواردووە و لێی دەرناچێت؟!

خوای گەورە لەم ئایەتەدا نـوور و ژیـانی پێکـەوە کۆکردۆتـەوە بـۆ ئـەو کەسـەی ئیمانی هێناوە، بۆ ئەو کەسەش کە پشتی کردووە لە دیـنی خـوا مـردن و تاریکـایی پێکەوە کۆکردۆتەوە.

(ابن عباس) و هەموو زانایانی تەفسیر لە بارەی ئەم ئایەتـەدا ﴿أَوَمَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ﴾ فەرموویانە، واتـە: مرۆڤی کافر گومڕابووە، ئێمە هیدایەتماندا.

کـە دەفـــەرمووێ : ﴿وَجَعَلْنَا لَهُ نُورًا يَمْشِي بِهِ فِي النَّاسِ﴾چـەند شـتی لـە خـۆ گرتووە:

یەکەم: ئەو کەسە کە ئیمانداره نـوور و ڕۆناکیـەکی پێیـە پـێـی دەڕوات، کەچـی ئەوانەی سەرلێشێواون لە ناو تاریکیدان، جا نموونـەی ئـەو مرۆڤـە ئیمانـدارە و ئـەو سەرلێشێواوانە وەك نموونەی کۆمەڵە خەڵکێك وایە کە لە شوێنێکی تاریکدا شـەویان بەسەر داهاتووە و ڕێگایان لێ وون بووە بۆیە ڕاوەستاون.

دووەم: ئـەو کابرایـە بـە نـوور و ڕووناکیـەوە بەناویانـدا دەڕوات ئـەوانیش بـۆ پێویستی خۆیان نووری لێ وەردەگرن.

سێیەم: ئـەو کابرایـەی خـاوەن نـوورە ڕۆژی قیامـەت بەسـەر پـردی (صراط)دا دەڕوات نووری خۆی بەدەستەوەیە لە کاتێکدا موشریك و منافیقـەکان نووریـان لـێ کوژاوەتەوە.

لە سەرەتای باسەکەمان کە باسمان کرد خوای گەورە دەفــەرمووێ: ﴿وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ يَحُولُ بَيۡنَ ٱلۡمَرۡءِ وَقَلۡبِهِۦ﴾ (الانفال: ٢٤). ئەو ڕایـەی مەشـهورە لـە بـارەی ئەم ئایەتەوە ئەوەیە خوای گەورە دەبێتە لەمپەر لە نێوان بڕوا و کـوفر، لـە نێـوان کافر و ئیماندار، لە نێوان ئەوانەی گوێڕایەڵی خـوا دەکـەن و لـە نێـوان ئەوانـەی بـێ فەرمانی خوا دەکەن، ئەمە ووتەی (ابن عباس) و جمهوری زانایانی تەفسیرە.

تەفسیرێکی تریش هەیە بۆ ئەم ئایەتە ئەویش ئەوەیە کە خوای گەورە نزیکە لـە دڵی بەندەکانی هیچ شتێکی لێ شاراوە نیە.

(الواحدي) لە (قتادة)ە دەگێڕێتـەوە دەفـەرمووێ: ئەمـە گونجـاوە بـۆ تەفـسیری ئەم ئایەتە، چونکە وەڵامدانەوە لە دڵدا هەڵدەقوڵێت، کەواتە وەڵامدانەوە ئەگەر بـە دڵ نەبێت جەستە هیچ سوودی نیە، چونکە خوای گەورە بە ئاگایـە بـەوەی لـە نـاو دڵی مرۆڤدا چی هەیە دەزانێت وەڵامی داوەتەوە یان نا.

جا ووتەی یەکەم وا دەردەخات ئەگەر کەمتـەر خـەمیتان کـرد لـە وەڵامدانـەوەی خواو پێغەمبەرﷺ، ئەوکات خوای گەورە دەبێتـە لەمپـەر لـە نێـوان مـرۆڤ و دڵێـدا، بۆیە مرۆڤەکە ناتوانێت بەدەم بانگەوازی خواو پێغەمبـەرەوە بـچێت ئەمـەش وەکـو سزایەك وایە بۆ مرۆڤەکە، چونکە حەقیان بۆ ڕۆشن بۆوە بەڵام وەڵامیان نەداوە.

خــوای گــەورە دەفـــەرمووێ: ﴿وَنُقَلِّبُ أَفۡـِٔدَتَهُمۡ وَأَبۡصَٰرَهُمۡ كَمَا لَمۡ يُؤۡمِنُواْ بِهِۦٓ أَوَّلَ مَرَّةٖ﴾ (الانعام: ١١٠)، واتـە: ئێمە دڵ و چاوەکانیان هەڵدەگێڕینەوە، هـەر وەك چـۆن یەکەمجار لە سەرەتاوە باوڕیان نەهێنابوو.

هەروەها دەفـەرمووێ: ﴿فَلَمَّا زَاغُوٓاْ أَزَاغَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمۡۚ﴾ (الصف: ٥)، واتـە: کاتێك ئەوان گوێیان بۆ ڕاستی نەگرت و لە حەق لایانـدا، خـوای گـەورەش دڵـەکانیانی لـە خشتە برد و مۆری پێدانا.

لەئایـەتێکی تــر دەفــەرمووێ: ﴿فَمَا كَانُواْ لِيُؤْمِنُواْ بِمَا كَذَّبُواْ مِن قَبْلُۚ﴾ (الأعراف:١٠١)، واتـە: چۆن لە پێشدا بڕوایـان بـە خـوا نـەبوو، هـەر واش بـێ بـاوەڕ مانەوە.

لە ئایەتەکـەدا مـرۆڤ ئاگـادار دەکاتـەوە کـە بـە دڵ وەڵامـی خـواو پێغەمبـەرﷺ بدەنەوە، ئەگەر چی بە جەستە وەڵامیان دانەوە، بەڵام با دڵیشی لەگەڵدابێت.

نهێنیەکی تریش لە ئایەتەکەدا هەیە ئـەویش ئەوەیـە کـە خـوای گـەورە شـەرعی ناردووە فەرمانیشی بە مرۆڤ کردووە کاری پـێ بکـات، بەهـەمان شـێوەش قـەدەر و ئیمان هێنان بە قەدەری پێکەوە کۆ کردۆتـەوە خـوای گـەورە دەفــەرمووێ: ﴿لِمَن شَآءَ مِنكُمْ أَن يَسْتَقِيمَ ﴿٢٨﴾ وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٢٩﴾﴾ (التكـوير: ٢٨ ـ ٢٩). واتـە: ئەم قورئانە یادخەرەوەیە، بەڵام بۆ ئەوانەتان کە دەیانەوێت ڕێبـازی ڕاســت و دروســت بگرنــە بــەر، ویــستی ئێــوەش نایەتــەدی مەگــەر کاتێـك خــوای پەروەردگاری جیهانیان بیەوێت.

دەفـــــــــــــــەرمووێ: ﴿فَمَن شَآءَ ذَكَرَهُۥ ﴿٥٥﴾ وَمَا يَذْكُرُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ﴾ (المدثر:٥٥ـ٥٦)، واتـە: ئەم قورئانـە ئامۆژگاریـە، ئـەوەی بیـەوێت بـا یـادی بکـات و شوێنی بکەوێت، ئەو خەڵکەش یادەوەری وەرناگرێت و بیر لـەم ڕاسـتیانە ناکاتـەوە مەگەر ویستی خوای لەسەر نەبێت.

تۆ نازانی خێر لە چی دایە

خــوای گــەورە دەفـــەرمووێ: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ وَعَسَىٰٓ أَن تَكْرَهُوا۟ شَيْـًٔا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّوا۟ شَيْـًٔا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ (البقرة: ٢١٦)، واتـە: جـەنگ لەسـەرتان بڕیاردراوە کـە شـتێکی گرانـە لاتـان، بـەڵام لەوانەیـە شـتێکتان لا نـاخۆش بێـت کەچـی خێـری تیـا بێـت بۆتـان، هەروەها لەوانەشە شتێکتان پێ خۆش بێت کەچی شەری تیا بێت بۆتـان، بێگومـان خوای گەورە دەزانێت خێر لە چی دایە، ئێوە نایزانن.

لــە ئایـــەتێکی تــر دەفـــەرمووێ : ﴿فَإِن كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَىٰٓ أَن تَكْرَهُوا۟ شَيْـًٔا وَيَجْعَلَ ٱللَّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا﴾ (النساء:١٩). واتـــە: ئەگـەر خۆشـتان نەویـست و لێیان بێزار بوون، ئەوە دوور نیە و دەشێت حەزتان لە شـتێك نـەبێت و خـوا بیکـات بە مایەی خێر و بێری زۆر و بێ سنوور بۆتان.

ئایەتی یەکەم باسی جیهـاد دەکـات کـە هێـزی تـوڕەیی لـە خۆگرتـووە، ئایـەتی دووەمیش باسی ژن خواستن دەکات کە هێزی ئارەزووی لە خۆ گرتـووە، مـرۆڤ بـەم هێزە توورەییەی کە هەیەتی لەلای گرانـە بـەرەنگاری دووژمـن ببێتـەوە لـە نەفـسی خۆی دەترسێ، بەڵام ئەوەی کە لەسەر نەفسی گرانە خێری دنیـا و قیامـەتی ئـەوی تیایە، حەزیش دەکات بەرەنگاری دووژمن نەبێتەوە ئەمەش شەری دنیا و قیامـەتی ئەوی تیایە، بەهەمان شێوەش حەز ناکات ئافرەتێك بخوازێت لەبەر هێندێ ڕەوشـت کە پێی خۆش نیە، بەڵام ئەو ڕەوشتانە خێری بۆ ئەو تیایـە کەچـی ئـەو بـەم خێـرو بێرە نازانێت، حەز دەکات ئافرەتێك بخوازێت لەبەر هێندێ ڕەوشت کە پێـی خۆشـە ئەو ڕەوشتانەی هەیە، بەڵام ئەو ڕەوشـتانە شـەڕی بـۆ ئـەو تیایـە کەچـی ئـەو بـەم شەڕە نازانێت.

مرۆڤ هەر وەك خوای گەورە وەسفی كردووە ستەمكار و نەفامە، مـرۆڤ بـە هەڵـە دادەچێت ئەگەر وا لێكبداتەوە كـە شـتێكی پـێ خـۆش بێت ئـەو شـتە بـۆ ئـەو بـە سوودە، شتێكیشی پێ ناخۆش بێت وابزانێت ئەو شتە بـۆ ئـەو بـێ سـوودە، بـەڵكو ئەو شتە بۆ مرۆڤ بە سوودە كە خوا فەرمانی پێكردووە، ئەو شتەش بێ سوودە كـە خوا قەدەغەی كردووە.

چاكترین شت بۆ مرۆڤ كە سوودی تێدابێت گوێڕایەڵی پەروەردگاریـەتی بـە دڵ و لاشە، وەخراپترین شتیش بـۆ مـرۆڤ بـێ سـوودبێت بـێ فـەرمانی پەروەردگاریـەتی، ئەگەر مرۆڤ بەدڵێكی سافەوە گوێڕایەڵی خوا بكات، ئەوە هـەر شـتێكی بەسـەر بێت كە پێی ناخۆش بێت خێری بۆ ئەو تیایە، بەڵام ئەگەر گوێڕایـەڵی و بەندایـەتی خـوا نەكات، ئەوا هەر شتێكی پێ ناخۆش بێـت شـەری بـۆ ئـەو تیایـە، هـەر كەسـێك بـە چاكی پـەروەردگاری بناسـێت نـاو و سیفاتەكانی بناسێت، دڵنیـا دەبێـت كـە ئـەو ناخۆشیانەی كە بەسەریدا دێت خێرو قازانجی پێوەیە بەڵام ئەو پێی نازانێت، بەڵكو خێر زیاتر لەوەدایە كە مرۆڤ پێی ناخۆشە نەك لەوەی پێـی خۆشـە، چـونكە هـەموو خێرو چاكەیەك لە و شتانە دایـە كـە لـەلای گرانـە، هـەر وەك چـۆن هـەموو زەرەر و هیلاكی مرۆڤ لەو شتانە دایە كە لەلای خۆشەویستە.

بـۆ نموونــە: بڕوانـە باخـەوانێكی لێـزان بـەكاری باخــەوانی، بڕوانـە كـە چـۆن هەرشـتێك بـچێنێت ئـەوە ئـاوی دەدات و خـەریكی دەبێـت تـاوەكو درەختەكـە پـێ دەگـا، ئینجـا ڕووی تێـدەكات و دەچـێت لقـی گـەڵاكان دەقرتێنێـت، چـونكە ئـەو دەزانێت ئەگەر هەروا لێی بگـەڕێت، ئـەوا بەرەكـەی چـاك نابێـت، ئـەو لـەو كارەیـدا مەبەسـتی بە پیـت و بەرەكەیـەتی، جـا كاتێـك درەختەكـە پـێ دەگـات و لقـەكانی دەلكێن بەیەكەوە و تێكەڵ دەبـن و بـەریش دەدات، باخەوانەكـە دەچـێت كـە ئـەو لقانەی دەرختەكە بێ هێز دەكات دەیقرتێنێت، جا كە بـە مەقەسـی ئاسـن لقـەكانی ئەم درەختە دەبڕێت و تووشی ئازاری دەكات، مەبەستی چاكسازییە بـۆ درەختەكـە نەك ئازاردانی، بـۆ ئـەوە وا دەكـات تـاكو بەرەكـەی بـاش بێـت و پێشكەشی پاشـا بكرێت، پاشان هەروا بەخۆڕایی وازی لێ ناهێنێت، بەڵكو هێندێ جـار تـێنی دەكـات

هەندێ جاریش ئاوی دەدات، بەردەوام ئاوی نادا ئەگەر چی ئـاودانی بـەردەوام زوو دەیپرسکێنی، پاشان ئەو لق و گەڵایانەی کـە درەختەکـەی ڕازاندۆتـەوە زۆرێکـی لـێ دەقرتێنێت، چونکە ئەوجوانیە ناهێڵێت بەچاکی پێ بگات هەروەکو درەختی تـرێ و وێنەی ئەو وایە، جا کە ئەو گەڵا و لقە جوانەکـەی بـە مەقەسـی ئاسـن دەقرتێنێـت، مەبەستی چاکسازیە بۆ درەختەکە، ئەگەر بێتوو ئەو درەختە وەکو گیانـدار هۆشـی هەبایـە، وا گومـانی دەبـر کـە ئـەم باخەوانـە دەیـەوێت تێکـی بـدا و زەرەری پێبگەیەنێت، کەچی لە ڕاستدا ئەم کارەی باخەوانەکە سوود بەخشە بۆ درەختەکە.

به هەمان شێوەش باوکێکی دڵسۆز بۆ ڕۆڵەکەی خۆی، چاك دەزانێت چـی چـاکە بـۆ ڕۆڵەکـەی، ئەگـەر ڕۆڵەکـەی تووشـی نەخۆشـیەك بێـت بزانێـت خـوێنی پیسـی لێدەرکرێت چاك دەبێتەوە، دەچێت لای پزیشك نەشتەرگەری دەکـات بـەوەی کـە پێستەکەی دەبڕێت و تووشی ئازاری دەکات تاکو چـاك بێتـەوە، ئەگـەر بزانێـت بـە لێکردنەوەی ئەندامێکی چاك دەبێتـەوە، ئەنـدامێکی لێدەکاتـەوە، لـە ڕاسـتیدا ئـەم کارانەش دەکات بەزەیی بە ڕۆڵەکەی دێتەوە تاکو چاك بێتەوە نەك ڕقی لێ بێتـەوە، ئەگـەر بزانێـت سـوود لەوەدایـە هەنـدێ شـت لـە ڕۆڵەکـەی بسـێنێتەوە ئـەوە لێـی دەسـێنێتەوە، چـونکە دەزانێـت ئەگـەر وا نـەبێت بـەهۆی ئـەم شـتەوە بـە هـیلاك دەچێت، بەهەمان شێوەش ناهێڵێت زۆرێك لە ئارەزوات ئەنجامبـدات، باوکەکـە لـەم کارەشیدا ڕقی لە ڕۆڵەکەی نابێتەوە، بەڵکو بەزەیی پێدا دێتـەوە و خۆشـی دەوێـت بۆیە قەدەغەی دەکات لە شتی خراپ.

جا خوای گەورە بە ڕەحمترین و حەکیم ترین و زانا ترین کەسە، خوای گەورە بۆ بەندەکانی بە ڕەحمترە لە خۆیان بۆ خۆیان، لە باوك و دایکیان بە ڕەحمـترە، مـرۆڤ کاتێك شتێکی بەسەرادێت پێی ناخۆشـە ئـەو خێـری بـۆ ئـەو تیایـە، چـونکە خـوای گەورە ئاوڕی بە خێری لێ داوەتـەوە، بـەڵام ئەگـەر بێتـوو مـرۆڤ خـۆی کـاری خـۆی هەڵبژاردایە ئەوە نەیدەتوانی ڕاییەڕێنێت، بەڵام خوای گەورە بە انست و حیکمەت و ڕەحمەتی خۆی کارەکانی مرۆڤ دەبات بەڕێوە، جا پێیان خۆش بێت یان نـا، ئینجـا

مرۆڤی ئیمانداری ڕاستەقینە کە ناو و سیفاتی خوای ناسیبێت، بە هەموو حوکمێکی خوا ڕازیە هەر چیەك بێت، هیچ گلەیی لە حوکمی خوا نیە بڵێ: غەدری لێ کردووم.

بەڵام مرۆڤی نەزان کە خوای گەورەی بە تـەواوی نەناسـیوە، گلـەیی لـە حـوکمی خواو حیکمەتی خوا دەکات، ملکەچ ناکات بۆ حوکمی خوا، بەڵکو دژایـەتی حـوکمی خوا دەکات بە عەقلە گەندەڵەکەی خۆی، ئا ئەو مرۆڤانە نە پەروەردگاریان ناسـیوە نە بەمەرامەکانیشیان گەیشتوونە.

هەر کاتێك مرۆڤ سەرکەوتوو بوو لە ناسینی خوا بـە چـاکی پـەروەردگاری خـۆی ناسیبێ، ئەوە لە دنیادا کامەران و دڵ ئارام دەبێت پێش ئەوەی بگات بە ئاخیرەت، چونکە ئەو بەردەوام لە پەروەردگاری ڕازیە، ڕازی بوونیش لە پـەروەردگار دنیـا بـۆ مرۆڤی خواناس دەکات بە بەهەشت، چونکە هەر شتێکی بەسەر بێت دەزانێت لەلای خواوەیە و پێی ڕازیە، دڵی ئارامە بـە حـوکمی خـوای گـەورە، ئـا ئەمـە ئەوەیـە کـە ڕازیە خوا پەروەردگاری بێت، ئیسلام دینی بێت، محمدﷺ پێغەمبـەری بێـت، هـەر کەسێکیش ئەمانەی لێ نێتە جێ دەکات تامی ئیمانی نەچەشتووە.

ڕازی بوونی مرۆڤ بە حوکمی خوا بە گوێرەی ناسینی دادپـەروەری و حیکمـەت و ڕەحمەتی پەروەردگاریەتی، هەرکاتێك چـاکتر ئەمانـە بناسـێت زیـاتر لـە خـوا ڕازی دەبێت.

چونکە ئەو بڕیارانـەی خـوا بەسـەر بەندەکانیـدا دەیـدات لـە دەوری ئـەم چـوارە دەخولێتەوە:

- العـدل: دادپەروەرانەیە بۆ مرۆڤ.
- المصلحة: قازانج و بەرژەوەندی مرۆڤی تیایە.
- الحكمة: بە حیکمەت و لێزانی خۆی فەرمان دەدات.
- الرحمـة: بە سۆز و بەزەییە لەگەڵ بەندەکانی.

فەرمانەکانی خوای گـەورە لـەم چـوارە دەرناچێت، هـەر وەك پێغەمبـەرﷺ لـە نزایە مەشهورەکەیدا دەیفـەرموو: ((اللّهُـمَّ إِنِّـي عَبْـدُكَ، ابْـنُ عَبْـدِكَ، ابْـنُ أَمَتِـكَ، نَاصِـيَتِي بِيَدِكَ، مَاضٍ فِيَّ حُكْمُكَ، عَدْلٌ فِيَّ قَضَاؤُكَ، أَسْأَلُكَ بِكُلِّ اسْمٍ هُـوَ لَـكَ، سَـمَّيْتَ بِـهِ نَفْسَكَ، أَوْ

أَنْزَلْتَهُ فِى كِتَابِكَ، أَوْ عَلَّمْتَهُ أَحداً مِنْ خَلْقِكَ، أَوِ اسْتَأْثَرْتَ بِهِ فِى عِلْمِ الْغَيْبِ عِنْدَكَ، أَنْ تَجْعَلَ الْقُرْآنَ رَبِيعَ قَلْبِى، وَنُورَ صَدْرِى، وَجَلاَءَ حُزْنِى، وَذَهَابَ هَمِّى و غمى، إِلاَّ أَذْهَبَ اللَّهُ هَمَّهُ وَحُزْنَهُ، وَأَبْدَلَهُ مَكَانَهُ فَرَجاً. قَالَوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَلاَ نَتَعَلَّمُهَن؟ قَالَ: بَلَى، يَنْبَغِى لِمَنْ سَمِعَهَن أَنْ يَتَعَلَّمَهَن)) (١).

واتـە: خوایە من بەندەی تۆم، کوڕی بەنـدەی تـۆم، کـوڕی کـەنیزەك و کۆیلـەی تـۆم، نێوچـەوانم بـە دەسـت تۆیـە، حـووکم و بڕیـارت بـە سـەرمدا ڕابـردووە، بڕیارەکانیشت بەسەرمدا دادپەروەرانەیە، خودایە داوات لێدەکەم و لێت دەپاڕێمەوە بە هەموو ناوە جوانەکانت کە ناوت پێ لـە خـۆت نـاوە، یـان لـە قورئانـدا ناردۆتتـە خوارەوە، یان فێری کەسێکت کردووە لە دروستکراوەکانت، یان لە زانستی پەنهانی خۆت حەشارت داوە کە قورئان بکەیتە بە هاری دڵم، و نووری سنگم و ڕەوێنـەوەی دڵ تەنگیم و لابەری غەم و خەفەتم، هەر کەسێك ئەو نزایە بکات ئەوە خوای گەورە غەم و خەفەتەکەی لادەبا و بـۆی دەگۆڕێـت بـە خۆشـی - کاتێـك هـاوەڵان ئەمـەیان بیست - فەرموویان: ئەی پێغەمبـەری خـواﷺ خـەڵکی فێـری ئـەم نزایـە بکـەین؟! پێغەمبەریشﷺ فەرمووی: بەڵی، هەر کەسێك گوێ بیستی بوو، پێویستە خـەڵکی تری لێ فێربکات

مەبەست لەوەی کە دەفـەرمووێ: (عَدْلٌ فِيَّ قَضاؤُكَ)، ئەمـە هـەموو ئـەو بڕیارانـە دەگرێتەوە کە خوا دەیدا بەسەر بەندەکەیدا لە سزا و ئازار و هۆی ئەمانەش، خوای گەورە دادپەروەرە لە بڕیارەکانی، ئەم بڕیارەی خوا خێری بۆ ئیمانـدار تیایـە، هـەر وەك پێغەمبەرﷺ دەفـەرمووێ: ((والـذي نَفْسي بِيَـده لا يَقْضِي الله لِلمؤمن قـضاء إلا كـان خـيراً لـه، ولـيس ذلـك إلا للمـؤمن)) (٢)، واتـــە: سـوێند بـەوەی کـە گیـانی منـی

---

(١) صحيح: رواه أحمد في مسند (٣٧١٢)، ابن حبان في صحيحه (٩٧٢)، الحاكم في المستدرك (١٨٧٧)، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: السلسلة الصحيحة للشيخ الألباني (٣٨٣/١).

(٢) صحيح: رواه مسلم (٢٩٩٩).

بەدەستە، خوای گەورە هەر بڕیارێك بەسەر مرۆڤی ئیماندار بدات، ئەوە خێری بۆ ئەو تیایە، ئەمەش بۆ کەسی تر نیە جگە لە ئیماندار.

ابن قیم دەفەرموێ: پرسیارم لە مامۆستای بەڕێزمان[1] کرد: ئایا ئەمە بڕیاری گوناهیش دەگرێتەوە؟ لە وەڵامدا فەرمووی: بەڵێ بە مەرجی خۆی، لە قسەکەیدا فەرمووی (بە مەرجی خۆی) کە تایبەتمەندیەکانی گوناه دەگرێتەوە لە تەوبە و ملکەچی و پەشیمانی و خشوع و زەلیلی و گریان و شتانی لەم جۆرە.

(١) مەبەستی شێخ (ابن تیمیة)یە.

ڕێگای بە دەست هێنانی زوهـد

مرۆڤ تامەزرۆ و ئیشتیاقی دوا ڕۆژ نابێت تاکو واز لە حەرامەکانی دنیا نـەهێنێت، ناشتوانێت واز لە حەرامەکانی دنیا بێنێت مەگەر لەم دوو ڕێگایەوە نەبێت:

یەکـەم: مـرۆڤ بڕوانێـت و بـیر بکاتـەوە لـە ناوچـون و نـەمانی خۆشـیەکانی ئـەم دنیایەو بێقیمەتی و ئێش و ئازاری و نەگەیشتن بە ئامـانجی، کەچـی ئەگـەر مولـك و سامانێکی زۆریشی هەبێت لەم دنیایە ئەوە دوای ئەمە داخ و حەسرەتی بەدوا دێـت، دەبینین مرۆڤ هەموو هەوڵ و کۆششی خۆی دەدات بۆ ئەوەی خۆشیەکانی دنیـا بـە دەست بێنێت، پێش بە دەست هێنانی دڵ گرانە و خەفەتی بۆ دەخـوات، کـاتێکیش بـە دەسـتی دەهێنێـت هـەر دڵ گرانـە و خەفـەتی بـۆ دەخـوات، کـە لـە دەسـتیـشی دەردەچـێت هـەر دڵ گرانـە و خەفـەتی لێ دەخـوات، ئەمـە یەکێکـە لـەو ڕێگایانـەی ئەگەر مرۆڤ لێ ی ووردبێتەوە دەتوانێت دوا ڕۆژ بۆ خۆی بە دەست بهێنێت.

دووەم: مرۆڤ بڕوانێت و بیر بکاتەوە لە دوا ڕۆژ، کە ڕۆژێکە هـەر دێـت بڕانـەوەی بۆ نیە، بیر بکاتەوە لە خێر و بەرەکەتی دوا ڕۆژ، ئینجا بەراوردی بکات لەگـەڵ ئـەم دنیایەی ئەو تیایدایە، هـەر وەك خـوای گـەورە دەفـەرمووێ: ﴿وَٱلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ وَأَبۡقَىٰٓ﴾ (الاعلى:(١٧)، واتـە: ئاخیرەت چاکترە لە دنیا و بەردەوامـە، وەکـو دنیـا نیـە، بـەڵام ئەم دنیایە وەك خەیاڵات وایە و دەبڕێتەوە.

جا ئەگەر بەم دوو ڕێگایەدا بڕوانیتە دوا ڕۆژ و بیری لێ بکاتەوە ئەوە ڕوو دەکاتە کاری چاکە و چاکە هەڵدەبژێرێت و وازیـش لـە خراپـە دەهێنێـت، تـەبیعاتی هـەموو کەسێکیش هەر وایە کە واز لە شتێك ناهێنێت لەبەر دەستدابێت بـۆ شـتێکی نادیـار کـە ئامـادە نیـە، مەگـەر بزانێـت ئـەو شـتەی ئامـادە نیـە بـە نـرخترە لـەو شـتەی ئامادەیە، ئەوکات ڕوو لە بە نرخەکان دەکات.

بەڵام ئەگەر هاتوو شتە بێ نرخەکەی لەسەر شتە بە نرخەکە هەڵبژارد، ئەوە یان ئەو شتە بەنرخ دادەنێت یان حەز لە شتی بە نرخ ناکات، ئـەو دووانـەش هـەردووکی بەڵگەیە لەسەر بێ هێزی ئیمـان و کـەم عـەقڵی و گـەوجی ئـەو مرۆڤـە، چـونکە ئـەو کەسەی ئارەزووی لە دنیایە و ڕووی کردۆتە دنیا، ئـەو کەسـە یـان بـڕوای وایـە ئـەم دنیایـە لـە دوا ڕۆژ چاکترە و هـەر دەمێنێـت، یـان بـڕوای وایـە دوا ڕۆژ لـەم دنیایـە چاکترە و نەبڕاوەیە، جا ئەگەر بڕوای وابوو دنیا لە دوا ڕۆژ بـەنرخترە ئـەوە ئیمـانی نیە، ئەگەر بڕواشی وابێت دوا ڕۆژ لە دنیا بەنرخترە لەگـەڵ ئەوەشـدا ڕووی لـە دنیـا کردووە، دەکات گەمژەیە و مەسلەحەتی خۆی نازانێت.

کەوابوو مرۆڤ لەم دوو جۆرە دەرناچێت:

چونکە هەڵبژادنی دنیا بەسەر دوا ڕۆژدا، یان ئەو کەسە ئیمـانی تـەواو نیـە، یـان عەقڵی تەواو نیە، بۆیە هاوەڵانی ﷺ پێغەمبەر دنیایـان پـشت گـوێ خـستبوو نـەیان دەهێشت مەیلی دڵیان بۆ دنیا بڕوات، بەڵکو وەکو بەندیخانە سەیری دنیایان دەکرد نەك وەکو بەهەشت.

بە ڕاستی ئەوان زاهید بوون لە دنیـادا، ئەگـەر مەبەسـتیان دنیـا بایـە و دنیایـان بویستایە ئەوە هـەموو خۆشـیەکانی دنیایان بـۆ ئـەوان فـەراهام دەهـات، دەبیـنین پێغەمبەر ﷺ کلیلی دەرگای خەزێنەکانی پێشکەش کرا، بەڵام ئەو ڕەتـی کـردەوە، هاوەڵانیـشی بـە هـەمان شـێوە دنیایـان نەگۆڕیـەوە بـە دوا ڕۆژ، چـونکە ئـەوان دەیانزانی کـە ئـەم دنیایـە شـوێنی حەسـانەوە نیـە، بـەڵکو شـوێنی پیـا ڕۆیـشتنە، شوێنێك نیە مرۆڤ بەردەوام تیای بمێنێتەوە و دڵخۆش بێت پێی.

پێغەمبەر ﷺ دەفـەرمووێ: ((مَالي وَللدُنيا، إنَما أنا كراكبٍ قام في ظِـل شَـجَرةٍ ثُـم رَاحَ وَ تركَها))[1]، واتـە: من چیم لە دنیا داوە، مـن لـەو دنیـا هـەر وەك ڕێبوارێـك وام کـە کەمێك لە ژێر دارێکدا دەحەسێتەوە و چاوی گەرم دەکات، پاشان دەڕوا و ئەو دارە بەجێ دەهێڵێت.

---

(١) صحيح: رواه الترمذی (٢٣٧٨)، و ابن ماجه (٤١٠٩)، و احمد فی مسند (٢/٧٠).

هەروەها لە فەرمودەیەکی تـر دەفـەرمووێ ((مَا الدُّنْيَا فِـى الآخِرَةِ إلاّ كَمَا يدخل أَحَدُكُمْ أُصْبُعَهُ فِى الْيَمِّ فالينْظُرُ بِمَ تَرْجِعُ! !))(١)، واتـە: دنیـا لـە چـاو دوارۆژدا، وەکـو ئەوە وایە کە یەك لە ئێوە پەنجەی بخاتە ناو دەریایەك بڕوانێت کـە پەنجـەی چـەند ئاو لەگەڵ خۆی دەهێنێت، دنیاش لە چاو دوارۆژ بەم شێوەیە.

خوای گەورە دەفـەرمووێ: ﴿إِنَّمَا مَثَلُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا كَمَآءٍ أَنزَلْنَٰهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَٱخْتَلَطَ بِهِۦ نَبَاتُ ٱلْأَرْضِ مِمَّا يَأْكُلُ ٱلنَّاسُ وَٱلْأَنْعَٰمُ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَخَذَتِ ٱلْأَرْضُ زُخْرُفَهَا وَٱزَّيَّنَتْ وَظَنَّ أَهْلُهَآ أَنَّهُمْ قَٰدِرُونَ عَلَيْهَآ أَتَىٰهَآ أَمْرُنَا لَيْلًا أَوْ نَهَارًا فَجَعَلْنَٰهَا حَصِيدًا كَأَن لَّمْ تَغْنَ بِٱلْأَمْسِ ۚ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢٤﴾ وَٱللَّهُ يَدْعُوٓا۟ إِلَىٰ دَارِ ٱلسَّلَٰمِ وَيَهْدِى مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٢٥﴾﴾(یونس:٢٤ ـ ٢٥). واتـە: بێگومان نموونەی ژیانی ئەم دنیایە، هەر لەو بارانە دەچێت کە لە ئاسمانەوە دامانباراندووە، جا بەهۆیەوە ڕووەکی زەوی گەشە دەکات و بەیەکدا دەچن ـ بەرووبوومی خۆی پێشکەش دەکات ـ لەو خۆراکانەی کە هەم خەڵکی و هەم ئاژەڵیش لێی دەخوات، هەر کاتێك وای لێ دێت زەوی، بەجوانی نەخش و نیگاری خۆی دەردەخات و خۆی دەڕازێنێتەوە، خەڵکەکەی وا گومان دەبەن بەڕاستی هەمیشە دەسەڵاتداری تەواون بەسەریدا ـ ئا لەو کاتەدا کە خەڵکی ڕوو لە گوناه و تاوان دەکەن ـ ئەوە فەرمانی ئێمەیان بۆ دەردەچێت لە شەودا یان لە ڕۆژدا، ئەوسا وەك کشتوکاڵ دروێنە کراوی لێ دەکەین، هەر وەکو دوێنی نەبووبێت، بەو شێوەیە ئایەتەکانی خۆمان ڕوون دەکەینەوە بۆ کەسانێك کە بیر بکەنەوە و تێبفکرن، خوای گەورەش بانگەواز دەکات بۆ بەهەشتی پڕ لە شادی و ئاشتی و ئاسایش، هەر کەسێك خوای گەورە بیەوێت ڕێنموونی دەکات بۆ ڕێگەی ڕاست.

لەم ئایەتەدا خوای گەورە باسی کەمی دنیا و وازهێنـان لـە دنیـا دەکـات، باسـی بەهەشت دەکات و خەڵکی بۆ بانگ دەکات.

---

(١) صحيح: رواه مسلم (٢٨٥٨)، و الترمذي (٢٣٢٤)، و ابن ماجه (٤١٠٨).

دەفـەرمووێ: ﴿ وَٱضۡرِبۡ لَهُم مَّثَلَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا كَمَآءٍ أَنزَلۡنَٰهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَٱخۡتَلَطَ بِهِۦ نَبَاتُ ٱلۡأَرۡضِ فَأَصۡبَحَ هَشِيمٗا تَذۡرُوهُ ٱلرِّيَٰحُۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ مُّقۡتَدِرًا ٤٥ ٱلۡمَالُ وَٱلۡبَنُونَ زِينَةُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَٱلۡبَٰقِيَٰتُ ٱلصَّٰلِحَٰتُ خَيۡرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَوَابٗا وَخَيۡرٌ أَمَلٗا ﴾ (الكهف:٤٥ ـ ٤٦)، واتـە: ئەی پێغەمبەر نموونەیان بۆ بهێنەوە کە ژیانی دنیا وەك ئەو ئاوی بارانە وایە کە لە ئاسمانەوە دەیبارێنین و ڕووەکی زەوی بەهۆیەوە بەیەکدا دەلکێن، لە دوای ماوەیەکی کەم ـ هەموو ئەو ڕووەك و گژوگیایە ـ دەبێتە پووش و پەلاشێکی وورد و خاش، ڕەشەبا بەم لاو بەو لادا بڵاوی دەکاتەوە، خوای گەورەش دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، ماڵ و سامان و وەچە، زینەت و جوانی بۆ ژیانی دنیا، بەڵام دڵنیابن کردەوە چاکەکان کە بەرهەمیان دەمێنێتەوە پاداشتیان چاکترە لای پەروەردگارت و ئومێد و هیوای چاکتریشی لێ دەکرێت بۆ خاوەنەکانیان.

خوای گەورە لە ئایەتێکی تر دەفـەرمووێ: ﴿ ٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا لَعِبٞ وَلَهۡوٞ وَزِينَةٞ وَتَفَاخُرُۢ بَيۡنَكُمۡ وَتَكَاثُرٞ فِي ٱلۡأَمۡوَٰلِ وَٱلۡأَوۡلَٰدِۖ كَمَثَلِ غَيۡثٍ أَعۡجَبَ ٱلۡكُفَّارَ نَبَاتُهُۥ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَىٰهُ مُصۡفَرّٗا ثُمَّ يَكُونُ حُطَٰمٗاۖ وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٞ شَدِيدٞ وَمَغۡفِرَةٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضۡوَٰنٞۚ وَمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَآ إِلَّا مَتَٰعُ ٱلۡغُرُورِ ﴾ (الحديـد: ٢٠)، واتـــە: چـاك بـزانن ژیـانی دنیـا بریتیە لە یاری و گەمە و ڕازاندنەوە و خۆ هەڵکێشان لـە نێوان یەکتریـدا، هـەروەها زۆرکردنی سامانی ماڵ و منداڵە، جا ئەوانە هـەر هـەمووی وەکـو بـارانێکی بـە پیـت وایە کە ببێتە هۆی بەرهـەمێکی زۆر، کـە گەشـتیارەکان سەرسـام بکـات، لـەوەودوا وشك بێت و زەرد هەڵگەرێت، پاشـان ووردوو خـاش بێـت و بکـەوێت، بێگومـان لـە قیامەتیـشدا سـزای زۆر سـەخت بـۆ دنیـا پەرسـتان ئامادەیـە، لـەو لاشـەوە لـێ خۆشبوون و ڕەزامەندی لە لایـەن خـواوە ئیمانـدارانی چاکە خـوازی لـێ بـەهرەوەر دەکرێت، ژیانی دنیـاش دوور لـە خواناسـی و دینـداری جگـە لـەوەی کـە بریتیـە لـە ڕابواردنێکی کەم شتێکی تر نیە، زۆر کەسیش پێی غروور و دەستخەڕۆ دەبێت.

هـــــەروەها دەفـــــەرمووێ: ﴿ زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّسَاءِ وَالْبَنِينَ وَالْقَنَاطِيرِ الْمُقَنطَرَةِ مِنَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ وَالْأَنْعَامِ وَالْحَرْثِ ۗ ذَٰلِكَ مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ۖ وَاللَّهُ عِندَهُ حُسْنُ الْمَآبِ ﴿١٤﴾ ۞ قُلْ أَؤُنَبِّئُكُم بِخَيْرٍ مِّن ذَٰلِكُمْ ۚ لِلَّذِينَ اتَّقَوْا عِندَ رَبِّهِمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَأَزْوَاجٌ مُّطَهَّرَةٌ وَرِضْوَانٌ مِّنَ اللَّهِ ۗ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ ﴾ (ال عمران:١٤ ـ ١٥). واتـە: ئارەزووی ئافرەت بوونی نـەوەی نێرینـە و خاوەنیـەتی ئـاڵتون و زێـر و زیـوی زۆرە و زەبەنـد و ئەسـپی چـاك و ڕەسـەن، هـەروەها مـاڵان و زەوی و زاری کشتوکاڵی بۆ خەڵکی ڕازێنراوەتەوە، ئەوانە هەر هەمووی نازونیعمەتی ژیانی دنیان، خـوای گـەورەش بـۆ چـاکەکاران شـوێنی گەڕانـەوەی ڕازاوە و خۆشـی لای خـۆی ئامادەکردووە ـ کە بەهەشتە ـ ئـەی محمـد (ﷺ) بـەو خەڵکـە بڵـێ: ئایا هـەواڵی چاکتر لەو نـاز و نیعمەتنـەتان پێڕابگەیـەنم؟! ـ ئـەویش ئەمەیـە ـ بـۆ ئەوانـەی پارێزگار و خواناسن، لای پـەروەردگاریان باخـەکانی بەهەشـت ئامادەیـە بۆیـان کـە چەندەها ڕووبار بەژێر درەختەکانیدا بەبەردەم کۆشـکەکانیدا دەڕوات، مـرۆڤ لەگـەڵ ژیـانی نـەبڕاوە لەگـەڵ هاوسـەرانی پاکـژدا و بـەدەم هەسـت کردنـی بـەردەوام بەڕەزامەنـدی پـەروەردگاریان دەگـوزەرێنن، بێگومـان خـوای گـەورە بینایـە بـە بەندەکانی.

خوای گەورە لە ئایەتێکی تر دەفـەرمووێ: ﴿وَفَرِحُوا بِالْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا فِي الْآخِرَةِ إِلَّا مَتَاعٌ ﴾ (الرعد:٢٦)، واتـە: خەڵکی دڵخۆشن بە ژیانی دنیا، لە کاتێکدا کـە ژیانی دنیا لە بەرانبەر ژیانی دوا ڕۆژ تەنها ڕابواردنێکی کەم نەبێت هیچی تر نیە.

خوای گەورەش هەڕەشەی زۆر توندی کردووە لەو کەسانە کە بە ژیانی دنیا ڕازین و پشتیان کردووە لە ئایاتی خوا و بەنیازی گەیشتن بە خوانین خوای گەورە دەفـەرمووێ: ﴿إِنَّ الَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَاءَنَا وَرَضُوا بِالْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَاطْمَأَنُّوا بِهَا

وَٱلَّذِينَ هُمْ عَنْ ءَايَٰتِنَا غَٰفِلُونَ ﴿٧﴾ أُوْلَٰٓئِكَ مَأْوَىٰهُمُ ٱلنَّارُ بِمَا كَانُواْ يَكْسِبُونَ ﴿٨﴾﴾ (يونس:٧ـ ٨). واتـە: بەڕاستی ئەوانەی بەتەمای ئامادەبوونی بەبارەگای ئێمە نین و ڕازی بوون بە ژیانی ئەم دنیایە و دڵیان پێیەوە بەندە، ئەوانە بێ ئاگان لە ئایەت و دروستکراوەکانی ئێمە، ئا ئەوانە شوێن و جێگەیان ئاگرە بەهۆی ئەو کارو کردەوانەی کە دەیکەن.

خوای گەورە دەفـەرمووێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَا لَكُمْ إِذَا قِيلَ لَكُمُ ٱنفِرُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱثَّاقَلْتُمْ إِلَى ٱلْأَرْضِۚ أَرَضِيتُم بِٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا مِنَ ٱلْأٓخِرَةِۚ فَمَا مَتَٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا فِي ٱلْأٓخِرَةِ إِلَّا قَلِيلٌ﴾ (التوبة:٣٨)، واتـە: ئەی ئەو کەسانەی ئیمانتان هێناوە ئەوە بۆچی کاتێك پێتان دەگوترێ ڕاپەڕن لە پێناو خودا، ئێوە لەشتان گران دەبێت و دەلکێن بە زەویەوە، ئایا ڕازین بەژیانی دنیا و بە گرنگتری دەزانن لە ژیانی نەبڕاوەی دوا ڕۆژ لە بەهەشتی بەریندا، بێگومان ژیانی دنیا بەراورد لەگەڵ ژیانی پڕ لە شادی دوا ڕۆژ زۆر کەم تەمەن و کەم خۆشیە.

مرۆڤ بەئەنـدازەی ڕازی بـوونی بـە دنیـا و دڵ بەنـد بـوونی بـە دنیـا لەشـی گـران دەبێت لە بەندایەتی و کـارکردن بـۆ دوا ڕۆژ ئـەم ئایەتـەش بەسـە بـۆ ئـەو کەسـەی بـــاوەش بـــە دنیـــا ئـــەکات: ﴿أَفَرَءَيْتَ إِن مَّتَّعْنَٰهُمْ سِنِينَ ﴿٢٠٥﴾ ثُمَّ جَآءَهُم مَّا كَانُواْ يُوعَدُونَ ﴿٢٠٦﴾ مَآ أَغْنَىٰ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يُمَتَّعُونَ﴾ (الشعراء: ٢٠٥ ــ ٢٠٧). واتـە: باشـە ئەگەر چەندان ساڵ ڕابوێرن، پاشان ئەگەر ئەو هەڕەشە و سزایەی کە لـەوان کـراوە هاتەدی و پێش هات، دەتوانن چی بکەن، ئەوسا ئیتر ئەو ڕابواردنـەی دنیایـان هـیچ فریایان ناکەوێت و بێ سوود دەبێت بۆیان.

خـــوای گـــەورە دەفـــەرمووێ: ﴿وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ كَأَن لَّمْ يَلْبَثُوٓاْ إِلَّا سَاعَةً مِّنَ ٱلنَّهَارِ يَتَعَارَفُونَ بَيْنَهُمْ﴾ (يونس:٤٥). واتـە: ڕۆژێك دێت خوا هەر هەموویان کۆ دەکاتـەوە، وا هەست دەکەن تەنها سەعاتێك لە ڕۆژیان پێچوە هەموویان یەکتر دەناسنەوە.

هــەروەها دەفــەرمووێ: ﴿كَأَنَّهُمْ يَوْمَ يَرَوْنَ مَا يُوعَدُونَ لَمْ يَلْبَثُوٓا۟ إِلَّا سَاعَةً مِّن نَّهَارٍۭ ۚ بَلَٰغٌ ۚ فَهَلْ يُهْلَكُ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْفَٰسِقُونَ﴾ (الأحقاق:٣٥). واتــە: ئـەو ڕۆژەی کـە بـەڵێنیان دراوەتێ هەر کاتێك پێشهات وادەزانن تەنها سـاتە وەقتێکتـان لـە ڕۆژێکدا پێچوە، ئەمە بەڵێن و پەیام و ڕاگەیاندنێکی تـەواوە، جـا ئـەو کـات مەگـەر تـەنها تاوانبـاران وەکو گوناهکاران نین کە تیادەچن؟!

لە ئایەتێکی تردەفـەرمووێ: ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلسَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَىٰهَا ﴿٤٢﴾ فِيمَ أَنتَ مِن ذِكْرَىٰهَآ ﴿٤٣﴾ إِلَىٰ رَبِّكَ مُنتَهَىٰهَآ ﴿٤٤﴾ إِنَّمَآ أَنتَ مُنذِرُ مَن يَخْشَىٰهَا ﴿٤٥﴾ كَأَنَّهُمْ يَوْمَ يَرَوْنَهَا لَمْ يَلْبَثُوٓا۟ إِلَّا عَشِيَّةً أَوْ ضُحَىٰهَا ﴿٤٦﴾﴾ (النازعات:٤٢ـ٤٦)، واتــە: پرسیارت لێ دەکەن ـ ئەی محمد(ﷺ)ـ دەربارەی قیامەت کە کەی و چ کاتێك بەرپا دەبێت؟ جا تۆ لە کوێ دەزانیت کەی بەرپا دەبێت!! تۆ لەکوێ و ئەو باسە لەکوێ؟ بێگومان کۆتایی دنیا و بەر پابوونی قیامەت، هەر پەروەردگار دەیزانێت، بێگومان ئەرکی تۆ تەنها بێدارکردنەوەی ئەو کەسانەیە کە لەو ساتە دەترسن، ئەو ڕۆژەی کە قیامەت بەرپا دەبێت، بێ باوەڕان وا دەزانن کە تەنها سەر لە ئێوارەیەك یان سەر لە بەیانیەك درێژی ژیانی دنیایان چێژتوو.

خــوای گــەورە دەفــەرمووێ: ﴿وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ يُقْسِمُ ٱلْمُجْرِمُونَ مَا لَبِثُوا۟ غَيْرَ سَاعَةٍ﴾ (الروم:٥٥)، واتــە: ئەو ڕۆژەی کە قیامەت بەرپا دەبێت تاوانبـاران سـوێند دەخۆن ـ کە ژیانی دنیایان ـ تەنها کات ژمێرێك بووە.

وە دەفـەرمووێ: ﴿قَٰلَ كَمْ لَبِثْتُمْ فِى ٱلْأَرْضِ عَدَدَ سِنِينَ ﴿١١٢﴾ قَالُوا۟ لَبِثْنَا يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ فَسْـَٔلِ ٱلْعَآدِّينَ ﴿١١٣﴾ قَٰلَ إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا قَلِيلًا ۖ لَّوْ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ (المؤمنون:١١٢ ـ ١١٤). واتــە: خوای گەورە لێیان دەپرسێت: ئەوە چەند ساڵە لە دنیادا ژیانتان بردە سەر؟ دەڵێن: ڕۆژێك یان کەمتر لە ڕۆژێك، لەو کەسانە بپرسن کە بیرو هۆشیان لای خۆیانە و حسابی ژمارەکان دەکەن، خوای گەورە پێیان

دەفەرمووێ لە ڕاستیدا مانەوەتان لە دنیادا هەر زۆر کەم بووە، ئەگەر بەڕاستی دەتانزانی؟

هەروەهادەفـــــــــەرمووێ: ﴿يَوْمَ يُنفَخُ فِي الصُّورِ وَنَحْشُرُ الْمُجْرِمِينَ يَوْمَئِذٍ زُرْقًا ﴿١٠٢﴾ يَتَخَافَتُونَ بَيْنَهُمْ إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا عَشْرًا ﴿١٠٣﴾ نَّحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَقُولُونَ إِذْ يَقُولُ أَمْثَلُهُمْ طَرِيقَةً إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا يَوْمًا ﴿١٠٤﴾﴾ (طه:١٠٢ ـ ١٠٤)، واتـە: ڕۆژێك دێت فوو دەكرێت بە (صـور)دا ئەو ڕۆژە تاوانباران چاویان کوێر و شـین هەڵگـەراوە، بەچپە چپ بـە یـەك دەڵـێن: تەنها دەشەو نەبێت لە دنیادا هیچی ترتان پێچوە، ئێمـە چـاك دەزانـین سـەرەنجام چی دەڵێن: تەنها ڕۆژێك نەبێت هیچی ترتان پێنەچووە.

بۆ تووشی نەهامەتی دەبیت

بنچینەی هەموو خێرێك ئەوەیە كە بزانی هەر شتێك خوا حەز بكات دەبێت، هـەر شتێكیش خوا حەزنەكات نابێت، ئەوكات دڵنیا دەبی كە ئەو شتە چاكانەی بەسەرت دادێت لە بەخششی خوای گەورەیە، بۆیە سوپاسی لەسەر دەكەی و ملی بەندایـەتی بۆ كەچ دەكەی تاكو لێت نەبڕێتـەوە، دڵنیـاش دەبـی كـە ئـەو بەلایانـەی بەسـەرت دادێت، سزای خوای گەورەیە بۆ تۆ، بۆیە دەپاڕێیتەوە لێی كە لێت تووڕە نەبێت و فەرامۆشت نەكات.

زانایان كۆكن لەسەر ئەوەی كە هەر خێرێك تووشی مرۆڤ دەبێت ئەوە پـشتیوانی خوای گەورەیە بۆ ئەو مرۆڤە، هەر بەلایەكیش تووشی مرۆڤ دەبێت، ئەوە فـەرامۆش كردنی خوای گەورە بۆ ئەو مرۆڤە.

وە دەڵێن: سەرفرازی خوای گەورە بۆ مرۆڤ، ئەوەیـە كـە نـەت سـپێرێتە نەفـسی خۆت، زەلیل كردنی مرۆڤیش ئەوەیـە فەرامۆشـت دەكـات و دەت سـپێرێتە نەفـسی خۆت.

كە هەموو خێر و چاكەیەك بـە دەسـت خوایـە و بـە دەسـتی كـەس نیـە، كەواتـە كلیلی دەرگای ئەو خێر و چاكانە نزا و ملكەچـی و ڕووكردنـە خـواو خۆشەویستی و ترسی خوایە، هەر كاتێك بەنـدە ئـەو كلیلـەی بـە دەسـت هێنـا دەتوانێـت دەرگاكـە بكاتەوە، هەر كاتێكیش ئەو كلیلەی بە دەست نەهێنا ئەوە دەرگای خێر و بەخشش بە ئەو ناكرێتەوە بە غەیری ئەو دەكرێتەوە.

پێشەوای ئیمانداران (عمر بن الخطاب) دەفەرموێ: من غەمی وەڵامدانـەوەی ئـەو نزایانەم نیە كە دەیكەم، بەڵكو غەمی نزاكەم هەیە، چونكە ئەگـەر بـە پـوختی نـزام كرد ئەوە بێگومان گیراویش دەبێت.

بە ئەندازەی نیەت و تێكۆشان و تـرس و خۆشەویـستی مـرۆڤ خێـرو بەرەكـەت و یارمەتی خوا دادەبەزێت، بەهەمان شێوەش بە ئەنـدازەی پـشت تێكردنـی مـرۆڤ لـە

دینی خوا تووشی ئازار و بەڵا دەبێت.

چونکە خوای گەورە زۆر زانا و دانا و بە حیکمەتە، کێ شیاوی سەرفرازی بێت سەرفرازی دەکات، کێش شیاوی سەرگەردانی بێت سەر گەردانی دەکات، چونکە زانا و بەحیکمەتە.

هەر کەسێك کە تووشی سەرگەردانی بووە، هۆیەکەی ئەوەیە کە نزا و ملکەچی و سوپاسی خوای نەکردووە، هەر کەسێکیش کە سەرفراز بووە هۆیەکەی ئەوەیە کە بە کارەکانی خۆی هەڵساوە، نزا و ملکەچی و شوکرانە بێژی خوای کردووە.

سەری ئەمانەش هەر هەمووی ئارامگرتنە، چونکە ئارامگرتن لە ئیماندا وەکو سەر وایە بۆ لاشە، کە هەر کاتێك سەر نەما ژیانیش نامێنێت.

خەرمانەی دڵان

- گەورەترین سزا کە بەسەر مرۆڤدا بێت دڵ ڕەقی و دوور بونیەتی لە خوا.
- ئاگر دروست کراوە بۆ تاواندنەوەی دڵی ڕەق.
- دوورترین دڵ لە خوای گەورە دڵی ڕەقـــە.
- ئەگەر دڵ ڕەق بوو چاو کوێر دەبێت بەرانبەر حەق.
- چوار شت هەیە دڵی مرۆڤ ڕەق دەکات ئەگەر زیاد لە پێویست ئەنجامدرا:

١. زۆر خـــواردن.
٢. زۆر خەوتـــن.
٣. زۆر قسەکردن.
٤. زۆر تێکەڵ بوونی خەڵکی.

هـەروەکو چـۆن جەسـتە ئەگـەر نـەخۆش کـەوت تـام و سـوود لـە خـواردن و خواردنەوە وەرناگرێت، بەهەمان شـێوەش دڵ ئەگـەر بـە هـەواو ئـارەزوات نـەخۆش کەوت سوود لە ئامۆژگاری وەرناگرێت.

- هەر کەسێك دەیەوێت دڵی ساف بێت، بـا گوێڕایـەڵی خـوا پـێش گوێڕایـەڵی ئارەزواتی بخات.

- دڵ بە ئەندازەی پەیوەسـت بـوونی بـە ئارەزوواتـەوە دوور دەکەوێتـەوە لـە خوای گەورە.

- دڵەکان دەفرەی خوای گەورەن لە زەویـدا، خۆشەویـستترینیان ئەوەیـە کـە ساف و بێگەرد و پاکـــە.

- خەڵکی دڵیان سەرقاڵ کردووە بە دنیاوە، ئەگەر بێتوو دڵیان سـەرقاڵ کـەن بە خوا و ڕۆژی دوایی چاو ڕۆشن دەبن بە ئایات و نیـشانەکانی خـوا، وە کامـەران و ئاسوودەدەبن.

♥ ئەگەر دڵ و دەروون بە وێردی خوا خۆراك بدرێت، بە بیرکردنەوە لە دروست کراوەکـانی خـوا ئـاو بـدرێت، پـاکیش بکرێتـەوە لـە خراپـە، ئـەوکات ئـەو دڵــە بەختەوەر دەبێت و شتی سەیر دەبینێت، حیکمەتی بۆ دێت.

♥ مەرج نیە هەر کەسێك خۆی ڕازانـدبۆوە بـە زانـست و حیکمـەت و بلیمـەتی ئەوە ئەو کارانە پڕ بە پێستی بێت و زانـا و بەحیکمـەت و لێـزان بێـت، بـەڵکو ئـەو کەسانە زانـا و بلیمـەت و لێـزانن کـە دڵیـان زینـدوو دەکەنـەوە بـە کوشـتنی هـەواو ئارەزواتیان.

بەڵام کەسێك دڵی بکوژێ و هـەواو ئـارەزواتی زینـدوو بکاتـەوە، ئـەوە زانـست و بلیمەتیەکەی بەتاڵە و تەنها زمانی درێژە و هیچی تر.

♥ دڵ بە بێ ئاگایی و نەترسان لە خوا کاول دەبێـت، بـە یـاد و ترسـی خـواش ئاوەدان دەبێتەوە.

♥ ئەگەر دڵ پشتی کردە سفرەی دنیا ئەوە داوەتی خوانی ئاخیرەت دەکرێت، بەڵام ئەگەر ڕازی بـوو بەسـفرەی دنیـا و ڕووی تێکـرد، ئـەوە خـوانی ئـاخیرەتی لـە چنگ دەچێت.

♥ تامەزرۆی گەیشتن بە خوا وەك شەماڵێکە هەڵدەکات بەسـەر دڵـدا و ئـاگری دنیای تیا دەکوژێنێتەوە.

♥ هەر کەسێك دڵی پەیوەست بێت بەخوا ئەوە ئاسوودە و کامـەران دەبێـت، هەر کەسێکیش دڵی پەیوەست بێت بە خەڵکی ئەوە دڵ تەنگ و نیگەران دەبێت.

♥ خۆشەویستی خوا ناچێتە دڵێك کـە خۆشەویـستی دنیـای تیـا بێـت، مەگـەر حوشتر بەکونی دەرزیدا بڕوات.

♥ ئەگەر خـوای گـەورە بەندەیـەکی خـۆش بوێـت، ئـەوە خۆشەویـستی خـۆی دەخاتە دڵی، هەڵیی دەبژێرێت بە بەنـدەی خـۆی، تـاکو وای لێـدێت، هـەموو غـەمی

دەبێتە ڕەزامەندی خـوا، زمـانی بـە زکـری خـوا تـەڕ دەکـات، ئەندامـەکانی دەکاتـە خزمەتی.

♥ دڵ نـەخۆش دەکـەوێت هـەر وەك چـۆن لاشـە نـەخۆش دەکـەوێت، شـیفا و دەرمانەکەشی تەوبە و پەشیمانیە، دڵ ژەنگ و لێڵ دەبێـت هـەر وەك چـۆن ئاوێنـە لێڵ دەبێت، پاك بوونەوەکەشـی بـەزکری خوایـە، دڵ ڕووت دەبێـت هـەر وەك چـۆن لاشە ڕووت دەبێت، پۆشاکەکەشی تەقوایە، تـێنی و برسـی دەبێـت هـەر وەك چـۆن جەسـتەی مـرۆڤ برسـی و تـێنی دەبێـت، خـواردن و خواردنەوەکەشـی ناسـین و خۆشویستن و تەوەکول و گەڕانەوەیە بۆ لای خوای گەورە.

♥ نەکـەی بـێ ئاگـا بیـت لـەو خوایـەی ئەجـەلی بـۆ ژیانـت دانـاوە، بـۆ ڕۆژ و هەناسەکانت ماوەی داناوە، هەموو شتێك جگە لەو لێت جیا دەبێتەوە، تەنها خوایە هەرگیز لێت جیانابیەوە و بەردەوام پێویستت پێیەتی.

♥ هەر کەسێك کارەکانی دنیای سپاردەی خوا کرد، یان مندالّەکانی یان ترسی هەژاری یان ڕزگار بوون لە دووژمـنی سـپاردە خـوای گـەورە و پـشتیوانی پـێ بـوو وڕازی بوو بەوەی کە خوا بۆی دیاری دەکـات هـەموو کارەکـانی خـستە بەردەسـتی خـوا و بەویـستی و بڕیارەکـانی ئـەو ڕازیـش بـوو، ئـەوکات نیگـەران و غـەمگین و خەفەتبار نابێت، بەلاّم هەر کەسێك بـە بڕیـاری خـوا ڕازی نـەبێت لـە نەفـسی خـۆی ڕازی بێت، تووشی بەد بەختی و شلّەژانی گوزەران و مانـدوو بـوون دەبێـت و ژیـانی نیگەران دەبێت، دلّی تـەنگ دەبێت، کاری چـاکی بـۆ نایـەت، نیازەکـانی بـۆ نایەتـە دی، ئیسراحەت لە خۆی ناکات.

خوای گەورە ڕێگای گەیشتن بە ڕەزامەندی خۆی ئاسـان کـردووە بـۆ بەنـدەکانی بە پەردەی بەڕێوەبردن داپۆشیوە، جا هەر کەسێك بە بڕیاری خـوا ڕازیبێـت و ڕازی بێـت لـەو شـتانەی بـۆی دیـاری دەکـات، کارەکـانی بـسپێرێتە خـوا، ئـەو پەردەیـە لادەچێت و مرۆڤەکە دڵ ئارام و ئاسوودە دەبێت.

♥ هەر کەسێك سەرقاڵ بێت بە نەفسی خۆی ئاگای لە خەڵکی نامێنێت، هەر کەسێکیش سەرقاڵ بێت بە پەروەردگاری ئاگای لە نەفسی خۆی نامێنێت.

♥ ڕەزامەندی ئەوەیە دڵی ڕازی بێت بە بڕیارەکانی خوای گەورە.

♥ خەڵکی لە دنیا تووشی ئێش و ئازار دەبن بە ئەندازەی پەیوەست بوونیان بە دنیاوە.

♥ دڵ شەش شت هەیە وەکو نیشتیمانی خۆی تیایدا دەخولێتەوە، ئەم شەشەش سیانیان نزم و بێ ڕێزە، سیانیشیان بەرز و بەڕێزە.

سیانە نزم و بێ ڕێزەکە ئەمانەن:

١. دنیایە کە خۆی بۆ ڕازاندۆتەوە.

٢. نەفسیەتی پێ ی دەڵێت ئەوە بکە ئەوە مەکە.

٣. ئەو دوژمنەیەتی کە شەیتانە وەسوەسەی بۆ دروست دەکات.

ئەم سیانە بەردەوام لە دڵی مرۆڤی خراب دادێن و دەچن.

سیانە بەرز و بەڕێزەکەش ئەمانەن:

١. زانستێکە شتی خراپ و ڕاستی بۆ ڕۆشن دەکاتەوە.

٢. عەقلە کە ڕێگای پیشاندەدات.

٣. خودایەکە کە دەیپەرستێ.

ئەم سیانەش بەردەوام لە دڵی مرۆڤی چاکدا دێن و دەچن.

♥ شوێنکەوتنی هەواو ئارەزوات و ئومێدی درێژ بە دنیاوە تێکدەری هەموو کارێکە، چونکە مرۆڤ کە شوێنی هەواو ئارەزوات کەوت چاوی کوێر دەبێت لە ئاست حەقدا، ئومێد بوونی بە دنیا دوا ڕۆژی لە بیرە دەباتەوە، دەبێتە ڕێگر لە کارکردن بۆ دوا ڕۆژی.

♥ هەر کاتێك خوای گەورە بیەوێت چاکەیەك لەگەڵ بەندەکەیدا بکات، وای لێدەکات دان بەهەڵەکانیدا بنێت، خەریك نەبێت بە هەڵەی خەڵکی، بەخشندە بێت بەو شتانەی لەلایەتی، تەماعی لە ماڵ و سامانی خەڵکی نەبێت، ئارام بگرێت لەسەر ئێش و ئازاری دنیا، بەڵام ئەگەر خوای گەورە بیەوێت سزای بدات ئەمانەی بۆ پێچەوانە دەکات.

♥ سەرفرازی مرۆڤ لە سێ شت دایە:

١. ناسینی سیفاتە بەرز و بڵندەکانی خوا، چونکە بە ناسین و خۆشەویستی خوا ئیرادەی زیاد دەبێت.

٢. وورد بوونەوە لە بەخششەکانی خوا، چونکە بەووردبوونەوە لە بەخششەکانی خوای گەورە زیاتر ملکەچ و شوکرانە بژێری دەبێت.

٣. بیرکەوتنەوەی گوناهەکانی، چونکە بە بیرکردنەوەی گوناه و تاوانەکانی زیاتر پەشیمان دەبێتەوە وتەوبە دەکات.

جا سەرقاڵ بوون جگە بەم سیانە مرۆڤ تووشی وەسوەسە و نیگەرانی دەکات.

هەرکەسێك ڕووبکاتە دنیا و دڵی پێیەوە پەیوەست بێت، ئەوە دنیا بێ ڕێز سەیری دەکات و دەیکات بە خزمەتکاری خۆی، هەرکەسێکیش پشت لە دنیا بکات، ئەوە دنیا بەگەورەی دەزانێت و دەبێت بە خزمەتکاری.

گەشتیار بە شەو نخوونی و تێکۆشان و ماندووبوون گەشتەکەی بۆ تەواو دەکرێت، بەڵام ئەگەر گەشتیار خاوی لێکرد و لە ڕێگادا شەوان خەوت، ئەوە چۆن دەگاتە مەبەستی؟

نموونەی زانای بەد عەمەل

هەر زانایەك دنیا ویست بێت، ئەوە قسەی ناحەق بە ناوی خوا بڵاو دەكاتـەوە و فتوا بە پێی بەرژەوەندی دەدات.

چونكە زۆرێك لە خەڵكی فەرمانەكانی خوایان پێ خۆش نیە، بە تایبەت دەسەڵاتداران و سەركردەكان، ئەوانەی شوێنی هەواو ئارەزواتی خۆیان كەوتوونە، چونكە ئەوان ناگەن بە مەبەستەكانیان مەگەر لە ڕێگایەكی گەندەڵ كە پێچەوانەی حەق بێت، جا هەر كاتێك زانا و دادوەر حەزیان لە پلە وپایە و دەسەڵات بوو و ڕوویان كردە هەواو ئارەزوات، ئەوە ناگەن بە مەبەستیان مەگەر بە ڕێگایەك نەبێت پێچەوانەی حەق بێت، بە تایبەت ئەگەر بەڵگەیەكی گوماناوی دەست كەوێ، ئەوكات ئارەزوات وای لێدەكات ئەو گومانەی بكات بە بەڵگەی كارەكەی بۆیە هەوا و ئارەزوات وای لێدەكات ڕاستی لێ وون بێت، ئەگەر چی لە ڕاستیدا حەق ڕوون و ئاشكرایە هیچ گوومانی تیا نیە، بەڵام چاوی بەرانبەر بە حەق كوێرە بووە بۆیە پشتی تێكردووە، لەگەڵ ئەوەشدا لە دڵی خۆیدا دەڵێت: دەی دەی تەوبەیەك دەكەم خوا لێم خۆش دەبێت! ! خوای گەورە دەربارەی ئەوانە و وێنەی ئەوانەش دەفـەرمووێ: ﴿ فَخَلَفَ مِنۢ بَعۡدِهِمۡ خَلۡفٞ وَرِثُواْ ٱلۡكِتَٰبَ يَأۡخُذُونَ عَرَضَ هَٰذَا ٱلۡأَدۡنَىٰ وَيَقُولُونَ سَيُغۡفَرُ لَنَا وَإِن يَأۡتِهِمۡ عَرَضٞ مِّثۡلُهُۥ يَأۡخُذُوهُۚ أَلَمۡ يُؤۡخَذۡ عَلَيۡهِم مِّيثَٰقُ ٱلۡكِتَٰبِ أَن لَّا يَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡحَقَّ وَدَرَسُواْ مَا فِيهِۗ وَٱلدَّارُ ٱلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ لِّلَّذِينَ يَتَّقُونَۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ ﴾ (الاعراف: ١٦٩). واتـە: جێ نشینانێكی بەدفەڕ هاتنە جێگایان، كتێبەكەی خوایان بەمیراتی وەرگرت، ئەوانە پەلاماری كەل و پەلی حەرامی ئەم دنیایەیان داوە و دەشیان گوت: خوا لێمان دەبورێت، ئەگەر دیسانیش لە شتێك دەستیان گیربایە وەریان دەگرت، باشە ئایا ئەوانە لەو كتێبەدا پەیمانیان لێ وەرنەگیراوە كە بەناوی

خواوە شتێك نەڵێن جگە لە حەق؟ خۆ هەرچی لەو كتێبەدا هەیە ئەوانە خوێندیانۆتەوە و دەیزانن!!

خوای گەورە لێرەدا ئـەوە ڕوون دەكاتـەوە كـە ئەوانـە ڕوویـان كردۆتـە حـەرامی دنیا، لە كاتێكدا كە دەیانزانیش لێیان حـەرام كـراوە، دەشـیان گـووت: خـوا لێمـان خۆش دەبێت.

بەڵكو ئەوانە سوور بـوون لەسـەر حـەرام، هـەركاتێكیش چـەنگیان بكەوتایـە بـە تامەزرۆییەوە دەیان لۆشی، جا كاتێك ئـەم كارەیـان ئەنجامـدەدا دەشـیان گـووت: ئەمە حوكمی خوایە و دینی خوایە خوا فەرمانی پێ كردووین.

كەچی دەشیانزانی حوكم و دینی خوا پێچەوانەی ئەم كارانەی ئەوانە، یان جاری وا هەبوو دەیان گووت: ئـەم كارانـە حەڵاڵـە بـەبێ ئـەوەی هیـچی لـێ بـزانن بـەناوی خـواوە قـسەیان دەكـرد، بـەڵام ئەوانـەی لـە خـوا ترسـن دەزانـن دوا ڕۆژ چـاكتر و نەبراوەترە لە دنیا، هـەر بۆیـەش هـەواو ئـارەزوات و سـەروەت و سـامانی دنیـا وای لێنەدەكردن دوا ڕۆژ لە بیربكەن.

جا بۆ ئـەوەی مـرۆڤ سـەرفراز بێـت پێویـستە دەسـت بـە قورئـان و سـوونەتەوە بگرێت و پشت بە نوێژ و ئارامگرتنـەوە بگرێـت، بڕوانێتـە كـەمی دنیـا و زوو لـە نـاو چوونی، وە بڕوانێتە بەردەوامی دوا ڕۆژ و پێش هاتنی.

ئائەمە دەردێكە كە تووشی زانایان دەبێت، ئەگەر ڕوو بكەنە دنیا و شوێنی سەروەت و سامان و هەواو ئارەزوویان بكەون، ئەم ئایەتەش باسی ئەوان دەكات تاكو دەگاتە ئێـرە: ﴿وَكُنَّا ذُرِّيَّةً مِّنۢ بَعۡدِهِمۡۖ أَفَتُهۡلِكُنَا بِمَا فَعَلَ ٱلۡمُبۡطِلُونَ ﴿١٧٣﴾ وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ وَلَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ ﴿١٧٤﴾ وَٱتۡلُ عَلَيۡهِمۡ نَبَأَ ٱلَّذِيٓ ءَاتَيۡنَٰهُ ءَايَٰتِنَا فَٱنسَلَخَ مِنۡهَا فَأَتۡبَعَهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ فَكَانَ مِنَ ٱلۡغَاوِينَ ﴿١٧٥﴾ وَلَوۡ شِئۡنَا لَرَفَعۡنَٰهُ بِهَا وَلَٰكِنَّهُۥٓ أَخۡلَدَ إِلَى ٱلۡأَرۡضِ وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُۚ فَمَثَلُهُۥ كَمَثَلِ ٱلۡكَلۡبِ إِن تَحۡمِلۡ عَلَيۡهِ يَلۡهَثۡ أَوۡ تَتۡرُكۡهُ يَلۡهَثۚ ذَّٰلِكَ﴾ (الاعراف:١٧٥ ـ ١٧٦). واتـە: ـ ئەی محمد ـ

هەواڵی ئەو کەسەیان بەسەردا بخوێنەوە کە فەرمانی خۆمان پێبەخشی بوو، کەچی ئەو خۆی لێ داماڵی و خۆی لێ دوورە پەرێز گرت، ئەوسا ئیتر شەیتان شوێنی کەوت و دایە پێش و چووە ڕێزی سەر لێشێواوان، خۆ ئەگەر بمانویستایە ئەوە بەو ئایەت و فەرمانانە بەرزمان دەکردەوە، بەڵام ئەو خۆی چەسپان بەزەویەوەو شوێنی هەواو ئارەزووی خۆی کەوت، جا نموونەی ئەو جۆرە کەسانە وەکو نموونەی سەگ وایە ئەگەر دەری بکەیت و پیایدا هەڵبشخێیت هەناسە برکێیەتی، زمان دەردەکێشێت یاخود ئەگەر وازی لێبهێنیت ئەوە هەر هەناسە برکێیەتی.

ئەمە نموونەی زانای خراپــە کە کــار بە زانستەکەی ناکات، بڕوانــە ئـەم ئایەتـە لە چەند ڕووەوە سەرزەنشتی زانای خراپ دەکات:

یەکەم: دوای ئەوەی زانـستی بـە ئیـسلام بـوو ئینجـا پـشتی تێکـرد و گومڕابـوو، کوفری بەسەر ئیماندا هەڵبژارد نەك بەنەفامیەوە، بەڵکو بەعەمدی.

دووەم: بەشێوەیەکی وا پشتی لە ئیمـان کـردووە کـە جـارێکی تـر نەگەڕێیتـەوە سەری، هەر وەك چۆن مار لەکیفکەی دەردەچێت ئـەویش بەهـەمان شـێوە، ئەگـەر ئومێدی تیامابایە ئەوە بەم شێوە لە ئیسلام دەرچوو.

سێیەم: شەیتان گەیشت پێی کە وەك نێچیرێك ڕاوی کرد.

چوارەم: دوای ئەوەی حەقی دۆزیەوە ئینـجا گومڕابوو،واتە: گومڕابوو لەزانست و نیەت، کە دەکاتە بەفەساد چوونی نیەت و کردەوەکان، بەفەساد چـوونی زانـست و بیرو باوەری.

پێنجەم: خوای گەورە نەیدەویست بەزانست بەرزی بکاتـەوە کـە ببێـت بـە هـۆی تیاچوونی، چـونکە ئەگـەر رای نەپـەڕێنێت دەبێـت بەسـزا بـۆی، ئەگـەر بێتـوو زانـا نەبایە چاکتر بوو بۆی و سزای کەم تر دەبوو.

شەشەم: خوای گەورە گەمژەیی ئەو ڕووندەکاتەوە، کە بێ نرخی لەسـەربەنرخ و بەرزی هەڵبژارد.

حەوتەم: جا کە بێ نرخەکەی هەڵبژاردووە وانەبێت بە تەنها فکرێك یان قسەیەك بێت، بەڵکو ئەو ڕووی کردۆتە دنیا و کردوویەتیە بارەگای خۆی، چونکە بنچینەی مانای (إخلاد) واتە: مانەوەی بەردەوام لە شوێنێك، هەر وەك ئەوە وایە گوترابێت: ڕووی کردە زەوی، لەو بارەیەوە دەگووترێ: فلان کەس لەم شوێنەدا دەمێنێتەوە ئەگەر لەوێ مایەوە.

هەشتەم: وازی لە هیدایەتی خوا هێناوە ڕووی کردۆتە هەواو ئارەزوی خۆی، هەوا و ئارەزووی کردۆتە پێشەوای خۆی و شوێنی کەوتووە.

نۆیەم: خوای گەورە بە سەگی چواندووە کە بێ نرخترین ئاژەڵە، نەفس نزمترین ئاژەڵە، چاو چنۆك ترین ئاژەڵە بۆیە ناوبراوە بە سەگ.

دەیەم: تامەزرۆ و بێ ئارام بوونی لەسەر دنیا، خوای گەورە چواندوویەتی بە هەناسەبڕکێ و هانکە هانکی سەگ لەکاتی دەرکردنی و وازلێهێنانی، بەهەمان شێوەش ئەو کەسەش ئەگەر وازی لێبهێندرێت هانکە هانکیەتی بۆ دنیا، ئەگەر ئامۆژگاریشی بکرێ و ڕێی لێ بگیرێت هەر هانکە هانکیەتی بۆ دنیا، بەردەوام تامەزرۆ و هانکە هانکیەتی بۆ دنیا وەکو سەگ.

(ابن قتيبة)ە دەفەرمووێ: هەموو گیان لەبەرێك هانکە هانکیەی پێ دەکەوێت لە کاتی ماندووبوون و تێنوویەتیدا جگە لە سەگ نەبێت کە بەردەوام هانکە هانکیەتی لەکاتی ماندووبوونیەتی و لەکاتی ئیسراحەتدا، لەکاتی تێنوویەتی و لەکاتی تێر ئاویشدا، بۆیە خوای گەورەش نموونەی ئەم کافرەی بەو سەگە هێناوەتەوە کە دەفەرمووێ: ئەگەر ئامۆژگاری بکەی هەر گومڕایە، ئەگەر ئامۆژگاری نەکەی هەر گومڕایە وەکو سەگ، ئەگەر دەری بکەی و ڕاوی بنێیت هانکە هانکیەتی، خۆ ئەگەر لە شوێنی خۆشی لێی گەڕێی هەر هانکە هانکیەتی.

نموونەی دینداریێکی نەزان

دینداری نەزان دەردەکەی نەفامی و بێ ئاگاییە لە دین، جا بۆیە (سفیان)ی کوری (عیینة) و چەندین زانای تریش فەرموویانە: خۆتان بپارێزن لە زانایەکی لە خوا نەترس و فاجر، وە لە دینداریێکی نەزان و بێ ئاگا لە دین، چونکە ئەو دووانە دەردن بۆ خەڵکی، هەرچی دیندارە نەزانەکەیە مرۆڤێکی نەزانە و سوودی زانستی نیە و دەبێتە لەمپەر بۆ زانست، هەرچی زانا خوا نەناسەکەشە خەڵکی سەرگەردان دەکات خوای گەورە نموونە دێنێتەوە و دەفەرمووێ: ﴿كَمَثَلِ ٱلشَّيْطَٰنِ إِذْ قَالَ لِلْإِنسَٰنِ ٱكْفُرْ فَلَمَّا كَفَرَ قَالَ إِنِّى بَرِىٓءٌ مِّنكَ إِنِّىٓ أَخَافُ ٱللَّهَ رَبَّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٦﴾ فَكَانَ عَٰقِبَتَهُمَآ أَنَّهُمَا فِى ٱلنَّارِ خَٰلِدَيْنِ فِيهَا ۚ وَذَٰلِكَ جَزَٰٓؤُا۟ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٧﴾﴾ (الحشر: ١٦ - ١٧). واتـە: وەکو شەیتان، کاتێ کە هانی ئادەمیزاد دەدات لەرێی خەیاڵ و وەسوەسەوە، پێی دەڵێت: کافربە، جاکاتێك مرۆڤەکە ڕوو لە کوفر دەکات و کافردەبێت، پێی دەڵێت: من بەریم لە تۆ من لە پەروەردگاری جیهانیان دەترسم، بەڵام سەرەنجامی هەردووکیان ئەوەیە کە هەتا هەتایە، لە ئاگردا دەمێننەوە، ئەوەش پاداشتی ستەمکارانە.

خوای گەورە وای داناوە هەر بەندەیەك ڕازی بێت بـە دنیـا و دڵـی پێیـەوە بەنـد بێت و بێ ئاگا بێت لە ئایەتەکانی خوا و وردنەبێتەوە لێ و کاری پێنەکات، ئەوە بـە هۆی ئەمانەوە تووشی سەرگەردانی دەبێت، هەرگیز ڕازی بوون بە دنیا و بێ ئاگای لە ئایەتەکانی پەروەردگارە پێکەوە کۆنابنەوە لـە دڵێك، مەگـەر دڵێـك نـەبێت کـە ئیمـانی بـە دوا ڕۆژ نـەبێت و ئومێـدی گەیـشتن بـەخوای نـەبێت، ئەگـەر وانەبایـە و ئیمـانی بـە دوا ڕۆژ هەبایـە ئـەوە هـەرگیز بـە دنیـا ڕازی نـەدەبوو، پشتیـشی لـە ئایەتەکانی خوا نەدەکرد.

ئەگەر بڕوانیە گوزەرانی خەڵکی دەبینی زۆرینەی خەڵکی ئەوانەن کە سەرقاڵن بە دنیاوە، کەچی ئەوانەی سەرقاڵی ئاخیرەتن زۆر کەمن، ئەوانەی سەرقاڵی ئاخیرەتن لە ناو خەڵکی نامۆ دیارن، ئەوان حاڵێکیان هەیە خەڵکیش حاڵێکی تر، ئەوان زانست و بۆچونێکیان هەیە خەڵکی بۆچوون و زانستێکی تر، ئەوان کارێك دەکەن و خەڵکیش کارێکی تر، ئەوان لەسەر ڕێبازێکن خەڵکی لەسەر ڕێبازێکی تر، ئەوان لە دۆڵێکن خەڵکی لە دۆڵێکی تردان، خوای گەورە دەفـەرمووێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَآءَنَا وَرَضُوا۟ بِٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَٱطْمَأَنُّوا۟ بِهَا وَٱلَّذِينَ هُمْ عَنْ ءَايَـٰتِنَا غَـٰفِلُونَ ﴿٧﴾ أُو۟لَـٰٓئِكَ مَأْوَىٰهُمُ ٱلنَّارُ بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ﴾ (یونس:٧ـ٨)، واتـە: بەڕاستی ئەوانەی بەتەمای ئامادەبوونی بەر بارەگای ئێمە نین و ڕازی بوون بە ژیانی ئەم دنیایە و دڵیان پێیەوە بەندە، ئەوانە بێ ئاگان لە ئایەت و دروست کراوەکانی ئێمە، ئا ئەوانە شوێن و جێگەیان ئاگرە بەهۆی ئەو کارو کردەوانەی کە دەیکەن.

پاشان باسـی چارەنووسـی کەسـانێك دەکـات کـە پێچەوانەی ئـەو گرۆهـەی کـە دەفـــــەرمووێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ يَهْدِيهِمْ رَبُّهُم بِإِيمَـٰنِهِمْ ۖ تَجْرِى مِن تَحْتِهِمُ ٱلْأَنْهَـٰرُ فِى جَنَّـٰتِ ٱلنَّعِيمِ﴾ (یـونس: ٩)، واتــە: بێگومـان ئەوانـەی کە باوەڕیان هێناوەو کاروکردەوەچاکەکانیان ئەنجامداوە پەروەردگاریان هیدایەت و ڕێنموونیـان دەکـات، لـەو جیهانیـشدا لـەناو بەهەشـتە جـۆراو جـۆرە پـڕ لـە نـازو نیعمەتەکاندا چەندەها ڕووبار بە بەردەمیاندا دەڕوات.

ئا ئەوانە ئیمان بوونیان بە ئامادەبوونی بەر بارەگای خـوا ناهێڵێـت ڕازی بـن بـە دنیا و دڵی پێـوە پەیوەسـت بکـەن، ئەوانـە بۆیـە بـەردەوام یـادی ئایەتـەکانی خـوا دەکەن، بەڵێ: ئەوە بەرووبوومی ئیمانە بەدوا ڕۆژ، ئـەوەی پێشووش باسمـان کـرد بەرووبوومی بێ ئاگایی و ئیمان نەبوونە بە خواو دوا ڕۆژ.

ئیمان و زانست چاکترین شتن

گـەورەترین و پیرۆزتـرین شـت کـە دڵ و دەروون هــەوڵی بـۆ بـدات بـە دەسـتی بهێنێت، وە بەندە پێی بەرز بێتەوە لە دنیا و قیامەت زانست و ئیمانە، هەر بۆیـەش خوای گەورە لە زۆر شوێندا زانست و ئیمانی پێکـەوە لکاندووە وەك دەفــەرمووێ: ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ وَٱلْإِيمَـٰنَ لَقَدْ لَبِثْتُمْ فِى كِتَـٰبِ ٱللَّهِ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْبَعْثِ ۖ فَهَـٰذَا يَوْمُ ٱلْبَعْثِ﴾ (الروم: ٥٦). واتـە: ئەوانەی زانیـست و ئیمانیـان پـێ بەخـشرابوو دەڵـێن: بێگومـان ئێـوە بـە ڕادەی ئـەوەی خـوا بڕیـاری لەسـەر بـووە ماونەتـەوە، تـا ڕۆژی زیندوو بوونەوە.

خوای گەورە لە ئایەتێکی تر دەفـەرمووێ: ﴿ يَرْفَعِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مِنكُمْ وَٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ دَرَجَـٰتٍ﴾ (المجادلة:١١)، واتـە: خوای گەورە ئەوانەی ئیمانیـان هێنـاوە لـە ئێوە و ئەوانەشتان کـە زانـست و زانیاریـان پێـدراوە چـەندەها پلـەو پایـە بـەرزیان دەکاتەوە. ئا ئەمانە چاکترین کەسن کە شیاون پلەی بەرزیان پێبدرێت.

بەڵام زۆرینەی خەڵکی بەهەڵەدا چوونە لە ڕاستەقینەی ئەو زانست و ئیمانەی کە ئاسوودەیی و سەربەرزی مرۆڤی پێوەیە بەندە، بەڵکو هەر گرۆهەو وا دەزانێـت ئـەو زانست و ئیمانەی ئەوان لەسەرینە ڕاستە و مرۆڤ پێیان دەگات بە کامەرانی، کەچـی لە ڕاستیدا وانیە، بەڵکو زۆریان نە ئیمانەکەی باسی دەکەن مـرۆڤ کامـەران دەکـات، نە زانستەکەشیان مرۆڤ سـەر بـەرز دەکـات، بـەڵکو بگـرە بـەم کارەیـان ڕێگـاش لـە خۆیـان دەگـرن بـۆ گەیـشتن بـەو زانـست و ئیمانــەی پێغەمبــەرﷺ هێناویـەتی و گەلەکەشـی بـۆ سـەری بـانگکردووە، ئـەو زانـست و ئیمانـەی خـۆی و هـاوەڵانی و ئەوانەی دوای ئەوانیش لەسەری بوونە.

هەموو گرۆهێکیش بڕوای وایە کە ئەو زانـست و بۆچـونانەی لای ئەوانـە ڕاسـتە و پێـی دڵخۆشن هەر وەك خوای گـەورە دەفـەرمووێ: ﴿ فَتَقَطَّعُوٓا۟ أَمْرَهُم بَيْنَهُمْ زُبُرًا ۖ كُلُّ

حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴾ (المؤمنـون:٥٣). واتـــە: زۆربــەی خــەڵکی بـیر و بۆچـونی خۆیان بەش بەش و پارچـە پارچـە کـرد، هـەموو گرۆهێك و حـزبێکیش بـە ڕێبـاز و حزبەکەی خۆی دەنازێت و بە باشی دەزانێت.

زۆربەی لەوەی کـە ئـەوان نـاوی دەبـەن بـە زانـست قـسەی گـەورە و بۆچـوون و درۆیە، کەچی لە ڕاستیدا زانست قسەی گەورە نیە، هەر وەك (حماد)ی کوری (زید) دەفـەرمووێ: بە(ایوب)م گوت: ئایا لەم سەردەمە زانست زۆرترە یان پێشتر زانـست زۆرتر بوو؟ لەوەڵامدا فەرمووی: لەم سەردەمە قسە زۆر بووە، بەڵام پێـشتر زانـست زۆرتر بوو! بڕوانـە چۆن ئەم زانا لێهاتووە زانست و قسەی لێك جیا کردۆتەوە.

بەڵــێ: وایـە کتێـب زۆر بـووە، قـسە زۆر بـووە، مـشتومڕ و بۆچـوون زۆر بـووە، کەچی زانست زۆربەی ئەمانەی هەر لەگەڵدا نیە، بەڵکو زانست ئەوەیە کە پێغەمبـەر لەلایەن خواوە هێناویەتی بۆ گەلەکەی.

کاتێك سەردەمی ئەم زانستە پاکـە دوور کەوتـەوە، خـەڵکی هـەر بـیرو ڕایـەکیان بەهێزردا دەهات وەریان دەگرت و دەیان کرد بە زانست و کتێبێکیان لەسەر دادەنـا و خۆیان پێوە خەریك دەکرد و کاتیان پێ بە فیڕۆ دەدا، پـەڕاوەکانیان بـەم شـتانە پڕدەکردەوە، دڵەکانیشیان بەم شتانە ڕەش دەکرد، ئەمە شـەیتان لـە بـن گوێیـانی چرپاندوە و لە نێوانیان بڵاوەی پێ کردووە تـاکو سـەرگەردانیان بکـات، جـا دڵیـان دادەماڵدریت لە زانست و ئیمان، وەکو مار کە چۆن خۆی دادەماڵێت لە پێستەکەی، وەکو پۆشاك چۆن لەبەر دەکرێتەوە.

(ابن القیم) دەفـەرمووێ: هێندێ لـە هاوڕێکـانم پێیـان ڕاگەیانـدم کـە هێنـدێ لـە شوێنکەوتووی قوتابی ئەوانەی کە بەم شـێوە سـەرگەردان بوونـە، سـەرقاڵی لەبـەر کردنی کتێبی مامۆستاکانی بووە و لەبەرکردنی قورئانی پـشت گـوێ خستووە، جـا کـە پێیـان گوتـووە: کاکـە گیـان سـەرەتا قورئـان لەبـەر بکـەیت باشـتر نیـە لـەم کتێبانە؟! لە وەڵامدا گوتیەتی: بۆ زانست و زانیاری لە قورئانـدا هەیـە! هێنـدی لـە

پێشەوایانی ئەوانە پێیان گوتم: ئێمە گوێ بۆ حەدیس دەگرین مەبەستمان زانست و زانیـاری لێ وەرگرتنـی نیـە، بـەڵکو بـۆ بەرەکـەت گـوێی بـۆ دەگـرین، چـونکە ئێمـە توێشووی زانایانی خۆمان بەسە جا بۆیە ئێمە کۆلەگەمان ئەوەیـە کـە ئـەوان تێـی گەیشتوون و بڕیاریان لەسەر داوە.

جارێکیان شێخەکەمان باسی ئەوانەی بۆ کردم و پێی گووتم: ئەوانە گـەڕاوون لـە نـاو بیروڕاکـان کامـەی بێهێـزە و مەرامـەکانیان جـێ بـەجێ دەکـات ئـەوانیان هەڵبـژاردووە، بەڵگـەش لەسـەر ئـەوەی کـە ئـەو ڕێگایـەی دەسـتیان پێوەگرتـووە پوچەڵـە، ئەوەیە کە دەبینی بۆچوونەکانیان پڕیەتی لـە ئیختلاف وە هێنـدێ ڕایـان دژی یەکترییـــە، خـــوای گـــەورە دەفـــەرمووێ: ﴿وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ ٱللَّهِ لَوَجَدُوا۟ فِيهِ ٱخْتِلَـٰفًا كَثِيرًا﴾ (النساء:٨٢). واتـە: ئەگەر ئەم قورئانە لەلایەن کەسێکی تـرەوە بوایە جگە لە خوا بێگومان جیاوازی و دژایەتیەکی زۆریان تێدا دەدۆزیەوە.

ئائەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەر شتێك لەلایەن خواوە بێت ئیختلاف تیا نابێت، بەڵام ئەوەی ئیختلاف تیایە و دژایەتی یـەکتری تیایـە، ڕێـك نیـە لەگـەڵ ئـەوەی لای خوایە، چۆن دەکرێت بۆچوون و خـەیاڵات بکرێـت بـەدین و خـەڵکی دینـداری پێـوە بکات، حوکمیش بدا بەوەی کە ڕاستە و خوا و پێغەمبەر پێی ڕازیە، پاك و بێگەردی بۆ تۆ خوایە بەڕاستی ئەوە بوختانێکی گەورەیە.

بەڕاستی زانستی هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ کە یەکتریان پێ ئامۆژگاری دەکرد، ئەو زاستە نەبوو کە ئەو سەرگەردان و درۆزنانە پێیەوە سەرقاڵن هـەر وەك (الحـاکم) لـە ژیـان نامـەی (أبـي عبـدالله البخـاري)دا دەگێڕێتـەوە و دەفـەرمووێ: هـاوەڵانی پێغەمبـەرﷺ کاتێـك کۆدەبوونـەوە بـە قورئـانی پـەروەردگاریان و سـوونەتی پێغەمبەرەکەیان ئامۆژگاری یەکتریان دەکرد.

ئەو ئیمانەی خوا و پێغەمبەر دەیانەوێت

دەبینین زۆرینەی خەڵکی یان هەر هەموو خەڵکی بانگهێشتی ئەوە دەکەن کە ئیماندارن، بەڵام لە ڕاستیدا زۆربەی خەڵکی ئیمانێکی تەسکیان هەیە، بەڵام ئیمانی فراوان ئەو ئیمانەیە کە پێغەمبەرﷺ هێناویەتی بۆ گەلەکەی، ناسینی خوا و دان پێنانی و خۆشویستنی و ناسینی ئەو شتانەی کە خوا پێی ناخۆشە و لێی تووڕەیە، ئا ئەمە ئەو ئیمانە ڕاستەقینەیە کە پێغەمبەرﷺ لەسەری بووە و بە گەلەکەی ڕاگەیاندووە، ئا ئەو ئیمانە ئیمانی گرۆهی ڕاستگۆیانە.

لەلای زۆربەی خەڵکی وادەزانن ئیمان دان هێنانە بە بوونی دروست کارێك، هەر ئەویش تەنهایە و ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیاندایە دروستی کردووە، بەڵام ئیمانی کامڵ ئەوەندە نیە بەتەنها چونکە بت پەرستەکانی (قریش)یش ئەم ئیمانەیان هەبووە، کەواتە بەمە ناگووترێ ئیمان.

لەلای هێندێ خەڵکی تریشدا وادەزانن ئیمان تەنها ووتنی شەهادەی ـ اشهد ان لا اله الا الله و اشهد ان محمد رسول الله ـ جا کاری لەگەڵدا بێت یان نا بە دڵ بێت یان پێچەوانەی دڵ بێت.

لەلای هێندێ خەڵکی تریشدا وادەزانن ئیمان تەنها ئەوەیە مرۆڤ بە دڵ ئیمانی هەبێت کە خوا دروست کراوی ئاسمانەکان و زەویە و (محمد)یش ﷺ بەندە و نێردراوی خوایە، ئەگەر بە زمانیش نەیڵێت و کاریشی پێ نەکات قەیناکا، بەڵکو ئەگەر جنێویش بە خوا و پێغەمبەرﷺ بدات و هەموو گوناهێکی گەورەش بکات، تەنها ئیمانی بە خوا و پێغەمبەر هەبێت ئەوە ئیماندارە.

لەلای هێندێ خەڵکی تریش وادەزانن ئیمان تەنها دان هێنانە بەسیفاتە بەرزەکانی پەروەردگار وەکو سیفاتی بەرزی عەرش و سیفاتی قسەکردن بە ووشە و سیفاتی (سمع)و (بصر)و (مشیئة)و (قدرة) و (إداة)و (حب)و (بغض) و چەندین

سیفاتی تریش کە خوا بۆ خۆی باسی کردووە یان پێغەمبەرەکەی باسی کردووە، بەڵکو ئیمان لەلای ئەوانە دان نەهێنانە بەمانە و گوێڕایەڵی کردنی بۆچوونی مامۆستایە گەمژە و نەزان و درۆزنەکانیانە کە وتەکانیان هێندێکی دژ بەیەکە و یەکتر هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەوانە وەکو ئەوەنە کە ئیمام (عمر)ی کوڕی (الخطاب) و ئیمام (احمد) فەرموویانە: ئیختیلافیان لە قورئاندا هەیە و پێچەوانەی قورئان دەکەن و کۆکن لەسەر وازهێنان لە قورئان.

هێندێ خەڵکی تریش وادەزانن ئیمان تەنها پەرستنی خوایە بە پێی ئارەزوو و هەواو هەوەسی خۆیان، بێ ئەوەی پەیوەست بن بەو فەرمانانەی پێغەمبەرﷺ لەلای خواوە هێناویەتی.

هێندێ خەڵکی تریش وادەزانن ئیمان تەنها ئەنجامدانی ئەو کارانەیە کە باوك و باپیرانی و پێشینەی ئەوان ئەنجامیان داوە جا چۆن و کێ بێت ئەوە باس نیە، بەڵکو ئیمانیان لەسەر دوو شت دامەزراوە:

یەکەم: ئەوە پێشینەیە و باو باپیرانمان وایان گوتووە ئێمەش ئەنجامی دەدەین.

دووەم: هەر ئەوەی ئەوانیش گوتیانە ڕاستە و هیچی تر.

هێندێ خەڵکی تریش وادەزانن ئیمان تەنهاڕەوشت جوانیی و هەڵسوکەوتی چاکو ڕووی خۆش و گومانی چاکە بردن بە خەڵکی و دوور کەوتنەوە لە بێئاگای خەڵکییە.

هێندێ خەڵکی تریش وادەزانن ئیمان تەنها خۆداماڵینە لە دنیا و دەرکردنی دنیایە لە دڵ و زهد کردنی دنیایە، جا ئەوانە هەر کاتێك کەسێکیان بینی بەم شێوەیە بوو ئەوە بە ئیماندارێکی مەزنی دەزانن ئەگەر چی زانست و کردەوەشی نەبێت.

ئائەمانە هەر هەموویان ئیمانی ڕاستەقینەیان نەناسیوە و شوێنی نەکەوتوون و چەنگیان نەکەوتووە، ئەوانەی ڕابران چەند جۆرێکن: هێندێکیان ئیمانەکەیان دژی ئیمانی ڕاستەقینەیە، هێندێکیان ئیمانەکەیان هەر بە ئیمان ناژمێردرێت، هێندێکیان

ئیمانەکەیان مەرجی ئیمانە بە تەنها بـەوە نەگەیشتوونە بـە ئیمـان، هیندێکیـشیان مەرجیان داناوە بۆ گەیشتن بـە ئیمـان کەچـی مەرجـەکان هەڵوەشـێنەرەوە و دژی ئیمانە، هێندێکیشیان مەرجیان داناوە بۆ گەیشتن بە ئیمان کـە هـەر پەیوەنـدی بـە ئیمانەوە نیە.

لە راستیدا ئیمان دوورە لەمانە بەڵکو ئیمانی ڕاستەقینە تێکەڵە لـە ناسینی ئـەو شتانەی کـە پێغەمبـەرﷺ لـە لایـەن خـواوە هێناویـەتی، جـا بـە دڵ ئیمـانی پێـی هەبێت و بەزمانیش دانی پێدا بهێنێت و بەخۆشەویستی دڵیشیەوە ملکەچی بێت، بە دڵ و لاشە کاری پێبکات، بەپێی توانا جێبەجێی بکات و بانگەوازی بۆ بکات.

بەڵێ: ئیمانی ڕاستەقینەی مرۆڤی ئیماندار ئەوەیە کە خەڵکی لە ڕاهی خوا خۆش بووێت، ڕق لێبوونەوەی لە ڕاهی خوا بێـت، لـە ڕای خـوا ببەخـشێ و لـە ڕاهـی خـوا نەبەخشێ، وە بەتەنها خوای گەورە بپەرسـتێ و ملـی بـۆ کـەچ بکـات، مـرۆڤ ئەگـەر بیـەوێت بگـات بـەو ئیمانـە ڕاسـتەقینەیە دەبێـت بـە دڵ و لاشـە تـەنها شـوێنی پێغەمبەری خوا بکەوێتﷺ دەبێت چاوی دڵی بنوقێنێت لە ئاوڕدانەوە بۆ کەسـانی تر جگە لە خوا و پێغەمبەری خوا.

چەند ئامۆژگاریەکی زێڕین

بێگومان هەر کەسێك بیەوێت دەست لە شتێ هەڵگرێ کە خووی پێوە گرتووە ئەوە زۆر بۆی ئاستەمە و ناتوانێت، چونکە لەبەر خاتری خوا وازی لێ ناهێنێت، بەڵام ئەو کەسەی بە دڵێکی ساف و لەبەر خاتری خوا وازی لێدەهێنێت، ئەوە زۆر بە ئاسانی دەستی لێ هەڵدەگرێت، تەنها یەکەمجار ماندوو دەبێت ئەمەش تاقی کردنەوەی خوای گەورەیە تاکو دەردەکەوێت ئایا ڕاست دەکات یان درۆ دەکات، جا ئەگەر یەکەمجار کەمێك ئارامی گرت لەسەر ئەم ئازارە ئەوە کامەران دەبێت.

(ابن سيرين) دەفەرمووێ: گوێم لە (شريح)بوو سوێندی دەخوارد دەیووت: هەر بەندەیەك واز لە شتێك بهێنێت لەبەر خاتری خوای گەورە، ئەوە بێگومان خوای گەورە شوێنەکەی بۆ پڕ دەکاتەوە.

کە گووتوویانە: (من ترك لله شيئا عوضه الله خيرا منه) واتــە: هەر کەسێك واز لە شتێك بهێنێت لەبەر خاتری خوای گەورە، ئەوە خوای گەورە لەو شتە چاکتری پێ دەبەخشێ.

بەڕاستی ئەوە ڕاستە(عوض) واتــە: پێدانی شتێکی تر، چەند جۆری هەیە، بەنرخترین و چاکترینیان کە خوا لە بری ئەو شتەی وازی لێهێناوە پێی ببەخشێ، خۆشەویستی و هۆگر بوونە بەخواوە، دڵ ئارام بوونە بەخوا، هێز و ئاسوودەیی و ڕەزامەندی پەروەردگارە.

* بێگومان گەوجترین کەس ئەوەیە کە نزیکە لە گەشتەکەیدا بگاتە شوێنی مەبەست لەوکاتەدا ڕێگاکەی لێ وون بێت.

* ئەو عەقڵانەی سەرکەوتوونە وادەبینن ئەو پەیامە کە پێغەمبەرﷺ هێناویەتی ڕاست و دروستە و ڕێکە لەگەڵ عەقڵ و حیکمەت، بەڵام ئەو عەقڵانەی سەرگەردانن

وا دەبینن ئەو پەیامەی پێغەمبەرﷺ هێناویەتی ڕێك نیە لەگەڵ عەقڵ و حیکمەت.

* نزیکترین هۆکار بۆ گەیشتن بە ڕەزامەندی خودا سێ ڕێگایە:

١. پەیوەست بوونە بە سوونەتەکانی پێغەمبەر و کار پێکردنیەتی بە دڵ و لاشە.

٢. بەردەوام خۆی بە زلیل و ئاتاج بزانێت بەرانبەر بە خوا.

٣. هەموو کاروکردەوەکانی تەنها بۆ خوابێت و مەبەستی تەنها خوا بێت.

جا هەر کەسێك بیەوێت بگات بە ڕەزامەندی خـوا تـەنها بـەم سـێ ڕێگایـە، هـەر کەسێکیش نەگات بەڕەزامەنی خوا ئەوا دابڕاوە لەم سێ ڕێگایە یان لە یەکێکیان.

* ئەو بنچینانەی کامەرانی مرۆڤـی پێـوە بەنـدە سـێ بنـچینەیە، هـەر یـەك لـەو سێیانەش دژی خۆی هەیە، جا هەر کەسێك یەکێك لەو بنچینانەی لە دەست بـچێت ئەوە تووشی دژەکەی دەبێت.

١. یەکتاپەرستی، دژەکەشی شەریك دانانە بۆ خوا.

٢. سوونەت، دژەکەشی بیدعەیە.

٣. گوێ ڕایەڵی خوا. دژەکەشی بێ فەرمانی خوایە.

ئەم سیانەش هەموو یەك دژیان هەیە: ئەویش دڵ پەیوەست نە بوونـە بـە خـوا و بە بەهەشتی خوا، وە نەترسانە لە خوا و نە ترسانە لە دۆزەخ.

ڕێبازی ئیمانداران و ڕێبازی تاوانباران

خـــوای گـــەورە دەفــــەرمووێ: ﴿وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْأَيَٰتِ وَلِتَسْتَبِينَ سَبِيلُ ٱلْمُجْرِمِينَ﴾ (الانعام:٥٥)، واتـە: بەهەمان شێوەش بە درێژی ئایەتـەکانیان بۆ شـی دەکەینەوە تاکو ڕێبازی تاوانبارانیان بۆ ڕوون بێتەوە.

خوای گەورە لـە ئایـەتێکی تـر دەفــەرمووێ: ﴿وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلْهُدَىٰ وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ ٱلْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ﴾ (النساء: ١١٥). واتـــە: هـەر کەسێك دوژمنایەتی پێغەمبەر ﷺ بکات و لێی جیابێتەوە لە دوای ئەوەی ڕێگـەی ڕاست و دروستی بۆ ڕوون بۆوە، ئینجا ڕێبازێك بگرێتە بـەر کـە جیابێـت لـە ڕێگـە و ڕێبـــازی ئیمانـــداران ئـــەوە ڕووی وەردەچـــەرخێنین بـــۆ ئـــەو ڕێگـــەو بەرنامـــەی هەڵیبژاردووە و ڕووی تێکردووە.

خوای گەورە لە قورئاندا بە درێژی ڕێبازی ئیماندرانی ڕوون کردۆتەوە، بە هەمان شێوە بە درێژیش ڕێبازی تاوانبارانی ڕوون کردۆتەوە چارەنووسی هـەردوو لاشـیانی ڕوون کردۆتـــەوە، کـــاروکردەوەی هـــەردوو لاشـــیانی ڕوون کردۆتـــەوە، دۆســـتانی ئیمانداران و دۆستانی تاوانبارانی ڕوون کردۆتەوە، هۆکاری سـەرفرازی ئیمانـداران و سەرگەردانی تاوانبارانیشی ڕوون کردۆتەوە، بـەم شـێوە خـوای گـەورە لـە قورئانـدا ئەو دوو ڕێبازەی بە جوانی ڕۆشن کردۆتەوە، تاکو بۆ خـەڵکی ڕوشـن بێتـەوە وەکـو ڕووناکی و تاریکی، ئەوانەی زانان بە خوا و قورئان و دینی خوا، بە درێـژی ڕێبـازی ئیمانداران و تاوانباران دەناسن، هەردوو ڕێبازەکەیان بـۆ ڕۆشـن بۆتـەوە، هـەر وەك ئـەو کەسـە بـۆی ڕوون بۆتـەوە کـە ڕێگەیـەك دەگرێتـە بـەر بـۆ ئـەو شـوێنەی کـە مەبەستیەتی.

جا ئەوانە چاكترین و زاناترین كەسن بۆ خەڵكی كە ئامۆژگاریان دەكەن و ڕێگای ڕاست بە خەڵكی نیشان دەدەن، هەر بەمەش بوو هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ چاكترین كەس بوون، لەهەموو ئەوانەی لە دوایان دێن تاكو ڕۆژی قیامەت، چونكە ئەوان لە ناو گومڕایی و كوفرو شیرك و سەرلێشێواویدا ژیابوون، بەدرێژی ئەمەیان ناسی بوو، جا پاشان پێغەمبەرﷺ هاتوو دەری هێنان لە ناو سەرگەردانی و تاریكایی بۆ سەر ڕێگای ڕاست و هیدایەت، دەری هێنان لە تاریكایی بۆ ڕووناكی، لە شیرك بۆ یەكخواناسی، لە نەفامی بۆ زانین و زانیاری، لەسەرگەردانی بۆ سەرفرازی، لە ستەمكاری بۆ دادپەروەری، لەسەر لێشێواوی و كوێری بۆ هیدایەت و چاوساغی، چونكە ئەوان دەیانزانی كاتی خۆی چەندە سەر لێشێواو و گومڕا بوونە، كەچی ئێستا لە چ خۆشی و كامەرانیەك دانە.

كەوابوو: بە شتی خراپ پێچەوانەكەی پێ دەناسرێت كە چاكەیە، چونكە شت بە پێچەوانەكەی ڕۆشن دەبێتەوە و دەناسرێت. گەر وابوو زیاتر تامەزرۆ و خۆشەویستی ئەو شتەیان دەكەوێتە دڵ كە بۆی هاتوون، وە زیاتر لەوەی پێشتر هەڵدێن و ڕقیان لێدەبێتەوە، ئەوانە بە خواناسی و ئیمان و ئیسلامیان زۆر لەلا خۆشەویستە، زۆر ڕقیشیان لە پێچەوانەكەیەتی چونكە ئەوان زانان بەم ڕێبازە.

بەڵام ئەوانەی دوای هاوەڵان سەریان هەڵدا، هێندێكیان لە ناو ئیسلامدا گەورەبوون بۆیە خراپەیان بە چاكی نەدەناسی، هێندێ شتی ڕێبازی ئیمانداراانیان لێ تێكەڵ بوو لەگەڵ ڕێبازی تاوانباران، چونكە مرۆڤ كاتێك شتی لێ تێكەڵ دەبێت ئەگەر بە چاكی هەردوو ڕێبازەكە نەناسێت یان یەكیان نەناسێت، هەر وەك (عمر)ی كوڕی (الخطاب) دەفەرمووێ: كەسێك لە ناو ئیسلامدا گەورەبوبێت و سەرگەردانی و نەفامیش نەناسێت بێگومان ڕاستی ئیسلامەتیەكەی بەرە بەرە لێ كاڵدەبێتەوە.

بەڵێ: ئەمە نیشانەی پلە بەرزی زانستی (عمر)ە (رضي الله عنه) چونكە ئەگەر گومڕایی و نەفامی نەناسێت كە ئەو شتانە دەگرێتەوە پێچەوانەی پەیامی پێغەمبەرە ئەوكات چۆن دەتوانێت خۆی لێ بپارێزێت، جا هەرشتێك پێچەوانەی ئەو پەیامە بێت كە پێغەمبەرﷺ هێناویەتی ئەوە پێی دەگوترێت نەفامی.

هەر کەسێك ڕێبـازی تاوانبـاران نەناسـێت و بـۆی ڕۆشـن نەبوویێتـەوە، دوورنیـە هێندێ شتی ڕێبازی تاوانباران بەهی ئیمانداران بزانێت، هەر وەك دەبینین زۆر شتی تاوانبـاران و کـافران و دووژمنـانی پێغەمبـەران لـە بـواری بیروبـاوەڕدا و زانـست و کـاروکردەوەدا تێکـەڵی ئومـەتی ئیسلام بـووە، کـە هێنـدێ کەسـی نـەفام و نـەزان تێکەڵیان کردوە لەگـەڵ ڕێبـازی ئیمانـداران کـە وایـان زانیـوە ئەوانـە پەیوسـتە بـە ڕێبـازی ئیماندارانـەوە، هێنـدێ شـتیان حـەڵاڵ کـردووە کـە خـواو پێغەمبـەرﷺ حـەرامیان کـردووە، هـەر وەك زۆربـەی بیدعەچـیەکان تووشـی ئەمـە بوونـە کـە بیدعەیەك دادێنن ئینجا بانگەوازیشی بۆ دەکەن کەسێکیش پێچەوانەی بکات کافری دەکەن.

خەڵکی لەو باوەڕەدا چوار جۆرن:

گرۆهی یەکەم: ئەوانەن کـە ڕێبازی ئیمانداران و ڕێبازی تاوانبارانیـان بـە درێـژی بۆ ڕۆشن بۆتەوە بە زانست و کردەوە، ئەوانە زاناترین کەسن.

گرۆهی دووەم: ئەوانەن کە چاویان کوێرە لـە بەرانبـەر هـەردوو ڕێبازەکـە وەکـو وێنەی ئاژەڵ وان، ئەوانەش بە ڕێبازی تاوانباران دەژمێردرێن.

گرۆهی سێیەم: گیانی خۆی سـەرف دەکـات بـۆ ناسـینی ڕێبـازی ئیمانـداران بـە کورتیش پێچەوانەکەی دەناسێت، دەزانێت هەر شتێك پێچەوانەی ڕێبازی ئیمانداران بێت ئەوە پوچەڵە ئەگەرچی بەدرێژیش نەیزانێت، بەڵکو هەر کاتێك گوێی لە شتێك بێت کـە پێـچەوانەی ڕێبـازی ئیمانـداران بێـت یەکسەر گـوێی لادەبـا و گـوێی بـۆ ناگرێت، خۆی سەرقاڵ ناکات بزانێت مانای چیە و تێی بگـات، یـان لێـی بکۆڵێتـەوە بزانێت بۆ خراپە تاکو گوێی بۆ بگرێت.

بە پێچەوانەی گرۆهی یەکەم، چونکە ئەوان ئارەزووات دەناسن، وە نەفسیـشیان بۆی دەچێت بـەڵام بەربـەرەکانێی نەفـسی خۆیـان دەکـەن و لـە پێنـاوی خـوا وازی لێدێنن.

کاتی خۆی لەم بارەیەوە نامەیەکیان بۆ ئیمامی (عمر)ی کوڕی الخطاب نووسی و پرسیاریان لێکرد، کامیان چاکترە: پیاوێك کە ئارەزووات بە خەیاڵیا نایەت، یان پیاوێك ئارەزووات بە خەیاڵیدا دێت کەچی بەربەرەکانێی لەگەڵدا دەکات و لە پێناوی خوا وازی لێ دەهێنێت؟ لە وەڵامدا ئیمامی (عمر) نووسی: ئەوەی کە نەفسی حەز لە ئارەزووات و گوناه دەکات بەڵام ئەو لە پێناوی خوا وازی لێ دەهێنێت لەو جۆرەیە کە خوای گەورە دەربارەیان دەفەرمووێ: ﴿ٱلَّذِينَ ٱمۡتَحَنَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمۡ لِلتَّقۡوَىٰۚ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَأَجۡرٌ عَظِيمٌ﴾ (الحجرات: ٣). واتە: ئەوانە ئەو کەسانەن کە خوا دڵەکانیانی تاقی کردۆتەوە بە تەقوا، ئەوانە لێ خۆشبوون و پاداشتی گەورەیان بۆ ئامادەیە.

ئەو کەسەش بە هەمان شێوە فەزڵی هەیە کە بیدعە و شیرك و ناحەق و ڕێچکەکانی بناسێت، ئینجا لە ڕای خوا ڕقی لێبێتەوە و خەڵکی لێ ئاگادار بکاتەوە و خۆی لێ بەدوور بگرێت و نەهێڵێت ئیمانەکەی شەلۆق بکات و گومان لە دڵیدا بمێنێت، بەڵکو بە ناسینی ناحەق چاکترە حەق بناسێت و خۆشی بوێت، وە چاکترە ڕقی لە ناحەق بێت و لێی دوور کەوێتەوە، ئەمە چاکترە لەوەی کە ئەم شتانە بە خەیاڵیدا نایە و بە دڵیدا نایەت، چونکە ئەو مرۆڤە هەر کاتێك ئەو خراپانە بە دڵیدا دێت، ئەوە خۆشەویستی بۆ حەق زیاتر دەبێت و چاکتر پایەی حەق دەناسێت و پێی دڵخۆش دەبێت و ئیمانی پێ بەهێز دەبێت، هەر وەك چۆن ئەو کەسەی کە گوناه و ئارەزووات بە خەیاڵیا دێت زیاتر سوور دەبێت لەسەر پێچەوانەکەی و حەزی لێدەکات.

هەرکاتێك خوای گەورە بەندەیەکی بڕواداری تاقی بکاتەوە بە گوناه و ئارەزووات، ئەوە بۆ ئەوەیە تاکو خۆشەویستی چاکتر و بە سوودتر و بەردەوامتری بۆ فەراهەم بێنێت، تاکو بەندە بەربەرەکانێ لەگەڵ نەفسی خۆیدا بکات بۆ گەیشتن بەم خۆشەویستیە بەرزە. هەرکاتێکیش نەفسی بۆ گوناه و ئارەزووات چوو، ئەوە تامەزرۆی خۆشەویستیە بەرز و بەردەوامەکەی تری لێی لادەبات، بە پێچەوانەی نەفسێك کە هیچ شتی وای تیا نیە.

ئایا کەسێك کە بەنا و کەندەڵان و درك و بەردا ڕێ دەگرێتە بەر بۆ گەیشتن بە خۆشەویستەکەی بەڕێزتر نیە لەو کەسەی کە تووشی هیچ ئازار نابێت لەسەر پشتی سوارێکی چاك دەگاتە خۆشەویستەکەی؟!

کەسێك کە بە بەربەرەکانێ لەگەڵ نەفسی خۆیدا خۆشەویستی خوا هەڵدەبژێرێت، وەك ئەو کەسە وایە کە بەبێ بەربەرەکانێ خۆشەویستی خوا هەڵدەبژێرێت.

گرۆهی چوارەم: ئەوانەن کە بە درێژی ڕێبازی خراپەکاران و بیدعەچیان و کافران دەناسن، بەڵام بەکورتی ڕێبازی ئیمانداران دەناسن، ئەمانەش حاڵی زۆربەی ئەو کەسانەیە کە برەو بە مەقاڵات وکتێب و فیکرەی گەلانی بێگانە دەدەن، بە چاکی شارەزاییان لێی هەیە کە بەم جۆرە شارەزایان لەو پەیامە نیە کە پێغەمبەرﷺ هێناویەتی، ئەگەر بڕوانیتە کتێبەکانیان ئەوە بە ڕوون و ئاشکرایی دەبینیت.

بەهەمان شێوەش ئەو کەسەی کە بە درێژی شارەزایە بە خراپە و ستەم و فەساد، ئەگەر تەوبەی کردو گەڕایەوە و ڕووی کردە ڕێگای ڕاست، شارەزای بەو شتانە بە فراوانی نامێنێت بەو شێوەی کە تەمەنی تیا بەفیڕۆدا.

مەبەست لەمانەدا ئەوەیە خوای گەورە حەز دەکات ڕێبازی دووژمنانی بناسرێت تاکو خەڵکی خۆی لێ بپارێزێت و ڕقی لێبێتەوە، هەروەکو چۆن حەز دەکات ڕێبازی دۆستانی بناسرێت تاکو خەڵکی بیگرێتە بەر و خۆشیان بوێت.

کەوابوو: شارەزابوون لەو شتانە سوود و نهێنی زۆری لە خۆ گرتووە تەنها خوا دەیزانێت، لە ناسینی پەروەردگاریەتی خواو حیکمەت و کەماڵی ناو و سیفاتەکانی و پەیوەست بوونی بە شوێنی خۆی و شوێنەواری، چونکە ئەمە گەورەترین بەڵگەیە لەسەر پەروەردگاریەتی و پادشایەتی و خوایەتی و خۆشەویستی و تووڕەیی و پاداشت و سزای خوا، والله اعلم.

دە شت هەیە هیچ سوودی نیە بۆ مرۆڤ

١. زانستێك کە کاری پێ نەکرێت.

٢. کاروکردەوەیەك ئیخلاصی تیا نەبێت.

٣. سەروەتو سامانێك لێی نەبەخشرێت کە خاوەنەکەی نە لە دنیا لێی بەهرەوەر دەبێت، نە هیچیشی پێش دەخات بۆ قیامەتی.

٤. دڵێك چۆلبێت لە خۆشەویستی خوا و تامەزرۆی گەیشتن بە خوا نەبێت و هۆگر نەبێت بە خوا.

٥. لاشەیەك کە بەندایەتی خوا نەکات.

٦. خۆشەویستی خوا کە وای لێ نەکات گوێڕایەڵی بکات وڕەزامەندی بە دەست بهێنێت.

٧. ئەگەر کاتێك مرۆڤ سوودو چاکەی دەست کەوت لە خزمەتی دینی خوا بەکاری نەهێنێت.

٨. فیکر و بیرێك کە لە شتێك دەگەڕێت سوودی پێناگەیەنێت.

٩. کارکردن بۆ شتێك کە ئەو کارە نزیکت نەکاتەوە لە خوا، چاکسازی دنیاشت نابێت.

١٠. ترست لە کەسێك بێت و ئومێدت بە کەسێك بێت کە بۆ خۆی نێوچەوانی بە دەست خوایە، دیلی بەردەستی خوایە، کە زەرەر و قازانج و مردن و ژیان و زیندووبوونەوەی خۆی بە دەست نیە.

ئەمانە هەر هەمووی شتی بێ هوودە و بێ سوودن.

گەورەترین زەرەریش کە مرۆڤ بیکات دووانن کە بنچینەی هەموو زەرەرێکن:

١. إضاعة القلب: دڵ بە فیڕۆدان.

٢. إضاعة الوقت: کات بە فیڕۆدان.

دڵ بە فیرۆدان ئەوەیە دنیا بەسەر دوا ڕۆژدا هەڵبژێریت، کات بە فیرۆدانیش دڵ پەیوەست بوون و ئومێدبوونە بە دنیا.

چونکە هەموو خراپەیەك لەو دووانە کۆبۆتەوە شوێنکەوتنی دنیا و ئارەزووات، ئومێدی نەبڕاوە بە دنیا، چاکەش هەمووی لە دوو شت کۆبۆتەوە:

١. شوێنکەوتنی هیدایەت و خواناسی.

٢. خۆ ئامادەکردن بۆ قیامەت.

سەیر بۆ ئەو کەسەی کە ئاتاجی شتێك دەبێت هانا بۆ خوا دەبات، کەچی داوای ژیان و شیفا ناکات بۆ دڵی کە بە دەردی نەفامی و گومان و ئارەزووات مردووە، بەڵام ئەگەر مرۆڤ دڵی مرد هەست بە گوناه ناکات.

مرۆڤی ژیـــر

خوای گەورە فەرمانی هەیە فەرمان دەدات بەسەر بەندەکانی، بڕیاریشی هەیە بڕیار دەدات بەسەر بەندەکانی، نیعمەت و بەخششی هەیە نیعمەت دەڕژێنێت لەسەر بەندەکانی، بەندە لەم سیانە دەرناچێت.

(القضاء) واتە: بڕیار دوو جۆرە:

١. (مصائب).

٢. (معائب).

جا خۆشەویسترین کەس لەلای خوای گەورە ئەوەیە کە بە جوانی لە هەموو ئەو بووارانەدا بەندایەتی خوا ئەنجام بدات، جا ئەوە نزیکترین کەسە لە خوای گەورە.

دوورترین کەسیش لە خوای گەورە ئەوەیە کە بەندایەتی خوا ناکات لەو بووارانەدا.

بەندایەتیکردنی خوا لە فەرمانەکانی، ئەوەیە بە ئیخلاصەوە گوێڕایەڵی خوا بکات، شوێنی پێغەمبەرﷺ بکەوێت.

بەندایەتی خوا لە قەدەغەکراوەکانی خۆ پاراستنە لە ترس و گەورەی و خۆشەویستی خوای گەورە.

بەندایەتی کردنی خوا لە (قضاء المصائب)، ئەوەیە بەندە ئارامی لەسەر بگرێت، ئینجا پێشی ڕازی بێت کە ئەم پلەیە بەرزترە لە ئارامگرتنەکە، ئینجا سوپاسی خواش بکات لەسەری کە ئەمە پلەی بەرزترە لە ڕازی بوونەکە.

بەندە کاتێك دەتوانێت بەم شێوە بێت، ئەگەر خۆشەویستی خوای لە دڵدا جێگیر بوو‌بێت و بزانێت خوا هەرچی بۆی پێش بێنێت لە سوودی ئەو دایە، بزانێت کە خوای گەورە بەم کارەساتە چاکەو سۆزی بۆ ئەو دەوێت ئەگەرچی بەندەش کارەساتەکەی پێناخۆش بێت.

بەندایەتی کردنی خوا لە (قضاء المصائب) ئەوەیە بەندە دەست پێشخەر بێت و پەلە بکات بۆ تەوبەکردن و ڕزگاری بێت، ملکەچ بکا و عوزر بێنێتەوە، بزانێت کەس ناتوانێـت ڕزگـاری بکـات و بیپارێزێـت جگـە لـە خـوا، ئەگـەر بـەردەوام بێـت لـە تاوانەکەی دوور دەکەوێتەوە لە دەرگای خوا، جا بۆیـە هەموو پاڵدەداتە لای خـوای گەورە.

پەنادەگرێت بە خوا لە تووڕەیی خوا، پەنا بگرێت بـە لێبـووردنی خـوا لـە سـزای خوا، هەر هاناو پەنا بۆ خوا بەرێت، دەزانێت ئەگەر خوای گەورە فەرامۆشی بکات و بیسپێرێتە خۆی سەرگەردان دەبێت، هیچ ڕێگایەکی نیە بۆ واز هێنان و تەوبـەکردن مەگەر بە پشتیوانی خوا نەبێت.

ئەوە بە دەستی خوایە بە دەستی بەندە نیە، چونکە بەندە زۆر بـێ دەسـەڵات و بێ تواناترە لەوەی کە ڕەزامەندی خوا بە دەست بهێنێت بەبێ ئیزن و ویستی خـوا، بەندە موڵکی خوایە، ملکەچ و زەلیل و فەقیر و داماوە لە بەر دەستی خوا، ئاتـاجی دەرگای خوایە و ملکەچ و هـەژار و پێویـست و دامـاوی خوایـە، جەسـتەی سـەرقاڵە پێـی، دڵـی ملکەچـە لـە ژێـر دەسـتی، بـە یـەقینی دەزانێـت هـیچ خـێر و چـاکە و چاکسازی لە دەست نایەت، هەموو خێر و چاکەیەك لە خواوەیە و لە دەسـت ئـەوە، ئەو خاوەنی بەخششەکانیەتی پێیداوە بەبێ هیچ بەرانبەر.

بەڕاستی خوای گەورە جێگای مەدح و سوپاس و ستایشە، بەڵام بەندە جێگـای لۆمە و کەم و کوڕی و عەیبە، هەموو سوپاسێك بۆ خوایە، هەموو خێر و چاکەیە بـە دەست ئەوە، هەموو فەزڵێك لەوەوەیە، هەموو ستایـشێك شـیاو بـە خوایـە، هـەموو منەتێك بۆ خوایە.

چاکسازی و چاکە لە خوداوەیە، خراپە لە بەندەوەیـە، خـودا بـە بەخشـشەکانی خۆشەویستی بەخشش دەکات بۆ بەندەکەی، بەندەش بە گوناهەکانی خـودا تـووڕە دەکـات، خـودا ئامۆژگـاری و چاکـسازی دەبەخـشێ بـە بەنـدەکانی، کەچـی بەنـدە خیانەت دەکات لە مامەڵەکەی، لە بەندایەتی کردنی خوا لە بەخشـشەکانی، ئەوەیـە

یەکەمجار دان بنێت کە ئەمە لەلایەن خواوەیە، پاشان پەنا بگرێت بە خـوا کـە ئـەم بەخششانە بە هی کەسی تر نە زانێت جگە لە خوا، ئەگەر چ هۆیەکیش هەبێت بەڵام لە خواوەیە.

وا دابنێت کە هەموو نیعمەتێك تەنها لەلایەن خواوەیـە، پاشـان ستایـشی لەسـەر بکات و لە بەندایەتی خوا سەرفی بکات.

بەندایەتی کردنی خوا لە بەخششی و نیعمەتەکانی، ئەوەیە کە نیعمەتی کـەمیش بە زۆر بزانێت، وە سوپاس کردنەکانی خۆشی لەسەر ئەم نیعمەتە بـە کـەم بزانێـت، ئەوەش بزانێت کە ئەم نیعمەتە لەلایەن گەورەکەیەوە پێی بەخشراوە بەرانبـەر ئـەو ڕەنجـە کەمــەی ئــەو نیــە، وە بــەهۆی هۆکــارەوە نیــە، وەبــە ناچــاریش پــێ ی نەبەخشراوە، لە ڕاستیشدا ئەم نیعمەتە هی خوایە نەك هـی بەنـدە، ئـەم بەخشـشە ملکەچی و نەرم و نیانی و خۆشەویستی بە بەندە دەبەخشێ.

هـەر کـاتێکیش نیعمەتەکـە بەسـەریدا دووبـارە بێتـەوە، ئـەوە زیـاتر ملکەچـی و خۆشەویستی و گوێڕایەڵی خـوا دەبێـت، هـەر کاتێـك نیعمەتەکـەی لێبسەندرێتەوە، ئەوە پێ ی ڕازی دەبێت، هەر کاتێك گوناهێکی تووشهات ئەوە پەشیمان دەبێتـەوە و عووزر دێنێتەوە، ئـا ئەمـە مرۆڤـی ژیـر و دانایـە، بـەڵام مرۆڤـی بـێ هێـز و نـەزان ئەوەیە کە بەم شێوە نەبێت.

بە پشتیوانی خوا کارەکانت ئەنجامدە

هەر کەسێك کارەکانی بسپێرێتە خوا لە پێ بەخشین و نەمان و لەش ساغی و نەخۆشی، بزانێت خوای گەورە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، هەر ئەو زاتەش بەڕێوەبەرە و دەزانێت چی بۆ بەندەکانی باشە، بەڕێوەبردنی خوا چاکترە بۆ بەندە لە بەڕێوەبردنی خۆی بۆ خۆی، چونکە خوا چاکتر دەزانێت چی بۆ بەندە سوودمەندە لە بەندە خۆی بۆ خۆی، خوا بە تواناترە لە بەندە بۆ سوود پێ گەیاندن و زیان پێ گەیاندن، خوا زۆر بە ڕەحمترە بۆ مرۆڤ لە نەفسی خۆی بۆ خۆی.

دەزانێت کە بەبێ بڕیار و (قضاء و القدر)ی خوای گەورە ناتوانێت شەقاوێکیش بهاوێت، بۆیە نەفس و هەموو کاروکردەوەکانی دەسپێرێتە دەستی خوای گەورە وەکو کۆیلەیەکی بێ هێز کە چۆن خۆی دەسپێرێتە دەستی گەورەکەی، ئەوکات گەورەکەشی چۆن حەز بکات بەندەکەی هەڵدەسوڕێنێت کەچی بەندە ناتوانێت ئەوی بە هیچ شێوەیەك هەڵسوڕێنێت.

بەڵێ: مرۆڤ ئەوکات ئیسراحەت دەکات و دڵ تەنگی و غەم و خەفەت و پەژارەی نامێنێت، چونکە کارەکانی سپاردۆتە کەسێك کە لە بەڕێوەبردنی کارەکانی هیچ باکی پێ نیە، بۆیە بە تەنها سپاردویەتیە ئەو چونکە دەزانێت زۆر بە بەزەیی و چاك و بە ڕەحم و چاکسازە بۆ بەندەکانی.

چونکە ئەو بەندەیە هەموو کارەکانی تەنها سپاردوە بە خوا، بۆیە خوای گەورەش ئاتاجیەکانی لە دنیا و قیامەتیش بۆ جێبەجێ دەکات، ئای کە ژیانێکی دەبێت، کە دڵی بەخششی پێ دراوە، ئای کە بەختەوەر و کامەرانە.

بەڵام ئەگەر ڕازی نەبوو پەروەردگار سەرپەرشتی بکات و کارو بارەکانی بۆ فەراهەم بێنێت، خۆی بووە سەر پشك و بەڕێوەبەری خۆی، ئەوکات تووشی غەم و

خەفەت و نیگەرانی و بەدبەختی و ترس و ماندوو بوون و پەژارەیی دەبێت، جا نە دڵی پاك و كامەران دەبێت، نە كارەكانی چاك دەبێت، نە بە ئاواتیش دەگات، نە ئیسراحەتیش دەكات، نە تامیش وەردەگرێت، بەڵكو خۆشی و ئاسوودەیی و چاو ڕوونی هەمووی لێ دوور دەكەوێتەوە، چونكە ئەو وەكو دڕندە تێدەكۆشێت تەنها بۆ بە دەست هێنانی دنیا، سەركەوتوو نابێت لە ئاواتەكەی، سەركەوتووش نابێت لە دوا ڕۆژ چونكە هیچی بۆ ئامادە نەكردووە.

خوای گەورە فەرمانی بە بەندە كردووە فەرمانەكانی جێبەجێ بكات، جا ئەگەر ڕەنجی كێشا و بە ڕاست گۆیانە و ئیخلاصەوە فەرمانەكانی بە جێ هێنا، ئەوە خوای گەورە بەو شتانەی زامنی پێداوە لە ڕزق و ئاتاجی و سەرخستن و جێبەجێكردنی پێویستیەكانی بۆ فەراهەم دێنێت، چونكە خوای گەورە ڕزقی بۆ كەسێك زامن كردووە كە بەندایەتی بكات، سەركەوتنی بۆ كەسێك زامن كردووە كە تەوەكولی لەسەر خوا بێت، لێبووردنی زامن كردووە بۆ كەسێك كە داوای لێبووردنی لێ بكات، دابین كردنی پێویستیەكانی زامن كردووە بۆ كەسێك كە بە ڕاستگۆیانە داوا دەكات و متمانە و ئومێدی بە بەخشش و كەرەمی خوا بەهێزە.

مرۆڤی ژیر و دانا ئەوەیە كە هەڵدەستێت بە جێبەجێكردنی فەرمانەكانی خوا بیر لە زەمانەتی خوا ناكاتەوە بۆ كارەكانی چونكە دەزانێت خوای گەورە ڕاست گۆیە و وەفا بە زەمانەتەكەی خۆی دەكات بۆ كەسێك كە پەیمانەكەی لەگەڵدا بەرێتە سەر.

لە نیشانەی كامەرانی مرۆڤیش ئەوەیە كە سەرقاڵی جێبەجێكردنی فەرمانەكانی خوا بێت، نەك بچێت لە زەمانەتی خوا بكۆڵێتەوە، لە نیشانەی بێ بەش بوونی مرۆڤ لە كامەرانی ئەوەیە كە واز بێنێت لە جێبەجێكردنی فەرمانەكانی خواو خۆشەویستی و ترسی خوا، ڕوو بكاتە زەمانەتی خوا و لێی بكۆڵێتەوە.

ڕوو لە دینی خوا بکـــە

(بشر)ی کوڕی (الحارث) دەفەرمووێ: ئەوانەی پیاوی دوا ڕۆژن سێ کەسن:

١. عابیـد.

٢. زاهیـد.

٣. ڕاستگۆ.

جا مرۆڤی (عابید) ئەو کەسەیە کە بەندایەتی خوا دەکات بەڵام مباحەکانیش ئەنجام دەدات، (زاهید) یش ئەو کەسەیە بەندایەتی خوا دەکات بە جۆرێك کە واز لە مباحەکانیش دەهێنێت، (ڕاستگۆ)ش ئەو کەسەیە بەندایەتی خوا دەکات لەسەر ڕەزامەندی و ملکەچی خوا، ئەگەر بزانێت شتێك لە دنیا مباحە و پێویست ناکات ئەنجام بدرێت ئەو دەستی لێ هەڵدەگرێت، ئەگەر بزانێت شتێك لە دنیا مباحە و پێویستە ئەنجام بدرێت ئەنجامی دەدات.

ئاگاداربە ئەگەر خواو پێغەمبەر لەلایەك بوون نەکەی تۆ بچیە لایەکی تر، چونکە ئەو کارە مرۆڤ ڕادەکێشێت بۆ سەرپێچی و دژایەتی، چونکە ئەم دووانە بنچینەی هەموو خراپەیەکن، لەبەر ئەوەی سەرپێچی ئەوەیە کە مرۆڤ لەلایەکدا بێت ئەوەی پێچەوانەشی دەکات لەلایەکی تر دابێت، دژایەتیش ئەوەیە کە مرۆڤەکە لەلایەکدابێت دووژمنەکەشی لە لایەکی تر، جا ئەوە بە ساکار مەزانە، چونکە سەرەتا و کەمەکەی سەر دەکێشێت بۆ زۆربوون و فراوان بوون، کەواتە ڕووبکە ئەو لایە و لەو لایە بە کە خوا و پێغەمبەرەکەی لێیە، ئەگەرچیش خەڵکیش هەر هەمووی لەو لای تر بن، چونکە ئەمە بۆ چارەنووسی مرۆڤ زۆر باشترە، هیچ شتێك نیە لە دنیادا لەمە سوودمەندتر بێت بۆ مرۆڤ.

زۆربەی خەڵکی لەو ڕیزەنە کە خوا و پێغەمبەری لێ نیە، بە تایبەت ئەگەر چاویان لە دنیا بێت، نزیکە کەس بەدی نەکەی لە ڕیزی خواو پێغەمبەری خوا،

بـەڵکو ئەوانـەی ڕێبـازی خـواو پێغەمبـەریان هەڵبـژاردووە خـەڵکی بەکـەم عـەقڵیان دەزانن و وا دادەنێن کە نەیان زانیوە چاکەی خۆیان هەڵبژێرن، بەڵکو تۆمەت باریان دەکەن بەوەی کـە شـێت بوونـە، ئەمـەش پیـشەی دووژمنـانی پێغەمبەرانـە کـە بـە میرات بۆیان ماوەتەوە کە هەر کەسێك لە ڕێزی ئەوان نەبێت تۆمەتی شێتی دەدەنە پاڵی.

بەڵام کەسێك ژیر بێت دەزانێت پێویستی بە زانیاریەکی پتەو هەیە بەو پەیامـەی پێغەمبـەرﷺ هێناویـەتی تـاکو هـیچ گومـانێکی لـە دڵـدا نـەمێنێت، وە دەزانێـت پێویستی بە ئارامیەکی پتەو هەیە بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئـەو دوژمنانـەی دژایـەتی دەکەن، جا ئەمەشی چەنگ ناکەوێت مەگەر بە خۆشەویستیەکی بە هێـز نـەبێت بـۆ خوا و ڕۆژیی دوایی نەبێت، کـە خۆشەویـستیەکەی بـە جۆرێـك بێـت دوا ڕۆژ بەسـەر دنیادا هەلبژێرێت، وە خوا و پێغەمبەری لـە هـەموو شـتێك زیـاتر خـۆش بوێـت، جـا لەسەرەتادا هیچ شتێك لەمە گرانتر نیە لەسەر دڵی مرۆڤـدا، چـونکە نـەفس و هـەواو ئـارەزووات و شـەیتان و برادەرانـی و خـزم و کەسـانی لـە ڕیـزی بـەدکارانن بـانگی دەکەن بێتە سەر ڕێبازی ئەوان، جا ئەگەر بەگوێیان نەکات دژایەتی دەکـەن، بـەڵام ئەگەر ئارام بگرێت و بەردەوام بێت ئەوە خوا یارمەتی دەدات و کارەکانی بۆ ئاسان دەکات، وە ناخۆشیەکانی بۆ دەگێڕێت بە خۆشی، لەبەر ئەوەی خوای پەروەردگار سوپاسی کراوە، هەر دەبێت ئـەو خۆشـیەی پـێ ببەخـشێ کـە ڕووی کردۆتـە خـواو پێغەمبەرﷺ، دەبێت ئەم ڕێزەی پیشان بدات تاکو دڵخۆش و کامەران بێت.

کەوابوو گوێ مەدە سەرپێچی کردنی خەڵکی بەرانبەر بە خوا، ڕوو بکەرە خـوا و پێغەمبــەرﷺ ئەگــەر بــە تــەنهاش بــووی، چــونکە خــوای گــەورە پــشتیوانتە و دەتپارێزێت وە چاودێریت دەکات، بەڵام بڕوا و ئارامیەکەت تاقی دەکاتەوە.

ئەوەش بزانە کە دوای یارمەتی خوا گەورەترین پشتیوانی بـۆ پەیوەسـت بوونـت بە ڕێبازی خوا، خۆ داماڵینە لە چاوبرسیەتی و ترس، هەر کاتێك خـۆت دامـاڵی لـەم دووانە، ئەوە پەیوەسـت بوونـت بـە ڕێبـازی خـوا و پێغەمبـەرﷺ ئاسـان دەبێـت و

بەردەوام دەبێت لەسەر ڕێبازیاندا، بەڵام هەر کاتێك چاو برسی و ترس لە دڵتدا بـوو ئەوە چاوەڕێی هیچ مەکە.

ئەگەر گووتت بە چ شتێك بتوانم خۆم داماڵم لە چاوبرسیەتی و ترسنۆکی؟

منیش دەڵێم: بە یەکخواناسی و تەوەکول و بڕوا بـوون بـە خـوا، بـشزانیت تـەنها خوا چاکەت بۆ پێش دێنێت، تەنها خوا خراپە لـە مـرۆڤ لا دەبـات، هـەموو شـتێك و بریارێك هی خوایە و هی کەسی تر نیە.

ڕێگایەکی ئاسان بۆ گەیشتن بە ڕەزامەندی خودا

وەرە رووبکە خوا و ماڵی ئاشتی بەبێ شەکەتی و ماندووبوون و کۆڵە مەرگی، بەڵکو بە نزیکترین و ئاسانترین ڕێگادا.

ئەوەش بزانە کە تۆ لە نێوان دوو کاتان دایت، ئەویش تەمەنتە، چونکە تەمەنت بەو کاتانە دەگووترێ کە ئامادەیە و ئەوکاتانەش کە ڕابردووە.

ئەو کاتانەی کە ڕابردووە بە تەوبە و پەشیمانی و داوای لێبووردن و چاکساز دەبێت، ئەوەش نە ماندووبوونی تیایە نە شەکەتی تیایە نە کاریشی تیایە کە هیلاك بیت، بەڵکو ئەو کارانە هەمووی کاری دڵە بە تەنها.

خۆ پاراستن لەو گوناهانەش کە وادێت هیچ ماندووبوونی تیانیە چونکە خۆپاراستنت بۆ داهاتوو کارێك نیەکە بە ئەندامەکانت ئەنجامی بدەی تووشی ماندوویەتیت بکات، بەڵکو ئەمەشیان بەنیەت دەکرێت کە جەستە و دڵت پێی ئاسوودە دەبێت.

کەواتە ئەو کاتانەی ڕابووردووە بەتەوبە چاکساز دەبێت، وە ئەوکاتانەی داهاتووش بە نیەتی خۆ پاراستن و بڕیاردان چاکساز دەبێت، جا لەو دوانەدا ئەندامەکانی لاشە هیچ شەکەتی و ماندوویەتیەك نابینێت، بەڵام تەمەنت تووشی شەکەتی دەبێت، تەمەنیش ئەو کاتانەیە کە لە نێوان ئەو دوو کاتانەدایە، ئەگەر ئەو کاتانەی ئامادەیە بە فیڕۆتدا دەکات بەختەوەری و سەرفرازی خۆت بەفیڕۆدا، بەڵام ئەگەر پاراستت لە کاتێکیشدا کارەکانی ڕابووردوو و داهاتووشت چاکساز کردبێت بەو شێوەی باسمانکرد ئەوکات ڕزگار دەبی و دڵنیایی و کامەرانی و نیعمەت دەبەیەوە.

پاراستنی ئەو کاتانەی کە ئامادەیە زۆر سەختترە لە چاکسازی کردنی کاتەکانی ڕابووردوو و داهاتوو،

چونکە پاراستنی ئەو کاتانە بەوە دەبێت کە نەفست پەیوەست بکەی بەو شتانەی کە سوودمەند و بەکەڵکە و کامەرانیت بۆ بەچەنگ دێنێت.

جا لەوەدا خەڵکی جیاوازیان هەیە، سوێند بەخوا ئەو ڕۆژانەی کە توێشووی تیادا کۆدەکەیەوە بۆ دوا ڕۆژت یان بەرەو بەهەشتت دەبات یان بەرەو دۆزەخت دەبات، ئەگەر ئەو کاتانەت کردە ڕێگایەك بۆ گەیشتن بە خوا بە ئەنجامدانی کاری چاکە دەکات گەیشتووی بە سەرفرازی و بەختەوەریەکی گەورە لەو ماوە کەمەدا کە هیچ بارستەی نیە لە چاو دواڕۆژدا، بەڵام ئەگەر ڕووتکردە ئارەزووات و ڕابواردن و گاڵتە و گەمە و ئەوانەت هەڵبژارد، ئەوکات بەماوەیەکی زۆر کەم ئەمانەت لێ دەبڕێتەوە، ئینجا ئێش و ئازار و ناخۆشی زۆری بە دوا دادێت کە زۆر گرانتر و بەردەوام ترە لە ناڕەحەتی و ئارامگرتن لەسەر قەدەغەکراوەکانی خوا و ئارامگرتن لەسەر بەندایەتی خوا.

نیشانەی دروستی ئیرادەی مرۆڤیش ئەوەیە کە هەموو غەمی ڕەزامەندی پەروەردگاری بێت و خۆی ئامادەی بارەگای خوا کردبێت، خەفەت باربێت لەو کاتانەی کە لە دەستی دەچێت و لە ڕەزامەندی خوا بە کاری نەهێنابێت، کۆی هەموو ئەمانەش ئەوەیە کە کاتێك بەیانی و ئێوارە دەکاتەوە تەنها غەم و مەبەستی خوا بێت.

چونکە مرۆڤ تەنها بە خواوە دەوڵەمەندە، کەوابوو ئەگەر خەڵکی خۆیان دەوڵەمەند دەکرد بە ماڵی دنیا، تۆش خۆت دەوڵەمەند بکە بەخوا، ئەگەر خەڵکی دڵخۆش دەبوون بە دنیا، تۆش دڵخۆش بە بە خوا، ئەگەر خەڵکی هۆگر دەبوون بە خۆشەویستەکانیان، تۆش هۆگریت با لەگەڵ خوابێت، ئەگەر خەڵکی خۆیان خۆشەویست دەکرد لە لای پادشا و سەرکردەکانیان و لێیان نزیك دەبوونەوە تاکو ناو دەرکەن و بەرز ببنەوە، تۆش خۆت خۆشەویست بکە لای خوای گەورە چونکە سەربەرزی و سەرفرازی تەنها لە لایەن خواوەیە.

ووتەی پەند ئامێز

یەکێ لە زاهیدەکان فەرموویەتی: نەمزانیوە کەسێك گوێبیست بووبێت بەهەشت و دۆزەخ هەیە کەچی کاتەکانی بەیادی خوا یان بە نوێژ یان بە قورئان خوێندن یان بە چاکە سەرف نەکات.

جا پیاوێك پێی ووت: من زۆر دەگریم.

ئەویش فەرمووی: ئەگەر پێبکەنی بەڵام دان بەهەڵەکانت بنێی زۆر چاکترە لەوەی بگرییێت کەچی بە کارەکانت بنازی، چونکە کەسێك بە کاروکردەوەی خۆی بنازێت کردەوەکانی لەسەر سەری بەرزتر نابێتەوە.

جا پیاوەکە پێی ووت: کەوابوو ئامۆژگاریم بکە.

ئەویش فەرمووی: دنیا واز لێبێنە بۆ خاوەنی خۆی کە ئەوانەن ڕوویان تێکردووە هەروەك چۆن ئەوان دوا ڕۆژیان واز لێهێناوە بۆ خاوەنی خۆی، لە دنیادا وەکو هەنگ بە، چونکە هەنگ ئەگەر شت بخوات شتی پاك دەخوات، ئەگەر خۆراك بدا خۆراکی پاك دەدات، ئەگەر بکەوێتە سەر شتێکیش نایشکێنی و تێکی نادات.

زوهد و جـۆرەكـانی

(الزهد)واتـە: وازهێنان، چەند جۆرێكی هەیە:

* وازهێنان لە حەڕام، ئەمەیان واجبە.

* وازهێنـان لـە شـتی گومـان لێكـراو، ئەوەشـیان بـە پێـی گومانەكـە ڕەفتـاری لەگەڵدا دەكرێت، ئەگەر گومانەكە زۆر بوو، ئەوە واز لێهێنانی بە واجب دادەنرێت، بەڵام ئەگەر گومانەكە كەم بوو ئەوە وازلێهێنانی بە سوونەت دادەنرێت.

* وازهێنان لە شتی زیادە مەسرەفی.

* وازهێنان لەو شتانەی پەیوەندی بەوەوە نیە وەكو قسەكردن لـە شـتێك كـە پەیوەنـدی بـەوەوە نیـە، یـان سـەیركردن و پرسـیاركردنی شـتێك كـە پەیوەنـدی بەوەوە نیە و سەردان و چەندان شتی تریش.

* وازهێنان لە خەڵكی.

* وازهێنان لە نەفسی بەدكار بەشێوەیەك كە لەبەر خـاتری خـوا نەفـسی لـەلای هیچ بایەخی نیە.

ئـەوەی لـە هەمووشـیان گـەورەترە كـە كۆكـەرەوەی هـەموو ئـەو زوهدانەیـە، وازهێنانە لە هەموو شتێك جگە لە خوای گەورە، واز هێنانە لە هـەموو ئـەو شـتانەی دوورت دەكاتەوە لە خوا. گەورەترین (زهد)یش شاردنەوە و دەرنەخستنی (زهـد)ە، گرانترین (زهد)یش وازهێنانە لە حەزەكانی.

جیاوازی لە نێوان (الزهد) و (الورع)دا:

جیاوازیەكەی ئەوەیە (الزهد) وازهێنانە لەو شتانەی كە سوودی پێ نابەخشێ لـە دوا ڕۆژدا.

(الـورع)یـش وازهێنانـە لـەو شـتانەی كـە مەترسـی ئـەوەی لێـدەكرێ زیـانی پـێ ببەخشێ لە دوا ڕۆژدا، بەڵام دڵێك كە پەیوەست بێـت بـە ئارەزواتـەوە ئـەو دڵـە نـە دەتوانێت زاهید بێت نە دەتوانێت وەرعیش بكات.

ووتەی پەند ئامێز

(يحيي)ی کوڕی (معاذ) دەفەرمووێ : سەرم لە سێ کەس سووڕماوە:

١. پیاوێك کارێك دەکات تاکو مرۆڤێکی وەکو خـۆی بیبینـێ کەچـی کـار ئـەنجام نادات بۆ خوا.

٢. پیاوێك قرچۆکی دەکات لـە ماڵەکـەی کـە پـەروەردگاری بـە قـەرزی داوەتـێ، کەچی ئەو بەقەرزی نادات.

٣. پیاوێك حەز بە دۆستایەتی و خۆشەویستی خەڵکی دەکات، لـە کاتێکـدا خـوا بانگی دەکات بۆ دۆستایەتی و خۆشەیستی خۆی.

وازهێنان لە فەرمانەکانی خوا

تاوانی زۆر گەورەترە لە ئەنجامدانی گوناه

(سهل)ی کوڕی (عبدللە) دەفەرمووێ: وازهێنان لە فەرمانەکانی خوا تـاوانی زۆر گەورەترە لە ئەنجامدانی گوناه، چونکە دەبینین خوای گەورە ئـادەمی قەدەغـەکرد لەو درەختە نە خوات، بەڵام ئادەم هەڵەی کرد و خواردی پاشانیش تەوبـەی کـرد و خوای گـەورەش تەوبەکـەی لـێ وەرگـرت، بـەڵام دەبیـنین ئیبلـیس فـەرمانی پێکـرا کرنۆش بـۆ ئـادەم بـەرێت کەچـی کرنۆشـی بـۆ نـەبرد و فـەمانی خـوای جـێ بـەجێ نەکردوو شکاندی بۆیە تەوبەی لێوەرنەگیرا.

ابن قیم دەفەرمووێ: منیش دەڵێم: ئـەم بابەتـە زۆر گرینگـە و بایـەخی زۆریـشی هەیە، ئەویش ئەوەیە وازهێنان لە فەرمانـەکانی خـوا تـاوانی زۆر گـەورەترە لـە لای خوا لە ئەنجامدانی گوناه، ئەمەش لە چەند ڕوویەکەوە ڕوون دەبێتەوە:

یەکـەم: وەك ئـەوەی کـە (سـهل) باسـی کـرد لـە باسـی ئـادەم و دووژمـنی خـوا ئیبلیس.

دووەم: ئەنجامدانی شتە قەدەغەکراوەکان سەرچاوەکەی پاڵە پەسـتۆ و هێرشـی هـەواو ئارەزوواتـە بۆیـە مـرۆڤ ئـەو تاوانانـە ئـەنجام دەدات، بـەڵام وازهێنـان لـە فەرمانەکانی خواو ئەنجامنەدانی سەرچاوەکەی فیزو خۆبەگەورە زانینە هەر بۆیەش پێغەمبەرﷺ دەفـەرمووێ: ((لا یدخل الجنة من کان في قلبه مثقال ذرة مـن الکبر))[1]. واتـە: ئـەو کەسـە ناچـێتە بەهەشـت ئەگـەر بـە ئەنـدازەی گەردیلەیـەك (کـبر)ی لـە دڵدابێت.

بەڵام ئەو کەسە دەچێتە بەهەشت ئەگەر بمرێ لەسـەر یەکخواناسـی ئەگـەر چـی زیناشی کردبێت و دزیشی کردبێت.

---

(١) صحیح: رواه مسلم (٩١)، و ابو داود (٤٠٩١)، والترمذی (١٩٩٩)، و احمد فی المسند (١/٤٢٧،٣٨٥).

سێیەم: ئەنجامدانی ئەو کارانەی خوا فـەرمانی پێکـردوە زۆر خۆشەویسترە لای خوا لە نەکردنی ئەو شتانەی قەدەغەی کردووە، ئەمەش چـەندین بەڵگـەی لەسـەرە ئـەوەتا پێغەمبـەرﷺ دەفــەرمووێ: ((أحـب الاعمـال الى الله الـصلاة علـى وقتهـا))[1]، واتـە: خۆشەویسترین کار لەلای خوای گەورە کردنی نوێژەکانە لە کاتی خۆی.

پێغەمبەرﷺ جارێکیان فـەرمووی: ئایا پێتـان رابگەیـەنم چاکترین کردەوەتـان چیە؟ کە پاکترین و خاوێن تـرین کردەوەیـە لای خـوای گـەورە، کـە پلـەتان پـێ ی بەرزدەکاتەوە، بە جۆرێك ئەو کارە چاکتربێت بۆتان لە بەخشینی زێڕ و زیو، چـاکتر بێت لەوەی بەدووژمنەکانتان بگەن و لەملیان بدەن و سـەریان بپـەڕێنن و ئـەوانیش لـەملتان بـدەن و سـەرتان بپـەڕێنن؟ هـاوەڵان فـەرموویان: بـەڵێ ئـەی پێغەمبـەری خواﷺ بلێ، پێغەمبەرﷺ فـەرمووی: ((ذِكـرُ اللَّـهِ عَـزَّ وَجَـلَّ))[2]. ئـەو کـارە زیکـرو یادی خوا کردنە.

بـڕوانن دەبیـنین خـوای گـەورە خۆشەویـستی خـۆی بەسـتۆتەوە بـەو کەسـانەی فەرمانـەکانی ئەنجامـدەدەن هــەروەك خـوای گــەورە دەفـــەرمووێ: ﴿إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِهِ﴾ (الــصف: ٤)، واتـــە: بەڕاســـتی خـــوای گـــەورە ئەوکەسانەی خۆش دەوێت کە دەجەنگن لە پێناو ڕێبازی خوا بەیەك ڕیزی.

خـوای گـەورە لـە ئایـەتێکی تـر دەفــەرمووێ: ﴿وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ﴾ (ال عمران:١٣٤)، واتـە: خوای گەورە چاکەکاران و چاکسازانی خۆش دەوێت.

هـــەروەها دەفـــەرمووێ: ﴿إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ﴾(الحجـرات:٣)، واتـــە: دادپەروەر بن خوای گەورە دادپەروەرانی خۆش دەوێت.

(١) صحيح: رواه البخاری (٢/٧)، ومسلم (٨٥)، والترمذی (١٨٩٩)، والنسائی (١/١٩٤).

(٢) رواه احمد فة المسند (٥/٢٣٩)، والترمذی (٣٣٧٤)، وابن ماجه (٣٧٩٠)، وحاكم فی الستدرك (١/٤٩٦) و صححه الحاكم ووافقه الذهبی.

دەفـــەرمووێ: ﴿والله يحـب الـصابرين﴾(ال عمـران:١٤٩)، واتـــە: خــوای گـــەورە ئارامگرانی خۆش دەوێت.

بـەڵام دەبیـنین لـە بـارەی ئـەنجام نـەدانی قەدەغـەکراوەکان زۆری بـە نـەبوونی خۆشەویـستیەوە بەسـتۆتەوە وەکـو خـوای گـەورە دەفــەرمووێ: ﴿وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلْفَسَادَ﴾ (البقرة: ٢٠٥)، واتـە: خوای گەورە فەسادی خۆش ناوێت.

هـەروەها دەفــەرمووێ: ﴿وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ﴾(الحديـد:٢٣)، واتـــە: خوای گەورە ئەو کەسانەی خۆش ناوێت کە خۆ بەگەورەزانن و فیزاوین.

هـــەروەها لـــە ئايـــەتێکی تردەفــــەرمووێ: ﴿وَلَا تَعْتَدُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ﴾ (البقرة:١٩٠)، واتـە: دەستدرێژی مەکـەن چـونکە خـوای گـەورە ئـەو کەسانەی خۆش ناوێت کە دەست درێژی دەکەن.

خـــــــوای گــــــــەورە دەفــــــــەرمووێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ مَن كَانَ مُخْتَالًا فَخُورًا﴾(النـساء:٣٦)، واتـــە: خــوای گـــەورە ئـــەو کەســانەی خـــۆش ناوێـــت کـــە خۆبەگەورە زان و فیزاوینە.

کە ئەمە زانرا ئـەوکات ئـەو کارانـەی کـە خـوا خۆشـی دەوێـت (مقـصود بالـذات) واتـە: خودی کارەکە خۆی مەبەستە.

هـەر بۆیـەش خـوای گـەورە ئـەو شـتانەی ناپەسـەندن لای تەقـدیری دەکـات بـۆ گەیشتن بەو کارانەی پێی خۆشە، هەروەك گوناه و کوفر و فسق تەقدیر دەکـات بـۆ گەیشتن بەو شتانەی پێی خۆشە لە جیهاد و بە دەست هێنانی پلەی شەهیدی.

تاکو بەندە تەوبەبکات، ملکەچ بێت بۆی، دەرکەوتنی دادپـەروەری‌ولێبووردەی و سزا و توانای خوای بۆ ڕۆشن بێتەوە.

تاکو بەندە خۆشەویستی و ڕق لێبوونـەوەی لەبـەر خـوا بێـت، چـەندینی تـریش بەهۆی ئەو کارە ناپەسەندانە مرۆڤ پێی دەکات.

چـوارەم: ئەنجامـدانی ئـەو کارانـەی خـوا فـەرمانی پێکـردووە خـۆی لـە خۆیـدا مەبەسـتە، بـەڵام وازهێنـان لـە قەدەغـەکراوەکان مەبەسـت تیایـدا بـۆ چاکسازی

ئەنجامدانی فەرمانەکانی خوایە، جا ئەو شتە بۆیە قەدەغەکراوە چونکە زەرەر بە فەرمان پێکراوەکان دەدات و بێ هێز و کەمی دەکات، هەروەك خوای گەورە ئەمەی ڕوون کردۆتەوە لە بارەی قەدەغەکردنی شەراب و قومار چونکە هەردووکیان ڕێگرن لە یادی خوا و نوێژ ئەنجامدان کە دوو کاری فەرمان پێکراوە لەلایەن خواوە.

پێنجەم: ئەنجامدانی کارە فەرمان پێکراوەکان بۆ پاراستنی هێزی ئیمان و مانەوەی ئیمانە، بەڵام وازهێنان لە کارە قەدەغەکراوەکان بۆ پاسەوانی ئەو شتانەیە کە هێزی ئیمان دەشێوێنێ و لاری دەکات.

جا کەوابوو پاراستنی هێزەکە لە پێش پاسەوانی لێ کردنیەتی، چونکە هێز هەرکاتێك زیاد بکات شتە خراپەکان رادەماڵێت، هەرکاتێکیش بێ هێزبێت ئەوە شتە خراپەکان بەسەریدا زاڵ دەبێت، بەڵام پاسەوانی بۆ پاراستنی و زیاد بوون و مانەوەی هێزە، جا بۆیە هەرکاتێك هێزی ئیمان پتەوبوو، ئەوە هەموو گەندەڵیەك رادەماڵێت و ناهێڵێت زیاد بکات، ئەمەش بە پێی بەهێزی و بێ هێزی ئیمانەکەیە، بەڵام ئەگەر ئیمان بێ هێز بوو ئەوە گەندەڵی بەسەریدا زاڵ دەبێت.

بەجوانی لەم بەشەیان وورد بەوە و بیخوێنەوە بۆت ڕوون دەبێتەوە.

شەشەم: ئەنجامدانی ئەو کارانەی خودا فەرمانی پێکردووە ژیان و خۆراك و جوانی و ئاسوودەیی و چاوگەشی و خۆشی و نیعمەتی دڵ و دەروونە، بەڵام وازهێنان لە قەدەغەکراوەکان بە بێ ئەنجامدانی فەرمان پێکراوەکان هیچ لەمانەی باسمان کرد دەست ناکەوێت، بۆ نموونە ئەگەر واز لە هەموو قەدەغەکراوەکان بهێنێت کەچی ئیمانی نەبێت و فەرمان پێکراوەکانیش ئەنجام نەدات، ئەوکات وازهێنان لە قەدەغەکراوەکان هیچ سوودی پێناگەیەنێت بەڵکو بەردەوامیش لە دۆزەخدا دەمێنێتەوە.

پێنجەم: هەر کەسێك ئەو کارانە ئەنجامبدا کە خودا فەرمانی پێکردووە لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کارانەش ئەنجامبیدا کە قەدەغەش کراوە، ئەو کابرایە یان رزگاری دەبێت لە دۆزەخ ئەگەر چاکەکانی زیاتر بوو لە خراپەکانی، یان ڕزگاری دەبێت

ئەویش دوای ئەوەی مافی خـەڵکی لـیٚ دەسـێندرێتەوە و لەسـەر خراپەکانیـشی سـزا دەدرێت ئینجا ڕزگـاری دەبێـت، جـا بۆیـە رزگـاری دەبێـت چـونکە فـەرمانی خـوای ئەنجامداوە.

بـەڵام کەسـێك واز لـەو کارانـە بێنێـت کـە فـەرمانی پێکـراوە، لـەو کارانـەش کـە قەدەغەکراوە، ئا ئەوە بە هیلاك چووە و ڕزگاری نەبووە، چونکە مرۆڤ بە هیچ شـتیٚ ڕزگاری نابێت لە دۆزەخ تەنها بە ئەنجامدانی ئەو کارانە نەبێت کە فەرمانی پێکراوە ئەویش (التوحید)ە یەکتاپەرستی.

ئەگەر گوترا: ئەوە بۆیە بە هیلاك چووە چونکە شیرکی ئەنجامـداوە، لـە وەڵامـدا گووتراوە: بۆ بە هیلاك چوونی ئەوە بەسـە کـە یەکتاپەرسـتی نـەبووە کـە فـەرمانی پێکراوە، ئەگەر چی پێچەوانەکەشی ئەنجام نەدابێت کە شیرکە، بـەڵکو هـەر کاتێـك دڵی خاڵی بوو لە یەکتاپەرستی و خوای بە تەنها نەدەپەرست ئەوە بە هیلاك چـووە ئەگەر چی کەسی تریشی نەپەرستبێت لەگەڵ خوادا، بەڵام ئەگەر کەسـێکی تریـشی پەرست لەگەڵ خوادا، ئەوە سزا دەدرێـت لەسـەر ئـەوەی یەکتاپەرسـت نـەبووە لـە کاتێکدا فەرمانی بەمە پێکرابوو، سزاش دەدرێت لەسەر ئەنجامدانی شرکەکەشی کە لەسەری قەدەغەکرابوو.

هەشتەم: ئەگەر کەسێك بڵێت: من خوا نە بەڕاسـت دەزانم نـە بەدرۆشـی دەزانم، نەخۆشـم دەوێـت نـە ڕقیـشم لـیٚ دەبێتـەوە، نـە دەی پەرسـتم و نـە کەسـی تـریش دەپەرستم لە شوێنی خودا، ئا ئەو مرۆڤە بە تەنها بەدان نەهێنان و پـشت تێکردنـی فەرمانـەکانی خـودا کـافر بـووە، بـە پێـچەوانەی ئـەو کەسـەی کـە دەڵێـت: مـن پێغەمبەرﷺ بەڕاست دەزانم، خۆشیشم دەوێت، ئیمانیـشم پێیـەتی، ئـەو کارانـەش ئەنجامدەدەم کە فەرمانی پێکـردووم، بـەڵام ئـارەزووانم زاڵ بوونـە بەسـەرمدا و وام لێدەکەن ئەو کارە قەدەغەکراوانە ئەنجام بدەم، ئەگینا مـن دەزانم کـە ئـەو کارانـە حەرامە و خوا و پێغەمبەری خوا حەرامیان کردووە، بـەڵام مـن ئـارامم لەسـەری پـیٚ ناگیرێت، ئا ئەو مرۆڤەیان بە کافر دانانرێت، حوکمیشی وەکو حوکمی ئـەوی یەکـەم

نیە، چونکە ئەمە لە ڕوویەکەوە گوێڕایەڵـە، بـەڵام کەسـێك کـە بـە تـەواوی وازی لـە فەرمانەکانی خوا هێناوە ئەو لە هیچ ڕوویەکەوە گوێڕایەڵ نیە.

نۆیەم: (عمری کوری العاصي) لە کاتی سەرمەرگیدا دەیفەرموو: خودایە مـن ئـەو کەسەم کە فەرمانت پێکردم کەچی من بێ فـەرمانیم کـردی، بـەڵام شـایەتی دەدەم هیچ پەرستراوێك نیە بە حەق جگە لە تۆ.

مەبەست لە ناردنی پێغەمبەران گوێڕایەڵی کردنیانە، گوێڕایەڵیش بە ئەنجامـدانی ئەو کارانە دەکرێت کە فـەرمانیان پێکـردووە، خۆپاراسـتنیش لـە قەدەغـەکراوەکان تەواوکـەری ئەنجامـدانی کـارە فـەرمان پێکراوەکانـە، ئەگـەر هـاتوو کەسـێك خـۆی پاراست لە کارە قەدەغەکراوەکان، بەڵام هیچ کـارێکی فـەرمان پێکراویشی ئـەنجام نەدا ئەوکات ئەو کەسە ناکات گوێڕایەڵی خوایە بەڵکو دەکات یاخیە، بە پێـچەوانەی ئەو کەسەی کە کارە فەرمان پێکراوەکان ئەنجامدەدات، بـەڵام تووشـی ئەنجامـدانی کارە قەدەغەکراوەکانیش دەبێـت، جـا ئـەوە ئەگـەر چـی بـە یـاخی و گوناهبـاریش دادەنرێت بەڵام گوێڕایەڵی فەرمانەکانیشی کردووە، بە پێچەوانەی ئـەو کەسـەی کـە فەرمان پێکراوەکان ئەنجام نادات چونکە ئەو بە خۆپاراستنی لـە قەدەغـەکراوەکان بە گوێڕایەڵی ناژمێردرێت.

دەیـەم: گوێڕایـەڵی فەرمانـەکانی خـوا بەندایـەتی و نزیـك بوونەوەیـە لـە خـوا، گوێڕایەڵی خوا ئەو پەرستشەیە کە مرۆڤ لە پێناوی ئەو دروست کراوە خوای گـەورە دەفــەرمووێ: ﴿وَمَا خَلَقۡتُ ٱلۡجِنَّ وَٱلۡإِنسَ إِلَّا لِيَعۡبُدُونِ﴾ (الـذاريات:٥٦). واتــە: مـن جنۆکە و ئینسانم دروست کردوە تەنها بۆ ئەوەی بم پەرستن.

خوای گەورە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە جنۆکە و ئینسانی درووست کردووە تەنها بۆ بەندایەتی.

بەهـەمان شـێوەش کـە پێغەمبـەرانی ڕەوانـە کـردووە بـۆ مـرۆڤ و کتێبـی بـۆ دابەزاندوون بۆ ئەوەی بیپەرستن.

کەوابوو بەندایەتی خۆی لە خۆیدا مەبەستە کە مرۆڤ و جنۆکە لـە پێنـاوی ئـەودا دروسـت کـراوە، بـۆ ئـەوە دروسـت نـەکراوە تـەنها خـۆی بپارێزێـت لـە گونـاه، چونکەگوناه خۆی لە خۆیدا وجودی نیە مرۆڤ خـۆی گونـاه فەراهـەم دێنێت، گونـاه شتێکە وجودی نەبووە هەر بۆیەش کەماڵیەتیشی پێوە بەند نیە چونکە نـەبوو، بـە پێچەوانەی گوێڕایەڵی فەرمانـەکانی خـودا چـونکە ئـەو شـتێکە هـەبووە و خـۆی لـە خۆیدا مەبەست بووە و فەرمانیشی پێکراوە.

یانزەهەم : ئەوەی خوای گەورە داوای کردووە لەمەڕ قەدەغـەکراوەکان ئـەنجام نەدانیەتی کە دەکات خۆی لە خۆیدا هیچ وجودی نیە، بـەڵام ئـەوەی خـوای گـەورە داوای کردووە لەمەڕ فەرمان پێکراوەکان ئەنجامدانیەتی کە دەکـات شـتێك وجـودی هەیە بۆیە خودا فەرمانی پێکردووە، کەوابوو قەدەغەکراوەکان شـتێك نیـە وجـودی هەبێت هەر بۆیە کـەماڵی تیـا نیـە مەگـەر پەیوەسـت بکـرێ بـە شـتێکی هـەبوو کـە فەرمان پێکراوەکانە، کەواتـە شتی هەبوو خوازراو بوو و فەرمان پێکراوە.

دوانزەم: زانایان ئیختلافیان هەیە لەسەر کارە قەدەغەکراوەکان بە چەند ڕایەك:
وا خوازراوە لە قەدەغەکراوەکان دەستی لـێ هـەڵگیرێت و خـۆی لـێ بگیرێتـەوە، ئەمەش دیارە شتێکە کە هەیە دەڵێن: چونکە داوا لـە شـتێك دەکرێـت کـە ئـەنجام بـدرێت کـە تەقـدیر کرابێـت، وە شـتێکیش کـە نـەبێت (مقدور) نیـە، ئەمـە ووتـەی جمهورە.

(ابـو هاشـم) و چـەندینی تـریش دەفـەرموون: خـوازرا و لـە قەدەغـەکراوەکان نەبوونی کارە، جا هەر بۆیە مرۆڤ بە نەکردنی دەگات بە مەبەست، نەك بەدەست لێ هەڵگرتنی بگات بە مەبەست، ئەگەر بێتوو دەست لێ هەڵگرتن خوازرا بێـت، دەکـات ئەگەر نەیکات گوناهبار دەبێت، هەر بۆیەش خەڵکی ئـەو کەسـە مـەدح دەکـەن کـە کردنی خراپەی بەخەیاڵدا نایەت، ئەمە ڕایەکی (القاضي ابي بکر)ە هەر بۆیە ئەنجام نەدانی (مقدور)ە بۆ مرۆڤ .

دەفەرمووێ: مەبەست لە قەدەغەکراو مانەوەیەتی هەر لەسەر نەبوونی بنـەرەتی خۆی ئائەوە (مقدور)ە.

گروهێکـی تـر فەرموویانـە: وا خـوازراوە لـە قەدەغـەکراوەکان ئەنجامـدانی پێچەوانەکەی کە ئەوە مەبەستە بۆ قەدەغەلێکراوەکە، وەك ئـەوەی قەدەغـەکراوە لە فاحیشە بە مەبەستی ئەنجامدانی داوێن پاکی کە فەرمان پێکراوە، قەدەغـەکراوە لە ستەم بە مەبەستی ئەنجامدانی دادپەروەری کە فەرمانی پێکراوە، قەدەغـەکراوە لـە درۆ بەمەبەسـتی ئەنجامـدانی ڕاسـتگۆیی کـە فـەرمانی پێکـراوە، هـەموو قەدەغەکراوەکان بەهەمان شێوەیە، لەلای ئەوانـەدا مەبەسـت لـە قەدەغـەکراوەکان ئەنجامـدانی پێچەوانەکەی داوا کـراوە، کەواتـە کارەکـە گـەڕاوە سـەر ئـەوەی کـە مەبەست لە داواکراو ئەنجامدانی ئەو کارانەیە کە فەرمانی پێکراوە.

سێنزەهەم: خوای گەورە پاداشتی ئەنجامدانی کاری خێری یەك بە دە دانـــاوە، بەڵام پاداشتی وازهێنانی لە کاری خراپەی یەك بە یەك دانـــاوە.
ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەنجامـدانی ئـەو کارانـەی خـوا فـەرمانی پێکـردووە زۆر لەلای خۆشەویستترە لە وازهێنانی ئەو کارانەی قەدەغەی کردووە.
ئەگەر وا نەبایە ئەوە خراپە یەك بە دە دەبوو، چاکەش یەك بە یەك دەبوو.

چـواردەهەم: مەبەسـت لـە قەدەغـەکراوەکان ئـەنجام نەدانیـەتی، جـا نیـەتی ئەنجامدانی هەبێت یان نا، وە بە خەیاڵیدا هاتبێت یان نـا، تـەنها مەبەسـت ئەوەیە ئەنجامی نەدات، بەڵام مەبەسـت لـە فـەرمان پێکراوەکـان ئەنجامدانیـەتی بەنیـەت و کـردەوە، نهـێنی ئەمـەش لەوەدایـە: کـە ئەنجامـدانی ئـەو کـارەی خـودا فـەرمانی پێکردووە زۆر لـەلای خۆشەویـستترە لـە واز هێنـان لـەو کـارەی قەدەغـەیکردووە، کـەوابوو کارێـك کـە فـەرمانی پێکـردووە زۆر لـە لای خۆشەویـستترە لـە کارێـك کـە قەدەغەی کردووە.

پانزەهەم: بێگومان ئەو کارانە کە خوا پێـی خۆشـە و مرۆڤـی لەسـەر هانـدەدا و پاداشتیان لەسـەر دەدات و مـەدح و ستایـشی لەسـەر کـردووە ئـەوە لـە ڕەحمـەتی خواوەیە، ئەو کارانەش کە خـوا پێـی ناخۆشـە و سـزای بـۆ دانـاوە و زەم و ئـێش و

ئازاری بەدوا دادێت ئەوە لە تووڕەیی خواوەیە. وە ڕەحمەتی خواش پێش تووڕەیی خوا کەووتوە، چونکە خوا بەردەوام بەرەحمە، ڕەحمەت لە سیفاتی زاتی خوایە وەك زانست و توانا و ژیان و بیستن و بینین و چاکەی خوا، ناگونجێ بە پێچەوانەی ئەوە بێت، نابێت تووڕەیش بەم شێوەبێت، چونکە تووڕەیی لە سیفاتی زاتی نیە کە بەردەوام تووره بێت و لێی جیا نەبێتەوە، بەڵکو نێردراوەکەی وای فەرمووە کە شارەزاترین کەسە بەو لە ڕۆژی قیامەت کە دەفەرمووێ: ((ان ربي قد غضب اليوم غضبا لم يغضب قبله مثله ولن يغضب بعده مثله))[1]. واتە: بەڕاستی پەروەردگارم لەو ڕۆژەدا ئاوا تووڕە بووە کە هەرگیز نە پێشتر و نە پاشتریش بەم شێوەیە تووەڕە نەبووە.

ڕەحمەتی خوا هەموو شتێکی گرتۆتەوە، بەڵام تووڕەیەکەی هەموو شتێکی نەگرتۆتەوە، خوای گەورە لەسەر خۆی نووسیوە بە ڕەحم بێت نەینووسیوە تووره بێت، ڕەحمەت و زانستی خوا هەموو شتێکی گرتۆتەوە بەڵام تووڕەیی و سزای خوا هەموو شتێکی نەگرتۆتەوە. ڕەحمەت و شوێنەوار و تایبەتمەندیەکانی بەسەر تووڕەی و شوێنەوارەکانی دەکەوێت.

هەر شتێك پەیوەست بێت بە ڕەحمەتی خوا زۆر خۆشەویسترە لەلای خوا لەو شتانەی پەیوەستە بە تووڕەی خوا هەربۆیە خوا ڕەحمەتی زۆر پێ خۆشترە لە سزا دان، لێبووردنی زۆر پێخۆشترە لە تۆڵە سەندنەوە، ئەنجامدانی ئەو کارانەی زۆر لەلا خۆشەویسترە لەواز هێنانی ئەوکارانەی پێی ناخۆشە، بە تایبەت لە کاتی واز هێنان لە قەدەغەکراوەکاندا، ئەو کارانەش بفەوتێ کە پەیوستە بەو کارانەی خوا خۆشی دەوێت، چونکە ئەویش بە هەمان شێوە پێی ناخۆشە.

شانزەهەم: شوێنەواری ئەو شتانەی خوا پێی ناخۆشە کە قەدەغەکراوەکانە بەو شتانە زوو لادەچێت کە خوا پێی خۆشە، بێگومان خوای گەورە بە لێبووردنی خۆی

---

(١) صحيح: رواه البخاري (٦/٢٦٤)، و مسلم (١٩٤١)، والترمذي (٢٤٣٦)، و احمد في المسند (٢/٤٣٥).

لێی لادەبات، بەتەوبە و گەڕانەوە و کاری چاکە و تاقی کردنەوە و شەفاعەت و ئـەو کارە چاکانەی خراپە لا دەبەن لادەچێت، ئەگەرچی گوناهەکانی بەندە بگاتە تـاقی ئاسمانیش ئەگەر داوای لێبووردن لە خوا بکات خوا لێی دەبووڕێت، ئەگەر بەندە بە ئەندازەی زەوی گونـاهی هـەبێت، ئینجا بـە خـوا بگاتـەوە شـەریکی بـۆ خـوا بڕیـار نەدابێت ئەوە خوا بە ئەندازەی زەوی لێبووردنی بۆ ئامادە دەکات.

خوای گەورە لە گوناه دەبووڕێت ئەگەرچی گەورەش بێت، شوێنەواری گوناه بـە کەمترین هەوڵدانی بەندە دەسڕێتەوە، بە تەوبەی ڕاستگۆیانە و پەشـیمان بوونـەوە لەسەر ئەوەی ئەنجامی داوە لێی دەبووڕێت، ئەمەش تەنها لەبـەر ئـەو کارانەیـە کـە پێی خۆشە کە تەوبەکردنی بەندەیە و گوێڕایەڵی و یەکتاپەرستیە، ئەوەش بەڵگەیـە لەسەر ئەوەی هەبوونی ئەو کارانەی زۆر پێخۆشە.

حەفدەهەم: خوای گەورە ئەو کارانەی تەقدیر کردووە کـە پێـی ناخۆشـە و لێـی تووڕەیە بۆ گەیشتنە بەو شتانەی کە پێی خۆشە و فەرمانی پێکردووە.

دەبینین خوای گەورە بە تەوبـەی بەندەکـەی زۆر خۆشـحاڵترە لـەو کەسـەی کـە شتێکی لـی وون بـووە پاشـان دەیدۆزێتـەوە، وە لـەو کەسـەی کـە منـداڵیان نابێـت پاشان منداڵیان دەبێت، وە لەو کەسەی کە ڕێی لێ وون بووە پاشان دەیدۆزێتەوە.

پێغەمبەریش ﷺ نموونەیەك بە خۆشحاڵی خـوا دێنێتـەوە کاتێـك کـە بەندەکـەی تەوبە دەکات کە وێنەی نیە ئەو خۆش حاڵیەی خواش مرۆڤ بەو کارانە دەیگاتێ کـە فەرمانیان پێکراوە کە تەوبەیە.

خوا گوناه تەقدیر دەکات بۆ گەیشتن بەو شتەی کـە پێـی خۆشـە، جـا مەبەسـت بەو خۆش حاڵیەی خوا بـە تەوبـەکردنی بەندەکەیـەتی کـە هـیچ خـۆش حالیـەکیش وێنەی ئەم خـۆش حالیـە نیـە، ئەمـە بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی ئەنجامـدانی فـەرمان پێکراوەکان زۆر خۆشەویستترە لای خوا لە وازهێنان لەقەدەغەکراوەکان کە تەوبـەو شوێنەواری تەوبەشی پێ دەفەوتێ.

ئەگەر گووترا: خوا خـۆش حاڵـە بـە تەوبـەی بەندەکـەی تەوبـەش وازهێنانـە لـە قەدەغەکراوەکان، کەواتـە دەکات خوا خۆش حاڵە بە وازهێنـانی قەدەغـەکراوەکان،

لەوەلامـدا گـووتراوە: ئەمـە بـەم شـێوەیە نیـە، چـونکە بـە تـەنها وازهێنـان لـە قەدەغەکراوەکان ئەم خۆشحاڵیە ناگەیەنێت، مەدحیش ناکرێ و پاداشتیشی لەسەر وەرناگیرێت، تەوبـەش بـە تـەنها وازهێنـان نیـە لـە قەدەغـەکراوەکان، ئەگـەر چـی وازهێنان لە قەدەغەکراوەکان یەکێکە لـە تایبـەت مەندیـەکانی تەوبـە، بـەڵام تەوبـە ئەنجامدانی کارە کە تەوبـەکار ڕوو دەکاتـە پـەروەردگاری و پەشـیمان دەبێتـەوە و گوێڕایـەڵی خـوا دەکـات. یـەکێکیش لـە تایبـەت مەندیـەکانی تەوبـە وازهێنـان لـە قەدەغەکراوەکانـە بۆیـە خـوای گـەورە دەفـەرمووێ: ﴿وَأَنِ ٱسۡتَغۡفِرُواْ رَبَّكُمۡ ثُمَّ تُوبُوٓاْ إِلَيۡهِ﴾ (هود:٣). واتـە: داوای لێخۆشـبوون لـە پـەروەردگارتان بکـەن، پاشـان تەوبـە بکەن و بگەڕێنەوە لای.

تەوبەکردن تەنها وازهێنان نیە لە قەدەغەکراوەکان، بەڵکو وازهێنانە لـەو شـتەی کە خوا پێی ناخۆشە بۆ ئەنجامدانی ئەو شتانەی کە خوا پێی خۆشە، چونکە ئەگەر کەسێك تەنها واز لە گوناه بێنێت، ڕوو نەکاتە ئەو کارانەی کە خوا پێی خۆشە پێـی ناگوترێ تەوبەکار، کەواتە تەوبەکردن تەنها وازهێنان نیە لە گوناه بـەڵکو وازهێنانـە لە گوناهەکە و ڕووکردنە خوا و پەشیمان بوونەوەشە.

هەژدەهەم: فەرمان پێکراوەکان ئەگەر مـرۆڤ ئـەنجامی نـەدات دەکـات ژیـانی لـە دەست داوە حیسابی مردووی بۆ دەکرێت خوای گەورە لەم بارەیەوە دەفـەرمووێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱسۡتَجِيبُواْ لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمۡ لِمَا يُحۡيِيكُمۡۖ ﴾(الأنفـــال: ٢٤). واتـە: ئەی ئەو کەسانەی ئیمانتان هێناوە وەڵامی بانگەوازی خـوا و پێغەمبـەر بدەنەوە کاتێك بانگتان دەکەن بۆ شتێك کە دەتانژێنێتەوە و ژیان لای ئێوەی پێوە بەندە.

دەفـــەرمووێ: ﴿أَوَمَن كَانَ مَيۡتٗا فَأَحۡيَيۡنَٰهُ وَجَعَلۡنَا لَهُۥ نُورٗا يَمۡشِي بِهِۦ فِي ٱلنَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُۥ فِي ٱلظُّلُمَٰتِ﴾(الانعام: ١٢٢). واتـە: ئایا ئـەو کەسـەی کـە مـردوو بـوو بـە هـۆی بـێ باوەڕیـەوە، ئینجـا بـە هـۆی ئیمانـەوە زینـدوومان کـردەوە و نـوور و ڕووناکیمـان بـۆ سـاز کـرد لـە ژیانیـدا کـە قورئانـە لـە نـاو خەڵکیـدا هەڵسوکەوتی

پێدەکات، وەکو ئەو کەسە وایە کە لە ناو تاریکاییدا گیری خواردووە و لێی دەرناچێت.

لەبارەی کافرەکانەوەش دەفەرمووێ: ﴿ أَمْوَٰتٌ غَيْرُ أَحْيَآءٍ ﴾(النحل:٢١).

واتە: ئەوانە مردوون زیندوو نین.

خوای گەورەدەفەرمووێ: ﴿ إِنَّكَ لَا تُسْمِعُ ٱلْمَوْتَىٰ ﴾(النمل:٨٠).

واتە: تۆ ناتوانی مردوو ببیستێنی.

بەڵام قەدەغەکراوەکان ئەگەر مرۆڤ ئەنجامی بدات، ئەوە تووشی نەخۆشی دەروونی دەکات، بەڵام ژیان بە نەخۆشیەوەش بێت هەر باشترە لە مردن.

جا ئەگەر گوترا: هێندێ لە قەدەغەکراوەکان هەیە ئەگەر مرۆڤ ئەنجامی بدات بە هیلاکی دەبات ئەویش شیرك بڕیاردانە بۆ خوا، لە وەڵامدا گوترا: مرۆڤ بە ئەنجام نەدانی یەکتاپەرستی بە هیلاك دەچێت ئەم یەکتاپەرستیەش فەرمانی پێکراوە و ژیانی مرۆڤی پێوەیە، کەواتە هەر کاتێك پشتی لە یەکتاپەرستی کرد بە هیلاك دەچێت، ئەمەش بۆیە بە هیلاك چووە چونکە دەستی لە فەرمان پێکراو هەڵگرتووەو ئەنجامی نەداوە.

بیستەم: ئەنجام نەدانی فەرمان پێکراوەکان مرۆڤ تووشی سەرگەردانی و هیلاکی بەردەوام دەکات، بەڵام قەدەغەکراوەکان بەم شێوە نیە.

بیست ویەکەم: ئەنجامدانی ئەو کارانەی خودا فەرمانی پێکردووە وا لە مرۆڤ دەکات قەدەغەکراوەکان واز لێ بهێنێت ئەگەر مرۆڤ بە ئیخلاص و شەرعیانە فەرمان پێکراوەکان ئەنجام بدات خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ﴾(العنكبوت:٤٥). واتە: بێگومان ئەنجام دانی نوێژ مرۆڤ دوور دەکاتەوە لە گوناه و شتی خراپ.

بەڵام وازهێنان لە قەدەغەکراوەکان وا لە مرۆڤ ناکات کاری چاکە ئەنجام بدات.

بیــست و دووەم: ئــەو کارانــەی کــە خــوا پێــی خۆشــە و فــەرمانی پێکــردووە پەیوەستە بە سیفاتی خـواوە، ئـەو کارانـەش کـە خـوا پێـی ناخۆشـە و قەدەغـەی کـردووە پەیوەسـتە بە کارتێکراوەکـان، ئەمـە باسـێکی گرنگـە پێویـستی بـە ڕوون کردنـەوە هەیـە بۆیـە دەڵـێین: قەدەغـەکراوەکان خراپەیـە سـەریش دەکێـشێت بـۆ خراپە، فەرمان پێکراوەکان چاکەیە سـەریش دەکێـشێت بـۆ چـاکە، هـەموو خێـر و چاکەیەکیش بەدەستی خوای گەورەیـە، بـەڵام شـەڕ و خراپـە پاڵنادرێتـە لای خـوا، چـونکە شــەڕ و خراپــە لــە ســیفات و کــارو ناوەکــانی خــودا نیــە، بــەڵکو لــە کارتێکراوەکاندایـە لەگـەڵ ئەوەشـدا شـەڕە بـە نیـسبەت بەنـدەوە، بـەڵام لـە ڕووی پاڵدانە لای خـواوە ئـەوە شـەڕ نیـە، جـا ئەنجامـدانی قەدەغـەکراوەکان بەنیـسبەت بەندەوە شـەڕی بـۆ سـاز دەکـا، ئـەنجام نـەدانی فـەرمان پێکراوەکـان و لـە چـەنگ چوونیان، خێرو چاکەی لە چەنگ دەچێت کە بە نەمانی شەڕی بۆ فەراهەم دێت.

بـاسی زیکری خوا و شوکرانە بژێری

دین بیناکراوە لەسەر دوو بنچینە:

١. الذکر: زیکری خـــوا.

٢. الشکر: شوکرانە بژێری.

خـــوای گـــەورە دەفـــەرمووێ: ﴿فَاذْكُرُونِي أَذْكُرْكُمْ وَاشْكُرُوا لِي وَلَا تَكْفُرُونِ﴾ (البقرة:١٥٢)، واتـە: ئەگەر یادی من بکەن منـیش یـادی ئێـوە دەکـەم، وە شـوکرانە بژێری من بکەن کوفرانەم مەکەن.

پێغەمبەرﷺ بە (معاذ)ی فـەرموو: ((والله إِنِّي لأُحِبُّكَ فلا تنـسى أن تقـول دُبُـرِ كُـلِّ صلاة، اللَّهُمَّ أعِنِّي عَلَى ذِكْرِكَ وَشُكْرِكَ وَحُسْنِ عِبَادَتِكَ))[1]. واتـە: سوێند بـە خـوا —ئـەی معاذ ـ من تۆم خۆش دەوێت، نەکەی لـە بـیر کـەی دوای هـەموو نوێـژەکانت بڵـێ: خوایە یارمەتیم بدە لەسەر یاد کردنت و سوپاس کردنت و چاك پەرستنت.

جا مەبەست بە زیکری خـــوا تەنها زیکر نیە بە زمان، بـەڵکو مەبەسـت بە زیکـر زیکری دڵ و زمانیشە.

زیکر و یادی خوا ئەمانە هەمووی دەگرێتەوە یادکردنی ناو و سیفاتەکانی خـوا و ئەنجامــدانی فــەرمان پێکراوەکــان و وازهێنــان لــە قەدەغــەکراوەکان و قورئــان خوێندنیش دەگرێتەوە.

جا ئەم یادکردنە بەم شێوە سەردەکێشێت بۆ ناسینی خـوا و ئیمـان پێهێنـانی و ناسینی سیفاتە بەرز وبڵندەکانی و سـوپاس و سـتایش کردنـی بـە هـەموو جۆرێـك، ئەمانەش تەنها بە یەکتاپەرستی خوا پتەو دەبێت.

---

(١) صحيح: رواه النسائي (٣/٥٣)، و ابو داود (١٥٢٢)، و احمد في المسند (٥/٢٤٥و٢٤٧).

زیکر کردنی ڕاستەقینەی خوا دەبێت بەم شێوەبێت، دەبێت باسی نیعمەت و چاکە و بەخششەکانی خوا بۆ خەڵکی ڕۆشن بکاتەوە.

بەڵام شوکرانە بژێری هەڵسانە بە گوێڕایەڵی کردنی خوا و ئەنجامدانی ئەو کارانەی لە خوات نزیك دەکات بە دڵ و لاشە.

کەواتە: ئەو دووانە (الذکر)و(الشکر) کۆکەرەوەی دینن، چونکە بە زیکرکردنی خودا مرۆڤ دەگات بە خواناسی، شوکرانە بژێریشی گوێڕایەڵی و بەندایەتی خوای لە خۆ گرتووە.

هەر لە پێناوی ئەم دووانەش جنۆکە و ئینسان و ئاسمانەکان و زەوی دروست کراوە، هەر لە پێناوی ئەم دووانەشە پاداشت و سزا دانراوە، خوا کتێبەکانی ڕەوانەکردووە، پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) ڕەوانەکراون، هەر ئەمەش حەق و ڕاستە کە ئاسمانەکان و زەوی لە پێناویدا دروست کرێت، ئەوەی پێچەوانەی ئەوەیە هەمووی پوچە و گومانی دووژمنانی خوایە.

خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَآءَ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا بَٰطِلًا ۚ ذَٰلِكَ ظَنُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ۚ﴾ (ص: ٢٧). واتە: ئێمە ئاسمان و زەوی و دروست کراوەکانی نێوانیان بێ هوودە و هەڕەمەکی دروست نەکردووە، بەڵکو ئەوە گومانی ئەو کەسانەیە کە کافر و بێ بڕوان.

هەروەها دەفەرمووێ: ﴿وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَٰعِبِينَ ﴿٣٨﴾ مَا خَلَقْنَٰهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ﴾ (الدخان: ٣٨). واتە: ئێمە ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیشیان دایە بە گاڵتە و بێ هوودە دروست نەکردووە، بەڵکو لەسەر حەق و ڕاستی دروستمان کردوون.

لە ئایەتێکی تر دەفەرمووێ: ﴿وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ ۗ وَإِنَّ ٱلسَّاعَةَ﴾ (الحجر:٨٥). واتە: ئێمە ئاسمانەکان و زەوی و هەرچی لە نێوانیشیاندا هەیە بە حەق و ڕاستی دروستمان کردووە، بێگومان ڕۆژی قیامەتیش بەڕێوەیە و دێت.

خوای گەورە لە سوورەتی (یونس) دوای ئەوەی باسی بەڵگە و نیشانەکانی خۆی دەکات ئینجا دەفـەرمووێ: ﴿مَا خَلَقَ ٱللَّهُ ذَٰلِكَ إِلَّا بِٱلْحَقِّ﴾(یونس:٥). واتـە: خوای گەورە ئەوانەی بێ هوودەدروست نەکردووە،بەڵکو هەمووی لەسەر بنچینەی حەق و ڕاستی بەدیهێناوە.

هـەروەها دەفـەرمووێ: ﴿أَيَحْسَبُ ٱلْإِنسَٰنُ أَن يُتْرَكَ سُدًى﴾ (القيامـة:٣٦)، واتـە: ئایـا ئینسان وا دەزانێت پشت گوێ دەخرێ و لێ پرسینەوەی لەگەڵدا ناکرێت؟

خـوای گـەورە لـە ئایـەتێکی تـر دەفـەرمووێ:﴿أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَٰكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ﴾ (المؤمنون:١١٥)، واتـە: ئایا وا گومان دەبەن کـە ئێوەمـان بێ هوودە دروست کردووە، ئێوە ناگەڕێنەوە بۆ لای ئێمە؟

هـەروەها دەفـەرمووێ: ﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾(الـذاريات:٥٦)، واتـە: من جنۆکە و ئینسانم تەنها بۆ بەندایەتی دروست کرووە.

خوای گەورە لە ئایەتێکی تر دەفـەرمووێ ﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ وَمِنَ ٱلْأَرْضِ مِثْلَهُنَّ يَتَنَزَّلُ ٱلْأَمْرُ بَيْنَهُنَّ لِتَعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ وَأَنَّ ٱللَّهَ قَدْ أَحَاطَ بِكُلِّ شَىْءٍ عِلْمًۢا﴾ (الطلاق: ١٢)، واتـە: خـوای گـەورە حـەوت چـین ئاسمـانی دروسـتکردووە، زەویشی بە وێنەی ئەوان دروستکردووە، فـەرمانی خـوا لـە نێوانیانـدا دادەبـەزێت و جێبـەجێ دەبێـت، بـۆ ئـەوەی بـزانن کـە بەڕاسـتی خـوا دەسـەڵاتی بەسـەر هـەموو شتێکدا هەیە، بێگومان خوای گەورە بە زانست و زانیـاری خـۆی گـەمارۆی هـەموو شتێکی داوە.

خوای گەورە لـە ئایـەتێکی تـر دەفـەرمووێ: ﴿جَعَلَ ٱللَّهُ ٱلْكَعْبَةَ ٱلْبَيْتَ ٱلْحَرَامَ قِيَٰمًا لِّلنَّاسِ وَٱلشَّهْرَ ٱلْحَرَامَ وَٱلْهَدْىَ وَٱلْقَلَٰٓئِدَ ۚ ذَٰلِكَ لِتَعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ وَأَنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ﴾ (المائدة:٩٧)، واتـە: خـوای گـەورە کەعبـە کـە (البيـت الحـرام)ە کردوویـەتی بـەهۆی هەسـتانەوە و بوژاندنـەوەی خـەڵکی ـــ

لەهـەردوو دنیـادا ـــ هـەروەها مانگـە حەرامـەکانیش و دیـاریی و قوربانیـە دیـاری کراوەکانیش، ئەوەش بۆ ئەوەیە کە بزانن و دڵنیا بن کە خوا ئاگادارە بەهەرچـی لـە ئاسمانەکاندایە و هەرچی لە زەویدا هەیە، بەڕاستی خوا بە هەموو شـتێك بـە ئاگـا و زانایە.

کەواتە لەوەی ڕابردوو بۆمان دەرکـەوت کـە دروسـتکردنی بوونـەوەر بـۆ ئەوەیـە زیکری خوا بکەن و شوکرانە بـژێری خـوا بکـەن، دەبێـت یـادی خـوا بکرێـت لـە بـیر نەکرێت، سوپاسی بکرێت و کوفرانـەی نـەکرێت، بێگومـان خـوای گـەورە یـادی ئـەو کەسە دەکات کە یادی دەکات، سوپاسی ئەو کەسە دەکات کە سوپاسـی دەکـات، جا یادکردنی خوا هۆیەکە بۆ یادکردنی مرۆڤ، سوپاس کردنی خوا هۆیەکە بـۆ زیـاتر پێ بەخشینی.

زیکری خوا پەیوەستە بە دڵ و زمان، سـوپاس کردنـی خـواش پەیوەسـتە بەدڵ و خۆشەویستی و پەشیمانی، ستایش و حەمـدیش پەیوەسـتە بـە زمـان، گوێڕایەڵی و ملکەچی پەیوەستە بە ئەندامەکانی لاشە.

ڕێگای سەرفرازیی و گومڕایی

کاروکردەوە جا بە دڵ بێت یان بە لاشە ئەگەر باشە بێت هۆیەکە بۆ هیدایەت، ئەگەر خراپەش بێت هۆیەکە بۆ گومڕایی، مرۆڤ چەند کاروکردەوەیەك بە دڵ یان لاشە ئەنجام دەدات سەر دەکێشێت بۆ هیدایەت، یان بۆ گومڕایی.

کەواتە: کاروکردەوەی چاکە بەروبوومەکەی ئەوەیە سەردەکێشێت بۆ هیدایەت، هەرکاتێك مرۆڤ کاروکردەوەی چاکەی زیاتر بێت خوا زیاتر هیدایەتی دەدات.

کاروکردەوەی خراپەش بەروبوومەکەی ئەوەیە سەردەکێشێت بۆ گومڕایی، چونکە خوای گەورە کاری چاکەی خۆشدەوێت و بۆیە لە پاداشتی ئەم کارە چاکانە پاداشتی مرۆڤ بە هیدایەت و سەرفرازی دەداتەوە، ڕقیشی لە کاری خراپەیە جا بۆیە لە پاداشتی ئەم کارە خراپانە سزای مرۆڤ بە گومڕایی و سەرگەردانی دەداتەوە، چونکە خوای گەورە بۆ خۆی چاکەکارە، چاکەکاریشی خۆش دەوێت، دڵی چاکەکارانیش لە خۆی نزیك دەکاتەوە بە ئەندازەی چاکەکانیان، ڕقیشی لە خراپە و خراپەکارانە دڵی خراپەکارانیش لە خۆی دوور دەکاتەوە بە ئەندازەی خراپەکانیان.

بەڵگە لەسەر بنچینەی یەکەم: کە کاروکردەوەی چاکەیە و سەردەکێشێت بۆ هیدایەت خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿الٓمٓ ۝١ ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَۛ فِيهِۛ هُدٗى لِّلۡمُتَّقِينَ ۝٢﴾ (البقرة: ١ـ٢)، واتە: ئەم کتێبە ـ کە قورئانە ـ هیچ گومانی تیا نیە هیدایەت و ڕێنمویی کارە بۆ چاکەکاران و تەقواکاران.

ئەمە دوو شتی لە خۆ گرتووە:

یەکەم: خوای گەورە بەم قورئانە ئەو کەسانە هیدایەت دەدات کە پێش ئەوەی کتێبی خوا نازل بێت ئەوان کاری چاك و باشیان ئەنجامداوە، چونکە هەموو چینەکانی خەڵکی ئەوە دەزانن کە خوا ڕقی لە ستەم و داوێن پیسی و فەساد

بڵاوکردنەوەیە لەسەر زەویدا و ئەوەی ئەو کارە دەکات خۆشی ناوێت، بەڵکو پێی خۆشە دادپەروەری و چاکە و ڕاستگۆیی و چاکسازی لەسەر زەویدا بڵاوبێتەوە، ئەوەی ئەو کارەش ئەنجام بدات خۆشی دەوێت.

کاتێك قورئانی نازڵ کرد، هیدایەتی ئەو چاکەکارانەی دا بۆ ئیمان لە پاداشتی ئەو چاکانەی ئەنجامیان دەدا و گوێڕایەڵی خوایان دەکرد.

ئەو کەسانەش کە خراپەکار و داوێن پیس و ستەم کاربوون گومڕای دەکردن و هیدایەتی نەدەدان.

دووەمیشیان: بەندە کە ئیمانی بە قورئان هێنا و بەڕاستی زانی و گوێڕایەڵی کرد، ئەوە بە گوێرەی ئەم قورئانە هیدایەت وەردەگرێت، ئا ئەو ئیمان هێنانەی هۆیەکە بۆ سەرکێشان بۆ هیدایەتی تر، چونکە هیدایەت کۆتایی نایەت ئەگەرچی بەندە بشگاتە چەڵەپۆپەش، لەبەر ئەوەی لەسەر هیدایەتی خۆی هیدایەتی تری بەدوا دا دێت لە دوای ئەویش هیدایەتی تر بەدوا دا دێت تا کۆتایی نایەت.

کەواتە: هەر کاتێك بەندە زیاتر تەقوای پەروەردگاری بکات زیاتر بەرز دەبێتەوە بۆ هیدایەتی تر، بەو جۆرە بەردەوام هیدایەتی زیاتر دەبێت مادام بەندە تەقوای زیاتر بێت.

هەر کاتێکیش تەقوای کەمتر بێت هیدایەتیشی کەمتر دەبێت بە پێی نەمانی تەقواکەی، هەر کاتێ زیاتر تەقوای خوا بکات ئەوە هیدایەتی زیاتر دەبێت هەر کاتێ هیدایەتی زیاتر بێت تەقوای زیاتر دەبێت خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿ قَدْ جَآءَكُمْ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمْ كَثِيرًا مِّمَّا كُنتُمْ تُخْفُونَ مِنَ ٱلْكِتَـٰبِ وَيَعْفُوا۟ عَن كَثِيرٍ ۚ قَدْ جَآءَكُم مِّنَ ٱللَّهِ نُورٌ وَكِتَـٰبٌ مُّبِينٌ ﴿١٥﴾ يَهْدِى بِهِ ٱللَّهُ مَنِ ٱتَّبَعَ رِضْوَٰنَهُۥ سُبُلَ ٱلسَّلَـٰمِ وَيُخْرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَـٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ بِإِذْنِهِۦ وَيَهْدِيهِمْ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴾ (المائدة:١٥ـ١٦)، واتە: بێگومان ئێوە لەلایەن خوداوە بە ناردنی ئەو پێغەمبەرە ڕووناکیەکی گەورە و ئاشکراتان بۆ هاتووە, بەهۆی ئەم قورئانەوە خودا هیدایەتی ئەو کەسانە دەدات کە

خۆیان دەیانەوێت شوێن ڕەزامەندی خودای پەروەردگار بکەون, هیدایەتیان دەدات بەرەو ڕێگایەکی ئاشتی و دلنیایی, هەروەها خودا ئیمان دەخاتە دڵیان و بە فەرمانی خۆی لە تاریکایی ڕێگاو ڕێبازە تاریك و چەوتەکان دەریان دەهێنێت ودەیانخاتە ناو ڕووناکی باوەڕ و ئایینی ڕاستەوە, ڕێگای ڕاستی ژیانیان بۆ ڕوون دەکاتەوە ڕێنماییان دەکات بۆ سەر ئەو ڕاستە شەقامە و هیدایەتیان پێ دەبەخشێت تابیگرنە بەر و لێی لانەدەن.

خـــوای گـــەورە دەفـــــەرمووێ: ﴿ٱللَّهُ يَجْتَبِىٓ إِلَيْهِ مَن يَشَآءُ وَيَهْدِىٓ إِلَيْهِ مَن يُنِيبُ﴾ (الشورى: ١٣)، واتــە:خـوای گـەورە کەسـانی شایستە هەڵدەبـژێرێت بـۆ گەیانــدنی ئاینەکــەی و ڕێنمــوویی خــەڵکانێك دەکــات کــە بگەڕێنــەوە بــۆ لای بەرنامەکەی.

هەروەها دەفـەرمووێ: ﴿سَيَذَّكَّرُ مَن يَخْشَىٰ﴾(الاعلى:١٠)، واتـە: بێگومان ئەوەی لـە خوا بترسێت سوود لە ئامۆژگاریەکانت وەردەگرێت.

خـوای گـەورە لـە ئایـەتێکی تـر دەفـەرمووێ: ﴿وَمَا يَتَذَكَّرُ إِلَّا مَن يُنِيبُ﴾ (غافر:١٣)، واتــە: کـەس بـیر ناکاتـەوە و پەنـد وەرنـاگرێ مەگـەر کەسـێکی ڕوو لـە خودابێ

خــوای گەورەدەفـــەرمووێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ يَهْدِيهِمْ رَبُّهُم بِإِيمَـٰنِهِمْ﴾ (یـونس:٩)، واتــە: بەڕاسـتی ئەوانـەی ئیمانیـان هێنـاوە و کـار و کردەوەی چـاکیان ئەنجامـداوە، بـەو ئیمانـەی کـە هەیانـە پـەروەردگاریان ڕێگایـان نیشان دەدات.

یەکەمجار خوا ڕێنموویی کردوون بۆ ئیمان، جا کاتێك کە ئیمانیان هێناوە دیسان هیدایەتیان دەدات بۆ ئیمان، وێنەی ئەمە ئەو ئایەتەیـە کـە دەفــەرمووێ: ﴿وَيَزِيدُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ٱهْتَدَوْاْ هُدًى﴾ (مریم:٧٦)، واتـە: ئەوانەی ڕێبـازی هیدایـەتیان گرتۆتـە بەر خوا زیاتر هیدایەتیان دەدات.

خـــوای گـــەورە دەفـــەرمووێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَتَّقُواْ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّكُمۡ فُرۡقَانٗا ﴾ (الانفال:٢٩)، واتـە: ئەی ئەو کەسانەی ئیمانتـان هێنـاوە، ئەگەر تـەقوای خوا بکەن، ئەوە خوا بەرچاو ڕۆشنایەکی تەواوتان بۆ فەراهەم دێنێت ـ کە حـەق و ناحەقی پێ بناسن.

لە تایبەت مەندیەکانی (الفرقان) ئەوەیە کە نوورێك بە مرۆڤ دەبەخـشێت حـەق و ناحەقی پێ جیا بکاتەوە، عیزەت و سەرکەوتن بە مـرۆڤ دەبەخـشێ کـە حـەقی پـێ سەردەکەوێت و نا حەقی پێ دەتوێتەوە، بەهەمان شێوەش قورئان بەو دووانە ڕاڤە کراوە.

خـوای گـەورە دەفـــەرمووێ: ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لِّكُلِّ عَبۡدٖ مُّنِيبٖ ﴾(سـبأ: ٩)، واتــە: بەڕاسـتی لەمانــەدا نیـشانەی ڕوون و ئاشـکرا هەیـە، بـۆ هــەر بەندەیـەك گەڕابێتەوە لای خوا.

هــەروەها دەفـــەرمووێ: ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّكُلِّ صَبَّارٖ شَكُورٖ ﴾(لقمــان:٣١)، واتـە: بەڕاستی لەوانەدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەیە، بـۆ کەسـێك کـە زۆر ئـارامگر و شوکرانە بژێربێت.

خوای گـەورە ئـەوە ڕوون دەکاتـەوە کـە کەسـانێك سـوود لـەم بەڵگـە و نیـشانە بەرچاوانە وەردەگـرن کـە ئـارامگر و شـوکرانە بـژێر بن، هـەروەکو چـۆن ڕوونیشی کردۆتەوە کە کەسانێك سوود لە ئایەتـەکانی قورئـان وەردەگـرن کـە تـەقوادار و لـە خوا ترس بن و ڕەزامەندی خوایان مەبەست بێـت، کەسـێك یادەوەری ئـەم قورئانـە وەردەگرێت کە ترسـی خـوای لـە دڵدا بێـت هـەر وەك خـوای گـەورە دەفـــەرمووێ: ﴿طه ۝١ مَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡقُرۡءَانَ لِتَشۡقَىٰٓ ۝٢ إِلَّا تَذۡكِرَةٗ لِّمَن يَخۡشَىٰ ۝٣﴾(طــە:١ ــ ٣)، واتــە: ئـەی پێغەمبـەر ﷺ ئێمـە ئـەو قورئانـەمان دانەبەزاندۆتـە سـەر تـۆ تـا تووشی پـەژارە بیت، بـەڵکو ئـەو قورئانـە یادخەرەوەیە، بـۆ کەسـێك کـە لـە خـوا دەترسێت.

خـوای گـەورە لـەبارەی قیامەتـەوە دەفـەرمووێ: ﴿إِنَّمَآ أَنتَ مُنذِرُ مَن يَخۡشَىٰهَا ﴾ (النازعات:٤٥)، واتـە: بێگومان ئەرکی تۆ تەنها بێدار کردنەوەی ئەو کەسانەیە کە لـە قیامەت دەترسێن.

بەڵام کەسێك کـە ئیمـانی بـەو ڕۆژە نـەبێ و خـۆی بـۆ ئامـادە نـەکردبێ و لێی نەترسێ، ئـەوە نەسـوود لـە بەڵگـە و نیـشانەکانی خـوا وەردەگرێـت نـە سـوود لـە ئایەتەکانی قوورئانیش وەردەگرێت، هـەر لەبـەر ئەمەشـە خـوای گـەورە کاتێـك لـە سـورەتی (هـود) باسـی سـزادانی ئـەو گەلانـە دەکـات کـە پێغەمبـەرانیان بـە درۆخستۆتەوە لە تۆڵەی ئەوەش خوای گەورە هـەر لـە دنیـادا لـەناوی بـردن، پـاش ئـــەم بەســـەرهاتە دەفـــەرمووێ: ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لِّمَنۡ خَافَ عَذَابَ ٱلۡأٓخِرَةِۚ ﴾ (هو:١٠٣)، واتـە: بەڕاستی لەو بەسەرهاتانەدا نیشانە و پەند و ئامۆژگـاری هەیـە بـۆ کەسێك کە لە سزای دوا ڕۆژ بترسێت.

لێرەدا خوای گەورە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەو گەلانەی بـەم شـێوە سـزا داوە تاکو ببێت بە پەند بۆ ئەوانەی لە سزای دوا ڕۆژ دەترسێن، بەڵام ئـەم بەسـەرهاتانە نابێت بە پەند بۆ کەسێك کە ئیمـانی بـە دوا ڕۆژ نـەبێ و لـە سـزای خـوا نەترسێت، بەڵکو کاتێك شتی وا ببیـستێ دەڵێـت: ئەمـە زەمانـە شـتی چـاك و خراپـی تیـا ڕوو دەدات، خۆشی و ناخۆشی تیا ڕوودەدات، ئاسوودەیی و ناڕەحەتی تیا دەبینرێت.
دەڵێت: لەوانەیە هۆیەکی گەردوونی بێـت ئـەم کارەسـاتە ڕووی دابێـت، چـەندین قسەی پڕووپوچی لەم شێوەیە دەکەن.

جا ئەوەش بزانە ئـارامگرتن و شـوکرانە بـژێری هۆیـەکن بـۆ سـوود وەرگـرتن لـە نیشانە و ئایەتەکانی خوا، چونکە ئیمـان بینـا کـراوە لەسـەر ئـارامگرتن و شـوکرانە بژێری، دەکات نیوەی ئیمان پێکهاتووە لە ئارامگرتن و نیوەکـەی تریـشی شـوکرانە بژێریە، جا هێزی ئیمانی بەندە بە ئەندازەی ئارامگرتن و شوکرانە بژێریەکەیەتی.
کەواتـە: کەسێك سوود لە ئایەت و نیشانەکانی خوا وەردەگرێـت کـە ئیمـانی بـە خوا هەبێت، ئیمانیشی کامل نابێت مەگەر بە ئارامگرتن و شـوکرانە بـژێری نـەبێت،

چونکە سەری شوکرانە بژێری یەکتاپەرستیە، سەری ئارامگرتنیش وەڵام نەدانەوەی بانگ خوازی ڕێبازی هەوا و ئارەزوواتە.

بـەڵام ئەگـەر موشـریك بـوو و شـوێنی هـەوا و ئـارەزوواتی خـۆی کـەوت ناکـات ئـارامگرو شـوکرانە بـژێرە، ئایـات و نیـشانەکانی خـواش سـوودی پـێ ناگەیـەنن و کاریشی تێناکەن بۆ ئیمان.

بەڵگـەش لەسـەر بنـچینەی دووەم: ئـەویش ئەوەیـە کـە خراپـەکاری و خـۆ بـە گەورەزانی و درۆ سەر دەکێشێت بۆ گومڕایی هەر وەك خوای گـەورە دەفـەرمووێ: ﴿يُضِلُّ بِهِۦ كَثِيرًا وَيَهْدِي بِهِۦ كَثِيرًاۚ وَمَا يُضِلُّ بِهِۦٓ إِلَّا ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٢٦﴾ ٱلَّذِينَ يَنقُضُونَ عَهْدَ ٱللَّهِ مِنۢ بَعْدِ مِيثَٰقِهِۦ وَيَقْطَعُونَ مَآ أَمَرَ ٱللَّهُ بِهِۦٓ أَن يُوصَلَ وَيُفْسِدُونَ فِي ٱلْأَرْضِۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ﴾(البقـرة:٢٦ــ٢٧)، واتــە: زۆرێکـی پـێ گـومڕا دەکات و زۆرێکی تریشی پێ هیدایەت دەدات، بەڵام دیارە جگە لە تاوانباران کەسی تر گومڕا ناکـات، ئەوانـەی پـەیمانی خـوا هەڵدەوەشـێننەوە دوای پتـەوبوونی، ئـەو پەیوەندیانەش دەپـسێنن کـە خـوا فـەرمانی گەیانـدنی داوە، لـە زەویشدا تـاوان و خراپە دەچێنن، ئا ئەوانە خۆیان زەرەرمەند و خەسارەت مەندن.

خوای گەورە لە ئایەتێکی تردەفـەرمووێ: ﴿ يُثَبِّتُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱلْقَوْلِ ٱلثَّابِتِ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِي ٱلْأٓخِرَةِۖ وَيُضِلُّ ٱللَّهُ ٱلظَّٰلِمِينَۚ وَيَفْعَلُ ٱللَّهُ مَا يَشَآءُ ﴾ (ابراهيم:٢٧)، واتـە: خوای گەورە لە دنیا و قیامەتدا، بە قسەی پتەو ئیمانداران ڕاگیر دەکات، ستەم کارانیش گومڕا دەکات، خودا چۆنی بوێت وا دەکات.

هـــــەروەها دەفـــــەرمووێ: ﴿فَمَا لَكُمْ فِي ٱلْمُنَٰفِقِينَ فِئَتَيْنِ وَٱللَّهُ أَرْكَسَهُم بِمَا كَسَبُوٓاْ ﴾(النساء: ٨٨)، واتــە: ئـەوە چـیتانە دەربارەی منافقـەکان بـوون بـە دوو دەستەوە؟! لە کاتێکدا خوا وەری گێڕاونەتەوە بۆ سـەر بـێ بـاوەڕی بـە هـۆی ئـەو کردەوانەی کە کردویانە.

خــوای گــەورە دەفـــەرمووێ: ﴿وَقَالُوا۟ قُلُوبُنَا غُلْفٌۢ ۚ بَل لَّعَنَهُمُ ٱللَّهُ بِكُفْرِهِمْ فَقَلِيلًا مَّا يُؤْمِنُونَ﴾(البقرة:٨٨)، واتـە: ـ جوولەکەکان ـ دەیان گوت: دڵەکانمان داخراوە ـ لـە ئاست گوفتاری تۆدا ـ نەخێر وانیە، ئەوانە خوا نەفرینی لێکردوون بـەهۆی کـوفر و خوا نەناسیانەوە، کەوا بوو بە کەم شت بڕوا دەکەن.

هەروەها دەفـەرمووێ: ﴿وَنُقَلِّبُ أَفْـِٔدَتَهُمْ وَأَبْصَـٰرَهُمْ كَمَا لَمْ يُؤْمِنُوا۟ بِهِۦٓ أَوَّلَ مَرَّةٍ﴾ (الانعام: ١١٠)، واتـە: دڵ و دیدەی ئەوان لە کار دەخەین، هەر وەك چۆن یەکـەمجار ئیمانیان بە قورئان نەهێنا.

خـوای گـەورە لێـرەدا ئـەوە ڕوون دەکاتـەوە کـە سـزای داون، چـونکە کاتێـك حەقیات بۆ هات کە قورئانە پشتیان تێکرد و ئیمانیـان پـێ نـەهێنا، جـا بۆیـە دڵ و دیدەی لە کارخستن و دووری کردن لە ئیمان هەر وەك خـوای گـەورە دەفــەرمووێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱسْتَجِيبُوا۟ لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ ۖ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ يَحُولُ بَيْنَ ٱلْمَرْءِ وَقَلْبِهِۦ﴾(الانفال:٢٤)، واتـە: ئەی ئەوانەی کە ئیمانتان هێنـاوە وەڵامی بانگەوازی خوا و پێغەمبەرﷺ بدەنەوە کاتێك بانگتـان دەکـەن بـۆ ڕێبازێـك کە ژیانەوەی ئێوەی تیایە، چاك بزانن بەڕاستی خوا دەتوانێـت دەسـەڵاتی بکـەوێتـە نێوان ئادەمیزاد و ـ ئاواتەکانی ـ دڵیەوە.

لێـرەدا خـوای گـەورە فـەرمان بـە مـرۆڤ دەکـات کـە وەڵامـی بانگـەوازی خـوا و پێغەمبەرﷺ بدەنەوە کاتێك بانگیان دەکەن بۆ شتێك کـە ژیانـەوەی ئـەوانی تیایـە ـ کە ئیسلامە ـ پاشان ئاگاداریان دەکاتەوە کە نەکەن ئەم بانگەوازە پـشت گـوێ بخەن و لێی لادەن و وەڵامی نەدەنەوە، چونکە ئەوە دەبێت بەهۆی ئەوەی ببێت بە لەمپە لە نێوان ئادەمیزاد و دڵیدا.

خـــوای گـــەورە دەفـــەرمووێ: ﴿فَلَمَّا زَاغُوٓا۟ أَزَاغَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمْ ۚ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَـٰسِقِينَ﴾(الـصف:٥)، واتــە: کاتێـك ئـەوان گوێیـان بـۆ ڕاسـتی نـەگرت و لـە حـەق لایاندا، خوای گەورەش دڵەکانیانی لـە خـشتە بـرد و مـۆری پێوەنـا، چـونکە خـوای گەورە ڕێنموویی گەلێك ناکات کە تاوانبار و لە سنوور دەرچووبن.

هـــەروەها دەفـــەرمووێ: ﴿كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ﴾(المطففـين:١٤)، واتـــە: نـەخێر، وانیـە بـەڵكو دڵیـان ژەنگـی هێنـاوە، لەسـەر ئـەنجامی ئـەو كـارو كردەوانەی كە دەیانكرد.

خوای گەورە لێرەدا ئەوە ڕوون دەكاتەوە كە ئەو كاروكردەوانەیان بۆتە پەردە و دڵی داپۆشیون، بە جۆرێك وای لێكردوون ئیمان بە ئایەتەكانی خوا نەهێنن بۆیە بـە قورئانیـان دەگـووت: ﴿أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ﴾ (المطففـين:١٣)، واتـــە: ئەمـــە ئەفـــسانەی پێشینانە و باوی نەماوە.

خوای گەورە دەربارەی مونافیقەكان دەفـەرمووێ: ﴿نَسُوا اللَّهَ فَنَسِيَهُمْ﴾ (التوبة: ٦٧)، واتـە: ئەوانە خوایـان فـەرامۆش كـردووە و لـە بـیر خۆیـان بردۆتـەوە، جـا لـە سزای ئەوەی خوایان لە بیر كردووە خوای گەورەش فەرامۆشی كردن لە هیدایـەت و رەحمەتی خۆی.

خوای گەورە لێرەدا ئەوە ڕوون دەكاتەوە كە وای لێكردن خۆیان لە بیر بكەن بەوەی كە داوای زانیاری بەسوود و كردەوەی چاك نەكەن كە ئەم دووانە هیدایەتن بۆ مرۆڤ، جا بۆیە داواكاری و خۆشەویستی و ناسینی ئەمەیان لەبیر چووە لە سزای ئەوەیە كە خوایان فەرامۆش كردووە خوای گەورە دەربارەیان دەفـەرمووێ: ﴿أُولَٰئِكَ الَّذِينَ طَبَعَ اللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ وَاتَّبَعُوا أَهْوَاءَهُمْ ﴿١٦﴾ وَالَّذِينَ اهْتَدَوْا زَادَهُمْ هُدًى وَآتَاهُمْ تَقْوَاهُمْ﴾ (محمد:١٦ـ١٧). واتـە: خودا مۆری بەسەردڵیانەوە ناوە و شوێن هەواو ئارەزوواتـی خۆیان كەوتن، ئەوانەش كە هاتونەتە سەر ڕاستە ڕێ، زیاتر شارەزایان دەكات و ترسی خۆیان دەخاتە دڵـەوە.

لێرەشدا خوای گەورە شوێنكەوتنی هـەواو گـومڕایی پێكـەوە كۆكردۆتـەوە، بەڵام بۆ ئەوكەسانەی كە ئیماندارن تەقوا و هیدایەتی پێكەوە كۆكردۆتەوە.

کۆکردنەوەی هیدایەت و ڕەحمەت پێکەوە، کۆکردنەوەی گومڕایی و بەدکاریش پێکەوە

خوای گەورە لە قورئاندا هیدایەت و ڕەحمەتی پێکەوە کۆکردۆتەوە، بە هەمان شێوەش گومڕایی و بەدکاریشی پێکەوە کۆکردۆتەوە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ عَلَيۡهِمۡ صَلَوَٰتٞ مِّن رَّبِّهِمۡ وَرَحۡمَةٞۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُهۡتَدُونَ﴾ (البقـــرة:١٥٧)، واتـــە: ئـا ئەوانـە چـەندەها سـتایش و ڕەحمـەت بەسـەریاندا دەبارێـت لەلایـەن پەروەردگاریانەوە و ئەوانە ئەو کەسانەن کە ڕێبازی هیدایەتیان وەرگرتووە.

دەربارەی ئیماندارانەوە دەفەرمووێ: ﴿رَبَّنَا لَا تُزِغۡ قُلُوبَنَا بَعۡدَ إِذۡ هَدَيۡتَنَا وَهَبۡ لَنَا مِن لَّدُنكَ رَحۡمَةًۚ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡوَهَّابُ﴾(ال عمران:٨)، واتـە: ئیمانـداران دەڵـێن: پـەروەردگار دوای ئەوەی کە هیدایەتت داین و ڕێنموونیـت کـردین، دڵـەکانمان لامـەدە لـە ڕێگـەی ڕاسـت و لـە ڕەحمـەت و بەخشـشی تایبـەتی خـۆت، بـەهرەوەرمان بکـە، چـونکە بەڕاستی تۆ بەخشندە و بەخشێنەری.

یـاوەرانی ئەشـکەوتەکە دەیـانگووت: ﴿رَبَّنَآ ءَاتِنَا مِن لَّدُنكَ رَحۡمَةٗ وَهَيِّئۡ لَنَا مِنۡ أَمۡرِنَا رَشَدٗا﴾(الکهف:١٠)، واتـە: پـەروەردگارا لەلایـەن خۆتـەوە ڕەحمـەت و میهرەبـانی تایبەتمان پێ ببەخـشە و لـە سۆزی خـۆت بـەهرەوەرمان بکـە و ڕێگـەی ڕزگـاری و سەرفرازیمان بۆ بسازێنە لەم کارەماندا.

هـــەروەها دەفـــەرمووێ: ﴿لَقَدۡ كَانَ فِي قَصَصِهِمۡ عِبۡرَةٞ لِّأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِۗ مَا كَانَ حَدِيثٗا يُفۡتَرَىٰ وَلَٰكِن تَصۡدِيقَ ٱلَّذِي بَيۡنَ يَدَيۡهِ وَتَفۡصِيلَ كُلِّ شَيۡءٖ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٗ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ﴾(یوسف:١١١)، واتـە: بێگومـان لـە بەسـەرهاتی پێغەمبەرانـدا پەند و ئامۆژگاری هەیە بۆ کەسانێك کە ژیر و هۆشمەند بن، وە نەبێت ئـەم قورئانـە *قسە و باسێك بێت هەڵبەستراوبێت، بەڵکو (ڕاستە) باوەڕدەکا بەوەی لەبەردەستی*

دایە و شیکەرەوەی هەموو شتێکە، وە ڕێ پیشاندەر و رەحمەتـە بـۆ کەسـانێك کـە ئیمانیان هێناوە.

لــە ئایــەتێکی تردەفـــەرمووێ: ﴿ وَمَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ إِلَّا لِتُبَيِّنَ لَهُمُ ٱلَّذِي ٱخۡتَلَفُواْ فِيهِ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٗ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ﴾ (النحل:٦٤)، واتــە: ئـەم قورئانـەمان بۆ دابەزاندووی تاکو بیکەی بە شیکەرەوەی کێشەی خەڵکی و هیدایەت و رەحمەتـە بۆ کەسانێك کە ئیمانیان هێنابێت.

هـــــەروەها دەفـــــەرمووێ: ﴿وَنَزَّلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ تِبۡيَٰنٗا لِّكُلِّ شَيۡءٖ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٗ وَبُشۡرَىٰ لِلۡمُسۡلِمِينَ ﴾ (النحل:٨٩)، واتـە: ئەو قورئانەمان بـۆ ڕەوانـە کـردووی کـە ڕوون کـەرەوەی هـەموو شـتێکە و هیدایـەت و ڕەحمەتـە و مـژدە دەریـشە بـۆ موسڵمانان.

خـوای گـەورە دەفـەرمووێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدۡ جَآءَتۡكُم مَّوۡعِظَةٞ مِّن رَّبِّكُمۡ وَشِفَآءٞ لِّمَا فِي ٱلصُّدُورِ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٞ لِّلۡمُؤۡمِنِينَ ﴾ (يــونس:٥٧)، واتـــە: ئـــەی خەڵکینـــە، بەڕاسـتی ئێـوە ئامۆژگاریـەکی گـەورە و گرنگتـان لـە لایـەن پەروەردگارتانـەوە بـۆ هاتوە ـ کە قورئانە ـ شیفایە بۆ دڵەکانتان، هیدایەت و رەحمەتیشە بۆ ئیمانداران.

پاشان خوای گەورە دیسان دووبارەی دەکاتەوە و دەفـەرمووێ: ﴿ قُلۡ بِفَضۡلِ ٱللَّهِ وَبِرَحۡمَتِهِۦ فَبِذَٰلِكَ فَلۡيَفۡرَحُواْ ﴾ (یونس:٥٨)، واتـە: ئەی پێغەمبـەرﷺ بلـێ: بـە فـەزڵ و ڕەحمەتی خوا کەیف خۆش بن.

زانایـانی سـەلەف چـەند تەفـسیرێکیان بـۆ (الفـضل و الرحمـة) کـردووە، بـەڵام تەفسیری ڕاست لە بارەی (الفضل و الرحمة)ئەوەیـە کـە دەکاتـە (الهـدى و النعمـة) واتــە: هیدایەت و بەخششی خوایە.

کەواتــە: (الفـضل)ی خـوا دەکـات بەرانبـەر هیدایـەتی خـوا، (الرحمـة)ی خـواش دەکات بەرانبەر بەخششی خوایە، هەر بۆیەش هیدایـەت و بەخشـشی خـوا پێکـەوە

هـاتووە، هـەر وەك خـوای گـەورە لـە سـوورەتی (الفاتحـة)دا دەفـــەرمووێ: ﴿ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ۝٦ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ ﴾ (الفاتحـة: ٦)، واتـــە: خـودایـە هیدایـەتی سەر ڕێگای ڕاستمان بدە، ڕێگای ئەو کەسانەی بەخششت لەگەڵدا کردوون.

هەروەها خـوای گـەورە بەخـشـشەکانی خـۆی بـیری پێغەمبەرەکـەی دێنێتـەوە و دەفـــــەرمووێ: ﴿ يَجِدۡكَ يَتِيمٗا فَـَٔاوَىٰ ۝٦ وَوَجَدَكَ ضَآلّٗا فَهَدَىٰ ۝٧ وَوَجَدَكَ عَآئِلٗا فَأَغۡنَىٰ ﴾(الضحى:٦ ـ ٨)، واتـە: ئایا تۆ هەتیو نەبووی پەروەردگارت پەنایدای، ئـەی سەرگەردان نەبووی هیدایەتی دای لە هەژاری دەولەمەندی کردی.

لێرەدا خوای گەورە هیدایەت دانی و بەخشش لەگەڵ کردنـی پێکـەوە لکانـدووە، بەوەی کە پـەنایداوە و دەوڵەمەندی کردووە.

وتەکەی (نوح)یش هەر لەم بارەیەوەیە کە بە گەلەکەی دەفـــەرموو: ﴿ قَالَ يَٰقَوۡمِ أَرَءَيۡتُمۡ إِن كُنتُ عَلَىٰ بَيِّنَةٖ مِّن رَّبِّي وَءَاتَىٰنِي رَحۡمَةٗ مِّنۡ عِندِهِۦ ﴾(هـود:٢٨)، واتـــە: ـ نـوح ـ فەرمووی: ئـەی گەلەکـەم ئەگـەر بێـژم پـەروەردگارم رەحمـەتی بـە مـن داهـاتبێ و نیشانەی ئەوم لەلایە و ئێوە ئاگاتان لێ نیە، چۆن دەبینن؟

(شـعیب)یـش بــە گەلەکــەی دەفـــەرموو: ﴿ أَرَءَيۡتُمۡ إِن كُنتُ عَلَىٰ بَيِّنَةٖ مِّن رَّبِّي وَرَزَقَنِي مِنۡهُ رِزۡقًا حَسَنٗا ﴾(هود: ٨٨)، واتـە: گەلەکەم ئەگەر بێژم بەڵگەیەکی بەهێزم لە پەروەردگارمەوە لەلایە و هەر ئەویشە بژێوی باشی پێداوم، چۆن دەبینن؟

خوای گەورە لە بارەی (خـضر)یـشەوە دەفــەرمووێ: ﴿ فَوَجَدَا عَبۡدٗا مِّنۡ عِبَادِنَآ ءَاتَيۡنَٰهُ رَحۡمَةٗ مِّنۡ عِندِنَا وَعَلَّمۡنَٰهُ مِن لَّدُنَّا عِلۡمٗا ﴾(الكهف: ٦٥)، واتـە: لەوێ بە ندەیـەك لـە بەنـدەکانی ئێمـە ئاشـنا بـوو کـە لـە ڕەحمـەتی تایبـەتی خۆمـان بـەهرەوەرمان کردبوو و زانست و زانیاری تایبەتی خۆمانمان پێ بەخشی بوو.

خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەی فـەرموو: ﴿ إِنَّا فَتَحۡنَا لَكَ فَتۡحٗا مُّبِينٗا ۝١ لِّيَغۡفِرَ لَكَ ٱللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنۢبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ وَيُتِمَّ نِعۡمَتَهُۥ عَلَيۡكَ وَيَهۡدِيَكَ صِرَٰطٗا مُّسۡتَقِيمٗا ۝٢ وَيَنصُرَكَ ٱللَّهُ

﴿نَصۡرًا عَزِيزًا ۝٣﴾ (الفـتح:١ ـــ ٣)، واتـــه: ئـەی پێغەمبــەرﷺ بەڕاســتی ئێمــە سەرکەوتنێکی ئاشکرامان پێبەخشیت، تـاکو خـوا لـە هـەموو گونـاهی ڕابـووردوو و ئایندەشت خۆش بێت و بەخشینەکانی لەسەرت تەواو بکات و بتخاتـە سـەر ڕێگـەی ڕاست و دروست، تاکو سەرکەوتنێکی بەهێزت پێ ببەخشێت.

هــەروەها دەفــەرموێ: ﴿وَأَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَعَلَّمَكَ مَا لَمۡ تَكُن تَعۡلَمُۚ وَكَانَ فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكَ عَظِيمًا﴾ (النـــساء:١١٣)، واتـــــە: ئـــــەی پێغەمبەرﷺ خوای گەورە قورئان و حیکمەتی بۆ دابەزاندوویت و فێری ئەوشتانەی کردوویت کە جاران نەتدەزانی، بەردەوامیش فەزڵی خوا لەسەر تۆ زۆرە.

دەفـەرموێ: ﴿وَلَوۡلَا فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَرَحۡمَتُهُۥ مَا زَكَىٰ مِنكُم مِّنۡ أَحَدٍ أَبَدًا﴾(النـور:٢١)، واتــە: ئەگـەر فـەزڵ و ڕەحمـەتی خـوا نەبایـە لەسـەرتان، ئـەوە هـەرگیز کەسـتان ڕزگاری نەدەبوو و پاك نەدەبۆوە.

جا (الفضل)ی خوا لەم ئایەتەدا هیدایەتی خوایـە، وە (رحمـة)ی خـواش دەکاتـە بەخشش و چاکەی خوا بۆیـان خـوای گـەورە دەفــەرموێ:﴿فَإِمَّا يَأۡتِيَنَّكُم مِّنِّي هُدًى فَمَنِ ٱتَّبَعَ هُدَايَ فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشۡقَىٰ﴾ (طه:١٢٣)، واتـە: ئەگـەر هیدایـەتی مـن بۆ ئێوە هـات، هـەر کەسـێك شـوێنی هیدایـەتی مـن بکـەوێت نـەگومڕا دەبێـت و نـە نارەحەتیش دەبێت.

گـەر خـوای گـەورە هیدایـەت لـە کەسـێك بگرێتـەوە تووشـی گـومڕای دەبێـت، ڕەحمەتیش لە کەسێك بگرێتەوە تووشی نەگبەتی دەبێت.

خـوای گـەورە ئـا ئەمــەی لەســەرەتای ســوورەتی (طـه)دا باسـکردووە کـە دەفـــەرموێ: ﴿طه ۝١ مَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡقُرۡءَانَ لِتَشۡقَىٰٓ ۝٢﴾(طـه:١ ـــ ٢)، واتـــە: ئێمە ئەو قورئانەمان بۆ نازل نەکردووی تاکو تووشی نەگبەتی بیت.

لێرەدا خوای گەورە نازل کردنی قورئان و نەفسی شەقاوەتی پێکەوە لکانـدووە، هەر وەك لە کۆتـایی ئـەوە ڕوون دەکاتـەوە کـە هـەر کەسـێك شـوێنی ئـەم قورئانـە

بکـــەوێت تووشـــی نەگبـــەتی نابێـــت کـــە دەفـــەرمووێ: ﴿فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشْقَىٰ﴾ (طه:١٢٣).

جا هیدایەت و فەزڵ و نیعمەت و ڕەحمەت پێکەو لکاوون لێك جیا نابنـەوە، هـەر وەکو چۆن گومڕای و شـەقاوەت پێکـەوە لکـاوون لێـك جیـا نابنـەوە خـوای گـەورە دەفـەرمووێ: ﴿إِنَّ ٱلْمُجْرِمِينَ فِى ضَلَٰلٍ وَسُعُرٍ﴾(القمر:٤٧)، واتـە: بێگومـان تاوانبـاران لە گومڕای و (سعر) دانە.

(السعر) کـۆی (سـعیر) ئـەو سـزایەیە کـە مـرۆڤ بـە هـۆی شـەقاوەتەوە تووشـی دەبێت.

خوای گـەورە دەفـــەرمووێ: ﴿وَلَقَدْ ذَرَأْنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيرًا مِّنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ ۖ لَهُمْ قُلُوبٌ لَّا يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لَّا يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ ءَاذَانٌ لَّا يَسْمَعُونَ بِهَآ ۚ أُوْلَٰٓئِكَ كَٱلْأَنْعَٰمِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ ۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْغَٰفِلُونَ﴾(الاعـراف:١٧٩)، واتـــە: بێگومـان ئێمـە زۆرێـك لـە جنۆکە و مرۆڤمان بۆ دۆزخ داناوە، ئەوانە دڵیان هەیە کەچی حەقی پێی تێناگـەن ، چاویشیان هەیە کەچی حەقی پێ نابینن، گوێیان هەیە بەڵام حەقی پێ نابیستن، ئا ئەوانە وەکو ئاژەڵ وانە، بەڵکو لە ئاژەڵیش خراپترن، ئەوانە بێ ئاگان لەحەق.

خـوای گـەورە دەربـارەی ئەوانـە دەفـــەرمووێ: ﴿وَقَالُوا۟ لَوْ كُنَّا نَسْمَعُ أَوْ نَعْقِلُ مَا كُنَّا فِىٓ أَصْحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ﴾ (الملك:١٠)، واتـە: ئەوانە لە دۆزەخدا دەڵێن: ئەگەر ئێمـە گوێمـان بگرتایـە و بـیر و هۆشمـان بەرانبـەر بـە حـەق بەکاربهێنابایـە نەدەبووینـە هـاوڕێی دۆزەخ.

هــەروەها خــوای گـــەورە هیدایـــەت و دڵخۆشـــی و ژیـــان و کامـــەرانی پێکـــەوە کۆکردۆتـەوە، گـومڕای و دڵ تـەنگی و ژیـان ناخۆشیشی پێکـەوە کۆکردۆتـەوە کـە دەفـــــەرمووێ: ﴿فَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يَهْدِيَهُۥ يَشْرَحْ صَدْرَهُۥ لِلْإِسْلَٰمِ ۖ وَمَن يُرِدْ أَن يُضِلَّهُۥ يَجْعَلْ صَدْرَهُۥ ضَيِّقًا حَرَجًا﴾ (الانعـام: ١٢٥)، واتـــە: هـەر کەسـێك خـوا حـەز بکـات

هیدایەتی بدات سینەی ئامادە دەکات بۆ ئیسلام، هەر کەسێك خوا بیەوێت گومڕای بکات لەبەرنەشیاوی خۆی دڵی توند دەکات.

هەروەها خوای گەورە هیدایـەت و گەڕانـەوە و پـەشمانی پێکـەوە کۆکردۆتـەوە، گومڕایی و دڵ ڕەقیشی پێکەوە کۆکردۆتەوە کە خـوای گـەورە دەفــەرمووێ: ﴿ٱللَّهُ يَجۡتَبِيٓ إِلَيۡهِ مَن يَشَآءُ وَيَهۡدِيٓ إِلَيۡهِ مَن يُنِيبُ﴾(الشورى:١٣)، واتــە: خـوای گـەورە کەسـانی شایـستە هەڵدەبـژێرێت بـۆ گەیانـدنی ئاینەکـەی، هیدایـەتی کەسـانێکیش دەدات کە بگەڕێنەوە بۆ لای بەرنامەکەی.

خــوای گەورەدەفـــەرمووێ: ﴿فَوَيۡلٞ لِّلۡقَٰسِيَةِ قُلُوبُهُم مِّن ذِكۡرِ ٱللَّهِۚ أُوْلَٰٓئِكَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ﴾ (الزمر:٢٢)، واتـە: هاوار بۆ ئەوکەسانەی کە دڵیان ڕەقە لە ئاستی قورئـان و یادی خوا، ئا ئەوانە لە گومڕایی ئاشکرادان.

هیدایەت و ڕەحمەت، ئـەوەی پەیوەستە بـە وانـەش لـە فـەزڵ و نیعمـەت، هـەر هـەمووی پەیوەسـتە بـە سـیفەتی (العطـاء) بەخشـشی خـواوە، گـومڕایی و سـزا و ئەوەی پەیوەستە بەوانـەوەش، پەیوەسـتە بـە سـیفەتی (المنـع) گرتنـەوەی خـوای گەورە.

خـــوای گـــەورە خـــۆی بەنـــدەکانی هەڵدەســـوورێنێت لـــە نێـــوان ســـیفەتی (العطاء)و(المنع)دا ئەمانەش هەر هەمووی خوای گەورە بـە حیکمـەتی بـێ سنووری خۆی بەڕێوەی دەبات.

زیانەکانی درۆ

ئەی مرۆڤی ژیر خۆت بپارێزە لە درۆ، چونکە درۆ شتەکانت لێ تێک دەدات، کارەکانت لێ ئاڵۆز دەکات، ڕاستەقینەی کارەکانی تۆش لە خەڵکی تێک دەچێت، چونکە درۆزن شتی نەبوو بە هەبوو پیشان دەدات، شتی هەبوو بە نەبوو پیشان دەدات، حەق بە ناحەق پیشان دەدات، ناحەقیش بە حەق پیشان دەدات، خێروچاکە بە شەڕوخراپە پیشان دەدات، شەڕوخراپەش بە خێروچاکە پیشان دەدات، جا بۆیە لە سزای ئەوەدا زانست و کارەکانی لێ دەشێوێن، پاشان بەم شێوەش ئەم شتانە پیشانی ئەو خەڵکە دەدات کە پێی خەڵەتاوە، جا مرۆڤی درۆزن لە بوونی حەق و ڕاستی لادەدات و ڕوو دەکاتە ناحەق و گەندەڵی.

کەواتە: هەر کاتێك بۆچوون و زانستەکەی بە فەساد چوو کە سەرچاوەی هەموو نیاز و کارەکانیەتی، ئەوە فەساد و گەندەڵی سەردەکێشێت بۆ هەموو کارو کردەوەکانی، ئەوکات نەسوود لە زمانی وەردەگیرێت نە لە کارەکانی.

هەر بۆیەش دەگوترێ درۆ سەرچاوەی هەموو کاروکردەوەیەکی خراپە، هەر وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: ((إِنَّ الْكَذِبَ يَهْدِى إِلَى الْفُجُورِ وَإِنَّ الْفُجُورَ يَهْدِى إِلَى النَّارِ))[1]، واتە: درۆ سەردەکێشێت بۆ خراپەکاری، خراپەکاریش سەردەکێشێت بۆ ئاگری دۆزەخ.

دروستبوونی درۆ سەرەتا لە دەروونەوە سەرهەڵدەدات و هەڵدەقوڵێت بۆ زمان، ئینجا بە زمان درۆیەکە دەسەلمێنێت، پاشان لە زمانەوە سەردەکێشێت بۆ ئەندامەکانی لاشەی، ئەوکات کاروکردەوەکانی بە فەساد دەبات هەر وەك چۆن

(١) صحيح: رواه البخاری (١٠/٤٢٢)، ومسلم (٢٦٠٧)، و ابو داود (٤٩٨٩)، والترمذی (١٩٧٢)، و احمد فی المسند (١/٣٨٤و٤٣٢)،

زمانی بە فەساد برد، تا وای لێدێت درۆ هەموو ژیان و کاروکردەوە و گوفتاری دەگرێتەوە، ئەو مرۆڤە وای لێدێت فەساد و گەندەڵی باڵی بەسەردا دەکێشێت و بەرەو فەوتانی دەبات، ئەگەر خوای گەورە فریای نەکەوێت ئەو مرۆڤەش بە دەرمانی ڕاستگۆیی چارەسەری خۆی نەکات.

ئەوەش بزانە ڕاستگۆیی سەرچاوەی زۆربەی زۆری نەخۆشیەکانی دڵـــە، وەك لە ڕیبا و لە خۆبایی بوون و خۆبەگەورەزانی و شارەدنەوەی حەق و بێ توانایی و لاوازی و ترس و بێ نرخی و چەندین شتی تریش کە لە درۆیدا هەڵدەقوڵێن.

بەڵێ: هەموو کردەوەیەکی چاکی مرۆڤ لـــە ڕاستگۆییەوە هەڵدەقوڵێت، هەموو کردەوەیەکی خراپی مرۆڤیش لـە درۆوە هەڵدەقوڵێت.

خوای گەورە سزای درۆزن بەوە دەدات کە وێڵی دەکات لە چاکەکانی، پاداشتی ڕاستگۆش بەوە دەداتەوە کە سەرکەوتووی دەکات بۆ کاری چاکە لـە دنیا و قیامەت.

هیچ شتێك نیە وەکو ڕاستگۆی سوود بەخش بێت بۆ دنیا و دواڕۆژی مرۆڤ، هیچ شتێکیش نیە وەکو درۆ زەرەرمەند بێت بۆ دنیاو دواڕۆژی مرۆڤ خوای گەورە دەفـــــــــەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَكُونُواْ مَعَ ٱلصَّٰدِقِينَ﴾ (التوبة:١١٩)، واتـە: ئەی ئەو کەسانەی ئیمانتان هێناوە لە خوابترسن و تەقوای خوا بکەن و لەگەڵ ڕاستگۆیان دابن.

هـەروەها دەفـــەرموێ: ﴿هَٰذَا يَوْمُ يَنفَعُ ٱلصَّٰدِقِينَ صِدْقُهُمْ﴾(المائـدة:١١٩)، واتـــە: ئەمە ڕۆژێکە کە ڕاستگۆیان ڕاستیەکەیان سوودیان پێ دەگەیەنێت.

خـوای گەورە لـە ئایـەتێکی تـر دەفـــەرموێ: ﴿فَإِذَا عَزَمَ ٱلْأَمْرُ فَلَوْ صَدَقُواْ ٱللَّهَ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ﴾(محمد:٢١)، واتـە: کاتی کار گەیشتە قایمی ئەگەر لەگەڵ خـوادا راستگۆ بوانایا، ئەوە چاکتر بوو بۆیان.

هـەروەها دەفـــەرموێ: ﴿وَجَآءَ ٱلْمُعَذِّرُونَ مِنَ ٱلْأَعْرَابِ لِيُؤْذَنَ لَهُمْ وَقَعَدَ ٱلَّذِينَ كَذَبُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ ۚ سَيُصِيبُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾(التوبـة:٩٠)، واتـــە:

پاکانەکاران لە بیابانی نیشتمانی عـەرەب هاتنـە خزمـەت پێغەمبـەرﷺ بـۆ ئـەوەی مۆڵەتیان بدرێت کە نەچن بۆ جیهاد، هـەروەها بەوانـەش کـە درۆیـان لەگـەڵ خـوا و پێغەمبەردا دەکرد دانیشتن و بەشداری غەزاکەیان نەکرد، ئەوانەی کەبێ بـاوەڕبوون لەناو ئەوانەی لە ئایندەدا سزایەکی پر ئێش و ئازاریان تووش دەبێت.

چەند نهێنی کە ئەم ئایەتە لە خۆی گرتووە: (وَعَسَىٰٓ أَن تَكۡرَهُواْ...)

لــەم ئایەتــەدا ﴿وَعَسَىٰٓ أَن تَكۡرَهُواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۖ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ شَرّٞ لَّكُمۡۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ وَأَنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ﴾(البقــرة:٢١٦)، واتــــە: لەوانەیــە ئێــوە شتێکتان پێ ناخۆش بێت کەچی خێری تیابێت بۆتان، یان شتێکتان پێ خۆش بێت کەچی شەڕی تیابێت بۆتان، بێگومان هەر خوا خۆی دەزانێت خێر لەچی دایە ئێوە نازانن.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا چەند سوود و نهێنی و حیکمەتی تیایە بۆ بەندە، جا ئەگەر بەندە زانی ناخۆشی خۆشی بەدوای خۆی دادێنێت، خۆشیش ناخۆشی بەدوای خۆی دادێت، ئەوکات بێ ئومێد نەدەبوو کە کامەرانی بۆ بێت لە تەنیشت نەهامەتیەوە لەبەر نەزانینی چارەنووسی کارەکانی، چونکە ئەوەی خوا دەیزانێت بەندە نایزانێت ئەوە چەند شتێك بۆ بەندە فەراهەم دێت:

- گوێڕایەڵی کردنی فەرمانەکانی خوا چاکترین شتە کە سوودی پێ بگەیەنێت، ئەگەرچی لەسەرەتادا ئەنجامدانی لەسەری گران بێت نەفسیش پێی ناخۆش بێت، چونکە دوای هەموو فەرمان پێکراوەکان خێر و کامەرانی و لەزەت و شادمانیە.

بەهەمان شێوەش ئەنجامدانی قەدەغەکراوەکان لە هەموو شتێك زیاتر زیانی بۆی هەیە، ئەگەرچی نەفسیش بۆی بچێت و پێی خۆش بێت، چونکە دوای هەموو قەدەغەکراوەکان ئێش و ئازار و خەفەت و شەڕ و نەهامەتی بەدواوەیە.

مرۆڤی عاقڵیش ئەوەیە کە ئارام بگرێت لەسەر ئێش و ئازارێکی کەم کە لەزەت و خێر و خۆشیەکی زۆری بەدواوە دێت، خۆی دەپارێزێت لە تام و چێژێکی کەم کە ناخۆشی و ئێش و ئازارێکی زۆری بەدواوە دێت.

بەڵام مرۆڤی نەفام و نەزان سەیری چارەنووسی کارەکانی ناکات، تـەنها مرۆڤـی عاقل و ژیر بەردەوام سەیری چارەنووسی کارەکانی دەکات، بە جۆرێـك کـە لـەدوای ئەم کارانەیەوە چارەنووسی چاکە و خراپە بەدی دەکات.

چونکە مرۆڤی ژیر قەدەغەکراوەکان وەك خواردنێکی خۆش و بەلەزەت دەبینێـت کە ژەهری کوشندەی تێکەڵ کرابێت، بۆیە هـەر کاتێـك دەیـەوێت دەسـتی بـۆ درێـژ بکات کە ژەهرەکە دەبینێـت دەسـتی دەکـشێنێتەوە، فـەرمان پێکراوەکـانیش وەك دەرمانێکی تام ناخۆش دەبینێت کە پێی چاك دەبێتەوە، بۆیە هەر کاتێك لەبەر تام ناخۆشی دەیەوێت نەیخوات ئەوە سوودی چاك بوونەوەکەی بـیر دەکەوێتـەوە بۆیـە تاڵیەکەی بیر دەچێت.

بەڵام ئەمە پێویستی بەوە هەیە کە بزانێت چارەنووسی کارەکان چیە، پێویستی بە ئارامی هەیە کە نەفسی خۆی جێگیر بکات لەسەر تەنگ و چـەڵەمەکانی گەیـشتن بە ئامانجی، چونکە ئەگەر یەقین و ئـارامی لەدەسـتدا ئـەوە کارەکـەی لـێ ئاسـتەم دەبێت، بەڵام ئەگەر یەقین و ئارامی بەهێز بـوو ئـەوە تـەنگ و چـەڵەمەکانی لەسـەر ئاسان دەبێت و لە پێناوی خێر و لەزەتێکی بەردەوام ئارامی لەسەر دەگرێت.

◈ لە نهێنیەکانی ئەو ئایەتە ئەوەیە کەوا دەخوازێت مرۆڤ کارەکانی بـسپێرێتە ئەو خوایەی کە چارەنووسـی هـەموو شـتێك دەزانێـت، ڕازی بێـت بـەو کارانـەی کـە خودا بۆی هەڵدەبژێرێت و بڕیاری بەسەردادەدات.

◈ لە نهێنیەکانی ئەو ئایەتە ئەوەیە ئەو مرۆڤە داوا لە خوا ناکات شتێکی بدات کـە زانـستی پێـی نـەبێت، چـونکە لەوانەیـە ئـەو شـتەی ئـەو داوای دەکـات زیـان و زەرەری پێوەیە بۆی بەڵام ئەو پێی نازانێت، جا بۆیـە هـیچ شـتێك لەسـەر خـوا داوا ناکات و هەڵنابژێرێت، بەڵکو داوای ئەوە لە خوا دەکات چاکەی بۆ بێنێتە ڕێ، بـەوە ڕازی دەبێت کە خوا بۆی هەڵدەبـژێرێت، دەزانێـت خـوا بـۆی دیـاری کـردووە ئـەوە چاکترین شتە بۆ ئەو.

◈ لـە نهێنیـەکانی ئـەو ئایەتـە ئەوەیـە ئەگـەر بەنـدە کارەکـانی سـپاردە پـەروەردگاری و ڕازی بـوو بـەوەی کـە خـوا بـۆی هەڵبـژاردووە، ئـەوکات خـودا لـەو شتەی بۆی هەڵبژاردووە هێـز و عەزیمـەت و ئـارامی پـێ دەبەخـشێ، نەهامـەتی لـێ لادەبات، ئەو نەهامەتیەی کە تووشی ئەو کەسانە دێت کـە خۆیـان کـار بـۆ خۆیـان هەڵدەبژێرن.

◈ لە نهێنیەکانی ئەو ئایەتە ئەوەیە ئیسراحەت دەکات لەو خەیاڵاتانەی کە لـە بواری هەڵبژاردنی کارەکانیەوە ماندووی کردووە، دڵی چۆڵ دەبێت لەو بیر کردنەوە و هێنـان و بردنـەوەی کـە تووشـی تـەنگ و چـەڵەمەی کـردووە، لەگـەڵ ئەوەشـدا ناتوانێت لەوە دەربچێت کە خوا بۆی دیاری کردووە، جا ئەگـەر هـاتوو مـرۆڤ کاتێـك قەدەری خوا دەیگـاتێ بـە بـەش و قـەدەری خـوا ڕازی بێـت ئـەوە شـتێکی چـاك و سوپاسکراوی کردووە بۆیە شیاوی بەزەی پیا هاتنەوەی خوایە، بەڵام ئەگەر هـاتوو قەدەری خوا بەسەری داهات ئەویش بە بـەش و قـەدەری خـوا ڕازی نـەبوو، لەگـەڵ ئەوەشدا قەدەری خوا هەر بەسەریدا هاتووە، ئەوە شتێکی خـراپ و لۆمـە لێکـراوی کردوو بۆیە شیاوی بەزەی پیا هاتنـەوەی خـوا نیـە، جـا هـەرکاتێك مـرۆڤ بەڕاسـتی کارەکانی بسپێرێتە خوا و بە فەرمانی خوا ڕازی بێـت خـودا لـە تەقـدیر کراوەکانـدا یارمـەتی دەدا و بـەزەی پێـدا دێتـەوە و لوتفیـشی پـێ دەکـات، بەنـدە لـە نێـوان بـەزەیی و لـوتفی خـودا دەبێـت، بـە زەیـی خـودا دەیپارێزێـت لـەوەی ئاگـاداری کردۆتەوە، لوتفی خوداش ئەوەی لەسەری تەقدیر کردووە بۆی ئاسان دەکات.

نەفسی خۆت بناسی خواش دەناسی

مرۆڤ سوود لە نیعمەتی خوا و لە ئیمان و زانست وەرناگرێت ئەگەر نەفسی خۆی بە چاکی نەناسێت، بە جۆرێك كە لە شوێنی خۆی بەكاری بهێنێت و لە سنوور تێنەپەڕێنێت، كارەكان بە هی خۆی نەزانێت، بڕوایەكی پتەوی هەبێت كە هی خوایەو لە خواوەیە و بە خواوەیە، كە خودایە منەتی لەسەر بەندەكەی كردووە بەبێ هیچ بەرانبەرێك.

جا مرۆڤ ئەو نیعمەتە ملكەچی دەكات كەوا دەبینێت هەرگیز نەفسی خۆی هیچی لە دەست نایەت، ئەو خێر و چاكەی تووشی هاتووە مولكی خوایە و بە خواوەیە و لە خواوەیە، ئەوكات ئەم بەخششە وا ملكەچی دەكات كە تەعبیر ناكرێت، هەر كاتێك بەخششەكەی بەسەردا تازەبێتەوە ئەوە ملكەچ و خشوع و خۆشەویستی و ترس و ڕەجای بۆ خوا زیاتر دەبێت.

ئەمەش بەروبوومی ئەو دوو زانستە بە نرخەیە:

یەكەم: زانست و زانیاری بە پەروەردگاری هەبێت،بزانێت وشارەزابێت لەكاملی و چاكە و دەوڵەمەندی و بەخشندەی و باشی و ڕەحمەتی خوا، یەقینی وابێت هەموو خێر و چاكەیەك تەنها لە دەست خودا دایە، خودا مولك و سامانی خۆیەتی بە هەر كەسێك حەز بكات دەیبەخشێ، هەر كەسێكیش حەز نەكات نایبەخشێ، لەسەر ئەوەشدا سوپاسی دەوێت، بەڕاستی ئەوە شیاوی سوپاس و ستایشی ڕاستەقینەیە.

دووەم: زانست و زانیاری مرۆڤ بە نەفسی خۆی، مرۆڤ بزانێت نەفسی كەمتەرخەمە و ستەمكارە و نەفامە، بزانێت هیچ خێرێك لە نەفسیدا نیە و پێوەی نیە و لێوەی نیە، بزانێت كە نەفسی هیچی لە دەست نایەت، بەڵكو هەرچی خێر و بێرێك هەیە هەمووی لە خواوەیە هیچ باڵادەستی نەفسی تیا نیە.

جا هەرکاتێك ئەم دوو زانستە ڕەنگی دایەوە لەسەر دڵی مرۆڤدا نەك تەنها لەسەر زمـانی ئـەوکات دەزانێـت کـە سـوپاس و سـتایش هـەر هـەمووی شایـستەی خـوای گەورەیە، بڕیار و خێر و چاکە هـەمووی لـە دەسـت خـوا دایـە، هـەر خـواش شـیاوە سوپاس و ستایش و مـەدح بکرێـت، نەفسیـشی شـیاوی ئەوەیـە سـەرکۆنە و زەم و تۆمەتبار بکرێت.

کەواتـە: هەر کەسێك ئەم دوو زانستەی نەبێت کار و گوفتـار و گـوزەرانی لا تێـك دەچێت و ئالۆزدەبێت کە وای لێدێت ڕێگای ڕاستەقینەی گەیشتن بـە خـوای لێ وون دەبێت، چونکە مرۆڤ بەزانین و کارپێکردنی ئەم دوو زانستە بە خوا دەگات، هەر بـە نەبوونی ئەم دووانەش ڕێگای لێ وون دەبێت.

ئا ئەوە مانای ئەو ووتەیە کە دەڵـێن: (مـن عـرف نفسە عـرف ربـە) واتــە: هـەر کەسێك نەفس و دەروونی خۆی بناسێت، ئەوە پەروەردگاریش دەناسێت.

چونکە کەسێك نەفسی خۆی بناسێت و بزانێت نەفام و ستەمکار و کـەم و کـوڕی هەیـە و ئاتاجـە و هـەژارە و ملکـەچ و دامـاوە و هیـچی لـە دەسـت نایـەت، ئـەوکات پەروەردگاری بـە پێـچەوانەی ئەوانـە دەناسـێت و سـەنگی مەحـەکی نەفـسی خـۆی دەگرێت، سوپاس و ستایشی پەروەردگاری دەکات هـەموو خۆشەویـستی و تـرس و ئومێد و گەڕانەوە و تەوەکولی تەنها بـۆ خـوا دەبێـت، کـە خـوای لـە هـەموو شـتێك خۆشتر دەوێت و ترسی خوای لە هەموو شتێك زیاتر دەبێت و ئومێدی تەنها بە خـوا دەبێت، ئا ئەوە بەندایەتی ڕاستەقینەیە.

دەگێڕنەوە کە هێندێ لە (حکماء)کان لەسەر دەرگـای خانوەکەیانـدا نووسـیوە: (إنە لن ینتفع بحکمتنا إلا من عرف نفسە و وقـف بهـا عنـد قـدرها، فمـن کـان کذلك فلیدخل و إلا فلیرجع حتی یکون بهذه الصفة).

واتـە: کەس سوود لە حیکمەتی ئێمە وەرناگرێت، مەگـەر ئـەو کەسـە نـەبێت کـە نەفس و دەروونی خۆی ناسیوە و سەنگی مەحەکیشی گرتووە، جا هەر کەسێك بەم شێوەیە بوو کە باسمان کرد بابێتە ژوورەوە، ئەگەر نا با بگەڕێتەوە تاکو خۆی بەم شێوە لێدەکات ئینجا بێتەوە.

زیانەکانی گوناح و ئارەزووات

ئارامگرتن لەسەر ئارەزووات زۆر ئاسانترە لە ئارامگرتن لەسەر ئەو ئازارانەی ئارەزووات تووشی مرۆڤی دەکات.

چونکە ئارەزووات یان ئەوەتا مرۆڤ تووشی ئێش و ئازار دەکات.. یان بە ئەنجامدانی ئەو ئارەزوواتەوە خۆشیەکی تری لە دەست دەچێت کە زۆر چاکترە لە ئارەزووەکەی.. یان کاتی بە فیڕۆ دەچێت کە پەشیمانی بە دوادا دێت.. یان گوناهەکە ناوی دەزڕێنێ و ئابڕووی دەبات.. یان ماڵ و سامانی لە پێناودا سەرف دەکات کە مانەوەی زۆر چاکترە بۆی لە نەمانی.. یان ڕێز و شکۆی خۆی لە دەست دەدا کە مابایی زۆر چاکتر بوو بۆی.. یان نیعمەتی لە چەنگ دەچێت کە مانەوەی نیعمەتەکە زۆر چاکتر و بە لەزەتتر بوو لە گوناهەکە ئەگەر مابا.. یان سەرگەردان و وێڵ دەبێت کە پێشتر ڕێگای وای تووش نەهاتووە.. یان تووشی غەم و خەفەت و نیگەرانی و ترس دەبێت کە گوناهەکە زۆر زۆر کەمە لە چاویدا.. یان زانیاری و زانستی لە بیر دەچێتەوە کە مانەوەی زۆر چاکتر بوو لە ئەنجامدانی گوناه.. یان دووژمنی پێ خۆش دەبێ و دۆستانی پێ دڵ گران دەبێت.. یان ئەنجامدانی گوناح ڕێگرە لەو بەخشش و نیعمەتەی وا دێت.. یان تێکەڵ دەبێت لەگەڵ ڕەوشتیدا کە لاچوونی ئاستەمە.. چونکە کار و کردەوە دەبێت بە سیفات و ئەخلاق.

لە هەموو شتێك ناوەڕاست بگرە

هەموو ئاکار و ڕەوشتێك سنووری خۆی هەیە هەر کاتێك لەو سنوورە تێپەڕی دەبێت بە خراپەکاری، هەر کاتێکیش نەگەیشتە سنووری خۆی ئەوە کەم و کوڕی تیایە.

الغضب: تووڕەیی، سنووری خۆی هەیە کە جوامێری و ئازایەتیە کە خۆی لە خۆیدا ڕەوشتێکی چاکە، بەڵام هەرکاتێك توڕەیی لە شوێنی خۆی بەکارنەهێنرا و لەم سنوورە تێپەڕی، خاوەنەکەی دەبێت بە ستەمکار، ئەگەر لە سنووری خۆشی کەمتر بێت دەبێت بە ترسنۆکی.

الحرص: سووربوون لەسەر شت، سنووری خۆی هەیە کە سوود وەرگرتنە لە دنیا بە پێی پێویست، بەڵام هەرکاتێك لەم سنوورە کەمتر بوو دەبێت بە فیڕۆدان، ئەگەر لە سنورەکەی خۆشی تێپەڕی دەبێتە ڕووکردنە دنیا کە کارێکی چاك نیە.

الحسد: ئێرەیی، سنووری خۆی هەیە کە پێشبڕکێ کردنە بۆ کامل بوون، بەڵام هەر کاتێك لەم سنوورە تێپەڕی دەبێتە ستەم و خراپەکاری کە مرۆڤ لەگەڵ پیشبڕکێکەی ئومێدی ئەوە دەکات ئەو نیعمەتە لە خاوەنەکەی بسێنێت بۆ خۆی ئەگەر بە ئازاردانیشی بێت، هەر کاتێکیش لە سنوورەکە خۆشی کەمتر بوو دەبێتە بێ هیمەتی و لاوازی نەفس، پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێ: ((لا حَسَدَ إلاّ فِى اثْنَتَيْنِ رَجُلٌ آتَاهُ اللّهُ مَالاً فَسَلَّطَهُ عَلَى هَلَكَتِهِ فِى الْحَقِّ ، وَرَجُلٌ آتَاهُ اللّهُ الحِكْمَةَ فَهُوَ يَقْضِى بِهَا وَيُعَلِّمُهَا النَاس))[1] . واتە: حەسوودی دروست نیە تەنها لە دوو شتدا نەبێت: حەسوودی بە پیاوێك ببرێت کە خوا ماڵ و سامانی پێ بەخشیوە ئەویش لە کاری

---

(١) صحيح: رواه البخاری (١/١٥٣)، ومسلم (٨١٦)، و احمد فی المسند (١/٣٨٥و٤٣٢)، وابن ماجه (٤٢٠٨).

خێر و چاکەدا سەرفی دەکات، پیاوێکیش خوا حیکمەت و زانستی پێ بەخشیوە ئەویش کاری پێدەکا و خەڵکیشی لێ فێر دەکات.

ئا ئەمە حەسوودی پێشبڕکێی پێ دەگووترێ کە مرۆڤ هەوڵ دەدات پێش بکەوێت لە کاری چاکە، نەوەك حەسوودی ببات کە ئەو نیعمەتە لەو کابرایە بسەندرێتەوە بدرێت بەو.

الشهوة: حەز و ئارەزووات، سنووری خۆی هەیە کە بە ئەنجامدانی ئارامی و ڕەحەتی بە دڵ و عەقڵ دەبەخشێ و یارمەتی دەدات لەسەر بەندایەتی و بەهرەکان، بەڵام هەر کاتێك لەم سنوورە تێپەڕی دەبێت بە چلێسی و هەرگیز تێر نابێت و خاوەنەکەی دەباتە پلەی ئاژەڵ، هەر کاتێکیش لە سنوورەکەی خۆشی کەمتر بوو دەبێت بەبێ هێزی و لاوازی و کەمتەرخەمی.

الراحـــة: حەسانە و ڕەحـــەتی، سنووری خۆی هەیە، کە حەسانەوەی دڵ و دەروون و هیزرە بۆ بە دەستهێنانی هێزی بەندایەتی خوا و کاری چاك بە جۆرێك کە بێ هێز و ماندوو نەبێت لە کاتی ئەنجامدانی، بەڵام هەر کاتێك لەم سنوورە تێپەڕی دەبێت بە تەمەڵی و کات بە فیڕۆدان کە مرۆڤ زۆربەی بەهرەکانی لە دەست دەچێت، هەرکاتێکیش لە سنووری خۆی کەمتر بوو ئەوە زیان بە هێزی بەرهەم هێنن دەگەیەنێت.

الجود: بەخشندەیی، سنووری خۆی هەیە کە خۆی لە خۆیدا شتێکی زۆر باشە، بەڵام هەر کاتێك لەم سنوورە تێپەڕی دەبێت بە دەست بڵاوی و بەفیڕۆدان، هەر کاتێکیش لە سنووری خۆی کەمتر بوو دەبێت بە ڕەزیلی و پیسکەیی.

الشجاعة: جوامێری و ئازایەتی، سنووری خۆی هەیە کە خۆی لە خۆیدا سیفەتێکی باشە، بەڵام هەر کاتێك لەم سنوورە تێپەڕی ئازایەتیەکەی هەرەس دێنێت، هەر کاتێکیش لە سنووریخۆی کەمتر بوو دەبێت بە ترسنۆکی.

جا سنووری جوامێری و ئازایەتی ئەوەیە بڕوا بۆ ئەو شوێنانەی کە شیاوە بۆی بڕوا، نەڕوات بۆ ئەو شوێنانەش کە شیاوی ڕۆیشتن نیە، هەر وەك (معاوية)بە

(عمرو)ی کوڕی (العـاص)ی دەگـووت: سـەرم لـە تـۆ سـووڕماوە نـازانم ئازایـت یـان ترسنۆکیت؟! چونکە هێندێ جار دەتبینم پێش دەکەوی دەڵـێم: ئـازاترین کەسـی، جاری واش هەیە دەکشێیەوە دەڵێم: ترسنۆکترین کەسی..

جا (عمرو)ی کوڕی (العاص) لە وەڵامدا ووتی:

شجاع إذا أمكنتني فرصة فإن لم تكن لي فرصة فجبان.

واتـە: ئەگەر هەڵم بۆ ڕێك کەوێت ئەوە ئازام، بەڵام ئەگەر هەڵم بۆ ڕێك نەکـەوێت ئەوە ترسنۆکم.

الغيرة: غـيرەت بـوون لەسـەر شـت، سـنووری خـۆی هەیـە ئەگـەر لـەم سـنوورە تێپەڕێت دەبێت بە بوختان و گومانی خراپ بردن بە کەسێکی بێ تـاوان، ئەگـەر لـە سنووری خۆشی کەمتەرخەمی بکرێت دەبێت بە گوێنەدانە ڕەوشت وبێ ئـابڕوویی و دەیوسی کردن.

التواضـع: خۆبەگەورە نەزانین، سنووری خۆی هەیە کە سیفەتێکی باشـە، بـەڵام لە سـنووری خـۆی تێپـەڕی دەبێـت بـە زەلیلـی و سـەر شـۆڕی، هـەر کـاتێکیش لـە سنووری خۆی کەمتر بوو دەبێت بە خۆ بە گەورەزانی و خۆ هەڵکێشان.

العـز: عیـزەت، سـنووری خـۆی هەیـە، هـەر کـاتێـك لـە سـنووری خـۆی تێپـەڕی دەبێت بە خۆبەگەورەزانی کە ڕەوشتێکی خراپ و لۆمە لێکراوە، ئەگـەر لـە سـنووری خۆشی کەمتر بێت دەبێتە زەلیلی و سەر شۆڕی.

جا وا چاکە مرۆڤ لەمانەدا دەسـت بگرێـت بـە ڕێگـای ناوەڕاسـت نـە لـە ئەنـدازە بـەدەر دەرچێت نـە کەمتەرخەمیـشی تیابکـات، چـونکە ڕێگـای ناوەڕاسـت سـوود بەخشە بۆ بەهرەوەربوون لە دنیا و لە دواڕۆژ، بـەڵکو تـەنها بـەم ڕێگایـە سـوود بـە جەستە دەگات، بەڵام هەر کاتێك لەم ڕێگایە لابدا جا زیـادە ڕەوی تیـادا بکـات یـان کەمتەرخەمی تیا بکات، ئەوە هێـز و لـەش سـاغی لـە دەسـت دەدات بـە ئەنـدازەی هەڵەکانی.

بە هەمان شێوەش کارە سروشتیەکانیش وەکو: خەو و شـەونخونی و خـواردن و خواردنەوە و جیماع و جوولــە و وەرزش و تێکەڵ نەبوونی خەڵکی و تێکـەڵ بـوونی

خەڵکی و چەندین شتی تری لەم شێوش.. ئەگەر لەسەر ڕێگایەکی ناوەڕاست بوو نە لە ئەندازەبەدەر بوو نە کەمتەرخەمیشی تیا کرابوو ئەوە سوود بەخشە و باشە، بەڵام ئەگەر لایدا بۆ لایەکیان ئەوە مرۆڤەکە تووشی زیان دەبێت.

بۆیە پیرۆزترین و بەسوودترین زانست، شارەزابوون و زانیاریە بە سنوورەکان، بە تایبەت سنوورە شەرعیەکان ئەوانەی فەرمانی پێکراوە و ئەوانەی کە قەدەغەکراون.

کەواتە: زاناترین کەس ئەو کەسەیە کە زانیاری بەم سنوورانە هەبێت، چونکە نەشتێك زیاد ئەنجام دەدات لە سنوور دەرچێت، شتێکیش ئەنجام نادات لەسنووری شەرعی نەهاتبێت خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿ ٱلْأَعْرَابُ أَشَدُّ كُفْرًا وَنِفَاقًا وَأَجْدَرُ أَلَّا يَعْلَمُوا۟ حُدُودَ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴾ (التوبـــة:٩٧)، واتە: عەرەبە دەشتەکیەکان زۆر دڵ ڕەقترن لە بارەی کوفر و دووڕوییەوە، شایستەترن ئەو سنوورانە نەزانن کە خوا ناردوویەتیە خوارەوە بۆ سەر پێغەمبەرەکەی.

بە دڵی پڕ لە تەقوا دەگەی بە ڕەزامەندی خودا

مرۆڤ بە هیمەت و بە دڵی پڕ لە تـەقوا دەتوانێت ڕێگا بـەرەو ڕەزامەنـدی خـودا ببڕێت نە بە لاشەی، لە ڕاستیدا تەقوا پەیوەستە بە دڵـــەوە نـەك بـە ئەندامـەكانی لاشـەوە هـەر وەك خـوای گـەورە دەفــەرمووێ: ﴿وَمَن يُعَظِّمْ شَعَـٰٓئِرَ ٱللَّهِ فَإِنَّهَا مِن تَقْوَى ٱلْقُلُوبِ﴾ (الحج:٣٢). واتـە: ئەوەی ڕێز دادەنێت بۆ دروشمـەكانی خـودا، بـە ڕاستی ئەوە نیشانەی تەقوا و لە خواترسانی دڵەكانیانە.

هــەروەها دەفــەرمووێ: ﴿لَن يَنَالَ ٱللَّهَ لُحُومُهَا وَلَا دِمَآؤُهَا وَلَـٰكِن يَنَالُهُ ٱلتَّقْوَىٰ مِنكُمْ﴾ (الحج:٣٧)، واتـە: دڵنیابن گۆشت و خوێنەكەی بەخوا ناگات، بەڵكو تـەقواو پارێزگاری ئێوە بەخوا دەگات.

پێغەمبەریش ﷺ دەفــەرمووێ: ((التقـوی هـا هنـا، وأشـار الی صـدره))[(١)]، واتــە: تەقوا و خواناسی لێرەدایە، ئاماژەی بۆ سنگی كــرد.

كەواتــە: مرۆڤـی ژیـر ڕێگـای بـەرەو خـوا چـوون بـە عەزیمـەت و وورەی بـەرز و نیەتێكی ساف و كاروكردەوەیەكی كەم دەبڕێـت، زۆر چـاكتریش ڕێگـا دەبڕێـت لـەو كەسـەی كـە ئەمانـەی نیـە لەگـەڵ ئەوەشـدا زۆر مانـدوو دەبێـت و گەشـتەكەی لێ ئاستەم دەبێت، چونكە عەزیمەت و حەزكردن لە شتێك تـەنگ و چـەڵەمەی گەیشتن بە ئامانج لەسەر مرۆڤ سووك دەكا و گەشتەكەی بۆ ئاسان دەكات، چـونكە كەوتنـە ڕێ بەرە و ڕەزامەندی خودا بە هیمەت و حەز و ترسێكی ڕاسـتگۆیانە دەبێـت، هـەر بۆیەش ئەو كەسەی هیمەتی بەرزە بە ئارامەوە زۆر زیاتر پێشدەكەوێت لەو كەسەی

---

(١) صحیح: رواه مسلم (٢٥٦٤)، والترمذی (١٩٢٨)، و احمد فی المسند (٢/٢٧٧و٣٦٠).

کە کارێکی زۆر دەکات کەچی ئەوەی نیە، ئەگەر لە هیمەتیشدا یەکسان بوو بەکار پێشی دەکەوێ.

چاکترین ڕێگرتنەبەریش بەرەو ڕەزامەندی خودا ئەو ڕێگایەیە کە پێغەمبەرﷺ گرتبوویە بەر، ڕێگایەکی گرتبوو بێ کەم و کوڕی، لەگەڵ ئەوەی خوای گەورە لە هەموو هەڵەیەکی پێش و پاشیشی خۆش ببوو ئینجا ئەوەندە نوێژی دەکرد تاکو پایەکانی دەئاوسا، ئەوەندە ڕۆژووی دەگرت تا خەڵکی وایان دەزانی ڕۆژو ناشکێنێت، لە پێناوی خودا دەجەنگێ، تێکەڵی هاوەڵانی دەبوو خۆی لێ بە دوور نەدەگرتن، یەك لەو سوونەت و ویردانەی جێ نەدەهێشت کە مرۆڤ ناتوانێت بە هەمووی هەڵسێ.

خوای گەورە فەرمانی بە بەندەکانی کردووە بە ڕووالەتیان هەڵسن بە دروشمەکانی ئیسلام، ڕاستەقینەی ئیمانیش لە دڵ و دەروونیاندا بسەپێنن، لە (المسند)دا هاتووە پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێ: ((الإسلام علانية و الأيمان في القلب))[(١)]، واتە: دروشمەکانی ئیسلام بە ڕواڵەتە، بەڵام ئیمان لە ناو دڵدایە.

هەر ئیسلامەتیەکی بە ڕواڵەت ئەگەر خاوەنەکەی بەرەو ئیمانێکی دەروونی ڕاستەقینە نەبات ئەوە هیچ سوودی نیە هەتا ئەو کاتەی ئیمانی دڵی لەگەڵدا نەبێت، هەر ئیمانێکیش ئەگەر خاوەنەکەی هەڵنەستێت بە ئەنجامدانی دروشمەکانی ئیسلام بە ڕواڵەت ئەوە هیچ سوودی نیە ئەگەرچی ئیمانەکەشی هەبێت.

کەوابوو: ئەگەر هاتوو دڵێك هەڵقرچا بە خۆشەویستی و ترسی خوا، بەڵام بە ڕواڵەت هەڵنەستا بە ئەنجامدانی دروشمەکانی شەرعی خودا، ئەوە ڕزگاری نابێت

---

(١) رواه احمد فى ((المسند)) (٣/١٣٥ ـ ١٣٦)، قال الهيثمى فى ((مجمع الزوائد)) (١/٥٢) رواه احمد وابو يعلى بتمامه، والبزار باختصار، ورجاله رجال الصحيح ما خلا على بن مسعدة، وقد وثقه ابن حبان وابو داود الطياليسى وابو حاتم وابن معين، وضعفه اخرون.

لە دۆزەخ، بەهەمان شێوەش ئەگەر بە ڕواڵـەت هەڵسا بە ئەنجامـدانی دروشمـەکانی ئیسلام بەڵام ئیمانی ڕاستەقینەی لە دڵدا نەبوو ئەوە بەمە ڕزگاری نابێت لە دۆزەخ.

جا ئەگەر ئەوە زانرا، کەواتە ئەوانەی ڕێ دەگرنە بەر بـەرەو ڕەزامەنـدی خـودا و بە چەنگ هێنانی دوا ڕۆژ ئەوە دوو بەشن:

یەکەم: ئەوانەن کە ئەو کاتانەی لێیان زیاد دەبێت دوای ئەنجامـدانی فـەڕزەکان بە پەرستشی لاشەیی پـڕی دەکەنـەوە و خۆیـانی پـێ ماندوو دەکـەن، سوور نـابن لەسـەر بـە چـەنگ هێنـانی توێـشووی ڕووحـی و ئیمـانی بـۆ دڵـەکانیان، وەنـەبێت بنچینەی ئیمانی ڕاستەقینەیان لە دڵدا نەبێت، بەڵکو ئیمانی ڕاستەقینەیان لـە دڵـدا هەیە، بەڵام ئەوانە زیاتر هیمەتی خۆیان سەرف دەکـەن لـە ئەنجامـدانی بەندایەتیـە جەستەییەکان

دووەم: ئەوانەن کە ئـەو کاتانـەی لێیـان زیـاد دەبێـت دوای ئەنجامـدانی فـەڕز و سـوونەتەکان بایـەخ دەدەن بـە دڵ و دەروون و خـۆ یـەکلایی کردنـەوە بـۆ خـوا و پاراسـتنی خەتـەرەکانی نـاو دڵیـان و ئـیرادەیان، ئەوانـە زیـاتر بایـەخ دەدەن بـە ڕاستکردنەوەو پتەو کردنی ئـەو کاراکانـەی پەیوەسـتە بـە دڵ و دەروونـەوە وەکـو: خۆشەویـستی و تـرس و ڕەجـا و تـەوەکول و گەڕانـەوە بـۆ لای خـوا، بۆیـە ئەوانـە بەشێکی کەم لەم جۆرە کارانەی پەیوەستە بە دڵەوە زۆر لەلایان خۆشەویـسترە لـە زۆرێـك لـەو بەندایەتیانـەی پەیوەسـتە بـە لاشـەوە، ئەگـەر یـەکێکیان هـۆگری یـان خۆشەویستی یان تامەزرۆی یـان ملکەچـی چـەنگ کـەوێت ئـەوە هـەرگیز بـە هیـچی ناگۆڕێتەوە.

بنچینەی کاری چاك و خراپ

سەرچاوەی هەموو کارێکی خراپە لەمانەوە سـەر هەڵدەدات: خۆبەگـەورەزانی و سەرشۆری و سوکی.

سەرچاوەی هەموو کارێکی چاکەش لەمانەوە سەر هەڵدەدات: لـە خـوا ترسـان و ورەبەرزیەوەیە.

کەواتە: شانازی و حەق شاردنەو و لە خۆبایی بوون و حەسوودی و خراپەکاری و خۆبەگەورەزانی و ستەم و دڵ ڕەقـی و سـتەمکاری و پـشت هـەڵکردن لـە ڕاسـتی و وەرنەگرتنی ئامۆژگاری و خۆسەپاندن بەسەرخەڵکیداو خۆشەویستی ماڵ و منـداڵ و سوڵتە حەزکردن لە ستایشی خەڵکی و چەندین شتی تریش، ئا ئەمانە هەر هەمووی لە خۆبەگەورەزانی سەرهەڵدەدات.

درۆ و بێ قیمەتی و خیانـەت و ڕیبـا و فـێڵ و تەڵەکـە و تـەماع و تـرس و لـەرز و ڕەزیلـی و لاوازی و تەمـەڵی و ملکـەچ کـردن بـۆ خـەڵکی و گۆڕینی شـتی چـاکە بـە خراپەو چەندین شتی تریش، ئا ئەمانەش هـەر هـەمووی لەسەرشـۆری و بـێ سـوکی مرۆڤەوە سەرهەڵدەدات.

خوڕەوشتەجوانەکانیش وەکو: ئارامگرتن و ئازایەتی و دادپەروەری و پیاوەتی و داوێن پاکی و خۆپاراسـتن و بەخـشندەیی و لەسـەرخۆیی و لێبـووردەیی و عیزەتـی نەفس و تەوازوع و قەناعەت و ڕاستگۆیی و ئیخلاص و بەنمەکی و پاداشت دانـەوەی چاکە و دووربوون لە بێ ئاگـایی و وازهێنـان لـەو شـتانەی کـە پەیوەنـدی بەونیـە و دووربوونی دڵ لەو ڕەوشتە خراپانەو چەندینی تریش، هەر هەمووی لە خوا ترسـی و وورە بەرزییەوە سەرهەڵدەدات.

خوای گەورە ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کـە زەوی ملکـەچ دەبێـت بـۆ ئـەو بارانـەی دەبارێتە سەری پاشـان بـەرووبومی جـوانی لێ دەڕوێت و دەبێتـە بـاخ و باخـاتێکی

قەشـەنگ و نایـاب، بەهـەمان شـێوەش ئـەو دروسـتكراوانە لـە زەوی دروسـتكراون، ئەگەر بەشی خۆی وەرگرت لە سەرفرازی وەكو ئەو باخە دەشەكێتەوە.

بـەڵام ئـاگر ڕەوشـتی وایـە لەناوبـەر و خۆبەگەورەزانـە كەچـی پاشـان سەرشـۆر دەبێت ونامێنێت، بە هەمان شێوەش ئەو دروستكراوەی كـە وەك ئـاگرە بـەردەوام لـەكاتی گەشـانەوەی خـۆی بـە گـەورە دەزانێـت، بـەڵام كاتێـك كـپ بـۆوە سـەری شۆڕدەكاتەوە، جا ڕەوشتە خراپـەكان شـوێنكەوتەی ئـاگرن و لـەو دروسـت بوونـە، ڕەوشتە جوانەكانیش شوێنكەوتەی زەوین و لەو دروست كراون.

هەر كەسێك هیمـەتی بـەرز بێـت و لـە خـواترس بێـت بـە ڕەوشـتی جـوان خـۆی دەڕازێنێتەوە، هەر كەسێكیش هیمەتی نەبێت و لە سنوور دەرچووبێت بە ڕەوشـتی ناشیرین خۆی دەڕازێنێتەوە.

هیمەت و نیەتی بەرز

بە دەست هێنانی بەهەشت و ڕەزامەندی خودا، پەیوەستە بە هیمەتێکی بەرز و نیەتێکی ڕاستگۆیانەی مرۆڤ، هەر کەسێك ئەم دووانەی لە دەستچێت ئەوە ناگات بە مەبەست.

کەواتە: ئەگەر هیمەتی مرۆڤ بەرز بوو، ئەوە پەیوەست دەبێت بە ئامانجی بەرز.

بەڵام ئەگەر هیمەتی مرۆڤ بەرز نەبوو و نزم بوو، ئەوکات پەیوەست دەبێت بە ئامانجی نزم پەیوەست نابێت بە ئامانجی بەرز.

حاڵی مرۆڤ پەیوەستە بە هیمەت و نیەتی، ئەو دووانە ڕێگای ڕەزامەندی خودای بۆ فەراهەم دێنن، ئەوەش تەواو و پوخت نابێت مەگەر واز لە سێ شت نەهێنێت:

یەکەم: وازهێنان لەو داب و نەریتانەی کە خەڵکی دایان ڕەشتووە.

دووەم: دوورکەوتنەوە و وازهێنان لەو شتانەی سەرقاڵی دەکات و دووری دەکاتەوە لە ڕەزامەندی خودا.

سێیەم: وازهێنان لەو شتانەی کە دەبێتە بەربەست لە نێوان دڵی و ڕەزامەندی خودا.

جیاوازی لە نێوان ئەوەی دووەم و سێیەم ئەوەیە، دووەم سەرقاڵ بوونە بەو شتانەی لە دەرەوەی دەروونی مرۆڤە، بەڵام سێیەم ئەو شتە مباحانەیە کە پەیوەست دەبێت بە دڵی مرۆڤەوە.

چەمکێ لە ووتەکانی (عبدالله)ی کوڕی (مسعود)

✍ پیاوێك لە خزمەتی (ابن مسعود)دا فەرمووی: ئای چەند حەز دەکەم ڕۆژی قیامەت لەو کەسانە بم کە نامەی کارەکانیان بە دەستی ڕاست وەردەگرن، حەز دەکەم لە (المقربین)بم، (ابن مسعود)یش فەرمووی: دەنا ئا ئەوەتە پیاوێك حەز دەکات ئەگەر مرد هەر زیندوو نەبێتەوە، مەبەستی خۆی بوو.

✍ ڕۆژێکیان (ابن مسعود) لە ماڵ هاتە دەرەوە و دەڕۆیشت بینی وا کۆمەڵێك خەڵکی بە دوایدا دەڕۆن، ئەویش پێیانی ووت: ئایا هیچ پێویستیەکتان بە من هەیە؟! ووتیان: نەخێر، تەنها حەز دەکەین لەگەڵتدا بڕۆین، جا پێیانی ووت: بگەڕێنەوە، چونکە ئەو کارەی ئێوە دەیکەن زەلیلیە بۆ ئێوە و فیتنەشە بۆ من.

✍ دەیفەرموو: ئەگەر نەفسی منتان بەو شێوە بناسیبایە کە من خۆم دەیناسم، ئەوە خۆڵتان بەسەرمدا دەکرد.

✍ دەیفەرموو: ئێوە لە ڕاڕەوەی شەو و ڕۆژدا دەڕۆن کە تەمەن تیایدا کەم دەبێت، کارەکانیشی لەسەر دەنوسرێت، مردنیشی لە پڕ دەگاتێ، جا هەر کەسێك خێر و چاکەی چاندبێت حەز دەکات زوو بیدورێتەوە، ئەوەی خراپەشی چاندبێت دەستی دەگەزێ و حەز ناکات بیدورێتەوە، ئەوەش بزانن هەموو جووتیارێك ئەو شتە دەدورێتەوە کە چاندوویەتی، مرۆڤیش ناگات بە شتێك توانای بەسەریدا نەبێت ئەگەرچی حەزیشی لێبێت.

✍ هەر کەسێك چاکەیەك بکات خواش چاکەی لەگەڵدا دەکات، هەر کەسێکیش خۆی و خەڵکی بپارێزێت لە شەڕ خواش دەیپارێزێت لە شەڕ.

✍ تەقواداران گەورە و بە شکۆن، زانایانیش سەرۆك و پێشەوان، دانیشتن لەگەڵ ئەم دووانەش سوود بەخشە.

✍ بێگومان چاکترین ووتە ووتەی خوایە ـ کە قورئانە ـ چاکترین هیدایەتیش هیدایەتەکەی محمدﷺ هیناویەتی، خراپترین شتیش ئەو شتانەن کە داهێنـراون لـە دین، هەر داهێنراوێکیش لە دین بکرێت بیدعەیە.

✍ مەبەسـتەکانتان درێـژەتان لەسـەر نەکێـشێت، هیواکانتـان بەفـەتارەتان نەبات، بێگومان هەر شـتێك لـە ڕێگادابێـت ئـەوە حەتمـەن دەگـاتێ و نزیکـە، بـەڵام ئاگادار بە ئەوەی کەدوورە ناگـاتێ، بزانـە و ئاگاداربـە خراپـە ئـەو کەسـەیە کـە لـە سکی دایکیدا خراپە، کامـەران و چـاکەش ئەوەیـە کـە ئامۆژگـاری وەردەگرێـت لـە غەیری خوی، بزانە گۆشتی موسڵمان کوفرە، جنێو پێدانیشی مـرۆڤ تووشـی فیـسق دەکات، دروست نیە بۆ موسـڵمان لـە سـێ ڕۆژ زیـاتر قـسە لەگـەڵ بـرای موسـڵمانی خۆی نەکات بەجۆرێك کە لە شوێنیك پێی بگات ڕووی خـۆی لـێ وەرگێرێـت، بـەڵکو دەبێت ئەگەر پێی گەیـشت سـەلامی لـێ بکـات، هـەر کاتێـك موسـڵمانێك دەعـوەتی برایەکی موسڵمانی خۆی بکـات دەبـێ وەڵامـی بداتـەوە، ئەگـەر نەخۆشـیش کـەوت دەبێت سەردانی بکات، بزانە خراپترین شت گێڕانەوەی شـتی درۆیـە، بزانـە کـە درۆ گاڵتەو گەپی نیە نابێت پیاو پـەیمان بـە منداڵەکـەی بـدات شـتی بـۆ بێنێـت کەچـی درۆی لەگەڵ بکاو بۆی نەهێنێت، چونکە درۆ مرۆڤ بـەرەو خراپـە دەبـات، خراپـەش مرۆڤ بەرەو ئاگر دەبات، ڕاستگۆیش مرۆڤ بەرەو چاکە دەبات، چاکەش مرۆڤ بـەرەو بەهەشـت دەبـات، بـە مرۆڤـی ڕاسـتگۆ دەگـوترێ ڕاسـتگۆیە و چاکە، بـەدرۆزنیش دەگـوترێ درۆزنـە و خراپـە، محمـدﷺ پێـی فـەرمووین: پیـاوی وا هەیـە بـەردەوام ڕاسـتگۆیە تـاوای لـێ دێ لای خـوا بـە ڕاسـتگۆ دەنوسـرێت، پیـاوی واش هەیـە درۆ دەکات تاوای لێ دێت لای خوا بە درۆزن دەنووسرێت.

بەراستی ڕاستگۆترین قسە قورئانی خوایە، پتـەوترین لووتکـە ووشـەی تەقوایـە، چـاکترین کۆمــەڵیش کۆمــەڵی (ابــراهیم)ە، چــاکترین ســوونەتیش ســوونەتی (محمد)ﷺ چاکترین (هدی)ش هدی پێغەمبەرانە، بەنرخترین قسەش زیکری خوایە، چاکترین چیرۆکیش هەر قورئانە، چاکترین شتیش چەسپاوەکانە، خراپترین شـتیش داهێنراوەکانە، ئەوەی کەمەو پوختە زۆر چاترە لەوەی زۆرە و بێ سەنگە، نەفسێك

کـە مـرۆڤ ڕزگـار دەکـات زۆر چـاکترە لـەوە زۆری و بۆریـەك کـە بـە ژمـار نایـەت، خراپترین پاساوهێنانەوە لەکاتی سەرەمەرگە، خراپترین پەشیمانی پەشیمانی ڕۆژی قیامەتە، خراپترین گومڕایی ئەوەیە کـە مـرۆڤ هیدایـەتی وەرگرتبێـت ئینجـا گـومڕا بێتـەوە، چـاکترین دەوڵەمەنـدی دەوڵەمەنـدی نـەفس و دڵ و دەروونـە، چـاکترین تێشوو تەقوایە، چاکترین شت بۆ دڵ یەقینـە، گومـان لـە کـوفرەوە سـەرهەڵدەدات، خراپترین کوێری کوێر بوونی دڵـە، مەی هۆی خراپـە و گوناهـە، ئـافرەت تەڵەکـەی شەیتانە، گەنجایەتی بەشێکە لە شێتایەتی، شین و ڕۆ ڕۆ کارو پیشەی نەفامیەتە.

هێندێ کەس هەیە کە دێنە نوێژی هـەینی بـە لەشـگرانی دێـت، کـە زیکـری خـوا ناکاو پشتی تێ دەکات، گـەورەترین تـاوان زمانێکـە کـە درۆزن بێـت، هـەر کەسـێك لێبووردەبێت خـوا لێـی دەبوورێـت، هـەر کەسـێك لـە پێنـاوی خـوا تـووڕەیی خـۆی بخواتەوە خوا پاداشتی دەداتەوە، هەر کەسێك لێخۆشبەر بێـت خـواش لێـی خـۆش دەبێت، هەر کەسێك لەسەر بەڵادا ئارام بگرێت ئەوە خودا بۆی تەعویز دەکاتەوە.

خـراپترین کاسـبیش ریبایـە، خـراپترین خـواردنیش خـواردنی مـاڵی هـەتیوە، ئەوەندەتان بەسە کە دڵتان پێی قانع بێت، کردەوەش بە کۆتاییەکەیەتی، چاکترین مردنیش ئەوەیە کە مرۆڤ شەهید بێت، هەر کەسێك خۆی بەگەورە بزانێت ئەوە خـوا نزمی دەکاتەوە و سەرشۆری دەکات، هەر کەسێك بێ فەرمانی خـوای گـەورە بکـات ئەوە گوێڕایەڵی شەیتان دەکات.

✍ پێویستە لەسەر تێگەیشتوو لە قورئان و هەڵگری قورئان بە نوێژی شەوانی بناسـرێت کـاتێ خـەڵکی خـەوتوون، بـە ڕۆژوو بناسـرێت کاتێـك خـەڵکی بـێ ئاگـاو شادومانن، بە گریانی بناسرێت کاتێك خەڵکی ڕۆچوونە لە قسەدا، بە لە خـوا ترسـی بناسرێت کاتێك خەڵکی بێ فەرمانی خوادەکەن، پێویـستە لەسـەر هـەڵگری قورئـان گرینۆك و غەمبار و حەکیم و ئارامگر و لەسەر خۆبێت، نابێت هەلگری قورئـان وشـك و بێئاگا و بەهات و هاوار بێت.

✍ هەر کەسێك خۆی بە بەرز و گەورە بزانێت خوای گەورە دەیشکێنێتەوە، هەر کەسێکیش تەوازوعی هەبێ و خۆی بەگەورە نەزانێت خوای گەورە بەرزی دەکاتەوە، بێگومان مەلائیکەت خەتەرەیەکی هەیە، شەیتانیش خەتەرەیەکی هەیە، جا خەتەرەی مەلائیکەت هاندانی مرۆڤە بۆ خێر و چاکە و بەڕاست زانینی حەق، کەواتە: هەر کەسێك ئەم خەتەرەی لە دڵی خۆیدا هەست پێکرد با سوپاسی خوای لەسەر بکات، بەڵام خەتەرەی شەیتان مرۆڤ هاندەدات بۆ شەڕ و خراپە و بەدرۆ زانینی حەق، کەواتە: هەر کاتێك هەستتان بەم خەتەرەیە کرد پەنابگرن بە خوا.

✍ هێندێ کەس قسەی گەورە گەورە دەکەن، جا هەر کەسێك قسەکانی لەگەڵ کردەوەکانی یەك بوون ئەوە سەرفرازە، بەڵام هەر کەسێك قسەکانی پێچەوانەی کردەوەکانی بوو بەڕاستی ئەوە خۆی هەڵدەخەڵەتێنێت.

✍ وا مەکەن کە بە ڕۆژ هەر خەریکی پێویستیەکانی دنیا بن، بە شەویش لێی بخەون وەکو کەلەشێکی مردوو، بەڕاستی من ڕقم لەو کەسەیە کە بێ کارە نە سوود لە کاری دنیا وەردەگرێت نە کاریش بۆ دوا ڕۆژی دەکات، هەر کەسێك نوێژەکەی نزیکی نەکاتەوە لە چاکە و دووری نەکاتەوە لە خراپە، ئەوە هیچ سوودی نیە لای خوا بەڵکو دووری دەکاتەوە.

✍ لە نیشانەکانی دڵنیایی ئەوەیە کە خەڵکی ڕازی نەکەی بە تووڕەیی خوا، کەسیش سوپاس و ستایش مەکە لەسەر ڕزقی خوا، کەسیش سەرزەنشت مەکە لەسەر ئەو شتەی خوا پێی نە بەخشیووی، چونکە ڕزقی خوا نە بەسووری مرۆڤ لەسەری چەنگ دەکەوێت، نە بە پێناخۆش بوونی مرۆڤ پێی دەگەڕێتەوە، خوای گەورە بە دادپەروەری و حیلمی خۆی وای کردووە ئارامی و دڵخۆشی لە دڵنیایی و ڕازی بوون دابێت، واشی کردووە غەم و خەفەت و دڵ تەنگی لە گومان و تووڕەی و ڕازی نەبوون دابێت.

✍ تا ئەوکاتەی تۆ لە نوێژ دابی دەکات هەر لە دەرگای پادشـایەك دەدەی کـە خوایـە، هــەر کەسـێکیش لـە دەرگـای پادشـا بـدات بێگومـان هــەر دەرگـای لێ دەکرێتەوە.

✍ من وا دادەنێم پیاو ئەو زانست و زانیاریەی کە فێری بووە بە گوناه و تاوان ئەنجامدان لە بیری دەچێتەوە.

✍ ببن بە سەرچاوەی زانست و زانیاری، ببن بـە مەشـخەڵی ڕێگـای هیدایـەت، ببن بە مولتەزیمی ماڵ، ببن بە چرای شەوان، ببن بە ڕێگا و توێشو بۆ دڵ، ببن بـە فرۆشیار، گەر وابوون دەناسرێن لە لای خـەڵکی ئاسمـان، شـاراوەن لـە لای خـەڵکی زەویش.

✍ بێگومان دڵ ئارەزووی هەیە و پـشت تێکردنیـشی هەیـە، جـا هـەرکاتێك دڵ ئارەزوو دەکا و ڕوو لەو شتە دەکـات کـە ئـارەزووی دەکـات تـۆ ئـەو کاتـە بکـە بـە فرسەت و بزانە و ڕێگای لێ بگرە، بەڵام کاتێك پشتی هەڵکردووە و وازیهێناوە تـۆش لێی گەڕێ.

✍ زانست ئەوە نیە کە کابرا قسە زان و بلیمەت بێت، بەڵکو زانست ئەوەیە کـە لە خوا بترسێت.

✍ ئێـوە دەبیـنن کـە کـافر لەشـی لـە هـەموو کـەس سـاغترە، بـەڵام دڵـی زۆر نەخۆشـە، دەبیـنین ئیمانـداریش دڵـی لـە هـەموو کـەس سـاغترە و بـەڵام لەشـی نەخۆشە، سوێند بە خوا ئەگەر بێتوو دڵتان نەخۆش بێت بەڵام لەشـتان سـاغ بێـت، ئەوە لە لای خوا زۆر بێ نرخترن لە خلێنکە.

✍ بەندە ناگات بە ئیمانی ڕاستەقینە تاکو خۆی نەڕازێنێتـەوە بـە لوتکەکـەی، ناشگات بە لوتکەکـەی تـاکو هـەژاری خۆشـتر نـەوێت لـە دەوڵەمەنـدی، تـەوازووعی خۆشتر بوێت لە شەرەف و گەورەیی، تاکو خەڵکی مەدحی بکەن یـان زەمـی بکـەن لای وەکو یەك بێت.

✍ بەڕاستی گوناه و تاوان دڵ دەکوژێ و دەست بەسەریدا دەگرێت.

✍ هەموو نەزەرێك پاڵێکی شەیتانی پێوەیە.

✍ لەگەڵ هەموو خۆشیەك ناخۆشیش هەیە، هەرماڵێك پڕ بێت لە خۆشی ئەوە پڕە لە عیبرەت و دەبێت پەندی لێ وەربگیرێت.

✍ ئێوە وەکو مێوان وان ماڵەکەشتان خوازراوە (استعارة)یە، کەوابوو میوان دەبێت شوێنەکەی جێبهێڵێت، خوازراویش دەبێت بدرێتەوە بە خاوەنەکەی.

✍ لە ئاخیر زەماندا کەسانێك پەیدا دەبن چاکترین کردەوەکانیان لۆمەکردنی خەڵکیە لە نێوان خۆیان ناویشی دەبەن بە (ألأنتان) واتە: بۆگەن.

✍ حەق گران و تاڵــە، ناحەقیش سووك و شیرینە.

✍ زۆر جاری وا ئارەزووات مرۆڤ تووشی غەمگینی و خەفەتباری دەکات.

✍ هیچ شتێك لەسەر ڕووی ئەم زەوییەدا نیە کە وەك زمان پێویستی بە بەندکردنێکی زۆر هەبێت.

✍ هەر کاتێك زینا و ڕیــبا لە شوێنێك سەری هەڵدا و بڵاوەی کرد با چاوەڕوانی تێچوون بن.

✍ هەر کەسێك لە ئێوە ئەگەر دەتوانێت گەنجینەکەی لە ئاسمان دابنێت با داینێت، چونکە نە کرمۆڵ دەبێت نە دەستی کەسیشی دەگاتێ، دڵی مرۆڤیش بەو شوێنەوەیە کە گەنجینەکەی لێیە.

✍ نەکەن لە دیندا تەقلیدی کەسێك بکەن، بە جۆرێك ئەگەر ئیمانی هێنا ئێوەش ئیمان بهێنن، ئەگەر کافریش بوو ئێوەش کافر بن، بەڵام ئەگەر ویستان ئیقتدا بە کەسێك بکەن تەقلیدی مردوو بکەن چونکە مرۆڤی زیندوو ئاشووبەی هەر هەیە.

✍ نەکەن لەگەڵ هەڵلای خەڵکی بن، ووتیان قوربان هەڵلای خەڵکی چیە؟! فەرمووی: هەڵلا ئەوەیە کە بڵێت: من لەگەڵ خەڵکیدا ڕێدەکەم، ئەگەر خەڵکی لەسەر چاکە بوون و چاکەیان ئەنجامدا ئەوە منیش وا دەکەم، ئەگەر خەڵکی لەسەر خراپە بوون و خراپەیان ئەنجامدا ئەوە منیش وا دەکەم، جا ئێوە وا مەبن بەڵکو

ئێوە دەرونتان جێگیرکەن لەسەر ئیمان، ئەگەر خەڵکیش لەسـەر کـوفر بـوون ئێـوە هەر لەسەر ئیمان بن و کوفر هەڵمەبژێرن.

✍ کابرایەك هاتە خزمەت (عبدالله)ی کوڕی (مسعود) پێی گوت: قوربـان فێـری چەند ووشەیەکم بکە کە کۆکەرەوە و بەسوود بێت، (ابن مسعود)یش فەرمووی: خوا بپەرستە و هاوبەشی بۆ بڕیار مەدە، تێکەڵی قورئان بە، ئەگـەر کەسـێك ئامۆژگـاری بـە حـەق کـردی لێ ی وەرگـرە ئەگەرچـی ڕقیـشت لێبێـت و نەشـی ناسـی، هـەر کەسێکیش ئامۆژگاری ناحەقی بۆ کـردی لێ ی وەرمـەگرە و ڕەتـی کـەوە ئەگەرچـی دۆستیشت بێت و خۆشیشت بوێت.

بزانە دڵت لەو سێ شوێنانەیە ! لە کاتی بیستنی قورئان، لە کـاتی زیکـر و یـادی خوا، لە کاتی خەڵوەت لەگەڵ خوادا، ئەگەر دڵت لەو سێ شـوێنە نـەبوو ئـەوە دڵـت مردووە بۆیە داوا لە خوا بکەتا دڵێکی زیندووت پێ ببەخشێ.

باسی ئیخـــــلاص

ئیخلاص لە دڵێکدا جێگیر نابێت ئەگەر ئەو دڵــە حەز بکات خەڵکی مەدح و ستایشی بکەن، ئەگەر کۆشبێتەوە وەك کۆبونەوەی ئاو و ئاگر دەبێت پێکەوە ــ کە ئەمەش هەر مەحاڵە ــ .

ئەگەر دەتەوێت ئیخلاص لە دڵتدا دروست بێت، ئەوە ڕووبکە حەز و ئارەزووات بە چەقۆی بێ ئومێدی سەری ببڕە.

هەروەها: واز لە مەدح و ستایشی خەڵکی بێنە وەکو ئەو کەسەی عاشقی دنیایەو وازی لە دوا ڕۆژ هێناوە، جا ئەگەر حەز و مەدح و ستایشی خەڵکیت لە دڵی خۆت دەرهێناو و وەکو کۆتر سەرت بڕی ڕێگای ئیخلاصت بۆ ئاسان دەبێت.

ئەگەر پرسیاری ئەوەت کرد: بەچی ڕێگام بۆ ئاسان دەبێت بۆ ئەوەی حەز و مەدح و ستایشی خەڵکی لە دڵمدا ڕیشەکێش کەم؟ منیش لە وەڵامدا دەڵێم: ڕیشەکێش کردنی حەز و ئارەزووات بەو جۆرە بۆت ئاسان دەبێت کە بڕوایەکی پتەوت هەبێت هەر شتێك حەزی لێدەکەی ئەوە بە دەستی خوای گەورەیە کەس توانای بەسەریدا نیە بۆت فەراهەم بێنێت، بەندەش هیچ ڕۆڵێکی تیا نابینێت لە بە دەست هێنانی.

بەوەش بۆت ئاسان دەبێت مەدح و ستایشی خەڵکی لە دڵتدا ڕیشەکێش بکەی کە بڕوایەکی پتەوت هەبێت کە مەدح و ستایشی خەڵکی هیچ سوودت پێ ناگەیەنێت، بڕوات وابێت کە زەمی خەڵکی هیچ زەرەرێکت پێ ناگەیەنێت، بەڵکو زەرەر و قازانج هەر هەموو تەنها لە دەست خوایە.

کەوابوو: وازبێنە لەوەی کە خەڵکی مەدحت بکەن چونکە مەدح کردنی خەڵکی بۆ تۆ هیچ سوودت پێ ناگەیەنێت، وازبێنە لەوەی کە خەڵکی زەمت بکەن، چونکە

زەمکردنی خەڵکی هیچ زیانت پێ ناگەیەنێت، بەڵکو حەز بکە کە خوا مەدحت بکات، چونکە مەدحی ئەو سوودت پێ دەگەیەنێت، حەز بکە ئەو زەمت نەکات چونکە زەمی ئەو زیانت پێ دەگەیەنێت، ناشتوانی بگەیت بەم ئامانجەت تەنها بە (الصبر)ئارامگرتن و (اليقين)دڵنیایی نەبێت، کەواتــە: هەر کاتێك دڵنیا و ئارامگر نەبووی دەکات تۆ وەکو ئەو کەسە وای کە دەیەوێت بە دەریادا گەشت بکات کەچی کەشتی پێ نیە خوای گەورە دەفــەرمووێ: ﴿ فَٱصْبِرْ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ ۖ وَلَا يَسْتَخِفَّنَّكَ ٱلَّذِينَ لَا يُوقِنُونَ ﴾(الروم:٦٠)، واتــە: ئارام بگرە، بێگومان وەعد و بەڵێنی خوا حەق و ڕاستە و هەر دێتەدی، ئەوانەی کە ئیمانیان نیە بێ ئارامت نەکەن و ساردت نەکەنەوە.

خـــوای گەورەدەفـــەرمووێ: ﴿ وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا ۖ وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يُوقِنُونَ ﴾(السجدة:٢٤)، واتــە: لەوانیشدا چەند کەسانێکمان کردە ڕێبەر، کە هەر بە فەرمانی خۆمان ڕێنموویی خەڵکی بکەن، چونکە توانای ئارامگرتنیان تێدا بوو، بە تەواویش باوەڕیان بە نیشانەکانی ئێمە هێنا بوو.

تـام و چێژ وەرگرتن

لەزەت وەرگرتنی هەر کەسێك بە ئەندازەی قـەدر و هیمـەت و ڕێـزی نەفـسیەتی، جا بەڕێزترین نەفس وبەرزترین هیمەت و بە شکۆترین قەدر بۆ ئەوکەسەیە کە تام و لەزەت لە ناسینی خۆشەویستی و ئیشتیاقی گەیشتنی بە خـوا وەردەگرێـت، ئـەو کارانە دەکات کە خوا پێی خۆشە و لێی ڕازیە، ئا ئەوە تـام و لـەزەت لـە ڕووکردنـە خوا و خۆ پێ خەریك کردنی وەردەگرێت.

کەچی هێندێ کەس هەیە تـام وچێژ لـە شـتی وا وەردەگـرن گـەر خـوا بزانێـت، بەڵکو تام وچێژ لە پیـسترین کـار و گفتـار و شـت وەردەگرێـت، ئەگـەر ئـەو شـتەی پێشکەش بکەی کە مرۆڤـی یەکـەم تـام و چـێژی لێ وەردەگـرت ڕەتـی دەکاتـەوە و پشتی تێدەکات، بگرە ئازاریشی پێدەخوات، هەروەك چۆن مرۆڤی یەکەم ئەو تـام و چێژەی ئەو کابرایەی پێشکەش بکرێت ڕەتی دەکاتەوە و پشتی تێدەکات.

خۆشترین و بەرزترین چێژ ئەوەیە کە مرۆڤ چێژ بۆ دڵ و ڕۆحی و جەستەی وەرگرێت، بەو جۆرەی کە چێژ لە شتە مباحەکان وەردەگرێت بە شێوەیەك نە بۆ دوا ڕۆژی زیانی هەبێت، نە ڕێگای چێژ وەگرتن لە ناسینی و خۆشەویستی و هۆگری خواشی لێ بگرێت، ئا ئەم جۆرە چێژە خوای گەورە باسی کردووە و دەفـەرمووێ: ﴿قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ ٱلَّتِىٓ أَخْرَجَ لِعِبَادِهِۦ وَٱلطَّيِّبَٰتِ مِنَ ٱلرِّزْقِ ۚ قُلْ هِىَ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ (الأعراف:٣٢)، واتـە: ئەی محمد پێیان بڵێ، ئەوە کێیە پۆشاك و زەینەت و جوانیە خواییەکانی لە بەندەکانی حەرام کردووە کە خوا بۆ بەندەکانی دروستی کردووە؟ هەروەها کێیە رزق و رۆزیە چاك و پاکەکانی حەرام کردووە؟ ئەی محمد بەو خەڵکە بڵێ: ئەوانە بۆ بڕوادارانە لەژیانی دنیادا، بێ بڕواکانیش لە پەنای ئەواندا بەژداری دەکەن، بەڵام لە رۆژی دوایی تایبەتە بە بڕواداران.

خراپترین و نزمترین چێژیش، ئەوەیە مرۆڤ چێژ لەو شتە وەربگرێت کە دەبێتە بەربەست لە نێوان ئەو تام و چێژانەی لە قیامەت بۆ مرۆڤ ئامادەکراوە خوای گەورە بەوانە دەفەرمووێت: ﴿أَذۡهَبۡتُمۡ طَيِّبَٰتِكُمۡ فِي حَيَاتِكُمُ ٱلدُّنۡيَا وَٱسۡتَمۡتَعۡتُم بِهَا﴾ (الأحقاف:۲۰)، واتە: هەرچی تام و چێژ و خۆشییەك هەبوو لە ژیانی دنیاتاندا ئەنجامتان داو بە ئارەزووی خۆتان راتان بوارد.

بەڵێ: گرۆهی یەکەم تام و چێژیان لە خۆشیەکان وەرگرتووە بەو جۆرەی کە خوای گەورە فەرمانی پێکردوون، ئەوانە دەکات خۆشی و چێژی دنیا و دوارۆژیان پێکەوە بە دەست هێناوە، بەڵام گرۆهی دووەم تام و چێژیان وەرگرتووە بەو جۆرەی هەواو ئارەزواتیان فەرمانی پێداون، ئەوان هەموو چێژێك ئەنجام دەدەن جا خوا فەرمانی پێدابێت بیکەن یان نا، ئەوانە دوای ئەوەی ئەو خۆشیە کاتیانەی لە دنیا ئەنجامی دەدەن دوای ئەنجام دانی تام و چێژەکەی نامێنێت، لە هەمان کاتیشدا خۆشی و چێژی قیامەتیشیان لە چەنگ دەچێت، بۆیە بەم کارەیان نە خۆشی و چێژ لە دنیایان دەبینن، نە خۆشی و چێژ لە قیامەتیشیان دەبینن.

هەر کەسێك دەیەوێت بەردەوام خۆشی و چێژ وەرگرێت و ژیانی خۆش و کامەران بێت، با خۆشیەکانی دنیا بکات بە هۆیەك بۆ گەیشتن بە خۆشیەکانی قیامەت، بەوەی ئەو خۆشیانە بکات بە پاڵپشتێك بۆ یەکلاکردنەوەی دڵی بۆ بەندایەتی خوا، بەڵکو خۆشی وەرگرێت بۆ ئەوەی پێی بەهێز و توانای هەبێت بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی خوا فەرمانی پێکردووە نەك خۆشی تەنها بۆ هەوا و ئارەزووی وەرگرێت.

ئەگەر لەو کەسانە بوو کە خۆشی و لەزەتی پاکی دنیای بۆ ڕاخرا بوو و ڕەخسا بوو، با هەندێکی لێ بگرێتەوە بە ئومێدی ئەوەی لە قیامەت زیاتر لە خۆشی دابێت، با لێرەدا لێی بگرێتەوە بۆ ئەوەی لە قیامەت زیاتری پێ ببەخشرێت.

بێگومان خۆشیە پاکەکانی دنیا باشترین پشتیوانیە بۆ ئەوانەی ڕەزامەندی خواو قیامەتیان مەبەستە، خراپترین ڕێگریشە بۆ ئەو کەسانەی دنیایان مەبەستە.

هەر کەسێك سوود لە دنیا وەرگرێت بە جۆرێك کە زیان بە دوا ڕۆژی نەگەیەنێت، ئەوە لە دنیـا و قیامـەت سـەرکەوتوو و سـەرفراز دەبێـت، بـەڵام بـەو جـۆرە نـەبێت سەرگەردان و خەسارەت مەندی دنیا و قیامەت دەبێت.

سوودی وازهێنان لە گوناه

چـەندین سـوود و قـازانج هەیـە لـە وازهێنـان لـە گونـاه و تـاوان، ئەگـەر مـرۆڤ دوورکەوێتەوە لە گوناه و تاوان ئەم خەسڵەتە چاکانەی دەست دەکەوێت لەوانـــە:

- ✓ مرۆڤ پێی شکۆدار دەبێت..
- ✓ شــەرەفی پارێزراو دەبێت..
- ✓ ماڵ و منداڵی پێ پارێزراو دەبێت..
- ✓ ئەو ماڵـەی کـە خـوا بـۆی کـردووە بـە چاکسازی دنیـا و قیامـەت پـارێزراو دەبێت..
- ✓ لای خەڵکی خۆشەویست دەبێت و قسەی لەلایان دەڕوا..
- ✓ ژیانی کامەران دەبێت، ئەندامەکانی لاشەی ئیسراحەت دەکات، دڵـی بـەهێز دەبێت، نەفسی ئاسوودە دەبێت، دڵی بەختیار دەبێت، سینە فراوان دەبێت..
- ✓ ناترسێ لەو شتانەی فاسق و خراپەکاران لێی دەترسن..
- ✓ خەفەت و غەم و نیگەرانی زۆر کەم دەبێت..
- ✓ نـووری نـاو دڵـی پـارێزراو دەبێـت، چـونکە گونـاه و تـاوان نـووری دڵ دەیکوژێنێتەوە..
- ✓ دەرگــای خێـری لێ دەکرێتــەوە ئــەو دەرگایانــەی کــە لــە خراپــەکاران دادەخرێت..
- ✓ ڕزقی بۆ فراوان و ئاسان دەکرێت بە جۆرێك کە خۆشی نازانێت چۆن، ئـەو شتانەی بۆ ئاسان دەبێت کە لەسەر خراپەکاران گرانە، ڕێگای بەندایەتی کردنـی بـۆ ئاسان دەبێت، ڕێگای بە دەست هێنانی زانستی بۆ ئاسان دەبێت..
- ✓ خەڵکی بە باشە ستایشی دەکـەن، دووعـای خێری بـۆ دەکـەن، ڕوخـساری جوان دەبێت لە لای خەڵکی، سام و شکۆی لە ناو دڵی خەڵکی پەیدا دەبێت، سەری دەخەن کاتێك ستەمی لێ بکرێت، بەرگری لێ دەکەن کاتی غەیبەتی بکرێ..

✓ هەر بە وازهێنان لە گوناه و تاوان هەست بە تەنهایی ناكات لە نێوان خۆی و خوا..

✓ مەلائیكەتی خوا لێی نزیك دەبنەوە، شەیتانی ئینسان و جنوكە لێ ی دوور دەبێتەوە..

✓ خەڵكی پێشبڕكێ دەكەن بۆ خزمەتكردنی و دابین كردنی پێویستیەكانی..

✓ ترسی مردنیشی نابێت، بەڵكو بە هاتنی مردن دڵخۆشیش دەبێت، چونكە مردن بە پەروەردگاری دەگەیەنێت..

✓ دنیای لە پێش چاو گچكە و بێ نرخ دەبێت، دوا ڕۆژی لەلای بەرز و بە نرخ دەبێت، سوور دەبێت بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خوا..

✓ تام و چێژ لە بەندایەتی خوا وەردەگرێت، هەست بە تام و چێژی ئیمان دەكات..

✓ مەلائیكەتی (حملة العرش) و ئەوانەی لە دەوریشی دان نزای بۆ دەكەن، ئەو دوو مەلائیكەتەی شت دەنووسن پێی دڵخۆش ئەبن و هەموو ساتێك نزای بۆ دەكەن..

✓ عەقڵ و هیزر و ئیمان و زانیاری بە هێز و پتەو دەبێت..

✓ خۆشەویستی خوای بۆ فەراهەم دێت و خواش خۆشی دەوێت، خوا خۆشحاڵ دەبێت بە تەوبەكردنەكەی، بۆیە خۆشی و ئاسوودەییەك دەخاتە دڵی كە بەرانبەر ناكرێت لەگەڵ ئەو كەمە خۆشیەی گوناه.

ئا ئەمە هێندێ سوود و قازانجی وازهێنان بوو لە گوناه و تاوان لە دنیادا، بەڵام سوودەكانی وازهێنان لە گوناه دوای مردن، ئەوەیە كە مەلائیكەتەكانی خوا مژدەی پەروەردگاری پێ دەدەن بە بەهەشت، نە ترس نە غەمگینیش دەبێت، لە بەندیخانەی تەنگی دنیاشدا دەگوازێتەوە بۆ باخێك لە باخەكانی بەهەشت كە تاكو قیامەت دادێت بەخششی لەگەڵدا دەكرێت، جا كاتێك قیامەت داهات خەڵكی هەموو لە ناو گەرما و عارەقەدان، بەڵام ئەو لەژێر سێبەری عەرشی خوا دادەبێت.

کاتێکیش خزمەتی خوا جێدەهێڵن لەگەل مەلائیکەتەکان و لەگەڵ خواناسان و سەرکەوتوان دەگوازرێتەوە: ﴿ذلك فضل الله يؤتيه من يشاء و الله ذو الفضل العظيم﴾ واتە: ئا ئەوە فەزڵ و بەخشی خوایە دەیدات بە هەر کەسێك کە بیەوێت، خوای گەورە خاوەنی فەزڵ و بەخششی گەورە و زۆرە.

بە کارەکانت مەنــازە

(ابن مسعود) لە (الطبقات)ەکەی خۆیدا باسی (عمر)ی کوڕی (عبد العزيز) دەکا و دەفەرمووێ: هەر کاتێك (عمر)ی کوڕی (عبد العزيز) لەسەر (منبر) ووتاری بدابایە ئەگەر هەستی بە لە خۆبایی بوونی بکردایە بە پەلە ووتارەکەی دەپچڕاند، هەر کاتێکیش نامەیەکی بنووسیبایە ئەگەر هەستی بە لە خۆبایی تیا بەدی کردبایە هەلا هەلای دەکرد و دەیفەرموو: (اللهم إني أعوذ بك من شر نفسي) واتە: خوایە پەنات پێ دەگرم لە شەڕ و خراپەی نەفسم.

بەڵێ: بزانە مرۆڤ هەرکاتێك دەست بە قسەیەك یان کارێك بکات پێویستە لەسەری مەبەستی لەو کارەیدا ڕەزامەندی خوا بێت، بزانێت ئەوە منەتی خوایە لەسەریدا، بە یارمەتی ئەو ئەنجامیداوە، بزانێت خوا بۆی فەراهەم هێناوە، نەك نەفسی خۆی و شارەزایی و فیکر و هێز و توانای خۆی، بەڵکو بزانێت ئەو کەسەی کە زمان و دڵ و چاو و گوێی بۆ بە دیهێناوە، هەر ئەویشە منەت و بەخششی لەگەڵدا کردووە و ئەو قسە و کارەی بۆ فەراهەم هێناوە، جا ئەگەر هاتوو ئەمانەی لە پێش چاو بوو، ئەوە لە خۆبایی نابێت، چونکە بنچینەی لە خۆبایی بوون ئەوەیە ئەنجامدانی کارەکەی بەهێز و بازووی خۆی بزانێت و منەت و بەخششی خوای لە پێش چاو نەبێت.

بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو خاڵانەی لەبەر چاو نەگرت و بەهێز و بازووی خۆی زانی، تووشی لە خۆبایی دەبێت ئەوکاتیش کار و گوفتارەکەی بە فەساد دەچێت.

دەبێ ئەوەش بزانین کە هیچ شتێك لە لەخۆبایبوون خراپتر نیە بۆ خراپکردنی کاروکردەوەی مرۆڤ، ئەگەر خوای گەورە چاکەی بۆ بەندەیەکی بوێت لە هەموو

کارو گوفتارێکی وای لێدەکات منەت و بەخششی خوای لەبەر چاو بێت، ئەوکات لە خۆبایی نابێت، پاشان ئەو بەندەیە بێ دەسەڵاتی خۆی دەردەبڕێ و داوای لێبووردن لە پەروەردگاری دەکات، شەرمیش دەکات داوای پاداشت لەسەر کارەکانی بکات.

بەڵام ئەگەر وانەبوو ئەوە مرۆڤەکە لە خۆبایی دەبێت و واگومان دەبات کە کارەکانی رێك و پێك و تەواوە و بەهێز و بازووی خۆی ئەنجامی داوە، گەر وابوو ئەوە ئەم کارەی لای خوا سەنگی نیە و خۆشەویست نیە و لێی وەرناگیرێت.

کەواتە: مرۆڤی خواناس هەر کارێك ئەنجام بدات، خوایەتی و منەت و فەزڵ و یارمەتی خوای لەبەر چاوە، شەرم دەکا و داوای لێبووردن دەکات لەوەی ئەگەر کارەکانی بە تەواوی ئەنجام نەدابێت.

بەڵام مرۆڤی نەفام و خوانەناس هەر کارێك ئەنجام بدات بۆ هەواو ئارەزووی خۆیەتی، هەر کارێکیش بکات بە هێز و بازووی خۆی دەزانێت، لە خۆی ڕازیە و منەت لەسەر خواش دەکات، ئائەوە رەنگێکە و ئەوی تریش رەنگێکی ترە.

ئەو شتانەی ڕێگرن بۆ گەیشتن بە ڕەزامەندی خودا

بۆ گەیشتن بە ڕەزامەندی خوا پێویستە مرۆڤ واز لە (عادات) داب و نەریت بهێنێت، داب و نەریت چەند بیر و بۆچون و شتێکە کە خەڵکی خوویان پێوە گرتووە، وەکو شەرع حیسابی بۆ دەکەن، بەڵکو لە شەرعیش لەلایان بە نرختر و بە ڕێزترە، چونکە ئەوان زۆر ڕقیان لەو کەسانەیە کە پێچەوانەی داب و نەریتی ئەوان دەکەن و بە گوێیان ناکەن بە جۆرێك کە بەم جۆرە ڕقیان لەو کەسانە نیە کە پێچەوانەی شەرعی خوا دەکەن و پێی ڕازینین.

بەڵکو زۆر جار تەکفیری ئەو کەسە دەکەن کە پێچەوانەی داب و نەریتی ئەوان دەکات بە گومڕا و سەرلێشێواو و بیدعەکاری دادەنێن، یان قسەی لەگەڵ ناکەن و سزای دەدەن، چونکە پێچەوانەی داب و نەریتی ئەوانی کردووە، سوونەتی لە پێناودا دەمرێنن، وەکو بتیش بە ناوی پێغەمبەرەوە هەڵی دەواسن دۆستایەتی و دژایەتی لە پێناودا دەکەن.

چاکە لەلای ئەوان ئەو شتانەیە کە ڕێك بێت لەگەڵ داب و نەریتی ئەوان، خراپەش ئەوەیە کە پێچەوانەی داب و نەریتی ئەوان بێت.

جا ئەو داب و نەریتە باڵی بەسەر زۆربەی چینەکانی ڕووی زەوی کێشاوە لە هەموو چینەکان لەپادشاکان و کاربەدەستان و زاناکان و سۆفیەکان و هەژارەکان و خەڵکی عامیش، کە لەسەر ئەو داب و نەریتە منداڵەکانیان پەروەردە دەکەن، گەورەکانیان لەسەری ڕاهاتوون، کردوویانە بە سوونەت بەڵکو لە سوونەتیش لە لایان بەڕێزتر و بە نرخترە.

کەوابوو: هەر کەسێك لەگەل ئەو داب و نەریتانە ڕێبکا و خۆی پێوە پەیوەست بکات ئەوە دەبەسترێتەوە و ڕێگای بەرەو خوای لێ دەپچڕێت.

بەڵێ: ئەو نە خۆشیە زۆرێك لە خەڵكی بە گشتی گرتۆتـەوە، هـەر لەبـەر خـاتری داب و نـەریت پـشت لـە قورئـان و سوونەت دەكرێت، هـەر كەسـێكیش خـۆی پـێ هەڵكێـشێ و شـوێنی بكـەوێت و پـشت لـە قورئـان و سـوونەت هـەڵگا، بێگومـان سەرگەردان دەبێت لای خوای گەورە و هیچیشی لێ وەرناگیرێت.

بەڕاستی ئەوە گەورەترین بەربەستە بۆ مرۆڤ كە ڕێگای لێ بگرێت بۆ گەیشتن بـە ڕەزامەندی خوا و پێغەمبەری خوا.

بەڵام (العوائق) كۆسپ و تەگەرەكان، ئـەو سەرپێـچیانەن كـە دەبنـە كۆسـپ بـۆ دڵی مرۆڤ و ڕێگای گەیشتن بە ڕەزامەندی خودای لێ دەپچڕێنن، ئەمەش سێ شتن:

١. الشرك: هاوبەش دانان بۆ خوا.
٢. البدعة: ئەو شتانەیە كە داهێنراوە لە دین.
٣. المعصية: گوناه و تاوان.

بـە یەكتاپـەرسـتی كۆسـپی هاوبـەش دانـان بـۆ خـوا لادەچـێت، بـە ئـەنجامـدانی سوونەتی پێغەمبەریشﷺ كۆسـپی بیدعـەش لادەچـێت، بـە تـەوبـە و پەشـیمانیش كۆسپی گوناه و تاوان لادەچێت.

ئەو كۆسپ و تەگەرانەش بۆ مرۆڤ دەرناكەوێت تاكو هەڵنەسـتێت هەوڵنـەدات بـۆ ڕەزامەندی خودا و سەرفرازی دوا ڕۆژ، كە هەوڵیدا ئەوكات بە گوێرەی هەوڵدانەكەی ئەو كۆسپ و تەگەرانەی بۆ ڕوون دەبێتەوە و هەستی پێدەكات كە ڕێگرە لەبەر ئەو كارانەی بۆ خوا دەیكات، بەڵام ئەگەر دانیشتبێ و هیچ هەوڵێك نەدات بۆ ڕەزامەندی خودا ئەوە هیچ لەو كۆسپانەی بۆ ڕوون نابێتەوە.

بەڵام (العلائق) جگە لە خوا و پێغەمبەر، ئەو شـتانە دەگرێتـەوە كـە دڵ پێـوەی پەیوەست دەبێت وەك: ئارەزوواتی دنیـا و نـاوداری و هاوڕێیـەتی و تێكـەڵ بـوون و پەیوەست بوون پێیانەوە.

هـیچ ڕێگایـەكیش نیـە مـرۆڤ لـەو سـیانەی باسمـان كـرد ڕزگـار بكـات ــ واتـە: (عادات)و(العوائق)و(العلائق) ــ تەنها یەك ڕێگا هەیە ئەویش دڵ پەیوەست بوونە بە

ئامانجی گەورە ـ کە ڕەزامەندی خوایە ـ ئەگەرنا ڕزگاربوون لێی مەحاڵە، چونکە نەفس شتێك جێ ناهێڵێت کە خۆشی دەوێ و پێوەی هۆگر بووە، مەگەر بۆ شتێك لەو خۆشەویستتر و چاکتر و گرنگتر بێت لەلای.

کەواتە: هەر کاتێك دڵی زیاتر پەیوەست بێت بەو شتەی حەزی لێیەتی ئەوە پەیوەست بوونی دڵی بە شتی ترەوە بێ هێز دەبێت، چونکە دڵ پەیوەست بوون بە شتێکەوە نیشانەیە بۆ ئەوەی کە زۆر حەزی لێیەتی.

دەبینین لەو کاتەوەی خوای گەورە پێغەمبەریﷺ بەرز و شکۆدار کردەوە، خەڵکی هەموو ئاتاجی بوون لە دنیا و قیامەت.

جا ئاتاجیان بە پێغەمبەرﷺ لە دنیادا زۆر پێویستترە لە ئاتاجیان بە خواردن و خواردنەوە و هەناسە کە ژیانی جەستەیانی پێوە بەندە.

بەڵام ئاتاجیان بە پێغەمبەرﷺ لە قیامەت، ئەوەیە کە دێن داوا لە پێغەمبەران دەکەن کە داوایان بۆ لە خوا بکەن لەو تەنگەبەریە ڕزگاریان بکات، پێغەمبەران هیچیان بۆ ناکەن تەنها (محمد)ﷺ داوایان بۆ لە خوا دەکات، هەر ئەویشە کە دەرگای بەهەشتیان بۆ دەکاتەوە.

نیشانەی کامەرانی و سەرگەردانی مرۆڤ

نیشانەی کامەرانی و سەرفرازی مـرۆڤ، ئەوەیـە هـەرکاتێك زانـست و زانیـاری زۆر بوو تەوازوع و بەزەی زیاتر بێت، ئەگەر کار و کردەوەی زۆرتر بوو دەبێت ترسی لـە خوا زیاتر بێت، ئەگەر بە تەمەنتر بوو دەبێت چاو تێرتر بێت، ئەگەر مـاڵ و سـامانی زیاتر بوو دەبێـت زیـاتر سـەخی و بەخـشەر بـێ، ئەگـەر قـەدر و شـکۆی زیـاتر بـوو دەبێت لە خۆبایی نەبێ و لە خەڵکی نزیك بێتەوە و ئاتاجیەکانیان بۆ دابین بکات.

نیشانەی خراپی و سەرگەردانی مـرۆڤیش، ئەوەیـە هـەرکاتێك زانـست و زانیـاری زیاد بێت زیاتر لە خۆبایی دەبێت، ئەگەر کار و کردەوەی زیاتر بێـت زیـاتر شـانازی دەکا و خەڵك بە کەم دەزانێ و لە خۆبایی دەبێت، ئەگەر قەدر و شـکۆی زیـاتر بـوو زیاتر فیزاوی و لە خۆبایی دەبێت.

ئەوانەی باسمان کرد تاقی کردنەوەی خوای گەورەیە بۆ بەندەکانی، جـا هێنـدێ کەس دەرناچن لەو تاقی کردنەوەیە و پێی گومڕا دەبن، هێندێکیش پێی سـەرفراز دەبن.

بەهەمان شێوەش ڕێزلێنانی مرۆڤیش هەر تاقی کردنەوەی خوایە، وەکو مولـك و دەسـەڵات و مـاڵ و سـامان خـوای گـەورە لەسـەر زمـانی پێغەمبـەر (سـلیمان)دا دەفەرمووێ: کاتێك (سلیمان) بینی کۆشکی (بلقیس) لەلایەتی فـەرمووی: ﴿هَٰذَا مِن فَضْلِ رَبِّي لِيَبْلُوَنِي أَأَشْكُرُ أَمْ أَكْفُرُ﴾ (النمـل:٤٠)، واتــە: ئەمـە لـە فـەزڵ و بەخشـشی پەروەردگارمەوەیە بۆ ئەوەی تاقیم بکاتـەوە کـە ئایا سوپاسـگوزار دەبم بەرانبـەر ئەو فەزڵەی لەگەڵی کردووم یان سپڵە و بەدنمەك دەبم.

کـەوابوو: نیعمـەت و بەخـشیش بـۆ مـرۆڤ هـەر تـاقی کردنـەوەی خوایـە، تـاکو سوپاسگوزار و سـپڵە و بەدنمـەك لێـك جیـا بکاتـەوە، هـەر وەکـو ناخۆشـیش تـاقی

کردنـەوەی خوایـە، چـونکە خـوای گـەورە خـەڵکی تـاقی دەکاتـەوە بـە خۆشـی و نیعمەت، هەر وەکـو چۆن تاقیـان دەکاتـەوە بـە ناخۆشـی و نـەهات خـوای گەورە دەفـــــەرمووێ: ﴿فَأَمَّا ٱلْإِنسَٰنُ إِذَا مَا ٱبْتَلَىٰهُ رَبُّهُۥ فَأَكْرَمَهُۥ وَنَعَّمَهُۥ فَيَقُولُ رَبِّىٓ أَكْرَمَنِ ﴿١٥﴾ وَأَمَّآ إِذَا مَا ٱبْتَلَىٰهُ فَقَدَرَ عَلَيْهِ رِزْقَهُۥ فَيَقُولُ رَبِّىٓ أَهَٰنَنِ ﴿١٦﴾﴾ (الفجـر:١٥ــ١٧)، واتــە: مـرۆڤ کاتێـك پـەروەردگاری تـاقی دەکاتـەوە بـەوەی ڕێـزی لێ دەنێـت و نـاز و نیعمـەتی بەسەردا دەڕژێنێت ئـەوە دەڵێـت: پـەروەردگارم ڕێـزی لێنـاوم، بـەڵام کاتێـك تـاقی دەکاتەوە و ڕزق و ڕۆزی کەمی پێدەبەخشێت و لێـی دەگرێتـەوە دەڵێـت: وا دیارە پەروەردگارم ڕقی لێمە و ڕیسوای کردووم.

نەخێر وانیە.. بەو شێوەیەی ئـەوان بـیری لێدەکەنـەوە کـە هـەر کەسـێك خـوای گەورە ناز و نیعمەتی بەسەردا ڕژاند ئەوە ڕێزی لێناوە و خـوا خۆشـی دەوێـت، یـان هـەر کەسـێك ڕزق و ڕۆزی لێگرتبێتـەوە و تـاقی کردبێتـەوە ئـەوە ڕقـی لێـی بـێ و ڕیسوای کردبێت.

بناغەی کارەکانت پتەو بکە

ئەگەر هەر کەسێك دەیەوێت ساختومانەکەی بەرز و بڵند و نایاب بێت، ئەوە پێویستە بناغەکەی پتەو و بەهێز بکات، چونکە بەرزی بینا و ساختمان پەیوەستە بە پتەوی بناغە و بنچینەکەی.

جا کاروکردەوەی مرۆڤیش وەکو ئەو بینا و ساختمانە وایە کە ئیمان بناغەکەیەتی، کەوابوو: ئەگەر هاتوو ئەو ساختمانە بناغەکەی ـ کە ئیمانە ـ پتەو بوو، ئەوە بینا و ساختمانی بەرز و بڵند لەسەریدا خۆی دەگرێت، هەر کاتێکیش هێندێك لە ساختمانەکەی ڕووخا دەتوانێت فریای کەوێت و چاکی بکات.

بەڵام ئەگەر بناغەکەی پتەو نەبوو، ئەوە بینا و ساختمانی لەسەر جێگیر نابێ و بڵند نابێتەوە، ئەگەر هێندێکیش لە بناغەکە تێك چوو ڕووخا ئەوە بینا و ساختمانەکە هەر هەمووی دەڕووخێت یان نزیکە وای لێبێت.

بەڵێ: مرۆڤی خواناس کۆشش دەکات بۆ پتەو کردن و ڕاستکردنەوەی بناغەی کارەکانی ـ کە بە هێزکردی ئیمانەـ بەڵام مرۆڤی نەزان تەنها هەوڵدەدات بینا و ساختمانەکەی بەرز و بڵند بێت و هیچی تر، گێش ناداتە پتەوی بناغەکەی خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿ أَفَمَنْ أَسَّسَ بُنْيَـٰنَهُۥ عَلَىٰ تَقْوَىٰ مِنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنٍ خَيْرٌ أَم مَّنْ أَسَّسَ بُنْيَـٰنَهُۥ عَلَىٰ شَفَا جُرُفٍ هَارٍ فَٱنْهَارَ بِهِۦ فِى نَارِ جَهَنَّمَ ﴾ (التوبة: ١٠٩)، واتە: ئایا ئەو کەسە چاکترە کە بیناکەی لەسەر بنچنەی تەقوا و لە خوا ترسان دروست کردبێت و ڕەزامەندی خوای مەبەست بێت؟! یاخود ئەو کەسەی کە بیناکەی لەسەر لێواری کەندەلانێکی بێهێز و ڕووخاو دامەزراندبێت، ئینجا لەگەڵ خۆیدا بڕوخێتە ناو ئاگری دۆزەخ.

بناغە بۆ کارەکانی مرۆڤ وەك هێزی بەرگری وایە بۆ لاشەی مرۆڤ، ئەگەر هێزی لاشەی پتەو بێت، ئەوە لاشەی بەهێز دەبێت و زۆرێك لە بەلای لێ دوور دەکاتەوە،

بەڵام ئەگەر هێزی لاشەی پتەو نەبێت، ئەوە لاشەی بێ هێز دەبێت و زوو تووشی بەلا دەبێت.

کەواتە: تۆش بناغەی کارەکانت بە ئیمان پتەو بکـە، چونکە ئەگـەر کارەکانـت لەسەر ئیمانێکی پتەو بیناکردبوو، ئەوە ئەگەر هاتوو هێندێ لەسەرەوەی بیناکـەش رووخا دەتوانی بە ئاسانی فریای بکەوی ـ واتە: ئەگەر تووشـی خراپـەیـەکیش بـوو ئەوە چونکە ئیمانێکی پتەوت هەیە دەتوانی فریای بکەوی ـ بـەڵام ئەگـەر بناغـەی کارەکانت پتەو نەبوو ـ کە خراپەیەك رووت تێدەکات ـ هیچت بۆ ناکرێت.

بناغەی کارەکانیش دوو جۆرە:

یەکەم: بناغەی کارەکانت پتەو بکـەی بـە ناسـینی خـوا و سـنوورەکانی و نـاو و سیفاتەکانی.

دووەم: بناغەی کارەکانت پتەو بکەی بـە خـۆ یـەکلایی کردنـەوە بـۆ ملکەچـی و گوێڕایەڵی کردنی خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ.

ئەمە چاکترین و پتەوترین بناغەیە کە مـرۆڤ سـاختمانی کارەکـانی خـۆی لەسـەر بینا بکات، ئەگەر وابوو ئەوکات هەر چەند حەز بکات دەتوانێت بیناکەی بەرز و بڵند بکات.

بەڵێ: هیمەت بدە خۆتـو و بناغـەی کارەکانـت پتـەو بکـە بـە ئیمـان، بـەهێزیش بپارێزە، بەردەوامبە لەسەر حیمایـە کردنـی، ئاگـاداریش بـە شـتی خراپـەی لەگـەڵ تێکەڵ نەبێت، ئەگەر وات کرد ئەوکات دەگەی بە مەبەستی خۆت.

جا ئەگـەر سـاختمانەکەت تـەواو بـوو، ئـەوە بـە ڕەوشـت جـوانی و چـاکە کـردن بەرانبەر خەڵکی بیڕازێنەوە، پاشان بـە پـەرژینی ئاگـاداری دەوری بـدە بـا دووژمـن دەستی نەیگاتێی و داینەبڕێت، پاشان دەرگاکان داپۆشە، پاشان دەرگا گەورەکەی ساختمانەکەت ـ کە زمانە ـ قوفڵ بدە بە قسە نەکردن لـەو شـتانەی کـە مەترسـی هەیە بۆ دوارۆژت، پاشان کلیلێکی لە زیکری خوا بۆ درووست بکە کە بەو بکرێتەوە و دابخرێت، کە هەر کاتێك ویستت بیکەیەوە ئەوە بەو بیکەیەوە و دایبخەیت، ئەگەر

بەو شێوەت کرد ئەوکات دەکات تۆ قەڵایەکی قەڵغانیت پێکهێناوە کە هەرگیز دووژمن ناتوانێت زەفەرت پێ بەرێت، دووژمن بە دەوری قەڵایەکەدا دەسوڕێت دەبینێت هیچ ڕێگایەك نیە بچێتە ژوورەوە بۆیە بێ ئومێد دەبێت.

پاشان هەموو کاتێك زۆر ئاگاداری قەڵاکەت بە، چونکە دووژمن ئەگەر نەتوانێت بە دەرگاش بێتە ژوورەوە، ئەوە بە پێمەڕەی گوناه دیواری قەڵاکەت لێ کون دەکات، جا ئەگەر تۆش فەرامۆشت کرد ئەوە زۆر بە ئاسانی دەگاتە ناو قەڵاکەت ئەوکاتیش دەرکردنی زۆر ئاستەمە، کە هاتە ناوەوەش کار بۆ سێ شت دەکات:

١. یان کار دەکات بۆ ئەوەی باڵادەست بێت بەسەر قەڵاکەدا.

٢. یان کار دەکات بۆ ئەوەی لەگەڵ تۆدا جێنشین بێت تیایدا.

٣. یان کار دەکات بۆ ئەوەی سەرقاڵت بکات لەو شتانەی سوودی بۆ تۆ هەیە.

ئاگاداربە ئەگەر ئەو دووژمنە هاتە ناو قەڵاکەت، ئەوە سێ زەرەری بۆ تۆ هەیە:

١. قەڵاکەت لێ گەندەڵ دەکات.

٢. دەست بەسەر بەروو بوم و کەل و پەلەکەی دادەگرێت.

٣. دەبێتە چاو ساغی ئەو دزانەی کە وەکو خۆیەتی، جا بەردەوام بەسەرتدا دەدەن تاکو بێ هێز و شەکەت و ماندووت دەکەن، بەم شێوە تۆش دەستی لێ هەڵدەگری و قەڵاکەی بۆ جێ دەهێڵیت.

بەڵێ: ئەوە حاڵی زۆربەی خەڵکیە لەگەڵ ئەم دووژمنەیان، هەر بۆیەش دەبینی لەبەر خاتری نەفسیان خوا لە خۆیان توورە دەکەن، بەڵکو لەبەر خاتری مرۆڤێکی وەکو خۆیان کە نە زەرەر و نە قازانجی لە دەست دێت خوا لە خۆیان توورە دەکەن، دینەکەیان دەفرۆشن بە ماڵی دنیا، نەفسی خۆیان بە فیڕۆ دەدەن بۆ شتێك کە بۆیان نامێنێت، لەسەر دنیا سوورن لە کاتێکدا دنیا پشتی لەوان کردووە، دوا ڕۆژیان فەرامۆش کردووە لە کاتێکدا دوا ڕۆژ بەرەو ڕوویان دێت، شوێنی هەوا و ئارەزووی خۆیان کەوتوونە و پشتیان لە پەروەردگاریان کردووە، خەریکن بە دنیاوە و باسی دەکەن بەڵام مردنیان لە بیر چووە و باسی ناکەن، خەریکی هەوا و ئارەزووی خۆیانن پەیمانی خوایان لە بیر نیە، بە دنیا دڵخۆشن و لەسەر نەمانی دڵ

تەنگن، کەچی بە فەوتانی بەهەشت دڵ تەنگ نابن، دڵخۆش نابن بە ئیمان وەکو دڵخۆشن بە دینار و درهەم، حەق بە نا حەق پیس دەکەن، هیدایەت بە گومڕایی پیس دەکەن، چاکە بە خراپە پیس دەکەن، ئیمان لەگەڵ گومان تێکەڵ دەکەن، حەڵاڵ لەگەڵ حەرام تێکەڵ دەکەن، پشتیان لەو هیدایەتە کردووە کە خوا بۆی ناردوونە.

لە هەمووشی سەیرتر ئەوەیە کە ئەو دووژمنە کاتێك دەست بەسەر قەڵاکە دەگرێت، خاوەن قەڵاکە بەکار دێنێت بۆ وێران کردنی قەڵاکە بەدەستی خۆی.

سەرچاوەکانی کوفر

سەرچاوەکانی کوفر چوار شتە:

١. الکبر: خۆ بەگەورەزانی.

٢. الحسد: حەسوودی.

٣. الغضب: تــووڕەیی.

٤. الشهوة: ڕابواردن و ئارەزووات.

خۆبەگــەورەزانی ڕێگــا بــە مــرۆڤ نــادات ملکــەچ و گوێرایــەڵ بێــت بــۆ خــوا.. حەسوودیش ڕێگا بە مرۆڤ نادات گوێ بۆ ئامۆژگاری شلکا و ئامۆژگاری وەرگرێت.. تووڕەیش ڕێگا بە مرۆڤ نادات دادپەروەر بێت.. شـەهوەت و ئـارەزوواتیش ڕێگـا بـە مرۆڤ نادات هەڵسێ بە بەندایەتی خوا.

ئەگــەر هــاتوو مــرۆڤ هێــزی دایــە بــەر خــۆی و خۆبەگــەورەزانی لــە نــاخی خۆیــدا ڕووخاند ڕێگای ملکەچی و گوێڕایـەڵی بـۆ ئاسـان دەبێـت، ئەگـەر حەسوودیـشی لـە نـاخی خۆیـدا ڕووخانـد ڕێگـای وەرگـرتنی ئامۆژگـاری بـۆ ئاسـان دەبێـت، ئەگـەر تووڕەییـشی لـە نـاخی خۆیـدا ڕووخانـد دادپـەروەری بـۆ ئاسـان دەبێـت، ئەگـەر شەهوەت و ئارەزوواتیشی لە ناخی خۆیدا ڕووخاند ڕێگای ئارامگرتن و داوێـن پـاکی بەندایەتی بۆ ئاسان دەبێت.

بەڵام ئەگەر کەسێك بەمانەوە گـیری خواردبێـت، ئـەوە لابردنـی چیا لـە شـوێنی خۆی زۆر ئاسانترە لەلای لەو چوارە، بە تایبـەت ئەگـەر ئەمانـە بووبێـت بـە خـوو و مەلەکـە و سـیفات، ئـەوکات زۆر ئاسـتەمە کـاری لەگەڵـدا بکرێـت، بۆیـە هـەرکاتێك بیەوێت کارێك ئەنجامدات ئەوە ئەم چوارە لێی فەساد دەکات، سەرچـاوەی هـەموو خراپەیەکیشی لەم چوارەوەیەوە سەرهەڵدەدات.

ئەگەر بێتوو ئەم چوارە بەسەر دڵیدا زاڵ بوو، ئەوە ناحەق بە حەق دەبینێت، حەقیش بە ناحەق دەبینێت، چاکە بە خراپە دەبینێت، خراپەش بە چاکە دەبینێت، دنیای لێ نزیك دەبێتەوە دواڕۆژیشی لێ دوور دەکەوێتەوە.

ئەگەر وورد بینەوە لە سەرچاوەی کوفری گەلانی پێشوو، ئەوە دەبینین لەو چوارە هەڵقوڵاوە، هەر لەسەر ئەمەشە سزادراوون، جا کەم و زۆری سزاکە بە ئەندازەی کەم و زۆری ئەم چوارەیە.

کەواتە: هەر کەسێك ئەم چوار دەرگایە لەسەر خۆی دابخات، ئەوە هەموو دەرگاکانی خراپەی لەسەردا دادەخرێت، چونکە ئەم چوارە ڕێگا بە مرۆڤ نادەن کە ملکەچ و ئیخلاص و تەوبە کار بێت و حەق و ئامۆژگاری موسڵمانان وەربگرێت و تەوازوعی بۆ خوا و بەندەکانی خوا هەبێت.

سەرچاوەی هەلقوڵانی ئەم چوارەش لە ناخی مرۆڤدا ئەوەیە کە ئەو مرۆڤە بە چاکی پەروەردگاری نەناسیوە و نەفسی خۆی نەناسیوە، چونکە ئەگەر پەروەردگاری بناسیبایە بەوەی کە خاوەنی هەموو سیفاتێکی بەرزو بڵندو بێ کەم و کورتیە، نەفسی خۆشی بناسیبایە بەوەی کە پڕە لە کەم و کورتی، دڵنیابە ئەوەهەرگیز خۆی بە گەورە نەدەزانی و تووڕە نەدەبوو و حەسوودیشی بەکەس نەدەبرد و بەو شتەی کە خوا پێیداوە، لەبەر ئەوەی لە ڕاستیدا حەسوودی جۆرێکە لە دووژمنایەتی کردنی خوا کە پێی ناخۆشە خوا ئەو نیعمەتەی بە بەندەی خۆی بەخشیوە لە کاتێکدا کە خوا خۆی پێی خۆشە، پێی خۆش نیە ئەو نیعمەتە لەسەر ئەو بەندەیەی لاچێت لەکاتێکدا خوا پێی خۆشە لەسەری لاچێت.

ئەمەش دژایەتی (القضاء و القدر) و حەز و پێناخۆشی خوایە، بۆیە (ابلیس) دووژمنی ڕاستەقینەی خوایە، چونکە گوناهەکەی هەڵقوڵاوی خۆبەگەورەزانی و حەسوودی بوو.

هەڵکێشانی ئەم دوو ڕەوشتەش (کبر) و (حسد) بە ناسینی خواو یەکتاپەرستی دەبێت، بە ڕازی بوونی بە بڕیاری خوا و گەڕانەوەی بۆ لای خوا دەبێت.

هەڵکێشانی تـووڕەیش بـە ناسینی نەفسی خـۆی دەبێـت، بـەوەی کـە نەفـسی شیاوی ئـەوە نیـە لەبـەر خـاتری ئـەو تـووڕە بێـت و تۆڵـە بسێنێت، چـونکە ئـەوە هەڵبژاردنی نەفسە بەسەر ئـەو پـەروەردگارەی دروسـتی کـردووە، بـە سـوودترین و گرنگترین شتیش کە ئەم بەڵایەی پێ لە خـۆی دوور بکاتـەوە، ڕاهێنـانی نەفـسیەتی لەسەر ئەوەی کە لەبەر خاتری خوا تووڕە بێت و ڕەزامەندیشی هـەر لەبـەر خـاتری خوا بێت، کەوابوو هەرکاتێك لەبەر خوا تووڕە بـوو و ڕازی بـوو، ئـەوە تـووڕەیی بـۆ نەفسی خۆی و ڕەزامەندی بۆ نەفسی خۆی نامێنێت.

دەرمـانی ئـارەزوواتیش زانـست و زانیـاری درووسـتە، چـونکە زانـست و زانیـاری درووست وا لە مرۆڤ دەکات کە چاو ساغ بێت بەرانبەر بە ڕاستی شتەکان.

(الغضب) تووڕەیی، وەکو ئاژەڵی دڕنـدە وایـە، هـەر کاتێـك خاوەنەکـەی لـە نـاو چوو دەست دەکات بە خواردنی.

(الشهوة) ئارەزووات، وەکو ئاگر وایە، ئەگـەر خاوەنەکـەی هـەڵی گیرسـاند گڕپـە دەکا و دەیسوتێنێ.

(الكبر) خۆبەگەورەزانی، وەکو لێ گرتنەوەی موڵکی مەلیکە، ئەگـەر بـە هیلاکـت نەبات ئەوە دەرت دەکات.

(الحسد) ئێرەیی، وەکو دژایەتی کردنی کەسێکە کە لە تۆ بە هێزترە.

باسێكی زۆر گرنك و بە سوود

ئەوانەی خوا ناناسن و ناو و سیفاتە بەرزەكانی خوا ناناسن، خەڵكی لە خوا تووڕە دەكەن، خەڵكی سارد دەكەنەوە لەسەر خۆشەویستی خوا و بەندایەتی كردنی.

ئەوانە بۆ ئەوەی خەڵكی لە خوا دووربخەنەوە چەند ڕێگایەك دەگرنە بەر لەوانە:

یەكێك لەو ڕێگایانەی خەڵكی پێ لە خوا دوور دەخەنەوە ئەوە لە دڵی خەڵكی ئیمان لاواز دەچێنن كە ئەگەر هەر چەندیی بەندایەتی خوا بكەی بێ سوودە، دەڵێن: چونكە بەندە دڵنیا نیە لە مەكری خوا، لەبەر ئەوەی جاری وا خوا مرۆڤی بە تەقوا لە (محراب)ی مزگەوت بەدەر دەنێت بۆ مەیخانە، لە یەكتاپەرستی و تەسبیحاتی خوا سەرگەردانی دەكات بۆ شیرك و گەمە و گاڵتە و هەڵپەركێ، خوا دڵی مرۆڤی ئیماندار هەڵدەگەڕێنێتەوە بۆ كوفر، بەڵگەش بەم ئایەتە دێننەوە: ﴿أَفَأَمِنُوا۟ مَكْرَ ٱللَّهِ ۚ فَلَا يَأْمَنُ مَكْرَ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْخَٰسِرُونَ﴾ (الاعراف:٩٩)، واتە: ئایا دڵنیا بوون لە مەكری خوا؟! بێگومان كەس دڵنیا نابێت لە مەكری خوا جگە لەو كەسانە نەبێت كە خەسارەت مەندن.

ئەو ئایەتەش بەڵگە دێننەوە: ﴿وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ يَحُولُ بَيْنَ ٱلْمَرْءِ وَقَلْبِهِۦ﴾ (الانفال: ٢٤)، واتە: بێگومان ئەوە بزانن كە خوای گەورە بەربەست دەكاتە نێوان مرۆڤ و دڵیەوە.

(ابلیس)یش دەكەن بە بەڵگە لەسەر ئەو بۆچونانەیان دەڵێن: (ابلیس) تاووسی مەلائیكەت بوو كەچی خوای گەورە ئەوها سەرگەردانی كرد، كەچی قەدەر و حیكمەتی خوا ئەو پاكەی گۆڕی و كردی بە خراپترین شت.

هێندێ لە زاناكانیان دەڵێن: (انك ينبغي أن تخاف الله كما تخاف الأسد، الذي يَثِبُ عليك بغير جُرْمٍ منك ولا ذنب أتيته إليه) واتـە: پێویستە بـەو شێوە لـە خـوا بترسـێ كە چۆن لـە شێر دەترسـێ، چونكە شێر بـێ ئـەوەی هـیچ تاوانـت كردبێ پـڕت دەداتێ.

بەڵگەش بەم حەدیسەی پێغەمبەر ﷺ دێننەوە: ((إن أحَدكُم لَيَعْمَلُ بعَمَلِ أهْلِ الجنَةِ حَتى ما يكونُ بَيْنَـهُ و بينها إلا ذراعٍ فيسبق عليهِ الكتاب فَيعمَلُ بعَمل أهْل النارِ فَيدخلها))[1]، واتـە: هێندێ كەس لە ئێوە كاری بەهەشتی ئـەنجام دەدات، هـەتا لـە بەهەشت نزیك ئەبێتەوە بە ئەندازەی قۆڵێك، جا كتێبەكەی پێشی دەكەوێ ــ كە نووسراوە دۆزەخیە ــ بۆیە دەست دەكات بە كاری دۆزەخی و دەچێتە دۆزەخ.

دەڵێن: هێنـدێ لـە (السلف)یش فەرموویانـە: (أكبرُ الكبائر الأمن من مَكْرِ الله و القنوط من رحمة الله) واتـە: گـەورەترینی گوناهـەكان دڵنیـا بوونـە لـە مـەكری خـوا و نومێد بوونە بە ڕەحمەتی خوا.

جا بنچینە پوچەكانیان بەم شێوە ڕیز دەكەن، كـە ئینكـاری كردنـی حیكمـەت و تەعلیل و ئەسبابی خوایە، ئەوانە بڕوایان وایە كە خوای گەورە نە بە حیكمەت و نـە بە (سبب) كاردەكات، بـەڵكو هـەروا چـی بوێـت دەیكـات، كـە دەتوانێـت بەنـدەی ملكەچی خۆی تووندترین سزا بدات، دووژمنان و گوناه كـارانیش چـاكترین پاداشـت بكات، بەڵكو چاكەكار و تاوانبار بە نیسبەت خوا وەكو یەكـە.

---

(١) صحيح: رواه البخاری (٦/٢٢٠)، ومسلم (٢٦٤٣)، و ابو داود (٤٧٠٨)، والترمذی (٢١٣٨)، وابن ماجه (٧٦).

وەڵامدانەوەی گومانە پوچەکەیان:

ئەوە چۆن دەبێت کە ئێمە گوێڕایەڵی خوا بکەین، واز لە خۆشی و ئارەزرووانی دنیا بهێنین، بەندایەتیش ئەنجام بدەین، لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیا نەبین لە خوا بڵێین: لە ئیمانەوە وەرمان دەگێڕێت بۆ کوفر، لە یەکتاپەرستیەوە وەرمان دەگێڕێت بۆ شیرك، لە بەندایەتی وەرمان دەگێڕێت بۆ گوناە و تاوان، لە چاکەوە وەرمان دەگێڕێت بۆ خراپە، سزامان دەدات، ئەگەر وابێت دەکات ئێمە خەسارەت مەندی دنیا و قیامەت دەبین.

خوای گەورە ئەوەی بۆ ڕوون کردۆتینەوە کە خەڵکی بەگوێرەی کارەکانیان حیسابیان لەگەڵدا دەکرێت، پاداشت و سزا بەپێی کردەوەکانیان دەبێت، چاکەکار ناترسێ ستەمی لێ بکرێ و مافی بخورێ، ناترسێ لەوەی کردەوە چاکەکانی بێ نرخ تەماشا بکرێت، لە گوناهیشی چاوپۆشی نەکرێت، چونکە خوای گەورە هەرگیز چاکەی چاکەکاران بە فیڕۆ نادات، بەڵکو ئەگەر بێتووچاکەی بەندە بە ئەندازەی گەردیلەیەکیش بێت ئەوە لەلای خوای گەورە بە فیڕۆ ناچێت و ستەم لە کەس ناکرێت خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَإِن تَكُ حَسَنَةً يُضَـٰعِفْهَا وَيُؤْتِ مِن لَّدُنْهُ أَجْرًا عَظِيمًا﴾ (النساء:٤٠)، واتە: ئەگەر مرۆڤ چاکەیەکی هەبێت ئەوە خوای گەورە بۆی چەند بەرانبەر دەکات و لەلایەن خۆیەوە پاداشتی گەورە و بێ سنووری پێ دەبەخشێت.

بەڵێ: ئەگەر چاکەی مرۆڤ بە ئەندازەی گەردیلەیەکیش بێت، ئەوە خوای گەورە پاداشتی دەداتەوە و بە فیڕۆی نادات، بەڵام سزای تاوان هەر تاوانێکە و زیاد ناکات لەگەڵ ئەوەشدا بە تەوبە و پەشیمانی و ئیستیغفار و چاکە ناخۆشیش نامێنێت، کەچی چاکە یەك بە دەیە واتە: بەرانبەر یەك چاکە خوای گەورە دە پاداشتی

دەداتەوە، بەڵکو لەوەش زیاتری دەکات بۆ حەوت سەد قات، بەڵکو لەوەش زیـاتری دەکات بۆی.

خوای گەورە مرۆڤی خراپەکار چـاك دەکـات، تەوبـە لـە تاوانبـاران و گوناهبـاران وەردەگرێت، ئەوانەی بە هیلاك چوونە و گومڕا و سەرگەردان بوونە ڕزگاریان دەکات و هیدایـەتیان دەدات، نـەفام و نـەزانان هۆشـیار و دانـا دەکـات، چـاو سـاغی بـە سەرلێشێواوان دەبەخشێ، بێ ئاگایـان بـە یـاد دێنێتـەوە، بـەڵام مـرۆڤ کاتێـك خـوا سزای دەدات کە لە سنوور دەرچێت و سەرکەشی بکات، ئـەو سـزایەی خـواش دوای ئەوە دێت کە چەندین جار بانگی کردوون بۆ ئیمان هێنان بەخوا و پەروەرگاریەتی و فەرمانەکانی، کەچی ئەوان هەر سەرکەش بوونە، تاکو ئەو کاتەی کـە هـیچ ئومێـدی وەڵامدانەوە و دان هێنان بە یەکتاپەرستی و پەروەردگاریەتی خوایە تیان نامێنێـت، ئا ئەوکات خـوای گـەورە بـەهۆی کـوفر و سەرکەشـی و دان نەهێنانیانـەوە سـزایان دەدات، بە جۆرێك کە ئەوکات مرۆڤ خۆی دان بـە هەڵـەی خـۆی دەنێـت و دان بـەوە دەنێت کە خوا ستەمی لێ ناکات، هەر وەکو خـوای گـەورە دەربـارەی دۆزەخیـەکان دەفـــەرمووێ: ﴿فَٱعۡتَرَفُواْ بِذَنۢبِهِمۡ فَسُحۡقٗا لِّأَصۡحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ﴾ (الملـك:١١)، واتـــە: بـــە ناچـاریی و خەجاڵەتیـەوە دان بـە گونـاه و تـاوانی خۆیانـدا دەنـێن، دووریـی لـە میهرەبانی خودا بۆ هاوڕێیانی دۆزەخ.

خوای گەورە دەربارەی ئەوانەی لە دنیادا بە هیلاکی بردوون دەفەرمووێ: کاتێك هەستیان کرد کە سزای خوا بەرەو ڕوویان هاتووە و خەریکە یەخەیان بگرێت دەیان گـــــووت: ﴿ قَالُواْ يَٰوَيۡلَنَآ إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ١٤ فَمَا زَالَت تِّلۡكَ دَعۡوَىٰهُمۡ حَتَّىٰ جَعَلۡنَٰهُمۡ حَصِيدًا خَٰمِدِينَ ﴾ (الأنبياء:١٤ـ١٥)، واتـە: هاوار بۆ ئێمـە بەڕاسـتی ئێمـە ستەمکار بووین، بەردەوام هەر ئەوە قسەیان بوو، هەتا هەموویانمان لە ناوبرد و لە جێگاکانی خۆیاندا وەك دەغڵێکی دروێنەکراو هەناسەمان لێبڕین و کوژاندمانەوە.

خاوەن باخەکەش کاتێك باخەکەی خۆیانی بینـی خـوا خراپـی کـردووە گوتیـان:

﴿قَالُواْ سُبۡحَٰنَ رَبِّنَآ إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ﴾ (القلم:٢٩)، واتــە: گوتیـان، پـاکی و بێگـەردی بـۆ پەروەردگارمانە، بەڕاستی ئێمە ستەمکار بووین.

خـــوای گـــەورە دەفـــــەرمووێ: ﴿فَقُطِعَ دَابِرُ ٱلۡقَوۡمِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْۚ وَٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ (الأنعام: ٤٥) واتـە: ئەو گەلەی پیشەیان ستەم بوو بنبڕ کران، سـوپاس و ستایش بۆ خوای (رب العالمین).

ئەو بنبرکردن و لـەوناو بردنـە سوپاسـی پـەروەردگاری لەسـەر دەکرێت، لەبـەر حیکمەت و دادپەروەری کارەکەی، کە سزای کەسێك دەدات شیاو بێت بەو سزایە.

بەڵـێ: خوای گەورە سزای کەسێك دەدات، ئـەو کەسـە خـودا سـزای داوە ئەگـەر تۆش بیناسی دەڵێیت: بەڕاستی ئەو سزایە شیاوی ئەو کەسەیە، ئەو تـەنها شـیاوی سزایە.

بۆیەش خـوای گـەورە ئـەوە ڕوون دەکاتـەوە کـە دوای ئـەوەی حـوکم لـە نێـوان بەندەکانیدا دەکات، هەر کەسێك چاکەکار و بەهەشـتی بـوو بـەرەو بەهەشـت بـەڕێ دەکرێ، هەر کەسێکیش خراپەکار و دۆزەخی بێت ئەوە بەرەو دۆزەخ بەرێ دەکرێ ئینجـا دەفـــەرمووێ: ﴿وَقُضِيَ بَيۡنَهُم بِٱلۡحَقِّ وَقِيلَ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾(الزمـر: ٧٥)، واتـە: حوکم و بڕاری خـوای گـەورە بـە دادپەروەرانـە لـە نێوانیانـدا جێبـەجێ کـرا، ئینجا دەگووترێ (الحمد لله رب العالمین).

لێرەدا (فاعل)ی ئەو ووتەی (الحمد لله رب العالمین) (حذف) کراوەو دیار نیە، بۆ ئەوەی هەست بـە گـوتنی گشتی بکرێـت، واتـە: هـەموو بوونـەوەر پێکـەوە دەڵـێ: (الحمد لله رب العالمین) کاتێك دەبیستن خوای گەورە حوکم وبریارەکەی زۆر حەق و دادپەرورانە و بەخشندە بووە.

هـــەر بۆیـــەش لـــە بـــارەی دۆزەخیەکانـــەوە دەگـــوترێ: ﴿قِيلَ ٱدۡخُلُوٓاْ أَبۡوَٰبَ جَهَنَّمَ﴾(الزمر:٧٢)، واتـە: پێیان دەگوترێ: بە دەرگاکانی دۆزەخدا بچنە ژوورەوە.

وەکو ئەوە وایە کە بوونەوەر هەمووی وایان پێبلێت: ئەندامـەکانیان و ڕۆحیـان و زەوی و ئاسمانیش وایان پێ دەڵێت.

خـوای گـەورە ئـەوە ڕوون دەکاتـەوە ئەگـەر دووژمنـانی لەسـەر خراپـەکاری لـە ناوببات، ئەوە دۆستـەکانی لەبـەر چاکەکانیان ڕزگـار دەکـات، نـەوەك بـە هـەوەس هەموویان پێکەوە لە ناوببات.

هەر وەك (نوح) داوای لە خوا کرد کە کوڕەکەی ڕزگار بکات، بەڵام خوای گـەورە پێی ڕاگەیاند کە غەرقی دەکات لەبەر ئەو کـوفر و کـارە خراپانـەی ئـەنجامی دەدا، نەی فەرموو: بە هەوەس غەرقی دەکەم بەبێ هیچ گوناه و هۆیەك.

بێگومان خوای گەورە زەمانەتی داوە کـە ئەوانـەی لـە پێنـاوی ئـەودا دەجـەنگن زیاتر هیدایەتیان بدات و سەرفرازیان بکات، نە یفـەرمووە: سـەرگەردانیان دەکـەم و کارەکانیان بە هەدەر دەبـەم، هـەروەها زەمانەتیـشی داوە کـە ئـەو کەسـانە زیـاتر سـەرفراز و هیدایەتبـدا کـە تـەقوادارن و دوای ڕەزامەنـدی خـوا کەوتوونـە، ئـەوەش ڕوون دەکاتەوە کە کەسێك سەرگەردان و گومڕا ناکات، تەنها ئەو کەسانە نەبێت کە فاسق و پەیمانی خوایان هەڵوەشاندۆتەوە، ئەو کەسە گومڕا دەکات سـەرگەردانی و گومڕایی بەسەر سەرفرازی و هیدایەت هەڵدەبژێرێت، ئەوکات بەهۆی ئـەو کارەیـەوە خوا مۆر دەنێـت بەسـەر چـاو و دڵیـدا، ئەوەشـی ڕوون کردۆتـەوە کـە دڵـی کەسـێك وەردەگێڕێت کاتێك هیدایەتی خوای بۆ دێ پێی ڕازی نەبێ و ئیمانی پێ نـەهێنێ و پـشتی تـێ بکـات و ڕەتـی کاتـەوە، ئـەوکات لـە سـزای ئـەو کـارەی دڵ و بینینـی وەردەگێڕێت، خۆ ئەگەر خوای گەورە ئـەو کەسـەی گـومڕا و سـەرگەردانی کـردووە خێـری تیـا بـەدی بکردایـە، ئـەوە وای لێـدەکرد کـە حـەق و ڕاسـتی تـێ بگـا و هیدایەتیشی دەدا، بەڵام دیارە شیاوی بەخشش و ڕێزلێگرتنی خوا نیە.

خوای گـەورە بەڵگـە و نیشانەی بـۆ هێناونەتـەوە، ڕێگـای هیدایـەتی بـۆ ئاسـان کردوون، کەسیش گومڕا ناکات تەنها فاسق و ستەمکاران نەبێت، دڵی کەسیش مـۆر لێنادا تەنها ئەو کەسانە نەبێت کە لە سنوور دەرچوونە، کەسیش تووشی نەهامەتی ناکات مەگەر منافقەکان نەبێت، ئەو ژەنگەشی کە دڵی کافرانی پێ داپۆشتووە هـەر

بەهۆی بڕوا و کارە قێزەونەکانی خۆیانەوەیە هەر وەك خـوای گـەورە دەفـەرمووێ: ﴿كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ﴾(المطففـين:١٤)، واتـە: نـەخێر وانیـە بـەڵکو دڵیان ژەنگی هێناوە و چڵکی گوناه دایپۆشیوە بـەهۆی ئـەو کـار و کردەوانـەی کـە دەیانکرد.

خوای گـەورە دەربـارەی جوولەکـەکانش دەفـەرمووێ: ﴿وَقَوْلِهِمْ قُلُوبُنَا غُلْفٌ بَلْ طَبَعَ اللَّهُ عَلَيْهَا بِكُفْرِهِمْ﴾ (النساء:١٥٥)، واتـە: کە دەڵێن: دڵی ئێمە داخراوە و بەرگی پێوەیە ـ مەبەستیان ئەوەیە ئامادە نین گوێ بۆ هیچ ڕاستیەك بگرن ـ نـەخێر بـەو جۆرە نیە کە ئەوانە دەیڵێن: بەڵکو خوا مۆری ناوە بەسەر دڵ و دەروونیاندا بەهۆی بێ باوەڕ بوونیانەوە.

خوای گەورە ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە هیچ کەسێك گـومڕا ناکـات تـاکو ڕێگـای هـەموو شـتێکی بـە تـەواوی بـۆ ڕوون نەکاتـەوە، بـەڵکو مرۆڤەکـە بـۆ خـۆی خراپـە هەڵدەبژێرێت و گومڕایی و سەرگەردانی بەسەر هیدایەت و سەرفرازیدا هەڵدەبژێرێت.

وەڵامدانەوەی بەڵگە پوچەکانیان:

✓ دەربارەی (مەکر)ی خوا کە خۆی پێ وەسف کردووە، مەکری خـوا سـزایە بـۆ ئـەو کەسـانەی مـەکر لـە دژی دۆسـتان و پێغەمبـەرانی خـوا دەگێـڕن، جـا ــ ئـەو گرۆهەی پێشتر باسمان کـرد ــ مـەکرە پـیس و خراپەکـەی مـرۆڤ بـەراورد دەکـەن لەگـەڵ مـەکری چـاك و دادپەروەرانـەی خـودا، چـونکە مـەکری ئـەوان پیسـترین و خراپترین شتە، بەڵام مەکری خوا چاکترین شتە چونکە دادپەروەرانەیە.

✓ بە هەمان شێوەش (خداع) فێڵی خوا، سزایە بۆ ئەو کەسـانەی فـێڵ و تەڵەکـە لـە دژی دۆسـتانی خـوا و پێغەمبـەرانی خـوا دەگێـڕن، جـا (خـداع) و (مکـر)ی خـوا چاکترین شتە.

✓ دەربارەی ئەو حەدیسەش کە باسـی ئـەو کەسـە دەکـات: ((إن أحـدكم ليَعْمَـلُ

بِعَمَلِ أهْلِ الجنَةِ حَتى ما يكونُ بَيْنَه و بينها إلا ذراعٍ فيسبق عليةِ الكتاب فَيعمَلُ بِعَمل أهْل النارِ فَيدخلها))[1]، واتـە: هێنـدێ کـەس لـە ئێـوە کـاری بەهەشـتی ئـەنجام دەدات، هەتا لە بەهەشت نزیك ئەبێتەوە بە ئەندازەی قۆڵێك، جا کتێبەکەی پێشی دەکەوێ ـ کە نووسراوە دۆزەخیە ـ بۆیە دەست دەکات بە کاری دۆزەخی ودەچێتە دۆزەخ.

لێرە مانای ئەوەیە کە ئـەو کـارەی ئـەو کەسـە دەیکـات لـەلای خـەڵکی کـارێکی بەهەشتیە، ئەگینا ئەگەر بەڕاستی کارێکی چاك و پاك بایـە و بەهەشتی بایە، ئـەوە خوا ئەو کارەی لێ وەردەگرت و ئەو بەو کـارە خـوا لێـی خـۆش دەبـوو و لێـی ڕازی دەبوو، هەرگیز کارەکەی لێ پوچەڵ نەدەکردەوە.

بەڵام ئەگەر تێبینی بکەین کێشەکە لـە کۆتـای حەدیسەکەدایە ئـەویش ئەمەیـە: (لم یبق بینه و بینها إلا ذراع) جا لەم بارەیـەوە گـوتراوە: مـرۆڤ حیـسابی کۆتـایی بـۆ دەکرێـت، بـەڵام ئـەو کابرایـە ئـارامی نـەگرتووە تـا کۆتـایی، بـەڵکو لـە کارەکانیـدا کارەساتێکی نادیاری هەیە کە سـەرگەردانی دەکـات، وای لێدەکات تووشـی دۆزەخ بێـت و کـاری دۆزەخـی ئەنجامبـدات، ئـەگینا ئەگـەر بێتـوو هـیچ گەندەڵیـەك لـە کارەکانیدا نەبێت خوا ئیمانی لێ ناگۆڕێت، خوای گەورەش چاکتر بەنـدەکانی خـۆی دەناسێت لەوەی ئەوان کە یەکتر دەناسن.

✓ دەربارەی ئەوەش کە (ابلیس) چاك بووە خوا وای لێکـردووە بێگومـان خـوای گەورە بە مەلائیکەتەکانی فــەرموو: ﴿إِنِّيٓ أَعۡلَمُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ﴾ (البقـرة:٣٠)، واتــە: ئەوەی من دەیزانم ئێوە نایزانن.

خـــوای پـــەروەردگار دەیزانـــی چـــی لـــە دڵـــی (ابلـــیس)دا هەیـــە لـــە کـــوفر و خۆبەگـەورەزانی و حەسـوودی، کەچـی مەلائیکـەت ئەمـەیان نـەدەزانی، جـا کاتێـك خوای گەورە فەرمانی پێکردن کە کڕنۆش بۆ ئادەم بەرن، مەلائیکەتەکان هەموویان

(١) صحيح: رواه البخاري (٦/٢٢٠)، ومسلم (٢٦٤٣)، و ابو داود (٤٧٠٨)، والترمذي (٢١٣٨)، وابـن ماجـه (٧٦).

گوێڕایەڵیان کرد، ئەوەی لە دڵیاندا هـەبوو لـە بەندایـەتی و خۆشەویستی و تـرس و ملکەچی ئەوکاتی دەرکەوت، ئەوەی لە دڵی (ابلیس)یش دابوو ئەوکاتی ئاشکرا بـوو لـە خۆبەگـەورەزانی و خیانـەت و حەسـوودی، بۆیـە کرنۆشـی بـۆ ئـادەم نـەبرد و سەرکەشی کرد لە فەرمانەکەی خوای گەورە، بۆیە چووە ڕیزی کافرانەوە.

✓ دەربارەی ئەوەش کە ئەوانەی دۆستی خوان لە مـەکری خـوا دەترسن، ئـەوە شتێکی ئاساییە و دروستە و هیچی تیانیە، چونکە ئەوان کە دەترسن لەبەر گوناه و هەڵەکانیان دەترسن، دەترسن لەوەی نەوەکو خوای گەورە بە هۆی ئەو گوناهانەوە تووشی سەرگەردانیان بکات، ئەوان لە گوناهەکانیان دەترسن و داوای ئومێـدی خـوا دەکەن.

✓ دەربـــارەی ئـــەو ئایەتـــەش کـــە دەفـــــەرمووێ: ﴿أَفَأَمِنُواْ مَكْرَ ٱللَّهِ﴾ (الأعراف:٩٩)، ئەوە دەربارەی کافر و خراپەکارانە.

مانـای ئایەتەکـە ئاوایـە: کـەس نیـە گونـاه و بـێ فـەرمانی خـوا بکـات لەگـەڵ ئەوەشدا دڵنیا بێت لە مەکری خوا مەگەر ئەو کەسانە نەبێت کە خەسارەت مەنـدن، بەڵام ئەوەی لە خوا دەترسێ خواناسانن نـەوەکو خـوای گـەورە سـزای کارەکانیـان دوا بخات جا ئەوانیش لە خۆبایی بن و لەگەڵ گوناه ڕابێن ئینجـا سـزای خوایان بـۆ بێت.

خاڵێکی تریش: ئەوەیە بێ ئاگانە و یادی خوایان لە بیر کردووە، خوای گەورەش فەرامۆشیان دەکات، ئەگەر پشت لە یاد و بەندایەتی ئەو بکەن، جا ئەوکات تووشـی نەهاتی و بەڵا دەبن، مەکری خواش بۆ ئەوان فەرامۆش کردنیانە.

خاڵێکی تریش: خوای گەورە بە هەموو گوناه و تاوانێکیان دەزانێت کەچی ئەوان بە خۆیان نازانن، جا بە جۆرێك مەکری خوایان بۆ دێت کە هەستیشی پێ ناکەن.

خاڵێکی تریش: خوای گـەورە بـەو شـتانە تاقیـان دەکاتـەوە کـە ئـارامی لەسـەر ناگرن، بۆیە پێی بە فەتارەت دەچن، ئەمە مەکری خوایە.

درەختی ژیـــان

ســاڵ وەك درەختێــك وایـــە، مانگــەكان ڕەگەكانیــەتی، ڕۆژەكــان پــەل و پۆكانیەتی، كاتەكان گەڵاكانیەتی، هەناسە و نەفەسەكان بەروبومەكەیەتی.

جـا هـەر كەسێك هەناسـە و نەفەسـەكانی لـە بەندایـەتی خـوادا سـەرف بكـات، بێگومان ئەوە بەرووبوومی درەختەكەی چاك و بـە كـەڵك دەبێت، هـەر كەسێكیش نەفەســەكانی لــە گونــاهـ و تاوانــدا ســەرف بكــات، ئــەوە بێگومــان بــەرووبومی درەختەكەی بێ كەڵك دەبێت وەكو گوژاڵك.

%

درەختی ئیخلاص و یەکتا پەرستی

ئیخلاص و یەکتاپەرستی درەختێکە لە دڵـی مرۆڤدا، ڕەگەکانی کاروکردەوەیـە، بەرووبومەکەشی ژیانێکی کامەران و ئاسوودەیە لـە دنیـا و نیعمـەت و خۆشیـشە لـە دوا ڕۆژدا.

جا کە چۆن بەرووبومی بەهەشت بەردەوام هەیە و نەبڕاوەیە، بە هەمان شێوەش بەرووبومی یەکتاپەرستی و ئیخلاص لە دنیادا بڕانەوەی نیە.

درەختی شیرك و درۆ و ڕیا

شیرك و درۆ و ڕیا درەختێکە لە دڵی مرۆڤـدا، بەرووبومەکـەی لـە دنیـادا تـرس و غەم و خەفەت و دڵ تەنگی و دڵ ڕەشـیە، بەرووبومەکەشـی لـە دوا ڕۆژدا زەقـووم و سـزایەکی بەردەوامـە، خـوای گـەورە لــە ســووڕەتی (إبـراهیم)دا باسـی ئـەو دوو درەختەی کردووە.

پلەکانی کامەرانی مرۆڤ

کاتێك مرۆڤ دەبێتە کەسێکی کامڵ، ئەو پەیمانەی پێ دەدرێتەوە کە پەروەردگار پێشتر لێی وەرگرتبوو ـ ئەو پەیمانەی کە هێشتا لە پشتی باوکی بووە خوا پێی فەرمووە ئایا ڕازی من پەروەردگارت بم، ئەویش وتیەتی بەڵێ خودایە ڕازیم پەیمانت پێدەدەم ـ .

جا ئەگەر هاتوو بە عەزیمەتەوە وەریگرت ـ کە دینی خوایە ـ بۆ جێبەجێ کردن، ئەوە ژیانی کامەران دەبێت بە شێوەی ئەوانەی هەڵساون بە بردنە سەری پەیمانەکەیان، ئەگەر هاتووش لەکاتی وەرگرتنی پەیمانەکەی دڵی کەوتە لەرز و بە گەورەی زانی و گووتی: من ئامادەم بۆ وەرگرتنی پەیمانی پەروەردگارم، کێ لە من شیاوترە بۆ وەرگرتن و تێگەیشتن و جێبەجێکردنی؟ لە هەمان کاتیش سوور بوو لەسەر پەیمانەکەی و بیرکردنەوە لێی و ناسینی و ئامۆژگاری گەورەکەی، پاشان دەستی کرد بە گوێرایەڵی و ئەنجامدانی ئەوەی تێیدایە، ئەوکات بە چاوی دڵی ئەوەی لە پەیمانەکە دایە بۆی ڕۆشن دەبێتەوە، هیمەتێکی تری بۆ دروست دەبێت، عەزیمەتێکی تری بۆ دروست دەبێت جگە لەو عەزیمەتەی کاتی منداڵی پێش ئەوەی بگاتە ئەو پەیمانە، ئارام گرتنی لەسەر شەرەفی هیمەت بۆ پەیادەبێت و پەردەی تاریکایی دەدڕێنێت بۆ ڕووناکی و یەقین، بە پێی ئارامی و تێکۆشانی بەو فەزڵە دەگات کە خوای گەورە پێی بەخشیوە.

سەرەتای کامەرانی مرۆڤ لەوە دەست پێدەکات کە گوێچکێکی بە ئاگا و ژیری هەبێت، دڵێکی وای هەبێت هەر کاتێ گوێ شتێکی بیست ئەو دڵـــە دەرکی بکات، ئەگەر بەم شێوە بوو هەر شتێکی بیست بیری لێ کردەوە، ئەوە ڕاستەقینەی بۆ ڕوون دەبێتەوە، کاتێك دەبینێت زۆربەی خەڵکی لایانداوە لە ڕێگای ڕاست ئەو پەیوەست دەبێت پێیەوەی، لەگەڵ ئەو خەڵکەدا ڕێگای گومڕایی ناگرێتە بەر کە دینی خوایان شکاندووە و وەریان نەگرتووە، یان وەریان گرتووە بەڵام بە بێزاریەوە

نەك بە عەزیمەت و پەرۆشیەوە، وایان نەکردووە بیری لێبکەنەوە و تێی بگەن و کاری پێبکەن و ئامۆژگاریەکانی جێبەجێ بکەن، بەڵکو کاتێ دینداریەکەش دەکەن خووی منداڵی و دینی عادەتی لکاوە پێوەیان، ئەو عادەتەی کە باوك و دایکی خوویان پێوەگرتبوو، بۆیە ئەویش هەر بەو شێوە دینداری دەکات لەسەر عادەتی پێشینانی خۆی، عادەتیش ڕێی پێنادا کە تێ بگات لە دین و کاری پێ بکات.

ئەگەر دینداریش بکات ئەوە دەڕوانێتە داب و نەریتی خزم و کەس و هاوڕێ و دراوسێ و خەڵکی شارەکەی، ئەگەر لە سنووری داب ونەریتی ئەواندا دەرچوو، ئەوە هیچ بیری لێ ناکاتەوە و خۆی پێوە خەریك ناکات، بەڵکو دەگەڕێتەوە سەر داب و نەریتی ئەوان بە دینی عادەتی ڕازی دەبێت.

جا کە شەیتان دەبینێ ئەمە هیمەت و عەزیمەت و ڕەوشتی ئەو مرۆڤەیە، ئەوە تووشی دەمارگیری و تیرەگەری دەکات بۆ پێشینان و باب و باپیرانی، شەیتان وای بۆ دەڕازێنێتەوە کە تەنها ئەو داب ونەریت و تیرەگەریەی ئەو ڕاستە و ئەوانی تر کە پێچەوانەی ئەوییە هەمووی پوچەڵە و نا ڕاستە، شەیتان بە جۆرێك سەرگەردانی دەکات کە هیدایەت و سەرفرازی لەسەر وێنەی گومڕایی پیشان دەدات، گومڕایشی لەسەر وێنەی هیدایەت و سەرفرازی پیشان دەدات، ئەمەش بە هۆی ئەم نەفامی و نەزانی تیرەگەریەوەیە تووشی هاتووە، بە جۆرێك سەرگەردان دەبێت کە ڕازیە لەگەڵ قەوم و عەشیرەتی خۆی بێت، چی بۆ عەشیرەتەکەی هەیە بۆ ئەویش بێت، چیانیش لەسەرە با لەسەر ئەویش بێت، بەم شێوە ڕێگای هیدایەتی لێ وون دەبێت، خوای گەورەش فەرامۆشی دەکات، چونکە ئەو هەر هیدایەتێکی بۆ بێت پێچەوانەی گەل و عەشیرەتەکەی بێت ڕەتی دەکاتەوە.

بەڵام ئەگەر هیمەت و عەزیمەتی بە هێز و بەرز و بڵند بوو، ئەوە ئەو دینی خوا وەردەگرێت و بیری لێ دەکاتەوە و کاری پێ دەکات، دەزانێت خاوەنی ئەو دینە وەکو کەس نیە، بۆیە هەوڵدەدات بیناسێ و ئاشنای سیفات و ناو و کار و بڕیارەکانی بێت، ئەوکات لە ڕێگای ئەو دینەوە بۆی ڕۆشن دەبێتەوە کە بەڕاستی خوای گەورە باڵادەستە، دەوڵەمەندە و پێویستی بە کەس نیە و هەموو شتێك

پێویـستیان بـەوە، دەبینـێ و دەبیـستێ، فـەرمان دەدات و قەدەغـەش دەکـات، پێغەمبەران دەنێرێت بۆ هەموو گەلێك بە ووتەی خۆی، ئەو ووتـەی خـۆی حـەز بکـا بە کێی بوێت دەیبیستێنێ، دادپەروەرە، پاداشت دەدات و سزا دەدات، ئـارامگرە و لێبووردەیە و سوپاسکراوە و بەخشندەیە و چاکەکارە، خـاوەنی هـەموو سیفاتێکی بەرز و بڵندە، دوورە لە هەموو عەیب و کەم و کورتی یەك، وێنەشی نیە.

ئەگـەر ئـەو مرۆڤـە بـەو شـێوەبوو ئـەوە حیکمـەتی خـوای لـە بـەڕێوەبردنی نیـشتیمانەکەی بـەدی دەکـات، کـە چـۆن بـە ئەنـدازەگیری و ڕێـك و پێکـی هـەڵی دەسووڕێنێت، ئەمانەی بۆ دەردەکەوێت لـە (العقـل) و (الـشرع) و (الفطـرة)وە، بـەو شێوە تێ دەگات لەبارەی خـواوە کـە خـودا خـۆی لـە قورئانەکەیدا وەسـفی خـۆی کـردووە و ڕاسـتەقینەی ناوەکـانی خـۆی ڕۆشـن کردۆتـەوە، هـەر بـەم سیفاتانەشـە بەنـدە خـودا دەناسـێت، تـا ئـەوەی عـەقڵیش دان دەهێنێـت، وە فـیترەش دان دەهێنێت.

مرۆڤ ئەگەر بە دڵ سیفاتە بەرز و بڵندەکانی خاوەنی دینەکـەی خـۆی بـۆ ڕۆشـن بۆوە، ئەوە سیفاتەکانی دڵی ڕۆشن دەکاتەوە، ئاوای لێدێ وەکـو ئـەوە دەبێـت کـە ببینێت، کە دەبینێ ئەو سیفاتانە پەیوەستن بە دروست کراوەکـان و فەرمانـەکانی خـودا، ئـەوانیش پەیوەسـتن بـەوەوە، شـوێنەواریان هەیـە لـە جیهـانی (الحسی) و جیهانی (الروحی)، دەبینێت ئەو سیفاتانە ڕۆڵ دەبینن لە بوونەوەردا، بە چاوی دڵی دادپـەروەری و فـەزڵ و ڕەحمـەتی خـوای گـەورەی بـۆ ڕۆشـن دەبێتـەوە، ئـەوکات ئیمانی بەوانە ڕۆشن دەبێتەوە کە خوای گەورە بە توانا و دەسەڵاتە، دادپـەروەر و بە حیکمەتە، بەرزە لەسەر هەموو دروسـت کراوەکـانی، بـە زانـستی خـۆی دەورەی هـەموو شـتێکی داوە و لەگـەڵ هـەموو شـتێکە، گـەورە و بـە شـکۆیە، خـاوەنی (کبریـاء)یـەو تۆڵـە سـەنە، لەگـەڵ ئەوەشـدا بـە ڕەحـم و چـاکە و بەخـشندەیە و لێبووردەیە و بە حیلمە.

باسی حاڵی ڕۆح و لاشەی مرۆڤ

لاشــەی مــرۆڤ لــە زەوی دروســتکراوە، ڕۆحیــشی لــە مەلــەکوتی ئاسمــان دروستکراوە، ئەم دووانەش بەراووردکراوە.

جا ئەگەر هاتوو مرۆڤ لاشەی برسی بکات و خەو زڕی بکات و بەردەوام خـەریکی نەبێت، ئەوە ڕۆحی لە تیف و ئارامگر دەبێت و تامەزرۆی ئەو جیهانە بەرزەی خـۆی دەبێت کە لێ ی دروستکراوە.

بەڵام ئەگەر هاتوو مرۆڤ لاشەی خۆی تێر ئارەزووات بکات و تێـر خـەوی بکـات و بەردەوام خەریکی بێت، ئەوە لاشەی لەو شوێنە دەمێنێتەوە کە لێی دروستکراوە، بۆیە لاشەش ڕۆح بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت و ڕۆح بەند دەکات، جـا ئـەوکات ئەگـەر ڕۆح هـۆگر نـە بوویێـت بـەو بەندیخانەیـەوە، ئـەوە لـە ئـێش و ئـازاری دابڕانـی لـەو جیهانەی لێی دروستکراوە هانا و هاواری لێ هەڵدەستێ وەك ئـەو کەسـەی کـە سـزا دەدرێت هانا و هاواری لێ هەڵدەستێت.

پوختەی قسان ئەوەیە: هەر کاتێك لاشەی سووك بوو، ڕۆحیشی لەتیف دەبێت و ڕوودەکاتە جیهانی بـەرز و بڵنـدی خـۆی، بـەڵام ئەگـەر لاشـەی قـورس بـوو و ڕووی کردە ئارەزووات، ڕۆحیـشی گـران دەبـێ و دادەبـەزێ لـە جیهـانی بـەرزی خـۆی بـۆ جیهانی نزمی زەوی، بۆ نموونە: تۆ پیاوی وا دەبینی کە بە لاشە لەلای تۆیە کەچـی بە ڕۆح لەلای خوا و مەلـەکوتی ئاسمانـە، دەبینـی بـە لاشـە لەسـەر جێگـای خۆیـدا خەوتووە، کەچی بە ڕۆح لەلای (سدرة المنتهى)یە و لە دەوری عەرش دەسوڕێت.

کەسێکی تریش دەبینی بەردەوام خـەریکی تێرکردنـی لاشـەیەتی، بـە لاشـە لای تۆیە کەچی ڕۆحی لە نزمی دایە و خەیاڵی لە دەوری شتی خراپ دەسووڕێتەوە.

ئەوەش بـزانن هـەر کاتێـك ڕۆح لـە لاشـەی مـرۆڤ جیادەبێتـەوە، یان پـەیوەنـدی دەکات بە شوێنە باشەکەی خـۆی، یان پـەیوەنـدی دەکـات بـە شـوێنە خراپەکـەی

خۆی، جا شوێنە باشەکەی چاوگەشی و نیعمەت و ئاسوودەی و خۆشی و شادی و ژیانی کامەرانی پێوەبەندە، بەڵام شوێنە خراپەکەی غەم و خەفەت و دڵ تەنگی و غەمگینی و ژیان ناخۆشی و (مَعِيشَةً ضَنكًا)ی پێوە بەندە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿ وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنكًا ﴾ (طه: ١٢٤)، واتە: هەر کەسێك پشت بکات لە زیکری من ـ کە قورئانە ـ ئەوا ژیانێکی تەنگی بۆ هەیە.

زیکری خوا لێرەدا، ووتەی خوایە کە نازڵی کردۆتە سەر پێغەمبەرەکەی، پشت تێکردنیشی واتە: بیر لێ نەکردنەوە و کارپێ نەکردنیەتی، (المعيشة الضنك)یش (ابن مسعود)و(أبو هريرة)و(ابو سعيد الخدري)و(ابن عباس) دەفەرموویانە: (انها عذاب القبر) واتە: ژیانێکی تەنگی سزای ناو گۆڕە.

بنچینەی ووشەی (ضَنك) لە زمانی عەرەبیدا: بە مانای (الضيق)تەنگی، و (الشدة) توندی، دێت، هەر شتێکیش تەنگ بێت ئەوە (ضَنك)ە، هەر وەك دەگووترێ: (منزل ضنك)واتە: خانوویەکی تەنگە.. (عيش الضَنك)واتە: ژیانێکی تەنگە.. کەوابوو: (المعيشة الضَنك) بۆیە سەر هەڵدەدات لە تێرکردنی نەفس و لاشە بە هەوا و ئارەزووات.

بەڵێ: هەر کاتێك نەفس تێر بکرێت بە هەوا و ئارەزووات، ئەوە دڵ تەنگ دەکات تاکو وای لێدێ دەبێتە (معيشة ضَنك)، هەر کاتێکیش نەفسی بگرێتەوە لە هەوا و ئارەزووات، ئەوە دڵ فراوان دەبێت تاکو وای لێدێ کە دڵ فراوان و ئاسوودە دەبێت.

جا خۆگرتنەوە لە دنیا و تەقواکاری فراوانیە بۆ بەرزەخ و دوا ڕۆژ، ڕابواردنیش لە دنیادا بە هەوا و ئارەزووی خۆی تەنگیە بۆ بەرزەخ و دوا ڕۆژ، تۆش بزانە کام لەم دوو ژیانە چاکتر و خۆشتر و بەردەوامترە ئەویان هەڵبژێرە.

کەوابوو: ئەی مرۆڤ بە سایەی لاشەتەوە ڕۆحت بەختەوەر بکە، نەکەی ڕۆحت ئەزیەت بدەی بۆ بەختەوەری لاشەت، چونکە نیعمەتی ڕۆح گەورەتر و

بەردەوامترە، نیعمەتی لاشەش کورتر و کەمترە.

کابرای خواناس بە خەڵکی ناڵێت واز لـە دنیـا بێـنن، چـونکە توانـای وازهێنـانی دنیایان نیە، بەڵکو پێیان دەڵێت واز لە گوناه بێنن و لە دنیاش بگوزەرێنن، چـونکە وازهێنان لە دنیا (فضیلة)چاکـە، بەڵام وازهێنان لە گوناه (فریضة) واجبە، چۆن بـە کەسێك دەڵێی: چاکـــە ئەنجام بدات لە کاتێکدا واجباتی ئەنجام نەداوە.

جا ئەگەر هاتوو وازهێنانی گوناهیان لەلا گران بوو، تێبکۆشە بۆ ئـەوەی خوایـان لەلا خۆشەویست بکەی بە باسکردنی دروسـت کراوەکـانی و نیعمـەت و چـاکەکانی و سیفاتە بەرز و بڵندەکانی، چونکە دڵ لەسەر خۆشەویستی خوا بـەدیهێنراوە، ئینجـا ئەگەر دڵی پەیوەست بوو بە خۆشەویستی خوا، ئـەوە وازهێنـان و دوورکەوتنـەوەی لە گوناه لا ئاسان دەبێت.

(یحیی)ی کوڕی (معاذ) دەفەرمووێ: (طلب العاقل للدنیا خیر من ترك الجاهل لها) واتـە: داوای مرۆڤی عاقل بۆ دنیا، زۆر چاکترە لە وازهێنانی مرۆڤی نەفام لە دنیا.

سەیر لەو کەسە دانیە کە ملکەچی خوا دەکات لـە کاتێکدا لەشـی سـاغ بێـت و کاتی هەبێت و لە فەراحی دابێت ، بەڵکو سەیر لـەو کەسـە دایە کـە نـەخۆش و بـێ هێزو سەرقاڵە، کەچـی هـەر ملکەچـی خـوا ئـەکات و سـڵ ناکـات و دڵـی بـە خـواوە بەندە.

ناسینی خوای گەورە دوو جۆرە

یەکەم: ناسینی خوا لەوەی کە داندەهێنێت بە وجودی خودا، ئەم جۆرەیان هەموو خەڵکی تیایدا بەژدارن چاك و خراپ و گوێڕایەڵ و گوناهبار.

دووەم: ناسینێکە کە حەیا بە مرۆڤ دەبەخشێ، خوا لەلای مرۆڤ خۆشەویست دەکات، دڵی پەیوەست دەکات بە خوا، تامەزرۆی گەیشتن بە خوای دەکات، لێی دەترسێ، دەگەڕێتەوە لای، بە خوا هۆگر دەبێت، لە دەست خەڵکی هەڵدێ بۆ لای خوا، ئەمەش ئەو ناسینە تایبەتیەیە کە لەسەر زمانی خەڵکی باوە، جیاوازی پلەی خەڵکیش لەم ناسینەدا کەس ناتوانێت سەرژمێری بکات جگە لە خوا نەبێت، خوای گەورە ناسینی خۆی بۆ دڵیان ڕۆشن کردۆتەوە، هەر کەسە بە پلەی خۆی.

بۆیە دەبینین زاناترین کەس کە پێغەمبەرﷺ بە خوا دەفەرمووێ: ((لا أُحْصِي ثناءً عليكَ، أنتَ كما أثنيت على نفسك))[1]، واتە: ناتوانم ستایشی تۆ بکەم بەو جۆرەی کە تۆ خۆت ستایشی خۆتت کردووە.

پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێ: ڕۆژی قیامەت فێری ستایش و سوپاسێکی وام دەکەن بە جۆرێك کە ئێستا نایزانم.

بۆ گەیشتن بەم خواناسیە دوو دەرگای فراوان هەیە:

دەرگای یەکەم: بیرکردنەوە و ووردبوونەوەیە لە ئایەتەکانی قورئان، تێگەیشتن بەو شێوە دروستەی کە خوا و پێغەمبەرﷺ هێناویانە.

دەرگای دووەم: ووردبوونەوە و بیرکردنەوەیە لە دروستکراوەکانی خوا، تێرامانە لە شوێنەواری حیکمەت و دەسەڵات و لوتف و چاکە و دادپەروەری خوا لەسەر

---

(١) صحيح: رواه مسلم (٤٨٦)، والنسائي (٢/٢٢٢)، و ابو داود (٨٧٩)، والترمذي (٣٤٩١)، و احمد في ((المسند)) (٦/٥٨و٢٠١)، وابن ماجه (٣٨٤٢).

دروستکراوەکانی.

کۆی ئەوانـە: تێگەیشتنە لە مانای ناوە جوانەکانی خـوای گـەورە و شـکۆداری و بـێ کـەم و کـوڕی و بـە تـاك زانینـی و پەیوەسـت بـوون بـە دروسـتکراوەکانی و فەرمانەکانیەتی.

گەر وابـوو شـارەزا دەبێـت لـە فەرمانـەکانی و قەدەغـەکراوەکانی خـوا، شـارەزا دەبێـت لـە (القـضاء و القـدر)ی خـوا، شـارەزا دەبێـت لـە نـاو و سـیفاتەکانی خـوا، شارەزا دەبێت لە بڕیاری (الدینی الشرع) و بڕیاری (الكوني القدري) خوا.

﴿ذَٰلِكَ فَضۡلُ ٱللَّهِ يُؤۡتِيهِ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ ذُو ٱلۡفَضۡلِ ٱلۡعَظِيمِ﴾(الحدیـــد:٢١)، واتـــە: ئەوە فەزڵی خوایە دەیبەخشێ بەهەر کەسێك کە خۆی حەز بکات، بەڕاسـتی خـوای گەورە خاوەنی فەزڵی گەورەیە.

پارە چوار جۆری هەیە

١. پارەیەك بە حەلاڵی و بە گوێڕایەڵی خوا پەیدا كراوە، لە پێناوی خواش بە حەلاڵی سەرف دەكرێت، ئەوە چاكترین پارەیە بۆ مرۆڤ.

٢. پارەیەك بە حەرام و بێ فەرمانی خوا پەیدا كراوە، لە گوناهیش سەرف دەكرێت، ئەوە خراپترین پارەیە بۆ مرۆڤ.

٣. پارەیەك بە ئەزیەت دانی موسڵمانان پەیداكراوە، لە ئەزیەت دانی موسڵمانانیشدا سەرف دەكرێ، ئەوەش خراپترین پارەیە بۆ مرۆڤ.

٤. پارەیەك بە مباح پەیداكراوە، لە خۆشیەكی مباحیشدا سەرف دەكرێت، ئەوە نەهیچی بۆ هەیە و نە هیچی لەسەرە.

ئا ئەمە بنچینەی جۆرەكانی پارەیە، لەم چوار جۆرە چەند لقێكی تریشی لێ دەبێتەوە:

✓ پارەیەك بە حەلاڵی و دروستی پەیدا كراوە، كەچی لە حەرام و نادروستی سەرف دەكرێت.

✓ پارەیەك بە حەرامی پەیدا كراوە، كەچی لە حەلاڵ سەرف دەكرێت، ئەوە سەرف كردنی لە حەق كەفارەتەكەیەتی.

✓ پارەیەك پەیدا كراوە، بەلاّم گومانی تیایە كە ئایا حەلاڵە یان حەرامە، كەفارەتەكەشی ئەوەیە لە بەندایەتی خوا سەرف بكرێت.

جا چۆن سەرفكردنی پارە پاداشت و سزا و مەدح و زەمی لەسەرە، بە هەمان شێوەش پەیداكردنیشی پاداشت و سزا و مەدح و زەمی لەسەرە، هەروەها پرسیاری لێ دەكرێ لە كوێی پەیاكردووە و لە چی سەرف كردووە.

دڵ نەوایی کردنی ئیمانداران

یارمەتی دان و دڵ نەوایی کردنی ئیمانـداران چـەند جۆریکی هەیە لەوانـــە، بـە سەروەت و سامان دڵ نەوایی ئیمانداران دەکرێت، بە خانەوادە دڵ نەوایی دەکرێت، بە لاشە و خزمەت کردن دڵ نەوایی دەکرێت، بە ئامۆژگاری دڵ نەوایی دەکرێت، بـە دووعا و داوای لێبووردن کردن لە خوا دڵ نەوایی دەکرێت، بە دڵ دانەوە و بـەژداری خەم کردن دڵ نەوایی دەکرێت.

جا یارمەتی دان و دڵ نەوایی کرن بـە پێـی ئیمـان لـە مـرۆڤ هەڵـدەقوڵێت، هـەر کاتێك مرۆڤ ئیمانی بێ هێز بوو ئەویش بێ هێز دەبێت، بەڵام ئەگـەر ئیمـان بـە هێـز بوو ئەویش بە هێز دەبێت.

پێغەمبەرﷺ چاکترین کەس بووە کـە بـە هـەموو جۆرێـك یارمـەت و دڵ نـەوایی هـاوەڵانی کـردووە، یارمـەتی دانـی خـەڵکیش بـەپێی شـوێنکەوتنی پێغەمبـەرﷺ دەبێت.

ڕۆژێك هێندێ لە هاورێکانی (بشر الحافي) لە کەشێکی زۆر سـەرما و ساردا هاتنـە خزمەتی، کاتێك چوونە ژوورەوە دەبینن وا جلەکانی لەبـەر کردۆتـەوە و لـە سـەرما هەڵدەلەرزێ، ووتیان: ئەوە چیە ئەی (ابا نصر)؟

فەرمووی: سەرما و سۆڵی هـەژارەکانم بیرکەوتـەوە، هیچیـشم نـەبوو یارمـەتیان بدەم و دڵ نەواییان پێ بکەم، جا بۆیە حەزم کرد بـە خـۆ سـەرما کـردن یارمـەتیان بدەم و بەژداری سەرماکەیان بکـــەم.

وێســتگەی ئیمان

شـارەزا نـەبوون بـە بەربەسـتەکانی ڕێگـای گەیـشتن بـە ڕەزامەنـدی خـوا مـرۆڤ تووشی ماندووبونێکی زۆر دەکات و سوودێکی کەمیشی پێ دەگەیەنێت، چونکە ئەو مرۆڤە ناشارەزایە دەبینی خۆی بە سوونەتەکان خـەریك دەکـات کەچـی فـەرزەکان دەفەوتێنێت، یان کارێك بـە لاشـە ئـەنجام دەدات کەچـی دڵـی لەگـەڵی دانیـە، یـان کارێك بە دڵ و لاشەوە ئەنجام دەدات بەڵام لەسەر ڕاڕەوی شەرع نیە، یان دەیەوێت کارێك بکات کەچی تێبینی مەبەستەکەی ناکات، یان کارێك دەکات خۆی ناپارێزێـت لە خراپەکانی لە کاتی ئەنجامدانی، یان بێ ئاگایە لە هێندێ کـار کـە دەبێـت خـۆی ڕۆڵی تیا ببینێت، یان هێندێ کار عوزری تیا بـەدی نـاکرێ کەچـی ئـەو عـوزری تیـا دێنێتەوە، یان هێندێ کار هەیە بە چـاکی ئـەنجامی نـەداوە، کەچـی وادەزانێـت بـە چاکی ئەنجامی داوە، ئا ئەمانە هەر هـەمووی بەرووبوومەکـەی کـەم دەکـات لەگـەڵ ئەوەشدا زۆر ماندووش دەبێت لە ئەنجامدانی.

ئەگـەر مـرۆڤ ویـستی ڕێگـا بگرێتەبـەر بـەرەو ڕەزامەنـدی خـوای گـەورە، ئـەوە چـەندین بەربەسـت دێتـە ڕێگـای، سـەرەتا بـە ئـارەزووات و پلەوپایـە و خۆشـی و ئافرەت و جل و بەرگ تاقی دەکرێتـەوە، ئەگـەر بەوانـە ڕازی بـوو و ڕووی تێکـردن، ئەوە لە گەشتەکەی دادەپچڕێت، بەڵام ئەگـەر پێیـان ڕازی نـەبوو پـشتی تێکـردن و ڕاستگۆ بوو لە داواکردنی ڕەزامەندی خودا، ئەوە تاقی دەکرێتەوە بە شـوێنکەوتەی زۆر، کە دەستی ماچ دەکەن و خەڵکێکی زۆر دادەنیشن لـە مەجلیسی، داوای دوعـا وبەرەکەتی لێ دەکەن و چەندین شـتی تـری لـەم جـۆرە، ئەگـەر ڕازی بـوو بەوانـە و پێیان بە فیتنە چوو، ئەوە دادەبڕێت لە گەشتەکەی بەرەو ڕەزامەندی خوا، چـونکە ئەو ئەوەی دەویست، بەڵام ئەگەر بەوانە هەڵنەخەڵەتا و پـشتی تێکـرن و بـەردەوام بوو لە گەشتەکەی، ئەوکات بە کەڕامات تاقی دەکرێتەوە، ئەگـەر بەوانـە هەڵخەڵـەتا

ئـەوە لـە خـوا دەپـچڕێت، چـونکە ئـەو ئـەوەی دەویـست، بـەڵام ئەگـەر بەوانـە هەڵنەخەڵەتا، ئەوە تاقی دەکرێتەوە بە نەکردنی گوناه و دوورکەوتنـەوە لـە دنیـا و عیـزەت، ئەگـەر بەوانـە هەڵخەڵـەتا ئـەوە لـە گەشـتەکەی دەپـچڕێت، بـەڵام ئەگـەر بەوانەش هەڵنەخەڵـەتا و بـەردەوام بـوو لـە گەشـتەکەی، بـە جۆرێك کـە خـوا چـی پێخۆش بێت ئەنجامی بدا، جا پێی ماندوو بێت یان ماندوو نەبێت، خـۆش بێـت یـان نـاخۆش بێـت، بـە ئـارەزووی خـۆی هـیچ هەڵنابـژێرێت مەگـەر ئـەوە نـەبێت، کـە سەیدەکەی بۆی هەڵدەبژێرێت، چی فەرمان پێبکـات بـە پێـی توانـا ئـەنجامی دەدا، ڕەزامەندی خوای پێش هەموو شتێك خستووە لە نەفس و ئارەزووات.

ئا ئەوە ئەو بەندەیە کە گەشتەکەی تەواو دەکات و بە ڕەزامەندی خوا دەگـات، هیچ شتێکیش لە گەشتەکەی نایپچڕێنێت.

نیعمەتەکانی خودا

نیعمەت و بەخششەکانی خودا سێ جۆرە:

١. نیعمەتێك کە بەندە چەنگی کەوتووە و پێی دەزانێت.

٢. نیعمەتێك کە بەندە چەنگی نەکەوتووە، بەڵام ئومێدی بۆ دەکات.

٣. نیعمەتێك کە بەندە چەنگی کەوتووە، بەڵام هەستی پێ ناکات.

ئەگەر خوای گەورە بیەوێت نیعمەتی خۆی برژێنێت بەسەر بەندەکەی، ئەوە ئەو نیعمەتەی چەنگی کەوتووە پێی دەناسێنێ، واشی لێدەکات شوکرانە بژێری بکات هەتا سەرگەردان نەبێت، وە سەرفرازی دەکات بۆ کارانێك ئەو نیعمەتەی پێ چەنگ کەوێت کە چاوەڕەیی دەکات، ئەو ڕێگایانەی بۆ ڕۆشن دەکاتەوە کە دەبن بە بەربەست بۆ ئەو نیعمەتە چاوەڕوان کراوە، سەرفرازی دەکات بۆ خۆ لێ پاراستنی، ئەو نیعمەتەشی پێ دەناسێنێت کە چەنگی کەوتووە، بەڵام هەستی پێ ناکات.

دەگێڕنـــەوە دەڵـــێن: کابرایـــەکی دەشـــتەکی چـــووە خزمـــەت پێـــشەوای ئیمانداران(هارون الرشید)، (هـارون الرشـید) پـێی فـەرموو: خـودا ئـەو نیعمەتـەت لەسـەر بـسەپێنێت کـە خـوا پێـی داویـت بـە بـەردەوامی شـوکرانە بـژێری، ئـەو نیعمەتەشـت بـۆ فەراهـەم بهێنێـت کـە بـە گومـانی چـاکت بـە خـوا و بەندایـەتی بەردەوامت ئومێدی بۆ دەکەی، بەو نیعمەتەت بناسێنێت کە چەنگت کەوتووە بەڵام هەستی پێناکەیت تاکو شوکرانە بژێری بکەیت، کابرایەکە ئەمەی زۆر پێ سەیر بوو، گووتی: چەند جوان بوو دابەش کردنەکەی.

ئەو خەتەرەی بە دڵت دادێت؟

سەرچاوەی هەموو زانست و کارێك لـە خەتـەرە[1] و بیرکردنـەوە هەڵدەقوڵێت، خەتەرە و بیرکردنەوەش دەبێت بە بۆچوون، بۆچوونیش سەردەکێشێ بۆ ویست و ئیرادە، ویست و ئـیرادەش دەبێـت بـە کـاروکردەوە، دووبارەبوونـەوەی کارەکـەش دەبێـت بـە عـادەت، جـا چـاککردنی ئەوانـە پەیوەسـتە بـە چـاککردنی خەتـەرە و بیرەوە، بە فەساد چوون و تێك چوونی پەیوەستە بە خەتەرە و بیرەوە.

چاککردنی خەتەرە و بیریش بەوە دەکرێت ڕەچاوی ئـەو شـتانە بکـات کـە بـەرز دەبێتەوە بۆ خزمەتی خوا، بزانێت خوا پێی ڕازیە و پێی خۆشە یان نا، چونکە هـەر چ چاکـە و هیدایـەت و سـەرفرازی و پاراسـتنێك هـەبێت ئـەوە تـەنها لـە خـوای گەورەوەیە، مرۆڤیش بـەهرەوەر دەبێـت لـە خێروبێـری خـودا، بـە پێـی پەیوەسـت بوون و جێگیر بوونی خەتەرە و بیریەوە بە نیعمـەت و یەکتاپەرسـتی و خواناسـی و بەندایەتی و هەست کردن بە چاودێری و مراقەبـەی و ئاگـاداربوونی خـوا بـە هـەموو چـرپە و کارەکـانی، ئـا ئـەوکات شـەرم دەکـات خـوای گـەورە بـەو خەتـەرە و بیرکردنەوانەی بزانێت، بۆیە پارێزگاری دەکـات و نەفـسی خـۆی سـەرکوت دەکـات، ئەگەر بـەم شـێوەی کـرد ئـەوە خـوای گـەورە ڕێـزی لێ دەنـێ و هـەڵی دەبـژێرێت و دەیپارێزێت، بە پێی ئەوانەش دووری دەکاتەوە لە خەتـەرە و بـیر و کـاری خـراپ و پیس و گەندەڵ.

بزانە مرۆڤ چاکترین دروستکراوی خوای گەورەیە، ئەگەر لە خـوا نزیـك ببێتـەوە و پەیوەست بێت بە فەرمانەکانی و قەدەغەکراوەکانی و کارەکانی لە ڕەزامەندی خـوا

---

(١) خەتەرە: بەو شتانە دەگوترێ کە بە دڵ دادێت.

بێـت و خـوا پـێش هـەموو هـەوا و ئـارەزوواتی بێخێـت، بـەڵام مـرۆڤ خـراپترین دروستکراوە، ئەگەر دوور بێت لە خوا و دڵی نەجووڵێت بۆ ئەوەی لە خوا نزیک بێتەوە و پەیوەست نەبێت بە بەندایەتی و ڕەزامەندی خودا.

کەوابوو: هەر کاتێك مرۆڤ نزیکی خوای هەڵبـژاردو خوای گەورەی پـێش هـەواو ئارەزوواتی خۆی خست، ئەوە دڵ وعەقڵ وئیمانی باڵادەست دەبێت بەسەر نەفس و ئارەزووات وشەیتانی، سەرفرازی وهیدایەتی باڵادەست دەبێت بەسـەر سـەرگەردانی و هەوا و هەوەسی، بەڵام ئەگەر دووری لـە خـوای هەڵبـژارد، ئـەوە نـەفس و هـەوا و ئارەزووات و شەیتانی باڵادەست دەبێت بەسەر عەقڵ و دڵ و سەرفرازی.

چاك بزانە: خەتەرە و وەسوەسە سەر دەکێشێت بـۆ بیرکردنـەوە، بیکردنـەوەش سەردەکێشێت بۆ یادکردنەوە، یادکردنەوەش سەردەکێـشێت بـۆ ئـیرادە، ئـیرادەش سەر دەکێشێت بۆکاری ئەندامەکانی لاشە، ئەوکات ئەو کارەش باڵادەست دەبێـت و دەبێـت بـە عـادەت، جـا لـە سـەرەتاوە چـاککردنی خەتـەرە ئاسـانە، بـەڵام کـە پێڕاگەیشت و تەواو بوو چاککردنی زۆر ئاستەمە.

ئەوەش بزانـە بە هیچ شێوەیەك مرۆڤ ئەوەی پێ نەدراوە کە ئەو خەتەرانەی بـە دڵی دادێت لە بنچینەوە ڕیشەکێـشی و بنـبڕی بکـات و هیـچی لێ نـەهێڵێت، چونکـە ئەو خەتەرە و وەسوەسـانە وەکـو هەناسـەی مرۆڤەکـە وایـە بـەردەوام هێرشـی بـۆ دەهێنن، بەڵام لێرەدا ئەگەر مرۆڤ ئیمان و عەقڵی بە هێزبوو، ئەو خەتەرە چـاکانەی بـە دڵـی دادێـت هەڵیدبـژێرێت و پـێ ڕازی دەبـێ و هـۆگری دەبێـت، ئـەو خەتـەرە خراپانەشی بە دڵی دادێت، پێ ناخۆشە و پشتی تێدەکات و لێی دوور دەکەوێتەوە، هەر وەکو هاوەڵان بە پێغەمبەریانﷺ فـەرموو: ئەی پێغەمبەری خـواﷺ هەریـەك لە ئێمە جاری وا هەیە هەست بە شتی وا دەکات لـە نەفـسی خـۆی ئەگـەر بـە ئـاگر بسوتێنرێت تاکو دەبێت بە خەڵوز، ئەوە زۆر پێی خۆشترە نەك ئـەو خەتەرەیە بـە دڵی داهاتووە دەرببڕێت، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ((ئایـا هەسـت بـەوە دەکـەن؟))[١]

هاوەڵان ووتیان: بەڵێ، پێغەمبەریشﷺ فەرمووی: ((ئا ئەمە نیشانەی ئیمانە))[1].

لێرەدا کە پێغەمبەرﷺفەرمووی: ((ئا ئەمە نیشانەی ئیمانە))، ئەوە دوو ڕاڤـەی بۆ کراوە:

یەکەم: وەرنەگرتن و ڕەتکردنەوەی وپێ ناخۆش بوونی ئـەم خەتەرەیـە، ئـەوە خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئیمانە.

دووەم: کـە شـەیتان ئـەو خەتەرانـە بـە دڵـی ئـەو مرۆڤـە دادەهێنێـت، ئـەوەش نیشانەی ئیمانە، چونکە ـ دیارە ئەو مرۆڤە ئیمـانی لـە دڵدایەـ بۆیـە شـەیتان ئـەو خەتەرانە دەخاتە ناو دڵی تاکو ئیمانەکەی لەکەداربکات یان لاییبات.

بەڵێ: خـوای گـەورەش نەفـسی مرۆڤـی دروسـتکردووە وەك بـاراش وایـە، چۆن باراش نابێ بە چۆڵی ئیش بکات بەڵکو هەر دەبێت شتێکی تێبکرێت تاکو بیهاڕێت، باراشیش ئەگەر گەنمی تێبکرێت دەیهاڕێت، ئەگەر خۆڵ یان چەوی تێبکرێـت هـەر دەیهاڕێـت، بـە هـەمان شـێوەش ئـەو خەتـەرە و خەیاڵاتانـەی کـە لـە دڵـی مرۆڤـدا دەسوڕێتەوە. وەکو ئەو گەنمە وایـە کـە دەکرێتـە نـاو ئاشـەکە، چـونکە ئـەو ئاشـە هەرگیز بە چۆڵی کارناکات، بەڵکو هەر دەبێت شتێکی تێبکرێت تا بیهاڕێت.

هێندێ کەس ئاشەکەیان گەنمی تێدەکرێت و گەنم دەهاڕێـت، بۆیـە ئـاردێکی بـۆ دەردەچـێت کـە بـۆ خـۆی و خـەڵکیش سـوودی لێ دەبیـنن، بـەڵام زۆربـەی خـەڵکی ئاشەکانیان یان قوم یان چەو یان کا دەهاڕێت، جا کە کاتی ئەوە دادێت کە بیکـات بە هەویر و بیکات بە نان ئەوە ڕاستەقینەی ئاردەکەی بۆ ڕۆشن دەبێتەوە.

ئەگەر ئەو خەتەرە خراپانەی بە دڵت دادێت دوورت کردەوە لە خۆت، ئـەوە ئـەو شتانەی بە دوایدا دێـن بـۆ خـۆی نادینێـت، بـەڵام ئەگـەر ڕووت تێکـرد و وەرتگـرت خەتەرەکـە دەبێـت بـە فیکـر، فیکـریش لـە خزمـەتی ئـیرادە دا دەبێـت، ئـیرادە و

---

(۱) صحيح: رواه مسلم (۱۳۲)، و ابو داود (٥۱۱۱)، و احمد فی ((المسند)) (۲/٤٤۱).

فیکریش لە خزمەتی ئەندامەکاندا دەبن، بەڵام ئەگەر ئەوە نەکرا ڕوودەکەنە دڵ تاکو بە هەوا و ئارەزووات لە خشتەی بەرن، ئەوەش ڕوون و ئاشکرایە کە چاکردنی فیکر ئاسانترە لە چاکردنی ئیرادە، چاکردنی ئیرادەش ئاسانترە لە چاکردنی کاروکردەوە، فریاکەوتنی کاروکردەوە ئاسانترە لە بنبڕکردنی داب و نەریت.

چاکترین چارەسەریش بۆ ئەو دەردە، ئەوەیە کە خۆت بە شتێك سەرقاڵ بکەی کە پەیوەندی بە تۆوە هەبێت، نەك خۆت بە شتێك سەرقاڵ بکەی پەیوەندی بە تۆوە نەبێت، چونکە بیرکردنەوە لە شتێك کە پەیوەندی بە تۆوە نیە دەرگای هەموو خراپەیەکت لێ دەکاتەوە.

هەر کەسێك بیر لە شتێك بکاتەوە پەیوەندی بەو نەبێت، ئەو کات ئەو شتەی پەیوەندی بەویەوە هەیە لە دەستی دەچێت، سەرقاڵ دەبێت بە شتێك کە سوودی بۆ ئەو نیە، بەرانبەر بە شتێك کە سوودی بۆ ئەو هەیە.

کەوابوو: خەتەرە و بیرکردنەوە و ئیرادە و هیمەت شیاوترین شتن کە مرۆڤ خۆی سەرقاڵ بکات بە چاککردنیان، چونکە ئەوانە ئەگەر خراپ بوون لە خوا دوورت دەخەنەوە، ئەگەر باشیش بن لە خوا نزیکت دەخەنەوە، ئەو خوایەی کە کامەرانی و ئاسوودەیی تۆ لە نزیك بوونەوە و ڕەزامەندی ئەو دایە، سەرگەردانی و خراپی تۆش لەدووربوونەوە و تووڕەیی ئەو دایە.

ئاگاداربـــە: نەکەی بهێڵی شەیتان خانووی خۆی لە بیرکردنەوە و ئیرادەت دروست بکات، چونکە ئەگەر ڕێگات پێدا ئەو کارە بکات ئەوە گەندەڵی دەکات، ئەوسا فریاکەوتنی زۆر ئاستەمە، ئەگەر ئەوەی بۆ ڕێك بکەوێت ئەوە بە هەوەسی خۆی هەموو جۆرە وەسوەسە و شتی خراپ دەخاتە بیرکردنەوە و خەیاڵت، بەربەستێکت بۆ دروست دەکات بۆ گەیشتن بەو بیرکردنەوانەی سوود بەخشن بۆت، لێرەشدا تاوانی خۆتە کە یارمەتیت داوە باڵادەست بێت بەسەر نەفستدا بەوەی دەرگای دڵت بۆ کردۆتەوە، ئەگەر وابکەی نموونەی تۆ ئەو وەکو ئەو کابرایەی ئاشەوان وایە کە خەریکی هاڕینی گەنمی باش و پاکە، کەچی کەسێك لەلاوە دێت ـ

فەردێك ـ خۆڵ و قشپل و خەڵوز و پۆخڵەواتی بە شانی خۆیدا داوە داوا لە ئاشەوان دەكات بیكاتە ناو باراشەكە و بیهاڕێت، جا لێرەدا ئەگەر ئاشەوانەكە ئەو كابرایەی دەركرد و نەیهێشت ئەو پۆخڵەواتە بكاتە ناو ئاشەكەیەوە، ئەوە ئاشەكە بەردەوام دەبێت لەسەر هاڕینی گەنمی بە سوود و پاك، بەڵام ئەگەر ئاشەوانەكە ڕێگای بەو كابرایەدا ئەو پۆخڵەواتە بكاتە ناو ئاشەكەی، ئەوە بە هۆی ئەو پۆخڵەواتەوە ئەو گەنمەی لە ناویشیەتی هەر هەموو پیس دەبێت و خەسار دەبێت.

چارەی ئەم دەردە:

لە ڕووی زانستەوە، ئەوەیە كە بیركردنەوە و خەیاڵی خۆت سەرقاڵ بكەی بەو زانیارانەی دەتگەیەنێتە یەكتاپەرستی و خۆشەویستی خوا، خۆ سەرقاڵ كردن بەو زانیارانەی ڕاستی مردن و هەواڵەكانی ترت تا بەهەشت و دۆزەخ بۆ ڕۆشن دەكەنەوە، خۆ سەرقاڵ كردن بۆ بە دەست هێنانی زانیاری لەسەر ئەو كارە خراپانەی مرۆڤ تووشی توڕەیی خوا دەكەن و ڕێگای خۆ لێ پاراستنی.

لە ڕووی ئیرادەشەوە، پێویستە خۆت بەو شتانە سەرقاڵ بكەی كە سوودت پێدەگەیەنێت، واز لەو شتانەش بێنی كە زیانت پێ دەگەیەنێت، دەبینین لەلای خواناسەكان ئومێدكردن بۆ خیانەت و سەرقاڵ كردنی دڵ و هۆش پێیەوە زۆر زیانی زیاترە بۆ دڵ لە خودی خیانەتەكە خۆی، دەڵێن: چونكە ئومێدكردنی خیانەت دڵی پێ سەرقاڵ دەبێ و هەموو غەم و مەبەستی دەبێتە ئەو خیانەتە، بۆ نموونە تۆ لە دنیادا پادشایەك دەبینی ئەگەر هێندێ لە دار و دەستەكانی دڵ و هۆشیان سەرقاڵ ببوو بەوەی كە چۆن خیانەتی لێ بكەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شتەیان لە دڵی خۆیان حەشاردابوو خزمەتی پادشایان دەكرد و پێویستیەكانیان بۆ جێبەجێ دەكرد، جا ئەگەر هاتوو پادشا بەو مەبەست و خیانەتەكەی ئەوانی زانی ئەوە زۆر لێیان تووڕە دەبێت، بۆیە چی خراپە پێیان دەكات، چونكە ئەوانە لەلای پادشا زۆر خراپترن و قیزەوەنترن لەو كەسەی تاوانێكی ئەنجامداوە بەبێ ئەوەی لە پادشای بشارێتەوە، لەبەر ئەوەی كەسی یەكەم لە بێ دەسەڵاتی خیانەتەكەی

ئـەنجام نـەداوە، ئـەگینا دڵـی پـڕە لـە پادشـا، کەسـی دووەمـیش خیانەتەکـەی ئەنجامداوە، کەچی دڵی پێی ناخۆشە، وەنـەبێت سـوور بێـت لەسـەر خیانـەت و لـە دڵی خۆشی حەشاری دا بێت، جا ئەوەیان حاڵ و عاقیبەتی زۆر چاکترە لـە کەسـی یەکەم.

پوختەی قسان ئەوەیە: دڵ هەرگیز چۆڵ نابێت لە خەتەرە و بیرکردنەوە، ئینجا ئـەو بیرکردنەوەیـە یـان هـانی دەدات بـۆ چاکسـازی حـاڵی دوا ڕۆژی، یـان ئـەو بیرکردنەوەیـە هـانی دەدات بـۆ چاکسازی ژیـانی دنیـای، یـان ئـەو بیرکردنەوەیـە تووشی چەندین وەسوەسە و نیاز و شتی بێ هودەی دەکات.

پێشتر باسمانکرد کە نەفسی مرۆڤ وەکو ئاش وایە هەرچی تێهاوێژی دەیهاڕێت، ئەگـەر گـەنمی تێبهـاوێی دەیهاڕێـت، ئەگـەر شووشـە و بـەرد و قـشپلی تێبهاویـت دەیهاڕێت، جا خوای گەورە خاوەن و بەڕێوەبەری ئەو ئاشەیە – کە نەفسی مرۆڤـە – مەلائیکەتێکی بۆ ئامادە کردووە شتی بە سوودی تێبکات، نەفـسیش دەیهاڕێت، شـەیتانێکیش شـتی بـێ سـوودی تێـدەکات نەفـسیش دەیهاڕێـت، جـا ئەوانـەی مەلائیکەت دەیخاتە دڵی مرۆڤەوە، هاندانیەتی بۆ خێر و بە ڕاستدانانی ڕۆژی دوایی، ئەوەی شەیتانیش دەیخاتە دڵی مرۆڤ، هاندانیـەتی بـۆ خراپـە و بـە ڕاسـت دانـەنانی ڕۆژی دوایی.

فەرموو: بەرداغێك لە ئاوی ئیمان

(شقیق)ی کوڕی (ابراهیم) دەفەرمووێ: دەرگای تـەوفیقی خـوا لەسـەر مـرۆڤ لـە شەش شت داخراوە:

١. سەرقاڵ بوونیان بە بەخششەکانی خوا و سوپاس نەکردنی.

٢. حەزکـردن لە زانست و زانـــیاری و کار پێنەکردنی.

٣. پەلەکردنی بۆ گوناه و دواخستنی تەوبە.

٤. فریوخواردن بە هاوڕێیەتی پیاوچاکان و چاو لێنەکردنیان.

٥. پشت تێکردنی دنیا لەوان، کەچی ئەوان ڕووی تێدەکەن.

٦. ڕووتێکردنی دوا ڕۆژ بۆیان، کەچی ئەوان پشتی تێدەکەن.

ـ ابن قیم دەفەرمووێ ـ منیش دەڵێم: ئەوانە بۆ وایان بەسەر هاتووە چـونکە، حەزکردن لە چاکە و ترسان لە خراپەیان لە دڵدا نیە، یـەقینێکی بـێ هێزیـان هەیـە، چاو ساغیان نیە، بنـچینەی ئەوانـە بـێ نرخـی نەفـسە و گۆڕینی شـتی چـاکەیە بـە خراپە، ئەگەر وانەبایە و نەفسی نرخی هەبایـە، ئـەوە شـتی چـاکەی نـەدەگۆڕی بـە خراپـە.

کەوابوو: بنچینەی هەموو خێر و چاکەیەك ـ دوای سـەرفرازی خوا ـ لـە بـەرزی و پـاکی و بـەنرخی نەفـسەوە سـەرهەڵدەدات، بنـچینەی هـەموو خراپەیـەکیش لـە گەندەڵی و پیسی و بێ نرخی نەفسەوە سەرهەڵدەدات خـوای گـەورە دەفـەرمووێ: ﴿قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ۝٩ وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّىٰهَا ۝١٠﴾ (الـــشمس:٩ـــ١٠)، واتـــە: بەڕاستی ئەو کەسە سەرفرازە کە نەفسی پاك و پوخت کردووە بـە بەندایـەتی خـوا، ئەو کەسەش زەرەرمەند بوو کـە نەفـسی خـۆی گەنـدەڵ و پـیس و پـۆخڵ کـردووە بەبێ فەرمانی خوا.

بەڵێ: نەفسی پاك و بەڕێز تەنها شتی بەرز و چاك و سوپاسكراوی دەوێت، بەڵام نەفسی پیس و بێ نرخ ڕوودەكاتە شتی قێزەون وگەندەڵ و پیس وەك مێش و مەگەز كە چۆن تەنها ڕوو دەكەنە سەر شتی پیس، نەفسی پاك و بەڕێز بە ستەم و فاحیشە و دزی و خیانەت ڕازی نابێت، چونكە زۆر لەوە بەرزتر و بە نرختره كە پێی ڕازی بێت، بەڵام نەفسی بێ نرخ و پیس و گەندەڵ بە پێچەوانەی ئەویە.

پوختەی قسان: هەر نەفسێك مەیلی بۆ ئەو كارانـــە دەچێت كە لەگەڵ خۆیدا دەسازێ، ئەوە مانای ئەو ئایەتەیە كە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿كُلٌّ يَعْمَلُ عَلَىٰ شَاكِلَتِهِۦ﴾ (الأسراء:٨٤)، واتە: هەر كەسە و كارێك ئەنجام دەدات كە لەگەڵ خۆیدا بسازێ.

هەموو مرۆڤێك لەسەر ئەو ڕێباز و مەزهەب و داب و نەریتەیە كە خووی پێوەگرتووە، مرۆڤی خراپ كارێك ئەنجامدەدات كە لەگەڵ خۆی بگونجێ، لە بری سوپاس كردنی خوا لەسەر بەخششەكانی بێ فەرمانی دەكات، مرۆڤی ئیمانداریش كارێك ئەنجامدەدات كە لەگەڵ خۆیدا بگونجێ، بۆیە شوكرانە بژێری خوا دەكات لەسەر نیعمەتەكانی و خۆشی دەوێ و شەرمی لێ دەكات و هەست بە چاودێری دەكات و بە شكۆ و گەورەی دادەنێت.

ئەگەر كەسێك نەفسی خۆی نەناسێت، چۆن دروست كارەكەی دەناسێت؟ ـ بە وردی بڕوانـــە ئـــەو نموونـــە جوانـــە - خـوای گـەورە لـە سـینگتدا خانوویـەكی دروسـتكردوە كـە دڵـــە، لـە نـاو ئـەو خـانووەش كورسـیەكی بـۆ سـازاندووە، ئـەو كورسیەش خواناسی و خۆشەویستی و یەكتاپەرستی خوا لەسەری جێگیر دەبێت و دادەنیشێت، كورسیەكەش بە پەڕۆیەك داپۆشراوە كە ڕەزامەندی خوایە، لە تەنیشتی لای ڕاست و چەپیش فەرمانەكانی خوا ڕیزكراوە، ئەو خانووەش بە باخچەیەك دەوردراوە، جا خوای گەورە بارانی ووتەكانی خۆی بەسەردا دەبارێنێت، ئەوكات چەندین جۆر گوڵ و گوڵزار و درەختی بە بەری لێ دەڕوێت لە بەندایەتی و (الله اكبر)كردن و تەسبیحات و سوپاسگوزاری و بە پاك ڕاگرتنی خوا، لە ناوەڕاستی

باخچەکەش درەختێکی خواناسی بۆ دەڕوێنێ، ئەو درەختە: ﴿تُؤْتِيٓ أُكُلَهَا كُلَّ حِينِۭ بِإِذْنِ رَبِّهَا﴾(ابراهیم:٢٥)، واتە: ئەو درەختەی هەموو کاتێك بەروبوومی خۆی دەبەخشێت بەویستی پەروەردگاری، لە خۆشەویستی و گەڕانەوە و لە خواترسان و دڵ ئارامی و ئاسوودەیی.

ئەو درەختەش بە بیرکردنەوە لە قورئان و تێگەیشتنی و کارپێکردنی ئاودەدرێت، لەو ماڵەدا چرایەك هەڵواسراوە کە بە ڕووناکی خواناسی و ئیمان و یەکتاپەرستی دەدرەوشێتەوە، دیوارێکیشی بۆ باخچەکە کردووە، تاکو بیپارێزێت لە هەموو بەڵایەکی خراپ، مەلائیکەتیشی وەك چاودێر بۆ ئامادەکردووە کە دەیپارێزن لە کاتی خەوی یان بەخەبەری.

کاتێك خاوەنی ئەو خانووە دەزانێت دانیشتوانی زۆر چاك لە ناو ماڵەکەی دان، بۆیە بەردەوام هەموو غەمی ئەوە دەبێت خانووەکەی پوختە بکات، تاکو دانیشتوانی ناو ماڵەکەی ڕازی بن، هەر کاتێکیش هەست بە نالەبارییەك بکات لە خانووەکەی ئەوە زۆر بە پەلە هەوڵدەدات چاکی بکات، بەراستی دانیشتوانی ناو ئەو خانووە دانیشت گەڵی باشن، بە ڕاستی ئەو خانووەش خانوویەکی باشە.

چەند جیاوازی هەیە لە نێوان ئەو خانووە و خانوویەك کە کاول بووە و بۆتە شوێنی مێش و مەگەز و پیسی و پۆخڵەوات، هەر کەسێك بیەوێت دەس بە ئاو بگەیەنێت دەچێتە ئەوێ، چونکە دەبینێ کاولە و کەسی تیا نیە و دیواری نیە و شوێنی پیسابییە و تاریکە و بۆنی بۆگەنی لێدێ و هەمووی تێك چووە و پڕیەتی لە پیسی و پۆخڵی و کەس پێی هۆگر نابێت، کەسیش ناچێتە ئەوێ تەنها مێش و مەگەز و ئەوەی پێی ڕاهاتووە، جا شەیتان لە ناو ئەو خانووە لەسەر کورسیەکەی دانیشتووە، کورسیەکەش بە پەڕۆیەك داپۆشراوە کە نەفامیە، لەلای ڕاست و چەپیدا ئارەزووات ڕیزکراوە، لە ناو خانووەکە باخچەیەك هەیە پڕیەتی لە زەلیلی و سەرگەردانی و ڕووکردنە دنیا و دڵ پێوە بەند بوون و وازهێنان لە دوا ڕۆژ، ئەو باخچەیە بارانی نەفامی و ئارەزووات و شیرك و بیدعە بە سەریدا دەبارێت، کە

هــەموو جـۆرە دڕك و دار و گــوژاڵکێکی تیــا دەڕوێــت، بەرووبومەکــەی گونــاه و سەرپێچی و ملکەچ نەکردن و قەشمەریات و گاڵتە و گەپ و وتنـی شـیعری دڵداریـە، لە ناوەراستی باخچەکەش درەختی خوا نەناسی و پشت کردنـە خـوا رواوە، هـەموو کاتێك بەرووبومی خۆیدەدا لە فیسق و گوناه و گاڵتە و یاری و قەشمەری و ڕۆیشتن لەگەڵ مەصلەحەت و شوێنکەوتنی ئارەزووات و غەم و خەفەت و دڵ تەنگی و ئـێش و ئـازار و دڵـەڕاوکێ، ئـاوی ئـەو درەختــەش شــوێنکەوتنی هــەوا و ئــارەزووات و مەغرووری و ئومێدبوون بە دنیایە.

بەڵێ: خوای گەورە دروستکاری هەر دوو خانوەکەیە کە دڵــە، جا هــەر کەسـێك دڵی وەك ئەو خانووە پاکەی یەکەمجار باسمان کرد ڕابگرێت ئەوە لە دنیا وقیامـەت سەرفراز دەبێت، هەر کەسێکیش دڵـی وەك ئـەو خـانووە پیسـەی دووەم ڕابگرێـت، ئەوە لە دنیا وقیامەت شەرمەزار و سەرگەردان دەبێت.

وێـستگەی ئیمان

پرسـیار لـە (سـهل التُـستري)ی کـرا ووتیـان: پیـاوی وا هەیـە ڕۆژێ یـەك جـەم دەخـوات؟ فـەرمووی: ئەمـە خـواردنی (الـصدیقین) ڕاسـتگۆیانە، پێیـان ووت: ئـەی ئەگەر دوو جەم بخوات؟ فەرمووی: ئەمەش خواردنی ئیماندارانە، پێیـان ووت: ئـەی ئەگەر سێ جەم بخوات؟ فەرمووی: بە ماڵەوەیان بڵێن با ئاخوڕێکی بۆ بسازێنن.

(الأسـود)ی کـوڕی (سـالم) دەفـەرمووێ: دوو ڕکعـات نوێژبکـەم زۆر لـەلام خۆشەویستترە لە بەهەشت و ئەوەی لە ناویشیدا هەیە.

پێیان ووت: قوربان ئەمە هەڵەیە، ئەویش لە وەڵامدا دەیفەرموو: بـا بۆتـان ڕوون بکەمەوە، بەهەشت بۆ ڕازی بـوونی نەفـسی خۆمـە، بـەڵام دوو ڕکعات نوێژەکە بـۆ ڕازی بوونی پەروەردگارمە، کەوابوو، ڕەزامەندی پەروەردگارم لا خۆشەویـستترە لـە ڕەزامەندی نەفسی خۆم.

- مرۆڤی خواناس لە زەویـدا وەکـو گـوڵی ڕێحانـەی بەهەشـت وایـە، کـە مرۆڤـی موسڵمان بۆنی دەکات تامەزرۆی بەهەشت دەبێت.

دڵی مرۆڤێك کە خوای خۆشبوێت لە نێـوان شـکۆ و جـوانی خـوا وەسـتاوە، هـەر کاتێك وردبێتەوە لە گەورەیی خـوا شـکۆداری خـوا لـە دڵیـدا دەدرەوشـێتەوە، هـەر کاتێکیش ووردبێتەوە لە جوانی خوا تامەزرۆی دەبێت.

بەڵایەکی نادیار کە تۆ نازانی؟

یەکێك لە بەڵا نادیارەکان ئەوەیە کە مرۆڤ لە نیعمەتی خوا دایـە و خـوا نیعمـەتی بەسەردا ڕژاندووە، کەچی ئەو مرۆڤە بە نەزانی خۆی دەیەوێت لە ژێـر ئـەم نیعمەتـە دەرچێت وادەزانێت لەوەی چاکتر چەنگ دەکەوێت، بەڵام پەروەردگاری بەنەفامی و نەزانی ئەو ناکات و بە ڕەحمەتی خۆی لە ژێر نیعمـەتی خۆیـدا دەیهێڵێتـەوە، تـاکو ئەو کاتەی بە تەواوی بێزاری و ناڕەزایی خۆی دەردەبڕێـت، ئـەوکات خـوای گـەورە نیعمەتەکەی لێ دەگرێتەوە و ئەو شتەی پـێ دەدات کـە داوای کربـوو، بـەڵام کاتێـك مرۆڤەکە دەگات بەوەی خۆی داوای کـردووە، دەبینێـت جیاوازیـەکی زۆر هەیـە لـە نێـوان ئـەوەی پێـشوو و ئـەوەی ئـەو داوای کـردووە، ئینجـا دڵ تـەنگ دەبێـت و پەشیمان دەبێتەوە داوا دەکات دیسان بگەڕێتەوە سەر ئەوەی پێشتر.

کەوابوو: هیچ شتێك وەکو ئەوە خراپ نیە کە مرۆڤ بێزار بێت و بێ تاقـەت بێـت لە نیعمەتی خوا، چونکە ئەو مرۆڤـــە ئـەو نیعمەتـەی بەسـەریدا ڕژاوە بـە نیعمـەتی خوای نازانێت، سوپاسی خواشی لەسەر ناکات و دڵخۆش نابێت پـێی، بـەڵکو لێـی بێـزارە و گلـەیی لێـی هەیـە و بـە گرفتـی دەزانێـت، زۆربـەی خـەڵکی دژی هێنـدێ نیعمەتی خوانە کە پێی بەخشیوون، چونکە هەست ناکەن ئەوە نیعمـەتی خوایـە ــ بەڵکو وادەزانن ئەوە بەڵایە ـ بۆیـە بـە نـەفامی و نـەزانی خۆیـان تـێ دەکۆشـن بـۆ ئەوەی لە خۆیانی لابەرن.

چەند کـەس کـە نیعمـەتی خـوای بەسـەردا ڕژاوە، کەچـی ئـەو بـە نـەزانی خـۆی هەوڵیداوە لە خۆی لاببات خـوای گـەورە دەفـەرمووێ: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ لَمْ يَكُ مُغَيِّرًا نِّعْمَةً أَنْعَمَهَا عَلَىٰ قَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا۟ مَا بِأَنفُسِهِمْ﴾ (الأنفال:٥٣)، واتـە: خودا هەرنیعمـەتێکی بە هەر گەڵ و نەتەوەیەك بەخشیبێت لێیان ناسێنێتەوە و لێیان ناگۆڕێت، تا خۆیان

بە خراپەی خۆیانەوە ئەو نیعمەتە لەسەر خۆیان لانەبەن و یاخود نەیگۆڕن.

خـوای گـەورە دەفــەرمووێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمۡۗ﴾ (الرعد:١١)، واتــە: بێگومـان خـوای گـەورە لـە هـیچ گـەلێك ناگۆڕێـت، تـا ئـەوان لـە نەفسی خۆیان نەگۆڕن.

هیچ دووژمنێك سەرسەختتر نیە بۆ دژایەتی کردنـی نیعمـەتی خـوا لـە نەفـسی مـرۆڤ، نەفـسی مـرۆڤ لەگـەڵ دووژمنەکەیـدا پـشتیوانە، کـە دووژمنەکـەی ئـاگر لـە نیعمەتەکە بەردەدا نەفسیش بۆی خۆش دەکات، یەکەمجار ڕێگای بـە دووژمـن داوە ئـاگری تێبەربـدا پاشـان یارمـەتی دەدات، جـا کاتێـك ئاگرەکـە خـۆش بـوو هـاواری ئاگرکوژێنەوە دەکات و گلەیی لە (قدر) دەکات.

بە چ سیفەتێك خودا دەناسی

هێندێ لە خەڵکی خوا بە بەخشندە و فەزڵ و چاکە دەناسن، هێندێکیش خوا بە لێخۆشبوون و ئـارامی و لێبـووردەیی دەناسـن، هێنـدێکیش خـوا بـە سـزا و تۆڵـە سەندنەوە دەناسن، هێندێکیش خوا بە زانست و حیکمەت دەناسن، هێندێکیش خوا بە عیززەت و (کبریـاء) دەناسـن، هێنـدێکیش خـوا بـە ڕەحمـەت و چـاکە دەناسـن، هێندێکیش خوا بەدەسەڵات و مولك دەناسن، هێندێکیش خوا بە وەڵامدانەوەی نزاو بە هانا هاتن و دابین کردنی پێویستیەکانی دەناسن.

لە هەمووان فراوانتر ئەوەیە کە خـوا لـە قورئانـەوە بناسـی، چـونکە لـە ڕێگـای قورئانەوە پەروەردگارێك دەناسێت کە خـاوەنی هـەموو سـیفاتێکی بـەرز و بڵنـد و کەمالـە، دوورە لـە هـەموو پێـچونێك، دوورە لـە هـەموو کـەم و کورتیـەك، خـاوەنی هەموو ناو و سیفاتێکی چاك و کاملە، چی بوێت ئەنجامی دەدات، لەسەرووی هەموو شتێکە و لەگەڵ هەموو شتێکە، بە دەسەڵاتە بەسەر هەموو شتێکدا، هەڵسوڕێنەری هەموو شتێکە، فەرمان دەدات و قەدەغەدەکات بێ کـەم و کوڕیـە، بـە شـکۆترە لـە هەموو شتێك، لە هەموو شتێك جوانترە، لە هەموو کەسێك بە ڕەحمـترە، لـە هـەموو کەسێك بە دەسەڵاترە، لە هەموو کەسێك حەکیم تـرە.

کـەوابوو: قورئـان نـازل بـووە تـاکو بەنـدەکان خـوای پـێ بناسـن و بـە ڕێگـای قورئانەوە بگەن بە ناسینی خوا.

فراوانترین جۆری خواناسی

فراوانترینی جۆرەکانی خواناسی، ناسینی خوایە بە سیفەتی (الجمال) جوانی، هەر کەسەو و خوا بە سیفەتێك دەناسێت، بەڵام چاکترینیان ئەوەیە خوا بە شکۆداری و بێ کەم و کوڕی بناسیت، جا جوانی خوای گەورە وێنەی نیە، گریمان ئەگەر هەر هەموو خەڵکی لەسەر وێنەی جوانترین کەس بن، جا جوانی دەرەوە و ژوورەوەیان بەراوورد بکەی لەگەڵ جوانی پەروەردگار، ئەوە جوانیەکەیان زۆر کەمترە لە ڕووناکی چرایەکی بێ هێز بەرانبەر ڕووناکی خۆری پرشنگدار، هەر ئەوە بەسە بۆ جوانی خوای گەورە کە هەر هەموو شتە جوانەکانی دنیا و قیامەت دروستکراوی ئەوە، ئەی دەبێت جوانی ئەوە چۆن بێت کە ئەوانەی دروست کردووە؟! ئەوە بەسە بۆ جوانی خوای گەورە کە خاوەنی هەموو عیزەتێکە، خاوەنی هەموو دەسەڵاتێکە، خاوەنی هەموو بەخشندەیەکە، خاوەنی هەموو زانستێکە، خاوەنی هەموو فەزڵێکە.

یەکێك لە ناوە جوانەکانی خوای گەورە (الجمیل)ە لە حەدیسی (صحیح)دا هاتووە پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێ: ((إِنَّ اللَّهَ جَمِيلٌ يُحِبُّ الْجَمَالَ))[1]. واتە: خوای گەورە جوانە و جوان و پاکیشی خۆش دەوێت.

جوانی خوای گەورە چوار پلەی هەیە:

١. جمال الذات: جوانی زاتی خوا.

٢. جمال الصفات: جوانی سیفاتەکاتی خوا.

٣. جمال الأفعال: جوانی کارەکانی خوا.

٤. جمال الأسماء: جوانی ناوەکانی خوا.

---

(١) صحيح: رواه مسلم (١٩)، ابو داود (٣٠٩١)، والترمذی (١٩٩٩)، و احمد فی ((المسند)) (١/٣٨٥و٤٢٧).

ناوەکانی خوای گەورە هەر هەمووی جوانن، سیفاتەکانی هەر هەمووی کامل و بێ کەم و کوڕین، کارەکانی هەر هەمووی بە حیکمەت و چاکە و دادپەروەرانە و بە ڕەحمەتە، بەڵام جوانی زاتی خوای گەورە، جگە لە خۆی کەسی تر نەیگەیشتۆتێ و نایزانێت، کەسیش لە دروستکراوەکانی هیچی لێ نازانن، جگە لەو پێناسانە نەبێت کە خوا بەو کەسانەی ئاشنا کردووە کە ڕێزی لێ ناون، ئەگینا جوانی زاتی خوای گەورە پارێزراوە لە خەڵکی و نادیارە و پۆشراوە.

(ابن عباس) دەفەرمووێ: زاتی خوای گەورە پۆشراوە بە سیفاتی خوا، سیفاتەکانی خواش پۆشراوە بە کارەکانی، کەوابوو گومانت چیە بەرانبەر جوانیەك کە پۆشراوە بە وەسفی کامل و بێ کەم و کوڕی، پۆشراوە بە سیفاتی گەورەیی و شکۆداری.

لەو مانایەوە مرۆڤ لە هێندێ مانای جوانی زاتی خوا دەگات، چونکە مرۆڤ بە ڕێگای ناسینی کارەکانی خوا سیفاتەکانی خوا دەناسێت، لە ڕێگای ناسینی سیفاتەکانی خواش زاتی خوا دەناسێت، جا هەر کاتێك جوانی کارەکانی خوای بەدی کرد، جوانی سیفاتەکانی خوای بۆ ڕوون دەبێتەوە، لە جوانی سیفاتەکانیشیەوە جوانی زاتی خوای بۆ ڕوون دەبێتەوە، لێرەدا ڕوون دەبێتەوە کە خوای گەورە خاوەنی هەموو سوپاس و ستایشێکە کەس لە دروستکراوەکانی ناتوانن بە پێی شیاو ستایشی بکەن بەو شێوەی خۆی ستایشی خۆی کردووە، بەڕاستی خوای گەورە پێویستە بپەرسترێ لەبەر زاتی، خۆشبویسترێ لەبەر زاتی، سوپاس بکرێ لەبەر زاتی، بێگومان خوای گەورە خودی خۆی خۆشدەوێت، ستایشی خۆی دەکا، سوپاسی خۆی دەکا.

خۆشەویستی خۆی بۆ خۆی، سوپاسی خۆی بۆ خۆی، ستایشی خۆی بۆ خۆی، تەوحیدی خۆی بۆ خۆی، ئەوە ڕاستەقینەی سوپاس و ستایش و خۆشەویستی و تەوحیدە، خوای گەورە ستایشی خۆی دەکات هەر وەکو بەندەکانی ستایشی دەکەن، خوای گەورە هەروەك چۆن زاتی خۆی خۆش دەوێت سیفات و

کارەکانیشی خۆشدەوێت. هـەموو کارەکانی خـوای گـەورە چـاك و سوپاسـکراون، کارەکانی هیچ ناپەسندیەکیان تیا نیە، هیچ شتێك نیـە لەبـەر خـودی خـۆی خـۆش بویسترێ، سوپاس بکرێ لەبەر خودی خۆی جگە لە خودا نەبێت.

هەر شتێکیش خۆشبویسترێ جگە لە خوا، ئەگەر خۆشەویستیەکەی لەبـەر خـوا بوو و لە بۆ خوا بوو، ئەوە خۆشەویستیەکی دروستە و چاکە، بـەڵام ئەگـەر وانـەبوو ئەوە خۆشەویستیەکی پوچەڵە، ئەمەش تەنها شیاوی خوایە.

ئا ئەمە(الألوهیـة)ی ڕاسـتەقینەیە، چـونکە پـەرستراوی ڕاسـتەقینە، ئەوەیـە کـە لەبەر زاتی خۆشبویسترێ و سوپاسی بکرێ، ئەگەر بێتوو چاکەو نیعمەت و ئارامی و لێبووردن و لێخۆشبوون و ڕەحمەتیشی لەگەڵ بێت دەبێت چۆن بێت؟

کەوابوو: لەسەر مرۆڤ پێویستە بزانێت هیچ پەرستراوێکی بە حـەق نیـە جگـە لـە "اللَّهُ" خۆشی بوێت و سوپاسی بکات لەبـەر بـێ کـەم و کـوڕی، پێویسـتە ئـەوەش بزانێـت هـیچ چـاکەکارێکی ڕاسـتەقینە نیـە کـە هـەموو نیعمـەتێکی دەروونـی و جەسـتەیت پـێ بـدات جگـە لـە "اللَّهُ" جـا بۆیـە پێویـستە لەسـەر ئـەو چـاکە و نیعمەتانەش خۆشی بوێت، لەسـەر ئەوانـە سـوپاس بکرێـت، لـە هـەموو ڕوویەکـەوە خۆش بویسترێ، هـەر وەك چۆن خـوای گـەورە هـیچ وێنەیـەك نیـە لـەو بچێت، بـە هەمان شێوەش نابێت خۆشەویستی خوا بە خۆشەویستی کەس بچێت واتـە: نابێـت کەسی وەك خوا خۆش بوێت، چـونکە هـەر خۆشەویـستیەك ملکەچـی لەگەڵـدا بێـت ئـەوە بەندایەتیـە، ئـەو بەندایەتیـەی کـە هـەموو مرۆڤـەکان بـۆ ئـەو بەندایەتیـە دروستکراون، بەندایەتی بریتیە لە خۆشەویستی و زەلیلی، خۆشویستنی بەم جـۆرە تەنها بۆ خوا دەبێت، نابێت مرۆڤ هیچ کەسێکی تری بەم جـۆرە خۆشـبوێت، ئەگـەر وای کرد دەکـات هاوبەشـی بـۆ خـوا بڕیـارداوە، هـەر کەسـێکیش هاوبـەش بـۆ خـاو بڕیاربدات ئەوە خوا هـەرگیز لێـی خـۆش نابێـت و کارەکانیـشی پوچـەڵ دەکاتـەوە ئەگەر تەوبە نەکات.

شوكرانەبژێری دەبێت دوو خاڵی تیادا كۆببێتەوە:

- ✓ باسكردنی چاكەكانی و سیفاتە كاملەكانی.
- ✓ لەسەر ئەو نیعمەتەی خوا پێداوە خوای خۆش بوێت.

كەواتــە: ئەگەر كەسێك باسی چاكەی كەسێكی تر بكات، بـەڵام خۆشـی نـەوێت ناكات سوپاسـگوزارە، هـەر كەسـێكیش كەسـێكی تـری خـۆش بوێـت، بـەڵام باسـی چاكەكانی نەكات ئەویش ناكات سوپاسگوزارە، تاكو ئـەو دوو خاڵـەی باسمـان كـرد تیا كۆنەبێتەوە پێی ناگوترێ سوپاسگوزار.

سوپاسـكردنی مـرۆڤ بـۆ خـوا بـە ئیـزن و ویـستی خوایـە، چـونكە هـەر خودایـە سوپاسگوزار دەكات بە سوپاسكار، مـرۆڤ دەكـات بـە موسـڵمان، مـرۆڤ دەكـات بـە نوێژكەر، مرۆڤ دەكات بە تەوبەكار، هەر لەویەوەیە سەرەتای نیعمەت و كۆتای، هەر لەویەوەیە سەرەتای سوپاس و كۆتایشی، هەر خودایە تەوبە بۆ بەندەكەی فەراهەم دێنێت، زۆریشی پێ خۆشە، ئەمەش لە فەزڵ و بەخشندەیی خۆیەتی، بەندایەتی بۆ بەندەكەی فەراهـەم دێنێـت و یارمـەتی لەسـەر دەدات، پاشـان پاداشتیـشی لەسـەر دەداتـەوە، ئەمـەش لـە فـەزڵ و بەخـشندەی خۆیـەتی، خـوای گـەورە لـە هـەموو ڕوویەكەوە دەوڵەمەندە و پێویستی بە كەس نیە، جگە لە خوا هەموو كەس هـەژارن و پێویستیان بە خوایە لە هەموو ڕوویەكەوە، بەندە هەژارە و پێویستی بە خوایە لە هەموو بوارێكدا، جا ئەوەی بە خواوە نیە ئەوە هەر نیە، ئەوەی بۆ خوا نیە سوودی نیە.

ڕوونکردنەوەی حەدیسەکان:

پێغەمبەرﷺ کـە دەفـەرمووێ: ((إِنَّ اللَّهَ جَمِيلٌ يُحِبُّ الْجَمَالَ))[١].

مەبەسـت لـەم حەدیسە جوانی جل و بەرگـە وەك لـە بەشـی پێشەوەی ئـەم حەدیسە ئامـاژەی پێکـردووە[٢]، جـوانی هـەموو شتێکیش دەگرێتـەوە هـەر وەك پێغەمبەرﷺ لە حەدیسێکی تـردا دەفـەرمووێ: ((إن الله نَظِيـف يحب النظافـة))[٣]، واتـە: خوای گەورە پاکـە و حەزیش لە پاکی ئەکات.

لە حەدیسێکی تری (صحیح)دا دەفـەرمووێ: ((إن الله طيـب لا يقبـل إلا طيبـاً))[٤]، واتـە: خوای گەورە پاکـە و ئەو شتەش وەردەگرێ کە پاك بێت.

لە (السنن)دا هاتووە پێغەمبەرﷺ دەفـەرمووێ: ((إن الله يحب أن يرى أثـر نعمتـه على عبده))[٥]، واتـە: خوای گەورە حـەز دەکـات شـوێنەواری نیعمـەت و بەخششی خۆی لەسەر بەندەکەیدا ببینێت.

(أبی الأحوص الجشمي) دەفـەرمووێ: پێغەمبـەر ﷺ منـی بینـی جلێکـی شـڕم لەبەر دابوو پێی فەرمووم: ئایا سەروەت و سامانت هەیە؟ منیش گوتم: بەڵێ هەمـە، ئەویش فەرمووی: چ جۆرە ماڵێکت هەیـە؟ منـیش گـووتم: لـە هـەموو جـۆرە مـەڕ و ماڵات و حوشترێکم هەیـە، جـا پێغەمبـەر ﷺ فـەرمووی: (دەی کـەوابوو وابکـە بـا خوای گەورە نیعمەت و بەخششەکانی لەسەرتدا ببینێت)[٦].

---

(١) صحيح: رواه مسلم (١٩)، ابو داود (٣٠٩١)، والترمذي (١٩٩٩)، و احمد في ((المسند)) (١/٣٨٥و٤٢٧).

(٢) درێژەی حەدیسەکە بەم شێوەیە: ((لاَ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ مَنْ كَانَ فِى قَلْبِهِ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ مِنْ كِبْرٍ». قَالَ رَجُلٌ إِنَّ الرَّجُلَ يُحِبُّ أَنْ يَكُونَ ثَوْبُهُ حَسَنًا وَنَعْلُهُ حَسَنَةً. قَالَ « إِنَّ اللَّهَ جَمِيلٌ يُحِبُّ الْجَمَالَ الْكِبْرُ بَطَرُ الْحَقِّ وَغَمْطُ النَّاسِ)).

(٣) رواه الترمذى (٢٨٠٠)، وفى سنده خالد بن الياس او اياس، و هو متروك الحديث كما قال الحافظ فى ((التقريب)) و له شواهد عند الطبرانى فى ((الاوسط)) من حديث سعد بن ابى وقاص ، ذكره السيوطى فى ((الجامع الصغير)) قال المناوى فى الفيض قال الهيثمى ورجاله رجال الصحيح .

(٤) صحيح: رواه مسلم (١٠١٥)، والترمذى (٢٩٩٢)، والدارمى (٢٧٢٠).

(٥) اسناده حسن: رواه الترمذى (٢٨٢٠).

(٦) اسناده صحيح: رواه النسائى (٨/١٩٦)، و احمد فى ((المسند)) (٣/٤٧٣).

خوای گەورە پێی خۆشە شوێنەواری بەخششی خۆی لەسەر بەندەکانیدا ببینێت، پێی خۆشە جوانی لەسەر بەندەکانیدا ببینێت، پێی خۆشە جوانی دڵ و دەروونیش بە دەربڕینی شوکرانە بژێری لەسەر بەندەکانی بەدی بکات، دەبینین خوای گەورە چونکە جوانی پێ خۆشە بۆیە پۆشاکی بۆ مرۆڤ فەراهەم هێناوە تاکو ڕواڵەتی خۆیانی پێ جوان بکەن و بڕازێننەوە، تەقوا و خواناسیشی بۆ فەراهەم هێناون تاکو دڵ و دەروونی خۆیانی پێ بڕازێننەوە و جوان بکەن دەفـەرمووێ:

﴿ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ قَدۡ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكُمۡ لِبَاسٗا يُوَٰرِي سَوۡءَٰتِكُمۡ وَرِيشٗاۖ وَلِبَاسُ ٱلتَّقۡوَىٰ ذَٰلِكَ خَيۡرٞۚ ﴾ (الأعراف:٢٦)، واتـە: ئەی نەوەی ئادەم، بێگومان ئێمە پۆشاکی لە بارمان بۆ ئێوە فەراهەم هێناوە، تاکو عەورەتتانی پێ داپۆشن، هەروەها پۆشاکی خواناسیشمان بۆ فەراهەم هێناون تاکو ـ دڵ و دەروونتان ـ پێ بڕازێننەوە، بێگومان پۆشاکی خواناسی چاکتر و بە فەرترە.

لـەبارەی بەهەشـتیەکانەوە دەفــەرمووێ: ﴿وَلَقَّىٰهُمۡ نَضۡرَةٗ وَسُرُورٗا ١١ وَجَزَىٰهُم بِمَا صَبَرُواْ جَنَّةٗ وَحَرِيرٗا ﴾(الأنـسان:١١ــ١٢)، واتــە: خـوای گـەورە ڕووگەشـی و شـادمانی پێبەخشین، لە پاداشتی خۆگری و ئارامگریان بەهەشت و ئاوریشمی پێبەخشین.

لێـرەدا خـوای گـەورە ڕووخـسارییانی شـادمان کـردووە، دڵ و دەروونیـشیانی کامەران کردووە، لاشەشـیانی بـە حـەریر ڕازاندۆتـەوە، خـوای گـەورە چۆن جـوانی خۆشدەوێت لە قسەو کاروکردەوە و پۆشاك و شێوەدا، بە هەمان شێوەش ڕقـی لـە پیسی و گەندەڵی دەبێتەوە لە قسە و کاروکردەوە و پۆشاك و شێوەدا.

لەم بابەتەدا دوو چین لە خەڵکی بە هەڵە داچوونە:

بەشی یەکەم: ئەوانەن کە دەڵێن: هەر شتێك خوا دروستی کردبێت ئەوە جوانـە، خوای گەورەش هـەموو دروستکراوەکانی خـۆی خـۆش دەوێـت، کـەوابوو: ئێمـەش هەموو ئەو شتانەمان خۆش دەوێت کە خوا دروستی کردووەو ڕقمان لەهیچ شـتێك و کەسێك نابێتەوە، بەڵگەش بـەم ئایەتانـە دێننـەوە: ﴿ ٱلَّذِيٓ أَحۡسَنَ كُلَّ شَيۡءٍ خَلَقَهُۥۖ ﴾

(السجده:٧)، واتــە: خـوای گـەورە هـەموو شـتێکی بەچـاکی و ڕێکوپێکی بـەدی هێناوە.

ئـەو ئایەتـەش: ﴿صُنْعَ ٱللَّهِ ٱلَّذِىٓ أَتْقَنَ كُلَّ شَىْءٍ﴾(النمـل:٨٨)، واتـــە: ئەوانــە دەستکردی ئەو خوایەیە کە هەموو شتێکی بەو پەڕی ڕێکوپێکی دروستکردووە.

ئـەو ئایەتـەش: ﴿مَّا تَرَىٰ فِى خَلْقِ ٱلرَّحْمَٰنِ مِن تَفَٰوُتٍ﴾(الملـك:٣)، واتـــە: لـە نێـو بەدیهێنراوەکانی خوای میهرەبان هیچ نارێکیەك بەدی ناکرێت.

خواناسی ڕاستەقینە لەلای ئەوان ئەو کەسەیە کە هەموو شتێك بە چـاك و جـوان بزانێت، هیچ شتێك بە خراپ و گەندەڵ نەزانێت، ئا ئەوانە غیرەت لە پێناوی خوا لـە دڵیاندا نەماوە، ڕق لێبوونەوە لە پێنـاوی خـوا و دژایـەتی کـردن لـە پێنـاوی خـوا و قەدەغەکردنی خراپە لە پێناوی خوا و کوشتار لە پێناوی خوا و جـێ بـەجێ کردنـی سنوورەکانی خوا لە دڵیاندا نەماوە.

بەشی دووەم: ئەوانەن کە دەڵێن: خوای گەورە زەمـی جـوانی شـێوە و قیافـە و باڵاو ڕێکی مرۆڤـی کـردووە ئـەوەتا لـە بـارەی مونافقەکانـەوە دەفـەرمووێ: ﴿وَإِذَا رَأَيْتَهُمْ تُعْجِبُكَ أَجْسَامُهُمْ﴾ (المنــافقون:٤)، واتـــە: کاتێـك جەسـتەیان دەبـینی سەرنجت ڕادەکێشێت.

هەروەهادەفـــــــــەرمووێ: ﴿وَكَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّن قَرْنٍ هُمْ أَحْسَنُ أَثَٰثًا وَرِءْيًا﴾ (مریم:٧٤)، واتـە: چەندین قەومی نالەبارمان پێش ئـەوان لـەناو بـردووە کـە مـاڵ و سامانیان لەوان زیاتر بووە سیما و قیافەشیان لەوان ڕێکو پێکتر بووە.

لە (صحيح المسلم)یشدا هاتووە پێغەمبـەرﷺ دەفـەرمووێ: ((ان الله لا ينظـر الى صوركم و أموالكم و انما ينظر الى قلوبكم و أعمـالكم))[1]، واتــە: خـوای گـەورە سـەیری وێنەتان و ماڵتان ناکات، بەڵکو سەیری دڵ و کاروکردەوەکانتان دەکات.

---

(١) صحيح: رواه مسلم (٣٤).

ئەم دوو بەشە کامیان بۆچوونەکانیان ڕاستە:

لەم ڕووەوەگوتراوە جوانی قیافەت و پۆشاك و شێوە سێ جۆری هەیە:

١. بەشێکیان چاك و سوپاسکراوە، ئەویش ئەوەیە جوانیەکەی بۆ خوابێت، یارمەتی بدات لەسەر بەندایەتی و گوێرایەڵی و وەڵامدانەوەی خوا، هەر وەك پێغەمبەرﷺ لە کاتی هاتنی (وفد) بۆ خزمەت جەنابی خۆی دەڕازاندەوە، ئەوەش وێنەی پۆشینی کەل و پەلی جەنگە و بۆ جیهاد و پۆشینی حەریر و خۆهەڵکێشانە لە جەنگ، ئەمەیان سوپاسکراوە و دروستە ئەگەر لەبەر بەرز کردنەوەی ووشەی "الله" بێت و بۆ سەرخستنی دین و دژایەتی کردنی دووژمن بێت.

٢. بەشێکیان خراپ و زەم لێ کراوە، ئەویش ئەوەیە جوانیەکەی بەکاربێنێت بۆ مەبەستی دنیا و ناوداری و خۆهەڵکێشان و گەیشتن بە ئارەزووات، جا دەبینین زۆربەی خەڵکی لە جوانی تەنها ئەمەیان مەبەستە.

٣. بەشێکیان نە سوپاسکراوە و نە زەم لێ کراوە، ئەویش ئەوەیە لەم دووانەی باسمان کرد لە هیچیان نیە.

مەبەست ئەوەیە: ئەو حەدیسە دوو بنچینەی گرنگی لەخۆ گرتووە:

یەکەمیان: ناسینی خوایە.

دووەمیان: ڕەوشت جوانی یە.

خوای گەورە پێی خۆشە بەندەکەی زمانی بڕازێنێتەوە بە ڕاستگۆیی، دڵی بڕازێنێتەوە بە ئیخلاص و خۆشەویستی و گەڕانەوە و تەوەکول، ئەندامەکانی بڕازێنێتەوە بە بەندایەتی، لاشەی بڕازێنێتەوە بەو پۆشاکانەی کە خوا پێی بەخشیوە، خۆی پاك بکاتەوە لەپیسی و بێدەست نوێژی و گەندەڵی وموویی پیس و سوونەت و نینۆك کردن.

پوختەی قسان ئەوەیە: خوا بناسێت بە سیفاتە جوانەکانی، خۆشی بەخوا بناسێنێ بە کاروگوفتار و ڕەوشتی جوان، خوا بە جوانی بناسێت کە سیفەتی

خوایە، بەجوانیش بیپەرستێ کە دین و شەرعی خوایـە، بەڵـێ: ئـەم حەدیسە ئـەو دوو بنچینەی لە خۆ گرتووە:

- ✓ خواناسینی بە جـوانی.
- ✓ جوانکردنی خوو ڕەوشتی.

بەختەوەری لە ڕاستگۆیی دایە

هـیچ شـتێك وەك ڕاسـتگۆیی عەزیمـەت سـوودی بـۆ مـرۆڤ نیـە خـوای گـەورە دەفـەرمووێ: ﴿فَإِذَا عَزَمَ ٱلْأَمْرُ فَلَوْ صَدَقُوا۟ ٱللَّهَ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ﴾(محمد:٢١)، واتـە: کە غەزا بڕیار درا، ئەگەر لەگەڵ خـودا ڕاسـت بکـەن خۆیـان بـۆ شـەڕ ئامادەبکـەن، ئەوە دەبێتە مایەی خێرو قازانج بۆیان و زۆر باشترە بۆیان.

بەڵـێ: کامەرانی مرۆڤ لەو دووانەدایە:

- ڕاستگۆیی لە عەزیمەت.
- ڕاستگۆیی لە کارەکانی.

ڕاستگۆیی عەزیمەت: کۆکردنەوەی عەزم وجەزم و نەمانی دوو دڵیــە لـەو شـتەی دەیەوێت بیکات، چونکـە عەزیمەت بە هیچ شێوەیەك نابێـت دوو دڵـی لـەقی بکـات، ئەگەر هاتوو عەزیمەتی ڕاستگۆیانە بوو ئەوکات ڕاستگۆیی لە کارەکانی دەمێنێت.

ڕاستگۆیی لە کاریش: تێکۆشانە بە دڵ و لاشە.

کەواتـە: ڕاسـتگۆیی لـە عەزیمـەت، دەیپارێزێـت لـە بێهێـزی ئـیرادە و هیمـەت، ڕاستگۆیش لە کاردا دەیپارێزێت لە تەمەڵی و سست و خـاوی، جـا هـەر کەسـێك لـە کارەکانیدا ڕاستگۆبێت لەگەڵ خوادا، ئەوە خوای گەورەش سەرفرازی دەکـات، ئـەو ڕاستگۆییەش لە ئیخلاص و تەوەکولەوە هەڵدەقولێت، بۆیـەش ڕاسـتگۆترین کـەس ئەوەیە کە ئیخلاص و تەوەکولێکی پتەو و دروستی هەیە.

وێـستگەی ئیمان

پەروەردگار خاوەن ئیرادەیە، فەرمانیش بە بەندەیەکی خـاوەن ئـیرادە دەکـات، ئەگەر هاتوو خوا یارمەتی بەندەی خۆیدا و بەندەش توانای دایە بـەرخۆی، ئـەوکات جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی خوای گەورەی بۆ ئاسان دەبێت، بەڵام ئەگەر خـوای گەورە ئەو بەندەی فەرامۆش کرد و کارەکەی دایە دەسـتی خـودی بەندەکـە خـۆی، ئەوە بەندە ڕوو لەو کارانە دەکات کە هەواو ئارەزوی پێی خۆشە.

هەر بۆیەش دەبینین خوای گـەورە لـە قورئانـدا زەمـی ئینـسانی کـردووە، تـاکو شتێکی تری لەگەڵ ئینسانیەتیەکەی خۆی زیـاد نـەکات، ئـەویش دەبێـت موسـڵمان بێت، ئیماندار بێت، ئارامگر بێت، چاکە کاربێت، سوپاسگوزار بێت، خۆپـارێز بێـت، چاك بێت... هتد.

ئەو کارانەی باسمانکرد مرۆڤ لە سنووری ئینسانی و ئیرادە چاکی دەردەکات بـۆ پلەیەکی بەرزتر، ئەویش دەبێت یارمەتی خوای لەگەڵدا بێت، هەر وەك چـۆن بیـنین تەنها بە چاو ئەنجام نادرێت، دەبێت نووری بینینی لەگەڵدا بێت.

دەتەوێت لەلای خەڵکی بەڕێز بیت!!

بەڕێزان گەورەترین ستەم ونەفامی ئەوەیە کە داوا لە خەڵکی بکەی ڕێزت بگرن و بەگەورەت بزانن، کەچی خۆت دڵت چۆلە لە بە گەورە زانینی خوا و ڕێزگرتنی خوای گەورە دەفـەرمووێ: ﴿مَّا لَكُمْ لَا تَرْجُونَ لِلَّهِ وَقَارًا﴾ (نوح:١٣)، واتـە: ئـەوە ئێـوە چیتانە ناترسن لە گەورەیی و شکۆداری خوا؟!

(الحسن) لە بـارەی تەفـسیری ئـەم ئایەتـەوە دەفـەرمووێ: بۆچـی مـافی خـوا بـە چاکی لەسەر خۆتان نازانن و شوکرانە بژێری ناکەن؟

(مجاهد) دەفەرمووێ: بۆ پەروەردگارتان بەشکۆ نازانن؟

(ابن زيد) دەفەرمووێ: بۆ بە پوختی گوێڕایەڵی و بەندایەتی خواناکەن؟

(ابن عباس) دەفەرمووێ: بۆ بە چاکی شکۆداری خوا ناکــەن.

ئەم ووتانە هەمووی دەگەڕێتەوە سەر یـەك مانـا ئـەویش ئەوەیـە ئەگـەر ڕێزیـان لەخوا بنابایە و شکۆداری خوایان بە چاکی بناسیبایە، ئەوکات بە تاکیان دەزانـی و ملیان بۆ کەچ دەکرد و شوکرانە بژێریان دەکرد.

گوێڕایەڵی خوا و خۆ پاراستن لە گوناه و شەرم کردن لە خوا، بـە ئەنـدازەی ئـەو ڕێزە دەبێت کە مـرۆڤ دایـدەنێت بـۆ خـوا لــە دڵـی خـۆی، هـەر بۆیـەش هێنـدێ لـە (السلف) گوتیانـە: ڕێــز گـرتن لـە خـوا ئەوەیـە هـیچ شـتێك لـە دروسـتکراوەکانی نەهێنێتە ڕێزی خوا، نە لـە قسـە وەك بڵێی: (والله و حياتك) واتـە: سـوێند بـەخوا و گیانی تۆ، یان بڵێی: (مالي الا الله و انت) واتـە: من تەنها خوا و تۆم هەیە، یان بڵێی : (وماشاء الله وماشئت) واتـە: ئەگـەر خوا حەز بکات و تۆش حەز بکـەی، هـەروەها نابێت دروسـتکراوەکانی خوا بێنێتە ڕێزی خوا لــە خۆشەویـستی و بـە گـەورەزانی و شـکۆداری و بەندایـەتی، بـە جـۆرەك کـە گوێڕایـەڵی مرۆڤێـك بێـت هـەر وەك چۆن

گوێڕایەڵی خوا دەکات، بەڵکو زیاتریش گوێڕایەڵی مرۆڤ دەکات، هـەر وەك دەبیـنین حاڵی زۆربەی ستەمکار و خراپەکاران ئاوایـە، هـەروەها نابێـت مافـەکانی فـەرامۆش بکات بڵێـی: دەی دەی خـوا لێبووردەیـە، ئەگـەر خـواو پێغەمبـەر لـە لایـەك بـوون، خـەڵکیش لەلایـەکی تربـوون، جـەنابت ڕوو بکــە ئـەو لایـە و لـەو لایەبـە کـە خـوا و پێغەمبەرﷺ لێیەتی، نەکەی لە دڵ و دەروونەوە لە خزمەتی دروسـتکراوەکاندا بـی کە چی بێ دڵ و دەروون بەڵکو بە لاشە و زمان لە خزمەت خوا دابی، نەکـەی داوای نەفس و ئارەزوی خۆت پێش ڕەزامەندی خوا بخەیت.

ئا ئەمانە هەر هەمووی نیشانەی نـەبوونی ڕێـزی خوایـە لـە دڵـی مرۆڤـدا، ئەگـەر مرۆڤ ئاوا بوو، خوای گەورە بـە هـیچ شـێوەیەك لـە دڵـی خـەڵکی بـەڕێز و هەیبـەتی ناکات، بەڵکو ڕێز و هەیبەتی لە دڵی خەڵکی هەڵدەکێشێت، ئەگەر خـەڵکی ڕێزیشی بگرن لەبەر ئەوەیە کابرایەکی خراپە و لێی دەترسێن بۆیـە ڕێـزی دەگـرن، نـەك لـە خۆشەویستیان ڕێزی بگرن.

لە نیشانەی ڕێزی خوا لە دڵی مرۆڤ، ئەوەیە کە شەرم بکات خوا بە نهێنیەکانی و هەڵـەکانی بزانێـت، هـەر لـە نیـشانەی ڕێـزی خـوا لـە دڵـی مـرۆڤ، ئەوەیـە لـە کـاتی تەنهایشدا شەرم لە خوا بکات زیاتر لەوەی شەرم لە خەڵکی دەکات.

کەوابوو: ئەگەر کەسێك ڕێـز لە خـوا و ووتـەی خـوا نـەگرێت، ڕێـز لـەو زانـست و حیکمەتە نەگرێت کە خـوا پێـی داوە، چۆن داوا لـە خـەڵکی دەکـات ڕێـز و قـەدری بگــرن؟!

قورئان و زانست و ووتەی پێغەمبەرﷺ مرۆڤ دەگەیەنن بە حەق، جـا لـە هـەموو لایەکەوە ئامۆژگاری و ئاگاداری و سەرزەنشت دەورەی داوی، کەچی ئا ئەمانە هـەر هەمووی هیچ سوودێکی پێ نەگەیاندوی! لەگـەڵ ئەوەشـدا داوا لـە خـەڵکی دەکـەی ڕێز و قەدرت بگـرن؟! تۆ وەکو زامدارێك وای کە ئامۆژگـاری و سـەرزەنـشت دەردی تیمار ناکات، کەچی دەیەوێت بەسەیر کردن دەردی تیماربێت.

کەسێك گوێبیستی سزای کەسێکی تر بوبێت، وەکو ئەو کەسە نیە کە بینیبێتی، ئـەی ئەگـەر لـە خـودی خـۆی بـەدی بکـات؟﴿ سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْءَافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ﴾ (فصلت:٥٣)، واتـە: ئێمە بەڵگـە و نیشانەی سەرسوڕهێنەریان نیشان دەدین لە ئاسۆکانی بوونەوەردا و لە خودی خۆشیان.

هەروەها دەفـەرمووێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ حَقَّتْ عَلَيْهِمْ كَلِمَتُ رَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٩٦﴾ وَلَوْ جَآءَتْهُمْ كُلُّ ءَايَةٍ حَتَّىٰ يَرَوُا۟ ٱلْعَذَابَ ٱلْأَلِيمَ﴾(یونس:٩٦ـ٩٧)، واتـە: بێگومـان ئەوانەی بڕیاری پەروەردگاری تۆیان لەسەر هاتووە کە ئیمان ناهێنن، ئـەوە تـازە ئیمان ناهێنن، چونکە دەرگای ئیمان هێنانیان لە خۆیان داخستووە، ئەوانـە ئەگـەر چەندها موعجیزەشیان نیشان بدرێت، هـەر ئیمـان نـاهێنن، تـا دووچـاری سـزای بـە ئێش و ئازار ئەبن و بە چاوی خۆیان ئەیبینن.

لـە ئایـەتێکی تـر دەفـەرمووێ: ﴿وَلَوْ أَنَّنَا نَزَّلْنَآ إِلَيْهِمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ وَكَلَّمَهُمُ ٱلْمَوْتَىٰ وَحَشَرْنَا عَلَيْهِمْ كُلَّ شَىْءٍ قُبُلًا مَّا كَانُوا۟ لِيُؤْمِنُوٓا۟ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ﴾ (الانعـام:١١١)، واتـە: ئەگـەر ئێمـە مەلایکـەتیان بـۆ بنێرینـە خـوارەوە و بـە چـاوی خۆیـان بیـان بیـنن و مردوویان بۆ زیندوو بکەینـەوە و قـسەیان لەگەڵدا بکـەن و هـەموو جـۆرە شـاهید و بەڵگەیەکیان بۆ کۆبکەینەوە، بە دیدەی خۆیان بیانبینن، هەموو ئەوانە ببنـە بەڵگـە لەسەر ڕاستێتی هاتنە خوارەوەی قورئانی پیرۆز لەلایەن خوداوە هێشتا هـەر بـاوەڕ ناهێنن و دەستبەرداری کافرایەتی خۆیان نـابن، چـونکە لـە دوژمنایـەتی و عینـادی زۆر سەر سەختن، مەگەر تەنها خودا خۆی بیەوێت بیانخاتە سەر ڕێگای ئیمان.

مرۆڤی ژیر و سـەرکەوتوو ئەوەیـە کـە پەنـد وەرگرێـت، بـە هـەر ڕووداوێك کـارو ڕەوشتی خۆی جوان بکات، هەر کـاتێکیش تووشـی تـاقی کردنـەوە بێـت بـە لاشـە، ئیمـانی زیـاد بێـت، ئەگـەر هێـزی لاشـەی کـەم بێـت، هێـزی ئیمـان و یـەقین و خۆشەویستی خوا و دوا ڕۆژی زیاد بێت، بەڵام ئەگەر مرۆڤ وانـەبوو ئـەوە مـردن زۆر

چاكـترە بۆی، چونكە بە ئێش و ئازارێكی دیاریكراو كۆتـایی بـە تەمـەنی دێـت، بـە پێچەوانەی ئەوەی تەمەنێكی درێژی هەبێت و پڕبێت لە خراپە ئەو خراپەش پاشـان تووشی ئێش و ئازاری بكات، بەڵكو كاتێك تەمەن درێژی سوودی هەیە، ئەگەر مـرۆڤ ئەو تەمەنەی وەك توێشوویەك بێت بۆی بەوەی بیر لە خوا بكاتەوە و تەوبە بكـات و كاری چاكە بكات هـەر وەك خـوای گـەورە دەفــەرمووێ: ﴿أَوَلَمْ نُعَمِّرْكُم مَّا يَتَذَكَّرُ فِيهِ مَن تَذَكَّرَ﴾ (فاطر:٣٧)، واتـە: ئایا ئەوەندە تەمـەنمان پـێ نەبەخـشین؟ كـە هـەر كەسێك بیەوێت بیر لە خوا و بەخششەكانی بكاتەوە تیایدا بتوانێت بیر بكاتەوە.

هـەر كەسـێك ئـەو تەمەنـەی كـە هەیـەتی نـەیكات بـە فرسـەتێك بـۆ چـاككردنی كارەكانی و ئەنجامدانی بەندایەتی و دڵ جـۆڕدان بـۆ بـە دەسـت هێنـانی بەهەشـتی نەبڕاوە، ئەگەر مرۆڤ وا نەكات ئەوە تەمەن و ژیان هیچ سوودێكی نیە بـۆی، چـونكە مرۆڤ لەسەر ڕێگای گەشت دایە یان بۆ بەهەشت یان بۆ دۆزەخ، جا ئەگـەر تەمـەنی درێژ بوو، كارەكانیشی چاك بوو، ئەوە درێژی گەشتەكەی زیـاتر خـۆش و بەلـەزەت دەبێت، چونكە هەر كاتێك گەشتەكەی درێژ بێ زیـاتر تامـەزرۆ و شـەیدا دەبێـت بـۆ ئامانجەكەی، بەڵام ئەگەر تەمەنی درێژ بوو، كارەكانیشی خـراپ بـوو، ئـەوە درێـژی گەشتەكەی زیاتر ئێش و ئازاری دەدات و دایدەبەزێنێتەوە خوارەوە پێغەمبەر ﷺ دەفـەرمووێ: ((خَيْرُكُمْ مَـنْ طَـالَ عُمُـرُهُ وَ حَـسُنَ عَمَلُـهُ، وَ شَـرُكُمْ مَـنْ طَـال عُمُـرُهُ و قَـبُحَ عَمَلُهُ))[1].

---

(١) حسن: رواه الترمذی (٢٣٣١)، و احمد فی ((المسند)) (٥/٤٠و٤٣و٤٧)، و الدارمی (٢٧٤٥).

واتـە: چاکترین کەس لە ئێوە، ئەو کەسەیە کە تەمەنی درێژ بێت و کارەکانیـشی چاك بێـت، خـراپترین کەسیش لـە ئێـوە، ئـەو کەسـەیە کـە تەمـەنی درێـژ بێـت و کارەکانیشی خراپ بێت.

مرۆڤی عاقل ئەو کەسەیە فرسەت لەو زیانانە وەردەگرێت کە بەسەری دێت، هەر کاتێك زیان بە لاشەی گەیشت، فرسـەتی لێ وەردەگـرێ و دەیکاتـە چاکسازی دڵ و دەروونی، هـەر کاتێـك لـە دنیـا شـتێکی لـە چـەنگ چـوو، دەیکـات بـە فرسـەت بـۆ توێشووی دوا ڕۆژی، هەر کاتێك تووشی غەم و خەفـەت و دڵ تـەنگی بـوو، دەیکـات بە شادمانی دوا ڕۆژی.

سەفەرێك بۆ دوا هەوارگە

مـرۆڤ لـەو كاتـەوەی دروسـتكراوە بـەردەوام گەشـتیارە و لـە ڕێگادایــە، نابێـت كەلوپەلەكەی دابگرن و لێی دامەزرێن، مەگەر یان لە بەهەشت نەبێت یان لە دۆزەخ.

مرۆڤی ژیـر دەزانێـت كـە ئینـسان لـە گەشـت تووشـی ئـێش و ئـازار و ترسـناكی دەبێت و ناكرێ ئینسان لە گەشتدا لـە دوای خۆشـی و ئیـسراحەت بگـەڕێت، بـەڵكو خۆشی و ئیسراحەت دوای ئەوەی گەشتەكە تـەواو بـوو و گەیشتنە مـەنزڵگا چـەنگ دەكەوێت.

بێگومان مرۆڤی گەشتیار دەبێت بەردەوام بێت لە گەشتەكەی نابێت هیچ كاتێـك ڕاوەستێ، گەشتیار دەبێت بەردەوام لە ئامادە باشـی دابێـت بـە خـۆی و كەلوپـەلی گەشتیەوە، هەر كاتێكیش دابەزی بۆ ئەوەی بخـەوێت یـان پـشوویەكی كـەم بـدات، دەبێت لەسەر ئامادە باشی گەشتەكەی بێت و گەشتەكەی لەبیر نەكات.

شەیتان لە (٣) دەرگاوە دەچێتە دڵی مرۆڤەوە

شەیتان تەنها سێ ڕێگای هەیە لێیەوە بێت و مرۆڤ هەڵخەڵەتێنێت:

دەرگای یەکەم: زیادە مەسرەفی، کە مرۆڤ زیـاد لە پێویست شت بکـات، چـونکە ئەوە ڕێگایەکی سەرەکی شەیتانە کە پێیدا بێتە ناو دڵی مرۆڤەوە، بۆ خـۆ پاراسـتن لەوەش دەبێت مرۆڤ زیـاد لە پێویست شت ئەنجان نەدات، بەوەی زیاد لـە پێویـست خواردن نەخوات، یان زیاد لە پێویست نەخەوێ یـان زیـاد لـە پێویـست ئیـسراحەت نەکات، ئەگەر مرۆڤ ئەم دەرگایەی داخست، ئەوە دڵنیا دەبێت لە نەهاتنی شـەیتان بۆ دڵی.

دەرگای دووەم: بێ ئاگایی، چونکە مرۆڤێك زیکر و یادی خـوا بکـات، وەك ئـەوە وایە لە ناو قەڵای زیکر و یاد دابێـت، بـەڵام هـەر کاتێـك بـێ ئاگابوو ئـەوە دەرگـای قەڵاکە دەکرێتەوە و دووژمن دێنە ژوورەوە، ئەوکاتیش دەرکردنیان زۆر ئاستەمە.

دەرگای سێیەم: تەکلیف کردن لەو شتانەی کە پەیوەندی بەویەوە نیە.

ڕێگای سەرکەوتن

هەر کەسێك داوای ڕەزامەندی خوا و دوا ڕۆژ بکات، یـان داوای هـەر شـتێکی تـر بکـات لـە زانـست و پیـشە و پلەوپایـە، بـەوەی ببێـت بـە مەشـخەڵ لـەم کارەیـدا، پێویستە ئازابێ و پێشکەوێ و باڵادەست بێت بەسەر خەیاڵاتەکانیدا، نابێـت خـۆی بخاتە بەر دەستی خەیاڵ و ئەندێشە، دەبێت واز لە هەموو شتێکی تـر بێنێـت جگـە لەوە نەبێت کە داوای دەکات، تامەزرۆی گەیشتن بە ئامانجەکەی بێت، شارەزا بێـت چۆن بە ئامانجەکەی دەگات و چۆنیش لێی دادەبڕێـت، دەبێـت هیمـەتی بـەرزبێت، خۆڕاگربێـت، لۆمـە و سەرزەنـشتی خـەڵکی بـا سـاردی نەکاتـەوە، بـە دڵ و لاشـە بەردەوام بیر بکاتەوە، نە بە مەدحی خەڵکی نە لۆمەی خەڵکی ساردی نەکاتەوە لـە کارەکەی، ڕووبکاتە ئەو هۆیانەی کە یارمەتی دەدات بـۆ گەیـشتن بـە ئامانجەکـەی، هـیچ شـتێك سـاردی نەکاتـەوە و هـەڵی نەخەڵـەتێنێت، دروشمـی ئـارامی بێـت، ئیسراحەتی ماندوو بوون بێت، تامەزرۆی ڕەوشتی جوان بێت، کاتـەکانی بپارێزێـت، تێکەڵی خەڵکی نەبێت مەگەر بە ئاگاداریەوە نـەبێت، وەکـو تـەیرێك کـە چـۆن دێـت دانەکەی لە ناو خەڵکیدا دەبات.

کێ دەکەی بە هاوڕێت؟!

چاکترین کەس کە هاوڕێیەتی لەگەڵدا بکەی ئەو کەسەیە کە سوود و بەهرەت پێ دەگەیەنێت، ئا ئەو هاوڕێیە چاکترین یارمەتی دەرە بۆ سوود پێگەیاندنت و کامـل بوونت، جا لە ڕاستیدا سوود وەرگرتنی تۆ لەو وەکو سوود وەرگرتنـی ئـەوە لـە تـۆ یان زیاتریش.

خراپترین هاوڕێش ئەو کەسەیە کە زیانت پێ دەگەیەنێت و تووشی بـێ فـەرمانی خوات دەکات، ئا ئەوە خراپترین یاریدەدەرە بۆ زیان پێ گەیاندنت و کەم و کوڕیت.

چێژی حەرام

تام و چێژی ئەنجامدانی حەرام هیچ نیە و تەنها ناخۆشی و پەرێشانی، دوای نەمانی تام و چێژی حەرامەکەش ئێش و ئازاری بە دوادا دێت، کەوابوو ئەگەر ئەوە حاڵی ئەنجام دانی حەرام بێت، تۆش هەر کاتێك ویستت حەرامێك ئەنجام بدەی ئەوە ئەنجامی مەدەو بیر لەنەمانی تام و چێژەکەی بکەوە، بیر لەمانەوەی ئێش و ئازارەکەی بکەوە، پاشان کردن و نەکردنی بەراوورد بکە، ئینجا بڕوانە جیاوازیان چیە.

لە هەمان کاتیش ماندوو بوون بە ئەنجامدانی بەندایەتی خۆشی و شادیە، ئەنجامدانی بەندایەتی دڵ ئارامی و حەسانەوە و کامەرانی پێوە بەندە، جا هەر کاتێك ئەنجامدانی بەندایەتی لەسەر نەفست گران بوو، بیر لە نەمانی ماندوو بوونەکەی بکەوە، بیر لە مانەوەی چاکی و خۆشی و کامەرانیەکەی بکەوە، پاشان کردن و نەکردنی بەراوورد بکە، ئینجا کامەیان چاکە ئەوی هەڵبژێرە، ئەگەر دڵگرانیش مەبە بە وازهێنانت لە حەرام چونکە سزای بە دوا دادێت.

عاقڵ ئەو کەسەیە کاتێك دوو سوودی بۆ داندرێت ڕوو دەکاتە زۆرەکە و کەمەکە بەلاوە دەنێت، ئەگەر دوو زیانیشی تووشبێت کەمەکەیان هەڵدەبژێرێ و زۆرەکەی بەلاوە دەنێت.

کەوابێت: هەر کەسێك زانا و هۆشمەند بێت، ئەوە شتی چاکە بەسەر خراپەدا هەڵدەبژێرێت، بەڵام کەسێك زانا و هۆشمەند نەبێت، خراپە بەسەر چاکە هەڵدەبژێرێت، هەر کەسێکیش بیر لە دنیا و دوا ڕۆژ بکاتەوە، بۆی دەردەکەوێ و دەزانێت کە هیچیانی بێ ماندوو بوون چەنگ ناکەوێت، بۆیە خۆڕاگربە بۆ چاکترینیان و بەردەوامترینیان.

وێســـتگە

پێویستە لەسـەر مـرۆڤ کاتـەکانی هـەموو لـە گوێڕایـەڵی خـوا سـەرف بکـات، بـۆ ئەوەی لە خودا نزیك بێتەوە، مرۆڤ ئەگەر کاتەکانی سەرقاڵ کرد بە گوێڕایەڵی خوا، ئەوە لە خوا نزیك دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر کاتەکانی لە هەوا و هەوەس و ئیسراحەت سەرف کـرد، ئـەوە لـە خـوا دوور دەکەوێتـەوە، چـونکە مـرۆڤ بـەردەوام یـان نزیـك دەبێتەوە لە خوا، یان دوور دەکەوێتەوە لە خوا هەرگیز لەو دوو ڕێگایە لانادا خوای گەورە دەفـەرمووێ: ﴿لِمَن شَآءَ مِنكُمۡ أَن يَتَقَدَّمَ أَوۡ يَتَأَخَّرَ﴾(المدثر:٣٧)، واتـە: هـەر کـەس دەیەوێت با بەرەو پێش بچێت، یان خۆی دوا بخات.

دڵت مۆڵگەی خودایە یان شەیتان

خوای گەورە بۆ مرۆڤەکان فـەرمان پێکراو و قەدەغـەکراوی دانـاوە، بەخـشش و گرتنەوەی داناوە، خەڵکیش لەو بارەیەوە بوونە بە دوو بەش:

بەشـی یەکـەم: فەرمانـەکانی جێبـەجێ ناکــەن، قەدەغـەکراوەکانی جێبـەجێ دەکـەن، شوکرانەی بەخششەکانیشی ناکـەن و بێ ئاگان لێی، کە شتێکیـشیان لـێ دەگرێتەوە سپڵەیی بەرانبەر دەکـەن، ئا ئەوانە دووژمنانی خـوان، دووژمنایەتی هەر کەسەشیان بەپێی خراپەکەیەتی.

بەشی دووەم: ئەوانەن کە دەڵێن: خودایە ئێمە بەندۆکەی تۆین، ئەگەر فـەرمانت پێکردین پەلـە دەکەین بۆ ئەنجامدانی، ئەگەر قەدەغەت کردین لە شتێك دەستی لێ هەڵدەگرین و وازی لێ دەهێنین، ئەگەر شتێکت پـێ بەخـشین سـوپاس و شـوکرانە بژێریت دەکـەین، ئەگـەر شتێکیـشت لێ گرتینـەوە ملکەچیت بـۆ دەکـەین و زیکـرت دەکەین، لە نێوان ئەوانـە و بەهەشتدا هیچ شـتێك نیـە، تـەنها پەردەیەك هەیـە کـە ژیانی دنیایە، هەر کاتێك مـردن ئـەو پەردەیـەی دڕانـد، ئـەوکات بـە بەهەشـت شـاد دەبن و چاویان گەش دەبێ و دەکەونە ناو خۆشی و کامـەرانی نـەبڕاوە، بـە هـەمان شێوەش ئەوانەی بەشی یەکەمیش هیچ شتێك لە نێوان ئەوان و دۆزەخدا نیە، تـەنها پەردەیەك هەیە کە ژیانی دنیایـە، هـەر کاتێـك مـردن ئـەو پەردەیـەی دڕانـد، ئـەوە دەچنە دۆزەخەوە ئەوکاتیش پەنجەی پەشیمانی دەگـەزن و تووشـی ئـێش و ئـازار دەبـن، جـا ئەگـەر هـاتوو سوپای خـودا و شـەیتان لـە دڵـدا تێـك چـڕژان، تـۆش دەتویست بزانی لە کامیانی، بڕوانـە بزانە مەیلت بۆ کامیان دەچێ و لە دژی کامیان شەڕ دەکەی، چونکە هەرگیز ناکرێ تۆ ڕاوەسـتی و لەگـەڵ کەسـیاندا نـەبی، بـەڵکو هەر دەبێت لەگەڵ یەکێکیان بیت.

خواناسان سەرپێچی هەوا و ئارەزووات دەکەن، بە ژیرانە ڕێدەکەن، بە دڵ بیر لەوە دەکەنەوە کە بۆی دروستکراون، ئەندامەکانیان بە کاردێنن لەو شتانەی فەرمانیان پێکراوە، کاتەکانیان لە خزمەتی دوا ڕۆژدا سەرف دەکەن، پەلە دەکەن بۆ کۆکردنەوەی کاری چاکە، بەلاشە لە دنیانە کەچی دڵیان لە گەشتدایە بۆ دوا ڕۆژ، توێشوو بۆ دوا ڕۆژ ئامادە دەکەن پێش ئەوەی بیگەنێ، بە پێی پێویست ڕەزامەندی خوا بەدەست دێنن، توێشوو بۆ دوا ڕۆژ ئامادە دەکەن بە پێی ئەوەی تیایدا دەمێنێتەوە، جا خوای گەورە بە بەخششی بەهەشت دڵ نەواییان دەکات، دڵەکانیان وەردەگرێت و کۆی دەکاتەوە لەسەر خۆشەویستی خۆی و گەیشتن بە بارەگای، بەخششی هۆگری خۆی پێیان دەبەخشێ، دڵیان پاک دەکاتەوە لە خۆشویستنی دنیا و غەم و خەفەت و دڵتەنگی، بەوانە دڵخۆش و هۆگر دەبن کە نەفامەکان پێی دڵتەنگ دەبن، بە لاشە لە دنیان، بەڵام بە ڕووح لە مەلەکوتی ئاسمانەکانن.

باسی یەکتاپەرستی

یەکتاپەرستی پاکترین و بێگەردترین و سافترین شتە، بۆیە شتێکی زۆر بچوك تێکی دەدا و پیسی دەکا و کاریگەری تێدەکات، یەکتاپەرستی وەکو جلێکی سپی وایە، کە بەشتێکی زۆر بچوك پیس دەبێت، وەکو ئاوێنەیەکی ساف وایە، کە بە شتێکی زۆر بچوك لێڵ دەبێت، یەکتاپەرستی بە ساتێك یان قسەیەك یان ئارەزوویێکی نادیار دەشێوێت، جا ئەگەر کابرا زوو فریای کەوت و لە دڵی خۆی هەڵی کێشا ئەوە باشە، ئەگەر نا باڵادەست دەبێت و دەبێت بە خوو ئەوکات هەڵکێشانی ئاستەمە.

ئەو شتانەی بە یەکتاپەرستیەوە دەلکێن تێکی دەدەن، هێندێکیان زوو پێوەی دەلکێن و زووش لادەچن، هێندێکیشیان زوو پێوەی دەلکێن و درەنگ لادەچن، هێندێکیشیان درەنگ پێوەی دەلکێن و زووش لادەچن، هێندێکیشیان درەنگ پێوەی دەلکێن و درەنگیش لادەچێت.

بەڵام هێندێ خەڵك هەیە یەکتاپەرستیەکی بەهێز و پتەوی هەیە، کە ئەو شتانە نایشێوێنێت، هەر وەك ئاوێکی زۆر وایە کە شتێکی پیسی تێکەوێ پیس نابێت، بەڵام یەکتاپەرستی کەسێکی بێ هێز دەشێوێنێت، بە جۆرێك کە ئەو کاریگەریەی لە یەکتاپەرستی بێ هێزی دەکات، لە یەکتاپەرستی بە هێزی ناکات.

هەروەها: شوێنێکی زۆر پاك ئەگەر شتێکی پیسی تێدا دەرکەوێت ئەوە خاوەنەکەی دەیبینێ، وەك ئەوە نیە کە شوێنێکی وەك ئەو پاك نەبێت پیسیش بێت خاوەنەکەی نەیبینێت، چونکە ئەوەی یەکەم زوو فریای پیسیەکە دەکەوێت و لای دەبات، بەڵام ئەوەیان هەر هەستیش بە پیسیەکە ناکات.

تۆ خوات هەیە بۆ دڵ تەنگی؟!

وازهێنان لـە هـەوا و ئـارەزوواتی خـۆی لـە پێنـاو خـودا، ئەگەرچـی مـرۆڤ ڕزگـار دەکات لە سزای خوا و شادی دەکات بە ڕەحمەتی خوا.

زەخیرەی خوا، گەوهەراتی چاکـە، تام و چێژی هۆگری، تامەزرۆ بوونی مرۆڤ بـە خوا، کامەرانی و شادمانی، ئا ئەمانە لە دڵێك جێگای نابێتەوە کـە ئـەو دڵـە غـەیری خودای تیا بێت، ئەگەر بێتوو ئـەو کەسـە خوانـاس و زاهیـد و زانـاش بێـت، چـونکە خوای گەورە قبووڵ ناکات زەخیرەی ئەو لە دڵی کەسێك دابێت کـە جگـە لـە خـوای تیایە و هیمەتی بەستراوەتەوە بە غەیری خوا، بەڵکو خوای گەورە زەخـیرەی خـۆی لە ناو دڵێکدا دەنێت، کە هەژاری بە خـواوە بـە دەوڵەمەنـدی بزانێـت، دەوڵەمەنـدی بەبێ خوا بە هەژاری بزانێت، سەربەرزی بەبێ خوا بەسەر شۆڕی بزانێت، زەلیلی بـە خواوە بە سەربەرزی بزانێت، خۆشی بەبێ خوا بە سزا بزانێت، ناخۆشیش بە خواوە بە خۆشی بزانێت.

پوختەی قسان ئەوەیە: ئەو کەسە ژیانی تەنها بە خـواوە دەوێـت، ئەگـەر ژیـانی خوای تیا نەبوو ئەوە بە مردن و ئازار و خەفەت و غەم و پەژارەی دەزانێـت، ئەگـەر مرۆڤ ئاوا بوو ئەوە دوو بەهەشتی هەیە:

- بەهەشتێك لە دنیادا و بۆی پێشی خراوە، کە دڵی شـادمانە و وەك ئـەوەی لـە بەهەشت دابێت.

بەهەشتێکیش لە دوا ڕۆژدا بۆی دانراوە.

باسی (الإنابة)

(ألإنابة) واتـە: پەیوەست بوونی دڵ بە خواوە، وەك چۆن (اعتكاف) پەیوەست بوونی لاشەیە بە مزگەوت و لەیی جیانابێتەوە.

(ألإنابة)ی ڕاستەقینە، ئەوەیە بەردەوام پەیوەست بوونی دڵە بە خۆشەویستی خوا، بە زیكر و یادی خوا، بەردەوام پەیوەست بوونی ئەندامەكانە لەسەر بەندایەتی خوا بە ئیخلاص و بەو شێوەی كە پێغەمبەرﷺ كردوویەتی، هەر كەسێك دڵی پەیوەست نەبێت بە خوا، ئەوە دڵی پەیوەست دەبێت بە شتی تری جۆراوجۆر، هەر وەك پێغەمبەر ابراهیم بە گەلەكەی خۆی فەرموو: ﴿مَا هَٰذِهِ ٱلتَّمَاثِيلُ ٱلَّتِيٓ أَنتُمۡ لَهَا عَٰكِفُونَ ﴾ (الانبیاء:٥٢)، واتە: ئەو بتانە چیە؟! كە ئێوە دڵتان پێوەی بەندە و دەیپەرستن.

لێرەدا دەبینین دڵ پەیوەست بوونی هەر دوو لایەنمان بۆ دەردەكەوێت، بەوەی گەلەكەی دڵیان پەیوەستە بەو بتانە و بەندایەتی دەكەن، بەڵام ئەو دڵی پەیوەستە بە خوا و بەندایەتی پەروەردگار دەكات.

كەوابوو: دڵ پەیوەست بوون بە هەر شتێك و سەرقاڵ بوون پێوەی، ئەوە وازهێنانە لە خوا و پەرستنی ئەو شتەیە كە دڵی پێوە بەندە، ئەمەش وێنەی بت پەرستنە، ئەگەر لە دڵدا هەر شتێك هەبوو جگە لە خوا و ئەو شتە بە جۆرێك دەستی بەسەر دڵدا كێشا و دڵ پێوەی بەند بوو و ملی بۆ كەچكرد، ئەوە وەكو پەرستنی بتەكە وایە، هەر بۆیەش پێغەمبەرﷺ ناوی بردووە بە بەندەی ئەو شتەی كە بەم جۆرە دڵی پێوە بەندە، دووعای بە هیلاك چوون و بەڕواكەوتنی لێ كردووە دەفەرمووێ: ((تعس عبد الدينار، تعس عبد الدرهم، تعس و انتكس و إذا شيك فلا انتقش))[1]، واتە: بەندەی دینار و درهەم بە هیلاك چێت و بەڕوا بكەوێت، بە جۆرێك وەكو دڕكێك كە لەیی بئاڵێ و لێی دەرنەچێت.

(١) صحيح: رواه البخاري (٦/١٦٠و١٦١)، وابن ماجه (٤١٣٥).

وێســـتگە

خەڵكی لەم دنیایەدا گەشتیارن و لە گەشتدان، هەموو گەشتیارێكیش لـە ڕێگـای گەشـتەكەی دەگـەڕێت بـۆ شـوێنێك تـاكو كـەمێك لێـی دابـەزێ و پـشوویەك بـدا و شادمان بێت، ئەو كەسەش كە خوا و دوا ڕۆژی مەبەستە لە گەشـتەكەیدا دەگـەڕێت بە دوای پشوویەكی حەڵاڵ بۆ ئەوەی خۆی پێ بە هێز بكات بـۆ گەشـتەكەی خـوای گـــەورە دەفـــەرمووێ: ﴿يَٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفْسُ ٱلْمُطْمَئِنَّةُ ﴿٢٧﴾ ٱرْجِعِىٓ إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً ﴿٢٨﴾ فَٱدْخُلِى فِى عِبَٰدِى ﴿٢٩﴾ وَٱدْخُلِى جَنَّتِى ﴿٣٠﴾﴾ (الفجـر:٢٧ ـــ ٣٠)، واتـــە: ئـەی دڵـی پـڕ لـە ئارامی، بگەڕێرەوە بۆ لای پەروەردگارت كە تۆ لـەو ڕازیـت و ئـەویش لـە تـۆ ڕازیـە، دەبچۆرە ریزی بەندە چاك و بەڕێزەكانمەوە، بچۆرە بەهەشتەوە.

لە ووتەکانی شێخ (علی)

◈ لە خەودا پێیان گووتم: ئەی بەندەکەم بۆیە تـاقیم کردیـەوە بـە هـەژاری، تـا وەك زێرێکی پاکت لێ بێت کە دوای دارِشتن نەگۆرِێت.

◈ برِیارم بۆ تۆ داوە بە هەژاری بۆ نەفـسی خۆشـم بـە دەوڵەمەنـدی، جـا ئەگـەر هاتوو منت بە دەوڵەمەند زانی ئەوە من دەوڵەمەنـدت دەکـەم، بـەڵام ئەگـەر غـەیری منت بە دەوڵەمەند زانی، سەرگەردانت دەکەم و لە دەرگای خۆم دەرت دەکەم.

◈ نەکەی روو بکەیـە غـەیری ئێمـە، چـونکە سـەرگەردانت دەکـات و دەرمـانێکی کوشندەیە بۆت، بەڵام ئەگـەر رووتکـردە کارێك ئێمـە بۆمـان دیـاری کردبـووی یـان رووتکـردە ناسـینێکی شـیاو ئـامێز یـان رووتکـردە کـارێکی فـەرمان پێکـراو یـان رووتکـردە چـەند دروسـتکراوێك کـە تۆمـان پێـی سـپاردبوو، ئـەوە رازیـم ببـم بـە پەروەردگارت و بە بەندەی خۆمتم قبووڵ بکەم.

هەناسە هەڵکێشانی قووڵ

ئەو هەناسە قووڵەی مـرۆڤ لـە کـاتی بیـستنی قورئـان یـان لـە شـوێنی تـر هـەڵی دەکێشێت چەند هۆیەکی هەیە لەوانـە:

یەکەم: لەکاتی بیـستنی قورئـان دڵـی بـە جۆرێك رِۆشـن دەبێتـەوە کـە ئـارام و شـادمان دەبێـت، بۆیـە ئـەو هەناسـە قووڵـە هەڵدەکێـشێت، ئەمـەیان هەناسـە هەڵکێشانی تامەزرۆییە بۆ پەیمانەکانی قورئان.

دووەم: گوناهـەکانی خـۆی بـیر دەکەوێتـەوە، بۆیـە لـە ترسـان و خەفـەتان ئـەو هەناسـە قووڵـە هەڵدەکێـشێت بـۆ نەفـسی خـۆی، ئەمەشـیان هەناسـە هەڵکێـشانی ترسە.

سێیەم: شتێکی بۆ دێتە ڕێ کە ناتوانێ لە خۆی لابەرێت، بۆیە هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت لە خەفەتان، ئەمەش هەناسەی خەفەتە.

چوارەم: خۆشەویستی بێ پایانی خوای لە دڵیدا دەدرەوشێتەوە، دەشبینێ ڕێگای گەیشتن بە خوا ئێستا داخراوە تاکو دەمرێت ئینجا پێی دەگات، بۆیە ئەو هەناسە قووڵە هەڵدەکێشێت، لە داخان.

پێنجەم: خۆشەویستی خوای لە بیر نەماوە، سەرقاڵی شتی تر بووە، جا لە پڕدا کە گوێی لە قورئان دەبێت، خۆشەویستی خوای بیردەکەوێتەوە، دەشبینی دەرگای پەشیمانی کراوەتەوە و ڕێگای بۆ ڕۆشن کراوەتەوە، بۆیە هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت لە خۆشی و ئاسوودەیدا.

ئەو هەناسە هەڵکێشانە: هێزێکە بە دڵی مرۆڤدا دێت، ئەو هێزە کاریگەری خۆی لە دڵدا دەبینێت و کاری خۆی لە دڵ دەکات، بەڵام لە ڕواڵەتدا دیار نیە.

ئەو کەسەی ئەو هەناسەیەش هەڵدەکێشێت ئەوە سێ جۆرە هەناسەیە:

١. هەناسەیەکی ڕاستگۆیانەیە و لە دڵیەوە هەڵدەقوڵێت.

٢. هەناسەیەکی دەسکردە و هیچ نیە.

٣. هەناسەیەکی ساختە و مونافیقانەیە بۆ فریودانی خەڵکی.

بــیر لە چی دەکەیەوە؟!

بنـچینەی هــەموو کــارێکی چــاك یــان خراپــە لــە ســەرەنجامی بیرکردنــەوە ســەرهەڵدەدات، چــونکە بیرکردنــەوە سەرچــاوەی ئــیرادە و ئەنجامــدانی زوهــد و وازهێنان لە گوناه و خۆشەویستی و تورەیە.

بەسوودترین بیرکردنەوە، بیرکردنەوەیە لە چوار شت:

١. بیرکردنەوە لەو شتانەی بەرژەوەندی بۆ دوا ڕۆژی تیایە.

٢. بیرکردنەوە لەو ڕێگایانەی دوا ڕۆژی پێ بە دەست دێ.

٣. بیرکردنەوە لەو شتانەی بەرژەوەندی بۆ دوا ڕۆژی تیا نیە.

٤. بیرکردنەوە لەو ڕێگایانەی دوا ڕۆژی پێ لە دەست دەچێت.

ئەو چوار بیرکردنەوەیــە چــاکترین و گــرنگترین بیرکردنــەوەن بــۆ مــرۆڤ، لــە دوای ئەمانەش چوار بیرکردنەوەی تریش دێت ئەوانیش:

١. بیرکردنەوە لەو شتانەی دنیا کە بەرژەوەندی بۆ قیامەتی مرۆڤ تیایە.

٢. بیرکردنەوە لەو ڕێگایانەی ئەو بەرژەوەندیانەی پێ بە دەست دێ.

٣. بیرکردنەوەیە لەو شتانەی دنیا کە بەرژەوەندی بۆ قیامەتی مرۆڤ تیا نیە.

٤. بیرکردنەوە لەو ڕێگایانەی ئەو بەرژەوەندیانەی پێ لە دەست دەچێت.

ســەرەکیترین بیرکردنــەوەش بیکردنەوەیــە لــە دروســتکرا و نیعمەتــەکانی خــوا، بیرکردنەوە لــە فــەرمان و قەدەغــەکراوەکانی خــوا، بیرکردنــەوە لــە ڕێگــای زانیــاری پەیاکردن بە ناو و سیفاتەکانی لە ڕێگای قورئان و سوونەتی پێغەمبەرەوەﷺ، ئەم بیرکردنەوە خۆشەویستی و ناسینی خوا بە مرۆڤ دەبەخشێ، ئەگەر بیریکــردەوە لــە شــەرەف و بــەردەوامی دوا ڕۆژ، بیریکــردەوە لــە بــێ نرخــی و نــەمانی دنیــا، ئــەم بیرکردنەوە تامەزرۆی دوا ڕۆژ لە دڵی مرۆڤ دروست دەکات، ئەگەر بیریکردەوە لە

ئەو ماوە کورت و تەنگەی دنیا، ئەوە زیاتر خۆی هیلاك دەکات و تـێ دەکۆشـێت و ناهێڵێت کاتی بە فیڕۆبچێت.

بەرانبەر ئـەم بیرکردنـەوە باشـانەش، چـەند بیرکردنـەوەی پوچـەڵ و بـێ هـودە هەیە، کە لە ناو دڵی زۆربەی خەڵکیدا دێت و دەچێت لەوانـە:

١. بیرکردنەوە لەو شتانەی کە داوا لـە کـەس نـەکراوە بـیری لێ بکەنـەوە، وەکـو بیرکردنەوە لە چۆنیەتی زاتی خـوا کە هەرگیز عەقلی مرۆڤ پێی ناگات.

٢. بیرکردنەوە و خۆ سەرقاڵ کردن بـەو زانستانەی کـە بیرکردنـەوە لێـی هـیچ ڕێزێك بە نەفسی مـرۆڤ نـادات، وەکـو بیرکردنـەوە لـە وردەکـاری (منطـق)و زانـستی بیرکاری و سروشتی و زۆرێك لەو زانـستە فەلـسەفیەکان، ئەگـەر مـرۆڤ بیشی گاتـێ پێی کامل نابێت و نەفسی پێ پاك نابێتەوە.

٣. بیرکردنەوە و خۆ سەرقاڵ کردن بە ئارەزووات و ڕابواردن و ڕێگای بە دەسـت هێنانی، ئەمانە ئەگەرچی نەفسی مرۆڤ تامێکی لێ وەردەگرێت، بـەڵام زیانەکـەی لـە دنیا زۆر زیاترە لە دوا ڕۆژ ئەگەر مرۆڤ بیزانێت.

٤. بیرکردنەوە و خۆ سەرقاڵ کردن بە شتانێك کە وجودی نیە، وەك بیرکردنـەوە لەوەی کە ببێت بە پادشا چی بکات! یان ئەگەر کوپەیەکی زێری بدۆزێتەوە چـی لێ بکات! یان ئەگەر شتێك بدۆزێتەوە ئەوکات چی لێ بکات؟ چۆن ڕەفتاری تیا بکات، چەندین بیری بێ هوودەی لەم جۆرە.

٥. بیرکردنەوە و خۆ سەرقاڵ کردن بە گوزەرانی خەڵکی کە چـی دەکـەن و چـی ناکەن و دوورن لە خوا و پێغەمبەر و ڕۆژی دوایی.

٦. بیرکردنەوە و خۆ سەرقاڵ کردن بە فێل و تەڵەکانـە بـۆ گەیـشتن بـە مـەرام و ئارەزوواتی جا مباح بێت یان حەڕام بێت.

٧. بیرکردنـەوە و خـۆ سـەرقاڵ کـردن بـە هونـەری شـیعری مـەدح و دڵـداری و چەندین جۆر لەم بابەتە، چونکە ئەمە مرۆڤ لە شتێك سەرقاڵ دەکات کە کامەرانی و

ژیانی بەردەوامی پێوە بەندە.

٨. بیرکردنەوە و خۆ سەرقاڵ کردن بەو شتە خەیاڵاتیانەی کە هیچ ئەسڵی نیە و هەرگیز کەسیش پێویستی پێ نابێ، ئەوەش لە هەموو زانستێکدا هەیە، هەتا لە زانستی (الفقه) و (الاصول) و (الطب)یشدا هەیە.

ئەم بیرکردنەوانەی باسمانکرد زیانی زۆر زیاترە لە سوودەکەی، هەر ئەوەندە زیانە بەسە کە مرۆڤ سەرقال دەکات و ناهێڵێت بیر لە شتی چاك بکاتەوە.

ووتەی پەند ئامێز

* داواکـردن هانـدەری مرۆڤـە بـۆ ئیمـان، کۆبوونـەوەی ئیمـان و داواکـردن پێکەوەش، بەرووبومەکەی کاری چاکەیە.

* گومانی چاکبردن بـە خـوا هانـدەری مرۆڤـە بـۆ ملکەچی و زەلیلیـە بـۆ خـوا، کۆبوونەوەی ئەو دووەش پێکەوە، بەرووبومەکەی وەڵامدانەوەی دوعـای بەندەکانـە لە لایەن خواوە.

* لـە خـوا ترسـان هانـدەری مرۆڤـە بـۆ خۆشەویـستی خـوای، کۆبوونـەوەی لـە خواترسان و خۆشەویستی پێکەوە، بەرووبومەکەی گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوایـە و خۆ پاراستنە لە قەدەغەکراوەکانی.

* خـۆڕاگرتن هانـدەری مرۆڤـە بـۆ یـەقین، ئەگـەر خـۆڕاگرتن و یـەقین پێکـەوە کۆبوونەوە، بەرووبومەکەی ئەوەیە مرۆڤ لە دیندا دەکات بـە پێشەوا خـوای گـەورە دەفـــــەرمووێ: ﴿ وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يُوقِنُونَ ﴾(السجدە:٢٤)، واتـە: لە وانیشدا چەند کەسێکمان کردە پێشەوا کە هەر بە فـەرمانی ئێمـە ڕێنمـوونی مـرۆڤ بکـەن، چـونکە توانـای خۆڕاگرتنیـان تێیـدا بـوو یەقینیشیان بە ئایەتەکانمان هەبوو.

* شـوێنکەوتنی پێغەمبـەر بـە پـوختی ﷺ هانـدەرە بـۆ ئـیخلاص، جـا ئەگـەر هەردووکیان پێکەوە کۆبوونەوە، بەرووبومەکەی ئەوەیە کاروکردەوەکانی لەلای خوا قبوڵ دەبێت.

* کارکردن هاندەرە بۆ زانست، جا ئەگەر کارکردن و زانـست پێکـەوە کۆبـۆوە، ئەوە بەختەوەری و سەرفرازی تیا دایـە، بـەڵام ئەگـەر یـەکیان ئـەوی تـری لەگەڵـدا نەبوو، ئەوە هیچ سوودی نیە.

* ئارامگرتن هاندەرە بۆ زانست، جا ئەگەر ئارامگرتن و زانست پێکەوە کۆبۆوە، مـرۆڤ سـەربەرزی دنیـا و قیامـەتی دەسـت دەکـەوێ، سـوود لـە هـەموو زانـستێك وەردەگرێ، بەڵام ئەگەر یەکیان ئەوی تری لەگەڵدا نەبوو ئەوە سوودی نامێنێ.

* عەزیمـەت هانـدەرە بـۆ چاوساغی، ئەگـەر مـرۆڤ عەزیمـەت و چاوسـاغی تیـا کۆبـۆوە، ئـەوە خاوەنەکـەی چـاکەی دنیـا و دوا ڕۆژی بەدەسـت دەهێنێـت، جـا دواکەوتنی مرۆڤ لە کامل بوون، یان ئەوەتا چاوساغ نیە، یان ئەوەتا عەزیمەتی نیە.

* نیەت چاکی هاندەری مرۆڤە بۆ چاکی زەین و بیری، جا ئەگەر ئـەم دووانـەی لە دەستچوو ئـەوە هـەموو خێرێکـی لـە دەسـت دەچێت، بـەڵام ئەگـەر پێکـەوەش کۆبۆوە، ئەوە بەرووبومی هەموو خێر و چاکەیەکە.

*بۆچـوونی چـاك هانـدەرە بـۆ جـوامێری، جـا ئەگـەر ئـەم دووانـە پێکـەوە کۆبوونەوە، ئەوە سەرکەوتن و سەرفرازی بە مرۆڤ دەبەخشن، ئەگـەر هەردووکیـشی لە دەستچوو ئەوە تووشی سەرشۆڕی و دۆڕان دەبێت، بەڵام ئەگـەر مـرۆڤ بۆچـوونی هەبوو بەبێ جوامێری، ئـەوە ترسـنۆکی و بـێ توانایيـە، ئەگـەر جوامێریـشی هـەبوو بۆچوونی نەبوو، ئەوە ڕووخان و هەرەس هێنانیەتی.

* ئارامگرتن هاندەرە بۆ چاوساغی، جا ئەگەر هەردووکیان پێکەوە کۆبوونەوە، ئەوە خێرێکی زۆری تیایە.

* ئامۆژگاری هانـدەرە بـۆ بـەهێز بـوونی عـەقڵ، جـا هـەر کاتێك ئامۆژگاریەکـە بەهێز بێت، ئەوە زیاتر عەقل بەهێز دەبێ و دەدرەوشێتەوە.

* یادکردنەوە و بیرکردنەوە هەر یەکیان هاندەری یەکترین، جـا ئەگـەر پێکـەوە کۆبونەوە، بەرووبومەکەی پشت هەڵکردنە لە دنیا و ڕووکردنە دوا ڕۆژە.

* تەقوا هاندەرە بۆ تەوەکول، ئەگەر تەقوا و تەوەکول پێکەوە کۆبونەوە ئـەوە دڵ جێگیر دەبێت.

* هاندەری ئامـادەگی دڵ پەیوەسـت نـە بوونـە بـە دنیـا، ئەگـەر هـەردووکیان

پێکـەوە کۆبوونـەوە، ئـەوە هـەموو خێـر و چـاکەیەکی پێوەیـە، بـەڵام ئەگـەر لێـک جیابوونەوە ئەوە شەڕ و خراپەی پێوەیە.

* نیەتی ساغ و پاک هاندەرە بۆ هیمەتی بەرز، ئەگەر ئەم دووانە پێکەوە کۆبوونەوە، ئەوە بەندە دەگات بە ئامانجی خۆی.

وەستان لەبەر دەستی خوا

مرۆڤ لە دوو وێستگە لەبەر دەستی خوا دەوەستێ:

یەکیان: لە نوێژدا لە خزمەتی خوا دەوەستێ.

دووەمیان: لەو ڕۆژەی بە خزمەتی دەگات لەبەر دەستی دەوەستێ.

جـا هـەر کەسـێك بـە پـوختی و دروسـتی مـافی وێـستگەی یەکەمیـدا ــ کـە نوێژکردنە ـ ئەوە وێستگەی دووەمی بۆ ئاسـان دەبێـت، بـەڵام ئەگـەر بـە پـوختی و دروستی مافی وێستگەی یەکەمی نەدا، وێستگەی دووەمـی لەسـەر گـران و ئاسـتەم دەبێـت خـوای گـەورە دەفـــەرمووێ: ﴿وَمِنَ ٱلَّيْلِ فَٱسْجُدْ لَهُۥ وَسَبِّحْهُ لَيْلًا طَوِيلًا ﴿٢٦﴾ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ يُحِبُّونَ ٱلْعَاجِلَةَ وَيَذَرُونَ وَرَآءَهُمْ يَوْمًا ثَقِيلًا﴾(الانــــسان:٢٦ ــــ ٢٧)، واتـە: لە شەوگاریشدا سوجدەی بۆ ببە و تەسبحاتی لە هێنـدێکی شـەودا زۆر بکـە، ئەو گومڕایانە حەزیان لە دنیای بێ بەقایەو ڕۆژێکـی سـەخت و سـەنگیش پـشتگوێ دەخەن.

وێستگە

تام و چێژ و لەزەت وەرگرتن پێویستی هەموو مرۆڤ و گیاندارێکە، بۆیە چێژ وەرگرتن سەرزەنشت و لۆمەی لێ نەکراوە، بەڵکو کاتێك سەرزەنشت و لۆمەی لێکراوە ئەگەر بە ئەنجامدانی ئەو چێژەوە چێژێکی چاکتر و گەورەتری لە دەست بچێت، یان ئەنجامدانی ئەو چێژە ئازار و سزای بە دواوە بێت.

ئا لێرەدا جیاوازی نێوان مرۆڤێکی عاقڵ و زیرەك، لەگەڵ مرۆڤێکی گەمژە و نەزان دەردەکەوێت، چونکە مرۆڤی ژیر بەراوورد لە نێوان ئەو دوو چێژە و ئازارە دەکات، بۆی دەرکەوت کە یەکیان هیچ نیە بەرانبەر ئەوی تریان، ئەوکات وازهێنانی چێژێکی کەم بۆ بە دەست هێنانی چێژێکی زۆر و بە نرختر لەلای ئاسان دەبێت، ئارامگرتن لەسەر ئازارێکی کەم بۆ لابردنی ئازارێکی زۆر لای ئاسان دەبێت، ئەگەر مرۆڤ وابیر بکاتەوە ئەوە بۆی دەردەکەوێت کە چێژ و خۆشی دوا ڕۆژ زۆر گرنگتر و بەردەوامترە لە چاو چێژ و خۆشی دنیا، بە هەمان شێوەش ئێش و ئازاری دوا ڕۆژ زۆر گرانتر و بە ئێشترە لە ئێش و ئازاری دنیا، ئەم بەراورد کردنەش پەیوەستە بە ئیمان و یەقینەوە، کە هەر کاتێ مرۆڤ دڵی پڕ بوو لە یەقین و دڵنیایی، ئەوە چێژ و خۆشی بەرز و گرنگ بەسەر چێژ و خۆشی کەم و بێ نرخ هەڵدەبژێرێت، ئێش و ئازاری کەمتر هەڵدەبژێرێت لە بری ئێش و ئازاری زۆر و قورس.

تەفسیری چەند ئایەتێك

ئـەم ئایەتـە: ﴿وَأَيُّوبَ إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُۥٓ أَنِّى مَسَّنِىَ ٱلضُّرُّ وَأَنتَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ﴾ (الانبیاء:٨٣)، واتـە: یادی (ایوب) بکە کاتێك هانا و هاواری بـۆ پـەروەردگاری بـرد، ووتی: پەروەرگارا بەراستی من ئازار و ناخۆشیم تووش بووە، تۆش لە هەموو کـەس بە رەحمتری.

ئەم نزایە ڕاستەقینەی یەکتاپەرستی لە خۆگرتووە، دەربڕینی فەقیری و هـەژاری خۆی بەرانبەر پەروەردکاری لە خۆگرتووە، پەیوەست بـوون بـە خۆشەویـستی لـە خۆگرتووە، دان هێنان بـە سیفەتی رەحمـەتی خـوای بەوەی لـە هـەموو کـەس بـە رەحمترە لە خۆگرتووە، (التوسل) ی بە سـیفاتی خـوای لـە خۆگرتـووە، دەربـڕینی ئاتـاجی و پێویـستی لـە خۆگرتـووە، جـا هـەر کەسـێك کـە تـاقی دەکرێتـەوە بـەم شێوەیەش حاڵی بێت، ئەوە خوای گەورە بەڵاکەی لەسەر لادەبات.

لـــەم ئایەتەشـــدا (یوســـف) پێغەمبـــەرﷺ دەیفـــەرموو: ﴿أَنتَ وَلِىِّۦ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْـَٔاخِرَةِ ۖ تَوَفَّنِى مُسْلِمًا وَأَلْحِقْنِى بِٱلصَّٰلِحِينَ﴾ (یوسف:١٠١)، واتـە: پەروەردگارا تۆ پـشت و پـەنای مـنی لـە دنیـا و قیامـەت، داواکـارم کـە بـە موسـڵمانی بم مرێنیـت، بمگەیەنیت بەکاروانی چاکەکاران.

ئەم نزایە ئەمانەی لەخۆگرتووە، دان هێنان بە یەکتاپەرستی خوا، تەسلیم بـوون بۆ پەروەردگار، دەربـڕینی بـێ دەسـەڵاتی و هـەژاری خـۆی بەرانبـەر بـە خـوا، خـۆ پاراستن لە پەنا بردنە غـەیری خـوا، مـردن لەسـەر ئیـسلام کـە گرنگترین ئامـانجی بەندەیە کە ئەمە بەدەستی خوایە بەدەستی کەسی تر نیە، دان هێنـان بـە دوا ڕۆژ، داواکردنی دۆستایەتی خۆش بەختان.

خوای گەورە لەم ئایەتەدا دەفەرمووێ: ﴿ وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلَّا عِندَنَا خَزَآئِنُهُۥ ﴾ (الحجر:٢١)، واتە: گەنجینەی هەموو شتێك لای ئێمەیە.

ئەو گەنجینەیە ئەوەیە کە هەر شتێك داوا بکرێت ئەوە گەنجینەکەی لای خوای گەورەیە و کلیلی ئەو گەنجینەیەش بەدەست خوای گەورەیە، داوا کردنی جگە لە خودا داواکردنە لە کەسێك کە هیچی لە لا نیە و هیچی لەدەست نایەت.

کە دەفەرمووێ: ﴿ وَأَنَّ إِلَىٰ رَبِّكَ ٱلْمُنتَهَىٰ ﴾ (النجم: ٤٢)، واتە: کۆتایی هەموو شتێك بۆ لای پەروەردگارتە.

ئەم ئایەتەش گەنجینەیەکی گەورەی لە خۆگرتووە، ئەویش ئەوەیە کە هەر شتێك مەبەست لێی خوا نەبێت و بۆ خوا نەبێت ئەوە بێ سوود و بڕاوەیە، چونکە ئەمە کۆتاییەکەی بۆ خوا نەبووە، جا خۆشەویستی هەر شتێك لەبەر خوا نەبێت ئەوە خۆشەویستیەکە سزاو نەهامەتیە، هەر کارێك مەبەستی خوا نەبێت ئەوە پوچ و بێ هوودەیە، هەر دڵێك پەیوەست نەبێت بە خواوە ئەوە سەرگەردانە و دوورە لە کامەرانی و سەرفرازی.

کەواتە: هەر شتێك لە خواوە بێت بۆ مرۆڤ ئەوە لەو ئایەتەدا خۆی دەگرێتەوە: ﴿ وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلَّا عِندَنَا خَزَآئِنُهُۥ ﴾ (الحجر:٢١).

هەر شتێکیش لە مرۆڤەوە بێت بۆ خوا ئەوە لەو ئایەتەدا خۆی دەگرێتەوە: ﴿ وَأَنَّ إِلَىٰ رَبِّكَ ٱلْمُنتَهَىٰ ﴾(النجم: ٤٢).

چونکە هیچ شتێك نیە جگە لە خوا داوابکرێت، هیچ شتێکیش نیە کۆتاییەکەی بۆ لای غەیری خوا بێت.

لەژێر ئەم بابەتەدا نهێنیەکی گرنگ هەیە لە نهێنیەکانی یەکتاپەرستی، ئەویش ئەوەیە هەرگیز دڵ جێگیر و ئارام و ڕاحەت نابێت مەگەر بە خواوە نەبێت، هەر شتێك جگە لە خوا کە خۆشەویستە لەبەر خاتری خۆی نیە، بەڵکو لەبەر شتێکی ترە، تەنها خۆشەویستی خوا لەبەر زاتیەتی، ناشگونجێ کۆتایی بۆ لای دوو کەس

بێـت هـەر وەك چـۆن ناگونجێـت سـەرەتای دروسـتكردنی دروسـتكراوەكان لـە دوو كەسەوە بێت، جا هەر كەسێك خۆشەویستی و حەز و ئیرادە و ملكەچی بۆ غـەیری خوا بێت ئەوە كارەكانی پوچەڵ و دوا بڕاوە، هەر كەسێكیش خۆشەویستی و حەز و ترس و ئیرادە و داواكاری تەنها بۆ خوا بێت ئەوە بەردەوام سەركەوتوو و كامەران و شادمان دەبێت.

مرۆڤ هەموو كات دەسوڕێت لە نێوان ئەو فەرمانانـەی خـوا فـەرمانی پێكـردووە، ئەو بڕیارانەش كە خودا بەسەری دا نازڵ كردووە، مرۆڤ پێویـستی بـە یارمـەتی خـوا هەیە بۆ جێبەجێ كردنی فەرمانـەكانی، پێویستیـشی بـە لـوتفی خـوا هەیـە لـەكاتی دابەزاندنی بڕیارێك بە سەریدا، جا بە ئەنـدازەی هەڵـسانی بـە فـەرمانی خـوا لـوتفی خـوای دەسـت دەكـەوێت لـە كـاتی دابەزانـدنی بڕیـار بەسـەریدا، ئەگـەر بـە دڵ و ڕواڵەتەوە هەڵسا بە فەرمانەكانی خوا، ئەوە لوتفی خـوا دڵ و ڕوالـەتی دەگرێتـەوە، بـەڵام ئەگـەر تـەنها بـە فەرمانـەكانی خـوا هەڵـسا بـە دڵ نـەبوو، ئـەوە لـوتفی خـوا ڕواڵەتی دەگرێتەوە كەمێك لە دڵی دەگرێتەوە.

ئەگەر گوتت لوتفی خوا بۆ دڵ چییە؟ بەڵام لوتفی خوا بۆ دڵ ئەوەیە كە لـەكاتی توش هاتنی بەشتێك لە لایەن خواوە دڵی جێگیر و ئارامە، دڵەڕاوكێ و دوودڵی نیـە، لە ژێر دەستی پەورەردگار و بە مات و مەلوولی دەوەستێت بە دڵ بـۆی دەڕوانێـت، دڵی پێ ئارامە لەبەر لوتفی خودا ئـەو ئـێش و ئـازارە لـە بـیر دەكـات كـە تیایدایـە، ئاگای لەو ناخۆشیە نامێنێت لەبەر ئەوەی چاك خوا دەناسێت، دەزانێت خوا چـاكتر مەسلەحەتی ئەوی دەوێت، ئـەو تـەنها بەندەیەكـە لـە ژێـر دەسـتی گەورەكـەی كـە بڕیـاری بەسـەر دەدات، جـا ڕازی بێـت یـان نـاڕازی بێـت، ئەگـەر ڕازی بـوو ئـەوە ڕەزامەندی بە دەست دێنێت، ئەگەر ناڕازیش بوو ئەوە هەر ئەو بەدەست دێنێت، ئا ئەوە لوتفی خوایە بۆ دڵ كـە بەرووبومەكـەی پەیوەسـتە بـەكاری دڵ ئەگـەر زیـادی كرد زیاد دەبێت ئەگەر كەمی كرد كەم دەبێت.

دڵت پەیوەستە بە چی؟!

مرۆڤ ئەگەر ئیرادە و خۆشەویستی نەبەستێتەوە بە خوا، ئەوە دەپچڕێ لە خـوا، مەبەست بە بەستنەوە ئەوەیە دڵی پەیوەست بێت تەنها بە خۆشەویستی خـوا هـیچ شـتێك لـەو خۆشەویـستیە دایـنـەبڕێنێت، دڵـی پەیوەسـت بێـت بـە نـاو و سـیفات و کارەکانی خواوە، هیچ شتێك ئەم نوورەی لێ نەکوژێنێتەوە، دڵی پەیوەست بێت بـە زیکری خواوە، هیچ شتێك ڕووی وەرنەگێڕێت لە زیکری خوا و بێ ئاگـای نـەکات لـە زیکری خوا.

مرۆڤ ئەگەر بەم شێوەبوو ئەوە چوست و چـالاك دەبێـت لـە زیکـر و کارەکـانی و گوێڕایەڵی خوا و خۆپاراستنی لە خراپە، بە جۆرێك چالاك دەبێت کـە کارەکـانی بـە کامەرانیـەوە ئەنجامـدەدات چـونکە فـەرمانی پـێ کـراوە، خـۆی دەپارێزێـت لـە قەدەغەکراوەکان چـونکە قەدەغـەکراوە و ڕقـی لێیـەتی، ئائـەوە مانـای پەیوەسـت بوونیەتی بە فەرمان و قەدەغەکراوەکانی خوا.

پەیوەست بوون بە تەوەکولیش ئەوەیە خۆشەویستی خوای لە دڵدا بێـت و پێـی دڵ ئارام و دڵنیـا بێـت و بـە خـوا ڕازی بێـت و هـەژار و بـێ دەسـەڵاتی خـۆی تـەنها بەرانبەر بە خوا دەربڕێت.

پەیوەست بێت بە تـرس وئومێـدو رەجـا و دڵخۆشـی و کامـەرانی و شـادمانی بـە خوا، بە جۆرێك ترسی لە کەس نەبێت تەنها لە خوا، رەجا لە کەس نەکات تەنها لـە خوا، بە تەواوی دڵخۆش نەبێت بـە کەسـی تـر، بـە تـەواوی بـە کەسـی تـر شـادمان نەبێت، ئەگەر چی بە هێندێ شت دڵخـۆش و شـادمان بـوو، بـەڵام دڵخۆشـی تـەواو، ئاسوودەیی کامل، شادمانی و چاوگەشی و دڵ ئارامی تەنها بە خوایە، جگـە لەمانـە ئەگەر یارمەتی بوو بۆ ئەمە دڵخۆشی و شادمانیە، بەڵام ئەگەر ڕێگر بوو لەمـە ئـەوە دڵتـەنگی و خەفـەت بـاری و پەژارەییـە، هەرچـی دڵخۆشـی و ئاسـوودەییەك هەیـە

هەمووی بە خواوەیە، یان بەوەوەیە کە بەوی دەگەیـەنێت و یارمـەتی دەرە لەسـەر ڕەزامەندی خوا.

خوای گەورە ئەوەشی ڕوون کردۆتەوە کە ئـەو کەسـانەی خـۆش ناوێـت، کـە بـە دنیا و جوانی دنیا دڵخۆشن، فەرمانیشی بە بەندەکانی کـردووە کـە دڵخـۆش بـن بـە فەزڵ و ڕەحمەتی خوا کە ئیسلام و ئیمان و قورئانە، جا لێـرەدا مەبەسـت ئەوەیـە: هەر کەسێك ئەو کارانەی بۆ خوا بکات، دەکات پەیوەستە بە خوا، ئەگەر نا دەکـات پچڕاوە لە پەروەردگاری، و پەیوەستە بە نەفسی خۆیەوە.

شوكرانە بژێری خودا

ئـەی مـرۆڤ بزانـە هـەموو بەخـشش و نیعمـەتێك تـەنها لـە خواوەیـە، نیعمـەتی بەندایەتی نیعمەتی تـام و چـێژە خـوای گـەورە دەفــەرمووێ: ﴿ وَمَا بِكُم مِّن نِّعْمَةٍ فَمِنَ اللَّهِ ثُمَّ إِذَا مَسَّكُمُ الضُّرُّ فَإِلَيْهِ تَجْأَرُونَ ﴾ (النحـل:٥٣)، واتــە: هەرچــی نــاز و نیعمەتێكیان هەیە هەر هەمووی لە خواوەیە، پاشـان كاتێـك ناخۆشـی و بەڵایـەكتان بۆ پێش دێت ئەوە هانا و هاوار و پەنا هەر بۆ لای ئەو دەبەن.

خـــوای گـــەورره دەفــــــەرمووێ: ﴿فَاذْكُرُوا آلَاءَ اللَّهِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴾ (الاعراف:٦٩)، واتـە: یادی ناز و نیعمەتەكانی خوا بكەن بۆ ئەوەی سەرفراز بن.

هــەروەها دەفــەرمووێ: ﴿وَاشْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ ﴾ (النحل:١١٤)، واتـە: شوكرانەی ناز و نیعمەتەكانی خوا بكەن ئەگەر ئێوە تـەنها ئـەو دەپەرستن.

جا هـەر وەك چۆن ئـەم نـاز و نیعمەتانـە لـە فـەزڵ و بەخشـشی خوداوەیە، بـە هەمان شێوەش مـرۆڤ زیكـر و شـوكرانە بـژێری خـوای دەسـت ناكـەوێت مەگـەر بـە یارمەتی خوا نەبێت.

گوناهیش سەرگەردانی خودایە بـۆ مـرۆڤ كـە وازی لـێ دەهێنێـت و دەیـسپێرێتە نەفسی خۆی، جا ئەگەر خوای گەورە لەمەدا فریای بەندەكەی نەكەوێت، ئەوە هـیچ ڕێگایەكی تر نیە بە فریای بكەوێت، كەواتە: مرۆڤ ناچارە و ئاتاجە كە ملكەچ بێت و هانا و هاوار تەنها بۆ خـوا بـەرێت، تـاكو ئـەم سـەرگەردانیەی لێ لابـەرێت و تووشـی نەبێت، ئەگەر بڕیار درابوو و تووشی هات، ئەوە پێویستە ملكەچ بێت و هانا و هاوار بـۆ خـوا بـەرێت كـە تووشـی سـزاكەی نـەكات كـە پێـوەی بەنـدە، مـرۆڤ بـەردەوام پێویستی بەم سێ بنچینەیە هەیـە هـەرگیز سـەرفرازیش نابێـت مەگـەر بـەو سیانە

نەبێت، ئەویش ئەمانەن:

۱. شوکرانە بژێری خوا.

۲. داوا کردنی سەلامەتی لە خوا.

۳. تەوبەی ڕاستگۆیانە.

ئەگەر بێتوو ووردبییەوە لەوە بۆت دەردەکەوێت کە ئەوانە هەر هەمووی پەیوەستە بە (الرغبة)حەزلێبوون، و (الرهبة)حەزلێنەبوونی مرۆڤە، ئەم دووانەش بەدەستی بەندە نیە بەڵکو بەدەستی ئەو کەسەیە کە چۆنی بوێت دڵەکان ئاڵ و گۆڕ دەکات، ئەگەر خوای گەورە یارمەتی بەندەکەی بدات ئەوە دڵی پڕ دەکات لە (الرغبة)و(الرهبة)، بەڵام ئەگەر سەرگەردانی بکات ئەوە وازی لێ دەهێنێت و فەرامۆشی دەکات و دڵی وەرناگێڕێ، پرسیاریشی لێ ناکرێت، خوای گەورە چی بوێت دەبێت، چیشی نەوێت نابێت.

پاشان بیرت کردۆتەوە ئایا هیچ هۆیەك هەیە بۆ سەرفرازی و سەرگەردانی، یان خودا تەنها بەویستی خۆی مرۆڤ سەرفراز و سەرگەردان دەکات بەبێ هیچ هۆیەك؟ ئەگەر هۆیەکە تەنها دڵە ئەوە خوای گەورە دروست کاری ئەو دلانەیە کە شیاون و یان شیاو نین بۆ توانای هەڵگرتنی چاکە و خراپە، بۆ نموونە ئەوەی گیاندار وەردەگرێت بێگیان وەری ناگرێت، هەروەها ئەم دووانەش فەرقیان هەیە لە وەرگرتن، ئەوەی مرۆڤ شیاوی وەرگرتنیەتی ئاژەڵ شیاوی نیە و وەری ناگرێت، ئەوەی ئاژەڵ شیاوی وەرگرتنیەتی مرۆڤ وەری ناگرێت، ئەگەر ئەو دڵە شیاوی نیعمەت بێت بە جۆرێك کە بیناسێت، قەدر و خراپەی بزانێت، سوپاسی خاوەن نیعمەت بکات و ستایشی بکات، بە گەورەی بزانێت، بزانێت کە ئەوە لە بەخشندەی و فەزڵی ئەوە نەك ئەوەی کە ئەو شیاوە بەو نیعمەتە، بەڵکو ئەو نیعمەتە هی خوایە بە تەنها و بە تەنها لەوییەوەیە، ئەگەر مرۆڤ بەو جۆرە بیری کردەوە ئەوە نیعمەتەکە تەنها بە مولکی خوا دەزانێت، شوکرانە بژێری لەسەر دەکات، بە بەخشش و منەتی خوای دەزانێت، کەمتەرخەمی خۆی بۆ دەردەکەوێت لە شوکرانە

بژێری، دەزانێت ئەگەر ئەو نیعمەتە لەسەری بەردەوام بێت ئەوە لە خێر و فـەزڵ و چاکەی خواوەیە، ئەگەر لێشی سەنێتەوە دیارە ئەو نیعمەتە شیاوی نیـە بۆیـە لێـی سەندۆتەوە، ئەگەر بەو جۆرە بیری کردەوە ئەوە هەر کاتێك خـودا نیعمـەتی زیـاتر بداتێ، ئەو زیاتر ملکەچ و زەلیل دەبێت لەبەر دەستی خوا، زیاتر سوپاسی دەکات، زیاتر دەترسێ کە خوا نەوەك لێـی بـسەنێتەوە، لەبـەر ئـەوەی بەتـەواوی سوپاسـی نەکردووە،هەر وەك چۆن نیعمەتی خۆی لەوانە ساندەوە، کەنیعمەتەکـەیان نەناسـی و حەقی خۆیان پێ نەدا، چونکە ئەگـەر سوپاسـی نیعمـەتی خـوای نـەکرد و بـەڵکو پێچەوانەی کرد ئەوە خودا لێی دەسێنێتەوە هەر وەك خوای گـەورە دەفــەرمووێ: ﴿وَكَذَٰلِكَ فَتَنَّا بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لِّيَقُولُوا أَهَٰؤُلَاءِ مَنَّ اللَّهُ عَلَيْهِم مِّن بَيْنِنَا ۗ أَلَيْسَ اللَّهُ بِأَعْلَمَ بِالشَّاكِرِينَ﴾ (الانعـام:٥٣)، واتــە: هــەر بــەو شـێوە ئێمـە هێنـدێکیان بـە هێندێکیان تاقی دەکەینەوە، تا بڵێن: ئایا ئەوانە خـوا ڕێـزی لێنـاون لـە ناومانـدا؟! ئایا خوا زانا نیە بە سوپاسگوزاران.

ئا ئەوانە نیعمەتیان ناسیوە و وەریان گرتووە و خۆشـیان ویـستووە، سـوپاس و ستایشی خوایان لەسـەر کـردووە خـوای گـەورە دەفــەرمووێ: ﴿ وَإِذَا جَاءَتْهُمْ آيَةٌ قَالُوا لَن نُّؤْمِنَ حَتَّىٰ نُؤْتَىٰ مِثْلَ مَا أُوتِيَ رُسُلُ اللَّهِ ۘ اللَّهُ أَعْلَمُ حَيْثُ يَجْعَلُ رِسَالَتَهُ ۗ ﴾ (الانعام:١٢٤)، واتـە: کاتێك ئایەتێکی قورئانیان بۆ بێت دەڵێن: ئێمە هەرگیز ئیمـان ناهێنین هەتا وێنەی ئەوەی کە بۆ پێغەمبەران هاتووە بـە ئێمـە نەبەخـشرێت، خـوا زانایە بەو دڵ و دەروونەی کە شایستەیە کە پەیامی خۆی تێدا دابنێت.

هۆکاری سەرگەردانی مرۆڤ

ئەگەر بینیت مرۆڤێك سەرگەردانە ئەوە هۆیەکەی ئەوەیە شیاو نیە بەوەی بە نیعمەتی خوای گەورە شاد بێت، بەڵکو ئەگەر نیعمەتیشی پێ ببەخشرێت، دەڵێت: ئەمە مولکی خۆمە، ئەم سەروەت و سامانەم بۆیە پێ دراوە چونکە من شیاوم هەر وەك خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿قَالَ إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلۡمٍ عِندِيٓۚ﴾ (القصص:٧٨)، واتە: دەیووت: ئەم سەروەت و سامانەم بەهۆی زانست و زانیاری خۆم پێم دراوە.

(الفراء) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرمووێ: دەڵێت: من ڕێزم هەیە لای خوداو شیاوم بۆیە ئەم سەروەت و سامانەی پێ داوم.

(مقاتل) دەفەرمووێ: دەڵێت: ئەم سەروەت و سامانەم پێدراوە، چونکە خوا خێری لە من بەدی کردووە.

(عبدالله)ی کوڕی(الحارث) باسی پێغەمبەر (سلیمان)ی دەکرد کە خوا چ مولکێکی پێ بەخشیبوو پاشان ئەو ئایەتەی خوێندەوە: ﴿هَٰذَا مِن فَضۡلِ رَبِّي لِيَبۡلُوَنِيٓ ءَأَشۡكُرُ أَمۡ أَكۡفُرُ﴾ (النمل:٤٠)، واتە: ئەمە لە فەزڵ و بەخششەکانی پەروەردگارمە بۆ ئەوەی تاقیم بکاتەوە، کە ئایا سوپاسگوزار دەبم یان سپلە.

(سلیمان) نەیووت: (هذا من کرامتي)واتە: ئەم سەروەت و دەسەڵاتەی پێم دراوە لەبەر ڕێزی خۆمە، پاشان باسی (قارون)ی کردوو و ئەو ئایەتەی خوێندەوە: ﴿أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلۡمٍ عِندِيٓۚ﴾ (القصص:٧٨)، واتە: ئەم سەروەت و سامانەم بە هۆی زانست و زانیاری خۆمەوە پێ دراوە.

لێرەدا دەبینین کە (سلیمان) ئەو سەروەت و سامانەی بە فەزڵ و منەتی خوا دەزانی و دەیووت: بۆ ئەوە سەروەت و دەسەڵاتەی پێداوم تاکو تاقیم بکاتەوە کە

ئایا سوپاسگوزارم یان نا، بەڵام (قارون) ئەوەی بە هەوڵی شان و باڵی خۆی دەزانی و خۆی پێ بە شیاو دەزانی.

هەروەها خوای گەورە دەفـەرمووێ: ﴿ وَلَئِنْ أَذَقْنَاهُ رَحْمَةً مِّنَّا مِن بَعْدِ ضَرَّاءَ مَسَّتْهُ لَيَقُولَنَّ هَٰذَا لِي ﴾ (فصلت:٥٠)، واتـە: ئـادەمیزاد دوای ئـەو دەرد و بەڵایـەی تووشـی هاتبوو، خێر و خۆشی بە سەردا برێژین و پێـی بـچێژین، دەڵێـت: ئەمـە بـە ڕەنجـی شانی خۆم پەیدام کردووە.

بەڵـێ: مرۆڤی ئیماندار ئەو سەروەت و سامانەی هەیەتی بە موڵکی پەروەردگاری دەزانێت، کە خودا بە فەزڵ و منەتی خۆی پێی بەخشیووە، بێ ئەوەی مافی لەسەر خوا بێت، بـەڵکو خـوا خێرێکە و لەگـەڵ ئەویـدا کـردووە، خـوا بۆشـی هەیـە پێـی نەبەخشێ، جا ئەگەر پێی نەبەخشی واناگەیەنێت کە مافێکی لێ پێشێل کردووە.

ئەگەر مرۆڤ ئاوا بیرنەکاتەوە ئەوە وا دەزانێت کە ئەو شیاوە بەو شـتە، بۆیـە لـە خۆی بای دەبێت بەو نیعمەتە و لە سنوور دەردەچێت، خۆی لە خەڵکی بە چاکتر و بـەڕێزتر دەزانێـت و شـانازی و فـەخری پـێ دەکـات، هـەر وەك خـوای گـەورە دەفـــــەرمووێ: ﴿وَلَئِنْ أَذَقْنَا الْإِنسَانَ مِنَّا رَحْمَةً ثُمَّ نَزَعْنَاهَا مِنْهُ إِنَّهُ لَيَئُوسٌ كَفُورٌ ﴿٩﴾ وَلَئِنْ أَذَقْنَاهُ نَعْمَاءَ بَعْدَ ضَرَّاءَ مَسَّتْهُ لَيَقُولَنَّ ذَهَبَ السَّيِّئَاتُ عَنِّي ۚ إِنَّهُ لَفَرِحٌ فَخُورٌ﴾ (هود:٩ ـ ١٠)، واتـە: مـرۆڤ ئەگـەر تـامی خۆشـیمان پـێ چـێژاند و پاشان لێمان ساندەوە، بێگومان نا ئومێدی و کوفرانە بژێری دەکات، ئەگـەر پاشـی لێ قەومانیش شادمانیمان پێ دا، هەڵبەتـە دەڵێـت: ناخۆشیەکانم لێ ڕەوینـەوە، بـە کەیف دەبێت و بە خۆی هەڵدەڵێ.

خوای گەورە زەمی کردووە کە بێ ئومێد و کوفرانە بژێر دەبێت لە کـاتی ئـەوەی کە تاقی دەکاتەوە بە بەڵا و نەهامـەتی، زەمـی کـردووە کـە دڵخـۆش و لـە خۆبـایی دەبێت ئەگەر بە نیعمەت تاقی بکاتەوە، ئەو مرۆڤە کاتێك ناخۆشی لێ دەڕەوێتەوە، لە باتی سوپاس و شوکرانە بـژێری و ستایـشی خـوا بکـات دەڵـێن: (ذهـب الـسيئات

عنی) واتــە: ناخۆشیەکانم لێ ڕەویـەوە ئەگـەر بیگوتایا: (اذهـب الله السیئات عنـی برحمه و منته) واتــە: ئەم ناخۆشیانەم بە رەحمەت و منـەتی خـوا لێ ڕەوایـەوە. ئـا ئەمە بەم جۆرە زەم لێکراو نیە، بەڵکو چاکیشە.

جا ئەگەر خوا ئەمەی لە دڵی بەندەیەك بەدی کرد، ئەوە گەورەترین هۆکارە بۆ سەرگەردانی ئەو بەندەیە و فەرامۆش کردنی خوا بۆی، چونکە ئەو مرۆڤە شیاوی بەخشش و نیعمەتی خوا نیە هەر وەك خوای گەورە دەفـەرمووێ: ﴿إِنَّ شَرَّ ٱلدَّوَآبِّ عِندَ ٱللَّهِ ٱلصُّمُّ ٱلۡبُكۡمُ ٱلَّذِينَ لَا يَعۡقِلُونَ ﴿٢٢﴾ وَلَوۡ عَلِمَ ٱللَّهُ فِيهِمۡ خَيۡرٗا لَّأَسۡمَعَهُمۡۖ وَلَوۡ أَسۡمَعَهُمۡ لَتَوَلَّواْ وَّهُم مُّعۡرِضُونَ ﴿٢٣﴾﴾ (الانفال:٢١ ـ ٢٢)، واتـە: خراپترین گیاندار لەلای خودا ئەو کەڕو لاڵانەن کەوا هیچ تێ ناگەن، خۆ ئەگەر خوا خێری تیادا بەدی بکردنایە، ئەوە وای لێ دەکردن کە حەق و ڕاستی ببیستن، خۆ ئەگەر حەقیشیان پێ ببیستنایە، ئەوە هەر ڕوویان لێ وەردەگێڕا و خۆیان دەبوارد.

لێرەدا خوای گەورە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەوانە شیاوی ئـەوە نـین نیعمـەتی خوا وەرگرن، لەگەڵ ئەوەش کە شـیاوی ئـەو نیعمەتـە نـین ڕێگرێکـی تریـشمان تیـا بەدی دەکرێ، ئەویش ڕوو وەرگێڕان و خۆ لێ بواردنە دوای ناسینیشی.

ئەوەی پێویستە بزانرێت ئەوەیە، هۆکاری سەرگەردانی مـرۆڤ فـەرامۆش کـردن و وازلێهێنانیەتی لەسەر ئـەو شـێوەی لەسـەری دروسـتکراوە، هۆکـاری سەرفرازیـشی ئەوەیـە کـە چـونکە شیاوی سـەرفرازییە خـوا نیعمـەتی لەگەڵـدا دەکـات، هۆکـاری سەرفرازی لە فەزڵی خواوەیە، خوای گەورە بەدیهێنەری سەرفرازی و سەرگەردانیە، هەر وەکـو چـۆن بەشـەکانی زەوی دروسـتکردووە، کـە هێنـدێکی شـیاوی ڕووەك لێ شین بوونە هێندێکیشی شیاو نیە، درەختی دروستکردووە، هێندێکی بەرووبوم دەدا هێندێکیـشی نایـدا، هـەنگی دروسـتکردووە سـازاوە کـە هـەنگوین ببەخـشێ، بـەڵام زەردەواڵـە وانیـە، هێنـدێ ڕۆحـی پاکیـشی دروسـتکردووە، کـە شـیاوە بـۆ زیکـر و شـوکرانە بـژێری و یەکتاپەرسـتی و ئامۆژگـاری و شـکۆداری خـوا، هێنـدێ ڕۆحـی پیسیشی دروستکردووە کە شیاوی ئەمانە نین، بەڵکو شیاوی دژی ئەمانەیە.

تـاقی کردنەوەی خوا

(شیخ الاسلام، ابن تیمیة)(رەحمەتی خوای لێبێت) دەفـەرمووێ[(١)] خوای گەورە دەفـەرمووێ: ﴿الٓمٓ ﴿١﴾ أَحَسِبَ ٱلنَّاسُ أَن يُتْرَكُوٓا۟ أَن يَقُولُوٓا۟ ءَامَنَّا وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ ﴿٢﴾ وَلَقَدْ فَتَنَّا ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۖ فَلَيَعْلَمَنَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ صَدَقُوا۟ وَلَيَعْلَمَنَّ ٱلْكَـٰذِبِينَ ﴿٣﴾ أَمْ حَسِبَ ٱلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن يَسْبِقُونَا ۚ سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ ﴿٤﴾ مَن كَانَ يَرْجُوا۟ لِقَآءَ ٱللَّهِ فَإِنَّ أَجَلَ ٱللَّهِ لَـَٔاتٍ ۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٥﴾ وَمَن جَـٰهَدَ فَإِنَّمَا يُجَـٰهِدُ لِنَفْسِهِۦٓ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَغَنِىٌّ عَنِ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴿٦﴾ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ لَنُكَفِّرَنَّ عَنْهُمْ سَيِّـَٔاتِهِمْ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَحْسَنَ ٱلَّذِى كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٧﴾ وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَـٰنَ بِوَٰلِدَيْهِ حُسْنًا ۖ وَإِن جَـٰهَدَاكَ لِتُشْرِكَ بِى مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَآ ۚ إِلَىَّ مَرْجِعُكُمْ فَأُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٨﴾ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ لَنُدْخِلَنَّهُمْ فِى ٱلصَّـٰلِحِينَ ﴿٩﴾ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ فَإِذَآ أُوذِىَ فِى ٱللَّهِ جَعَلَ فِتْنَةَ ٱلنَّاسِ كَعَذَابِ ٱللَّهِ وَلَئِن جَآءَ نَصْرٌ مِّن رَّبِّكَ لَيَقُولُنَّ إِنَّا كُنَّا مَعَكُمْ ۚ أَوَلَيْسَ ٱللَّهُ بِأَعْلَمَ بِمَا فِى صُدُورِ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴿١٠﴾ وَلَيَعْلَمَنَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَلَيَعْلَمَنَّ ٱلْمُنَـٰفِقِينَ ﴿١١﴾﴾(العنكبوت:١ ـ ١١).

واتـە: الم، ئایا خەڵکی لایان وایە، هەر بڵێن: ئێمە ئیمانمان هێناوە، وازیان لێ دەهێنرێ و تاقی ناکرێنەوە؟ بێگومان ئێمە ئەوانەی پێش ئەمانیشمان تاقی کردۆتەوە بە جۆرەها شێوە، تا خوای گەورە ئەوانەی راستیان کردووە دەرکەون، درۆزنەکانیش دەرکەون، ئایا ئەوانەی خراپە و نادروستی دەکەن وا دەزانن کە لە

(١) لێرەدا تا کۆتای کتێبەکە هەمووی ووتەی (ابن تیمیە)ە.

دەستمان دەردەچن و دەرباز دەبن؟! ئای چەند خراپە ئەو بڕیارەی کە دەیدەن، ئەوەی کە ئاواتە خوازە بە دیداری خوا شاد بێت، با دڵنیا بێت کە کاتی دیاریکراوی خوا و ساتی سەرەمەرگ هەر دێت، بێگومان ئەو خوایە بیسەرە و زانایە، ئەوەش کە هەوڵ وکۆشش دەکات لە پێناوی خوا، بێگومان قازانج و سوودی هەوڵ و کۆششەکەی هەر بۆ خۆیەتی، چونکە بەڕاستی خوا بێ نیازە لە هەموو خەڵکی، ئەوانەی ئیماندارن و ئاکار چاکن، هەڵە و گوناهیان دەسڕینەوە و بە چاکتر لەوەی کە دەیانکرد پاداشتیان دەدەینەوە، ئێمە فەرمانمان داوە بە ئینسان کە چاك رەفتار بێت لەگەڵ دایك و باوکیدا، خۆ ئەگەر زۆریان لێکردیت تا هاوبەشیم بۆ بڕیار بدەیت، بێ ئەوەی زانست و زانیاریان هەبێت لەم بارەیەوە، بە گوێیان مەکە، دڵنیاش بن کە گەڕانەوەتان بۆ لای منە، ئەو کاتە ئاگادارتان دەکەمەوە لەو کردەوانەی کە ئەنجامتان دەدا، ئەوانەی ئیمانیان هێناوە و کاری چاکەیان ئەنجامداوە، بێگومان دەیانخەینە ریزی چاکەکارانەوە، هێندێك لە خەڵکی هەن دەڵێن: ئیمانمان هێناوە، جا کاتێك لەبەر خوا تووشی ئازار و ناخۆشی دەبن وا دەزانن ئازاری خەڵکی وەکو سزای خوا وایە، خۆ ئەگەر لە پەروەردگارتەوە سەرکەوتنێك بێت، دەڵێن: ئێمەش هاوکارتان بووین، مەگەر خوا لەوەی کە لە سینەی خەڵکیدایە شارەزاتر و ئاگادارتر نیە؟ بێگومان خوا ئیمانداران باش دەناسێت و منافقانیش باش دەناسێ.

خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿ أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ وَلَمَّا يَأْتِكُم مَّثَلُ ٱلَّذِينَ خَلَوْا۟ مِن قَبْلِكُم ۖ مَّسَّتْهُمُ ٱلْبَأْسَآءُ وَٱلضَّرَّآءُ وَزُلْزِلُوا۟ حَتَّىٰ يَقُولَ ٱلرَّسُولُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ مَتَىٰ نَصْرُ ٱللَّهِ ۗ أَلَآ إِنَّ نَصْرَ ٱللَّهِ قَرِيبٌ ﴾ (البقرە:٢١٤)، واتە: ئایا لاتان وایە هەروا بە ئاسانی دەچنە بەهەشتەوە، مەگەر نموونەی ئیماندارانی پێشووتان بۆ باس نەکراوە، کە تووشی ناخۆشی و تەنگانە و گرانی و نەداری بوون و تەکانیان خواردووە و زۆریان بۆ هاتووە بە ڕادەیەك، هەتا پێغەمبەرەکەیان و ئەوانەی باوەڕیان هێناوە لەگەڵیاندا، دەیانگوت: کەی پەروەردگار سەرکەوتن دەبەخشێت؟

ئاگادار بن و دڵنیا بن سەرکەوتنی خوا نزیکە.

خـەڵکی کاتێـك خـوا پێغەمبـەرانیان بـۆ دەنێرێـت دوو وەڵامیـان بـۆ پێغەمبـەران هەیە:

- یان دەڵێن: ئیمانمان هێنا.
- یان دەڵێن: ئیمانمان نەهێنا و بەردەوام دەبن لەسەر خراپەکاریەکانیاندا.

جا هەر کەسێك بڵێ: ئیمانم هێنا ئەوە پەروەردگار تاقی دەکاتەوەتاکوڕاستگۆ و درۆزن لێك جیابێتەوە، بەڵام ئەوەی ناڵێـت: ئیمـانم هێنـا وا نـەزانێت پـەروەردگاری خەڵەتاندووە و خوا تاقی ناکاتەوە.

بەڵـێ: ئەوە سوونەتی خوایە پێغەمبەران بۆ خـەڵکی ڕەوانـە دەکـات خـەڵکی بـە درۆیان دەزانن و ئازاریان دەدەن خوای گەورە دەفــەرمووێ: ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوًّا شَيَٰطِينَ ٱلْإِنسِ وَٱلْجِنِّ﴾ (الانعـــام:١١٢)، واتـــە: هـــەروەها بـــۆ هـــەموو پێغەمبەرێك دوژمنێکمان لە شەیتانەکانی ئینس و جنۆکە سازاندووە.

خوای گـەورە دەفــەرمووێ: ﴿كَذَٰلِكَ مَآ أَتَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِم مِّن رَّسُولٍ إِلَّا قَالُوا۟ سَاحِرٌ أَوْ مَجْنُونٌ﴾ (الـذاريات:٥٢)، واتــە: هـەروەها بـەر لەمانـەش هـەر وابـووە، هـەر کاتێـك پێغەمبەرێکیان بۆ هاتووە گوتیانە: یان جادوگەرە، یان شێتە.

هەروەها دەفـەرمووێ:﴿ مَّا يُقَالُ لَكَ إِلَّا مَا قَدْ قِيلَ لِلرُّسُلِ مِن قَبْلِكَ﴾(فـصلت:٤٣)، واتـە: هەرچی بە تۆ گوترا بێت، بە پێغەمبەرانی پێش تۆش گوتراوە.

هەر کەسێك ئیمان بـە پێغەمبـەران بهێنـێ و گوێڕایـەڵیان بکـات، ئـەوە دژایـەتی دەکەن و ئازاری دەدەن، خوای گەورە بەم شێوە بە ئێش و ئازار تـاقی دەکاتـەوە، ئەوەی ئیمانیش بە پێغەمبەران نـەهێنێ، ئـەوە لەلایـەن خـواوە سـزا دەدرێـت، کـە ئێش و ئازاری سزای خوا زۆر گرانتر و بەردەوامترە.

کەواتە: دەبێت هەر هەموو کەسێك ئێش و ئازار بچێژێت جا ئیماندار بێت، یان کافر بێت، بەڵام ئیماندار سەرەتا لە دنیادا کەمێك ئێش و ئازار دەکێشێت، پاشان ئەوەی بۆ دەبێتە سەرفرازی لە دنیا و قیامەت، بەڵام کافر سەرەتا لە دنیادا کەمێك خۆشی دەچێژێت، پاشان بۆی دەبێت بە ئێش و ئازار.

پیاوێك پرسیاری لە ئیمامی (الشافعي) کرد و ووتی: باوکی (عبدالله) ئایا کام لەم دووانە فەزڵیان زیاترە، پیاوێك دامەزراو بێت، یان تاقی بکرێتەوە؟ ئیمامی (الشافعي) لە وەڵامدا فەرمووی: مرۆڤ دامەزراو نابێت تاکو تاقی نەکرێتەوە، چونکە خوای گەورە (نوح) و (ابراهیم) و (موسی) و (عیسی) و (محمد)(سەلامی خوایان لێبێت) تاقی کردەوە جا کاتێك خۆراگر بوون خواش دامەزراوی کردن، با کەس گومانی وا نەبات کە بە تەواوی رزگاری بووە لە ئێش و ئازار.

بەڕاستی خاڵێکی گرنگ هەیە پێویستە مرۆڤی ژیر لێی بە ئاگا بێت، ئەویش ئەوەیە هەموو کەسێك تووشی ئازار دەبێت —لەلایەن خەڵك وخزم و کەسیەوە — لەبەر ئەوەی مرۆڤ عادەتی وایە تێکەڵی خەڵکی دەبێت، خەڵکیش هەموو جۆرە بۆچونێکیان هەیە، جا بۆیە داوای لێ دەکەن کە بۆ چوونی ئەوان پەسند بکات، ئینجا ئەگەر پەسەندی نەکرد ئازار و سزای دەدەن، بەڵام ئەگەر پەسەندی بکات، ئەوە هەر تووشی ئازار و سزا دەبێت، جارێك لەلایەن ئەوانەوە، جارێکیش لەلایەنی خەڵکی ترەوە، ئەگەر مرۆڤ لە حاڵی خۆی و خەڵکی ووردبێتەوە شتی زۆر لەم بارەیەوە بەدی دەکات وەك ئەوەی کەسانێك کە حەزیان لە داوێن پیسی و ستەم کردن و شیرك بڕیار هەیە بە هێندێ ووتەی پوچەڵ بە ناوی دینەوە ئەو گوناهانە ئەنجام دەدەن وەك خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿ قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ ٱلْفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَٱلْإِثْمَ وَٱلْبَغْيَ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَأَن تُشْرِكُوا۟ بِٱللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ سُلْطَٰنًا وَأَن تَقُولُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴾ (الاعراف:٣٣)، واتە: بلێ: بەڕاستی پەروەردگارم هەرچی گوناه و خراپەیەك هەیە حەرامی کردووە چ ئەوانەی ئاشکران چ ئەوانەی پەنهانن،

هەموو گوناه و دەست درێژیەکی بە ناحەقی حەرام کردووە، هەروەها حەرامی کردووە شەریك بۆ خوا دانان بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکتان بە دەستەوە بێت، حەرامی کردووە لە خۆتانەوە بە ناوی خواوە شت بڵێن.

دەبینی جاری وا هەیە کەسێکی موسڵمانی چاك بە ناچاری تێکەڵی ئەو خەڵکە خراپانە دەبێت کە هەردوولا لە یەك شوێن دانە وەك شوقە، یان دوکان، یان قەیسەری، یان قوتابخانە، یان لە کارێك پێکەوەن، یان لە گوندن لەگەڵ یەکن، یان لە ڕێگادا، یان لە شارێك پێکەوەن، یان لە شوێنێکی تر، ئەو موسلمانانە بیانەوێ هەر شتێك بکەن دەبێت ئەوانەی لەگەڵیانن قایل بکەن، یان لە خراپەکانیان بێ دەنگ بن.

بەڵێ: ئەو کەسە خراپانە داوا لە موسڵمانە چاکەکان دەکەن کە کارە خراپ و بۆچوونەکانیان پەسند بکەن، یان بێ دەنگ بن لە خراپەکانیان، ئینجا ئەگەر هاتوو خراپەکانیان پەسند کرد و لێی بێ دەنگ بوون، ئەوە لە بەلا و فیتنەی ئەوان سەلامەت دەبن، بەلام بەسەریان زاڵ دەبن و سوکایەتیان پێ دەکەن کە زۆر خراپترە لەوەی کە پێشتر لێی دەترسان، وەك ئەوەی داوای شایەتی دانی بە درۆیان لێ دەکەن، یان بەناوی دینەوە فتوایەکی گەندەڵیان بۆ بدەن بۆ ئەوەی ڕێگایان بۆ خۆش بکات بۆ خراپە و ستەم، ئەوکات ئەگەر گوێڕایەڵی نەکردن ئەوە ئازاری دەدەن و دژایەتی دەکەن، ئەگەر گوێڕایەڵیشیان بکات، ئەوە بەسەریدا زاڵ دەبن و سووکایەتی پێ دەکەن زۆر لەوە زیاتر کە ئەو لێی دەترسا، بڕوانە (معاویة) نامەیەکی بۆ (عائشة)ی دایکی ئیمانداران نووسی کە ئامۆژگاری بکات، (عائشة)(رضی الله عنها) بەو شێوە بۆی نووسی (سَلامٌ عَلَيْكَ) لە پێغەمبەرم بیستووەﷺ کە دەیفەرموو: ((مَنِ الْتَمَسَ رِضَاءَ اللَّهِ بِسَخَطِ النَّاسِ كَفَاهُ اللَّهُ مُؤْنَةَ النَّاسِ وَمَنِ الْتَمَسَ رِضَاءَ النَّاسِ بِسَخَطِ اللَّهِ وَكَلَهُ اللَّهُ إِلَى النَّاسِ))[1]، واتە: هەر کەسێك

(١) صحيح: رواه الترمذی (٢٤١٦).

ڕەزامەندی خوا بـە دەسـت بێنێـت گـوێ نەداتـە ڕەزامەنـدی خـەڵکی، ئـەوە خـوای گەورە خەڵکی بۆ مەیسەر دەکـات، بـەڵام هـەر کەسێك ڕەزامەنـدی خـەڵکی پـێش ڕەزامەندی خوا بخات، ئەوە خوا کارەکانی دەسپێرێتە خەڵکی.

ئەگەر خوا هیدایەتی کەسێك بدات و سەرفرازی کردبێت، ئەوە تووشی ئـەو کـارە حەرامانە نابێت و ئارام دەگرێت لەسەر ئازاردان و دژایەتی کردنی مل هـوڕان، پـاش ئەوەی ئارامی گرت سـەرفرازی دنیـا و قیامـەتی چـەنگ دەکـەوێت، هـەروەکو چـۆن پێغەمبـەران و شـوێن کـەوتوانیان و زانایـان و پیاوچـاکان ئـازاردراون و دژایـەتیان کراوە، بەڵام ئەوان ئارامیان لەسەر گرتووە.

بێگومان دەبێت ئەوەش بزاندرێت کە هێندێ جار دروستە لە ڕواڵـەت ڕەزامەنـدی دەربڕێت، بەڵام لە دڵەوەدا پێی ڕازی نەبێت، وەك ئەوەی کە زۆری لێبکرێـت کـوفر بکات، ئەم بابەتە جگە لەم باسە قسەی لێکراوە بە درێژی.

ئەوەی مەبەستمانە لێرەدا باسی بکەین ئەوەیە دەبێـت هـەر هـەموو کەسێك بـە گوێرەی خۆی تاقی بکرێتەوە، هەرگیز کەس لە تاقی کردنـەوە ڕزگـاری نابێـت، جـا بۆیە خوای گەورە لە زۆر شوێندا باسـی ئـەوەی کـردووە کـە دەبێـت خـەڵکی تـاقی بکرێتەوە، تاقی کردنەوەش یان بە خۆشی یە، یان بە ناخۆشیە، ئـەوکات پێویـستە مرۆڤ ئارامگر و سوپاسـگوزار بێـت خـوای گـەورە دەفـەرمووێ:﴿ إِنَّا جَعَلْنَا مَا عَلَى ٱلْأَرْضِ زِينَةً لَّهَا لِنَبْلُوَهُمْ أَيُّهُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا﴾ (الكهـف:٧)، واتـە: هەرچـی لەسـەر ڕووی زەویدا هەیە ئێمە کردوومانـە بـە هـۆی ڕازاندنـەوە تـا تاقیـان بکەینـەوە، کـە کامیان کاروکردەوەی چاکتر ئەنجام دەدەن.

هـــەروەها دەفـــەرمووێ: ﴿وَبَلَوْنَٰهُم بِٱلْحَسَنَٰتِ وَٱلسَّيِّـَٔاتِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴾ (الاعـراف:١٦٨)، واتـە: بـە خۆشـی و ناخۆشـی تاقیمـان کردنـەوە بـۆ ئـەوەی بگەڕێنەوە.

دەفـەرمووێ: ﴿فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّى هُدًى فَمَنِ ٱتَّبَعَ هُدَاىَ فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشْقَىٰ

﴿ وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِى فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ أَعْمَىٰ ﴾ (طه:١٢٤)، واتـە: ئەگەر هیدایەتی منتان بۆ هات، ئەوەی شوێنی هیدایەتی من بکەوێت، نە گومڕا دەبێت نە تووشی نەگبەتی دەبێ، هەر کەسێکیش پشت لە قورئان بکات، بێگومان تووشی ژیانێکی تەنگ دەبێت، لە ڕۆژی قیامەتیشدا بە کوێری حەشر دەکرێن.

لـە ئایـەتێکی تـر دەفـەرمووێ: ﴿أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ وَلَمَّا يَعْلَمِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ جَـٰهَدُوا۟ مِنكُمْ وَيَعْلَمَ ٱلصَّـٰبِرِينَ ﴾(ال عمران:١٤٢)، واتـە: ئایا ئێوە وادەزانن هەر ئاوا بـە ئاسـانی دەچـنە بەهەشـت؟! کـە هێـشتا خـودا دەری نەخـستووە کامتـان خەباتکاری کردووە کامتان خۆراگربوونە.

نەفسی مرۆڤ پاك نابێتەوە و گەشە ناکات تاکو بە بەلا پاك نەکرێتـەوە، وەك زێـر کە چۆن پاك و چاکەکەی لە پـیس و خراپەکـەی جیـا ناکرێتـەوە تـا بـە کـورە پـاك نەکرێتەوە.

هەر خراپەیەك تووشی مرۆڤ دەبێت ئەوە لە نەفسی خراپ و نـەفام و سـتەمکاری خۆیەتی خـوای گـەورە دەفـەرمووێ: ﴿مَّآ أَصَابَكَ مِنْ حَسَنَةٍ فَمِنَ ٱللَّهِ ۖ وَمَآ أَصَابَكَ مِن سَيِّئَةٍ فَمِن نَّفْسِكَ ۚ ﴾ (النساء:٧٩)، واتـە: هەر چیت بۆ پێش دێت لە خێـر و چـاکە، ئـەوە لـە خواوەیە، هەرچی ناخۆشیەکیشت بۆ پێش دێت، ئەوە دەستی خۆتی تیایە.

هـەروەها دەفـەرمووێ: ﴿أَوَلَمَّآ أَصَـٰبَتْكُم مُّصِيبَةٌ قَدْ أَصَبْتُم مِّثْلَيْهَا قُلْتُمْ أَنَّىٰ هَـٰذَا ۖ قُلْ هُوَ مِنْ عِندِ أَنفُسِكُمْ ۗ ﴾(ال عمران:١٦٥)، واتـە: ئـاخۆ کاتـێ زیانتـان لـە دووژمـن پێگەیشت کە جارێکیش دوو ئەوەندە زیان لێدان هیچ پرسیتان زیانەکەمان لـە چـی بوو؟ بلێ: لە خۆتانەوە بوو.

لـە ئایـەتێکی تردەفـەرمووێ: ﴿ وَمَآ أَصَـٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُوا۟ عَن كَثِيرٍ ﴾(الشورى:٣٠)، واتـە: هـەر بـەلا و نەهامەتیـەکتان بەسـەر

بێت، ئەوە لە ئەنجامی ئەو کاروکردەوانەیە کە بە ئارەزووی خۆتان ئەنجامتان داوە ـ کەچی خوای گەورەـ لە زۆربەی گوناهەکانیشتان دەبوورێت.

هەروەها دەفــەرمووێ: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ لَمْ يَكُ مُغَيِّرًا نِّعْمَةً أَنْعَمَهَا عَلَىٰ قَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا۟ مَا بِأَنفُسِهِمْ﴾ (الانفال:٥٣)، واتـە: خودا دەرووی چاکەی لـە هـەر گەلێکدا کردبێتـەوە، هەتا ئەوان بیری خۆیان نەگۆڕیبێ، قەت خودا لێی نەگۆڕیون.

خوای گەورە لە ئایەتێکی تردەفــەرمووێ: ﴿وَإِذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِقَوْمٍ سُوٓءًا فَلَا مَرَدَّ لَهُۥ ۚ وَمَا لَهُم مِّن دُونِهِۦ مِن وَالٍ﴾ (الرعد:١١)، واتـە: ئەگەر خوا بیەوێت بەڵایەك بەسەر هەر میللەتێکدا بهێنێت، ئەوە هیچ هێزێك ناتوانێت بەری بگرێت، هیچ کەسیش ناتوانێت جگە لە خوا فریایان بکەوێت و ڕزگاریان بکات.

خوای گەورە کە باسی سزای گەلەکانی پێشتر دەکات لە ئادەمەوە تا کۆتای، لە هەموویدا دەفەرمووێ: ئەوانە ستەمیان لە نەفسی خۆیان کردووە ستەمکار بوونـە، هەرگیز نەیفەرمووە: ستەم لێکراو بوونـە، یەکـەم کەسێکیش کـە دانـی بـە ستەمی خۆی نا باوە ئـادەم و دایـە حـەوا بـووە کـە ووتیـان: ﴿قَالَا رَبَّنَا ظَلَمْنَآ أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَـٰسِرِينَ﴾ (الاعـراف:٢٣)، واتــە: پــەروەردگارا ئێمـە ستەممان لە نەفسی خۆمان کرد، خۆ ئەگەر لێمان خۆش نەبیت و بەزەییت پێمانـدا نەیەتەوە ئەوە لە خەسارەتمەندان دەبین.

خوای گەورە بە (إبلیس)ی فـەرموو: ﴿لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكَ وَمِمَّن تَبِعَكَ مِنْهُمْ أَجْمَعِينَ﴾ (ص:٨٥)، واتـە: سوێند بە زاتی خۆم دەبێـت دۆزەخ پـڕ بکـەم لـە تـۆ و لـە هـەموو ئەوانەی کە شوێنی تۆش دەکەون.

ئەو کەسانەی شوێنی (إبلیس) دەکەون سەرگەردان و گومڕان هەر وەك (إبلـیس) خـۆی دەڵێـت: ﴿قَالَ رَبِّ بِمَآ أَغْوَيْتَنِى لَأُزَيِّنَنَّ لَهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٣٩﴾ إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ ٱلْمُخْلَصِينَ﴾(الحجـر:٣٩ ــ ٤٠)، واتــە: پــەروەردگارم، مــادەم بەهۆی ئەم ئینسانەوە منت سەرگەردان و گومڕا کرد شەرت بێت لـە زەویدا هـەموو

گوناه و تاوانێکیان لا جوان بکەم و هەر هەموویان سەرگەردان و گومڕا بکەم، تەنها بەندە دڵسۆزەکانت نەبێت.

خوای گەورەش پێی فەرموو: ﴿ إِنَّ عِبَادِى لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَـٰنٌ إِلَّا مَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلْغَاوِينَ ﴾ (الحجر:٤٢)، واتە: بڕۆ چیت پێدەکرێت بیکە لەبەر ئەوەی بەندە چاك و پاکەکانی من بە تۆ فریو نادرێن و تۆ هیچ دەسەڵاتێکت بەسەریاندا نیە، تەنها ئەوانەی سەرکەش و یاخی و سەرگەردانەکانن شوێنت دەکەوون.

بۆیە دەبینین پێشینانی چاکمان بەردەوام دانیان بە هەڵەی خۆیان ناوە نموونەی (ابی بکر)و(عمر)و(ابن مسعود) کاتێك قسەیەکیان دەکرد دەیانووت: ئەوە بۆچوونی خۆمانە ئەگەر ڕاست بوو و پێکا بوومان، ئەوە لە خواوەیە، ئەگەر هەڵەش بوو و ئەوە لە نەفسی خۆمان و شەیتانەوەیە خوا و پێغەمبەر لێ ی بەرینە.

لە حەدیسی (القدسي)یشدا هاتووە کە پێغەمبەرﷺ لە پەروەردگاری دەگێڕێتەوە دەفەرمووێ: ((يا عبادي، انما هي اعمالكم احصيها لكم ثم اوفيكم اياها، فمن وجد خيراً فليحمد الله و من وجد غير ذلك فلا يلومنَّ الاّ نفسه))[1]، واتە: ئەی بەندەکانم هەرچی دێتە ڕێتان ئەوە کردەوەی خۆتانە، من زۆر بە ووردی سەرژمێریان دەکەم بۆتان، پاشان بە تەواوی دەیدەمەوە پێتان، جا هەرچی هاتەوە ڕێتان کردەوەی خۆتانە، ئەگەر باش بوو سوپاسی خوای لەسەر بکەن، خۆ ئەگەر بە جۆرێکی تر بوو ئەوە سەرزەنشتی خۆتان بکەن بەس.

---

(١) صحيح: رواه مسلم (٢٥٧٧)، و ابو داود ()، والترمذی (٢٤٩٧)، و احمد فی ((المسند)) (٥/١٥٤و١٦٠)، وابن ماجه (٤٢٥٧).

چەند حەدیسێك لەسەر دان پێ داهێنانی بەندە بە هەڵەكانی:

لە حەدیسێکی (صحیح)دا هاتووە پێغەمبەر ﷺ دەفـەرمووێ: ((سيد الاستغفار، أن يقول العبد: اللهم انت ربي لا أله إلا انت، خلقتني و انا عبدك، وانا على عهدك و وَعدكَ ما استطعتُ، أعوذ بكَ مِنْ شَرِ ما صَنَعْت، أبوءُلك بنِعمتكَ عليَّ و أبوءُ بِذَنبي، فاغفر لي إنـهُ لا يغفر الذنوبَ إلا أنْتَ، من قالها إذا أصبح مُوْقِناً بها فمات من يومه دخل الجنة، و من قالها إذا أمسى مُوْقِناً بها فمات مِن ليلتِه دخل الجنة))[1]، واتـە:گەورەی (الاستغفار)ان ئەوەیە بەندە بڵێت: خوایە تۆ پەروەردگارمی، هیچ پەرستراوێك نیە بە حەق جگە لە تۆ، بەدیت هێناوم و من بەندەی تۆم، من تا بتوانم لەسەر ئەو پەیمان و بەڵێنەم كە بە تۆم داوە، پەنات پێ دەگرم لە خراپەی ئەوەی كە كردوومە، دان ئەهێنم بەو نیعمەتانەی بەسەرتدا ڕژاندووم، دان ئەهێنم بە گوناهەكانم، لێم خۆشبە بەڕاستی كەس لە گوناه خۆش نابێت جگە لە تۆ، هەر كەسێك كاتێك بەیانی دەكاتەوە بە یەقینەوە ئەمە بلێت، ئەگەر لەو ڕۆژەدا بمرێ دەچێتە بەهەشت، هەر كەسێكیش كە ئێوارە دەكاتەوە بە یەقینەوە ئەمە بلێت، ئەگەر لەو شەوەدا بمرێت دەچێتە بەهەشت.

(ابي بكر الصديق) بە پێغەمبەری فەرموو ﷺ چی بلێت: ئەگەر بەیانی و ئێوارەی كردەوە، وە ئەگەر چووە سەر جێگا: پێغەمبەر ﷺ (ابي بكر الصديق)ی فێركرد ئەگەر بەیانی و ئێوارەی كردەوە، ئەگەر چووە سەر جێگا بڵێت: ((اللَّهُمَّ فَاطِرَ السَّموَاتِ وَالأرْضِ، عَالِمَ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَة، رَبَّ كُلِّ شَيْءٍ وَمَلِيكَهُ، أشهد ان لا اله الا أنت، أعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ نَفْسِي وَمِنْ شَرِّ الشَّيْطَانِ وَشَرَكِهِ، وَأنْ أقْتَرِفَ عَلَى نَفْسِي سُوءًا أوْ

---

(١) صحيح: رواه البخاری (٨٣/١١)، والنسائی (٢٧٩/٨)، والترمذی (٣٣٩٠).

أَجْرَهُ إِلَى مُسْلِمٍ))[١]، واتـە: خوایە ئەی بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی، ئەی زانـای غەیب و ئاشـکرا، پـەروەردگار و پادشـای هـەموو شـتێك، شـایەتی دەدەم کـە هـیچ پەرستراوێك نیە بە حەق جگە لە تۆ، پـەنات پێدەگرم لـە خراپـەی نەفـسی خـۆم و خراپەی شەیتان و هاوبەش دانانی لەوەی کە خراپەیەك بهێنم بەسەر نەفـسمدا یـان بیئاڵێنم لە موسڵمانێکەوە، کاتێك بەیانیت کردەوە یان ئێوارەت کردەوە ئـەم نزایـە بکە.

پێغەمبەرﷺ لە ووتەکانیدا دەیفـەرموو: ((الحمـد لله نـستعینه و نـستغفره، و نعـوذ بالله من شرور انفسنا ومن سیئات أعمالنا))[٢]، واتـە: سوپاس بۆ خوای گەورە، پـەنای پێدەگرین، داوای لێبوردنی لێدەکەین، پەنا دەگرین بە خوا لە خراپەی نەفـسماندا و لە کردەوەی خراپماندا.

لە فەرمودەیەکی تر پێغەمبەرﷺ دەفـەرمووێ: ((إِنِّی آخِذٌ بِحُجَزِکُمْ عن النَّارِ وانـتم تتهافتون تهافت الفراش))[٣]، واتـە: من کەمەرتانم گرتووە تاکو نەچـنە نـاو ئـاگرەوە، کەچی ئێوە وەکو پەپولە خۆتان ڕادەپسکێنن و خۆتانی تێدەهاوێن.

پێغەمبـەر ﷺ لێـرە مرۆڤـی تاوانبـاری بـە پەپولـە چـواندوە، لەبـەر نـەفامی و جولەی بە پەلەی، چونکە پەپولە هیچ نازانێ و بە پەلەش جوولە دەکات.

لە حەدیسێکی تردا هاتووە دەفـەرمووێ: ((مثـل القلـب، مثـل الریـشة ملقـاة بـأرضٍ فلاة))[٤]، واتـە: نمونەی دڵ وەکو نمونەی پەڕێك وایە کە لە بیابان فڕێدراوە.

ئەوەش دیارە کە پەڕ چۆن بە ئاسانی بـە هـەوادا دەچێت، بۆیـە بـەو کەسـەش دەگووترێ: کە گوێڕایەڵی کەسێك دەکات کە دەیچەوسێنێتەوە (انه استخفه)واتــە:

---

(١) صـحیح: رواه ابـو داود (٥٠٦٧)، والترمـذی (٣٣٨٩)، و احمـد فـی ((المـسند)) (١٩٦/٢)، وحـاکم (٥١٣/١).

(٢) صحیح: رواه النسائی (١٠٥/٣)، و ابو داود (٢١١٨)، والترمذی (١١٠٥).

(٣) صـحیح: رواه البخـاری (٢٧٤/٧)، ومـسلم (٢٢٨٤)، والترمـذی (٢٨٧٧)، و احمـد فـی ((المـسند)) (٢٤٤/٢و٣١٢).

(٤) سنده حسن: کما قال الالبانی فی صحیح جامع (٥٧٠٩).

بەسووکی زانی و سەرگەردانی کرد، دەبینین لە بارەی فیرعەونەوە دەگووترێت: ﴿فَٱسۡتَخَفَّ قَوۡمَهُۥ فَأَطَاعُوهُ﴾ (الزخرف:٥٤)، واتە: (فرعون) هیچ نرخی بۆ دانەنا بۆ گەلەکەی و بەسووك سەیری دەکردن و سەرگەردانی کردن، ئەوانیش گوێڕایەڵی بوون.

خوای گەورەش دەفەرمووێ: ﴿فَٱصۡبِرۡ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞۖ وَلَا يَسۡتَخِفَّنَّكَ ٱلَّذِينَ لَا يُوقِنُونَ﴾(الروم:٦٠)، واتە: ئارام بگرە، بەڵێنی خوا دێتەجێ، نەکا ئەوانەی بە گومانن، تۆ لە ڕێی حەق بترازێنن و سووکت بکەن.

چونکە (الخفیف)بێ هێز، جێگیرنابێ و دەڕوخێ، بەڵکو خاوەن یەقین دامەزراو و جێگیر دەبێت، جا (الیقین) جێگیر بوون و دامەزراندنی ئیمانە لە دڵ بە زانست و کردەوە، جاری واش هەیە بەندە زانستێکی چاکی هەیە، بەڵام لەکاتی پێش هاتنی بەڵا دەڕوخێ، بۆیە نەفسی مرۆڤ لە پەلەیی و خراپی و تووڕەیی بە ئاگر چوێنراوە، ئارەزوواتەکانی لە ئاگرە و شەیتانیش لە ئاگرە، پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێ: ((الغضبُ منَ الشيطان و الشيطان من النار، و انما تطفأ النـارُ بالمـاء، فـإذا غـضب أحـدكم فليتوضأ))[1]، واتە: تورەیی لە شەیتانەوەیە، شەیتانیش لە ئاگر دروستکراوە، ئاگریش بە ئاو دەکوژێتەوە، کەواتە هەر کەسێك لە ئێوە تووڕە بوو با دەست نوێژ بشۆرێت.

(١) حسن: رواه ابو داود (٤٧٨٤)، و احمد في ((المسند)) (٤/٢٢٦).

لە حەدیسێکی تردا هـاتووە: ((الغـضب جمـرة توقـد في جـوف ابـن ادم، ألا تـرى إلى حمرة عينيه و انتفاخ أوداجه))[١]، واتـە: تووڕەیی وەك پشکۆیەك وایە کە لـە سـینگی مرۆڤـدا هەڵدەگیرسێ، ئایا نـابینن کـە چـۆن چـاوی سـوور دەبێـت و ڕەگـی لاملـی هەڵدەستێ.

ئەمە هەڵچوونی و کوڵانی خوێنی دڵـە بۆ تۆڵـە سـەندنەوە، لـە حەدیـسێکی تـردا هاتووە پێغەمبەر ﷺ دەفـەرمووێ: ((إن الشيطان يجري من ابن ادم مجرى الـدم))[٢]، واتـــە: خەتـــەرە و وەسوەســـەی شـــەیتان لەگـــەڵ خـــوێنی نـــەوەی ئادەمـــدا دێـــت و دەڕوات.

خۆپاراستن لە شەیتان:

دوو پیاو لە خزمەت پێغەمبـەردا ﷺ بـوو بـە شـەڕە جنێویـان، یەکێکیان زۆر تووڕە بوو بۆیە پێغەمبەر ﷺ فـەرمووی: من ووشەیەك دەزانم ئەگـەر ئـەو کابرایـە بیڵێـت ئـەوە ڕقەکـەی دەنیـشێتەوە، ئـەویش ئەوەیـە، کـە بلێـت: ((اعـوذ بـالله مـن الشيطان الرجيم))[٣]، واتـە: پەنادەگرم بە خوا لە شەیتانی نەفرەت لێکراو.

خوای گەورەش دەفـەرمووێ: ﴿ٱدۡفَعۡ بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ فَإِذَا ٱلَّذِي بَيۡنَكَ وَبَيۡنَهُۥ عَدَٰوَةٞ كَأَنَّهُۥ وَلِيٌّ حَمِيمٞ ﴿٣٤﴾ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٖ ﴿٣٥﴾ وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ نَزۡغٞ فَٱسۡتَعِذۡ بِٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ﴿٣٦﴾﴾ (فصلت:٣٤ ـ ٣٦)، واتـە: بە جوانترین و چاکترین شێوەبەرەنگاری خراپە و نادروستی بکە، ئەوکاتە ئیتر دەبینیت ئەوەی کە لە نێوان تۆو ئەودا دووژمنایەتی و ساردیەك هەیە، دەبێتە دۆستێکی دڵسۆز و گیانی بە گیانی، کەسیش ناتوانێت

---

(١) (رواه احمد فـی المسند (١٩/٣) والترمذی (٢١٩٢) لە سـەنەدەکەی (علی)ی کوڕی (زید)ی کوری (جدعان) هەیە کە (ضعیف)ـە لەگەڵ ئەوشدا (الترمذی) بە حەدیسێکی (حسن)ی داناوە.

(٢) صـحیح: رواه البخـاری (٢٤٠/٤)، ومـسلم (٢١٧٥)، و ابـو داود (٢٤٧٠)، و احمـد فـی ((المـسند)) (٣٣٧/٦).

(٣) صحیح: رواه البخاری (٤٣١/١٠)، ومسلم (٢٦١٠)، و ابو داود (٥٧٨١)، والترمذی (٣٤٤٨).

بەو ڕەفتارە هەستێت جگە لەوانەی کە ئارامیان گرتووە، هەروەها کەسیش ناتوانێت هەڵوێستی وا بنوێنێت جگە لە کەسێك نەبێت کە خاوەنی بەهرەیەکی گەورە بێت، هەرکاتێ لە شەیتانەوە خەتەرە و خەیاڵی نادروست لە دڵ و دەروونتدا دروست بوو، گورج پەنا بە خوا بگرە، چونکە بەڕاستی خوای گەورە بیسەر و زانـــایە.

خوای گەورە دەفـەرمووێ: ﴿ وَإِن تَدْعُوهُمْ إِلَى الْهُدَىٰ لَا يَسْمَعُوا وَتَرَاهُمْ يَنظُرُونَ إِلَيْكَ وَهُمْ لَا يُبْصِرُونَ ﴿١٩٨﴾ خُذِ الْعَفْوَ وَأْمُرْ بِالْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ الْجَاهِلِينَ ﴾ (الاعراف:١٩٩ ـ ٢٠٠)، واتـە: چاو بپۆشە و فەرمان بە کاری چاکە بکە و وازبێنە لەو نەزانانە، هەر کاتێکیش خەیاڵاتێکی خراپت لە شەیتانەوە بە دڵدا هات، هەر پەنا بە خوا بگرە، بێگومان خوای گەورە بیسەر و زانایە.

هەروەها دەفـەرمووێ: ﴿ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ السَّيِّئَةَ نَحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَصِفُونَ ﴿٩٦﴾ وَقُل رَّبِّ أَعُوذُ بِكَ مِنْ هَمَزَاتِ الشَّيَاطِينِ ﴿٩٧﴾ وَأَعُوذُ بِكَ رَبِّ أَن يَحْضُرُونِ ﴿٩٨﴾ ﴾ (المؤمنون:٩٦ ـ ٩٨)، واتـە: بە چاکترین و جوانترین شێوە پاڵ بە خراپە و هەڵەکان بنێ، خەمت نەبێت ئێمە چاك ئاگادارین لە گوفتار و قسەی ناڕەوایان، بڵێ: پەروەردگارا من پەنا دەگرم بە تۆ لە هەموو خەتەرە و خەیاڵاتێکی شەیتانەکان، پەنا دەگرم بە تۆ ئەی پەروەردگارم، کە ئەوان دێن بەلامەوە.

بە پشتیوانی خوای گەورە تەواو بووم لە وەرگێڕان و پوخت کردنی
ئەم کتێبە، خودایە زۆر سوپاست دەکەم کە یارمەتیت
دام بۆ تــەواو کردنی، خودایە داوات لێدەکەم
بۆم بکەی بە توێشووی قیامەت،

واخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين، حسبنا الله و نعم الوكيل.

ناوەڕۆك

پێشـەکی وەرگێڕ ٥
کورتەیەك لـە ژیانی (ابن القیم) ٧
وەفات کردنی: ١١
سـوود وەرگرتن لە قورئان ١١
بنچینە ئیمانیانیەکان لە سورەتی (ق) دا ١٦
بەڵگەی زیندوو بوونەوەی ڕۆژی دوایی ١٩
ئەو بەڵگانەی کە لە قورئاندا هاتوون لەسەر ڕۆژی دوایی، لەسەر سێ ١٩
یەکەم: دڵی ڕۆشن دەبێت. ٢١
مانـای (العی) ٢٣
شەش ڕەوشتی خەڵکی دۆزەخ ٢٨
باسکردنی چوار ڕەوشتی بەهەشتیەکان ٣٢
شەرحی حەدیسی: ((وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّ اللَّهَ اطَّلَعَ عَلَى أَهْلِ بَدْرٍ)) ٣٦
تەفسیری ئەم ئایەتە: ﴿ هُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ ذَلُولًا ﴾ ٤٠
ڕوون کردنەوەی سوڕەتی (الفاتحە) ٤٣
ناسینی خوا ٤٦
شەرحی حەدیسی ((اللَّهُمَّ إِنِّى عَبْدُكَ، ابْنُ عَبْدِكَ، ابْنُ أَمَتِكَ)) ٤٩
مانای (العبودیـە) بەندایەتی ٥٢
(التوسل) پاڕانەوە بە ناو و سیفاتەکانی خودا ٥٨
جیاوازی مانای (الحزن) و (الهم) و (الغم): ٦١
دڵ مەنزڵگای خواناسی و خۆشەویستیە ٦١
دڵ دوو جۆرە: ٦٢
وورد بەوە لە قورئان ٦٤
دڵت بە چی پڕ دەکـەی؟! ٦٧
تەفسیری (الهاکم التکاثـر) ٦٩
چەند ئامۆژگاریەکی زێڕین ٧١
کەمتەرخەمی بەرانبەر خودا ٧٥

باسی غیـرەت.. ٧٦
چەند ئامۆژگاریەکی زێڕین.. ٧٧
(علی)ی کوڕی (ابی طالب) ـ (سلمان)ی کوڕی (الاسلام) ٨١
چەند ئامۆژگاریەکی زێڕین...٨٢
خۆشەویستی بۆ پێغەمبەری خودا ٨٥
نموونەی دنیا ٨٧
سەیرە.. بە ڕاستی سەیرە ٨٩
ئەنجام دەری حەرام ٩٠
چەند ئامۆژگاریەکی زێڕین.. ٩١
پشتکردنە قورئان و سوونەت...٩٣
چەند ئامۆژگاریەکی زێڕین ٩٥
پوختەی قسان ئەوەیە:..٩٩
ئاگات لە گەورەیی خودا بێت.. ١٠٠
یەکتاپەرستی مرۆڤ ڕزگار دەکات...١٠٢
چێـژ وەرگرتن ١٠٣
ڕێگای گەیشتن بە ڕەزامەندی خودا ١٠٤
تەقوا و ڕەوشت جوانی دوو شتی زۆر بەرزن ١٠٥
چەند ئامۆژگاریەکی زێڕین..١٠٦
بڕوای پتەو ڕزگارت دەکات ١٠٧
کارەکانت بسپێرە خودا..١٠٩
پشت بە خوا ببەستە، خوا فەرامۆشت ناکات................................ ١١٠
چەند ئامۆژگاریەکی زێڕین..١١٢
زۆربەی خەڵکی لە سێ ڕێگاوە تووشی دۆزەخ دەبن:............................١١٢
خراپە کۆ دەبێتەوە لە سێ بنچینە: ١١٢
کامەرانی دنیا و قیامەت ١١٥
تەفسیری ئایەتی ﴿ وَٱلَّذِينَ جَـٰهَدُوا۟ فِينَا ﴾.. ١١٧
هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی زانست ١١٨
حاڵی زانای بێ عەمەل ١١٩

چەمکێ لە ژیانی پێغەمبەر ١٢٠
حاڵی لە خۆبای بووەکان ١٢٣
دروستکردنی قەڵەم و ئادەم..........................١٢٥
چەند ئامۆژگاریەکی زێڕین..........................١٣٠
باسی قورئان ١٣١
کۆچکردنی پێغەمبەر بۆ مەدینە ١٣٥
چەند ئامۆژگاریەکی زێڕین..........................١٤٠
باسی بڕوادار و بێ بڕوا..........................١٤٤
گوناه و تاوان..........................١٤٦
پشت هەڵکردن لە قورئان..........................١٤٩
مرۆڤی دنیا ویست و مرۆڤی دنیا نەویست ١٥٠
باسی زانست و زانیاری ١٥٢
جۆرەکانی ئیمان ١٥٤
تەوەکول و جۆرەکانی ١٥٥
سکاڵای خواناس و سکاڵای نەفام ١٥٧
ژیان لە گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەر دایە ١٥٩
تۆ نازانی خێر لە چی دایە ١٦٦
ڕێگای بە دەست هێنانی زوهـد ١٧٢
بۆ تووشی نەهامەتی دەبێت..........................١٨٠
خەرمانەی دڵان..........................١٨٢
نموونەی زانای بەد عەمەل..........................١٨٧
نموونەی دیندارێکی نەزان ١٩١
ئیمان و زانست چاکترین شتن ١٩٣
ئەو ئیمانەی خوا و پێغەمبەر دەیانەوێت ١٩٦
چەند ئامۆژگاریەکی زێڕین..........................١٩٩
ڕێبازی ئیمانداران و ڕێبازی تاوانباران ٢٠١
خەڵکی لەو باوەڕەدا چوار جۆرن:..........................٢٠٣
دە شت هەیە هیچ سوودی نیە بۆ مرۆڤ..........................٢٠٦

مرۆڤی ژیــر..٢٠٨
بە پشتیوانی خوا کارەکانت ئەنجامدە...٢١١
ڕوو لە دینی خوا بکـە..٢١٣
ڕێگایەکی ئاسان بۆ گەیشتن بە ڕەزامەندی خودا.............................٢١٦
ووتەی پەند ئامێز...٢١٨
زوهد و جۆرەکانی...٢١٩
ووتەی پەند ئامێز...٢٢٠
وازهێنان لە فەرمانەکانی خوا...٢٢١
باسی زیکری خوا و شوکرانە بژێری...٢٣٤
ڕێگای سەرفرازیی و گومڕایی...٢٣٨
کۆکردنەوەی هیدایەت و ڕەحمەت پێکەوە، کۆکردنەوەی گومڕایی و..................٢٤٦
زیانەکانی درۆ...٢٥٢
چەند نهێنی کە ئەم ئایەتە لە خۆی گرتووە:.....................................٢٥٥
نەفسی خۆت بناسی خواش دەناسی...٢٥٨
زیانەکانی گوناح و ئارەزووات...٢٦٠
لە هەموو شتێك ناوەڕاست بگرە..٢٦١
بە دڵی پڕ لە تەقوا دەگەی بە ڕەزامەندی خودا.................................٢٦٥
بنچینەی کاری چاك و خراپ..٢٦٨
هیمەت و نیەتی بەرز...٢٧٠
چەمکێ لە ووتەکانی (عبداللە)ی کوڕی (مسعود).................................٢٧١
باسی ئیخــلاص...٢٧٨
تام و چێژ وەرگرتن..٢٨٠
سوودی وازهێنان لە گوناه..٢٨٣
بە کارەکانت مەنــازە...٢٨٥
ئەو شتانەی ڕێگرن بۆ گەیشتن بە ڕەزامەندی خودا..............................٢٨٧
نیشانەی کامەرانی و سەرگەردانی مرۆڤ......................................٢٩٠
بناغەی کارەکانت پتەو بکە..٢٩٢
بناغەی کارەکانیش دوو جۆرە:...٢٩٣

سەرچاوەکانی کوفر.. ٢٩٦
باسێکی زۆر گرنك و بە سوود... ٢٩٩
وەڵامدانەوەی گومانە پوچەکەیان:... ٣٠١
وەڵامدانەوەی بەڵگە پوچەکانیان: ٣٠٥
درەختی ژیـــان ٣٠٨
درەختی ئیخلاص و یەکتاپەرستی ٣٠٩
درەختی شیرك و درۆ و ڕیا ٣٠٩
پلەکانی کامەرانی مرۆڤ ٣١٠
باسی حاڵی ڕۆح و لاشەی مرۆڤ.. ٣١٣
ناسینی خوای گەورە دوو جۆرە.. ٣١٦
پارە چوار جۆری هەیە.. ٣١٨
دڵ نەوایی کردنی ئیمانداران.. ٣١٩
وێستگەی ئیمان ٣٢٠
نیعمەتەکانی خودا.. ٣٢٢
ئەو خەتەرەی بە دڵت دادێت؟... ٣٢٣
فەرموو: بەرداغێك لە ئاوی ئیمان ٣٢٩
وێستگەی ئیمان ٣٣٣
بەڵایەکی نادیار کە تۆ نازانی؟.. ٣٣٤
بە چ سیفەتێك خودا دەناسی.. ٣٣٦
فراوانترین جۆری خواناسی ٣٣٧
ڕوونکردنەوەی حەدیسەکان: ٣٤١
لەم بابەتەدا دوو چین لە خەڵکی بە هەڵە داچوونە:............................ ٣٤٢
ئەم دوو بەشە کامیان بۆچوونەکانیان ڕاستە:................................. ٣٤٤
بەختەوەری لە ڕاستگۆیی دایە ٣٤٦
وێستگەی ئیمان ٣٤٧
دەتەوێت لەلای خەڵکی بەڕێز بیت!!...................................... ٣٤٨
سەفەرێك بۆ دوا هەوارگە ٣٥٣
شەیتان لە (٣) دەرگاوە دەچێتە دڵی مرۆڤەوە ٣٥٤

ڕێگای سەرکەوتن ٣٥٥
کێ دەکەی بە هاوڕێت؟! ٣٥٦
چێژی حـــەرام ٣٥٧
وێسـتگە.. ٣٥٨
دڵت مۆڵگەی خودایە یان شەیتان ٣٥٩
باسی یەکتاپەرستی.. ٣٦١
تۆ خوات هەیە بۆ دڵ تەنگی؟! ٣٦٢
باسـی (الإنابة).. ٣٦٣
وێسـتگە.. ٣٦٤
لە وتەکانی شێخ (علی).. ٣٦٥
بـیر لە چی دەکەیەوە؟! ٣٦٧
ووتەی پەند ئامـێز ٣٧٠
وەستان لەبەر دەستی خوا.. ٣٧٣
وێسـتگە ٣٧٤
تەفسیری چەند ئایەتێك.. ٣٧٥
دڵت پەیوەستە بە چی؟! ٣٧٨
شوکرانە بژێری خودا.. ٣٨٠
هۆکاری سەرگەردانی مرۆڤ.. ٣٨٣
تاقی کردنەوەی خوا ٣٨٦
چەند حەدیسێك لەسەر دان پێ داهێنانی بەندە بە هەڵەکانی: ٣٩٥
ناوەڕۆك.. ٤٠٠

Printed by

التنفيذ الطباعي

DAR EL-MAREFAH
Publishing & Distributing

دار المعرفة
للطباعة والنشر والتوزيع

Tel: 834301, 858030, Fax: 835614, Beirut-Lebanon
http//:www.marefah.com
E.mail: info@marefah.com